ژیانی هەموو کەس خەوێکە و خەیاڵ لەویدا بژی گەر هەزاران ساڵ
فەلەك جادوێنێکە دەکا چەپگەڕی بەشەر دێتەبەر چەرخی فیتنە و شەڕی

# دمدمنامە

هۆنراوی:

**مامۆستا مەلا کەریم فیدایی**

سەیید موحەممەد سەمەدی

**ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە**

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ئینتیشاراتی محەمەدی سەقز



مامۆستای نەمر

**مەلا کەریم فیدایی**

**(١٣٠٧-١٣٧٢ هەتاوی)**

ناوی کتێب : دمدم‌نامه
نووسینی : مەلا کەریم فیدایی
پیتچنی : کۆمپیوتەری ئەحمەد ـ سنه
چاپی : یەکەم
ساڵی چاپ : ١٣٧٧
تیراژ : ٣٣٠٠ دانه
چاپخانەی :
ژمارەی سپاردن : (١٣٤ـ١/٣٣٤) ١٩/٢/٧٧ وەزارەتی ئیرشاد
ISBN: 964 - 6720 - 03 - X
شابێك : ٩٦٤ـ٦٧٢٠ـ٠٣
مافی لەچاپدانەوەی بۆ «محەمەدی» سەقز پارێزراوە.
ئینتشاراتی سەقز (محەمەدی)ـ تەلەفوون ٢٨١٧٣ـ٢٣٥٩٤ـ٠٨٧٤٢
**نرخی ٧٥٠ تمەن**

ئەو کتێبی دمدم‌نامە پێشکێش دەکەم بە برای زۆر بەرێزو موحتەرەم جەنابی ئاغای سەیید محەممەدی سەمەدی هیوادارم بە چاوی مەرحەمەت تەماشای بکاوە بە هەر جۆرێ بۆ خۆی پیێ باش بو کاری لە سەر بکا.

بە تاریخی ۷۰/۲/۱۴ هەتاوی ۱۳۷۰
کریم هنرمند مشهور بە فیدایی

# پێــــڕســت


| سەردێــڕ | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکــی | ٥ |
| باسێ لە خودای مەزن | ٢٦ |
| باسێ لە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام | ٢٧ |
| باسێ لە قوڕئان | ٢٨ |
| چوونی پێغەمبەر بۆ مێعڕاج | ٢٨ |
| داوای فیدایی‌لەخودا بۆ یاریدەدانی | ٣٠ |
| باسی لە چۆنیایەتی ئەمیرخانی لەپ زێڕین | ٣١ |
| باسێ لە قەرەتاجی قزلباش | ٣٢ |
| باسێ لە سەرۆکانی عەشیرەتی برادۆست | ٣٣ |
| باسێ لە مردنی شا تەهماسب | ٣٣ |
| شکانی دەوڵەتی ئێران و... | ٣٤ |
| قەبوڵنەکردنی ئەمیرخان مەزنایەتی حەمەد بەگ | ٣٥ |
| پەنابردنی ئەمیرخان بۆعومەرخانی سۆران | ٣٥ |
| باسی شەڕی میری سۆران دەگەڵ دوژمنانی | ٣٦ |
| هاتنی شا عەبباس بۆ ئازەربایجان بۆ... | ٣٧ |
| هاتنی ئەمیرخان بۆلای شا عەبباس | ٣٨ |
| گەڕانەوەی شا بۆ ئیسفەهان | ٤٠ |
| لەشکرکێشانی رۆم بۆ ئێران و تێ شکانی | ٤١ |
| هاتنی سالان چەغاڵ ئۆغلی... | ٤٢ |
| ئاگاداربوونی شا عەبباس لە هێرشی لەشکری رۆم | ٤٣ |
| نامەنووسینی شاعەبباس بۆ سەرداره کوردەکان | ٤٤ |
| شەڕی ئێران دەگەڵ چەغاڵ ئۆغلی... | ٤٢ |
| هاتنی ئەمیرخان بۆ لای شا عەبباس و... | ٤٧ |
| باسێ لە قەڵای دمدم | ٥٣ |
| پەناهێنانی ئەفسەرێکی دەوڵەتی رۆم | ٥٨ |
| ئاگاداری شا لە کاری ئەمیر و... | ٦٣ |
| چاوکەوتنی دارۆغەی شار بە دەروێشێك | ٦٥ |
| کوڕ پێك هێنانی ئەمیر و... | ٧٠ |
| داوای یارمەتی کردنی میری شەمدینان... | ٧٣ |
| راوێژکردنی ئەمیرخان دەگەڵ مەزن وپیران | ٧٦ |
| عەشیرەتی موکری | ٨٣ |
| مردنی ئەمیره | ٨٥ |

کوژرانی شێخ حەیدەر ۸۶
عاشق بوونی عەودال بەگ ۸۸
وەڵامی قیان ۹۰
رازی بوونی ئەمیرخان ۹۵
نامەی بوداق خان بۆ ئەمیر خان ۹۹
پەنابردنی خان ئەبداڵی موکری بۆ دمدم ۱۰۳
هاتنی قاسیدی سوڵتان بۆنێو عێلی جەلالی ۱۰۷
شادبوونی شا عەبباس لە هاتنی هۆزی جەلالی ۱۰۹
فکر وچارەی شا عەبباس ۱۱۴
نامەی شاعەبباس لە میر بوداق خان ۱۱۵
نامەی شا ... بۆ ئەمیر خان ۱۱۷
دیدەنی قوڵی لە پیر بوداق ... ۱۲۰
ناردنی دوو جاسووس ... ۱۲۷
هاتنەوەی جاسووسەکان ... ۱۳۰
هەڵمەت بردنی ئەمیرخان ... بۆ سەر قوڵی ۱۳۲
نامە نووسینی ئەمیر خان لە شا ... ۱۳۵
شڵەژانی شا لەدیتنی نامەی ئەمیر ۱۳۷
فکرکردنەوەی ئەمیرخان لە ... ۱۴۱
شەڕ کردنی محەممەد قەڵەندەر ... ۱۴۶
ناردنی وەزیر لە لایەن شا بۆ دمدم ۱۵۰
نامەی وەزیر بۆ ئەمیر خان ۱۵۲
وەڵامی ئەمیرخان ۱۵۴
رازی بوونی ئەمیرخان ... ۱۵۷
تەگبیری وەزیر ... ۱۵۹
وەڵامی گەورە گەوران ۱۶۰
هێرشی لە شکر بۆ سەر قەڵا ۱۶۳
درز بردنی بورجێکی قەڵای دمدم ۱۷۲
تەگبیری وەزیر ۱۷۵
ئاور تێ بەردانی حەوزخانە ۱۸۶
باسی لە قەرا بەگ ۱۹۰
وناردانی ئەمیرخان ... ۱۹۳
نامەنووسینی شا لە ئەمیر ... ۱۹۹
نامەی شا بۆ وەزیر ۲۰۰
مردنی وەزیر ۲۰۱
دانانی محەممەد بەگی شاملوو لە جێی وەزیر ۲۰۲

دەستووری محەممەدبەگ بۆ هێرش ... ٢٠٣
دڕدۆنگ بوونی ئەمیرخان ٢٠٩
شەڕ هەڵایسان لە خێوەتی خەلیفە ئەلیاس دا ٢١٠
گیران وتاڵان کردنی نارین قەڵا ٢١١
خەبەرداربوونی شا لە گیرانی قەڵا ... ٢١٢
موکری قڕان ٢١٣
هاتنی قوباد خانی موکری بۆلای شا... ٢١٤
دەستووردانی شا... بۆکوشتنی قوباد خان ٢١٦
هێرشی شابۆ سەر قەڵای گاو و دۆڵ ... ٢١٨
عەفووی شیربەگ ٢٢٠
گرتنەوەی قەڵای دمدم... ٢٢١
ژیانی پەریزاد خانمدوای شەهید بوونی ئەمیرخان ٢٢٢
هاتنی موقەددەم... ٢٢٧
هاتنی کوردانی برادۆست ... ٢٢٧
چوونەدەری کوردەکان لە قەڵا ٢٣٤
مردنی شا عەبباس و... ٢٣٦
حەولی تەمەرخان بۆ داپۆشینی سەر چاوە ٢٤١
شەڕی چوارەمی دمدم لە دەورانی نادرشا ٢٤٦
هاتنی نادرشا بۆ شەڕی عەلیرزا خانی موکری ٢٤٧
رویشتنی بیستوون بەگ... ٢٤٨
هاتنی یۆسف پاشا... ٢٤٨
شەڕی یۆسف پاشا... ٢٤٩
نامەی یوسف پاشا بۆ بیستوون بەگ ٢٥٠
ئیشارە بە پیربوونی شاعیر لەکاتی دانانی دمدمنامە دا ٢٥١

به نێوی ئەوەی بۆ زەوی بۆتە خێو    خوداوەندی دەشتو خوداوەندی کێو
خوداوەندی دەریایی پڕ ئاوو شین    نەخشکێشو ڕەنگڕێژی فەڕشی زەمین

## پێشەکی

ئەگەر بە چاوێکی وردو دەقیق سەیری مێژوو بکەین، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە مێژوو دووبارەبوونەوەی یەک زەنجیرە ڕوو داوە و بەس. تەنیا دەورگێڕەکان دەگۆڕێن، دەنا داستان و ڕووداو، هەر یەکە. شەڕی عەداڵەتو بێعەداڵەتی؛ شەڕی زۆردارو بێزۆر؛ زاڵمو زۆرداریش کێیە؟ هەمان مەزڵوومو فەقیری دوێنێیە کە ئەو ڕۆ دەسەڵاتی هەیە. قورئان دەفەرمێ: ئینسان کە هەستی بە بێنیازی و دەسەڵات کرد، خۆی لێدە گۆڕێ و توغیانێ دەکا. لە کۆنەوە لە نێو مەش کوتراوە: هەر ئەوکەسەی بێدەسەڵاتە، پیاوی چاکە. ئەوانە حەقایقێکن کە بە هیچ جۆر ئینکار ناکرێن.

کورد لە مێژوودا ئاوێکی خراپی بۆ ڕژاوە. دیتنەوەی سەرچاوەو هۆی ئەو مەسەلەش دەکرێ زەمینەیەکی لێکۆڵینەوە بێ و، کەسانێک لەو بارە دا لە بەڵگە مێژووییەکان بکۆڵنەوەو ڕیشەی ئەوکارە بدۆزنەوە.

لە کتێبی (ابومسلم، سردار خراسان ـ نووسراوی دکتر غلامحسین یوسفی) دا هاتووە:.... کاتێک ئەبوو موسلیم دەکەوێتە بەر ئاوری تووڕەیی مەنسوور«دووهەمین خەلیفەی عەبباسی»و بە ئەمری مەنسوور دەکوژرێو، بەو چەشنە پاداشی خزمەت بە عەبباسیەکان وەردەگرێتەوە، مەنسوور لەقەبی «ابومجرم» ی دەداتێو، بە نووسەرو شاعیرانی دەرباری خۆی دەسپێرێ کە بە خراپە باسی ئەبوو موسلیم بکەن و، لە بەر چاوان ڕەشو سووکی کەن. «ابو دلامه» شاعیرو هاودەمی خەلیفە، بە شێعر قسە بە ئەبوو موسلیم دەڵێ و بۆ ئەوەی لە بەر چاوان ڕەشی بکا، پێی دەڵێ کوڕی کوردی:

ابا مجرم ما غیرالله نعمة    علی عبده حتّی یغیرها العبد
افی دوله المهدیّ حاولت غدرة    الا انّ اهل الغدر آباؤک الکرد
ابامجرم خوّفتنی القتل فانتحی    علیک بما خوّفتنی الاسد الورد

دەڵێ:

ئەی گوناهکار، خودا نیعمەتی خۆی لە هیچ عەبدو بەندەیەکی ناستێنێتەوە

مەگەر ئەو عەبدە بۆ خۆی لە خۆی تێگدا، یانی ئەگەر ئەتۆ لێت تێک چوو و کوژرای، خەتای خۆت بوو، بۆ خۆت لە بەختی خۆت هەڵدا. ئایا تۆ هەر ئەو کەسە نیت، کە لە دەوڵەتی مەهدی دا خەیاڵی زوڵم و جەورت هەبوو (بە دەوڵەتی مەنسوور دەڵێ دەوڵەتی مەهدی یانی دەوڵەتی پڕ عەداڵەتی مەنسوور) بزانە کە ئەهلی زوڵم و غەدرو ستەم، باب و باپیرانی کوردی تۆ بون. ئەی گوناهـ کار هەڕەشەت لە من کرد، کە بمکوژی، بەرهەمی ئەو هەڕەشەی خۆت بوو کە شێری نێرو هێرش‌کەر، هەڵمەتی بۆ هینای.

مامۆستای خودا لێخۆشبوو و پایەبەرزی ئەدەبی کوردی ـ هەژار ـ هەر لە سەر ئەو شێعرانە، دەفەرمێ:

بوو موسلیمی خوراسانی　　دنیا دەگرێ بە هاسانی
دەیدا بە بەچکە هەباسان　　ڕەوەدەی ئەمەگ نەناسان
نامەرد چاکەی ئەدەنەوە　　نۆکەر بە سەر دەکەنەوە
بەگزی ئەیکوژن ئەمجارە　　ئێژن بەچکە کورد غەددارە

ئەڵبەت هەر لە بەر ئەو چەشنە نووسراوانە، لە هەندە سەرچاوەیەک دا نووسراوە کە ئەبوو موسلیم کورد بووە، بەڵام ئەو بۆ چوونە لاوازەو هیچ بەڵگەیەکی پتەوی دەگەڵ نی‌یە، وە ئەوەی لە شیعری ئەبوو دولامە وەدەر دەکەوێ، ئەوەیە کە ئەو شاعیرە، لە جیاتی هەموو چەشنە جنێو و قسەیەکی سووک، پێی دەڵێ کۆری کوردی. پوختەکەی ئەوەیە کە بە چاکەوای پێ ناڵێ. لاپەڕی ١٣٦ی تاریخ سیستان ئیشارە بەکوردبوونی ابومسلم دەکا .

قسەیەکمان لە رۆژگاری دوور باس کرد. قسەیەکیش لە رۆژگارێکی کەمێک نیزیک‌تر دەگێڕینەوە. لە رۆژگاری سەلتەنەتی ناسرەددین‌شای قاجارِ دا پاش ئەوەی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی سەرکوت کراو، دارو دەستەی شێخ ئێرانیان بە جێ هێشت و، چوونەوە خاکی عوسمانی، لشکری ئێرانێ هاوڕێ لەگەڵ رووت و ڕەجاڵەیەکی زۆر، و عەسکەری عوسمانی لە لای سنوور را بەلایەکیان بە سەر خەڵکی بێ گوناح و بێ دیفاع هێنا، مەگەر هەر خودا بۆ خۆی بزانێ. لەو بارە دا بەڵگەیەکی زۆر بایەخداری مێژوویی بەدەستەوە هەیە کە لە لاپەڕی ٩٩ بەرگی یەکەم دراسات‌الکردیە ـ چاپی پاریس دا بە چاپ گەیشتووە، لێرەدا وێنەی ئەو بەڵگەیە دێنین و، چوون وێدەچێ کە شێوە خەتتەکەی بە جوانی بۆ هەموو کەس نەخوێندرێتەوە، هەمان دەقی

فارسی ئەو بەڵگەیە دەنووسینەوە، تا خوێنەری بەڕێز بە وردی بیخوێنێتەوەو گۆشەیەک لەو کارەساتەی بێتە بەر چاوی و بزانێ کە ئەو عالەمە چی لێ قەوماوە. دەقی فارسی ئەو بەڵگە، بەو جۆرەیە:

عرض حال فطری مهاجرین و اهالی مظلومۀ کردستان
بخاکپای معدلت‌آرای قنسول دولت فخیمۀ روسیه.....

معروض اهالی مهاجرین خاک دولت ایران بدولت علیۀ روسیه اینکه ما اهالی کردستان که در خاک ایران نشسته مبلغ سه‌صد هزار خانوار هستیم سبب به انواع ظلم و تعدیات دولت ایران و بی‌قانونی آنها نتوانستیم با ایشان گذران و مماشات نمائیم پارسال از روی ناعلاجی که بهیچ‌وجه نتوانستیم تحمل اجحاف و تعدیات ایشان بکنیم، بعضی از ملت کردستان با دولت ایران به مقام دفع ظلم و تعدیات ایران آمدند، از یک طرف دولت عثمانیه تهدیدات و تخویفات شدیده بر سر ما کردند و از یک طرف دولت ایران خصم و دشمن خونی ما بود، هرچند می‌توانستیم که دفع ظلم دولت ایران بکنیم، اما از خوف دولت عثمانی دست از محاربۀ ایران کشیدیم، ناچار مبلغ صدهزار خانوار از ما هجرت اختیار کردیم، بعد از هجرت کردن دولت ایران در میان اهالی کردستان که در خاك ایران مانده بود، سوق عسکر خودش کردند در قتل نفوس ذکور و اناث و بچه و بردن اسیر و نهیب و غارت هرچه از دست ایشان آمد هیچ تقصیری نکردند، اگرچه آن فقرای اهالی کردستان که در خاك ایران مانده بودند، هیچ گناه و خطایی نکرده بودند اهل رعیت و اهل کسبه که هیچ خطا از ایشان صادر نشده بود و محاربه با ایران نکرده بودند، چه ملت اسلام و چه ملت عیسوی و روحانی همه را به تمامی خراب و ویران کردند، الحال از دولت معظمۀ روسیه استرحام می‌کنیم که بوجهی من‌الوجوه دست ظلم و تعدی ظالمان از مظلومان قطع و کوتاه بنمایند، ما کافۀ کردستان چه مهاجرین و چه غیره همه در این استرحام متفقیم که دول معظمه از رأفت کامله و مرحمت شاملۀ خودشان مرحمت فرماید، که از هر دولت معظمه یک مأمور صاحب انصاف و مروت مخصوص بفرستند که به دقت تفتیش احوال کردستان از جانب دول معظمه معلوم خواهد شد که آیا اهالی کردستان بدوی و وحشی‌المزاجند یا آنها بدوی هستند که تصاحب کردستان می‌کنند در میان دول معظمه نام بدوی و بدویت و غیرمدنیت بر سر اهالی کردستان بوجه افترا شهرت

دادهاند و تحقیق کردهایم که وظیفه و مسلک دولت معدلت‌پرور روسیه همیشه ترحم بحال فقرا و مظلومان بوده است الحال استرحام می‌کنیم که تحقیق کیفیت هر ماده فرمایند و دفع ظلم و تعدی ظالمان از مظلومان بکنند. ربیع‌الثانی ۱۲۹۸ قمری

مهر
الداعی مفتی
محالات ارومی

تاجر قصبهٔ ساوجبلاغ

مهر
تاجر قصبه اشنویه

مهر
الداعی مفتی
قصبه ساوجبلاغ

مهر
تاجر محال ارومی

مهر
الداعی امام جمعه قصبه

مهر
تاجر قصبهٔ ساوجبلاغ

مهر
الداعی قاضی قصبهٔاشنویه

مهر
رئیس مهاجرین
محال اشنویه

مهر
الداعی قاضی محالات ارومی

دەوڵەتی عوسمانی بە خێر دەوڵەتی ئیسلامی بووە، دەوڵەتی ئەوکاتی ئێرانیش ئەگەر وەك عوسمانی ئاشکرا دەوڵەتێکی ئیسلامیو دینی نەبووە، خۆ دەوڵەتێکی بێ‌دینو دژی ئیسلامیش نەبووە، جا نوکتەی گرینگو جێگەی تێبینی مەسەلە ئەوەیە: گەلی کورد لە چنگ دوو دەوڵەتی موسوڵمان، هاوار بۆ نوێنەری دەوڵەتی غەیرە ئیسلامی روسیە دەباو، ئاشکرا دەڵێ بێن، بە خاتری رەزای خودا بگەنە هاوارمان، بنە بڕیان کردین.

رەنگە دەستەیەك لە کوردان ئەو زەمان خەتایان کرد بێ، وەلێ لە دوو توێی نامەکەڕا وا دیارە هێزی دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران، چاوی لە خەتاکارو و بێ‌خەتا نەبووە

و هەرچی وەبەر دەستی هاتووە لێی داوە. فەرقێك بەینی تاوانبارو بێ‌تاوان نەبووە. ئایا دەبوو وابێ؟

دەوران و رۆژگاری سەفەوی، دەورانێکی دوورو درێژە لە مێژووی ئێراندایە. ئەو رۆژگارە نێزیك بە دوو سەدو پەنجا ساڵێکی خایاندووە. شک لەوە دا نیە کە قسە کردن لە رۆژگارێکی وا و بڕیاردان لە بارەی ئەودا، کارێکی ئاسان نیە و هەرگیز لە پێشەکی ئەو کتێبەدا، ئەو کارەمان بۆ ناکرێ. بەڵام شتێکی کە زۆربەی مێژوو نووسە باوەڕ پێکراوەکان لە بابەت رۆژگاری سەفەویدا لە سەری سوورن، ئەوەیە کە ئەم سەردەمە بە باشی دەستی پێکرد، وەلێ بە خراپی دوایی هات. لە روانگەی پێکهێنانی نیزامێکی بە هێزی دەرباریو سەرو سامان دان بە ئاڵۆزی وڵات و یەك کردنەوەی وڵاتی ئێران کاری گرینگ کراو، باری گشتی لەو روانگەوە باش بوو. بەڵام لە دواییدا بە وێرانی تەواوی وڵات، لە بەین چوونی ناوەندە زانستیەکان، هەژار کەوتنی خەڵك و بێ‌مێشکبوونی حاکمەکان دوایی پێ هات. ئەوە سەرنجێکی گشتییە و هەر بەش‌و گۆشەیەکی دەکرێ چەندین کتێبی لە سەر بنووسرێ هەر وەکوو نووسراویشە. دەمارگییری نادروستی مەزهەبی زیانێکی زۆری بە هەموو لایەك گەیاند.

کاتێک باس دێتە سەر کورد و مەسەلەی کورد، باسەکە بە تەواوی دەگۆڕێ. زۆربەی کتێبەکان هەر باسی ناکەن، هەر وەك لەو رۆژگاریدا لە وڵاتە کوردنشینەکاندا هیچ رووی نەدابێ، یان خەڵکی ئەو ناوچانە، دە ئەوپەڕی خۆشی‌و کامەرانی‌و بێ‌غەمی دا بوو بن، شتێکی وا دێتە بەر چاو. ئەو کتێبانەی کە جارو بار شتێکیشان نووسیبێ، زۆر یەك لایەنەو تێکەڵاو بە دەمارگیری‌ی نووسیویانەو، راستەقینەیەکی کەم رەنگ و کاڵ، لەو چەشنە نووسراوانە وە دەست ئەکەون.

یەکێک لەو کارانەی کە لە سەفەویان زۆر بە ئاب‌و تاب دە کتێباندا باسکراوەو، دەکرێ، شەڕی ئەو بنەماڵەیە دەگەڵ عوسمانیەکان، بەڵام کتێبە باوەڕپێکراوە مێژووئیەکان، هەموو لە سەر ئەو مەسەلە سوور نین و تەنانەت هەندێ کتێب ئەو کارەی بە شتێکی چاك‌و دروست نازانن. بۆ نموونە لە لاپەڕی ٦٨٨ کتێبی «تاریخ مفصل ایران» نووسراوی عباس اقبال آشتیانی دا ئاوا هاتووە:

لە ساڵی ١٠٠٦ مانگی کاتێک شا عەبباس بۆ بەرپەرچدانەوەی تەقەلای ئوزبەکەکان لە وڵاتی خوراسان بووە نەجیب‌زادەیەکی ئینگلیزی، کە پیاوێکی لێهاتوو

و دەرهاتوو لە کارو باری جەنگی دابوو، بە خۆیو براکەی و ۲۶ کەسی دییکە، بە نیازی دیداری پادشای سەفەوی لە وەڵاتی ئینگلستانێ را هاتە ئێرانێ. ئەو مرۆڤە کە ئانتووان شێرلی و براکەشی رابێرت شێرلی بوو، لە شاری قەزوێن بە خزمەت شا گەیشتنو، شا زۆر بە گەرمي ئەوانی وەرگرت. نیازی ئەو مرۆڤە لە لایەکەوە دەس هێنانی ئێمتیازاتی تجارەتی و موعامەلە بوو، لە لایەکی دییکە شەوە دەیویست شای ئێران بکێشێتە نێو پەیمانێکی یەك گرتن لەگەڵ پادشا مەسیحیەکانی ئوروپا دژ بە تورکانی عوسمانیو.....

لە لاپەڕەکانی ٥٦١ و ٥٦٣ ی بەرگی ٢١ ـ بەشی ٢٠ کتێبی بە نرخی «تاریخ تمدن» نووسراوی ویلدۆرانت، هەر لەو بارەدا وا هاتووە:

لە نێوان ١٥٧٧ تا ١٦٣٨ ی زایینی دە پێشدا فەڕانسەو دوایە ئاڵمان دووچاری شەڕی مەزهەبی بوون، تورکانی عوسمانی دەیانتوانی کە سنووری رۆژئاوایی خۆیان بگەیێننە «ویەن»، بەڵام لە خۆشبەختی وڵاتە مەسیحیەکان، لەو وەختەدا تورکان تووشی شەڕ لەگەڵ ئێران بوون.

جاریکی دییکەش بۆ دامرکاندنی هەستی دەسەڵات لە مەزهەب کەڵك وەرگیرا. شا عەبباس دەیزانی کە وڵاتە ئوروپاییەکان زۆری لێ مەمنوونن، کە لە لای رۆژ هەڵات سەری تورکانی بۆ گەرم کردوون......

کە وابێ سەرنج دەفەرموون مێژووە باوەڕ پێکراوەکانیش زۆر ئەو مەسەلەی شەڕی دژی عوسمانیان، بە شتێکی باشو کارێکی دروست لە سەفەویە نازانن بەڵکو زۆرتر لە چاوی دەوڵەتە مەسیحیەکانەوە، کارێکی گرینگو بایی‌دار بووە.

لە بارەی «شا ئیسماعیل» دا، دەتوانن لە لاپەڕەکانی ٩٦ و ٩٧ ی بەرگی ٢٠ی «تاریخ تمدن ـ فصل سیو یکم» ئەو مەبەستە ببینن:

....... لە شاری تەورێزێ دەستووری ئیعدامی ٣٠٠ نەفەر لە دەرباری‌یەکانی دا، هەروەها هەزاران کەسی لە دوژمنانی خۆی بە کۆمەڵ کوشت. نێوبانگی وی وەها بوو کە وەك یەکێك لە جیهانگەڕە ئیتالیائیەکان کوتوویە: «نێوی خودای لە ئێرانێ لە یادان چۆتەوەو، تەنیا نێوی ئیسماعیلە، کە لە بیرو مێشکەکاندا هەیە».

بەڵگەیکی پڕبایەخی مێژوویی دیکە لەو بارەوە کتێبی: خطای‌نامەیە، کە سەفەرنامەی سید علی اکبر خطایی‌یەو، بە کۆششی مامۆستای پایەبەرز ـ ایرج

افشاریزدی ـ له لایەن «مرکز اسناد فرهنگی آسیا» وه به چاپ گەیشتووه. له لاپەری ١٦٧ی ئەو کتیبەدا ئاوا نووسراوه:

... و هیچ طایفهٔ کفار ندیدیم آدمی خورند و نشنیدیم، سوای قزلباش و توابع آن. و چون راه گذر ما بر تبریز افتاد و در آن حین صارم کرد با قزلباشان در غزات بود که برادر او و پسر او اسیر آن بی‌دینان شد و پسر صارم کرد را گفتند که در مجلس کباب فرمودند او را زنده. اول لقمه از او خود خورد و به تبعیت او توابع و لواحق او خوردند و برادر او را زنده در دیگ جوشانیدند و پختند و...

سید علی اکبر خطایی، جیهانگەڕێکی هاو عەسری شا ئیسماعیل بووه. دەڵێ کاتێک ڕێگام دە تەورێز کەوت، راست ئەو وەختی کوڕ و برای صارم بەگی به دەست قزڵباشان ئەسیر کرا بوون‌و، له تەورێزێ بوون. دەڵێ کوڕی سارم به گیان به کباب برژاندو، هەوەڵ پارو، شا بۆ خۆی خواردی‌و دوایه کەسانی دیی پاشماوەکەیان خواردو برای سارم به گیشیان به شۆربا و لێناو...

له بیر نەبەینەوه که ئەو شا ئیسماعیله، تاجی تایبەتی دەروێشیشی له سەر دەناو، خۆی پێ عارف و ئەهلی مەعنا بوو.

پیاوه باش‌وگەورەکانی ئەو خانەدانه، ئەوانه بوون. و دوایین کەسی وانه شتێکی زۆر سەیرو سەر سۆر هێنەر بووه. باشترین کتێبێکی که له رۆژگاری وی به دەستەوه هەیه ـ رستم التواریخ ـ ە، که بەڕاستی پێویسته هەموو کەس ئەو کتێبه بخوێنێتەوه، تا بزانێ لەو مەملەکەته چ رابردووه ئەڵبەت زۆربەی باسەکانی ئەو کتێبه بۆ نووسین و گێڕانەوه لێرەدا نابن چون ئەدەب‌و حورمەتی قەڵەم رێگه نادەن، بەڵام چەند باسێك که لەو بەینەدا له باقیەکه به ئەدەبتره باس دەکەم: ...... قریب به هزار دختر صبیحهٔ جمیله، از هر طایفه و قوم و قبیله، از عرب و عجم و ترک و تاجیک و دیلم، با قواعد عروسی و دامادی با بهجت و سرور و دلشادی، با ساز و کوس و کورکه و نقاره و شهر آذین بستن و چراغان نمودن، بعقد و نکاح و حبالهٔ خود درآورده و اولاد و احفادش از ذکور و اناث و کبار و صغار تخمیناً بقدر هزار نفر رسیده بودند و همه بناز و نعمت پرورده بودند.

راحت‌خانه / لذت‌خانه / حظ خانه/نێوی مەکانگەلێکن که تەنیا دەبێ لەو کتێبەدا بیخوێننەوه، هەرگیز لێرەدا باسی لێ ناکرێ.

نووسەری کتێب دەگێڕێتەوە، کە دەرمانێکیان بۆ شا هێنا بوو کە لەو زەمینەدا بە هێزتری دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو دەرمانە تاقی کاتەوە بزانین چی کردووە، فەرموون ئەوە دەقی ئەسڵی کتێبەکە:

سلطان خلد آشیان، خاقان سکندرشان، سلیمان مکان، قیصر پاسبان، دارا دربان، سلطان دادگستر، رعیت‌پرور، آفتاب جهانتاب .... بجهت امتحان خاصیت و قوّت اکسیر اعظم، در یک روز و یک شب صد دختر باکرهٔ ماهرو را فرمود، موافق شرع انور محمدی! به رضای پدرشان و رضا و رغبت خودشان، از برای وی متعه نمودند و آن پناه ملك و ملت به خاصیت و قوت اکسیر اعظم در مدت ۳۴ ساعت ازالهٔ بکارت آن دوشیزگان دلکش طناز و آن لعبتان شکر لب پرناز نموده باز مانند عزبان مست هل من مزید می‌فرمود و بعد ایشان را بقانون شریعت احمدی مرخص فرمود... در همهٔ ممالک ایران این داستان (فتح‌الفتوح شاه) انتشار یافت و هر کسی زنی در حسن و جمال بی‌نظیر داشت با رضا و رغبت تمام او را طلاق می‌گفت و از روی مصلحت و طلب منفعت او را به دربار معدلت‌بار خاقانی می‌آورد و او را از برای آن یگانهٔ آفاق عقد می‌نمودند.... باین مراسم خوب و باین آئین مرغوب مذکور، ازالهٔ بکارت سه‌هزار دختر ماه‌روی مشکین موی، لاله عذار، گل‌اندام، بادام چشم، شکرلب، و دخول در دوهزار زن جمیلهٔ آفتاب لقای سرو بالای نسرین بدن، نرگس چشم، طناز پرناز، بلورین غبغب نموده، ماشاءالله لاحول و لاقوه الا بالله العلی العظیم.

از برکت اکسیر اعظمی که درویش ذوفنون کامل بزرگوار صاحب اسراری بخلد آشیانی، شاه سلیمان غفرالله پیشکش نموده بود و از آن خلد آشیانی به این فردوس مکانی (شاه سلطان حسین) میراث رسیده بقدر بیست کرور که هر کروری پانصدهزارتومان و هر تومانی ده‌هزار دینار باشد و هر دینار بهای هشت مثقال زر ناب و نیز بهای صد و چهل مثقال سیم ناب و نیز هر تومانی قیمت بیست خروار دیوانی غله و... خرج تزویجها و عروسی‌های خود نموده و باین طریق خلایق را از سر کار فیض آثار منتفع می‌نمود.

لە بەینی لاپەڕەکانی ۷۰ تا ۸۳ی ئەو کتێبە بە ئەدەبترین جێگەکانم هەڵبژاردو لێرەدا نووسیمن. خوێڕی بوونی ئەو مرۆڤە، لە دوایدا بوو بە هۆی لە ناوچوونی

بنەماڵی سەفەوی، بە دەستی خۆی تاجی پادشاهی ئێرانی دا بە ئەفغانیان.
یەکێك لە شاعیرانی ئەو سەردەمە لە تەعریفی ئەو شاسوڵتان حوسێنەدا ئاوا دەڵێ:

تعالی الله زهی فرخنده شاهی　　حوالت گاه تائید الهی
شهنشاهی که شد از عدل و انصاف　　بفرمانش جهان از قاف تا قاف
برافرازندۀ رایات شاهی　　چراغش روشن از نور الهی
همای بخت او بر اوج اعزاز　　ببال فتح و نصرت کرده پرواز
فلک اینگونه دورانی ندیده　　جهان زینگونه سلطانی ندیده
همه روی زمین زیر نگینش　　فلك فیروزۀ انگشترینش
همه بر کام دل فیروزیش باد　　ز یزدان آنچه خواهد روزیش باد
خراب آن دل که آبادت نخواهد　　غمین باد آنکه او شادت نخواهد
الهی تا جهانرا آب و رنگ است　　فلك را دور و گیتی را درنگ است
ممتع دارش از عمر و جوانی　　ز هر چیزش فزون ده زندگانی

شایەکی کە زۆرتر وەك فەحل وابووە، بزانن چی بۆ نووسراوەو چی پێ هەڵکوتراوە. لە مەبەست دوور نەکەوینەوە، مەبەست ئەوەیە کە تا ڕادەیەک بۆمان دەر کەوێ، کە ئەو گەورە پیاوانە چ بوون، چۆنیان را بواردووە، و چیان لە کتێباندا بۆ نووسراوە، و ئەگەر کەسێك لە بەرابەر زاڵمی ئاوادا راوەستا بێت، چڵون لە نووسراوەکانی ئەو رۆژگارەدا، کردوویانەتە دێوو درنج.
یەکێك لە بەسەرهاتە گرینگە مێژووئیەکانی سەردەمی سەفەویەو عەسری شا عەبباسی گەورە، ئەمیرخانی برادۆستو، شەڕی قەڵای دمدمە. تەنیا بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی، کە لەو بارەوە باس دەکا، کتێبی پڕ بایەخی «عالم‌آرای عباسی» نووسراوی ـ اسکندر بیگ ترکمان ـ مونشی شا عەبباسی سەفەوی‌یە، کە رووداوە کە دەگێڕێتەوەو، ئەسکەندەر بەگ خۆی شاهیدی راستە و خۆی زۆربەی رووداوەکانی بووە. ئەگەرچی ئەو هەر عەزەمەتو گەورەیی شایی لە بەر چاوەو، بە کارەکانیدا هەڵدەدا، بەڵام لە سەر ئەوەش را کتێبەکە، لە دیدی هەموو سەرنجدانی بەڵگەیەکی بە نرخە.

له «لغت‌نامه» دهخدا «بەرگی ٢٦ ـ لاپەڕی ٤٨٦ ـ پیتی «ر» له ژێر وشەی «رضائیه» ستوونی دووهەم، ئاوا نووسراوه:

.... در عصر شاه عباس کبیر شخصی بنام امیرخان برادوستی (معروف به امیرخان یکدست) جد بزرگ اسماعیل آقا سمیتقو که رئیس ایل عشایر شکاك بوده از طرف دولت وقت حکومت این منطقه را عهده‌دار شد و قلعهٔ حسین (حصین) بنام «دمدم» در قلعهٔ کوه ـ دم دم ـ جنوب خاور قریهٔ کوگیا احداث نمود (و فعلا «آثاری از آن قلعه باقی است) بعداً «بنای عصیان و تمرد از اوامر دولت گذارد و علم طغیان و استقلال برافراشت، دولت هرچه قوای نظامی برای تنبیه مشارالیه فرستاد موفقیتی بدست نیاورد، سرانجام سردار کربلایی علیخان افشار قاسملو انجام دادن این امر را بعهده گرفت و پس از زدوخوردهای خونین قلعهٔ مزبور را تصرف کرد و این قضیه را خاتمه داد. بنا بدستور دولت بیست‌هزار خانواده از ایلات و طوایف افشار از کلات کوچ نموده در اطراف و دهات و خود رضائیه جهت حفاظت مرز اسکان شده‌اند و بعد از آن چندین غائلهٔ عشایری و غیره در این شهر اتفاق افتاده که باعث خرابی این منطقه گردیده.....

رستەیەکی کە سەیرە ((بعداً «بنای عصیان و تمرد از اوامر دولت گذارد و علم طغیان و استقلال برافراشت))ە چون ئەگەر سیاسەتمەدارێك نووسیبای زۆر جوان‌و رێك‌و پێك بوو، بەڵام زاناو عالمێکی وەك دهخدا، سەیرە شتی وا بڵێ‌و بنووسێ. دیارە عصیان‌و تمرد لە پڕڕا بەدیی نایە، زەمینەیەکی دەوێ، عَلَم طغیان هەڵکردن سەرەتا بە ساکین نابێ، و بێ‌شك ئەمیرخان شێت نەبوو کە هەروا لە خۆڕا دەست بکا بە سەرکێشی‌و نافەرمانی. بەراستی چاوەڕوانی لە عەللامە دهخدا دەکرا، کە ئەو باسە زۆر جوان شی کاتەوە و هەروا بە چەند رستەی کلێشەیی، کە تەنیا سیاسەتمدارەکان بە کاری دێنن لەو مەسەلە تێ نەپەڕێ.

لە لاپەڕەکانی ٤٦ تا ٤٩ بەرگی یەکەمی «حرکت تاریخی کرد به خراسان» دا هاتووە: (... ئوزبەك‌و تورکمانەکان خوراسانیان کرد بۆ مەیدانی هێرش و شەڕی خۆیان. شا عەبباس، کە پادشایەکی وریا و سیاسەتمەدار بوو بە سرنج بە فەلسەفەی ئیبنی عەمید، کە رۆژی خۆی گوتبووی: پێویستە کوردەکان بکرێنە سپەری بەڵا، بڕیاری دا کە کوردەکان بگوێزێتەوە بۆ خوراسان، تا بە یەك تیر، دوو نیشانە بنگێوێ،

بۆ پیادە کردنی ئەو بەرنامەو نەخشەیە، لە دەورووبەری ساڵی ١٠٠٧ی کۆچی، نێزیك بە پەنجا هەزار بنەماڵەی گەورەو چکۆلەی لە ئازەربایجان، ناوچەی مەهاباد راگوێزت. شا عەبباس دوای دوور خستنەوەی ئەو کوردانە، لە رۆژئاوای وڵات هەل و مەرجێکی باشتری بۆ رێك کەوت، چوون هێزە کوردە یەك گرتووەکانی لێك بڵاو کردەوەو، کەسانێکیش کە مابوونەوە، دەکرا بە ترۆر، یا فێڵ و تەڵەکەی سیاسی، یا بە هەر نەخشەیەکی ناجوانمێرانە، لە سەر رێگای خۆی لابەرێ. هەر لە بەڕێوە بردنی ئەو بەرنامەیدا بوو، کەسێ (٣) کەس لە گەورەپیاوانی کورد بوونە قوربانی، ئەو سێ کەسەش بریتی بوون لە: فەرهادخانی قارەمانلوو، زولفەقارخانی برای، و ئەمیرخانی برادۆست.) شك لەوەدا نیە کە ئەمیرخان مرۆڤێکی گەورەو پایەبەرز بووە، سەردەمێك یەکجار جێی سەرنجی شای بووە. کاتێك لە شەڕ دەگەڵ عومەربەگی سۆران دا دەستێکی دەپەڕێ، شا دەستوور دەدا، کە لە زێڕی خالیس، دەستێکی بۆ دروست کەن و، هەر لەو وەختەوە بە خانی لەپ زێڕین، نێو بانگ دەر دەکا. لێرەدا دەمەوی تا رادەیەك باسی ئەمیرخان لە دەقی عالەم آرای عباسی وەك خۆی بگوێزمەوە بۆ ئێرە:

بە سەر هاتی ئەمیرخانی چۆلاق، بۆ هەموو کەس دەبێ ببێ بە پەند. ئەی ئەو کەسەی بە دوای قسەدا دەگەڕێی، تاوێك گوێ رادیرە تا بە سەرهاتی ئەمیرخانت بۆ بگێڕمەوە کە لە عەشیرەتی برادۆستی کورد بوو،

لە سەردەمی شای بەهەشتیدا، قەراتاج ناوێکی کورد، لە رێزی شا پەرستان و خزمەتکاراندا بوو و، بە سەر تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ، کە بە مەڵبەندی ورمێ رۆمییەکان خۆیان لە ئازەربایجان خۆش کرد، عێل و عەشیرەتە کوردەکانی سەر بەم دەوڵەتە بایان داوەو، رەگەڵ رۆمییەکان کەوتن. شا موحەممەد ناوێك لە میرزادەکانی برادۆست، بە فەرمانی خوندکاری رۆم کرا بە مەزن و خاوەن دەسەڵاتی برادۆست. ئەمیرخان سەری بۆ دانەنواندو، هەردەمە رەگەڵ یەکێك لە ئەمیرە گەورەکانی کورد دەکەوت. ماوەیەك لەکن عومەربەگی حاکمی (سهران) رایبوارد لە شەڕێك کە عومەربەگ دەگەڵ دوژمنەکانی کردی، ئەمیرخان دەستێکی لە ئانیشکەوە پەڕی، ناو بانگی بە ئەمیرخانی چۆلاق رۆیشت. (تێبینی: مەسەلەی دەست پەڕینی ئەمیرخان، بە چەند جۆر گوتراوە یەکیان کە ئەوە لە دەقی عالەم آرا دیتتان، ئەوانی دییش دەڵێن: دەگەڵ لە شکری قزڵباش و، دژی عومەربەگ شەڕی کردو، عومەربەگ دەستی پەڕاندە ئەوەش زۆرتر

وێدەچێ چوون ئەگەر ئەو دەستە بە تەرەفداری شاه عەبباس نەپەڕیبا، چلۆن شاه دەستووری دەدا لە زێڕی سوور، دەستی بۆ دروست بکەنەوە؟ ئەڵبەت چەند کەسێکیش بڕوایان وایە کە شێواندنێك لێرەدا رووی داوە، شێواندنەکەش ئەوەیە ئەگەر بگوترا با دەستی ئەمیر لە شەڕ، دەگەڵ رۆمیان (عوسمانیان) پەڕیوە دیارە ئەو شەڕە بە قازانجی ئێران کراوەو، کەسێك لەو شەڕەدا دەستی پەڕیبێ خزمەتێکی گەورەی کردووە، بەڵام ئەگەر بگوترێ کە دەستی لە شەڕێکی ناوخۆی کورداندا پەڕیوە، دیارە شەڕی خۆبەخۆی چەند عەشیرەتان بەلای زۆرەوە لە سەر شتی پڕوپووچ و بێبایەخ رووی داوە (کە وابێ کارەکەی ئەمیرخان کارێکی سووكو کەم ئەرزیش بووە.)

لەو ساڵەدا کە ئالآی بەرزی پادشایی لە ئازەربایجان دەشەکاوەو، شا بەو پێ و قەدەمە پیرۆزەوە بۆ داگیرکردنی نەخچەوان و ئێرەوان دەیاژوا، ناوبراو هاتە بەردەرکی بارەگای پادشایەتیو، خۆی بە شاپەرست و خزمەتکار نیشان دا. خاوەن شکۆ ئاوڕی رەحمەتی لێداوە، مە زنایەتی و دەسەڵاتداری تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی پێ بەخشیو، نازناوی «خان»ی دایە و سەری بەرز کردەوە. مەڵبەندی ورمێ و شنۆی کە سەر بە ئازەربایجانەو، لە سەردەمی شای بەهەشتیدا، لە ژێر فەرمانی یەکێك لە گەورەکانی قزڵباشدا بوو، پێ ئەسپارد. لە سەر فەرمانی شا، وەستا زێڕینگەرەکان دەستێکیان لە زێڕی سوور دروست کردو، بە جەواهیرات و مرواری بە نرخ رازاندەوەو، لە باسکیان بەست. چونکە ئازاومەرد بوو، خاوەن شکۆ زۆری روو دایەو، گەلێکی چاکە دەگەڵ کرد. ئەویش دەستی خزمەتکاری لە سەر سینگی دانا. لە سایەی دڵسۆزیو چاوەدێری خاوەن شکۆدا، رۆژ بە رۆژ زیاتر دەچووە سەرێو هەڵدەکێشا، تا لە هەموو هاوشانەکانی خۆی تێپەڕی. چەند ناوچەو مەڵبەندی لە ئەمیرەکانی کوردی سەر بە رۆم ئەستاندەوە، وە سەرەوڵاتی خۆی گێڕانو، بەم جۆرە لە نێو ئەمیرەکانی کورد، بە پایەبەرزیو لە شکر زۆری ناوبانگی دەرکرد.

زۆر لە خێڵەکانو، لە ئەمیرزادەکان، لە دەوری هاڵانو خزمەتی ئەویان رەچاو کرد. هێندەی پێ نەچوو هەواو فیز، لە سەریدا پەیدا بوو و، لە خۆ بایی بوو. لەو کاتەدا کە چەغاڵ ئۆغلی، لە شکری بۆ ئازەربایجان کێشاو، شەڕ لە دەورو بەری تەورێز قەوما، دەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر لە شەڕگە نێزیك بووە خۆی بواردو نەهاتە مەیدانو، بە حوزووری خاوەن شکۆنە گەیشت. پاش شکاندن و تاراندنی چەغاڵ تۆغلی،

لەشکری زاڵ بوو، لە ناوچەی سەڵماس خستی. ئەویش بە دێرو ژوانەوە، هاتە بارەگا، لاواندراوەو، کەم خزمەتی و خۆ بواردن و نەهاتنە مەیدانی بە روو دا نەدراوە. بۆ ئەوەی دڕدۆنگ نەبێ ئەو و ئەمیرەکانی کورد، کە وەحشی‌ترین تیرەی ئینسانن، دڵخۆشی درانەوەو، چاکەیان دەگەڵ کرا.

مەرەخەس کرا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بە رواڵەت خۆی لە ریزی خزمەتکاران دادەنا. بەڵام لە بنەوە، لە بەر تەعەسسوبی مەزهەبی سەربەخۆیی و سەرەڕۆیی لە سەری دا بوو. بە بارەگایی دەوڵەتی راگەیاند، کە قەڵای ورمێ بنکۆڵ بووە، هەرەسی هێناوەو، خۆ ڕا ناگرێو، بۆ ئەوە نابێ پشتی پێ ببەسترێ. ئەگەر ئیزن بفەرموون بناخەی چواردیوارێك لە شوێنێکی لە بار دادەڕێژم. خاوەن شکۆ، کە هەر رواڵەتی ئەوی دەدیو، ئاگای لە دەروونی نەبوو، ئیزنی دا. ئەویش لە سێ فرسەقی شاری ورمێ، لە سەر کێوێکی هەرە بەرز، کە کەوتۆتە بەشی تەرگەوەڕ، بناخەی قەڵایەکی قایمی داڕشت. لە نێو کوردان دا باوە دەڵێن: لە پێش ئیسلامدا، لە زەمانی ساسانیەکاندا، هەر لەو شوێنە قەڵایەك هەبووە، کە پێی کوتراوە (دم دم)و، دەسدرێژی رۆژگار، خاپوورو وێرانی کردووە.

پیر بوداق‌خان، ئەمیری ئەمیرانی تەورێز، کە پیاوێکی بە ئەزموون‌وشیارو کارامە بووە، لە جووڵانەوەی دوژمنانەی ئەمیرخاندا، نیشانەی کەڵەوکێشی‌و ملهۆری بەدی کرد. بۆیە بە بارەگای پیرۆزی راگەیاند، کە: ئەمیرخان لە رێگای راستی لاداوەو، هەوای سەرپێچی‌و لاساری، کەوتۆتە سەرو بناخەی ئەو قەڵا بەرزو قایمەی بۆیە داڕشتووە، کە رۆژی پێویستدا، بە کاری بێ. ئەم غوڵامە، دروست کردنی ئەو قەڵایە، هیچ بە قازانجی دەوڵەت نازانم.

فەرمانی پیرۆز بەم جۆرە بەڕێ کرا: بۆ خۆت ئەمیری ئەمیرانی ئەو سنوورەی، ئەگەر ئەو قەڵا دروست کردنە، بە قازانجی دەوڵەت نازانی، پێشگری لێ بکە. پیر بوداقخان لە سەر فەرموودەی شا، پیاوێکی باوەڕپێکراوی ناردە کن ئەمیرخان‌و، بە زمانێکی زۆر بە ئەدەب‌و زیرەکانە نارەزایی لە دروستکردنی قەڵا راگەیاند. ئەمیرخان هەر گوێی نەدا ئەو قسانەو، پیاوەکەی پیربوداقخانیش بە دەستی کوردە برادۆستەکان کوژرا.

قەڵایەکی یەگجار قایم‌و، گەورەی دروست کردو، ئازووقە و چەك و چۆڵی

کێشاوە نێو قەڵاکە. ئەو جار لە ورمێ را رایگوێزت بۆ ئەو قەڵایە. رۆژ بە رۆژ قەڵاکەی قایمترو ئامڕازی قەڵاداری پەرداختر دەکردو، لە راستیدا هۆی چارەرەشی و لێقەومانی خۆی زیاتر پێك دێناو، کاری ئەوتۆی دەکرد، کە بە هیچ بارێك دەگەڵ پاکی و یەکرەنگی یەکیان نەدەگرتەوە. بۆ نموونە، خان ئەبداڵی موکری، برای شێخ حەیدەر، کە لە خاوەن شکۆ یاغی ببوو و، لە ترسی هێزی لەشکر، لە هیچ شوێنێکی وڵاتەکەی خۆیدا حەجمینو حاوانەوەی نەما بوو، بە خۆی و بیست کەس لە دەست و پێوەندەکانیەوە، پەنای بۆ هێناو ئەمیرخانیش پەنای داو، کردی بە هاو دەمو هاونیشینی خۆی. (تێبینی، شێخ حەیدەر، کوڕی ئەمیرەبەگی سانی، لە شەڕی ئێرەواندا، لە ریزی هەوەڵی لەشکری قزڵباش بوو و ستوونێکی ئەسڵی ئەو لەشکرەی ئەو رایگرتبوو. لە پای قەڵای ئێرەواندا کوژراو، کوژرانی وی بوو بە هۆی غەم و پەژارەیێکی زۆر بۆ شا عەبباسی.

ئەبداڵ خانی برای شێخ حەیدەر چاوەروانی ئەوەی دەکرد کە لە لایەن شاوە بکرێتە جێنشینی شێخ حەیدەری، چون هەمیشە دەیکوت کە شێخ حەیدەر بە منەوە شێخ حەیدەرە بەڵام بە پێچەوانەی پێشبینی هەمووانەوە، شا قوبادخان/ی کوڕی شێخ حەیدەر ـکە ١٢ ـ ١٣ ساڵە بوو، و تەنیا ئێمتیازێکی کە هەیبوو، ئەوە بوو کە دایکی لە قزڵباشان بوو، کردی بە جێنشینی شێخ حەیدەری و هۆی رەنجانو تۆرانی ئەبداڵخان ئەوە بوو. اسکندربیگ ئەوە ناڵێو، تەنیا دەنووسێ کە ئەبداڵخان برای شێخ حەیدەر لە خاوەن شکۆ یاغی ببووە هۆی یاغی بوونەکەی باس ناکا). تا ئێرە وەك خۆی، دەقی عالەمئاڕای عەبباسی بوو، ئەگەر کەسانێك پێیان خۆش بێت دەتوانن پاشماوەی کارەساتەکەی لەو کتێبە بە نرخەدا تەماشا بکەن. ئەسکەندەربەگ بە وردی رووداوەکان دەگێڕێتەوەو، تەواوی مەسەلەکان وا باس دەکا کە لە لایەن حکوومەتەوە ئەو پەڕی کۆشش کراوە، کە شەڕ پێش نەیەت، بەڵام سەرەڕۆیی ئەمیرخان، کاری لە هەموو لایەك تێکداوەو، بە زۆر شەڕی هەڵایساندووە. لە ساڵی بیستو چوارەمی پادشایەتی شا عەبباس داکە رێکەوتی بووە لەگەڵ ١٠١٨ی کۆچی، قەڵا داگیر کراوەو، ئەمیرخان کوژراوە.

ماوەیەك دوای ئەو مەسەلە، کارەساتی قەتڵی عامی کوردەکانی موکری روویداوە، کە ئەو مەسەلەش دە عالەمئارای عەبباسی دا هاتووە. کتێبێکی دیکە هەیە

به نێوی تاریخ عباسی یا روزنامۀ ملاجلال، نووسراوی ملاجلال‌الدین منجم، ئەو کتێبەش هاوکات لەگەڵ عالم‌آرا نووسراوەتەوەو، شتێکی پڕ بایخەو بابەتی گرینگی تێدا هەیە. لە لاپەڕەکانی ٣٨٦ و ٣٨٧ی ئەو کتێبەدا، دەستە شێعرێکی لە «مولانا خصالی» نێویك هێناوەو، دەڵێ لەو شێعرەدا مێژووی بە کۆمەڵ کوشتنی کوردەکانی موکری هاتووە دەستە شێعرەکە، ئەوەیە:

چو فتح قلعۀ کردان نمودند | قزلباشان خون از بادە نشناس
خبر آمد کە رومی آمد استا | بگرد خویش گردان همچو دستاس
ز دل بهر دعای شاه عالم | منادی شد کە: قوموا ایها الناس
برای فال می‌جستم دو تاریخ | کە گردد خاطرم خالی ز وسواس
رقم شد «ماتم کردان ز رومی» | نوشتم «عید فتح از شاه عباس»

نووسەری کتێب دەڵێ: بێجگە لەو شێعرە، بە پەخشانش ماددە تاریخیان بۆ ئەو کارە داناوە، ئەویش ئەوەیە: «قتل عام مکری حق «کە هەرسێک هەم دوو ماددە تاریخی شێعرەکانو، هەم ماددە تاریخی پەخشانەکەی دەبێتە ساڵی ١٠١٩ کۆچی.

هەندێ بیرەوەری یەگجار دڵتەزین، دەو کتێبەدا هەن، بۆ نموونە لە لاپەڕی ٣٨٦ی ئەو کتێبەدا، ئاوا دەگێڕێتەوە:... و از اسیران پسری بە سن هشت سالگی غلامی او را صاحبی کرده بود. بە شمشیر او چند زخم بە او زد و گفت: این عوض خون باوام بزبان کردی و فی‌الفور آن پسر کشتە شد و ایضاً «زنی حاملە با دختری بە سن شش سالگی، آن مرد بعنف با آن زن صحبت داشت چون آن مرد بە حمام رفت و بیرون آمد دید کە آن زن سر دخترش را بریده و کارد بە شکم خود زده و مافی‌الرحم را کشتە، ارادۀ کشتن خود داشت و بە منع ممنوع نشد و گفت مرا بعد از شوهر خود زندگی نمی‌باید، سر خود را برید و....

ئەگەرچی مەیدانی باس زۆر لەوە زیاترو بەرین‌ترە، زیاتر لەوە درێژە بە قسە نادەین، کورتەی مەبەست ئەوەیە، کە ئەمیرخان مرۆڤێکی گەورە بووە. کارەساتی قەڵای دمدم، کارەساتێکی سادە نەبووە، بە داخەوە بایخی پێویستی نەدراوەتێ و ئەو جۆرەی پێویستە کاری لە سەر نەکراوە. بەشێك لە بەسەرهاتە کە لە کتێبی بە نرخی عالەم‌ئارا داهاتووە، بەشێکیشی بە شێوەی بەیت لە نێو کوردان ماوەتەوەو، پشت بە پشت هاتۆتە خوارێ.

ئەگەر هەندە کتێبێکی دییکەش، ئەو باسەیان تێدا بێ، سەرچاوە هەر عالەم‌ئارا بووە.

تا رۆژێک پێ‌یان وابووە، کە ئەمیرخان هەر بەڵێ بەڵێ‌یان بۆ دەڵێ ئەوە خانی لەپ‌زێڕین بووە هەر زەڕڕەیەك هەوا گۆڕاو، قسەیەك کراکە تۆزێک بە دڵیان نەبووە، ئەو جار بوو بە ئەمیرخانی چۆلاق!

مامۆستای پایەبەرزی ئەدەب‌و زمانی کوردی، ماموستا مەلا کەریم هونەرمەند (ناسراو بە مەلا کەریمی فیدایی) وەك ئەو جۆرەی بۆ خۆی لە مێژووی ژیانی خۆی‌دا باسی لێدە کا، لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی لە گوندی سی‌سێر، لە ناوچەی گەورکی سەردەشت، چاوی بە دنیا هەڵێناوە. بابی سمایل لە هۆزی «بامەرە» و دایکی «ئامان» لە تیرەی جافان بووە. لە جەوانی را لەدێ‌و دێهاتی کوردستان دا بە نێوی فەقێ‌یەك لەم حوجرە بۆ ئەو حوجرە، چووە و لە خزمەت گەورەپیاوانی ئایینی دەرسی خویندووە، و لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی دەرس خوێندنی ئایینی تەواو کردووە و بۆ مەلایەتی گەڕاوەتەوە سی‌سێر. پاش‌ماوەیەك لە وێڕا چۆتە نستان و پێنج ساڵ لەو گوندە پێش‌نوێژ و مودەڕیسی مزگەوت بووە. دوای ئەو ماوەیە لەوێش‌ڕا چۆتە گوندی «کاولانی سەرێ» و هەر ئێستا زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە کە لەوگوندە دەژی‌و، ماڵی ئەو مرۆڤە مەکۆی عاشقانی زمان‌و ئەدەبیات‌و وێژەوانی کوردی و فارسی‌یە. وەك خۆی دەفەرمێ لە ١٦ ساڵی‌یەوە شیعری کوتووە. ئەو کارە ئەدەبیانەی کردوویەتی:

١) دیوانی شیعری کوردی

٢) دیوانی شیعری فارسی

٣) کوتنی بەیتی لاس‌و خەزاڵ دە چوارهەزارو حەوسەد شێعردا کە بە حەق شاهکارێکی گەورەی ئەدەبی‌یە. زیاتر لە سێ (٣) ساڵە، کە خەریکە لە حەوت خانی رۆستەم تێپەڕێ‌و، ئەگەر خودا بێهەوێ چاپ بکرێ.

٤) مێژووی ژیان. کە لە هەزار شیعردا کوتراوەو، لە لایەن نووسەری ئەو پێشەکی‌یەوە لە سی چل نوسخەدا پولی کۆپی کراوە.

٥) دمدم‌نامە. کە ئەوە بە دەستتانەوە.

ئەگەر کەسانێک بیانهەوێ سەرگوزەشتەی ماموستا وردتر بخوێننەوە و ئاگاداری بن دەتوانن لە لاپەڕەکانی ٥٧ تا ٦١ی گۆڤاری ـ مامۆستای کورد ـ ژمارە ٣ ـ

ئۆکتوبری ١٩٨٦ ئەو باسە بە درێژی موتالەعە بکەن.

یان کۆمەڵە شێعری مێژووی ژیان بخوێننەوە.

مامۆستا فیدایی بەیتی دمدمی لە رووی ئەو سەرچاوانەو زانیاری کۆ کردۆتەوە:

| | |
|---|---|
| ١ـ عالمآرای عباسی | اسکندربیگ ترکمان |
| ٢ـ تحفۀ مظفریه | کۆکراوەی ئوسکارمان ئامادەکردنی ماموستا هێمن |
| ٣ـ تاریخ افشار | میرزا رشید ادیب الشعرا |
| ٤ـ حرکت تاریخی کرد به خراسان | کلیم‌الله توحدی |
| ٥ـ دمدم | عەرەب شەمۆ |
| ٦ـ قەڵای دمدم | عەزیز ئیبڕاهیمی |

٧ـ لێکۆلینەوەی کاك حەسەن مەجدی سەبارەت بە بە سەرهاتی دمدم

٨ـ بەیتی دمدم بە دەنگی حەمەدی بە بتان

٩ـ شەهیدانی قەلای دمدم

وە لە سەر کێش‌و وەزنی شاهنامەی فیردەوسی (بەحری موتەقاریبی موسەممەنی مەحزووف یا مەقسووردا) لە نێزیک حەوت هەزار شیعردا هۆندوویەتەوەو ئەو، شاهکارەی خولقاندووە. ئەوانەی ئەو بەرهەمە تەماشا دەکەن، پێویستە ئەو چەند سەرنجەیان لە بەر چاو بێت:

١) بە سەرهاتەکە کراوەتە شێعری «حەماسی»و، شیعری حەماسیش بۆ خۆی ڕێ‌و شوێن‌و قاڵبێکی تایبەتی هەیە.

٢) ئەگەر چەند باسێک هاتە بەر چاو، کە لە کتێبە باوەڕپێکراوە مێژووئیەکان دا نین‌و، بەر چاو نایەن، ئەوە هی ئەو بەشەیە، کە لە کتێبی مامۆستا عەرەب شەمۆ وەرگیراوە، دەش‌زانن کە نووسراوەی وی «رۆمانی تاریخی»یە. چەند قسەیەکیشم هەیە لەگەڵ ئەو خۆشەویستانەی کە هەندێ رەخنە دەگرن، وەك دەڵێن: شیعری کلاسیك وابوو واچوو و... یان فۆلکلۆڕ نابێ دەستی لێ بدرێ‌و، شتی وەك بەیتی دمدم و لاس‌و خەزاڵ و.... نابێ بکرێنە شیعر، دەنا رەسەنایەتی خۆیان لە دەست دەدەن‌و.... ئەو چەشنە قسانە.

دە وڵامی ئەو عەزیزانەدا دەڵێم: ئەدەبیاتی عەرەب بەلە نێزیک دوو هەزار ساڵ لەوە پێش «معلقات سبع»ی هەیە، هەزار ساڵ زیاترە، کە گەورەترین ئەدیبانی دنیایە

خزمەت بە زمانو ئەدەبی عەرەبی دەکەن. ئەدەبی فارسی - ش فیردەوسی هەیە، سنایيو خاقانيو سعديو حافظو نظاميو جاميو ....ی هەیە، زۆر لە عەرەبو فارسان جوانە، کە حەوسەلەیان لە ئەدەبیاتی کلاسیک بە سەر چوو بێ بەڵام ئەدەبی ئێمە، بە داخەوە دەبێ بڵێم ئەگەر بمانەوێ بەرهەمە زۆر گرینگەکانمان بژێرین، رەنگە هەر بە ژمارەی قامیکی دەستێك بن، یان شتێک زیاتر، کە وا بێ ئێمە لە لایەك لە سەرمان پێویستە،کە لە ئەدەبی نوێی جیهان بێ خەبەر نەبین، لە لایەکیش وشیار بین کە جارێ زۆر زووە، کە ئەو قسانەی ئەدیبانی عەرەب، یا ئەدیبانی فارس سەبارەت بە زمانو شیعرو ئەدەبیاتی خۆیان دەیکەن، ئێمەش دووپاتی بکەینەوەو، پێمان وا بێ لە ئاستی واندان. ئەو قسەش زۆر سەیرە، کە شتی فۆلکلۆری وەك بەیتو.... دەبێ هەر وەك خۆیان بنو، چون ئەوان هەن، هیچ کەس هیچی دییکە نەڵێ. فیردەوسی ئەو شاهکارە مەزنەی لە ئەدەبی فارسيو ئەدەبی جیهانی دا بەدیی هێناوە، بۆ ئایا ئەوانەی دە شاهنامەدا هاتوون، هەر لە خۆیەوە دەری هێناون؟ خۆ فیردەوسی خۆی دەڵێ:

سەرچاوەی کاری من - شاهنامەی ابومنصوری - بووە، لە شیعرەکانی دەقیقيو.... کەڵکی وەرگرتووە، جا ئەو شاهکارە گەورەیەی خولقاندووە. هەر ئێستاش کارەکەی فیردەوسی دنیای ئەدەبیات شانازی پێوە دەکا، لە کاتێکدا سەرچاوەکانی دییکەش زۆریان ماونو، ئەوانیش نرخی خۆیان هەیە. یانی بەیتی دمدم کە سینگ بە سینگ هاتوە تا گەیوەتە رۆژگاری ئێمە، نرخو بایەخی خۆی هەر هەیەو قەت لە دەستی نادا، کتێبی عالەمئاڕاش نرخی خۆی هەیە، کتێبی ماموستا عەرەب شەمۆش هەر واتر، حرکت تاریخی کرد بە خراسانیش هەر وا، یانی لە حاڵێکدا کە ئێمە ئەرکی سەرشانمانە فۆلکلۆر وەك خۆی بپارێزین و نەهێڵین بفەوتێ، نابێ بەوەش برەنجین، کە کەسێکی دیی لەو زەمینەدا شتێک بە وجوود دێنێ. ئەو بەرهەمە تازە هیچ زیانێك لە فۆلکلۆرەکە ناداو، لەو بارەوە هیچ جێگەی نیگەرانی نیە.

لە سەر بەرگی ئەو دمدمنامەیە وێنەی گوڵێك دەبینن، لە بابەت ئەو گوڵەوە، دەبێ چەند دێرێك روون بکەمەوە: تەوزیح بدەم:

تا ئەورۆ، لە هیچ کتێبو شوێنەوارێکدا باسی گۆڕستانی قەڵای دمدم نەکراوەو، نەهاتووە. بەڵام برای خۆشەویستو ورد بینم «عەبدوڵڵا» لە هاوینی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لەگەڵ ماموستا عبدالرقیب یوسف حسن و یەکێك لە رۆحانيیە

موحتەرەمەکانی هاوشاریمان، بۆ گەشتو دیتن چوو بوو بۆ قەڵای دمدم، لە یادداشتەکەی خۆی دا بەو جۆرە دەنووسێ:

«بە دوورایی یەكو نیو کیلۆمیتر، بەلای باشووری رۆژهەلاتی قەلاوە گۆڕستانێکی گەورەی لێیە کە نزیکەی دووهەزار گڵکۆی گرتۆتە ئامێز. جگە لە چوار پێنج کێل نەبێ، ئەوی دی هەموو تاشە بەردی گەورەی دانەتاشراون. ئەم چوار پێنج کێلەش، کە نەخش و نوسراویان لە سەرە شکێندراون و وردکەکانیان لە بەر پێ رژاوە، و تێکەڵ بە گڵ و خۆڵ و وردە بەردی گۆڕستانەکە بووە. نزیکەی دوو سەعات، کە لە نێو ئەم گۆڕستانەدا گەڕام، هیچ نووسراوێك یا قەبرێکی تایبەتیم جگە لەو چەند کێلە شکێندراوانە نەدۆزییەوە.

لە سەر لەتکە کێلێك حاشیەیەکی جوان دەگەڵ گوڵێك (ئەو گوڵەی لە سەر بەرگی ئەم کتێبە خۆ دەنوێنێ) هەڵکەندرابوو و چەند وشە نووسراویشی هەبوو، کە نەدەخوێندرایەوە. لە سەر لەتکە کێلێکی تر نەخشی شانەیەك و، هەندێ خشڵی ژنانە هەڵکەندرابوو و، لە سەر لەتکە کێلێکی تەنك و ناسکی تر، ئەو چەند وشەیە بەجی مابوو «محمدآقا ابن حسن آقا» دیسان لە سەر بنەکێلێك کە گڵ و خۆڵ چواردەورەی داپۆشیبوو، بە خەتی نەستەعلیقێکی زۆر جوان، ئەو چەند وشەیە بە جێ مابوون: «بیرون کردند». کە وێدەچێ پاشماوەی شیعرێکی فارسی، یا لەوانەیە بەشێك لە مەبەستێکی مێژوویی بوو بێ.

تا ئێرەش دەقی یادداشتەکەی برای بەڕێزم «عەبدوڵڵا» بووە، کە وا بێ ئەو نەخشی گوڵەی کە لە سەر بەرگی دمدمنامە دەیبینن، ئی کێلێکی گۆڕستانی قەڵای دمدمە.

لە سەر ئەمرو ئیزنی مامۆستا مەلا کەریم فیدایی ئەو پێشەکیەم لە رووی ئەو سەر چاوانەوە پێك هێنا:

١) تاريخ مفصل ايران — عباس اقبال آشتيانى
٢) تاريخ تمدن — ويل دورانت
٣) جلد اول حركت تاريخى كردبه‌خراسان — كليم‌الله توحدى
۴) تحفهٔ مظفريه — اسكارمان ئاماده كردنى هێمن
۵) نگاهى به آذربايجان غربى — ايرج افشار سيستانى
۶) ابومسلم، سردار خراسان — دكتر غلامحسين يوسفى
٧) رستم‌التواريخ — ميرزا هاشم آصف (رستم الحكما)
٨) تاريخ عباسى يا روزنامه ملاجلال — ملاجلال‌الدين منجم انتشارات توحيد
٩) وت‌و وێژ له‌گه‌ڵ عومه‌رئاغا علی‌يار و، كه‌ڵك وه‌رگرتن هه‌م له شاره‌زايی‌و فه‌رمايشه‌كانی‌و هه‌م له كتێب‌خانه ده‌وڵه‌مه‌نده‌كه‌ی.

پێويسته بڵێم كه ئێواره‌ی رۆژی پێنج شه‌ممۆ ١٣٧٠/٨/٢ی هه‌تاوی (٢۴ اكتبر ١٩٩١ی زايينی، ١۵ی ربيع‌الثانی ١۴١٢ی كۆچی ده‌ستم به نووسينه‌وه‌ی دمدم‌نامه كردو، له ئێواره‌ی رۆژی شه‌ممۆ ١٣٧١/٢/١٢ی هه‌تاوی (٢ـ مه ١٩٩٢ی زايينی، ٢٨ی شه‌ووالی ١۴١٢ی كۆچی له نووسينه‌وه‌كه‌ی بوومه‌وه.

پێويسته كه بۆ هه‌نده وشه‌و زاراوه‌يه‌ك، وه‌ك: په‌له‌و شاكه (عه‌جه‌له كردن) بوره (زه‌مينی نه‌كێڵدارو ـ دێمه‌كار) ـ بوزوو (پێخوست) ـ چوخر (بيشه) ـ لۆگه‌ن (گيايه‌كی بی ئه‌رزش) ـ بۆز (گيايه‌كی بێ ئه‌رزش كه ماڵات نايخوا) ـ و.... فه‌رهه‌نگۆكێك بنووسرێ، كه هيوام وايه رۆژێك ئه‌و كاره‌شم بۆ جێ‌به‌جێ بێ. ئاره‌زووی مامۆستاو من‌و هه‌موو دۆستان ئه‌وه‌يه كه ئينشائه‌ڵلا ناشرێكی راست‌و دروست په‌يدا بێ‌و، ئه‌و شاهكاره به شێوه‌يه‌كی رێك‌و پێك‌و جوان و له ئه‌ندازه‌يه‌كی له باردا له چاپ بدا، بێ شك مامۆستای به‌رێز به مه‌رجگه‌لێكی زۆر ئاسان ده‌گه‌ڵی پێك دێ. ئه‌من هه‌ر ئه‌وه‌نده‌م له ده‌ست هات كه تايپی بكه‌م‌و، له حاڵه‌تی يه‌ك نوسخه ده‌رم هێناو، مه‌ترسی فه‌وتانی له ناو چوو.

زه‌حمه‌تێكی كه له ئاماده كردنی ئه‌و كاره‌دا ديوومه، پێشكه‌شی ده‌كه‌م به بنه‌ماڵه‌ی خۆمان، ئاره‌زووم ئه‌وه‌يه كه سامان‌و ساسانی كۆرم، رۆژێك كه گه‌يشتنه ته‌مه‌نی خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و شتانه، به وردی بيخوێننه‌وه‌و، مێژووی خۆيان له بير

نەچێتەوەو، لە پاشان پێشکەشی دەکەم بە تەواوی ئەو کەسانەی کە خۆیان لە بیر ناچێتەوە. گەلێك بەوە خۆشبەخت دەبێ کە خۆی فەرامۆش نەکا، خۆی بناسێ، لە رابردوو باش بکۆڵێتەوەو، بۆ داهاتوو دەرسی لێ وەرگرێ. بناغەدانانی داهاتوو تەنیا بە ناسینی راستەو دروستی رابردوو دەکرێ.

قەدری ئەوە بزانین کە لە وەڵاتەکەماندا دارو بارێکی وا هاتۆتە پێش کە دەتوانین ئەو جۆرە قسانە بکەین و لە رووی بەڵگە دروستەکان، ئاوا لە دێرینەو رابردووی خۆمان بکۆڵینەوە.

سوپاس بۆ خودا کە ئەوەندەی توانایی‌و مۆڵەت دام، تا ئەو کتێبەی مامۆستا مەلا کەریم فیدایی بنووسمەوەو، هەنگاوێکی دیی لە رێگەی خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی خۆمان هەڵگرم. سڵامەتی‌و شادی‌و سەرکەوتنی مامۆستا فیدایی و هەموو دۆستان‌و خوێنەرانی ئەو کتێبەم لە خودای دەوێ.

والسلام علی عبادالله الصالحین.

سەیید موحەممەد سەمەدی
١٤ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی
مەهاباد

# دمدم نامە

## باسێ لە خودای مەزن

بە نێوی ئەوەی بۆ زەوی بۆتە خێو
خوداوەندی دەشتو خوداوەندی کێو

خوداوەندی دەریایی پڕ ئاوو شین
نەخشکێشو ڕەنگڕێژی فەرشی زەمین

خوداوەندی بنیادەمو جندو دێو
خوداوەندی هەورازو ڕژدو نشێو

فریشتەی لە نووری دروس کردووە
بە بێ خواردنو نوستن ئەو زیندووە

هەڵیدا خودا خێوەتی ئاسمان
درەوشاوە بەو نووری ئەستێرەکان

بەوی کووژەکەی ڕەنگ سوورو جوان
ئەلەو سوخمەیی شینی بەرزی نران

بەدەستووری ئەو سەوز ئەبێ گیاوگوڵ
لە کێوو لە دەشتو لە شیوو لە دۆڵ

ئەوە خاوەنی چۆمو دەریاو ئاو
دەدێرێ زەوی دێمەکارو بەراو

سەراسەر زەوی موڵکو ماڵی وییە
خودا گەر نەبێ خاوەنی دیی نیە

خوداوەندە پاشای موڵکو وەڵات
بژیوێ بە خاوەن گیان ئەو دەدات

بە ئەمری خودا کفنی بەفرو سەهۆڵ
لە زستانە دەیکاتە بەر خاکو خۆڵ

بە باوو بە بارانە دەتوێتەوە
بەهارێ لە گڵ سەوزە دەروێتەوە

دەگۆڕێتەوە بەفری وەک زێوی قاڵ
بەشینکەو گوڵی دەشتو دۆڵو نواڵ

لە هەر جێیە لەو خاکەی بەربڵاو
نیشانەی خودا تۆ دەبینی بە چاو

خودایێکە هەر زیندووەو نامرێ
بە بێعەیبە دەسکارو نەخشو کری

نە بێچیزو بێهێزو بێچارەیە
نە زنگۆڵو سستو نە بێکارەیە

ئەگەر بیهەوێ ئەو بە یەک کون فەکوون
زەمینو فەلەک دەچنە موڵکی نەبوون

خوداوەندی شتزانو زانا بە سوڕ
دەکا گیان لەبەر هەر بەیەک فوویە قڕ

نەکەس دەستو پەنجەی دەبەستێ بەدەست
نە هوشیارێ بۆوی دەنووسێ مەبەست

وتاری کە قورئانە لا ڕەیبە فی
نەدەی تانە لەو گەوهەرەی ئەی سەفی

کەلامی هەموو کۆنە وەک بوونەکەی
گومانی خراپو بەدی بۆ نەکەی

وتەی وەک وتەو باسی خەڵکی نیە
کە هی خەڵک بێ بۆنە کەڵکی نیە

خودایێکە بێ جێگەوو بێ مەکان
بە بێ ڕەنگو بێ وێنەوو بێ نیشان

چون ئەو گەورە کرگێڕی هەرچی کرە    وەکو کر نییە دیمەنی، هەڵورە
نەڵێی گەر خودا وەک خەڵک رەنگیە    ئەوەی چاکە بۆ ئێمە، بێدەنگیە
ئە لەو خاکە هەر زەررەیێ دەسکەوی    هەموو شاهیدن بۆ خودایی ئەوی
کە مەیلی لەوەی بێ گەدا بێ بە شا    دەکا ئەو بە شا، شا دەکا بێ نەشە
لە دەرگایی ئەودا سەری سەر بزێو    وەکوو بەردی نێو خۆڵە بێ‌رێزو نێو
لە موڵکی خودا کێ‌یە گەر بشتە دەر؟    لە باڵندەو جندو دێوو بەشەر
بەرەی گیان لە بەر تازە بێ یا کەون    بژیو خۆری عەمباری خەزنەی ئەون
دڵێ گەر لە یادی خودا غافڵە    کە لاوێیکی وێرانەیە ئەو دڵە
بە یادی ئەوی دڵ دەبێ مشت‌و ماڵ    بە نێو بردنی گیانە خاوەن جەماڵ
خودایە ئە تۆ بووی‌و هەر تۆ دەبی    فەلەک ناگەڕێ چەرخی گەر تۆ نەبی
لە هەر دوو جیهان تۆیی پشت‌و پەنا    لە بۆ شاو بۆ دەوڵەمەندو گەدا
کەسی دی نییە بۆ خەڵک دەستگیر    دەکەی کۆمەگی دەردەدارو فەقیر
بە عیشقت دەنازێ ئەوەی زیندووە    بە بوونی تووە بوونی هەرچی بووە
فیدایی کە وا ورکەخۆری تووە    لە نێو تۆزی دەرگایی تۆ کەوتووە
بە گەردەن کە چی دێت‌و دەخولێتەوە    بە گریان‌و شیوەن دەپارێتەوە
دەڵێ ئەی خوداوەندی بەرزو نەوی    سەرۆکی سەرۆکانی موڵکی زەوی
تەمەن رۆیی لەو کاتە دا پیر بووم    نمەک‌خۆری سفرەی بڵاوی ئەتووم
گوناحم ئەگەر زۆرە ئەی کردگار    نەکەی باسی تاوانی ئەمنی هەژار
لە رۆژی حەشر سەربڵندم بکەی    بە لێبوردنت دەوڵەمەندم بکەی
کەئەو خەڵکە لەودەشتە دەدرێ لەسان    کەساسم نەکەی ئەی کەسی بێکەسان
دەسم بگرە تاکوو نەبم بێوەرار    لە خزمەت ئەتۆدا نەبم شەرمەزار
بە بێ باوەشی ئێوە خۆ نیمە کەس    لە مەحشەر لە بۆ من‌بە فەریادرەس
ببەخشە فیدایی بە لوتف‌و کەرەم    وەها باشە باسی پەیەمبەر بکەم

## باسێ لە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام

محەممەد سەرۆکی هەموو سەروەران    ئەوە خاتەمی هۆزی پێغەمبەران
ئەوە هەووەڵ‌و ئاخیری مورسەلین    وەکوو نوورە بۆ ئاسمان‌و زەمین
لە ئەولادی بابادەم‌و داکەوا    هەر ئەو بوو بە سەرکردەوو پێشەوا
لە بەر دەرکی سوڵتانی شیرین کەلام    پەیەمبەر هەموو بوونە بەندەو غولام
نەوەی ئادەمە ئادەمیش بۆ ئەوی    لە رۆژی قیامەت دەکا سەر نەوی
محەممەد پڕشکێ لە نووری خودا    لە بۆ خەڵک لەو نوورە ئەو بوو جودا

جودایی که لەو نووره به رواڵەته     نەڵێی گەر دەگەڵ وی نیه ئەو لەته
له هەر جێیه ئاوێنه تیشکێ بدا     له ئاوێنه ئەو تیشکه کەی لا دەدا؟
له نێو شاری مەککه له دایک بووه     له باغی نەبووەت قەدی هەڵچووه
که بوو لەو گوڵستانه ئەو سەروه شین     له پێش ئەنبیا بوو له مەیدانی دین
دەدێرا به ئاوی وەفاو سەفا     برا نێوی به محەممەدەلمستەفا
زرێی مەحکەمی دینی گەر کردەبەر     نەما لەشکری کوفری بێدادگەر
شەفاعەت له مەحشەر که سەددی شکا     دەکا بۆ خەڵک ئەو لەوێدا تکا
که بەستی کەمەر بەندی پێغەمبەری     بڕا فێڵو شانۆیی جادووگەری
به گۆچانی بازویی جەنگاوەری     شکا دینی بێگانەو سەرسەری
هەچی گەر له یەزدان بێگانه بوو     له ڕێبازی ئەو سەروەرەی دا نەبوو
بڕستی له دینانی پێشوو بڕی     زگی کافرانی به خەنجەر دڕی
نەهەنگی له دەریایی عیلمولیەقین     خەدەنگێ له بۆ ڕەجمی شەیتانو جین
بەرز هیممەتو شێری ڕۆژی غەزا     رقی ئەو جڵەو کێشی تیری قەزا
وتەی خۆشی دەرمانی دەردی دڵان     گوڵی ڕوومەتی نووربەخشی گوڵان
له دەرگاهەکەی سەد کەلیمو خەلیل     له بن باری چاکەی ئەوا بوونه دیل
سولەیمان ئه بەو روتبەوو پایەوە     له دەورەی وەکوو کۆیله دەخولایەوە
مەسیحایی دەورانو یۆسف جەمال     وەکوو وی نەبوو کەس به عەقڵو کەماڵ

## باسێ له قورئان

زەمانێ که ئەو گەورە دەکرا خەڵات     له لایەن خودا ئایەتی بۆ دەهات
کەلامێکه ڕێکو فەسیحو تەواو     سەراسەر له سەر ڕاستی داڕژاو
که قورئانه ئیعجازی پێغەمبەری     به سەر زارەکی نابێ نێوی بەری
له ڕستەو له پیتی که فکران ئەکەی     گیانت به قوربانی قورئان ئەکەی
وتەی پڕ مەزەو خۆشو شیرین بەیان     له ویدایه ڕێگایی سوودو زیان
گوڵی دڵ کلی دیده قووتی ڕەوان     له بۆ خەڵک ئەو بۆته ئاوی ژیان
ژیانێ که لەو ئاوه دوورو ونه     مەڵێ ژینه، سەگمەرگیه، مردنه
ئه لەو ئاوه هەرکەس که بخواتەوە     دوو دەستی له دنیایه دەشواتەوە
دەبێ ئاشنا ئەو به نووری خودا     له عیشقی جیهان دەستو دڵ بەردەدا
هەتا ماوه سەرگەرمی تاعەت دەبێ     خودا ناسو یاری قەناعەت دەبێ

## چوونی پیغەمبەر بو میعراج

به ئەسرا بیعەبدیهی لەیلەن خووا     له میعڕاجی پیغەمبەری دا دووا

شەوێکی کش‌و مات‌و ئەنگوستە چاو    هەوا بێ مژو ئاسمان پاک‌و ساو
زەوی پڕ لە عەترو هەوا مشک‌بار    نەدەبزووتەوە وەحشی‌وو مشک‌و مار
شەڕو فیتنە چاوی خەواڵوو ببوو    لە دنیایە هاوارو ڕۆڕۆ نەبوو
نە جووڵە نە جووکە نە ئاوازی دەنگ    ببوو گیان لە بەر ئەو شەوەی لاڵ‌و لەنگ
لە پێ‌ڕۆو باڵندە دەبڕا سڵی    هەموو چۆوە نێو لانەو مەنزڵی
ئەوەی گەر لەخەودا نەبوو ئەو شەوەی    هەر ئەستێرە بوو دوور بوو لەو خەوەی
دوو چاوی بڕیبوو لە گۆنەی زەوی    لە بۆ سەیری هەورازو ڕژدو نەوی
لە سەردی‌و لە گەرمی هەوا دوور بوو    فەلەک شادو ڕووناک‌و پڕ نوور بوو
ئە لەو کاتەدا جوبڕەئیلی ئەمین    بە ئەمری خوداوەندی ئینسان‌و جین
بە بوڕاقی وەک سەڕسەڕو پش بە زین    لە بانی فەلەک هاتە دەشتی زەمین
محەممەد خەوی ئەو شەوەی خۆش بوو    بە دڵ هۆشیارو لە سەر هۆش بوو
کەجوبڕیل چوو لەو خەوەی هەڵستاند    سەرۆکی لە نێو شاری مەککەی ڕفاند
لە مزگەوتی ئەقسایی ئەو دابەزاند    دو ڕێ بوو بە پێغەمبەرانی نوواند
ئە لەو جێگە نووری دڵی ئەتقیا    دەبۆ، پێشەوا بۆ هەموو ئەنبیا
لە وێڕا دەڕۆیی لە بۆ ئاسمان    لە سەر مانگ‌و ڕۆژی قەدەم دادەنان
لە بۆ مەردی مەیدانی ڕەفڕەف سووار    مەلاییک هەموو بوو نە خزمەت‌گوزار
بە ڕەفڕەف فڕی ڕۆیی چوو بۆ عەڕش    لە بۆ وی سەری عەڕش دەکرا فەڕش
لە پش عەڕش جوبریلە نەیما ڕەوت    بە خۆیوو بە ڕەفڕەف لە ڕۆیین کەوت
گوتی ئەی شەهەنشاهی دنیاوو دین    ئەمینی خودا خاتەمی مۆرسەلین
ئەگەر لەو سنوورەی کەمێ تێپەڕم    دەسووتێ سەرو دەست‌و باڵ‌و پەڕم
ئەوەی کوت کە جوبڕیل دەکشایەوە    محەممەد ئە لەو شوێنەدا مایەوە
بە تەنیا دەچوو گەییە دەریایی نوور    بە بێ هەمدەم‌و یار چوو بۆ حوزوور
بە خۆشی کە ڕۆیی لە بۆ لامەکان    عەبایی لە شی داڕنا ئەو لەشان
لە زیندانی شەش گۆشە گەر هاتە دەر    لە دنیایی فانی دە بوو بێ خەبەر
نەما سێبەرو وێنەوو ڕەنگ‌و خاڵ    نەما دیمەن‌و شکڵ‌و نووری جەماڵ
دەگەڵ نووری یەزدان بوو تێکەڵاو    هەر ئەو کاتە دەتواوە لەودا تەواو
بە جۆرێ وەها عەبدو خالق دوان    نەبوو دەنگ‌و ئاوازو زارو زمان
نەبی گەر ئە لەو کاتە دەرچوو لە دینگ    دە گوترا بەوی ڕازی زۆرو زرینگ
کە دڵخوازی حەق ئەو دەمەی هاتە جێ    سڵاوی لە کەعبەی دەکرد دەس بە جێ
کت‌وپڕ ئەلەو کێوە بەرزەی بە غار    بەرەو عەرز بوو وەک هەڵۆ گەییە شار
لە میعڕاج ئاسوودە بوو گەر دڵی    بە بێ دەردو غەم چۆوە نێو مەنزڵی

محەممەد لە ئەسڕایی گەردا خەبەر
غڵو کەوتە نێو کافری بێ هونەر
ئەوەی گەر مسوڵمان بوو، باوەڕی
بەوی کرد و کافر وەکوو سەگ وەڕی
خودا ناسی دینداری دوژمن بە بوت
بە دینداری هەمتایی ئاوا دەگوت:
ئەوەش یەک لە ئیعجازی پێغەمبەری
بە یەکدەم کە ئەو ڕێگە دوورەی بڕی
محەممەد وتەی بێ درۆو حەقە
درۆزن گەلی کافری سەر ڕەقە
خوداوەند دەیدایە پایەو مەقام
دەگەڵ وی دووا شەو بە شیرین کەلام
ئەوی کردە سەرداری پێغەمبەران
لە بۆ وی نەرم بوو سەری سەروەران
لە تۆبێ هەموو دەم سەلاتو سەلام
لە لایەن خودا ئەی نەبی وەسسەلام

# داوای فیدایی لە خودا بۆ یاریدەدانی لە دانانی بەیتی دمدم دا

تکایە دەکەم من لە یەزدانی پاک
خوداوەندی ئاوو خوداوەندی خاک
خوداوەندی شت زانو زانا بەڕاز
لە هەر چی کەسو کارە ئەو بێ‌نیاز
لەهەر دەشتو هەر کێوو هەر دۆڵو شیو
بە حەیوانو بە گیا دەدا ئەو بژیو
ئە لەو کاتە گەر پیرو گەردن کەچم
بەرەو پیلو پێشوازی مردن دەچم
تەمەن قافڵەی گەییە مەزرایی شەست
نەما نووری دووچاوو هێزو بڕەست
لە هەڵدێرو کەندالی عومرم بڕێ
دەرووخێ هەموو کاتو دەم بزگوزێ
هەراکوو ئەمن چوومە نێو قەبری تار
زمان لەنگ بوو ماوە دەم بێو تار
ببەخشی بە من هێزی شیعری جووان
کە بەیتێکی دانێم ڕێکو ڕەوان
لە جەنگاوەری کوردو سەر سەختیان
لە کێشەو شەرو شۆڕو بەدبەختیان
چ بەیتێ؟ هەموو باسی ئازایەتی
شەڕی شێرە مەردانو مەردایەتی
شەڕی شۆڕە لاوانی عاشق بە ماف
شەڕی کوردی یەخسیری بەندو تەناف
شەڕی کوردی بێ مافو حەق بەشخوراو
وڵاتی هەموو لەتلەتو بەشکراو
شەڕی ئەو کەسەی گەر لەژین بێ بەشە
بە شی ئەو شەڕو کێشەوو قەرقەشە
شەڕی ئەو گەلەی گەر لە مافی دووا
دەکوژرێ لە سەر مافی حەقو ڕەوا
شەڕی ئەو گەلەی گەر لە سەر نیشتمان
هەموو دەم دەکا بەخت ماڵو گیان
شەڕی خەڵکی کوردەو گیان بازیە
کە مێژوویی ئەو پڕ لە شانازیە
شەڕی کوردە دنیایی پڕ کردووە
بە گژ دوژمنی خوێن مژی دا چووە
گەلی کورد هەر زیندووەو نامری
لە زوڵمو ستەم ئەو دەکا بەر گری
شەڕی قارەمانانی دمدم مەکان
دژی زوڵمو یاسایی زەححاکەکان

شەڕی کاوەیی کوردی بێ ترس‌و لەرز ئەمیر خان سەر کردەیی پایە بەرز
دەکەم باسی خۆ راگری دمدمی لە چۆن بەردو دیوارو بورجی جمی
لە پەی بردنی بەو عەقڵ کاس بوو هەر ئەو چەقڵی دوو چاوی عەبباس بوو
قەڵایێ لە دنیایە بێ وینە بوو لە سەختی‌و بڵندی نموونەی نەبوو
لەوێدا گەلی کوردی پڕ هۆش‌و بیر بە تۆپ‌و تفەنگ‌و بە شەمشیرو تیر
بە فەرماندەیی خانی یەک دەس تەڵا دەیان خست دوژمن بە وێنەی گەڵا
قزڵباش ئە کەوتن لە دەوری قەلات مەرگ بۆ سەفەویانی رووڕەش دەهات
لە بۆ ئەو کەسەی گەر قزڵباش بوو لە شی ئەو گەنم مەرگ بەرداش بوو
خودا هێزی شێعرم ئەگەر پێ بدا نەبێ تەیری رووحم لە بەندەن جودا
لە بەحری تەقارۆب دەخەم خۆ لە ئاو دەکەم گەوهەری شێعرم پەخش‌و بڵاو
دەهێنم ئە لەو بەحرەدا دانە دوڕ لە بۆ باسی کوردانی ئازاو کوڕ
هەمووی دادەڕێژم لە یەک بەیت‌و باو بە یاقووت‌و پیرۆزە نێو پڕ کراو
بڵندی دەکەم من لە چەشنی قەڵا قەڵای شێعری نە خشاوی زێوو تەڵا
قەڵاییکی بێ لینگەو بێ نیشان نەرووخێ بە سێڵاوی چەرخی زەمان
وەها بەرز بێ ئەو قەڵایی‌و تار بە دیوارو بورج‌و بە قوللەو حەسار
کە بەو رانەگا بیری ناسک خەیاڵ بکا هۆشی زانایی شت زانە قاڵ
بە بێ وێنە بێ هەر وەکوو دمدمی کەسێ لێی نەدا بێت دەست‌و دمی
لە زەوقی فیدایی‌و تەی هەڵڕژێ بە سەر پەنجەیی بیری ئەو دارژێ
لە کردا وەها بێ کە ناوی هەبێ وەکوو دمدمی بەیت‌و باوی هەبێ
لە دنیایەدا تا ببێ یادگار لە بۆ کوردی ئازاو مەردو بەکار
دیاری کە بەرسیلە بێ یا هوڵوو قەبووڵی دەکا کوردی خاوەن شکوو
لە شیعرا کە من پاشەرۆکم هەیە شووانێکم هەر ئاڵە کۆکم هەیە

## باسێ لە چۆنیایەتی ئەمیرخانی لەپ‌زێڕین

لە نێو کورد ئەوەی کە گەل دۆست بوو ئەمیرخان، خانی برادۆست بوو
هەر ئەو بۆ گەل‌و هۆزە غەمخۆر بوو هەر ئەو دەست‌و دڵبازو شت‌زۆر بوو
بە هێزو سوپا وەک سولەیمان بوو لە تیرەو رەگەی هۆزی گۆران بوو
بە گۆران ـنابێ بلێی بێ رەگەن بە هیلالی بەدری حەسەن وەی دەگەن
حەسەن وەی وەکوو خۆر دەیداوە نوور لە سەر خاکی دیناوەرو شارە زوور
لە نێو ئەو وەڵاتەی حەسەن‌خان بوو هەر ئەو خاوەنی مۆرو فەرمان بوو
ئەمیرخان بەگزادەیی پڕ هونەر زرێی شێرە مەردانی کوردی لەبەر

له به‌خشین دا دوژمنی ماڵ بوو — له ڕۆژی شه‌ڕا ڕۆسته‌می زاڵ بوو
له کاتی شه‌ڕی شیرو تیرو که‌وان — له مه‌یدانی شه‌ڕ دا ده‌بوو قاره‌مان
ده‌می به‌زم شادی ده‌ری کۆڕ بوو — ده‌می ڕه‌زم هۆشیارو پسپۆڕ بوو
به سه‌خیایه‌تی که‌س نه‌بوو وه‌ک ئه‌وی — سه‌ری سه‌ر بڵندانی کرد بوو نه‌وی
که ده‌یکرد دوو ده‌ستی ئه‌و زیڕوه‌شان — ده‌گریا هه‌ور به‌حر ده‌یگرت ژان
دلیرێکی ئازاو چالاک بوو — له دێوو له غوولانه بێ باک بوو
به شمشیر ڕووی کرد با گه‌ر له کێو — له به‌ر وی ده‌له‌رزی دڵی نێره دێو
عه‌شیره‌ت له ده‌رکی ئه‌ویدا به سان — ده‌یانگرت سه‌ف بۆ شه‌ڕێ ڕاده سان
هه‌موو هه‌ر غولامی ئه‌میرخان بوون — له بۆ ئه‌مری ئه‌و گوێ به فه‌رمان بوون
له ئه‌سپی حودوودی ده‌بوو گه‌ر سوار — ده‌له‌رزی دڵی تووس‌و ئه‌سفه‌ندیار
ڕقی هه‌ر وه‌کوو بوومه‌له‌رزه‌ی زه‌وی — به‌ڵا بوو ئه‌گه‌ر هاتبا لووزه‌وی
به هێزی دووبازوو ده‌ست‌و که‌مه‌ند — پڵنگی به هه‌ڵمه‌ت ده‌کردن له به‌ند
به تیر وبه شیرو به تۆپ‌و تفه‌نگ — ده‌گه‌ڵ دوژمنی خۆیی ده‌یکرد جه‌نگ
هه‌ڵۆیی چڕوکێوو ده‌شت‌و ته‌لان — شه‌هێنی که‌ژو سه‌ر چیا به‌رزه‌کان
به مه‌ردی له دنیایه مه‌شهوور بوو — سه‌رو کێکی ئازاو موو زوور بوو
له بۆ کێشه‌و هه‌ڵمه‌ت‌و شه‌ڕکه‌ری — نه‌بوو کاری ئه‌و شۆخی‌و سه‌رسه‌ری
له هه‌ر له‌شکرێ ڕووی که کرد با به‌قین — سوواری ده‌خستن له ئه‌سپ‌و له زین
که ده‌یکرد ڕوو ئه‌و له یه‌ک له‌شکره — خه‌یاڵت وه‌ها بوو که‌وا ئاگره
وه‌کوو وی که‌سێ مڵکداری نه‌بوو — نموونه‌ی له نێو کورده‌واری نه‌بوو
جوانمێری‌و مه‌ردی‌و عه‌قڵ‌و فام — ئه له‌و خانه‌یی کورد دا بوو ته‌مام
ده‌بابه‌س بکه‌م باسی ئه‌و ڕۆسته‌مه — ئه‌وه‌نده‌ی که بدوێم له‌و دا که‌مه
قه‌ڵایێکی مه‌حکه‌م له ناوچه‌ی بنار — هه بوو به‌رز دیوارو هۆده‌و حه‌سار
به ده‌زگاو ماڵ‌و بنه‌و باره‌گای — به خۆیوو که‌س‌و کارو ده‌سته‌و سوپای
له‌وێدا ئه‌میرخان جێگیر بوو — له سه‌ر خه‌ڵک فه‌رمانده‌و میر بوو
به گوندو به ده‌شت‌و که‌ژو مێرغوزار — به مڵکایه‌تی ماڵی ئه‌و بوو بنار
به‌ره‌و ڕوویی ئه‌و شێر بێ هه‌ست‌و خوست — له بۆ میر بوو ئاسمان گوێ له مست

## باسێ له قه‌ره‌تاجی قزڵباش حاکمی ئه‌و سه‌رده‌می ورمێ

له ده‌ورانی ته‌هماسبی دا هه بوون — قزڵباش له‌و خوێنمژی شاهسوون
له نێو وانه قه‌ره‌تاج ناوێ هه‌بوو — له بن باڵی شازۆر باوی هه‌بوو
له کن‌شا گه‌لێ خۆشه‌ویست‌و عه‌زیز — مرۆیێ به ده‌عیه‌و هه‌واو به فیز

له دەربار چون خاوەنی وەزن بوو له مەڵبەندی ورمێ هەر ئەو مەزن بوو
کرا بوو به حاکم له نێو شار دا دەسی ئاوەڵا بوو له هەر کار دا
یەکی گرتبا یا یەکی کوشتبا به هەر گەورەیێ گەر رقی رشتبا
نەبوو کەس بڵێ بۆ ئەتۆ وادەکەی؟ له بۆ کێشه لەو خاکه پەیدا دەکەی؟
سەرۆ کایەتی مەرگەوەڕ تەرگەوەڕ به گوندو به مەزراو جێگا لەوەڕ
بەبەخشش که قەرەتاج خۆیدا! تەکان هەمووی دا به هۆزی برا دۆستەکان
دەگەڵ وانه نێوانی خۆشی هەبوو دەسی دانی خاکو قڕۆشی هەبوو
ئەلەو مڵکه ئەو بوونه مەزنو سەرۆک نەما جێگه بۆ گایی پیرو خەفۆک
قزڵباش وەک کووندە هوولەی بەزەڕ هەڵاتن له هێلانەیی تەرگەوەڕ
به جێ ما له بۆ بولبولان دەشتو باغ شەوو رۆژ بەر بوونه کەیفو دەماغ

## باسێ له سەرۆکەکانی عەشیرەتی برادۆست

برادۆست دوو مەزنیان بوو له نێو ئەمیرخان یەک، دوو حەمەد بەگ به نێو
له سۆماو خاکی برادۆست دا دوو کاکڵ له نێو بەندی یەک پۆست دا
له یەک پێست گونجانی دوو کاکڵه کەلێی ورد بی حەستەمو موشکوڵه
حەمەد بەگ که پیرو ردێن بۆز بوو له سەر هۆز سەرداروو سەر هۆز بوو
ئەمیرخان چون ژیرو هوشیار بوو جوانێکی سەر زۆو لاسار بوو
قەبووڵی نەبوو گەورەیی هیچ کەس دەبوو کەس له حاندی نەکێشێ نەفەس
نەبوو کۆمەگو یاری ئاغا حەمەد ئەمیرخان لەو خاکه دا بۆ ئەبەد

## باسێ له مردنی شا تەهماسبو دانیشتنی محەممەد شای کوڕی له جێگەی ئەو

که دەورانی تەهماسبی هەڵوەشا محەممەد له جێگەی ئەوی بوو به شا
دەبۆ خاوەنی گەوهەرو تەختو تاج دەچوو بۆی بەو بۆنه باجو خەراج
که چەندێ له سەر تەخت گرتی قەرار ئەویش چۆ دەرێ لەو زەمینەی به غار
له گۆڕا که سەر گەرم بوو شا به خەو هەباسی کۆری کەوته سەر تەختی ئەو
چون ئێران لەو بەینه بێ شا ببوو له هەر گۆشەیێ فیتنه پەیدا ببوو
دەگوترا له رۆمێ به سوڵتانه وا که ئەورۆکه ئێرانه بێ پێشەوا
له بۆ وی کەتۆ بێ یو هەڵمەت بەری وەدەس خۆ دەخەی خەزنەو گەوهەری
ئه بەو باسه سوڵتان بوو کەیف خۆش له بۆ شەڕ دڵی بێ بەزەي هاته جۆش

هەڵستا بە سەد پۆزو دەعیەو دەمار
بە وێنەی بەحر لەشکری خستە کار

سوپایێکی زۆرو زەوەندو تەیار
لە ئەمرازی شەڕدا پیادەو سووار

بەرەو خاکی ئێران دەیکرد ڕەوان
دەهاتن بەرۆژو بە شەو بێ وچان

لەدوو مەرز لەشکر کەتێپەڕ دەبوو
وەکوو گوڵ خەڵک وردو پەڕپەڕ دەبوو

وەنێو خاکی سەڵماس‌و ورمێ وخۆ
دەکەوتن وەکوو ئاگرو ژیلە مۆ

بە دەس لەشکری جەردەو یاغیان
دەسووتا هەموو بەرهەم‌و باغیان

حەمەد بەگ سەرۆکی برادۆستان
بە خۆیو بە عەشیرەت‌و دۆستان

دەگەڵ لەشکری ڕۆمیان کەوتبوو
هومێدی ئە بەو دەوڵەتەی بە ستبوو

لە شەڕدا گەلێ کۆمەگی پێ کردن
گەلێ لەشکرو هێزی هێنا لەبن

ئەمیرخان نەیداوە ئاوڕ وە وان
نەچوو بۆ شەڕی تۆپ‌و شیرو کەوان

لە دژ ڕۆمیان ڕادە وەستا بەقین
لە پشتی ئەسپ خان نەیکرد زین

قەبووڵی نەکرد دەعوەتی ڕۆمیان
نەخنکا لە نێو گێژەوی گۆمیان

## شکانی دەوڵەتی ئێران‌و چوونی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ لای دەوڵەتی ڕۆم

کە ئێران پشتی لە شەڕ کرد کۆم
عەشیرەت هەموو چوونە بن باڵی ڕۆم

چرایی قزڵباش کە خرا لە کار
هەڵاتن لە مەڵبەندی ورمێ بە غار

قزڵباش لەو خاکە دا گەر نەمان
بە مەیلی دڵی تورک سووڕا زەمان

کە بوو چۆل پاشا لەوێ دا بەزی
بە خۆیو ئەبەو لەشکرەی ناحەزی

کە کەوتن قزڵباشی ئازا لە ڕەوت
نەما جەنگ ورمێ وەدەس تورک کەوت

سەرۆکی جیهاندارو فەرمانڕەوا
لە مەڵبەندی ورمێ دەبۆ پێشەوا

لە عاشیرەتان ئەو کەسەی کۆمەگی
بەوی کرد بوو بەخت خۆی دا تەکی

حەمەد بەگ گەلێ کۆمەگی کرد بوو
لە ڕۆژی شەڕا گۆیی دەربرد بوو

لەبۆ وی کە داناوە ئەو گەورە وەزن
لە خاکی برادۆس دەیکردە مەزن

کە سۆما برادۆس دەدرا بەوی
حەمەد بەگ دەبوو لەو دەمەیداقەوی

بە دەستووری سەر لەشکری تورکەکان
ئە لەو خاک‌و مەڵبەندەدا بوو بە خان

ئەمیرخان بەو کارە دڵڕەنج بوو
چون ئەو عاقڵ‌و زیرەک‌و گەنج بوو

لەوی قۆز بوو بەرگی مەزنایەتی
ئەمینداری ڕێبازی کوردایەتی

ئەشا مەزن ئەو بێت‌و ئاغایی پیر
لەکن مەزن جێگیر بێ وەک وەزیر

لە یەکتردە بوو ئەوە داوا بکەن
وەلێ داخەکەم! کورد کەی وادەکەن؟

شتی وا لە نێو کورد سەر ناگرێ / سەرۆکی وەدەس هیچکەس نادرێ
هەموو هەر بەگو گەورەو سەروەرن / هەموو خاوەنی نێزەو خەنجەرن
کووانێ دەکەن شت لە یەکتر قەبووڵ؟ / بە شەڕ دێن هەر دەم بە پارەو بە پووڵ
دەکووژن لە بۆ پارە خزمو برا / ئە لەو ڕێگە دا زۆر کەس سەر بڕا
هەتا وابن ئەو میللەتەی بەشخوراو / دەبن هەر وەکوو تۆوی هەرزن بڵاو
بە گەسکو بە ئەفسوونو بەندوو گرێ / لە دنیایە دا هەر وەکۆ ناکرێ

## قەبووڵ نەکردنی ئەمیرخان مەزنایەتی حەمەد بەگ

حەمەد چون لە نێو خەڵک نازی نەبوو / ئەمیرخان بەو مەزنە رازی نەبوو
سەری وەردەگێڕا لە دەرگایی ئەو / دەگەڵ وی نەکرد غارە ئەسپو گرەو
ئە بەو مەزنە باجو خەراجی نەدا / لە ئاغایەتی دا لەوی بوو جودا
جودایی کە لەو بەینە دا دەرکەوت / حەمەی مەزن بوو دڵ پەشێو هەوت
دەری دۆستی لەو دەمەی داخرا / دەگەڵ میر بەر بوونە بەزمو هەرا
شەڕو شووڕ قوونی لە دەرگا دەنا / گەلێ لاوی ئازا سەری دادەنا
کەڕووی دا شەڕی دوژمنی خانەگی / خزم چوونە مەیدانی بێگانەگی
دەیاندا لە یەک شیرو تیرو تفەنگ / بە خوێناو سەرعەرز بوو سوور رەنگ
کرا خەڵک تاڵانو کوژرانەوە / بەدەم خەرتەلو داڵ دە خورانەوە
ئە بەو جوورەیە کاری کوردی نەبەز / دەگەڵ یەک کە بەر بوونە قینو غەرەز
لە یەکتر کە چون شەرم ناکەن خزم / لە بۆ وانە یەکسانە بەرزیو نزم
وەکوو کەڵ هەموو خۆ بە یەک دادەدەن / لە خزمایەتی دێنو سەر بادەدەن
لە دێڕی خزم گەر خزم بشتە دەر / لەوی چاترە دوژمنی قەستە سەر
خزم بۆ حەمەد بوونە کۆمەگ هەموو / لە میرخانیان وەر دە گێڕاوە روو
لە نێو کورد دەستووری عاشیرەتان / وەهایە لە هەر دەورو چەرخی زەمان
دەکەن روو لە مەزنێ کەوا دەوڵەتی / بە پشتێوە بێ، شل نە بێ قودرەتی
بە بیری ئەوان ئەو کەسەی وا نەبێ / مرۆێیکە سەر شۆڕو ریسوا دەبێ
سەرۆکێ لە دەوڵەت نەکا روویی خۆ / بە بێڕێزە لێی لادە، لە کنی بڕۆ

## پەنا بردنی ئەمیرخان بۆ عومەرخانی سۆران

ئەمیرخان غەوغایی بەرپا کە کرد / پەنای بۆ عومەر میری سۆران برد
کە لەو کاتە بێ قەومو کەس مایەوە / دەسی خۆیی لەو جەنگە کێشایەوە
لە بەر رۆمیان ئەو دەبوو دەربە دەر / دەچۆ خزمەتی میری ئازا عومەر

که ڕۆیی له بەر ڕۆم‌و ڕیزی قوپا
ئه لەو خاکه ئاڵایی بۆ هەڵکرا
چون ئەو شێره ئازاو بێ باک بوو
ئەمیرخان بۆ هێز فەرمانده بوو
دەبۆ هەمدەمی میری سۆرانیان

له خزمەت ئەوی بوو به گەورەی سوپا
سوپاییکی زۆری وه بەر دەس نرا
له بۆ میر تەگبیر کەری چاک بوو
له ڕاستی ئەوی خەڵک وەک بەنده بوو
لەوێ ماوه تا ڕۆیی سێ وەرز خان

## باسی شەڕی میری سۆران دەگەڵ دوژمنانی‌و دەست پەڕینی خانی لەپ زێرین

عومەر بەگ کەوا میری سۆران بوو
شەڕوو شووڕ بوو تورک ئەندیشەیان
چەکی دا به سەرداری عاشیرەتان
هەتا بێنه شەڕ بەر هەڵستی بکەن
له کوردانی چەن مەزن دا بوو فریو
له جەنگی عومەردا گەلێ قڕ ده بوون
به پووڵ‌و تەڵا لەشکرێکی بوزورگ
بەرەو میری سۆران هاتن به غار
له سەر ڕێ به دەس وانه دێهاتیان
که سەرداری سۆران ئەوەی دەبیست
به تالینگه دەیکرد پووڵ‌و دراو
وەکۆی کردەوه لەشکری بێ ژومار
دەهاتن له هەر لاوه مەزن‌و سەرۆک
هەموو ژیرو ئازاو موو زوور بوون
ئەمیرخان دەکراوه گەورەی ئەوان
به هەر کەس که دەستووری دا بایەوه
که لەشکر دەبوو سازو ئاماده بوو
هەڵەشکوت وەک لێژەوارو دەوەن
به دوژمن له ڕێ دا بەرەنگار بوون
ئەمیرخان هەستا به شیرو تفەنگ
که فەرمان‌و دەستووری دا بۆ شەڕێ
هەر ئەو کاته لەشکر به گژ یەکتری

دڵی پڕ له ناسۆری تورکان بوو
به خوێنی خەڵک سەوز بوو ریشەیان
له دژ میری سۆران هانی دەدان
بگۆڕێن‌و دوژمن پەرەستی بکەن
کەلاکی ئەوانیش ده بوو بۆگەنیو
بەرەو گۆڕو مەیدانی مردن دەچوون
وەکۆ بوو له کوردانی برسی‌و له تورک
دەیانکوشت خەڵکی فەقیرو هەژار
به تاڵان چوو ماڵ‌و داهاتیان
له بۆ گەوره گەوران پارەی نەویست
به سەر خەڵکدا میر پڕزو بڵاو
له عاشیرەت‌و عێل‌و هۆزی به کار
به لەشکر، نه وەک ترسه نۆکی گەڕۆک
به مەردی له نێو خەڵک مەشهوور بوون
له سەر قۆشه نا ئەمری ئەو بوو ڕەوان
وەکوو تەرزه لەو جێگه دەتوایەوه
به شێ پیر بوو، دوو به شی ساده بوو
دەرۆیین بەرەو دوژمنی نا ڕەسەن
دەم‌و دەست سەر گەرمی پەیکار بوون
به هێرش کردن لەشکری داوه دەنگ
سوپا بوو به سێڵاو گەر کەوته ڕێ
لەوێدا دەچوو هەر وەکوو ئاگری

هەڵایسا شەڕو ئاوری گەرم بوو	سەری سەرڕەقی ئەو شەڕەی نەرم بوو
دەسووڕا لە هەر گۆشەو هەر کەنار	بە یەک بین ئاشی شەڕی مەرگبار
سەری کوڵکنی پڕ لە ئەسپێو رشک	دەبینران بێ لەش بە وێنەی جشک
لە هەر دەشتو دۆڵا کەوتبوو کەلاک	ببوو سوور بە خوێنی گەش روویی خاک
وەکو گۆ دەرۆیی سەری سەروەران	بە گۆشەی سمی ئەسپی جەنگاوەران
بە هاوارو نرکەی دلێرانی شەڕ	دەلەرزی زەوی ئاسمان بۆ وە کەڕ
دەچوو بۆ حەوا هێندەتۆزو غوبار	وەکوو شەو دەبوو رۆژی رووناکە تار
حەوت رۆژو شەو جەنگ مەغلۆ بە بوو	لە نێو وانە دا بێ وچانو پشوو
لە تەر مەک کەژو بەندەنو شیو دۆڵ	ببوو پڕ لە هەر کێوو سەحراو چۆڵ
بە ڵایی کە بێ روحمو عالەم کوژە	بە سەر دوژمنی میردا هەڵڕژا
بە نێزەو بە شمشیرو گوللەی تفەنگ	بە بەر چیغو پللارو دارو بە سەنگ
لە هەر لا پە لاماری دوژمن درا	لە مەیدانی شەڕ سەردڵی کون کرا
ئەمیرخان ئەو قارەمانی نەبەز	کە دیی دوژمنی کەوتە بەندو قەفەز
هەڵیکردە سەر لەشکری دوژمنان	وەنێو قۆشەنی خست شینو ئەمان
سەفی دوژمنی ناحەزی هەڵوە شاند	بە هەڵمەت لە شەڕ دا ئەوانی شکاند
کە دەشکان لەو کاتە دا نەسرەوت	وەکوو شێر وەدوا شکستەی کەوت
کە لەشکر رەوی لەو شەڕەی کرد پشت	گەلێکی دەگرتو گەلێکی دەکوشت
ئە لەو کاتە گەرباب هۆشی لە کوڕ	نەبوو، هات یەک گوللەیی جەرگ بڕ
وەدەستی چەپی خان کەوتو بڕی	لە هانیشک ئەو خانە دەستی پەڕی
ئەبەو حاڵە دەستی لە شەڕ هەڵنەگرت	لە وانی دەکوشتو لە وانی دەگرت
کە پشتی دلێرانی دە شکاندەوە	بەوی تۆڵەیی دەستی دەستاندەوە
پەرێشان بوو دوژمنی ناڵە بار	بە جێ ما بە تاڵان بارو قەتار
خەڵک تێوەرو کاو بۆ خۆی برد	دەیانکرد لەو کارە دا دەستو برد
کە لەشکر نەما خان دەکشایەوە	برینی بە دەرمان برژایەوە
بەر فەرمانی سەرداری فەرمانڕەوا	پزشکێ ئەوی کرد چارەو دەوا
لەکن میری سۆران دەیدا شەبەق	هەتا رۆیی سێ ساڵە وەختی ڕەبەق
دەری کرد بە میرخانی یەکدەست نێو	لە ترسی ئەوی مات بوو سەر بزێو

## هاتنی شاعەبباس بۆ ئازەربایجان بۆ ئەستاندنەوەی قەڵای نەخجەوان و ئێرەوانو هاتنی ئەمیرخان بۆ لای وی

لە پەڕ تووکی ئەسکەندەری تورکمان	ئە بەو جوورە نووسراوە باسو بەیان

محەممەد کە مرد کوڕلە جێگەی ئەوی      دەبۆ شا لە نێو مەنزڵی خوسرەوی
ئە لەو کاتە ئێران بوو پڕ لە باس      لە بارەی شەڕو شۆڕو ترس‌و هەراس
کە عەبباس بۆ شایی خاوەن شکوو      بە شۆڕش‌چیان ئەو دەبوو ڕووبەڕوو
بە شەڕ فیتنەگێڕی هەموو هەڵبڕین      هەمووی کوشتن‌و گرتن‌و زگ‌دڕین
لە دوژمن وەکوو شێری دڕ بەر دەبوو      هەتا بۆ کوڕی خۆیی دڕەندەبوو
کۆری بوون سێ عاقڵ‌و هۆشیار      بە باڵا وەکوو گیوو ئەسفەندیار
ئە لەو سێ یە قوشقی دەبوو شابەدڵ      دەبوو هەر وەکوومەڕ لە گورگانەسڵ
دە ترسا لەوەی گەر بە دەستی کوڕێ      لە سەر شایەتی سەر دڵی هەڵدڕێ
بە بێ‌ڕەحم ئەو چاو چنۆکی نەزێر      کوڕێکی دەکوشت، دووکوڕی کرد کوێر
کە مرد بێ کوڕی جێ‌نشین مایەوە      چرایی لە دنیایە کووژایەوە
ئە بەو جوڕە بەد خولق‌و بەد کار بوو      وەکوو غوول دێوانەو هار بوو
شەڕی گەر بکرد با دەگەڵ یاغیان      لە پێشا لە بەینی دەبرد باغیان
لە پاشان پاکی دەکوشتن بە شیر      ژن‌و مەرد لە پچووک‌و گەورەو لە پیر
هەبوونی قزڵباشی ئینسان خۆر      بە وێنەی سەگی دم‌ڕەشی ڕەنگ بۆر
لە هەر کەس ئەوانەی کەتێبەر دەدان      دەیانگرت بەزمان‌و زارو دەدان
دەیانخوارد سەر پاک گۆشتی ئەوی      ڕەگ‌و ئێسکی ئەو دەچۆ سەر زەوی
کە ئەو کەوتە سەر تەختی پاشایەتی      لە خۆی دا کەمەربەندی ئازایەتی
دەگەڵ سەر بزێوان دەستی بە شەڕ      دەکرد ئاوری خستە عومری بە شەر
تەڕو ویشکی سووتاند هیچی نەهێشت      بە گوللە دڵی سەر ڕەقی دا دەبێژت
کە مێژوویی کۆچی لە ساڵی هەزار      وە سەر کەوت گرتی دەگەڵ دەی قەرار
ئە لەو ساڵە عەبباس خۆی ساز کرد      لە گەورانی ئەو بانگ ئاواز کرد
وەکۆی کرد نەوە بۆ شەڕو بۆ سەفەر      دەبوو ساز بەرگی شەڕی کرد لە بەر
بە قۆشەن وەڕێ کەوت بەوری زەمان      بەرەو ئێرەوان‌و بەرەو نەخجەوان
بە خۆیو بە دەریایێ لەشکر دەهات      لە بۆ گرتنی شارو شوورەو قەڵات
لە ئێرانە ئەو دەنگە دەیدایەوە      کە شا هاتووە خۆیی بە سپایەوە
دەکا ڕوو لە نێو سەنگەری نەخجەوان      لە بۆ شەڕ دەگەڵ تورکی ئەبلەو نەزان

## هاتنی ئەمیرخان بۆ لای شا عەبباس

ئەمیرخان بەو باسە دڵخۆش بوو      غەمی چەند ساڵەی فەرامۆش بوو
هەر ئەوکاتە خۆی سازکرد دەس بەجێ      بەرەو لەشکری پادشا کەوتە ڕێ
بە خۆیەو بە چەن نۆکەری خاسەوە      دەڕۆیی بە پێشوازی عەبباسەوە

چون ئەو میرە سێ ساڵ بوو دەربەدەر    لە دەس رۆم دیبوویی ئێش‌و زەرەر
هەزاران دەردو بەڵاوو بەدی    لە یارانی ئەو دەوڵەتی تورک دی
ئە بەو بۆنەوە نێوو باسی هەبوو    قسەی ئەو لەکن شا هەباسی هەبوو
لە حاڵی مەزن شابیوو با خەبەر    کە چۆن بو لە ئێران‌و چۆن چۆتە دەر
لەکن پادشا خۆشەویس بوو بەوەی    دەری برد لە مەیدانی دوژمن رەوەی
دەگەڵ تورکی رۆمی هەبوو دوژمنی    لە شەڕ کردنا تەنگی پێ هەڵچنی
لە نێزیکی تەورێز گەر گەییە شا    دەگیراوە بۆ رێز لەو باوەشا
لە هەر لا پەزیرایی دەکرایەوە    بە شادی غەمی کۆنە دەبڕایەوە
کە شا هاتنی میرە کوردی دەبیست    لە حاندی ئەوی موڵک‌و ماڵی نەویست
بە دەستووری شا میردە کرا خەڵات    ئەوی کردە سەردارو گەورەی وەڵات
دەگەڵ شا کەوت بۆ شەڕی نەخجەوان    لە نێو لەشکرا بوو بە یەک قارەمان
ئە لەو جەنگە دا زۆر مەردی نوواند    بە هەڵمەت سەفی دوژمنانی شکاند
لە هەر تیپ‌و سەف روویی گەر تێدەکرد    بە بێ ترس وەک شێر حەملەی دەبرد
کە شمشیری تیژی لە کەللەی دەدان    لە مەیدانی شەڕدا دڕی پێدە دان
وەکوو رۆستەمی زاڵ بوو بۆ شەڕی    بە یەکدەست گرچوویی تورکی بڕی
ئەمیرخان لەو کاتەدا نە سرەوت    هەتا شا لە شەڕ کردنا سەر کەوت
شکا لەشکری رۆم وەک با هەڵات    لە دەستی دەدا شارو گوندو قەڵات
بە سەڵتی کە لەو خاکەدا دەرپەڕی    دەڕۆیشت لەشکر وەکوو سەڕسەڕی
کە دە شکا بەرەو رۆم دەکشایەوە    هەموو عەسکەری خۆیی کێشایەوە
ئەوەی رۆیی دەرچوو بەسەد مەخسەرە    دە سووڕاوە وەک گێرەیی بێ سەرە
حەمەد بەگ کە خزمی ئەمیرخان بوو    دەگەڵ دەستەو هێزی تورکان بوو
کەوتبۆوە نێو وانە رۆیی بە غار    لە گەورایەتی هەر دەبوو بەر کەنار
کە ئەو خاکە سەرسەوزە ئازاد بوو    لە دەس دەوڵەتی رۆم، شا شاد بوو
لە رۆمی کە پا بۆوە گوشەو کەنار    بە فەرمانی شێخ زادەیی شەهریار
دە بە سراوە کۆڕێکی گەورەو گران    لە فەرماندەو گەورەگەورەو سەران
دەڕازاوە بەزمێکی کەیخوسرەوی    بە ئاهەنگ‌و ئاوازی نەرم‌و قەوی
لەوێدا هەبوو هەر چی دڵ بیهەوێ    ئەوەی چاو بەو لەززەتی دەسکەوێ
لە میوەو لە خۆراکی چەورو نەرم    چ شیرین‌و ترش‌و چ سەردو گەرم
مەی‌و عارەق‌و دەنگی بلوێرو تار    جووانانی مەیگێڕو گوڵغونچەزار
لە هەر لایە پیرۆز بایی گوتن    دەسووڕان‌و غەمیان دێنا لە بن
کەمەی تۆڵە شاهەنشەهی شاد کرد    ئەمیرخانی لەو بەزمەدا یاد کرد

ئە لەو کۆڕە بانگی دەکرد بوحوزور
دەچۆ ژوور ئیکرامی کێشا لە دوور

کە تەعزیمی بۆ برد شادەی دواند
بە زەردە دەگەڵ میر شەکری شکاند

بەوی روتبەو نێوی خانی دەدا
بەوەی بوو لە هاوسەنگەرانی جودا

لە مەڵبەندی ورمێوە تا کوو شنۆ
برادۆستو تەرگەوەڕ بێ درۆ

هەمووی دا بەوی بوو بە فەرمانڕەوا
لە سەر ئەو هەرێمەی دەبۆ پێشەوا

بە فەرمانی شا تیپی زێڕینگەران
لە زێڕی بەهاداری قیمەت گران

دروستیان کرد بۆی دەستێ لە زێڕ
ئە بەو زێڕە دەکراوە دوژمن کوێر

چون ئەو زێڕەیە دیمەنی سوور بوو
بە میرخانی لەپزێڕ مەشهوور بوو

کە چاکەی ئە بەو جورە شاکرد دەگەڵ
لە رۆمو لە ئێران دا بوو بە کەڵ

لە هەر مەملەکەت نێوو باسی تەواو
لە سەر زاری خەڵکی دەبۆ بەیتو باو

## گەڕانەوەی شا بۆ ئیسفەهان

گەڕاوە لە بۆ ئیسفەهانێ کە شا
بە خانانی دەستوور ئاوا دەدا

بڕۆن ئێوە لە سنوورو ئاوایی خۆ
لە دوژمن بکەن بەر گری وەک هەڵۆ

لە بەر دەم ئەمیرخان دەیکرد بڵاو
بە خەروار دینارو زێڕو دراو

بە زێزو قەدر گرتنو قوتبەوە
دەچۆوە بە نیشانەو روتبەوە

بە جێی هێشت ئەو جارە خاکی بنار
لە ورمێ ئەمیرخان گرتی قەرار

کە چون خۆشە ئاوو هەواو شنەی
ئە لەو شارە دەیخست بارو بنەی

لە تورکان چون ئاخو داخی هەبوو
وەکو شێر لەو شارە یاغی دەبوو

کە هەیبوو ئەمیرخان ئەو دەم بڕەو
سەرۆکانی کورد چوونە بەردەستی ئەو

لە دەرگایی بەرزی سەری سەرووەران
دەبوو کەچ وەکو مەیتەرو نۆکەران

کە لەو خاکە دا بوو بە فەرماندە کول
سەرۆکی زلی پەتک کردن لە مل

نەبوو هیچکەس گەر نەکا خزمەتی
نەترسێ لە سامو رقو هەیبەتی

لە بۆ رۆمیان هەڵمەتی بردەوە
سنووری لە بێگانە پاک کردەوە

گەلێ شاری کوردی لە عوسمانیان
دە هەستاند دەیداوە زەربەت لە وان

وەکو بەور گەر خۆیی دەنواندەوە
لە تورکان خاکی دە هەستاندەوە

گەلێ گوندە تورکی لە رۆمێ بڕی
وە سەر خاکی کوردانی ئەو هەڵبڕی

هەموو کوردنشین بوونو داگیر کراو
هەموو کوردی بێچارەو بەشخوراو

دەگەڵ رەعیەتو رەنجبەر چاک بوو
لە بۆ ملهوڕ ئەو شێری بێباک بوو

رەشو رووت بێ وەرهەمو تێر بوون
لە بن سێبەری خانی لەپ زێڕ بوون

لە خەڵکی هەموو گوند پڕ بوونەوە
ئەوەی کوردی ئاوارە بوو چوونەوە

خەڵک سەرگەرم بوو بە کەسپو بە کار     لە دەشتو لە سەحرا، لە گوندو لە شار
گورگ بۆ مەڕی هەر ببۆ پاسەوان     لە ترسی ڕقو قینو شەمشیری خان
لە هەر لاوە عالەم دەهاتن بە غار     دەیانگرت لە بن باڵی ئەو دا قەرار
دەبوو پڕ هەموو گوندەکانی ئەوی     نەماوە بە پەیتون کێڵگەو زەوی
وەها سەرووەتو پارە رووی تێدە کرد     وەکوو حاتەمی خەڵک نێوی دەبرد
هەموو میللەتی خۆیی دڵشاد کرد     ئەوانی لە جەنجاڵ ئازاد کرد
بە ئاسوودەیی دادەنیشتن خەڵک     لە بۆ خۆو بۆ میریان بوو کەڵک
هەر ئەو خانە شادی بە دڵ وەردەکا     کە بێ ڕەعیەتی خۆی پەروەردەکا
ئەوەی زوڵم بێ کارو پیشەی ئەوی     بگا گەر بە عەڕشێ دەبێ سەر نەوی
لە زڵکاوی زوڵما ملی قوم دەبێ     دەخنکێ لە دنیایەدا گوم دەبێ
لە ویدا نەما گەر هەناسەو پشوو     بە لەعنەت دەچێ ئەو کە بۆ گۆڕ چوو
لە هەر مەجلیسێ ناوی ببرێتەوە     دەمی خەڵک بە جنێوە دەکرێتەوە
کەلاکی ڕزیوی کە چۆ بن گڵی     لە بەر تانە ئاسوودە نابێ دڵی
خودا ئەو کەسەی خۆش ئەوێ بێ گومان     نەدا ئەزیەتی کەس بە دەستو زمان
خەڵک شەو لە دەستو زمانی ئەوی     بە بێ غەم لە نێو لێفەدا وەرکەوی

## لەشکر کێشانی ڕۆم بۆ ئێرانو تێ شکانی

کە مێژوویی کۆچی بە ساڵو ژومار     هەزاری لە سێزدەی دەدا لێووزار
شەڕو کێشە دوو بارە پەیدا دەبوو     لە ئێران دا فیتنە بەرپا دەبوو
دوو لاساری زۆرداری چەوت و چەتوون     بە توندی بە گژ یەکتری دا دەچوون
بە ئاواتی خۆیان تاکو بگەن     دەیانکرد ئەوهانە سەد فێڵو فەن
ئە لەو بەینەدا میللەتی قوڕ بە سەر     دەبوو بێ کەسو بێ دەرو دەربەدەر
دەبوو ماڵ سوتاوو بێ کشتو کاڵ     دەبوو دوورو بێبەش لە ماڵو مناڵ
کزو عاجزو پەرتو رووتو ڕەجاڵ     دەسووڕا لە دنیایەدا بۆ سوواڵ
شەڕی مەزهەبو قودرەتو ماڵ بوو     مەزەی ئەو شەڕەی بو خەڵک تاڵ بوو
وەها زەبرو زەختی وە سەر خستبوون     کە بۆ شەر کردن پاک بێ هەست بوون
ڕەعییەت ئەوەندەی لە سەر بوو فشار     لە یەک جێ نەبوو بگرێ یەکدەم قەرار
بە دەسوانە تەیرێکی بێ باڵ بوو     لە هەر شیوو هەر بەندەنو یاڵ بوو
برینی دڵی ئەو کە دەکولایەوە     بە سابوونی مەزهەب دەشۆرایەوە
دەوا بۆ برینانی هەر دین بوو     بەر وبۆیی میللەت ڕقو قین بوو
کە چون مەیلی ملهۆڕ لە پەیکار بوو     حەقی زەحمەتی وانە کوشتار بوو

دەبوو ئەو لە ملهۆڕ بکا بەرگری
مناڵیشی بێ نان‌و دۆ هەڵوری

ئەوەی گەر نەکردبایە کافر دەبوو
کە مرد با بەرەو ماڵی دۆزخ دەچوو

کەوتبوونە بەر زاری دوو ئەژدەها
لە دەس وانە دا کەی دەبوون ئەو ڕەها؟

دوو دەوڵەت لەبۆ یەکتری وەک نەهەنگ
دەیانگرت یەکتر بە زارو بە چەنگ

بە کوشتیان ئەدا وردە ماسی هەژار
لە ڕێگایی ناحەق هەتا سەد هەزار

دەبوو هەوڵدا ڕەعییەتی بێ عیلاج
بە ملهۆڕ بدا خەرج‌و پیتاک‌و باج

وەهایان تەڵقینی میللەت دەدا
وەرن ئێوە مەحزی ڕەزایی خودا

لە سەر دینی پێغەمبەری شەڕ بکەن
بە خوێناوی کافر زەوی تەڕ بکەن

لە دنیایەدا گەر بەهەشت‌و دەوێ
دەبێ زەبری ئێوە وە کافر کەوێ

مسوڵمان چون دوژمنی کافرن
بکوژن ئەوەی کافرەو بیگرن

بکەن خەڵک تاکوو شەڕی بێ ڕەزا
شەڕو شۆڕیان نێو نابوو غەزا

دەیانگوت بە هاوارو دەنگی بڵند
لە هەر شارو گوندو لە هەر کێوو دوند

شەهیدە ئەوەی گەر بکوژرێ لەوێ
نەکوژرێت تاڵانی با دەسکەوێ

ئە بەو بۆنەوە خەڵکیان هان ئەدا
بە هیوایی دوو شت بە کوشتیان ئەدا

## هاتنی ساڵان چەغاڵ ئوغڵی بە لەشکرێکی زۆرەوە بۆ سەر ئێرانێ

بزانین گەر شەڕ چلۆن بۆ وەساز
لە نێوانی دوو دەوڵەتی شەڕ خواز

کە دەخورا سەری هەر لە کێشەو گلۆم
دەبوو ساز بۆ جەنگ سوڵتانی ڕۆم

دەمێکە کە غەوغایی تێدا نیە
شەڕو بەزم‌و هەڵلای تێدا نیە

گوتی چا کە ئەوهانە گەر نەسرەوون
نەهێڵم کە ئاسوودە دڵ وەرکەون

تەماعی لە گوڵزاری ئێران کرد
بە شەڕ ڕوویی لەو خاکی شێران کرد

سوپایێکی زۆری وەکۆ کردەوە
هوجومی لە بۆ دوژمنی بردەوە

کە لەشکر وەکوو بەحری زل هەڵقوڵی
هەمووی داوە دەستی چەغاڵ ئۆغڵی

ئەوی کردە سەر لەشکری لەشکری
وەکوو شێر بو ڕۆژی بەزم‌و شەڕی

هومێدێکی گەورەی بە ساڵان چەغاڵ
هەبو گەر بکا فێڵی دوژمن بەتاڵ

وەڕێکەوت دەریای لەشکر بەغار
هەڵیگرت لافاوی ئەو بەردو دار

بە مەڵبەندی ئێرانە گەر وەر دەبوون
وەکوو کوللە لەو میللەتەی بەر دەبوون

بەرز بوو ئەلەو کاتە دا چون ورەی
نەگیرایەوە پێشی ئەو لەشکرەی

دەهاتن بە بێ ترس‌و لەرزو بەزین
لە نێزیکی تەورێزدا دابەزین

ئه لەو جێیە دەیکرد لەشکر بەزی
بە سەر شانی داداوە کەوڵی خەزی

هەموو کاتو دەم لەشکری بوو سووار
بیاتا پەلامارە بۆ دێوو شار

دەماری هەبوو لەو پەلەو شاکە دا
وەکوو کەڵ دەسووڕا وە لەو خاکە دا

دەرۆستی نەهاتن کە ئێرانیان
هەڵاتن لە شەڕ بەگلەرو خانیان

خەیاڵی وەها بوو هەتا ئیسفەهان
دەچێ، کێ دەکا بەرگری شەڕ لەوان

## ئاگادار بوونی شا عەبباس لە هێرشی لەشکری رۆم

دەرۆیی لە بۆ ئیسفەهانی چەپەر
بە پاشایی ئێرانی وادا خەبەر

چەغاڵ ئۆغلی مەردی باسک قەوی
هەڵی ناگرێ لەشکری ئەو زەوی

ئەوا هاتووە وەک دڕندەی دڕە
لە ئێرانی بەرداوە فیتنەو قڕە

لە مەڵبەندی تەورێز دا شەڕ دەکا
بە سەر خەڵک تەرزەی مەرگ وەردەکا

کەبێتوو نەگەی تۆ بە هاواریان
لە بەینی دەبەن دێ دەگەڵ شاریان

خەڵک چاوە نۆڕن کە تۆ شەڕ بکەی
لە نێو موڵکی ئێرانە ئەو دەربکەی

کە مەڵبەندی ئاوا لە دەس دەر بچی
دەبێ دا بنیشی بە گەردن کەچی

ئە بەو باسە ئەو شایی بەد خوو پەست
هەڵستا بەڕق شیری گربوو بە دەست

ئەوەن توورە بوو خۆی لە هەوران ئەدا
نەڕاندی بە سەر گەورە گەوران دا

گوتی بۆ دەبێ مەی پەرستی بکەن؟
لە دوژمن بترسێنو سستی بکەن

ئەوەن تەمبەڵو ترسە نۆکن لە کون
خزاون دمی تیژە شمشیری من

کە قامک هەڵێنم شەقو پەق دەبن
لە خوێناوی خۆدا هەموو ڕەق دەبن

من ئێوەم لە بۆ بەرگری گرتوون
لە دوژمن، کەچی پاک تەمبەڵ بوون

وەرن هەرچی خانو بەگو بەگلەرن
قزڵباش فەرماندەو یاوەرن

چ سەرباز یا نۆکەرو مەیتەرن
وەخۆ کەون لەو کاتە حەملەی بەرن

چ حەملێک؟ وەک ئاوی سێلاو بێ
لەتینو تەوژما؟ نە وەک خاو بێ

مەهێڵن کە دوژمن بە بێ غەم بژی
شنەی با ئە لەو خاکە دا هەڵمژی

دوودەستی لە ئێراندا بەند بکا
لە باغاندا بەزمو گۆوەند بکا

کە دوژمن نەکا هەستی ترسو لەرز
بە سەر ئێوەدا هەر دەبێ سەر بەرز

کە ئەوەی دەگوت قۆشەنی بێ ژومار
وەکۆ بوو بە دەفتەر هەتا چل هەزار

هەموو بۆ شەڕێ توند هەر وەک هەڵۆ
دەیان بەست ئەمرازی جەنگی لە خۆ

بەرێژە دەڕۆیشت ئەو لەشکرە
بە بارو بە قۆرخانەو قاترە

کە لەشکر لەکن پادشا خۆی نوواند
لە نێو وان ئەڵڵاه وێردی دوواند

ئەوی کردە سەرداری ئەو قۆشەنە
لە بۆ رۆمیان بوو بە سەر هەڵقەنە

له بۆ کۆچ لەشکر کە ئامادە بوو — لە شەیپوور ئەو کاتە دەکراوە فوو
لە تەپڵی درا لەشکری دەنگ دا — نەقەی کرد زۆرنا لە نێو چەنگ دا
وەڕێکەوت عەسکەر بەسەد ڕیزەوە — بەرەو مڵکو مەڵبەندی تەورێزەوە

## نامە نووسینی شا عەبباس بۆ سەردارە کوردەکان

هەر ئەو کاتە فەرمانی وا دەر دەکرد — بنووسن لە مەزنانو خانانی کورد
هەموو بێن بۆ شەڕ دەگەڵ ڕۆمیان — نەترسێن دەگرم ئەمن پشتیان
ئەمیرخانی بانگ کرد بو ئەو شەڕەی — کە دەر کا لە دەریایی شەڕدا بەڕەی
بەڕەی خۆی لە نێو ئاو بێنێتە دەر — هەتا باغی هیوایی ئەو بێتە بەر
ئومێدێکی گەورەی ئە بەو میرە بوو — پڵنگی شەڕو شووڕی ئەو تیرە بوو
ئەوەی خانە کورد بوون بەو باسەوە — دەڕۆیین بە هاواری عەبباسەوە
ئەمیرخان خۆی گێل کردو نەچوو — خەیاڵێکی گەورەی لە دڵدا هەبوو
شەوو ڕۆژ بەو بیرە دەتلایەوە — لە کێوو لە سەحرایە دەخولایەوە
ئەوەندەی لە سەر دڵ گرێ بوو خەیاڵ — دەبوو هەر وەکوو زێڕ بەو دەردە قاڵ
خەیاڵی گەلی کورد دەیبردەوە — ئە بەو جۆرە بیری لەوەی کردەوە
گوتی خاکی کورد بۆدەبێ بەشکرێ؟ — لە سەر هەر بەشەی دوژمنێ هەڵورێ
چ دوژمن؟ هەموو دوژمنی قەستەسەر — دەبەستن لە بۆ دوژمنی کورد کەمەر
دەدەن خول لە دوو لاوە وەک بەردە ئاش — ئە لەو بەینەدا کورد دەکەن ورد وخاش
لە سەر مڵکی کوردان دەعوا دەکەن — گەلی کورد بە گژ یەکتری دادەکەن
دەبێ هەڵگرێ کورد تیرو کەوان — بدانیشتمانی وەدەستی ئەوان
دەبێ کورد بچێ خۆ بە کوشتن بدا — لە سەر خاک زێدی وە دوژمن بدا
دەبێ کورد نەدوێ لە مافی ژییان — ببەخشێ بە بێگانە ماڵو گیان
دەبێ تا حەشر چارەنووسی نەوێ — بە بێ مەنزڵو ماڵ بێ، وەک کەوێ
لە بۆ ڕاوچی ئەو بە بەیتو بە باو — گەلی خۆ فریو داتو بیخاتە داو
هەتا کەی دەبێ کورد ئەو تەیرە بێ؟ — لە دنیایە هەر نۆکەری غەیرە بێ
لە هاوین ئازووقە کۆ کاتەوە — بەرو بوی بێگانە بی باتەوە
نەڵێی سەر نویشتە ئەوەی پێدەکا — نەزانینە ئەو کوردە وا لێدە کا
کە هەبیایە زانکۆیی عیلمو سەواد — نەدەسواوە ئەورۆ کە هەر وەک لباد
مەگەر ئەو لە ئەولادی ئادەم نیە؟ — ئەدی مافی لەو سەرزەمینەی چیە؟
مەگەر ئادەم ئەولادی بێ بەش کردون؟ — لە میرات، کاتی لە حەووا کە بوون
مەگەر شەرعی پێغەمبەری وا دەڵێ؟ — بە گەردن کەچی تابکەم من بەڵێ

ئەوەش هەر لە یاسای بێ دەستیە دەچێژن کە کورد ئەو هەموو پەستیە
ئەگەر بێتوو یەک بگرن ئەو میللەتە بە بێ‌غەم دەبن دوور لەو زیللەتە
نەما گەر لە نێو هۆزی کوردانە شین لە دنیایی ئازاد ئەوجا دەژین
لە بۆ کورد دەبێ هەر زوڵم کێش بێ؟ دڵی پڕ لە دەردو غەمو ئێش بێ
نەژادێکە واچا کە یەکڕەنگ بێ هەتا کەی بە بێ عیلمو فەرهەنگ بێ؟
لە دوو ڕەنگیە کورد لاواز ئەبێ کە نەفتو کزو سستو ناساز ئەبێ
فریوی دەدا هەر کەسێ بیهەوێ بەشێکی لە مەڵبەندی ئەو دەسکەوێ
ئەگەر کۆ وەبێ کورد لە بن پەرچەمی سەروکێکی کوردی وەکوو ڕۆستەمی
لە دنیایە ئەو قەومە مەشهوور ئەبێ لە نێو خەڵکدا مەردو موو زوور ئەبێ
نەژادی لە یەک جێ کە کۆ بێتەوە لە ترسی ئەوی غوول دەتوێتەوە
هەتا چەند کوردی ڕەشیدو بوێر ببێ ئەو بە گۆچانی دەستی کوێر
کە نەمرم ئەوەی کوردە دەی هێنمەوە لە دوژمن بەرو بوی دەستێنمەوە
لەوە دواوە فکرێکی من بۆ دەکەم لەشو سەر لە گۆمی بەڵا ڕۆ دەکەم
دەدەم هەوڵ تاکوو بە دەوڵەت دەگا لەبۆ وی دەبێ خێوەتو بارەگا
لە نێو خۆیی میرو وەزیری دەبێ سەروکێکی پڕ فکرو بیری دەبێ
بە دەوڵەت وەها بێ لە ڕووی زەوی نەبێ کەس بکا زوڵمو غەدرێ لەوی
بە قانوونو یاسای کوردایەتی بە سەر خەڵکدا ئەو بکا شایەتی
دەکەم من بە بێ ترس رازم بەیان نەکا بەر هەڵستم کە کوردی خەیان
دەکەم خزمەتێکی وەها بەو گەلەی کە وەک شێر بڕۆاتە سەر لەو کەلەی
بە شادی ژیانێکی خۆشی هەبێ لە هەر کار دا بیرو هۆشی هەبێ
ئەمیر خۆی بەو بیرە وەدوا دەدا لە دەستووری شا ئەو سەری با دەدا
گوتی بۆ پچم خۆ بە کوژ دەم لە سەر سەرۆکانی دێوانەو بێ هونەر
خوێن خۆرو بێ دینو بێ مەزهەبن بەناحەق بە سەر میللەتی وەردەبن
مسوڵمان کەی وا مسوڵمان کوژە؟ زارووی خەڵکە ئەوەی کەوا خوێن مژە
کەبێتوو نەژادو گەلم سەر کەوی لە بۆ پادشا بۆ دەکەم سەر نەوی
کە ئەو خوسرەوە، خانی کوردم ئەمن کە گورگی دڕە، کوردی مەردم ئەمن
لە سوڵتانو شا هەر دەکەم دووریە کە یارم دەگەڵ وانە، مەجبووریە
کەلێنێ لە هیچ لاوە نادەم بە وان هەتا کوو دەمێنم بە ڕۆژو شەوان

## شەڕی ئێران دەگەڵ چەغاڵ ئۆغلی

لە پاش ئەو هەگەر خانی کوردان ئەچوون دەکەوتن دەگەڵ لەشکری شاهسوون

هەموو چوونە سەردارو دەستەی چەغاڵ
ئەوەی شێر بوو لەو شەڕەی بۆ شوغاڵ

لە پێی تەختەوە شا بە سەر بازەوە
بە خۆیو قزڵباشو ئەمرازەوە

دەهاتن لە بۆ شەڕ دەگەڵ ئۆغلی
بە پۆلویی رق شا دەبرژا دڵی

هەتا شا گەیشتێ لە دەشتو لە دەر
دەسی کرد ئەڵڵاه وێردی بە شەڕ

لە مەڵبەندی تەورێزدا بۆ هەرا
کوژرا خەڵکو رووخاوە خانوو بەرە

کەپێی ناوە لەشکر لە گوندی تەسووج
دەبوو شەڕ لە مابەینی دوونێرە عووج

وەخۆ کەوت دوو لەشکری بێ بەزە
لە بۆ ماڵی تاڵانو خێری غەزا

غەزا خێری، عالەم بە کوژدان بوو
لە نێو فارسو کوردو تورکان بوو

کەلاکی شەهیدان کەوتن لە کێو
وەکوو خۆڵ بێ رەنگو روو دزێو

لە هەر دەشتو هەر شیوو دۆڵو چیا
دەبیندران تەرمەک بە وێنەی گیا

نەیان بوو بەشێ ئەو لە کفنو شتن
نە گۆڕو نەیاسینو تەڵقین گوتن

شەهیدێکی سەر خۆشو دڵشاد بوون
لە زیندانی دنیایە ئازاد بوون

دەگەڵ دلبەری ئەسمەری چاو بە کل
لە باغی بە هەشتا دەبن دەس لەمل

ئە بەو جۆرەیان خەڵک تەڵقین ئەدا
هەموویان بەر خەنجەری دین ئەدا

وەهاتوند بوو باو تۆفانی جەنگ
لە رۆمی ببوو سەر زەوی تارو تەنگ

تەپو تۆز گرتی بەری خۆرە تاو
لە بەر خوێن دنیا ببوو پڕ لە ئاو

زەلی بوو زەوی دەشت پڕ بوو لە قوڕ
دەبوو قڕ لە قوڕدا گەلێ شۆڕە کوڕ

دەخنکان گەرتێی دەکەوتن بە غار
دەبوو ون لە بەر چاو ئەسپو سووار

دو قۆشەن بەقینو رقی زۆرەوە
بە تۆپو بە شمشیرو ساتۆرەوە

لە مەیدان دا هەر دەیانکردە شەڕ
لە کاتی سەحەر تا دەبۆ خۆرە پەڕ

ئە لەو جەنگەدا ماوە ئەو ئۆردووە
هەتاکوو دەڕۆیشت سێ هەینووە

لە پاش ئەو هەموو کوشتو کوشتارەیە
کە دەکرا لە مەڵبەندی ئەو شارەیە

تەرەققی درا دەستی ئێرانیان
خودا مینەتی خستە سەر شانیان

شکستی بە سەر تورکی رۆمی دەهات
چەغاڵ ئۆغلی شێری شەڕکەر هەڵات

ئە لەو کاتە دا شا بە خۆیو قوشون
لە مەڵبەندی تەورێز دا شین ئەبوون

ئەوانیش وەسەر هێزی رۆمێ گەڕان
لێیان دان بێ ترس هەر وەک بەران

قڵپ بۆوە ئەو لەشکری بێ ژومار
لە دەس کوشتنێ تورک کەم بوو قوتار

وەدووی کەوت شا تا دەبوو دڵنیا
لە دوژمن، لە هەر بەندەنو هەر چیا

کەشا بۆوە لەو کارە خاتر جەمە
بە سەد شادیو هەمهەمەو زەمزەمە

بەرەو شاری سەڵماس ئەو کەوتە رێ
لە چیمەن دڕەشکا دەبوو نیشتە جێ

ئە لەو دەشتە دا خێوەتو بارەگای
حەوادا لە بۆ خۆیو هێزو سوپای

زەمانێ بە خۆشی لەوێ هەڵدەورد   دەگەڵ گەورە گەوران چاکەی دەکرد
بەپێی زەحمەت‌و کۆششی باشیان   لە رێی جەنگ دەی داوە پاداشیان

## هاتنی ئەمیرخان بۆ لای شا عەبباس‌و عوزر هێنانەوەی

ئەمیرخان گوتمان بۆ شەڕ نەهات   لە دەس دێوی شەڕخۆیی دا بوو نەجات
لە مەیدانی شەڕ گەرچی نێزیک بوو   لە ورمێ لە بۆ ئەو هەرایەی نەچوو
نەچوو بۆ شەڕی خوسرەوی دین پەنا   ئەوانی بە میکرۆبی شەڕ دادەنا
لەوەی بیر کربۆوە گەر دوژمنن   بە ئیسلام بۆ کورد هەر وەك سنن
دەکەن خۆبەخۆ ئەو شەڕەی بێ سەمەر   دەبێ کورد لەو بەینە تووشی زەرەر
لە بن پەرچەمی دین نانی دەخۆن   بە هێزی ئەوی لەو زەمینەی دەرۆن
وەکوو دێوو جندن بە مەکرو فسوون   لە ئیسلام رەنگێ لە خۆ هەڵدەسوون
فریوی خەڵک چون دەدەن هەر بە دین   لە پشڕا لە جەرگی دەکەن سەد برین
ئە بەو فکرە ئاغا نەچوو بۆ شەڕێ   نەچوو تا لە دەورەی سەری شا گەڕێ
بەهانەی دەهێناوە تا شەڕ تەواو   دەبوو، ئەو نەچوو خۆ بە شەڕ خا لە داو
لە پاشان بێ ترس‌و لەرزو هەراس   لە چیمەن دڕەشکا دەچۆ کن هە باس
کە شا میرخانی دەدی پێکەنی   ئە بەو کارە دوژمن دڵی راچەنی
دەوێستا بە دەستوورو ئائیینەوە   ئەمیرخان بە زمانی شیرینەوە
لە بۆ پادشا عوزری هێنایەوە   گەلێ داوو هەودایی بادایەوە
کە لەو میرە عەبباس دەیکرد سام   بڵندی دەکرد ئەو بە پایەو مەقام
بە رووی دانەداوە نەچوونی ئەوی   ئەوی خستە نێو باوەشی خوسرەوی
بەرووی خۆش ئاغایی دەدواندەوە   بە لوتف‌و کەرەم شا دڵی ساندەوە
بە فەرمانی پاشا کرا زێڕ وەشان   نە بێ تا لە عەبباس دڕدۆنگ، خان
کە دڕدۆنگ بێ ئەو لە کن شا عەباس   دەتۆرێ دەگەڵ رۆم دەگرێ تەماس
لەوەدوا بەگژ پادشا دا دەچی   هەتا ماوە ناکات گەردن کەچی
بەلایی بە سەر شاو ئێرانیان   دەهێنێ وەکوو رۆستەمی داستان
هەر ئەو ترسە بو خوسرەوی تیژ بیر   وەسەر خۆی نەهێناوە کاری ئەمیر
دەگەڵ میر شیرین زمانی دەکرد   گەلێ چاکەوو میهرەبانی دەکرد
ئەوەی مەزن بوو، بوو بەوەی بێ رەوت   ئە بەو داخەوە بوون گێژو هەوت
دەیانگوت کە ئەو میرە چی کردووە؟   چەغاڵی لە جەنگەی شەڕێ گرتووە؟
مەگەر روستەمە ئەو بە هێزی کەمەند   لە بۆ خوسرەوی دێو کردبێ لە بەند؟
کە پاشا ئە بەو جورە دەیکا خەڵات   زیاتر لەمەی پارە ئەو پێ دەدات؟

غەمی خان شانی ئەوانی دەگرت   دەیانکرد سەد بۆڵەو پرتەپرت
ئە بەو کارە رقیان داگرت لە خان   بە کوشتیان دا چەن بەگی دووزمان
هەتا شا لە سەڵماسدا مایەوە   ئەمیرخان لە دوایی دەخولایەوە
بە رۆژو بە شەو شێری بێشەی سنوور   لە دەربار بێ‌پەردە بوو بۆ حوزوور
گەڕاوە کە عەبباس بۆ ئیسفەهان   بڵاوەی دەکرد میرو ئاغاو خان
ئەمیرخان بەو لەشکرەی خۆیەوە   لە چیمەن درەشکا نەما رۆیەوە
لە بۆ شاری ورمێ لەوێدا ژیا   هەتا وەک هەڵۆ گەییە لوتکەی چیا
لە سەروێ بە بەردوو سمیتو بەخشت   قەڵاییکی وەک ئاسنی دا دەڕشت

## بیرکردنەوەی ئەمیرخان لەبارەی گەلی کوردەوە

خەیاڵی ئەمیرخان هاڵۆز بوو   مەرامو مەبەستی گەلو هۆز بوو
لە بۆ هۆزەکەی سەربەخۆیی دەویست   لە بۆ ئەو کرەی تارو پۆیی دەویست
حەزی هەر لەوەی بوو کە گەل شاد بێ   لە چەنگاڵی بێگانە ئازاد بێ
گوتی چون لە مابینی دوو ئاگرم   دەبێ من کەڵک لەو هەلەی وەرگرم
ئەوا کورد لە بەردەستی ئێرانو رۆم   پەرێشانە هاوارو ڕۆڕۆ لە خۆم
ئەگەر من بە هاواری هۆزم نەگەم   بەوی چی کە من میرو خانو بەگەم؟
برینی لەشی گەل نەکەم گەر دەوا   بە من بۆ دەڵێ گەورەو پێشەوا؟
سەرۆکێ کە نەخوات بۆ گەل مشور   لە رێبازی مەردانە ئەو مەزنە دوور
لە بۆ گەل دەکەم بەخت ماڵو گیان   هەتا دەچتە سەر دوندو لوتکەی ژیان
دەزانم کە سوڵتانی رۆمی مەزن   خەیانە بە کوردانو دوژمن بە من
ئەگەرچی دەڵێ هەستە تۆ شەڕ بکە   لە نێو خاکی کورد دوژمنت دەر بکە
ئەوەی کوردە بی‌هێنە دەرگایی خۆت   دەکەم مۆر فەرمانی شایی لە بۆت
مەترسە ئە من کۆمەگت پێدەکەم   خەیاڵت ئە لەو بارە یەکڕێ دەکەم
وەلێ من بەوەی کەی دەکەم باوەڕێ؟   زمانی بە چاکەی خەڵک ناگەڕێ
دەزانم درۆیە دەگەڵ من دەکا   کەلینی کەبوو روو لە دوژمن دەکا
چلۆن روو لە سوڵتانی بەدفەر بکەم؟   ئە بەو باو بافیشە باوەڕ بکەم؟
کەزانی ئەمن دوژمنم کرد زەلیل   لە پشتم دەدا تیروو دەمکا بە دیل
ئەوانە ئەگەرچی بە یەک دوژمنن   هەموویان زەحاکی مێشکی منن
بە نێوی گەلی کورد ژانێ دەکەن   کە دەسیان بێ کورد قڕانێ دەکەن
بە تەگبیر واچاکە گەر بچمە پێش   قبووڵی بکەم حەسرەتو دەردو ئێش
لە کێوێ کە دەستی کەسی پێ نەگات   لە سەر لوتکەیی ئەو دروسکەم قەڵات

له ته‌نگانه دا خۆ بخه‌م من له‌وێ     بڵێم ئه‌و ده‌مه‌ی هۆزی کوردم ده‌وێ

که نه‌مبێت له‌و ده‌وره دا من قه‌ڵات     ده‌بێ نه‌چمه مه‌یدانی کێشه‌و خه‌بات

دروسکه‌م قه‌ڵاتێ که لێی هه‌ڵورم     دڵی شاوو سوڵتان را ناگرم

ئه‌وه‌ی دۆس بێ دۆستی ئه‌و ده‌که‌م     که‌سێ دوژمنه، چاوی بێ خه‌و ده‌که‌م

وه‌لێ تا نه‌جاتم ده‌بێ له‌و ده‌مه‌ی     سه‌رم دێته ده‌ر له‌و غه‌م‌و هه‌مهه‌مه‌ی

ده‌بێ خزمه‌تی شا به گه‌رمی بکه‌م     له بۆ ئه‌مری عه‌بباس نه‌رمی بکه‌م

له سه‌ر خۆ قه‌ڵاتم ئه‌گه‌ر کرد ته‌واو     ده‌که‌م رازی دڵ له‌و ده‌مه‌ی دا بڵاو

به ده‌نگ‌و به ئاهه‌نگ‌و ئاوازه‌یه     هه‌تا ون نه‌بێ ئه‌و سوڕو رازه‌یه

دڵێم کوردم‌و مافی کوردم ده‌وێ     ده‌که‌م شه‌ڕ هه‌تاکوو حه‌قم ده‌سکه‌وێ

وه‌ها چاکه ئه‌و رۆ که ده‌سکه‌م به‌کار     به‌داب‌و به ده‌ستوری رێک‌و له بار

ده‌بێ به‌ر له‌وه‌ی یه‌ک قه‌ڵا هه‌ڵچنم     له ئێراندا زۆره چون دوژمنم

بکه‌م شا خه‌به‌ردار له‌و کاره‌یه     نه‌چێژم هه‌تا ژه‌هری ئه‌و ماره‌یه

وه‌کوو ماره گه‌ر پێوه‌دا سڕ ده‌بم     به ده‌س دوژمنی خوێنمژم قڕ ده‌بم

که کارێ به ته‌گبیر بۆم بچته پێش     به نه‌رمی، له بۆچی بکه‌م کێشه‌کێش

ده‌که‌ی تۆ له رێی عه‌قڵ جادو له‌به‌ند     که بێ‌عه‌قڵ بی هه‌ر ده‌بی ده‌ردمه‌ند

که‌سێ بێ‌فکر بێ له ئاکامی کار     ده‌بێ ئه‌و له دنیایه‌دا شه‌رمه‌زار

## نامه‌نووسینی ئه‌میرخان له شاعه‌بباس بۆ دروستکردنی قه‌ڵایێکی مه‌حکه‌م

ئه‌میرخان نامه‌یێکی نووسی له شا     به نێوی خودا نامه نه‌خشی کشا

خودایێکه بێ هه‌مده‌م‌و هه‌مسه‌ره     هه‌ر ئه‌و خاوه‌نی چه‌رخی بێ له‌نگه‌ره

هه‌چی کوره‌وی نین یا کوره‌وین     هه‌موو شه‌تڵه دێراوی په‌نجه‌ی ئه‌وین

له ئاده‌م به‌شه‌ر هاته دنیایی بوون     له پێش ئاده‌ماعاله‌می دیی هه بوون

ئه‌وه‌ی گه‌ر له حه‌ووا‌و ئاده‌م بووه     نه‌مامێکه له‌و خاکه هه‌ڵکه‌وتووه

چ دارێکه باڵایی وا هه‌ڵچووه     لق‌و پۆپی دنیایی دا گرتووه

لقێکی به باڵایی شوو شڕ‌و له بار     ئه‌وی دیکه به گرێ‌و خێچ‌و خووار

لقێکی که کرمۆڵه ویشک بووه     یه‌کی دیکه بێ شۆق‌و ره‌نگ‌و رووه

لقێکی ئه‌وا قڕخن‌و قرژنه     ئه‌وی دیی گه‌ڵا له‌ت‌له‌ت‌و کون‌کونه

کووا ئه‌و لق‌و پۆیه وه‌ک یه‌ک ده‌چن؟     ئه‌گه‌رچی یه‌کن ئه‌و به ریشه‌و به بن

ئه تو شالقی داری نێو ئاده‌می     له نێو ئه‌و لق‌و پۆپه‌دا وه‌ک شه‌می

بڵندی به باڵاو عەقڵو کەماڵ
به سەر پۆپو لقدا ئەتۆ بویی زاڵ

خودا تۆیی کردۆته خاوەن شکۆ
دەبێ خەنجەری رق نەبەستی له خۆ

رەعییەت هەموو وەک مەڕو تۆ شوان
مەبادا بکەی نائەمینی بەوان

له ئێراندا تەرکی ئازار که
به نەرمی دەگەڵ وانه رەفتار که

که من نسحەتی شایی وەک تۆ دەکەم
به دڵ روو له ئاغایێ وەک تۆ دەکەم

دەزانم کەوا خوسرەوی عادڵی
مرۆییکی پەند وەرگەرو عاقڵی

به یەک پەند دڵزنج نابی له من
له بەندەی دەکا چاوپۆشی مەزن

ئەمه گدارتم چون ئەتۆ سەروەری
له بۆ تۆ دەکەم تاکوو هم نۆکەری

سولەیمان بەو شەوکەتو پایەوە
گوێی گرته مێروویی بێ مایەوە

ئه تۆ وەک سولەیمانو من مێروێ
سولەیمان به قسەی دەکا چی بووێ

له شادەمهەوێ چوون حەسوودم هەیە
حەسوودیش مەیلی له سەر فیتنەیە

له باسی خراپەم کەڕاخەن بەڕێ
له خزمەت ئه تودا نەکەی باوەڕێ

چون ئەو ڕۆکه فەرمانو مۆرم هەیە
ئه لەو خاکه شەیتانی زۆرم هەیە

له کن پادشادا بەدی من دەڵێن
دەدەن هەر به خاوەن شکۆ سەد بەڵێن

که بەڵگەی له سەر ئەوە دێنینه روو
هەتا شا بکا ئێمه بێ ئابڕوو

که شا لەو درۆیانه ورد بێتەوە
وەڵامی وتەی وانه دەدرێتەوە

که چون سەروەرەو خۆشەویستی منی
دەگەڵ من دەکەن بۆیه ئەو دوژمنی

تکایه که بەدرۆو به قسەی ئەوان
نەکەی باوەڕێ خوسرەوی خوسرەوان

هەتا مردنێ هەر له دەرباری تۆ
دەوێستم وەکوو بەنده بۆ کاری تۆ

سڵاوێ له دەرگای بەرزت دەکەم
وتەیەکم له دڵدایه عەرزت دەکەم

له ورمێ که من نۆکەرێ شا دەکەم
چ پێویسته لەو گەوره داوا دەکەم

قەڵاکۆنی ئەو شاره وێرانەیە
له بوو مارو دوو پشکه هێلانەیە

قەڵاتێکی رووخاوە دێنێ هەرەس
سەراسەر کونو درزه هەر وەک قەفەس

که لەو جێگەدا دێوی رەش وەرکەوی
له ترسی هەرەس لێیدەدا بێخەوی

که نەمبێ له تەنگانەدا من حەشار
دەبێ زاڵ دوژمن له سەر دێو شار

به خۆمو به سەربازمو لەشکرم
له ویرانەدا چۆن ئەمن هەڵورم؟

که ئیزنم بدەی شای جەمشید فەڕ
له بۆ رۆژی تەنگانەو شورو شەڕ

قەڵاتێ له یەک کێوی بێڕێوو قیت
ئەمن دادەڕێژم به بەردو سمیت

به بورجو به دیواری دەورو بەری
ببێ سەخت وەک بورجی ئەسکەندەری

قەڵاتم که بەو جۆره بۆ هەڵکەوی
به باشی دەکەم خزمەتی خوسرەوی

کەبۆ یەک قەڵا روو له دەرگا دەکەم
فکر هەر له رۆژی مەبادا دەکەم

کە نەمبێت لەو کاتە بورجو قەڵا    دەترسم وەشانم کەوێ سەد بەڵا
لە ورمێ ئەگەر من قەڵاتم نەبێ    لە دەس دوژمنی کەی نەجاتم دەبێ
وتەی پڕ مەزەی خۆیی گەر هەڵبژارد    ئەبەو جۆرە نامەی لە بۆ شا دەنارد

## وەڵامی شا لە بۆ ئەمیرخان

کە حاڵی دەبوو شا لە نامەی ئەمیر    وتی ئەو بە میرزای زاناو ژیر
بنووسە لە بۆ میر نامەی وەڵام    لەوی بگرە لەو نامەدا ئیحتیڕام
چون ئەو خانی کوردانە کەللەی ڕەقە    کە دڵئێش بێ لێمە دەگرێ ڕقە
وەکوو کەڵ لە نێو کورد پەیدا بووە    سنووری لە بێگانە پاراستووە
ئە بەو هۆیەوە خۆشەویستی منە    کە وا چەقڵی دوو دیدەی دوژمنە
ئەوەی میر لە منی بوێ هەر لەجێ    مەرامی دڵی بو دەکەم جێبەجێ
کە میرزا ئەوەی بیست نامەی لە خان    دەنووسی بە پیتو بە دێڕی جووان
سەری نامەنووسی بە نێوی خودا    کە هەستی ئەلەو زاتە نابێ جودا
زەوی بۆ خەڵک کردە سفرەی ژیان    بە هەموانی ئەو داوە هۆشو گیان
ئەوانەی کە لەو عەرزی پانو بەرین    هەنو بوونو بەشدارن ئەو ڕۆلە ژین
ئە لەو سفرە چون بێ سەروسەر بەخۆن    بژیوێ بە ئەندازەی خۆ دەخۆن
لە پاشان گوێ بگرە میری بەڕێز    لە فەرمانی پاشای گەورەو بەهێز
سلاوێکی گەرمو گوڕت لێدەکا    لە هەر کاردا کۆمەگت پێدەکا
دەدا ئیزن گەر تۆ دروسکەی قەڵا    نەبینی هەتا دەردو ڕنجو بەڵا
دروستی بکە تۆ قەڵایی بڵند    لە سەر یەک کەژی پڕ لە لوتکەو لە دوند
لەوێدا لەگەڵ دوژمنت شەڕ بکە    بە دەنگی شەڕت عالەمێ کەڕ بکە
بە جێ بێنە هەرچی کە دڵخوازتە    شەهەنشاه لەو فکرە هەمڕازتە
لە کارت کەسێ گەر بکا بەرگرێ    دەبێ بۆ مەرگ کفنی خۆ هەڵگرێ
لە کن پادشا خۆشەویسی ئەتۆ    بە کەیفی ئەوە مەیلو ویستی ئەتۆ
بچۆ چی دەکەی تۆ بەدڵ ئارەزوو    وەدی بێنە لەو کاتەدا زووبەزوو
ئە تۆ مەرد بە رووله کارت بکە    ئە بەو کارە کۆمەگ بە شارت بکە
لە شۆفاری بێدین نەتبێ هەراس    دەگەڵ تۆیە لەو کارەدا شاهەباس
دڵی شا کە بێ گەردە، وەک گەوهەرە    چلۆن جێگە ئەفسوونی جادووگەرە؟
ئەگەر شارو گوندت لە دەس بچتە دەر    دەبێ خاکی دنیا بکەی تۆ وەسەر
بە سووکی لە کن خەڵک دەخولێیەوە    بە داغی غەمی خۆت دەتوێیەوە

# گەیشتنی نامەی شا بە ئەمیرخانو دەس بەکار بوونی بۆ سازکردنی قەڵا

ئەمیرخان نامەی لە شا پێ گەیشت / لە نووسراوەیی نامە گەر تێ گەیشت
ئەبەو نامە چون رۆڵەیی ماد بوو / دڵی شاد بوو بیری ئازاد بوو
درەنگی ئە لەو کارە خێرەی نەکرد / دەچۆ کەژ لە نێو ماڵدا هەڵنەورد
هەلی چاک بوو بۆی هەڵکەوتبوو / بەرابەر بەوی پادشا خەوتبوو
نەبا گەر ئە لەو وەختەدا دەس بەکار / دەبۆ چەقڵی ئەو کارە شۆفاری هار
ئەگەرچی لە نێو نامەکەی دڵڕفێن / بە میرخان عەبباس دابووی بەڵێن
بە شەیتانو شۆفار باوەڕ نەکا / گوڵی سەرچڵی میر پەڕپەڕ نەکا
وەلێ چونکە شا بوو ئەوەی کردبای / جووان بوو نەبوو عەیبو ناحەز لە شای
دەترسا لەوەی بێتوو باداتەوە / قسەی خۆی بێشەرم بخواتەوە
هەر ئەو فکرە لەو کاتە هانی دەدا / شەوو رۆژ دەستی لە ڕانی دەدا
وەکێوو چیایی سەخت هەڵگەڕا / لە هەرجێیە گەر تەرتو چڕ بوو گەڕا
هەتاکوو کەژێکی دەکرد ئەوڕەچاو / سەری تەسکو باریک وەک پشتی گاو
لە بەردێ کە یەک تەختە بوو بێدڵەو / نەدەکرا بە فەرهاد درزێ لە ئەو
لە سێ فرسەخی شاری ورمێ بەدەر / ئە لەو کێوە بەرزەی بەشی تەر گەوەڕ
قەڵاتێکی مەحکەم بە بەردوو بە خشت / لە سەر لووتکەیی ئەو کەژەی دادەڕشت
دەزانی کەلە کوێوە هەڵکەوتووە؟ / لە باشووری ئەو دۆڵی قاسم لووە
دەڵێن بەرلە ئیسلام ئێرانیان / لە دەورانی دنیای ساسانیان
هەیان بوو ئە لەو شوێنەدا دوو قەڵات / لەوێدا گەلی کورد دەیکرد خەبات
ئەبەو هانە ئەو کێوە وەک چێ دەچوو؟ / دووزەردێنە وەک هێلکە هەڵکەوتبوو
یەکێ لەو دووە دمدمی نێو بوو / ئەوی دیکە نێو جمجمی کێو بوو
لە یەک کێو ئەو دمدمو جمجمە / دەیانکرد بە پڵنگی شەڕکەر گمە
دەسو هەڵمەتی رۆژگاری چەتوون / لەوانی دەدا پەنجەی کاول دەبوون
ئەمیرخان دەیکردنە یەک ئەو دووە / بە "دمدم" قەڵا نێوی دەر کردووە
لە مێژوویی ئەفشاردا جمجمی / دەهێنێ دەگەڵ سەنگەری دمدمی
لە لوتکەی بڵندی کەژی بێنەزیر / قەڵاتی دروس کرد ئەوجا ئەمیر
لە بۆ پایەیی ئەو قەڵاتەو حەسار / بە تاڵووکە هێنایی بەننا لەشار
لە هەرجێیە مێعمارێ دەس گەرم بوون / کە وەک مێو لەو کارەدا نەرم بوون
ئەوانەی لە بۆ کار هێنانەوە / تەواوی دەکرد تا قەڵا مانەوە

وه کۆی کردەوه چەن هەزاران هەزار
بەوانی دەدا پووڵو پارەو دراو
تەواوی له کاری قەڵا وەردەدان
حەوای دا قەڵاتێکی گەورەو بەرز
قەڵاتێکی داناوه بێ ترسو خۆف
سکەندەر که دیبایێ حەیران ئەبوو

له شارو له دێ خەڵکی رووتو نەدار
ئه بەو پووڵه بوو گەر دەکەوتن له داو
له هەڵقەندنی خەندە کی بەر دەدان
دەبوو بێنمونه له سەر رووی عەرز
که بیری لەوا کول دەبوو فەیلەسۆف
له سەددو بناغەی پەشیمان ئەبوو

## باسێ له قەڵای دمدم بەگوێرەی مێژوی عالەمئاڕای عەبباسی

له بۆ شا سکەندەر که مونشی بووه
له باشوورو باکووری کێوی قەڵا
دوو شیوێ وەکوو شیوی دۆزەخ به رەنگ
وەها دۆڵ لێژو چڕو تەرت بوون
وه سەرکەوتنی تۆ به پەیژەی خەیاڵ
ئەمیرخان شوورەی له سەر وانەوه
قەڵا دووره دیواره لەو جێگەیه
له دوو لایی تر لای پانی قەڵات
چو دابووی پاڵ ئەو وه لووتکەی چیا
له بۆ وی دەکێشاوه شوورەی تەواو
حەساری دروست کرد لەو بازەیه
له لای رۆژ ئاوایی ئەو کێوەوه
دەبوو چون له عەرزێوه نێزیکتر
حەسارێکی دیوار پانو بەرین
بەرەو رووبی باشوور دەرگایی بوو
خەریکی که با دێوی باسک قەوی
ئەلەو دەرکو دەروازه بۆ سەر عەزر
به نێو بەردی رەقدا دەچوو بۆ خووار
سووارێ به زەحمەت لەوێرا دەهات
له لای رۆژ ئاواوه یا رۆژه ڵات
به سەد مەخسەرەو دەردو ئازارو ئێش

قەڵاتی ئه بەو جۆره نێو بردووه
هەبوو دۆڵێ وەک دۆڵی فیتنەو بەڵا
رەشو قووڵو هەڵدێرو تاریکو تەنگ
هەڵۆوباز لەو دۆڵه دا پەرت بوون
ئه لەو دۆڵو شیوانه دا بوو مەحاڵ
نەکێشاوه بێ شووره ئەو مانەوه
سەدی بۆچیه چونکه بێڕێگەیه
له سووچێ کەوا رۆژ لێی هەڵدەهات
ئەمیر لەو شووێنەی نەبوو دڵنیا
له مانگی دەدا بوورجی بەرزی لەقاو
وەوی خست یەکدانه دەروازەیه
ئەمیرخان فکری که لێ کردەوه
له بۆ وی دەکێشاوه شوورەی پتر
به وێنەی ئەوی هەر نەدیبوو زەمین
کەلا جامەیی شیشه پۆلایی بوو
له بۆی با نەدەدراوه قفلی ئەوی
هەبوو رێگەیی پڕ پلەو نا تەرز
دەترسا ئه لەو رێگه باریکه مار
بەرەو عەرز یا هاتبا بۆ قەڵات
له بۆ گرتنی کێوو شبوورەو قەڵات
دەگونجا که سەنگەر به شەڕ بەریه پێش

دەنا هیچ کاری دەگەڵ ناکرێ
وەها تاتە سەنگەر وەخۆ ناگرێ
ئەوەندەی کە یەک تیر کارێ دەکات
بمێنی لە بۆ دەرکو بانی قەڵات
هەموو تەختە بەردێکی سەخت ورەقە
سەری سافە نەک تیکەو شەق شەقە
کە بۆدڕ لە نێویۆە لێ نادرێ
ئە لەو بارە هیچی دەگەڵ ناکرێ
لە جێیە کەوا بەرد دەبڕایەوە
ئەمیرخان بورجێکی لێدایەوە
بە نێو ماڵ دیوێکی گەورەو زەلام
بە دیوار وەک کێو هەی بوو دەوام
قەڵاییچەیێ بەرز دیوار بوو
لە بەرزی دەگەڵ هەور هەمکار بوو
هەتا ئەو قەڵاییچە مابایەوە
دەسی کەس لە دمدم نە دەدرایەوە
قەڵا لەو کەژەی دمدمی هەر دەما
لە بەر سەنگەری مەحکەمو حەستەمە

## باسێ لە کانیاوی قەڵای دمدم

بزانین ئەو کێوە سەختو چڕە
کە سەر تا سەری بەردی تاتو خڕە
قەڵا ئاوەکەی چۆن دابین بووە
ئەمیرخان لەو بارە چی کردووە؟
بە دەس میرکاتێ قەڵا بوو تەواو
لە بۆ خەڵک دەیکرد فکرێ لە ئاو
لە نێو ئەو قەڵاتەی بڵندو بەسام
هەڵیقەند یەک حەوزی گەورەو زەلام
بناغەی دەهێنایە دەر گەر لە عەرد
حەوای داوە بە سمیتو خیزو بە بەرد
دەبوو پڕ بە بارانە و ئاوی ئەو
نەدەبڕا بەڕا بردنی ڕۆژو شەو
لەوە دووا بە وردی سەرنجی دەدا
لە شیوێ کە دڕدوکو پنگی هەبا
لە دۆڵێ لە باشووری شوورەی قەڵات
هەبوو کانیێ، ئاوی کەم کەم دەهات
لە قوڕ چاوە ئاوی کە پا کردەوە
بە وەستایێ لێواری چا کردەوە
لە ما بەینی ئەوکانی ئا وەو حەسار
هەڵی قەند یەکدانە حەوزی لە خار
لە هەر لاوە وا مەحکەمی دادەڕشت
دەما ئاو لەو حەوزەدا نەی دەڕشت
لە بن چاوە یەک جۆی کێشایەوە
لە حەوز ئاوی ئەو چاوە دەکرایەوە
لە ئێوارەوە تا کوو شەو شڕ دەبوو
بە دەس ڕۆژ ئەو حەوزە جا پڕ دەبوو
بەشی یەک شەوو ڕۆژی خەڵکی دەکرد
ئە بەو ئاوە خەڵکی قەڵا هەڵدەورد
لە سەر حەوزەکەش گومبەزێکی دروست
دەکرد میر وا گومبەزی هەڵدە خست
هەموو حەوزەکەی گرتبوو وەک قەوز
ونی کرد بوو ئاوی کانیو حەوز
دەبوو گومبەزی حەوز سولق بە ناو
بە تورکی بە مەعنایی جێگایی ئاو
لە بۆ چاوە دێری حەوز خانەیە
لە دەس ناکەسی زۆڵو بێگانەیە
بە دیواری شوورەی قەڵا بەرزەوە
لە نێزیکی ئەو .کانیەو حەوزەوە
هەڵی چنیەوە یەک منارەو قوللە
وەکوو پەیژە بوو پڕ لە پایەو پلە

بە نێو ژووردا زێ دەچوو بۆ سەری — لە بۆ پاسەوانی لە دەورو بەری
سەری قوللەیی دادە پۆشی لە بار — لە بەر چاوی دوژمن دەبوو نادیار
لە با شووری شوورەی قەڵاتی ئەمیر — هەبوو چاڵە بەفری زلو بەفرگیر
لە زستاندا چاڵی نێو بەند چۆڵ — دەئا خندرا هەر بە بەفرو سەهۆڵ
لە بەر وێوە حەوزێکی دانایەوە — بە هاوین کە ئەو بەفرە دەتوایەوە
هەموو ئاوەکەی بێ ئەوەی بێ خەسار — ئە لەو حەوزە دەریاچە دەیگرت قەرار
قولەو گومبەزێکی لە دەورەی ئەوان — دروست کرد بۆ سەنگەری پاسەوان
ئەویشی وەها دادە پۆشی سەری — نەبوو کەس لە بێگانە پەی پێ بەری
بە بووز لوق ئەو نێوی دەبرایەوە — بەفر خانە مەعنایی دەکرایەوە
کەورد باوە یەک ساڵە وەختی تەواو — لە دیوی دەرێ هەر بە عەقڵو بەچاو
بە شەر نەیدەزانی بە بەفروبە ئاو — بە سولوقو بووزلوقی دا پۆشراو
بە کورتی قەڵاتی چڕی دمدمی — لە پێنجان پیک هاتووەو ناجمی
قەڵا گەورە یەکیانە مەیشارەوە — قەڵاتی دووەمیانە لە خووارەوە
سەوەم لەو قەڵاتانە سولق بە ناو — بە تورکی ئەوە نێوی عەمباری ئاو
چوارەم کە بووزلوقە نێوی ئەوی — بەفردانە، وریا بە نەک تێی کەوی
ئەوی پێنجەمین بورجی گەورەی قەڵات — لەکن دەرکو دەروازەیی رۆژهەڵات
هەموو مەنزڵی میرو خانان بوون — هەموو سەنگەری شێرە مەردان بوون
ئەوەن مەحکەمو بەرز دیوار بوون — لە دنیایەدا شەو چەلەی زار بوون
ئەگەر پەیکی تیژ رۆیی بیرو خەیاڵ — لە نێو ئەو قەڵاتانە بفرێ بە باڵ
ئە لەو بورجە بەرزانە سەر ناکەوی — دەدا باڵ هەر دەم لە بەردی زەوی

## سازکردنی خانووبەرە لە نێو قەڵاتی گەورە

لەوە دوا لە نێو ئەو قەڵاگەورەدا — ئەمیرخان پاچی لە عەرزی دەدا
بە وەستا و بە نناو کاریگەرە — دروستی دەکرد زۆر خانووبەرە
پڕی کردنەوە عالەمی تێ خزاند — بەوەی رەونەقی شاری شامی شکاند
لە مەیدانی بەرپانی ژووری حەسار — خەیابانی لێداوە دەیکردە شار
لە بۆ ئەو کەسەی گەر لەوێدا نەبوو — غەوارێکی نامۆو بێگانە بوو
لە هەر گۆشەیێ نانەواخانە بوو — لە چەن جێگەدا مەنزڵو خانە بوو
لە هەر لایە دەیکرد دوکانە ساز — هەتا خەڵک لەو هانە بێ بێنیاز
وەکوو شار بوو ئەو بە بازارەوە — بە خەییاتو هەللاجو نەجارەوە
بە جۆلاو قەسسابو بەقاڵەوە — بە چێودارو دەسگێڕو حەمباڵەوە

لە دوکانی عەتتارو موروویی مل
لە قەیتانو زەنگیانە و کووژەکە
گوڵو کرمەکو گووارەو ژێر چەنە
لە خارا وو شاڵو لە چیتو قەنەوز
لە ئەفغانو کشمیرو هیندووستان
لە رۆمو لە بەغداو قەفقازەوە
ئەوەی ئارەزووی کرد با دڵ هەبوو

لە ئاوریشمی زۆرو کلتورو کل
دەزوو، غەرغەرە، دەرزیوو قووچەکە
کەمەربەندو تۆقو تەلەسمو خەنە
لە خام وکەتانو لە دیبایی سەوز
لە میسرو لە شامو فەرەنگو لەوان
لە تەوریزو قەزوینو شیرازەوە
نەبوونی لە نێو خەڵکدا هەر نەبوو

## دروستکردنی قەڵای نارین لە لایەن ئەمیرخانەوە بۆ مەنزڵی خۆی

لە بازاڕ گەرمیر بوو دەس بەتاڵ
سەرا پەردەیی دادەنا خوسرەوی
وەتاغی دەروو ژوری دانایەوە
بڵند بۆوە دیواری ئەو چین بە چین
سەری دادەپۆشی بە تەختەو بە دار
بە بورجو بە قوللەو حەسارو بە دیو
بە هەیئەت وەکوو قەسری شاهان بوو
بە دیمەن سپی رەنگو بەفرین بوو
بە نارین قەڵا بۆیە مەشهوور بوو
بە دیوار هەر وەک چیا پایەدار
وەتاغو قولەی مەحکەمو بەرز بوون
ئەمیرخان ئەو جارە باری دەکرد
لەوێدا دەبوو یاغیو مایەوە
وەکوو شێر داوایی کوردی دەکرد

لە بۆ خۆیوو بۆ خاوو خێزانو ماڵ
دەبوو تاقی کیسرا بەوی سەر نەوی
لە رووی نەخشەوە خەندەکی دایەوە
ئەوەن سفت بوو نەتدەزانی کە چین
دەبۆ تۆپە گوڵ بۆ قەڵاتو حەسار
لە دنیایە دوژدانە بوو کەس نە دیو
قەڵا سەنگەری میری کوردان بوو
ئە بەو بۆنەوە نێوی «نارین» بوو
کە جێگا، خەوی میری موو زوور بوو
لەوی دوور بوو هەڵمەتی رۆژگار
نە وەک پایە لەرزۆکو ناتەرز بوون
لە ورمێوە لەو جێگەدا هەڵدەورد
بە خۆیوو هەوادارو بەسپایەوە
لە دنیا بە ئاواتی کوردان مرد

## باسێ لە کارگای ئەسلەحەسازیو ئەمرازی دیکەی ئەمیرخانی

دروستی دەکرد میر چەن کارگا
لەوێ بوون وەستایی زۆرو فرە

لە دۆپی کە لەو دوور بوو بارەگا
بە سەد جۆرە دەکراوە تێی دا کرە

نیشانی دەدا تەشت وەستایی فەن
دەگەڵ مەنجەڵو دەفرو جامو لەگەن

لە سەردار خەرتی دەگێڕا خەڕات
خشەو سیڕە سیڕی لە داری دەهات

لەوێڕا دەچوو دەفرو ئامانی دار
بە باران، بۆ خەڵکی لادێ و شار

یەکێ بوو کە دەیکرد ئا سنگەری
ئەوی دیکە روی کرد بۆ مسگەری

یەکێ پینەچی بوو یەکێ زین دروو
رنەکسازی ئەسپان یەک بۆ خرو

یەکێ ناڵبەندو یەکێ شیشگەر
یەکێ هەر خەریکی مەتاڵو سپەر

یەکێ کارو پیشەی بە پێچو گرێ
کڵاو خوود بوو یانە حەڵقەی زرێ

جووانێ دەماچەو تفەنگ ساز بوو
ئەوی دیکە سەر گەرمی ئەمراز بوو

یەکێ گوللەو ساچمەی دا دەڕشت
لە کاری چەکو چۆڵ هەیبوو بڕشت

یەکێ گەر لە بۆ کار دەبزووتەوە
دەسی وەردەدا هەر لە باڕووتەوە

دەبوو لاوی سەنعەتگەرو هوشیار
ئە لەو کارگایانەدا دەس بە کار

## کارگای تۆپو بارووتی ئەمیرخان

لە یەک گۆشە یەکدانە ئەشکەوت بوو
لە دەورەی قەڵا دوور هەڵکە وتبوو

یەکێ غاری بەرپانو قووڵو بەرین
ببوو ون لە بەرچاوی خەڵکی زەمین

مەزن ئەو کونەی ئاوەڵا کردەوە
شتی زۆر و ئەمرازی بۆ بردەوە

لە ژەنگو چڵک غاری دەسترێیەوە
گەلێ دیوی تاریکی لێ بڕیەوە

بە رۆژو بە شەو کاری تێدا کرا
دەهایسا لە نێو وانە مێوو چرا

کە ئەو دیوە ئامادە و ساز بوون
هەموو پەردە پۆشی سۆرو راز بوون

بە یەک کارگا گەر ئەوی هەڵدە خست
بە دەستوور دەروازەیی وێدە خست

بڕا گەر لە ئەشکەوت دا لنجو لۆپ
ئەوی کردە جێگایی بارووتو تۆپ

لە دەورو بەری دادەنا پاسەوان
هەتا کوو نەگا دەستی دوژمن بەوان

هەبوو یەک نەفەر پیرەمەردی فەلە
لە بەحری کرو کار دەیکرد مەلە

زمان خۆش بوو زینەتی کۆڕ بوو
لە دارشتنی تۆپ پسپۆڕ بوو

لە نێو شاری "وانا" وەکوو دێو بوو
فەلەی پیر "خاچۆبەگ" ی نێو بوو

ئەمیرخان خاچۆی هێنا لە شار
لە بۆ تۆپ دەیکردە وەستایی غار

شەوو رۆژ ئەو بێ وچانو پشوو
خەریکی دروسکردنی تۆپ بوو

قەڵا کەوتە سەر زاری عاشیرەتان
خەبەر چوو لە بۆ دەوڵەتو میللەتان

بڵاو بۆوە بەو جۆرە باسو خەبەر
کە ئەو رۆ ئەمیرخانی خاوەن هونەر

لە لوتکەی چیا شاری هەڵخستووە
قەڵایێکی بەرزی دروسکردووە

لە تەرتو چڕیی دا بە بێ وێنەیە
بە دوورە شەڕو شۆڕ لەو شوێنەیە

ئه بەو باسەوە خەڵک رووی تێدەکرد    شڕەو ماڵیان ئەو لە بۆ وێ دەبرد
دەهاتن لە سەد لاوە پیر و جووان    لە عاشیرەت‌و میرو ئاغا و خان
لە بۆ کێوی دمدم بە دەستەو بە پۆل    دەیانداوە وەک بەحر مەوج‌و شەپۆل

## پەنا هێنانی ئەفسەرێکی دەوڵەتی رۆم بۆ ئەمیرخانی

سەری ساڵ بوو کاتی نەورۆز بوو    بە شینکەو گیا سەر زەوی قۆز بوو
هەوا موشک رێژو زەوی پڕ کڵووک    چیا بوو بە مێلاقە وەک تازە بووک
لە لا پاڵ دەتواوە بەفری جووان    دەڕۆیی لە هەر لاوە ئاوی رەوان
لە سەر شاخ دەنگ‌و گوڕەی خاسەکەو    وەبازاڕی نەورۆزی خسبوو برەو
لە نێو چیمەن‌و باغ ئاوازی مەل    بە خۆشی گەیشبوو بە کورەی زوحەل
لە بەر بەندو گۆرانی‌و زەمزەمە    کەوتبۆ سەما دارو بەردو سەما
لە شەوگاری ئەو ساڵی تازەو نوێ    کە چون جێژنە یە خەڵک هەر نانوێ
جیهان پڕ گوڵ‌و خەڵک دڵشاد بوو    چون ئەو یادگاری گەلی ماد بوو
ئەمیرخان لەو کاتە خەڵکێکی زۆر    دەهێنایە دیوان‌و دەیگرت کۆڕ
عەشیرەت بە دڵ جێژنە پیرۆزەیان    دەهاتن دەکرد ئەو بە گەرمی لە خان
ئەوانەی کە بۆ بەزم‌و شەڕمەرد بوون    ئە لەو کۆڕەدا بێ غەم‌و دەرد بوون
لە نێو وان هەرباسی کوردان بوو    کە بۆچی گەلی کورد لە ژیان بوو؟
دەیانگوت ئەوەش هۆیی ناکۆکیە    گەلی کورد پشت‌و پەنایی نی‌یە
ئەگەر یەک کەوێ، پێشەوای هەبێ    ئەویش وەک گەلی دییکە شای هەبێ
لە دنیایەدا هەر دەبێ سەر بڵند    دەبێ شادو بێ‌غەم لە شارو لە گوند
هەتا کورد رووت‌و پەرێشان بن    دەبێ نۆکەری شاو سوڵتان بن
ئە بەو باسە گەر کۆڕ رازایەوە    لە کوردان تەگبیر دەکرایەوە
بدەن چۆن گۆچانی هیممەت لە گۆ    چلون ببنە یەک دەوڵەتی سەر بە خۆ
دەبێ هەوڵدەن تاوەکوو دوژمنی    نەمێنێ لە نێو وانە ریشەو بنی
بە یەک کەوتنێ دێ وە دەس بەختیان    دەبن شاد، دە ڕوات بەدبەختیان
لە کاتێ کە سەر خۆش بوون ئەو بەمەی    بە خۆشی دەیان بردە سەر ئەو دەمەی
وەژوور کەوت گەورەی هەموو نۆکەران    لە خان‌و لە ئاغا و مەزن‌و سەران
بە میری دەگوت یەک جووانی غەریب    بە دیمەن گەلێ شۆخ‌و شەنگ‌و نەجیب
ئەوا بۆتە یەخسیری ئێشکچیان    مەتاڵە سەرو پشتی بۆ قەمچیان
ئەوەندەی لەوی گەر دەپرسن کە کێیی؟    لە نێوو لە مەڵبەندو شارو لە دێی
بەڕقدا چووە هیچ ناکات دەنگ    وەلامی نیە، بۆتە دیوارو سەنگ

به بێ غلوه وو به‌زمو کێشه‌و هه‌را
ده‌گه‌ڵ وانه هاتۆته ده‌رکی سه‌را

ئیزن گه‌ر ده‌فه‌ر مووی با بێته ژوور
ده‌نا ده‌چته زیندانی تاریک و دوور

ئه‌میرخان فه‌رمووی بی هێنه‌وه
به‌ڕووی خۆش نامۆیی بد وێنه‌وه

ده‌با بێت بۆ ئێره بێ ده‌ردو غه‌م
ده‌گه‌ڵ وی من ئه‌وڕۆکه جێژنه‌ی ده‌که‌م

به نه‌رمی ده‌که‌م من له‌وی پرسیار
له نێوو له مه‌ڵبه‌ندو گوندوو له شار

ده‌زانم که به‌ڵگه‌ی له خۆ هه‌ڵده‌دا
به باشی له بۆ ئێمه له‌و کۆڕه‌دا

ئه به‌و ئه‌مره کوێخا ده‌چوو بۆ ده‌رێ
جووانی له بۆ کۆڕ برد بۆ سه‌رێ

که کاتی وه ژوور که‌وت نامۆیی لاو
له میرو له گه‌ورانه ده‌یکرد سڵاو

ده‌وێستا له‌وێدا به نه‌زمو نیزام
وه‌کوو ئه‌فسه‌ر ئه‌یگرت ئه‌و ئیحتێرام

سڵاوی که به‌و جۆره له‌و لاوه بیست
له‌کن میر بوو پڕ به دڵ خۆشه‌ویست

سڵاوو وته‌ی چونکه هه‌نگوین بوو
له به‌ر چاوی هه‌مووان شیرین بوو

که ئه‌و لاوه ئاوایی خۆ راده‌نا
له نێو کۆڕدا میر ئه‌وی داده‌نا

که بوو نیشته‌جێ ئه‌و به‌فه‌رمانی خان
به ته‌ڕده‌ست بۆیان هێناوه نان

که بوو تێر نامۆ له نانو له ئاو
ئه‌میرخان فه‌رمووی تۆ هه‌ڵده ناو

هه‌تا کوو بزانم که نێوت چیه؟
ئه‌دی نێوی مه‌ڵبه‌ندو کێوت چیه؟

که کوردی؟ بڵێ نێوی تیره‌و نه‌ژاد
له‌کێ را ده‌گه‌ی ئه‌ی جووانه به ماد؟

## وه‌ڵامی لاوی غه‌ریب

ئه‌وه‌ی بیست گه‌ر لاوی شیرین که‌لام
ئه له‌و میره ده‌یداوه ئاوا وه‌ڵام

ده‌که‌م ئاوه‌ڵا ئه‌و سوڕو ره‌مزه‌یه
ئه‌من کوردمو ناوه‌که‌م هه‌مزه‌یه

نه‌مامم له بۆ هۆزی خالیدیان
دیار به‌کره بۆ ئێمه جێگه‌ی ژیان

ده‌ساڵی ره‌به‌ق ئه‌فسه‌ری رۆم بووم
له بۆ ده‌وڵه‌تی رۆم مل کۆم بووم

ده‌سووڕام بۆ ده‌وڵه‌تم وه‌ك ته‌شی
له بۆ من هه‌بوو مه‌رته‌به‌ی چاوه‌شی

ئه‌من مه‌شقی سه‌ربازی رۆمم ده‌دا
له هه‌ر ئاوی ده‌ریاو چۆمم ده‌دا

له کێوو له ده‌شتا ده‌سووڕامه‌وه
ده‌گه‌ڵ تازه سه‌رباز ده‌خولامه‌وه

ئه‌وانه‌م ده‌دا مه‌شق بۆ عه‌سکه‌ری
به باشی، نه وه‌ک هه‌رزه و سه‌ر سه‌ری

فیداکاری‌و گیان به‌خت کردنم
گه‌لێ کرد، بۆ ده‌وڵه‌تی دوژمنم

ده‌چوو رۆم هه‌ر ده‌م به گژ ده‌وڵه‌تان
به گژ هۆزو عاشیره‌ت‌و میلله‌تان

به ئێمه‌ی ده‌گوت گه‌ر له سه‌ر دینه شه‌ڕ
ده‌که‌م من ده‌گه‌ڵ دوژمنی بێ هونه‌ر

له هه‌ر جێ‌یه گه‌ر دوژمن‌و ده‌سکه‌وی
نه‌که‌ن ئه‌ی مسوڵمان ره‌حمێ به‌وی

پیاوو ژن‌و پیره‌مه‌ردو جحێڵ
بیانکه‌ن له مه‌یدانی شه‌ڕدا تخێڵ

ئەوەی ماوە بیگرن و بیکەن بە دیل
لە سەردین بن با لە دنیا زەلیل

هەموو بەرهەم و باغ و ئاژەڵیان
زەمین و سەراپەردە و ماڵیان

حەلاڵە لە بۆ ئێوە دەیدەم بەوە
مسوڵمان بۆ شەڕ بڕۆ ڕێکەوە

ئەوانەی دەگەڵ شاو سوڵتانی دین
دەکەن کێشە و شەڕ مسوڵمان نین

ئە بەو جۆرە تەڵقینی سەربازیان
دەدا، دین ببوو شیرو ئەمرازیان

لە ڕێی دین دا من فریوم خووراد
دەساڵم دەگەڵ وانەدا رابووارد

لە پاشان بۆم دەرکەوت خوێنمژن
رق ئەستوورو بێ دین و میللەت کوژن

بە دوورن لە دین و مسوڵمان نین
دژی خەڵکن و روو لە قورئان نین

دەدەن گەر لە رووی دین وەعدەو بەڵێن
درۆیە ئەوەی گەر بە خەڵکی دەڵێن

## چۆنیەتی پەلاماری دەوڵەتی رۆم بۆ سەر دیاربەکر لە زەمانی هەمزە چاوەش

وەکوو مار شالاوی هێناوە پار
دیار بەکری کرد ئەو بە شەڕ کۆڵەوار

لە مەڵبەندی وێدا دەسی کرد بە شەڕ
ئە بەو ئاورەی نە وشک ما نەتەڕ

دەیانگوت دەکەن چونکە داوایی ماف
دەبێ ئێوە بخرێنە ئاڵقەی تەناف

گەل و هۆزی ئێمەی بە شەڕ هەر نەهێشت
لە ژێر ناڵە ئەسپان دەیکرد نە چێشت

بە کوشتنی ژن و پیاوو گەورەو پچووک
ببوو کەڕ زەوی هەر لە بەر نووکە نووک

شڕەی ماڵە کوردیان کۆ کردەوە
بە تالان سەر پاکیان بردەوە

نە ما هیچ بۆ کوردی رووت و نەدار
لە ماڵ و لە ئاژاڵ و هۆدەو حەسار

کە کوردم ئە بەو جۆرە بێ ماڵ دین
لە داخی تورک چوومە دەر من لە دین

و تەی باب و با پیر لەو کاتەوە
وەیادی منی دڵ بە غەم هاتەوە

دەیانگوت مەکەن باوەڕی قەت بە رۆم
لە سەر وی مەخەن خۆ لە بەزم و گلۆم

مسوڵمانەتی وانە سەر زاریە
لە دین کاری تورکان، بێزاریە

بە هۆزی گەلی کورد چون دوژمنن
لە نێو خاکی کوردان دا وەک سنن

کە فکرم ئە لەو پەندە من کردەوە
لە بۆ ناوەرۆکی دەسم بردەوە

بە باشی کە لەو پەندە حالی دەبووم
گوتم بۆ بەرەو وپیری بێگانە چووم؟

هەتا کەی بە تورکانە خزمەت بکەم؟
لە سەر هۆزی کوردانە میننەت بکەم

دەزانم هەتا نۆکەری رۆم کەم
دڵی هۆزەکەم هەر دەبێ پڕ لە غەم

دەکەم خزمەت و نۆکەری ئەو بە دڵ
هەتا ئەو زەمانەی دەکەم سەر وەگڵ

لەوێ نێوی میرخانی لەپزێڕ بوو
بە یادی ئەوی خەڵک مەیگێڕ بوو

دەیانگوت کە خانێکە ترسی نیە / لە خاکی ئەوا خەڵک برسی نیە
قەڵاتێکی داناوە دمدم بە نێو / بڕاوە لە نێو کورد دا سەر بزێو
هەموو روو لە دەرگای خانی دەکەن / بە رۆژو بە شەو پاسەوانی دەکەن
لە سەر مافی کوردان دەعوا دەکا / لە سوڵتانو شا، کورد داوا دەکا
دەڵێ میللەتو چارە رەش کردووە / لە بۆ چی لە خۆتان بەش کردووە؟
مەڵێن کورد مافی ژیانی نیە / چون ئەورۆ کە سەردارو خانی نیە
ئەمن کوردمو خاکی کوردم ئەمن / لە سەر کورد وەک مشک دەوکەم لەکون
ئە لەو هۆزەمو خاکی کوردم دەوێ / دەکەم شاد ئەو کوردە لێرەو لەوێ
لە نێو میللەتی رۆمو ئێرانەوە / لە خانی ئە بەو جۆرە دەدوانەوە
کە نێو بانگی سەرداری کوردم دەبیست / پلەو پایەو مەرتەبەم هەر نەویست
گوتم من دەچم نۆکەری ئەو دەکەم / نە وەک نۆکەری، مەیتەری ئەو دەکەم
لە شاری ستەمبووڵ هاتم بە غار / بە چۆڵو کەژو بەندەنو لێرەوار
ئەوا بۆتە چل رۆژ کەوتوومە رێ / کە دەبڕم لە بۆ ئێرە رێگا بە پێ
بزانم کە فەرمانی خانی چیە؟ / لە بۆمن ئەوەش هەر بە مەیلی وی یە
کە پێی خۆش بێ لێرە سەربازەکان / دەدەم مەشق بۆ فێر بوونی چەکان
دەنا روو لە نێو خاکو بادم دەکەم / لەوێدا لە بۆ کورد دادم دەکەم
دەکەم دادو هاوار گەر بێ، هەلم / لە بۆ هۆزو بۆ میللەتو بۆ گەلم

## دڵخۆش بوونی ئەمیرخان لە هاتنی ئەو ئەفسەرە

ئەوەی بیست کاتێ کە لەو چاوەشە / ئەمیرخان دەیگرتە نێو باوەشە
دەمی ماچ کردو گوتی تۆ دوڕی / بە قیمەت گرانی لە بۆ من کوڕی
منم خاوەنی شەش کوڕی پاڵەوان / ئەتۆ حەوتەمی چون یەکێکی لەوان
بە شادی بژی تۆ لە نێو ئێمەدا / لە دڵتا غەمو دوو دڵی رێ مەدە
بە خۆشی ئە لەو خاکە جێگیر بە / ئەلێرەش ئە تۆ خاوەنی شیر بە
بدە مەشق سەربازی کوردی دلێر / لە بۆ رۆژی شەڕ تاکوو رووکا لە شێر
هەر ئەو کاتە عەبدولعەزیزی کوڕی / دەگەڵ خست تاکوو بەرگ هەڵگری
جلی شێرەمەردانی گەر کردە بەر / لە خۆی بەست شمشیرو تۆقی کەمەر
گەڕاوە وەکوو شێر بۆ دیوەخان / دەوێستا سڵاوی دەکرد ئەو لە خان
پچۆ قشڵەوە هەرچی مەیلی تووە / لەوێدا لە بۆ ئێوە حازر بووە
کە "جەوزۆیە" سەرداری ئەو لەشکرە / ئەگەر چوویی دەستووری لێ وەرگرە
بەوی خۆ بناسێنە لەو قشڵەدا / جحێلان هەر ئەو وە دەس تۆ دەدا

سەرۆکێکە لەو قشڵە فەرماندەیە    لە بۆ من شەوو ڕۆژ وەک بەندەیە

## ڕۆیشتنی هەمزە چاوەش بۆ لای جەوزۆی

لە پاش ئەو وتەی هەمزە چاوەش دەچوو    دەگەڵ تیپی سەربازتێکەڵ دەبوو
بە گەرمی لە جەوزۆیە دەیکرد سڵاو    لەوە دواوە سەربازی کردن بڵاو
ئەوی کرنە چەن پەل پەلی جوێ‌جوێ    لە بۆ مەشقو ڕێبازی تازەو نوێ
لە سەر ئیزنی جەوزۆیە مەشقی دەدان    هەموو کات دەیداوە مەشقی سەدان
شەڕی نێزەوو شیرو تیرو کەمەند    بکەن چۆن دوژمن لە داوو لە بەند
شەڕی گوللە باڕووتی تۆپو تفەنگ    قەڵا داریو شەڕ بە دارو بە سەنگ
سوواری لە بۆ شەڕبە ئەسپی کەحێل    لە بۆ چوونی شارانو گوندانو عێل
چ جۆرێ لە تەنگانەدا سەر کەوی    لە ئەسپو نەدا دەس لە یاڵی ئەوی
لە غارا چلۆنی بە بێ زین کەی    بە زینی هەر ئەو کاتە نەخشین کەی
لە فێربوونو ناسینی ئەمرازەکان    بە دەرسی دەگوت ئەو بە سەربازەکان
ئەوانی دەدا مەشق تا فێر بوون    لە پاشان دەیکردن ئەو ئازمون
هەتاکوو بزانێت گەر فێر بوون    ئە لەو فێڵو فەندانە دا تێر بوون
هەموویان لەو مەشقەدا دەردەچوون    نەبوو هەر لە نێو وانە لاوی زەبوون
خەبەر چۆوە بو گوندو هۆبەو هەوار    بڵاو بۆ وە ئەو باسە دەیدا لە شار
کە میر، ئەفسەرێ، هەمزە گەر ناویە    لە شاری ستەمبووڵ هێناویە
دەدا مەشق لاوانی لادێ و شار    لە پۆلی پیادانو دەستەی سووار
ئە بەو باسەوە خەڵک ئامادە بوون    بە دڵ عاشقی ساقیو بادە بوون
دەهاتن بە سەد پۆل لاوی جووان    لە هەر هۆزو هەر عێلو عاشیرەتان
بە دەس هەمزەوە مەشق دەدرانەوە    بە کەیفو زەوق هەڵدە سووڕانەوە
هەموو عەسکەری دەوڵەتی میر بوون    هەموو خاوەنی تیرو شمشیر بوون

## چوونی ئەمیر بو ڕاوو دیتنی سەربازەکان

ئەمیرخان ڕۆژێکی رووی کردە ڕاو    لە نێو جەنگەڵی، عەسکەری دی بە چاو
گوتی ئەوە لەو خاکە دا چی دەکەن؟    هەموو لەو پەلەو شاکەدا چی دەکەن؟
دەیانگوت ئەوە چاوەشی ئەفسەرە    دەکا مەشق لەو جێیە بەو عەسکەرە
وتی با بچم سێرە بگرم لەوان    بکەم من تەماشای مەشقی جووان
کە چوو دی لە نێو جەنگەڵو لێڕەوار    پیادەو سوارە کەوتبوونە غار
لەوێدا بە گژ یەکتری دا دەچوون    وەکوو دوژمنی هەر لە بۆ ئازمون

به تیرو بەرمبو مەتاڵو کەوان    دەیانکرد شەڕ دولقی نەوجووان
یەکێ سواری ئەسپانی کەحلان بوو    بە بێ ئەسپ ئەوی دی لە مەیدان بوو
ئەمیرخان ئەوەی کە دیی شاد بوو    لە باری غەمو دەرد ئازاد بوو
کە ئەو لاوە لەو بەزمە دەکشانەوە    بە یەک دەستە و سەف دەڕازانەوە
بە دەستوورو فەرمانی هەمزەی بە ناو    دەیانکرد لەو مەزنە گەورەی سڵاو
لەکن میر سەرباز دەدرا لە سان    بە ڕیژە لە ڕێ ڕۆیین ئەو رادەسان
کە ئەو عەسکەرەی خان بەو حاڵە دین    لەوانی دەکرد سەد هەزار ئافەرین
خەڵاتی کردن پووڵی پێ دانەوە    جلو بەرگو پێڵاوی وێ دانەوە
ئەمیرخان فەرموویی بە جحێڵەکان    بکەن روو لە نێو تیرەو خێڵەکان
جووانێ کە نەدراوە دەرسی بە فەن    لە نێو گوند دا فێری مەشقی بکەن
هەتا خەڵک ئامادە و ساز بن    لە بۆ ڕۆژی تەنگانە سەرباز بن

## دەستووردانی ئەمیر بە میرئاخوڕ بۆ گرتنەوەی ڕەوەی ئەسپان

لەوەدوا لە میر ئاخوری راخوڕی    "عەدی" هەستە تۆروو کە کێوو چڕی
ڕەوەی من لە کێوو چیا بێنەوە    مەهێڵە بە تۆڕی کە بخولێنەوە
لە بەرچاوی من ئەو ڕەوەی راگرە    چ ئەسپێ . لە نێو وان دا چاترە
هەڵی بژێرە تۆ بیکە زین و لەغاو    بە دوشەکچە و ساز وبەرگی تەواو
ئەوەی هەڵگری زینو تەنگەو بەری    ئەتۆ بیدە بە پیادەکەی عەسکەری
عەدی چوون ڕەوەی خانی هێنایەوە    هەر ئەسپەی وەدەس یەک نەفەر دایەوە
ئەوەی پیادە بوو پاکی کردن سووار    بە خۆشی ئە لەو کێوە کردیانە غار
گەڕاوە ئەمیرخان بۆ دمدمی    سەیر کەر بەرەو ماڵو مزڵی جمی
هەتا مرد ئەو هەمزە بوو هەمدەمی    لەکن میردەژیا بە خاترجەمی

## ئاگاداری شالەکاری ئەمیرو ناردنی چەند جاسووس دەلیباسی دەروێشاندا بۆ دمدم

دەگوترا بە شا میر یاغی بووە    قەڵاتی حەوا داوە بەو بێنووە
لە خزمەت بە شا چوونکە نارازی یە    شەوو رۆژ سەر گەرمی چەک سازی یە
کە بێتوو بدەی دەرفەتو هەل بەوی    لە چەنگ ئەو پلنگەی بە شەو ناخەوی

وتەی زۆر لەو بارەدا بیستبوو وەلێ باوەڕی شا بە خەڵکی نەبوو
لە کارو قەڵاتی ئەمیرخانەوە دەبۆ دوو دڵو کەوتە فکرانەوە
گوتی گەر ئەمن بیری زاڕا نەکەم ئە لەو کارە سەر رشتە پەیدا دەکەم
وەها چاکە جاسووسی دەروێش رەنگ بنێرم لە بۆ دمدمی بێ درەنگ
بچن ئەو بە خەرقەو جلو بەرگەوە بە شمشێرو تەپڵو دەفو زەرگەوە
بە کەشکۆڵو پرچو بە ریشو عەبا لە خەڵکی بکەن رۆژو شەو مەرحەبا
زمان خۆش بن ئەو نەکەن بەد فەڕێ گورگ بن وەلێ بچنە کەولی مەڕێ
بەزیکرو بە رەقسو سەماوو بە فەن وەها بن کە زانا پەیان پێ نەبەن
بە دەم زکر کردن ببورێنەوە بە نێو دمدمی دا بسوڕێنەوە
لە دوژمن دەبێ سێرە بگرن بە دڵ لە خەڵکی نەبن ئەو بە بێ هوودەسڵ
بزانن ئەمیرخان فکری چیە نیهادی خراپەی دەگەڵ شا نیە؟
کە بێتوو بکا بیری یاغیگەری دەنێرم بە شەڕ لەشکرم بۆ سەری
قەڵاکەی لە سەر خان وێران ئەکەم دەرو ژووری پێخوستی ئەسپان ئەکەم
شەهەنشاه جاسووسی زۆری هەبوون هەموو خاوەنی فەندو فێڵو فسوون
لە نێو وانە یەکیان هوشیار بوو جیهان دیدەو پیرو عەییار بوو
لە بۆ چوونی دمدم ئەوی هەڵبژارد دەگەڵ نۆ نەفەر فێڵەبازی دەنارد
بەرەو کێوی دمدم دەڕۆیشت پیر نەبوو ئەو لە نێو شارو گوندانە گیر
لە ڕێگایە ئەو پیرە نەیکرد هەڵە هەتا خۆیی هاویشتە ژووری قەڵا
کەچو ژوور غەوغایی پەیدا دەکرد ئە بەو بەزمە دنیایێ شەیدا دەکرد
دەکوترا لە کۆڕی سەما تەپڵو دەف بە بلوێر عالەم دە بوو سەف بە سەف
دەمێ زیکری ئەڵڵاو گریان بوو دەمێ زەرگو خەنجەر لە خۆدان بوو
جووانێکو پیرە لە کوردان بوون ئەوی دی لە ئەفغانو تورکان بوون
کە بەو جۆرە رەقسو سەمایان ئەکرد ئەوانیش لە نێو کورد دا بوونە کورد
دەیانکردە گریانو قاژەو قریو دەیانداوە بەو کارە عالەم فریو
خەڵک بوونە دەروێشی دەروێشەکان نەیان بوو لەکن وانە هێزو تەکان
بە رۆژێ لە بازارو مەیدان بوون لە شەودا لە یەک خانە مێهمان بوون
لە بۆ وان تا لیلە بوو شەو چەلە کەوتبوونە ئەو گۆمە بۆ پێ مەلە
لە دوویان بوو خەڵک رۆژو شەوێ ئە لەو کێوە دەتگوت کە کەس ناخەوێ
هەموو عاشقو هەمدەمی پیر بوون لە نێو داوی ئەو پیرە یەخسیر بوون
نە هێنی چون ئەو پیرە کاری دەکرد بە کووچەو بە داڵان دا رادە برد
بە بەزمو سەما کردنو پرتە پرت لە هەرچی کە دیبای سێرەی دەگرت

لەکن پادشا چونکە هەیبوو تەڵا ... دەسووڕاوە بێغەم لە ژووری قەڵا
نەبوو کەس بڵێ بۆ ئەتۆ وادەکەی ... شەوو ڕۆژ هەر زیکری ئەڵڵا دەکەی
دەیانگوت خەڵک پیرە دێوانە یە ... لە بۆ دینی ئیسلام پەروانە یە

## چاوکەوتنی داروغەی شار بە دەروێشێک لە ئەسلەحە خانە

لە بۆ میر بوو یەکنەفەر مل قەوی ... بە خورشید دەبراوە نێوی ئەوی
کرابوو بە داروغە لەو شارە دا ... گەلێ شارەزا بوو ئە لەو کارە دا
کە چوون گەورە و میری بازاڕ بوو ... دەگەڵ خەڵکی ئەو شارە هەمکار بوو
بە خۆیو بە دەستەی دەسووڕایەوە ... نە وەک دز بە شەو ماڵی بر بایەوە
لە سەر ماڵی خەڵکا دلێری دەکرد ... لە بازاڕ ئەو چاوە دێری دەکرد
کە دیبایی یەک ناکەس‌و نا ئەمین ... کە نەیگرتبا هەر دەچۆ دەر لە دین
دزی زۆر خسبوونە حەڵقەی کەمەند ... ئەوانی لە زیندان کرد بوو لە بەند
ئەمیرخان زەنگی لە بەر کرد بوو ... بە دو ناحەزی هەر لەفڕ برد بوو
نەبوو دز بکا نا ئەمینی بە کەس ... لە بازاڕدا هەڵبکێشێ نەفەس
دەسووڕاوە خورشید ئێوارەیە ... لە کووچەو لە بازاڕی ئەو شارەیە
لە بەر دەرک‌و دووکانی چەکسازەکان ... گەیشت ئەو بە تیپی تەڵەکبازەکان
دەدەروێشەکەی دین پڕمەکرو فەن ... کە ئاوڕ وە دەورەو بەری خۆ دەدەن
تەماشایی ئەو کارگایەی دەکەن ... ئەگەر بێ کەسێ، خۆ رە عەرزی دەخەن
کە خورشید دەروێشی لەو جێگە دین ... وە شک کەوت لەو بەد فەڕەی نا ئەمین
لە دڵدا گوتی بەو درەنگ وەختیە ... لە بۆ لێرەن ئەو هانە؟ بەدبەختیە
نەماوە کەسێ خۆ لە پیرو جووان ... تەماشا بکا بەزم‌و ڕەقسی ئەوان
نەکا لێرە دەروێش جاسووس بن ... بە دوور ئەو لە ویجدان‌و ناموس بن
کە جاسووس بن لایقی کوشتنن ... لە بۆ میللەتی کورد، وەک دوژمنن
لە یەک گۆشە لەو هانە خۆی کرد مات ... کە دوو چاوی جاسووس پەی پێ نەبات
ئە لەو کاتە خورشید دەی دیی بە چاو ... قەدو قامەتی یەک نەفەر تازە لاو
لە نێو کارگا دەرپەڕی هەر بە غار ... دەچۆ کۆڕی دەروێشی بەد کارو هار
هەڵاتن کە ئەو چۆوە دەروێشەکان ... لە دەورەوبەری کارگاکەی چەکان

# سەرسوڕمانو دەشک کەوتنی داڕۆغە

نەیان ما کە دەروێش رەخسو سەما
دەبوو گێژ خورشید بۆی دا دەما

دەچۆ ژوور شاگردەکانی دە دین
لەوانی وەها راخوزی ئەو بەقین

بلێن پێم لە کوێیە وەستایی چەک؟
خەیانەت دەکا بۆ بە نانو نمەک؟

لە دەس میر دەخوات مووچەو بەرات
چەکانی ئە بەو جۆرە بۆ ساز ئەکات؟

بە رۆژێ لە نێو کارگادا نی‌یە
خەبەرداری جاسووسی پاشا نی‌یە

دەچێ سەیری گوڵزاری زەنوێر ئەکا
بەوی چی کە بێگانە روو لێرەکا

یەکێ هاتە پێشێ لە شاگردەکان
گوتی تۆ لە سەر خۆبە خورشید خان

لە ئێوارەدا کار چون ناکرێ
دەبێ کارگا دەرکەکەی داخرێ

چون ئەوڕۆکە وەستا لە خۆ بۆتەوە
لە پێش ئێمە بۆ مەنزڵی چۆ تەوە

ئەمەش وردە ئەمراز کۆ کۆ دەکەین
لەوە دوواوە دەرکی لە سەر دادەخەین

دەبێ چۆڵ ئەو جارە تاکوو بە یان
بە شەو دێتە بەر دەستی ئێشکچیان

کە خورشید ئەوەی گوێ لێ دەبوو
لەوی رادە وەستا و دەیدا پشوو

گوتی چاکە ئەوەی دەکەم من قەبووڵ
لە ئێوە، فریوو نەدەن گەر بە پووڵ

بلێ پێم بۆ هات دەروێشی لاو؟
لە نێو کارگا لێی دەکردن سڵاو

چ بوو کارەکەی؟ چی دەپرسی لەوە؟
ئە لەو بارەدا چۆنی دەچنی سەوە؟

وەهای داوە شاگردی وەستا وەڵام
بزانە کە دەروێشی دڵ پڕ لە زام

بە خۆشی لە بۆ کارگا هاتبوو
جووانێکی دڵچاکە، نەک لات بوو

لە وەستایی پرسی کە چەکساز ئەکەی
بە چەن جۆرە داوایی ئەمرزا ئەکەی؟

کە کارت ئە لەو کوورەدا کردووە
چەکت تۆ لە چەن چەشنە داڕشتووە؟

لە بەردەستی تۆ چەن نەفەر کارگەر
دەکەن کار؟ وەستایی خاوەن هونەر

ئەوەی پرسیو رادە وەستا لەوێ
لە وەستا وەڵامی هەتا دەسکەوێ

کە نەی داوە لەو بارە وەستا جوواب
دەسووتا دڵی لاو هەر وەک کەباب

کە وەستا وەڵامی وە دەس وی نەدا
ئە لەو باسە دەروێش بوو بێ سەدا

گوتی من لە بۆ دیدەنی هاتووم
چ کارم نییە وێرە گەر کەوتووم

ئەوەی گوت وەدەر کەوت لاوی جووان
هەتاکوو نەکا هەمدەمی بەد خووان

کە خورشید ئەوەی لە شاگرد بیست
لەوێ رۆیی باسێکی دیکەی نەویست

نەبوو ئەو سەعاتەی لە نێو کووچە گیر
وتەو باسی دەروێشەکەی چوو لە بیر

لە بیری نەما چوونکە کاری هەبوو
پەژارەو غەمی بەزمی شاری هەبوو

دەبوو ئەو لە بازاڕ دەکرا کە جەنگ
بە. سەر عالەمێ را بگا بێ درەنگ

فەرامۆش دەکراوە باسی جووان هەتا پەی دەبرد بەو سوزورازە خان

## چاو کەوتنی ئەمیرخان بە دەروێشەکان لە دەوروبەری ئەسلەحە خانە

سێ هەینوویە دەروێش دەخولانەوە
لە نێو دمدمێ دا دەسوورانەوە
دەیانگوت خەڵک ئەوە مەردی خودان
لە بۆ شار ئەوڕۆ کە نوورو چران
هەتاکوو خوداوەندی زانا بەسوز
لەکن خەڵک دەروێشی خستن لە فز
وەها هەڵکەوت خانو جەوزۆ دەچوون
لە خاچۆیی ئەشکەوت مێهمان بوون
دەگەڵ وان بوو چەن سەرۆکو مەزن
لە عاشیرەتو هۆزی خاوەن وەزن
لە ئەشکەوتدا بۆیە حازر دە بوون
بکەن تۆپی دارێژراو ئازموون
کەچوو خان بۆ سەیری تۆپو چەکان
بەرەنگار بوو ئەو بە دەروێشەکان
ئە لەو وەختە گەرتووشی ئەو هانە بوون
لە دەرکی قەڵاتوند تێپەڕ دەبوون
ئەمیرخان دەروێشی گەر دینەوە
نیهادی بەدی ئەو لە سەر دینەوە
گوتی بەرهەمی وانە عەییاری یە
ئە لەو جێگە چون ئەو پەڕی شاری یە
کەسی لێ نیە بۆی بگرن بەزم
ببێ گەر بە دەم زیکری ئەڵڵا جەزم
جەزم بوونی دەروێش فێڵو فەنە
لە ریشی خەڵک هەڵدە سوون ئەو خەنە
دەزانم کە جاسووسی عەبباس شان
ئەوەش مەکرە تەپڵی دەکەن گەر لە شان
ئە لەو فکر دا خان گەر هەوت بوو
دەڕۆیشت نێزیکی ئەشکەوت بوو
کوڕێکی هەبوو سەیفە بوو ئەو بە نێو
لە رۆژی شەڕا شێری دڕ بوو لە کێو
چون ئەو سەیفە دەرمان بوو بۆ دڵان
دەبۆ سەر پەلی تیپی یاساوڵان
دەگەڵ پاسەوانان ئەو بێ سەدا
شەوو رۆژ وەک شێر پاسی دەدا

## تورە بوونی ئەمیرخان لە سەیفە

ئەمیرخان سەیفەی کوڕی گەر دەدی
بە چاوان وا توورە بوو، چی نەدی
گوتی هەر دە دەروێش بەو رەوتەوە
لە بۆ چوونە نێو ژووری ئەشکەوتەوە؟
لە بۆ دەنگی وانت نەدا تۆ لە دوور؟
وەیا نەتدە گرتن ئەگەر چوونە ژوور؟
وتی بابە من لێرە هەر لا نەچووم
لە رەفتاری ئەو هانە غافڵ نەبووم
ئەگەر چی لە ئەشکەوت نیزیک بوون
بەرەو ژووری ئەو غارە هەرگیز نەچوون
کە چووبان دەمدانە بەر قەمچیان
بە یاساوڵانو بە ئێشکچیان
دەیانداوە گەشتێ لە دەوروبەری.
دەسوورِان بێهودە و سەر سەری

ئەمیرخان دەی بیست گەر ئەو قسە
بە سەیفەی دەگوت ئەوە بۆ من بە سە

بچۆ بێنە خورشیدی بازاڕ چی
لە بۆ ئێرە زوو تۆ لە یادت نەچی

بە خورشید کاری گرینگم هەیە
دڵم پڕ لە دەردو غەم‌و غوسسەیە

بە سەیفەی کە دەستوور ئاوا دەدا
لەوێ ڕۆیی دەیکرد یادی خودا

لە ئەشکەوت چۆ ژوور میری بە سام
لە خاچۆیی وەستایی ئەو کرد سەلام

کە خانی دەدیی بووبە یەک قەترە ئاو
لەوی گرت ئەو پیرە ڕێزی تەواو

دەبوو شادو دڵخۆش خاچۆیی پیر
بە دیداری گەوران‌و جەوزۆو میر

دەیانکرد تەماشایی تۆپی نووێ
لە چەن جۆرە ئەمرازی تازەو جووێ

چەکی تازەو تۆپی تازەی کە دین
لە خاچۆیی کرد میر سەد ئافەرین

گوتی هەربژی شاد بی ئەی فەلە
بمێنی ئە بەو دیمەن‌و هەیکەلە

فەلەو کورد چەن قەڕنە یارو بران
دەگەڵ یەک بە بێ کێشە کێش‌و هەران

دەبێ حورمەتی یەکتری ڕاگرن
لە ژینا، کە چون هەمدەمی یەکترن

ئەوەی ئەو قەڵایەی دروس کردووە
بزانە ئەویش هەر لە هۆزی تووە

منیش دا بنێ تۆ بە گەورەی فەلان
دەکەم کۆمەگوو تا هەبم وەک چەلان

لە پاش ئەو وت‌و وێژە دەیگوت ئەمیر
بە خاچۆیی وەستایی زاناو ژیر

ئەتۆ هەستە ئاوردە تۆپی نووێ
بزانم کە گوللەی دەچێ بۆ کووێ؟

لە لوولەی کە بڕواتە دەر بۆ حەوای
چلۆن دێت ئاوازو ناڵەو سەدای؟

وەڵامی وەها داوە خاچۆ بە خان
کە ئەی نووری دوو چاوی کوردو فەلان

هەتا ڕۆژی هەینی دەبێ مۆلەتم
بدەی، ئەو دەمەی من دەبێ دەرفەتم

چون ئەو کاتە دەورانی بێکاری یە
خەڵک عاشقی چوونی نێو شاری یە

کە لەو شارە عالەم وەکۆ بوونەوە
لە سەودا کردن دا لە خۆ بوونەوە

لە دەورەی ئەوی خەڵک گەر زۆر بوون
من ئەو تۆپە ئەو دەم دەکەم ئازموون

دەبێ سەبر بگری لەوەیدا ئەمیر
بەرقدا نەچی تۆلە وەستایی پیر

وتەی پیرە خاچۆیی گەر کرد قەبووڵ
بە چەنگان دەی دایە بەو پیرە پووڵ

گوتی بگرە وەستا فەلەی بیر روون
لە تۆپم لە هەینوکە تۆ ڕێ‌نموون

ئەوەی گوت پەلەی کرد ڕۆیی لەوێ
مەبادا وە بەر لەشکری شەو کەوێ

## هاتنی دارۆغەو سەیفەخان بۆ لای ئەمیری

بەرەو ماڵ گەربۆوە خورشید هات
بزانێ کە ئەو گەورە چ پێ دەکات

دەگەڵ سەیفە هەردووک هاتن بە غار
دەیانگرت لەکن میری دمدم قەرار

کە خورشیدی بازاڕ باشی دەدی
گوتی گەر ئە تۆ شێرە مەردی ئەدی

له بۆ ناگری دەستی دەروێشەکان؟
نەکەن چاو تاکوو له تۆپ‌و چەکان
ئەوانە نە دەروێش‌و مەردی خودان
تەڵەک بازو جادو گەرن لێرەدان
بە خەرقەو بە کەشکۆڵ‌و شاڵی کەمەر
دەکەن خەڵکی بێچارە ئەوڕۆکە کەر
فریوی خەڵک بەو جل‌و بەرگەوە
دەدەن ئەو بە ریشی زل‌و زەرگەوە
دەزانم کەشا، وەو کەژەی خستوون
له بۆ ئێمە جادو گەری ناردوون
له دەورەی چەک‌و چۆڵ دێن‌و دەچن
خەڵک بۆ دەزانێ کە عاشق بە چن
ئەوانە بە دەستووری عەبباس ئەکەن
له نێو ئێمەدا خۆ کەڕو کاس ئەکەن
هەر ئێستا بچۆ روو له تەگبیرکە
دەس‌و گەردنی وانە زنجیرکە
گوتی گەورە یەك رۆژ دەمدی بە چاو
جوانێك لەو تیپەدا تازەلاو
کە فەرمانی ئاوا دەدا پێشەوا
بە خورشید، لەو میرە چۆ پێشەوە
دەچۆ مەنزڵ‌و دیوی چەک‌سازەکان
هەر ئەو کاتە دەمگوت بە سەربازەکان
بزانن کە ئەوهانە دەروێش نین
له بۆ ئێمە بێ گەزتن‌و ئێش نین
له نێو خەڵکدا چاپلووسی دەکەن
هەموو عالەمی نێو نووسی دەکەن
کە ئیزنم بدەی میری خاوەن شکوو
دەکەم پۆلە دەروێش بێ ئابڕوو
دەچم من هەموویان دەگرم بە دیل
دەیانکەم له نێو ئەو قەڵاتەی زەلیل
دەترسم له نێو شاردا را بکەن
نەگیرێن‌و سەد فیتنە بەرپا بکەن
کە خورشید ئەو باس‌و رازەی جووان
لەکن خانی کوردان دەیکرد بەیان
بە دەستوور رۆیی لەکن خانەوە
بە خۆیو بە دەستەی غولامانەوە
دەسووڕاوە خورشید ژانی دەکرد
له نێو شار سۆراغی وانی نەکرد
گەڕا زۆر بێ وازو بێ حاڵ بوو
هەتا تووشی یەکدانە بەیتاڵ بوو
خەلیل نێو بوو خەڵکی نێو شار بوو
له هەر چی هەبا ئەو خەبەردار بوو
کە خورشید چاوی بە بەیتاڵ کەوت
لەوی تاڵ بوو هەر وەکو قیل‌و نەوت
گوتی ها خەلیل خان نەتبێ تەکان
بزانم دەزانی بە دەروێشەکان؟
دەچم پاکە چون باوەڕو هەستیان
دەکەم تۆ بە ئەو شۆ له سەر دەستیان
وەڵامی وەها داوە چون بێ سەرن
بە شەو هەر له خانەی عەلی ئەکبەرن
کە بۆ زەردەپەڕ دێن‌و پەیدا دەبن
له بۆ بەزمی شەو هەر لەوێدا دەبن
عەلی ئەکبەریش چونکە زەنگانیە
دەگەڵ وانە دا هەمدەمی گیانیە
کە دارۆغە ئەوهەی گوێ لێ دەبوو
له شادی بەویدا دەهاتن تەزوو
دەرۆیشت بۆ خانە بێ گیر بوون
هەتا گەییە دەروێشەکانی چەتوون
کە دەی دین دەیگوت نەکەن دەنگ‌و هەست
هەر ئەو کاتە دەستی ئەوانی دە بەست
ئەوانی دەدا دەس غولامانەوە
هەتا چوونە نێو چاڵی زیندانەوە .

دەکوتران هەر چەند بە دارو بە سەنگ    لەوێدا نەیانکرد دەروێش دەنگ
نەیان گوت کە کارن ئە لەو شارە دا    چیە هیچ نەدوان ئە لەو بارە دا
زەمانێ لە زیندان دا مانەوە    بە تێلاو قەمچی دەکوترانەوە
هەموو رۆژ خورشید دەیگوت بە خان    بە کوتکان دەروێش ناکەن قسان

## کۆڕ پێک هێنانی ئەمیرو هێنانی دەروێشەکان بۆ ئەو کۆڕە

لەوە دواوە فەرمووی خانی مەزن    دە بەستم لە گەورانە کۆڕێ ئەمن
بیان هێنە هەموان بۆ دیوە خان    سبەینێ ئەمن شت دەپرسم لەوان
کە شەوڕۆیی دەروێشی هێنانەوە    لە بۆ کۆڕو دەسیان دەکرانەوە
ئە لەو کۆڕە دا سەف لەکن خانیان    دە بەست خەڵک بۆ سەیری زیندانیان
گوتی خان: دەروێش ئیشوو چیە؟    ئە لەو شارە خۆ ماڵە خزم وو نیە
دەیانگوت کە قوربان زیکرێ دەکەین    شەوو رۆژ هەر نێوی ئەڵلا دەبەین
زیکر خزمە بۆمەی فەقیرو هەژار    بە نێوی خودا چاکە دەس دەینە کار
چون ئەوڕۆ کە نیمانە کارێ بە کەس    خوداوەندە بۆ ئێمە فەریاد ڕەس
لە هەر کار دا رویی لە خودا دەکەین    چلۆن ئێمە ڕەفتاری بێ جا دەکەین؟
ئەمیرخان فەرمویی گەر بێ درۆ    بلێن راستی لەو دەمەی دا لە خۆ
بەڵێنی دەدەم ئێوە ئازاد کەم    هەمووتان لەو کۆڕە دڵشاد کەم
بزانم کە بۆ ئێرە بۆ هاتوون؟    بە دەستووری کێ وەو کەژەی کەوتوون؟
وەڵامی وەها داوە جادویی پیر    لە دەروێش دا مەگرە رق ئەی ئەمیر
بترسە لە یەزدانو رۆژی جەزا    مەدە ئەزیەتی خەڵک ئەی بێ بەزە
ئە تۆ مەگرە دەروێشی دڵ روونو پاک    دەبی سووک ئاغا لە سەر روویی خاک
فەقیرێکی دەروێش ئەوڕۆ لە بەند    مەکە ئەی مەزن تانەبی دەردمەند
ئە لەو کۆڕە دا یەک مەلایی تەواو    هەبوو زۆر هوشیارو "قادر" بە ناو
ئەمیرخان ئەو جارە بانگی ئەوی    دەکرد تاکوو دەروێش بەو بێ کەوی
مەلا هات لەو جێیە بۆ کن ئەوان    گوتی میر بدوێنە پیرو جووان
بەیانی کە لەو کۆڕە تۆ کارە سات    لە زیندانی من چۆن دەت بوو نەجات؟

## وت و وێژی مەلا قادر دەگەڵ دەروێشەکان

دەگەڵ تیپی دەروێش کە دوایەوە    ئە بەو جۆرە باسی دەگێڕایەوە
گوتی ساڵە وەختێکە من لێرەکەم    بە پوولی ئەمیرخان زگ تێر ئەکەم
ئەوەن تێرم ئەوڕۆ کە دەردم نیە    کەمو کەسریو ئاخی سەردم نیە

حەوت ساڵە لەو خاکە من چوومە دەر    دەرۆییم لە نێو کورد کردم زەرەر
کە چون زۆر وریا دڵو کورد بووم    لە پێتەختی ئێرانە هەڵورد بووم
منی کردە جاسووسی دمدم وەزیر    کە دەیدیم وا بێ نەواوو فەقیر
کوتی تەرکی سووڕانی بازاڕ کە    لە کاری ئەمیرم خەبەردار کە
لە میرخانو دمدم خەبەر بێنەوە    لە من پارە وو پووڵ بستێنەوە
دەدەم من بە تۆ هێندە لیرەو دراو    نەبێ تا دەمینی لە دنیا تەواو
کە ئەوەی دە فەرموو بە مەکرو فریو    لە بۆ پووڵ روم کردە هەو رازو شیو
بە سەد زەحمەتو دەردو سەردەرگومی    گەیشتم بە نێو سەنگەری دمدمی
نهێنی ئە لەو دمدمەی مامەوە    لە کاری ئەمیرخان دەدوامەوە
بزانم کە ئەو لێرە چەک ساز ئەکا؟    کە تەنگانە بێ خۆی دەرباز ئەکا؟
هەتا هەینوێ من ئە بەو جۆرە بووم    لە بۆ کارگەی پیشە سازی دەچووم
ئەگەرچی بە بێ ترس دەخولامەوە    بە منیان پەی بردو گیرامەوە
لە زیندان دا هەرچی بوو بێ درۆ    بە خانم دەگوت تا نەبم رەنجەڕۆ
منی کرد ئازاد بەو کارەیە    بەوەی بوومە روو سووری ئەو شارەیە
ئەوێستا ئەگەر ئێوە دەروێشەکان    مسوڵمانن ئەی خاوەن ئەندێشەکان
بڵێن راستی دەبنە یاری خەڵک    دەتان بێ ئە لەو شارە بەهرەو کەڵک
لە نێو ئەو قەڵاتەی دەکەن زیندەگی    لە بۆ ئێوە عالەم دەکا بەندەگی
کە ئێرەو بە کەیفی نەبوو بچنەوە    بەرەو ماڵ لەو کاتە دا بینەوە
دەزانم کە ئێوەش بە وێنەی منن    فریو خوردەنو نۆکەری دوژمنن
کە دەنگێ نەکەن ئێوە دەبڕی سەرو    دەکەن پەتک بێ شک لە گەردنو گەرو

## راستی نەکوتنی دەروێشی پیر

بەوەی گەر مەلا بۆیی کردن بەیان    نەبوو نەرم دەروێشە پیری خەیان
گوتی من نە عەییارو جادووگەرم    نە جاسووسی عەبباس، نە نۆکەرم
ئەوەی دەر حەقی من لە دەستان دێ    کە مەردن، هەرئێستاکە بابێتە جێ
لە بۆ کوشتنی من منەتبار نیم    بەغەیرەز گیانێ قەرزدار نیم
بەشەر یەک کەڕەت مردنی دێتە سەر    لە دنیایی پڕ غەم دەبێ بچتە دەر
کە چۆ دەر غەمو حەسرەتی ئەو کەمە    دەگەڵ روحمی یەزدان چون هەمدەمە
کە یەزدان بێ کۆمەگی، بێ غەمە    سەری روومەتی ئەو بە وێنەی شەمە

## بێزاری دانیشتوانی کۆڕ لە وتەی دەروێش

ئەوانەی لە نێو کۆڕ بەشدار بوون — لە رەفتاری ئەو پیرە بێزار بوون
دەیانگوت ئەوانە دەبێ سەر بڕن — زمان ئاوەرو بێ حەیاوو دڕن
هەتا کەس نەبێ بەو زمان لوو سیە — لە نێو ئێمە دەس کا بە جا سوو سیە
لە بەر چاوی خەڵکی بیاندەن لە دار — بکەن سەیری ئەو هانە ڵادی ووشار
کە جەوزۆ ئەوەی بیست لەو کۆڕە دا — بە خورشید دەستووری ئاوا دەدا:
ئەوانە لە یەکتر بخەن پێکەوە — بەرەو دەرکی زیندان تۆ رێ کەوە
سبەینێ کەجێیان سێ دارەیە — لقی داری مەیدانی ئەو شارەیە
ئەبەو ئەمرە دەروێشکەی بردنەوە — لە نێو چاڵی زیندانەکەی کردنەوە

## راستی کوتنی دەروێشێکی لاو

دەگەڵ وانە بوو یەکنەفەر شۆڕە لاو — دەگریا گوتی من مەبەستن بە داو
ئەوەی گەر بزانم بە ئێوەی دەڵێم — دەزانم دەکوژرێم بێتو هەڵێم
ئەمن بووم بابێکی رووتو نەدار — ئەوەندە دەبوو دەستتەنگو هەژار
منی دا بە پووڵی وەدەس جادووان — خەبەرچین بم ـتالە نێو زیندووان
چ جادویە دوژمن بە دینو بە شەر — لە بۆ شادەکەن کاری سێسەد نەفەر
لە نێو خەڵک وەک گورگ دێنو دەچن — بە گژ میللەتی قوڕبە سەردا دەچن
هەموو خاوەنی بیرو ئەند یشەیە — سەرەی وانە ئەو پیرە دەروێشەیە
بە جاسووسیو فێڵەبازیو دزی — دەبن قاڵ بۆ پادشا وەک مزی
بە کوشتیان دا زۆر خەڵکی فەقیر — بە دەس شاوە سەریان دەبڕا بە شیر
دەکەن روو لە هەر لایێ ئەو بۆ خەبەر — بە خەرقەو تەپڵ دەبنە خاوەن هونەر
دەبن چون بە درویشی ساحێب کەماڵ — بەوانە دەکا خەڵک کۆمەگ بەماڵ
ئە بەو دیمەنەی کار بۆ شادەکەن — لە نێو شار ودێ فیتنە پەیدا دەکەن
دووەم وەرزە من خزمەتی وان ئەکەم — لە بۆ پووڵە خزمەت بە شەیتان ئەکەم
بە دەستوورو فەرمانی شاو وەزیر — وەڕێکەوت بۆ ئێرە- جادوویی پیر
هەتا کوو بزانێ کە لەو کێوەخان — دەدا دەسن لە ئەمرازی تۆپو چەکان
ئەوا پاک گیرانو پێوەند کران — دەناڵن بە زنجیرو کۆتی گران
ئەوەش کارەساتو بە سەر هاتمە — لە زیندان دەر چوون ئاواتمە
کرا لاو ئازاد ئەوەی کە گوت — لە نێو شارو بازار خۆی کرد قوت
بە دەستووری میرخان دەکرا خەڵات — دەبۆ خاوەنی پووڵی زۆرو بەرات

لەوەدوا بە فەرمانی پیرانی کوێر
دەیانکرد دەروێش هەر نۆ لە گۆڕ
لە سێدارە دەدران‌و خنکانەوە
بە یەک رۆژ دەروێش دەبڕانەوە
نەبو کەس لە بۆ شا، خەبەر گەر بەری
لە میرو قەڵات‌و کەژو سەنگەری
ئە بەو کارە خەڵکی قەڵا بۆوە روون
لە دەس فێڵەبازان ئاسوودە بوون
لە دمدم شەمی فێڵ گەر هەڵکرا
ئە بەو جۆرە پیلان پووچەڵ کرا
بزانە کە ئاکامی کاری خراپ
دەکا تۆ لە زنجیرو بەندو قولاپ

## داوای یارمەتی کردنی میری شەمدینان لە خانی لەپ زێڕ

وەڵاتێ لە نێو رۆم پان‌و بەرین
هەبوو، خۆش وزە نوێر بوو کوردنشین
بە شەمدین دەبراوە نێوی ئەوی
چرا بوو لە بۆ عالەمی سەر زەوی
مرۆیێ کەوا سادقی نێو بوو
لە سەر خاکی شەمدین ئەو خێو بوو
لەوێ میرو ئاغاو سەردار بوو
گەلێ مەردو ئازاوو هوشیار بوو
وەها بەخت‌و نەخشی کەوتبوو، وەکار
دە لەرزی لە ترسانی ئەسفەندیار
نەبوو کەس کە پەنجەی بە شەڕبابدا
وەیا سەر لە ئەمری ئەوی لابدا
ئەلەو خاکە بەرپانەدا شێر بوو
لە رۆژی شەڕا مەردی شمشێر بوو
دەگەڵ دەوڵەتی رۆم لێی بووبە شەڕ
بە توندی لە هەر کێوو هەر بەحرو بەڕ
کە سوڵتان لەو میرەدا چوو بەقین
وەڵاغی رقی کرد بەو جۆرە زین
سپایی وەکوو خیز کۆ کردەوە
لە هەر لا هوجومی لە بۆ بردەوە
بەڕێی کرد گەر لەشکری بێ ژومار
بە تۆپ‌و تفەنگانە دەیکردنەیار
بە عوسمان پاشایی، قۆشەن سپارد
بە فەرماندەیی هەر ئەوی هەڵبژارد
بەرەو خاکی شەمدین قۆشەن دەچوو
بەرەنگاری سەربازی سادق دەبوو
دەبۆ شەڕ، لەدوو لاوە شەڕ گەرم بوو
دڵی بەرد لەو بەینەدا نەرم بوو
شەوو رۆژ بۆ شەڕ دەیانگرت سەف
دەکوژراوە خەڵکی لە هەر دوو تەرەف
هەتا رۆیی یەک مانگ بەزم‌و هەرا
لە مەڵبەندی شەمدین دا هەر کرا
ئەوەندەی لە رۆمی دەکوژرانەوە
هەزاران لەو جێ‌یە دەنرانەوە
لەوانە دەکوژراوە رۆژێ هەزار
نەدەبڕان وەک جەنگەڵ‌و لێرەوار
هەموو کات‌و دەم کۆمەگی بۆ دەهات
هەتا میری شەمدین بەردەست کات
بەخێنی گەشی رۆمی باسک قەوی
گەلی کورد رەنگینی کرد بوو زەوی
لە هەر لایێ ئەو کوردە رووی تێدە کرد
سەری رۆمیانی بە تاڵان برد
لە عەسکەر ئەوەندەی کە کوشت‌و بڕی
نە دەشکاوو دەیکرد هەر ملهوڕی
بە زۆری کە وەك خۆڵ بێ لەشکرێ
بە یەك هێزی کەم چی دەگەڵ ناکرێ

کە سەرداری شەمدین زانی بە شەڕ — وەڵاتی لە دەس تورک ناباتە دەر
گوتی میری لەپ زێڕە چون سەرووەرم — وەها چاکە هاوار بۆ وی بەرم
کە هاوارو بانگم لە بۆ بردووە — هەموو دەم لە فریادی من هاتووە
کە بێتو بەدادم بگا شەڕ دەکەین — لە شەمدین ئەو دوژمنەی دەر دەکەین

## ناردنی عەبدوڕڕەزاق بۆ لای ئەمیرخان

بە شەو پیری زانایی هێنانەوە — لە بۆ کۆڕ لەو باسە دەدوانەوە
هەموویان وایان دانا بە باش — بکا میری شەمدین ئەوڕۆ تەلاش
هەتا زوویە عەبدوو ڕەزاقی برای — بنێرێت شێخزادە بێ ڕانومای
کە شێخزادە فەرماندەیی لەشکرە — لەرێ یاری ڕەززاق بێ چاترە
لە جێگەی ئەوی قازی بەگ با ببێ — بە فەرماندە تا کاری شەڕ چا ببێ
وەکوو شێر چون خاوەنی جەوهەرن — دەبا هەر دوو بۆ خان نامەی بەرن
لە ریگایە دا کەس لە ترسی ئەوان — نیە گەر بدا دەس لە ماڵی کەوان
هەر ئەو کاتە میرسادقی پاڵەوان — لە میرخان نامێکی نووسی جووان
بە نێوی خودا نامە نووسرا سەری — هەر ئەو نێوە بۆ زینەت‌و زیوەری
لە پاشان بەو جۆرە دەیکرد بەیان — و تەو باس بۆ شێری دمدم مەکان
کە ئەو زێدی کوردانە دا بەش کرا — لە نێو ڕۆم‌و ئیران دا وەک برا
بزانە کە سوڵتانی بێ بەش لە دین — لە کوردانی داگرت وەک دێوە قین
بە شەڕ، ڕوویی لەو خاکی کوردان کرد — دیار بەکری خاپوورو وێران کرد
ئەوێستا کە نۆرەی وەڵاتی منە — پەشۆکاوو هاڵوزە بەو دوژمنە
دەگەڵ ئێمە دا جەنگ‌و پەیکار ئەکا — لە شەمدین دا کوشت‌و کوشتار ئەکا
وەکوو گورگ لەو میللەتەی بەر بووە — مەڕو ماڵی خەڵکی هەموو بردووە
دەڵێ چۆن گەلی کورد مافی دەوێ — بە ئاسوودەیی بۆ دەبێ وەرکەوێ؟
دەبێ تا کوو دەمرێت هەر نەسرەوی — بچێژی لە کێوو کەژا بێ خەوی
هەتا کورد بێ دەوڵەت‌و ماڵ بێ — سەری شۆڕە گەر ڕۆستەمی زاڵ بێ
ئەمن نایەڵم ئەو حەقەی دەسکەوی — دەبێ چون بە سوڵتانی ڕوویی زەوی
نەژادی وەهادڕ ئە گەر بێ بەشا — دەکا تورک بێ کەیف‌و عەیش‌و نەشە
کەوابێ دەبێ دەرفەتی پێ نەدەم — تەنافی لە ئەستۆو گەردن بکەم
ئە بەو فکرە تورکی دڕندەو بەزەڕ — پەلا ماری بۆ ئێمە هێنا بە شەڕ
خەیاڵێ دەکا ئێمە گەر قڕ بکا — بە ماڵی گەلی کورد زگ پڕ بکا
وەلێ بەو خەیاڵەی کە دەی کا تورک — دڵی پڕ دەبێ هەر لە ژان‌و برک

دەگەڵ کورد هیچی لە بۆ ناکرێ — گەلی کورد نەبڕاوە یەو نامرێ
ئەوا پێشی ئەو لەشکرەم گرتووە — لە شەمدین وا ئابڕووم بردووە
لە نێو کورد چون تۆیی خانو بەگم — لە گەورەم دەوێ گەر بکا کۆمەگم
بە یاری خوداوەندی مەزنو ئەتۆ — سەری دوژمنی کورد دەکرێ بە گۆ
لە شەمدین وا دەرس دەدرێتەوە — هەتا ماوە لەو جەنگە نەدوێتەوە
نەکا تا حەشر بیری کێشەو هەرا — دەگەڵ کورد هەمکار بێ وەک برا
کە نامە ئە بەو جۆرە نووسرایەوە — وە رەززاقو شێخزادە دەدرایەوە
بەرن تا لە بۆ میر ئەو نامەیە — بکەن چارە سەر ژانی ئەو زامەیە

## ناردنی سیمۆنی فەلە دەگەڵ وان بۆ بەڵەدی رێگا

هەبوو یەک فەلە تاجرو شتفرۆش — لە عەقڵا گەلێ دەوڵەمەندو بەهۆش
نەبوو کەس ئە لەو تاجرەی ناڕەزا — بە دنیایی ئەو کاتە بوو شارە زا
بەڵەد بوو بە هەر شارو گوندو دیار — لە هەر دۆڵو هەر کێوێ خستبووی بار
بە نێوو بە نێو بانگ سیمۆن بوو — ڕەزا سووک بوو، نەک بەدو مۆن بوو
ئەوی بانگ کرد سادقی پڕ هونەر — دەگەڵ نامەبەر تا بچێ بۆ سەفەر
دەناسێ چون ئەو بەندەنو جێیەکان — دەکا شارەزایی هەموو ڕێیەکان
وەکوو وی کەسی دیکە دەس ناکەوی — بەڵەد بێ بە دۆپو کەلێنی زەوی
کە سیمۆن چوو میردەیگوت بەوی — دەبێ تۆ دەگەڵ قاسیدی من کەوی
لە بۆ میری لەپ زێڕ نامەی بەرن — هەتا پێو نەڵێ خەڵک، بێ جەوهەرن
بە بێ ترس بۆ کێوی دمدم بچوون — کە ئەو خانە بێ یار، نابم زەبوون
دەزانی ئە تۆچن بە سەر هاتووە — لە دەورانی ئەو دوژمنەی بەد خووە
فەلەو کورد کەو توونە نێو گۆمەوە — دەناڵن بە دەس دەوڵەتی ڕۆمەوە
لە خاکی دیار بەکر ئاوارە بوون — پەرێشانو زاماری ئەو مارە بوون
لە شەمدینی داناوە بۆ ئێمە داو — دەکا هەر لەوێدا تورک گورگەڕاو
کە ئازاری ئەو دەوڵەتەی نۆش کەین — دەبێ بونی کوردی فەرامۆش کەین
نەڵێین ئێمە کوردین تا مەحشەرێ — دەگەڵ وانە ڕوو کەینە یەک سەنگەرێ
هەموو بۆ ئەوەی خۆ بە کوشتن بدەین — بە گەردن کەچی نۆکەری بۆ بکەین؟
کە سادق ئەوەی پێ دە فەرموو فەلە — لە بۆ چوون ئەو کاتە دەیکرد پەلە
بە خۆیو بە ڕەززاقو شێخزادەوە — دەڕۆیی بە بێ ڕێگەوو جادەوە
بەرەو دمدم ئەو سێ یە ڕۆیین بەغار — لە شیوو دەرەو بەندەنو لێڕەوار
بە قەدبڕ دەهاتن لە کێوو چڕی — بە سێ ڕۆژ ڕێگایی دووریان بڕی

دەهاتن شەوو رۆژ هەر وەک شەماڵ     لە دەشتان‌و لوتکەی چیا بوونە داڵ
بەڵەد بوو کە سیمۆن بە کون‌و کەلێن     لە بیری نەچوو هیچ، جێگەو شوێن
دەکەوتن وە نێو دمدمی سێ سووار     لەوێ چوونە مەیدانی بازاڕی شار
لە بازاڕی ئەو شارە بێ گیر بوون     لە بۆ دیوە خانی ئەمیری دەچوون
لە دەرکی سەرا رادەوە ستانەوە     لە بۆ ژوور تا ئیزن دەدرانەوە
چون ئەو هانە بێ ڕێزو حورمەت نەبوون     بە شادی لە بۆ خزمەتی مەزن چوون
لە میرخانیان کرد هەر سێ سڵاو     دەیانگرت لەو خانەڕیزی تەواو
هەر ئەو کاتە نامەی کەوەرگرت خان     بە سیمۆنی گوت ئەی فەلەی میهرەبان
دەناسم ئەتۆ چون فەلەی تاجری     غەریبی لە نێو خەڵک هەڵناگری
بڵێ پێم ئەو هەی دەگەڵ تۆن کێن؟     لە شارانە یا خۆ لەدێ نیشتە جێن؟
لە بۆ من ئەتۆ هەڵدە نێوی ئەوان     بە بێ نێو نابێ وەمێنێ جووان
گوتی ئەوهە ڕەززاقە بۆ سادقی     برایە، لە یەک دارە پۆ پ‌و لقی
ئەوەش نێوی شێخزادەیەو ئاگرە     لە بۆ ڕۆژی شەڕ، چونکە سەر لەشکرە
لە ئەسپی کرا بۆیە ئەو زینیان     بگەی تۆ بە هاواری شەمدینیان
بە تەگبیری گەوران‌و مەزن‌و سەران     ڕەوانەی سەرا پەردەیی تۆ کران
کەسی دیکە بەو کارە لایق نەبوو     بدانامە وەک شێری ئازا بە توو
کە سیمۆن ئاوایی گێڕا زمان     ئەمیرخان ڕێزی لە بۆ دادەنان
هەتا ڕۆیی دوو ڕۆژ مێهمان بوون     بە شەو هەر لە خزمەت ئەمیرخان بوون
لەکن میری کوردان ڕۆژو شەوێ     دەیانکرد تاڵوو کە بۆ چوونەوێ

## ڕاوێژ کردنی ئەمیرخان دە گەڵ مەزن‌و پیران لەو بارەوە

ئەوەی بوو ئەمیرخان پیرو مەزن     لەبۆ کۆڕو تەگبیر بانگی کردن
کە کۆ بوونەوە نامە خوێندرایەوە     قسەوباس لەو نامە دەکرایەوە
کە لەو کۆڕەدا دەربڕا بیریان     لە سەر ئەوە دەبڕاوە تەگبیریان
کە لەشکر بە هاواری میر سادقی     بچێت‌و بڕێژێ بە ڕۆمی رقی
ئەمیرخان فەرمووی ئەوهەش برای     ئەمیر سادقە بۆتە نوورو چرای
کە بیستیان ئەوباسە پیری ئەمین     دەیانکرد. لە ڕەززاق سەد ئافەرەین
دەیانگوت دەبێ هەمزە چاوەش بچی     لە بۆ ڕۆم ناکات گەردن کەچی
کەسی دیکە دەس ناکەوێ وەک ئەوی     لە مەیدانی شەڕدا ڕە دوژمن کەوی
ببا لەشکرو هەڵمەتی بۆ بەرێ     نەهێڵێ لەوێ تورک سەر دەر بەرێ
هەر ئەو مەردی مەیدانی ڕۆژی شەڕە     نەهەنگ‌و پڵنگ گێری بەحرو بەڕە

که راوێژی پیران دەبڕانەوە    لە هەمزەی ئە بەو حاڵە دەدوانەوە

## ڕەوانەکردنی هەمزە چاوەش بۆ شەڕ دەگەڵ ڕۆمیان

ئەمیرخان هەستا لە نێو کۆڕەوە    بە خۆیوو بەچەن پیری پسپۆڕەوە
دەڕۆیی بەرەو دەرکی قشڵو قشوون    سەعاتێ لە نێو قشڵ دا گیر بوون
لەوێدا بە هەمزەی دەفەرموو ئەمیر    دەبێ ساز بی بۆ شەڕ ئەی شێر گیر
لە بەر تۆیە ڕێیکی دوورو درێژ    دەدەی پێ لە هەورازو ڕژدو لە لێژ
دەچێژی گەلێ سوێری‌و تاڵیە    دەبینی دوو سەد دەردو بەد حاڵیە
گەلێ مەینەت‌و وەر هەمت دێنە ڕێ    شەڕو شۆڕو فکرو غەمت دێنە ڕێ
دەبێ تۆ بکەی باری زەحمەت قەبووڵ    بخەی ڕێ وەلا پاڵی هەڵدێرو قووڵ
لە کەژ خاوەنی گورزو گوپاڵ بی    ئە لەو کارەدا ڕۆستەمی زاڵ بی
لە مەڵبەندی شەمدین دا شەڕ بکەی    بەرازی ئە لەو خاکە دا دەر بکەی
ئەوا لەشکری ڕۆمە کەوتۆتە وێ    گیان‌و سەرو ماڵی خەڵکی دەوێ
دەگەڵ پەیکی سادق بڕۆ تۆ بە غار    لە سەر باز ببژێرە دوسێ هەزار
وەوانی دە هەر جۆرە تۆپ‌و تفەنگ    بچن بۆ شەڕی بەورو شێرو نەهەنگ
دەبێ پاک ئازاوو ئامادە بن    هەموو لاوی دەریا دڵ‌و سادە بن
هەر ئەوڕۆ کە ئەسپی سەفەر زین کەن    وەڕێکەون‌و ڕوو هەر لە شەمزین کەن
لە شەمدین دا تورکی چڵپاو خۆر    دەزانم لە خەڵکی دەکەن زوڵمی زۆر

## ڕۆیشتنی هەمزە بە لەشکرەوە بۆ شەمدینان

کە هەمزە ئەوەی بیست نەیکرد درەنگ    لە خۆی بەست ئەسباب‌و ئەمرازی جەنگ
دڵی چون ئە بەو چوونە سەر خۆش بوو    هەتا ڕۆیی وەک مەست بێ هۆش بوو
بە شەڕگەر لە بۆ تورکی ڕۆمی دەچوو    هەموو ئاوەتی هەمزە هەر ئەوە بوو
لە یەزدان دەی ویست شەڕ هەڵکەوێ    دەگەڵ ڕۆم‌و فەرمانی شەڕ بێ بە وێ
هەر ئەو کاتە سەربازی کردن سووار    ژومارەی کە دەکراوە بۆ دووهەزار
لە نێو سازو بەرگی شەڕا ون ببوون    وەکوو کەڵ بەرەو ڕووی دوژمن دەچوون
دەیانکرد بە میرخان ئەو جا پرس    وەڕێکەوت ئەو لەشکرەی بێ ترس
نهێنی دەڕۆیشت لەشکر لە کێو    شەوو ڕۆژ بۆ کێوو کەژ بوونە خێو
بە سەر ڕەو چیایانی کە بڕینەوە    بە شەش ڕۆژ پێی نا لە شەمدینەوە
کە هەمزە ئە بەو زێدە چاوی کەوت    دەسووتا لە تاوانی هەر وەک نەوت
دەگریا بە کوڵ هەر لە بۆ نیشتمان    لە بۆ هۆزی بێ ماف‌و ژین‌و زمان

لە بۆ میللەتی بێکەس‌و چارە رەش
بە دوژمن کرا خاکی ئەو کوردە بەش

بە شێکی وەبەر شایی ئێران کەوت
ئەوی دیکە سوڵتان دەیکرد زەوت

لە هەر دوو بە شا خایینی کورد هەبوون
بە پێشوازی زەححاکی کوردی دەچوون

دەیانکوشت هەر رۆژە چەندین جووان
دەیاندا بە مارانە مێشکی ئەوان

هەتا زۆڵە کورد روو لە بێگانە بێ
دەبێ خاکی کوردان وێرانە بێ

هەتا نۆکەری دوژمنی کورد بێ
ئەشێ کورد بۆ دوژمنی پرد بێ

لە بن باری زوڵما دەکا پشت کۆم
هەتا ماوە بۆ شای ئێران‌و رۆم

لە بۆ کورد تا کاوە پەیدا نەبێ
گەلی کورد هەروا بووەو وا دەبێ

هومێدم وەهایە کە کاوەی زەمان
لە دەس زوڵم رزگارکا کوردەکان

ئەمیرخانی لەپ‌زێڕ میری دلێر
کە وەک کاوە بۆ کوردە ئەو پێ بە خێر

ئە لەو وەختە هەڵبگرێ ئاڵا بەشان
لە یەک پەرچەما کۆ وەکا تیرەکان

وەکوو وی دەنا شێرە مەردێ نیە
گەلی کورد چاوی لە دەستی ویە

کە هەمزە دەبوو تێر لەو بادەیە
گوتی وا بە ڕەززاق و شێخزادەیە

بڕۆن چونکە لەو کاتە کارو نیە
بەرن ئێوە بۆ میر مزگێنیە

بڵێین کۆمەگی خانی لەپ زێڕ هات
هەر ئەو شیرو خەنجەر لە دوژمن دەدات

ئەوەی گەردەگوت هەمزە چاوەش بەوان
دەیانداوە قەمچی لە ئەسپی ڕەوان

نهێنی دەهاتن بە شەو بێ سەدا
خەبەریان بەو میری شەمدین ئەدا

کە لەشکر بە هاواری تۆ هاتووە
لە دوژمن کە نێزیکە هەڵوردووە

دەبێ تۆ نەکەی ئەو سوڕەی ئاشکرا
هەتا پەی نەبا ڕۆم بەو لەشکرە

کە پەی پێ بەری دێ شەبەیخون ئەکا
سیحربازە سەد فێڵ‌و ئەفسوون ئەکا

ئە بەو باسە ئەو میرە دڵشاد بوو
لە زنجیری دەردو غەم ئازاد بوو

بە خۆیوو بە پیرانی شەمدینەوە
بەرەوو پیل چوو تا ئەوی دینەوە

کە هەمزەی دەدی میر دەیکرد سڵاو
گەلێ حورمەت وڕێزی گرت ئەو لە لاو

لە پاشان ڕێزی لە سەربازەکان
دەگرت‌و گوتی ئەی گیان بازەکان

هەمووتان بو ئێمە پشت‌و پەنان
بە ئێوە دەپارێزرێ نیشتمان

ئەگەر لاوی بێ باک‌و ئازا نەبێ
گەلی کورد هەر وێڵی سەحرا دەبێ

لە بەروانە ئەو خەڵکە نانی دەخۆن
دەکەن لەو کەژو کێوە لە کڵوکە بۆن

هەر ئەودەم گوتی هەمزە چاوەش بڕۆ
بکەین ئێمە راوێژی شەڕ خۆ بە خۆ

وەدوورکەوت سادق دەگەڵ هەمزە بەگ
دەیانگرت مەنزڵ لە سەر یەک کەڵەک

گوتی‌هەمزە: فەرموو سەرۆکی مەزن
لە رۆمی ئەوەی گەر دەزانی بە من

لە بەر تۆیە ئەو ڕێگە دوورەم بڕی
کە شەش رۆژە کەوتوومە کێوو چڕی

رقم بۆیه لەو تورکەدا گرتووه که تالانی مالی منی کردووه
بە دەس رۆم بوو، کورد کرا دەربەدەر دەکا خۆلی دەورانی رووتی وه سەر
ئەگەر ئەو نەبا بۆ له دمدم دە بووم له بۆچی ئه من بۆ غەریبی دە چووم

## وەڵامی میرسادق

که له وڵام ئەو میره دەدوایەوه وەهای له بۆ هەمزە گێڕایەوه
گوتی: لەشکری رۆم سێلاو بوو نه سێلاو، دەریای پڕ ئاو بوو
که رووی کرده شەمدین وا گێژەوی دەدا هەر نەگیراوە پێشی ئەوی
ئەوەندەی دەکوژراوولێی دەر دەچوو سبەینێ دەبیندراوه سەد هێندە بوو
له پەیتا ئیتر کۆمەگی بۆ دەهات له تەنگانه دەیداوە لەشکر نەجات
به تۆپان ئێمەی وەها کرد گێژ له دەشتانو سەحرایه کەوتینه لێژ
رەویوین لەو دەشتەی راستان ئه بەو جۆرەیه راستی داستان
له نێو ئێمه دەریایه ئەو لەشکره پیادەو سوواری وەکوو ئاگره
له رۆمی حەوت لاومان گرتووه یەکێ کوردە لەو هانه هەر وەک تووه
هەوەڵ جار دەمگوت یه کێکه لەوان نەژادی له تورکانه به قسەو زمان
تورک بوو، به کوردی نەدەدوایەوه هەتا راستی لێ دەگوترایەوه
کەزانیم له کوردانه دەمکردە بەند له زیندان دا تا بێ دەرد مەند
ئەوێستا که ئەو ماوه هەر زیندووه به حەسرەت له نێو چاڵی غەم کەوتووه
گوتی هەمزە: ئەی میر تۆ نۆ نەفەر له لاوانی ئازاوو خاوەن هونەر
بەڵەد بن له هەر شیوو کێوو تەلان به رێگایی باریکی نێو بێشەڵان
دەبا بێنه نێو لەشکری من به غار دەگەڵ وانه ئەو نۆیه بگرن قەرار
ئه تۆ لەشکری زۆر ئامادە که له چۆلان را روو له بێ جادە که
خەیاڵم وەهایه به شەوبچمه سەر رەوەی گورگ، با تو بیی با خەبەر
بچۆوه له بۆ ماڵو خۆ ساز که لەوێ بیری چەکدارو ئەمراز که
ئەگەر چوویەوه ئەو جووانەی به دیل که گیراوه کوردێکه رووتو زەلیل
به دەس بەسته بینێره ئەو غارەیه بزانه که کارم ئەبەو کارەیه
ئه لەو جێگه یەکدانه ئەشکەوت بوو وەکوو چاڵی زیندان هەڵکەوت بوو

## ناردنی کابرای دیل بۆ لای هەمزە

که هەمزە ئه بەو جۆره دەدوایەوه بەرەو ماڵ سەردار دەکشایەوه
که چۆوه هەر ئەو کاته دیلی دەنارد له غارا به هەمزەی دلێری سپارد

که دیی هەمزە ئەو لاوە دەس بەستەیە    پەرێشانو بێچارە و خەستەیە
هەر ئەو کاتە دەستی ئەوی کردەوە    لە بۆ مەنزڵی خۆیی ئەو بردەوە
بەرۆمی گوتی: تۆ کە سەرباز بووی    لە چ بلووک بۆ خزمەتێ ساز بووی؟
بڵێ تۆ چ بوو نێوی تا بوورەکەت؟    برا کێ بوو فەرماندە مەشهوورەکەت؟
ئە بەو دیلە ئەوهەی بە رۆمی کە گوت    کڕومات بوو دیلو هیچی نەگوت
دە ترسا گوتی ئەفسەری رۆمیە    دەپرسێ کە لەو عەسکەری رۆمیە
لەوی توورە بوو هەمزە تێیڕا خوڕی    گوتی بۆ چ دەنگ ناکەیو بۆ کەڕی؟
دەزانم کە کوردێکی هەر وەک منی    فریو خوردە و نۆکەری دوژمنی
وەکو تۆ منیش نۆکەری رۆم بووم    رژا بوو لە نێو کورددا ئابڕووم
کە دەم دیی تورک کاری بەد فەڕ دەکا    دەگەڵ میللەتی کورددا شەڕ دەکا
لە تورکانی ئەو رۆمە بیزار بووم    هەڵاتم لەوێ دەست بەردار بووم
ئەوێستا دەکەم خزمەتی هۆزەکەم    هەتا کۆ وەبێ هۆزە ئاڵۆزەکەم
لە بۆ کورد ئەکەم بەخت ئەوڕۆ گیان    بە بێ کورد بۆ چیمە ماڵو ژیان؟
کە دیل ئەو وتەی بیست گریایەوە    لە بەر هەمزە گریا و پاڕایەوە
گوتی لێم ببوورە منیش وەک ئەتۆم    لە نێو خاکی کوردان دا رەنجەڕۆم
ئە لەو زێدی کوردانە خاوەن بەشم    لە کوردانی عاشیرەتی ئەترووشم
نەبی ناوم ئەی یاری شیرین کەلام    دەخۆز گە لە دنیایەدا هەر نەبام
لە سەر دەستی تۆ من بە لێنی دەدەم    کە خزمەت هەتا هەم بە کوردی بکەم
دەگەڵ تۆیە تاکو دەمێنێ نەبی    لە هەر جێگە و هەر شوێنێ هەبی
کە هەمزە ئەوەی بیست لێی خۆش بوو    لەوە دوا دەگەڵ هەمزە مەینۆش بوو
سوڕی لەشکری رۆم هەرچی هەبوو    بە هەمزەی دەگوت بێ درۆ موو بە موو
کە چەندین لکو چەن پەلو ئۆردووە    لە چەن جێگەدا تۆپی دا بەستووە
لە چەن کێوو دەشتان دا بین بووە    لە دەوروبەری خۆی چی کردووە
هەموی پێ گوتو شارەزایی دەکرد    ئە بەو ئۆردووە ئاشنایی دەکرد

## چوونی هەمزەو نەبی بۆ لای میرسادق

کە بەو جۆرە دوو کورد کۆ بوونەوە    لە هەرباس دا ئەو لە خۆ بوونەوە
دەڕۆیین بەرەو ماڵی میرسادقی    لە سەر کا نەبی لابچێ تا رقی
کە کاتێ لە میرسادقی چوونە ژوور    دەهات ئەو بە پێشوازی هەمزەی لە دوور
ئەوی برد لە کن خۆیی دانایەوە    بە خۆشی دەگەڵ هەمزە دەدوایەوە
بە میری دەگوت هەمزە: گەر کانە بی    لە خۆمانە نابێ لەوی توورە بی

که لێی خۆش بی بۆ مه کەڵکی هەیه
هەتا ماوە سەربازی ئەو دەرگەیە

ئەمیرسادقی مەزن گەر لێی دەبورد
خەڵاتێکی باش‌و جووانی دەکرد

ئه بەو بەخششەی کانەبی شاد بوو
لە زیندانی کوردان ئازاد بوو

دەیانکرد راوێژ وڕا هەر لەوێ
بە سەر عەسکەری رۆم دادەن شەوێ

له بۆ شەر هەموویان ئامادە بوون
بە سازی لە بۆ قۆشەنی رۆم چوون

که ئەو باسە شی بۆوە هەر وەک خوری
لەوێ هەمزە روی کردە نێو لەشکری

له نێو لەشکری خۆی سووڕایەوە
بە خۆشی دەگەڵ وانە دەدوایەوە

گوتی لەو شەڕەی مەردو مەردانە بن
دژی دوژمنی کوردو بێگانە بن

دەخیلوو دەبم ئێوە سستی مەکەن
وەکوو شێر بن مەی پەرەستی مەکەن

دەڕۆیین بە شەو بۆ سەر ئەو قۆشەنە
سەری وان تا ورد بکەن وەک خەنە

له پاشان ئەو لەشکرەی پەل پەلە
دەکرد ئەو ئە لەو کێوو شیوو کەلە

که بوو سەد پەلی مۆر لەو بەندەنە
لە بۆ هەر پەلەی سەر پەلی دادەنا

وەپێش خۆیی دا سێ بەڵەد دەس بەجێ
دەگەڵ کا نەبی لەشکری خستە رێ

له بۆ قۆشەنی هەمزە پێشەنگ بوو
دەگەڵ تیپی سەرباز یەکڕەنگ بوو

له نێو لەشکری هەمزە بوو یەک جووان
جحێلێکی هەڵمەت بەرو پاڵەوان

ئەوەن شۆخ بوو نێوی ئەو بوو شەباب
دڵی دڵبەری کوردی کرد بوو کەباب

شەبابی دووابار دانایەوە
هەتا لێی نەدا جەردە لە دوایەوە

ئه بەو جۆرە ئۆردووی دەنگدا بە شەو
نەما بوو لە نێو وانە ئارام‌و خەو

ئه لەو لاوە میرسادقیش لەشکری
دەهێنا لە بۆ جەنگ‌و بۆ بەرگری

بە خۆیوو بە رەززاق‌و شێخزادەوە
بە دەستەی سوواران‌و بە پیادەوە

دەگەڵ لەشکری هەمزە رۆیی بە غار
لە کێوو کەژا بوونە هەمڕازو یار

چڕی زۆریان ئەو بە شەو پشکنی
هەتا گەینە سەر لەشکری دوژمنی

بەڵەد شارەزایان چون بوو لە پێش
دەڕۆیشت لەشکر بە بێ کێشە کێش

دەیانگرت لە نێزیکی دوژمن کەمین
نەبوو کەس بڵێ ئەو هەموو خەڵکە کین؟

بەشێ تالە شەوڕۆیی ئارام بوون
بەرەو سەنگەری هێزی رۆمی نەچوون

له هەر لاوە دوژمن کە دەورەی درا
شەبەیخون دەکراوە لەو لەشکرە

دەبۆ یەک شەڕو هەمهەمەو زەمزەمە
حەشر هاتبوو بۆ خەڵک لەو دەمە

بە نێزەو بە شەمشیرو تیرو تفەنگ
بە سەریان دادان هەر وەک نە هەنگ

دەیاندا بە شەمشیر دەورەی ئەوان
دەکوژران وێنەی مەڕی بێ شووان

نەبوو گەر بخا هەمزە کە مترلەحەوت
کە بە سواریە ئەسپ تێ‌یان کەوت

بە یەک حەملە حەوت‌و شەشی رادەنان
لە سەر یەکترا تەرمەکی دادەنان

له رۆمی گەلێ بوون ئەو کاتە قڕ
نەبوو باب ئاگایی گەر بێ لە کوڕ
شەڕێ بوو برا نەیدەناسی برا
وەنێو تورک هاوارو رۆرۆ خرا
لە تاریکە شەودا لە یەک بەردە بوون
بە کوشتن بە نێو یەکتری وەر دە بوون
لە بەر ناڵەیی تۆپو گرمەی تفەنگ
زەوی بوو ئە لەو لەشکرەی رۆمە تەنگ
لە بۆ وانە رێگەی هەڵاتن نەبوو
کەڕۆی با کەسێ بۆ کووێ دەرد چوو
لەکن شار سەربازی میرسادقی
وەکوو شو شە پوڵا بە سەختو رەقی
کەوتبوونە نێو بۆسەو سەنگەرە
بەرەو روویی ئەو ئۆردووەو عەسکەرە
ئەوەی رێی وەکن وانە خسبایەوە
دەگیراوە یا خۆ دەکوژرایەوە
کە عەسکەر لە هەر لاوە دەدراڵە قاو
دەبوو هەر وەکوو تۆوی هەرزن بڵاو
ئەوەی دەردە چوو کەوتە نێو شیوو دۆڵ
وەکوو مار خۆی گرت ئەو دەم لە خۆڵ
گەلێ ئەفسەری رۆم یەخسیر بوون
بە دەس هەمزە وە مل بە زنجیر بوون

## شکانی لەشکری رۆم

کە لەشکر ئە بەو جۆرە دەشکایەوە
بە هەمزە ئە لەو کاتە گوترایەوە
کە عوسمان پاشای دوژمن بە کورد
سەری گەر لە بەزمو هەرا دەردەکرد
بە خۆیوو بەچەن ئەفسەرێکی جووان
هەڵاتوون لەو شیوو دوڵانە دان
لە بۆیان چوو لەو دەمەیدا بە غار
هەتا خۆ نەخا دێوی بەد فەڕ لە غار
بە سەرڕەو کە چاوەش لە بۆ شادە چوو
لە نێو خاکی شەمدین تێپەڕ ببوو
ئەوەندەی کە هەوڵی لەدو دایەوە
قوڵاغی نەبوو شاو دەکشایەوە
گەڕاوە لە بۆ جێگە شەڕ وەک شەهێن
بە خەڵکی دەدا هەمزە چاوەش کەلێن
کەبێنو بەرن ماڵی رۆمی بە بار
لە بۆ خۆ بە تاڵانە بۆ دێ و شار
بەوەی میللەتی خۆی دڵخۆش کرد
شەڕو شۆڕو کوشتەی فەرامۆش کرد
کە دەشکا لە نێو خاکی شەمدینە کوند
دەیانکردە چۆپی لە شارو لە گوند
قەلو کوند لەو خاکە دا گەر نەما
هەموو خەڵک بەر بوونە بەزمو سەما
کە شەمدین لەو دێوە دەیبوو نەجات
لە هەر گۆشە دەیگرت شادی وەڵات
لە سەرداری لەپزێڕی میللەت شناس
شەوو رۆژ دەیکرد عالەم سپاس
دەیانگوت هەمووموان گەر نۆکەرین
لە بۆ خانی کوردان فەرمان بەرین
ئەگەر ئەو نەبا ماڵی ئێمەی هەژار
دەسووتا وو دەخوراو دەبرا بەبار
حەوت رۆژو شەو بەزم بەرپا کرا
بە هەر زار بۆخان دوعا کرا
لە دوژمن کە پا بۆ وە ئەوجا وەڵات
بە سەد رێز دەدرا بە چاوەش خەڵات
لە لایەن ئەمیرسادقی پاڵەوان
کرا خزمەتی چاوەشی نۆجووان

ئەوەندەی لە شەمدین دا مایەوە بە گەرمی پەزیرایی دەکرایەوە

## عەشیرەتی موکری لە دەورانی سەفەویان دا

لە دەورانو کاتی سەفەویاندا
که ئەستێرە بون ئەو لە ئێران دا
لە سندووس بەو دەشتو مەزرا وو چۆڵ
مەراغەو میاندواو تا گاوو دۆڵ
بۆ نیشتەجێ هۆزی موکری لەوێ
هەر ئەو بوون لەو شوێنەدا بێ هەوێ
نەبوو کەس که لەو هۆزە بێگانە بێ
بە شێکی ئە لەو شوێنو مڵکانە بێ
وەکوو شێر لەو خاکە جێگیر بوون
هەموو مەردی مەیدانی شمشیر بوون
دلێرێ، ئەمیرەی کەوا نێو بوو
لە نێو عێلو عاشیرەتا بزێو بوو
لە سەر هۆز سەر هۆزو سەردار بوو
گەلێ عاقڵو مەردو هوشیار بوو
بەوی هۆزی موکری ببوو سەر بڵند
دەسوزان بێ غەم لە هەر شارو گوند
ئەمیرە بە یەک بەور نێوی هە بوو
لە ئێراندا سەر بزێوی هە بوو
لە رۆستەم ئەگەر قینی دا گرتبا
دەبوو ئەو رقەی خۆی پێ رشتبا
لە شێرو پڵنگان نەی بوو ترس
ئە بەو میرە دەکراوە راو پرس
کە تەهماسبو شامحەممەد نەمان
بە بارێکی دی هەلیدە سوورا زەمان

## دانیشتنی سوڵتان محەممەد سوڵتانی رۆم لە سەر تەختو پشتیوانی ئەمیرە لەوی

محەممەد لە رۆمی لە سەر تەخت بوو
رەشیدو نەبەز خاوەنی بەخت بوو
عەشیرەت بە کوردو بە تورکانەوە
لە دەرگایی ئەو شایە دەخولانەوە
لە پێناوی سوڵتانی عوسمانیان
دەیان رشت لەو دەرکەدا گیانیان
لە ئێراندا خەڵک بێ شا ببوو
پەشێوی لە هەر لاوە پەیدا ببوو
لە هەر گوشەیێ حاکمی سەر بە خۆ
ببۆ شایی تاڵانو کێشەو برۆ
ئە لەو کاتە سوڵتانی شیرین وتار
لە بۆ خاکی ئێران بوو دەس بە کار
بەرێی کرد چەن لەشکرو قۆشەنە
بە دەشتو چیا و کەژو بەندەنە
بە شەر کردنا هاتە تەورێزەوە
لە شاری خزا بەو هەموو هێزەوە
کە سوڵتان تەورێزی داگیر کرد
ئە لەو شارە دا لەشکری هەڵدەورد
بە بەگلەربەگی جەعفەری دادەنا
لە ژێر دەستی ئەو عەسکەری دادەنا
هەتا سەر بزێو یێک چورتەی نەکا
لە بەر دەوڵەتی رۆم ورتەی نەکا
لە ئۆستانی تەورێزدا سەر بزێو
نەبوو کەس کە بێدەنگی بۆڵەی لە لێو

ئەمیرە کە ئەوەی دەدی فرسەتی / وە دەس کەوت بۆ وەی هەبێ قودرەتی
هەڵستا ئە بەو بیرە و هەستەوە / دەگەڵ رۆم دۆستایەتی بەستەوە
کە چاوی بە سەرداری رۆمی کەوت / رەوەی شای ئێرانی ئەو کرد زەوت
لە شەڕدا کردی کۆمەگی رۆمیان / قزڵباش بوون ئەو دەمەی بێ گیان
کە لەو خاکە بێ سەرپەرست مانەوە / دەکوژرانو فەوتانو دەبڕانەوە
ئەمیرە بە سەدرێزە دەکراوە خان / بە دەستووری پاشای عوسمانیان
چون ئەو مەردو ئازا و موو زوور بوو / لە پەستیو لە بێ هیممەتی دوور بوو

## زەوت کردنی رەوەی شای ئێران لە لایەن ئەمیرەوە

لە مەڵبەندی موکری هەبوو بێ درۆ / لە بۆ پادشا یەک ڕەوەی سەر بە خۆ
لە دەشتو لە سەحرایێکی بەر بڵاو / کە پڕ بوو لە سەوزەو لە سەر چاوە ئاو
لە دەورەی ئەوی یەک حەساری لە کێو / کشابوو، قەرەچ پووق بوو ئەو بە نێو
رەوەی شا کە چون هەر بەرەڵڵا دەبوو / لە رۆژو لە شەودا لەوێدا دەبوو
هەر ئەو نێوە بوو، نێوی تورکی رەوەی / لە دنیایە مەشهوور بوو شا بەوەی
لە بۆ هیچ شایێ رەوەی وا نەبوو / رەوەی هێندە چالاکو ئازا نەبوو
لە نێو خەڵک نێو بانگو نێوی هەبوو / تەواوی وەکو ئەسپی بەحری دەچوو
لە دەورەی ئەوی بوو گەلێ رەو کەوان / قزڵباش بۆ ئەو رەوەی پاسەوان
ئەمیرە کە فکری رەوەی کردەوە / دەسی نا· ئەمینی لە بۆ بردەوە
بە یەک رۆژ گەر هێڕشی بردە سەر / رەوەی ئەو لە دەس وانە هێنایە دەر
ئە لەو پاسەوانانە زۆری دە کوشت / ئەوەی ماوە دەی بەست دەستی لە پشت
رەوەی شایی ئێرانی داگیر کرد / پیاوی لە نێو بەندو زنجیر کرد
هەتا مالە دنیایە نەیدایەوە / دەگەڵ شا بە شەڕ میرە دەدوایەوە

## باسی کوڕەکانی ئەمیرە

ئەمیرە کە هەی بوون سێ دا نە کوڕ / هەموو عاقڵو ژیرو هوشیارو دڕ
هەوەڵیان بوو شێخ حەیدەر بە ناو / لە فیلی کە دابایە دەیخستە داو
دووەمیان ئەمیرخان بەگ ناو بوو / جووانێکی بەگزادە و لاو بوو
سێهەمیان نێو خان ئەبداڵ بوو / بە دیمەن وەکوو رۆستەمی زاڵ بوو
کوڕی میرە بەگ بوون هەر سێ برا / دەبوون ئەو لە بۆ هۆزی موکری چرا

## مردنی ئەمیرەو دانیشتنی شێخ حەیدەر لە جێی وی

ئەمیرە لە مەزرایی ژینا کە بۆڕ    دەبوو، رۆیی رووی کردە سەحرایی گۆڕ
کە پشتی لەوی کرد دنیایی روون    دەچۆ سەر کەژو کێوی مڵکی نەبوون
بەرەو دەشتی چۆڵی نەبوونی دەڕۆی    ئەویش هەر وەکوو باب‌و بابیری خۆی
کە ئەو مرد حەیدەر لە جێگەی ئەوی    دەبۆ خاوەنی مولک‌و ماڵ‌و زەوی
کوڕی گەورە بوو، ئەو دەبۆ سەرپەرست    لە هەرچی کە بوو مووبەموو بس بەبست
بە دەستووری بیگلەر بەگی رۆمیان    کراوە بە سەردار بۆ موکریان
لە مەیدانی شەڕ جەنگجۆیی هەبوو    لە بابی پتر سەر بەخۆیی هەبوو

## تووڕە بوونی شێخ حەیدەر لە حاکمی تەورێزو هاوار بردنی بۆ شا عەبباس

لە فەرمانڕەوایی مەمەد خاندا    کە دەیکرد بە سەر خاکی کورداندا
لە بێگلەربەگی زۆر دڵ ئێش بوو    دەروون‌و دڵی پڕ لە ئەندێش بوو
کەڕێزی ببوو کەم لە بۆ حەیدەری    دەرەنجا دڵی ئەوِ لە شا جەعفەری
لە تورکانی رۆمی کە هەیبووو هەراس    بەڕێی کرد یەک نامە بۆ شا هە باس
کە شاها لە دەرگایی تۆ نۆکەرم    بە هەرچی بفەرموویی فەرمانبەرم
لە تورکان بێزارم ئەورۆ بە دڵ    منم هەر ئە لەو گورگە هارانە سڵ
بکا شا کە لەو کاتە لەشکر کەشی    لە بۆ رۆم فەوتانە بەهرەو بەشی
بەرابەر دەس‌و پەنجەیی ئاسنی    شەهەنشاه کێ بێ بکا دوژمنی؟
وە بەر هێرشی تۆ کەوێ گەر چیا    دەبێ لارو بێ هێزە هەر وەک گیا
ئەگەر عەسکەری رۆم هەڵمەت بەرن    لە راستی قزڵباش بێ جەوهەرن
کە تۆ بێی تورکان قەمتەر دەکەی    لە ئێرانێ ئەو عەسکەرەی دەر دەکەی
هەموو کۆمەگی لەشکری شا دەکەین    کەشا بێت دوژمن بەرەڵلا دەکەین
ئە بەو باسەوە پەیکی بۆ ئیسفەهان    بەڕێ کرد ئەو شێخیِ حەیدەر نیشان

## خۆسازکردنی شا عەبباس بۆ شەڕی رۆمیان پێش گەیشتنی نامەی حەیدەر

لە پێش ئەوەدا کە پەیک بگاتە وێ    لە شای، قزڵباش کۆمەگی بوێ

شەڕی رۆم بۆ شا کە دڵخۆاز بوو     دەمێ بوو لە بۆ ئەو شەڕەی ساز بوو
بە پاشا گەیی گەر لە حەیدەر پەیام     دەبوو شاد، ئاوایی فەرموو وەڵام:
کە ئەی پەیکی حەیدەر بڕۆ بێ درەنگ     بە شێخی بڵێ گەر نەترسی لە جەنگ
بە رۆژو بە شەو لەشکری کۆ وەکا     پەتی دوژمنانی لە ئەستو وەکا
بە شەڕ دێم دوژمن لەوێ دەر دەکەم     سووارەی دەگەڵ ئەسپ بێ سەر دەکەم
لە دوو پەیک هینایی یەک لەشکرە     دوایی نەبوو وەک بەری پرپرە
لە بەر زۆریی ئەسپو بارو سوپا     زەوی وەک مسی کۆنە پاکی قوپا
کە شا گەییە تەورێزە دوژمن شکا     لە سەر فەڕشی ئەو خاکە خوێنی تکا
هەر ئەوکاتە حەیدەر بە بێ ترس‌و باس     بە خۆشی دەچۆ خزمەتی شا عەباس
کە چاوی بەوی کەوت شا شاد بوو     چون ئەو حەیدەری تایفەی ماد بوو
لە بۆ وی گەلێ رێزی دانایەوە     خەڵاتێکی شاهانە دەکرایەوە
بە چاکە دڵی حەیدەری خۆش کرد     رق‌و قینی کۆنەی فەرامۆش کرد
لە تاوانی پێشوویی بابی دەبورد     لە رەفتاری ئەو چاو پۆشی دەکرد
مەراغەو هەموو گوندی دەورو بەری     بە مەزنایەتی دایە دەس حەیدەری
ئە لەو خاکە ئەو بوو بە سەردار و خان     بڕا دەورەمەزنی قزڵباشەکان
لە بۆ شەڕ کە حەیدەر دەگەڵ شا کەوت     نەما وورە بۆ دوژمنی سەر چەوت
شکا رۆمی بێگانەو سەر سەری     لە مەڵبەندی تەورێزو دەورو بەری
دەگەڵ بوو ئەمیرخانی لەپ‌زێڕی کورد     ئە لەو رۆژە دا دوژمنی کرد وورد

## کوژرانی شێخ حەیدەر لە حەملە بۆ سەر قەڵاتی ئێرەوان

بە تاڵوو کە شا رۆیی بۆ ئێرەوان     هەتا بگرێ بورج‌و قەڵاتی ئەوان
ئە لەو خاکە شا مۆڵەتی پێ نەدان     قەڵا بەندیان کردو دەورەی دەدان
لە هەر لاوە ئالایی شەڕ هەڵکرا     بە شەڕ کردنا هێرشی بۆ برا
لە دەورەی قەڵا حەیدەری پاڵەوان     دەکوژرا بە دەس شەڕکەری ئێرەوان
بە فەرمان‌و دەستوورو ئەمری خودای     ئە لەو جێگە کووژاوە نوورو چرای
ئەگەر چی کەلی سەنگەرو کێو بوو     بە دەس مەرگەوە نەرم وەک مێو بوو
نەجاتی نەبوو کەس لە دەس دێوی مەرگ     هومایی کفن هەر دەکا ئەو بە بەرگ
کە کوژراوە پاشا پەرۆشی دەبوو     لە بۆ وی دڵی پڕ لە جۆشی دەبوو
غەمی زۆری بۆ شێخ حەیدەر خووارد     دیاری لە بۆ خانە وادەی دەنارد
لە پاش ئەوە گەر ئێرەوانی دەگرت     قەڵات‌و قولەو بورجەکانی دەگرت
دڵی هاتە سەر عەفوو لێ بوردنێ     کە ئاسوودە بوو شا لە شەڕ کردنێ

دەبوو خۆش ئەو دەم لە یاغیگەران
خەڵاتی دەبەخشی بە گەورەو سەران

لەوەی فکر بوو گەر لەجێی حەیدەری
یەکێ دابنێ بگرێ ئەو لەنگەری

کوڕێکی هەبوو مێر منداڵ بوو
جووانێکی کەم عەمرو کەم ساڵ بوو

دەبوو نێوی ئەو شلکە لاوەی قوباد
کەس‌و کارو خزمی بەوی بوون شاد

کە چون پادشا بۆ ئەوی بوو پەنا
لە جێ حەیدەری ئەو کوڕەی دادەنا

قوباد ئەو دەمەی بوویی یەک داییکە
لە عەقڵ‌و هونەر خاوەنی چەند لکە

ژنێکی گەلێ زیرەک‌و باش بوو
لە میرزادەگانی قزلباش بوو

بە دەستووری شا ئەو دەبۆ سەرپەرست
هەموو موڵک‌و ماڵ‌و کوڕی نالە مست

بە خانانی موکری دەگوت مەچنەدەر
لە فەرمانی ئەو خانمەی با هونەر

هەتا کوڕ دەبێ گەورە ئەو خانمە
لە سەر ئێوە لەو خاکە دا شوانمە

کەسێ گەر لە ئەمری ئەوی لابدا
دەبێ سەر وە دەس نۆکەری شابدا

هەتا کوو دەبوو گەورە کوڕ، خان بوو
هەمیشە لە مەیدان‌و دیوان بوو

هەر ئەو کاتە شا کەوتە بیرو خەیاڵ
گوتی من دەزانم لە سەر موڵک‌و ماڵ

دوو مامی قوبادی دەکەن فیتنە ساز
لە حاندی ئەوی دەبنە ورچ‌و بەراز

دەبێ دەستی ئەوانە کۆتا بکەم
هەر ئەورۆ کە ئەو کارە یەک لا بکەم

لە نێو عێل میرخانی هێنایە دەر
رەوانەی دەکرد بۆ هەوارو سەفەر

کە سووتا بەرەو روویی ئەسفەندو عوود
ئەوی کردە حاکم لە سەر گەرمڕۆود

بە ئەبداڵ خانی دەگوت هەڵورە
دڵی ئەو برازایە تۆ راگرە

تەماعی نەکەی قەت لە جێگەی ئەوی
دەبێ بۆ ئەوی هەر بکەی سەر نەوی

ئەگەر بەو برازایە خزمەت نەکەی
بزانە کە گەردن لە نێو پەت دەکەی

گەڕاوە لە بۆ ئیسفەهانێ کە شا
و تەو قەولی ئەبداڵ بەگ هەڵوە شا

گوتی من دەبێ مەزن‌و سەردار بم
ئە لەو خاکە بۆ خەڵک غەمخوار بم

برازاکە کەم عومرو منداڵ بێ
دەبێ بۆ بە سەر ئێمەدا زاڵ بێ؟

دڵێکی کە پڕ دەردو داغی دەبوو
وەکوو شێر لەو لاوە یاغی دەبوو

قوبووڵی نەکرد گەورەیی ئەو کوڕە
گوتی چونکی کارێکی گرچوو بڕە

برازا مەزن بێت‌و من نۆکەری
بکەم بۆ ئەوی هەر لە دەورەوبەری

بە دەستووری شا لەشکری هاتە سەر
گەلێ جار، تاکوو دەبوو دەربەدەر

پەنای ئەو لە بۆ خانی لەپ‌زێڕ برد
بە خۆیو بە دەستەی لەوی هەڵدەورد

دەگەڵ لەشکری خۆی تا بیس هەزار
دەگەڵ بوو لە دمدم کە گرتی قەرار

لە ڕێگەی قوبادا نەما گەر کلۆ
لە مەزنایەتی دا دەبوو سەر بە خۆ

لە نێو دۆشەگی سەروەری دا خەوت
هەتا بەر رق‌و قینی پاشا کەوت

### عاشق بوونی عەوداڵ بەگ کوڕی ئەمیرخان بەکچە وەرزێڕێک

لە بۆ میری لەپزێڕ بوو شەش کوڕە — هەموو فیلی سەر مەستو دێوان دڕە
لە نێو وانە یەک نێوی عەوداڵ بوو — پەریی بۆی شەیدا و بێ حاڵ بوو
جحێڵێکی باڵا بڵندو جووان — بەرز هیمەتو شەڕکەرو پاڵەوان
کە چاوی بەوی کەوتبا کیژو ژن — لە بۆ وی دەبوو سەر دڵی وانە کون
لە دمدم بەرەو خوار گوندێ بچووک — هەبوو پڕ گوڵو باغو میوەو کڵووک
زەمینێ کە نەرمانو هەموار بوو — لە بۆ گوند خانوو دیوار بوو
لە ورمێوە بۆی هاتبوو عالەمێ — نەیان بوو لە دەس ئەو زەمانەی غەمێ
لەوێ نیشتەجێ بوونو بێ دەرد بوون — هەموو خاوەنی بورەو وەرد بوون
گەلێ دێیەکی خۆشو دڵشاد بوو — لە غەم خەڵکی ئەو دێیە ئازاد بوو
ئە لەو گوندەدا بوو کچێکی جووان — سەری کوڵمەیی سوور وەک ئەر خەوان
دو زوڵفی کەمەندی ملی عاشقان — مژۆڵی دەبۆ نێزە بۆ دڵڕە قان
برۆی خەنجەری سینگی لاوان بوو — قژی تەپکەیی فێڵو داوان بوو
دوو چاوی جوانی وەکوو باز بوون — لە بۆ عاشق ئەو مەحرەمی راز بوون
دەمو لێوی وەک غونچەیی تەنگ بوو — ملو گەردنی خاسە کەو رەنگ بوو
قەدی ناسکو بەرزی وەک عەرعەرێ — حەوا کەوتبوو بە ژنی تازەو تەڕێ
دوو مەمکی لە سەر سینگ لیمۆو سێو — مەزەی خۆش بوو گەر دەگیرا بە لێو
جووانی خودا هێندە دا بوو بەوی — لە ئێراندا کەس نەبوو وەک ئەوی
کە پێی نالە دنیا و عالەم دیان — ئەوەن شۆخ بوو پێی دەگوترا ڤیان
ڤیانی دەبوو نێو ئەو دڵبەرە — لە نێو هۆز ئەو یارە رەنگ ئەسمەرە
بە روومەت کە مێلاقو شلێر بوو — گوڵی دەسکردی باغی وەرزێڕبوو
ئەویش وەک کچی کوردەواری دەکرد — لە مەزرایی خۆیان کاری دەکرد
بە رۆژو بە شەو سەر گەرم بوو بە کار — لە نێو دێیەرو باغ دەیکرد بژار

## فەسڵی پاییزو چوونی عەوداڵ بۆ گوندی ڤیان

دووەم نیوەیی فەسڵی پاییز بوو — لە سەردی هەوا غونچە گوڵ زیز بوو
گەڵا زەرد بوو دار بێ واز بوو — چەمەن سیسو لاوازو بێ ناز بوو
لە هەر لاوە بولبول بەناڵەو بەشین — دەگریا لە بۆ گوڵشەنی رەنگ شین
دەبیسراوە ناڵەو گمەی قومریان — لە بۆ گوڵ کە تێپەڕ دەبوو عومریان
کڵووکو گوڵی سوورو رەنگ قاوەیی — دەیانکرد لە مەزرایە ماڵ ئاوەیی

ئه لەو کاتە عەوداڵ بەگ بوو سووار
بەیانی لە دمدم سەرەو ژێر بوو
دەگەڵ وی بوو یەک نۆکەری تازە لاو
دەچوو تالە مەزرا و دەشتو دەری
لە نێو باغی ئەتڕافی دێ دا بەیان
پەری هاتبوو تا بکا سەیری باغ
ڤیانی کەدی عاشقی روویی ئەو
لە جەرگی درا تیری عیشقو ئەوین
وەها موبتەلا بوو بە عیشقی ڤیان
ڤیانیش وەک وی گرفتار بوو
بە سەد شەرم عەوداڵ دەیگوت کە کێی؟
لە نێو چیمەنو باغ سەیران کەری
گوتی: من گوڵێکم ئە لەو گوندەدا
رواوم لە نێو پنجی وەرزێڕ دا
نە ئاغایە بابم نە بەگزادەیە
ئەوا من هەڵمداوە نێوو نیشان
لە ئەسپێکی کەحلانو چوستو بەکار
وەکوو رۆستەمی دەس بە شمشێر بوو
جووانێکی وێچوو مەحموود ناو
بکا سەر کەشي گوندی دەوروبەری
کەچوو کەوت چاوی بە روویی ڤیان
لە بۆ چیمەنو گوڵ بکا جەرگ داغ
دەبوو، لێی بڕا سەبرو ئارامو خەو
دەویکرد لەو کاتە دا سەد برین
نە دەکرا بە هیچ جۆرە باسو بەیان
بە دەردی غەمی عیشق دووچار بوو
ئەتۆ مەنزڵت شارە یا خۆ لە دێی؟
وەیا خۆ جووانێکی کاریگەری؟
وەنەو شەم لە نێو جەرگی ئەو سندەدا
ئە لەو دێبەری خۆشو زەنوێر دا
مرۆێکی کاریگەرو سادەیە
بفەرموو کە تۆ کێی، ئەی قارەمان؟

## وەڵامی عەوداڵ بەگ

لە خۆیی کە عەوداڵ دەدوایەوە
گوتی: میر عەوداڵ نێوی منە
کوڕی خانی لەپزێڕی کوردم ئەمن
ئەگەرچی لە یەک مەعدەنی گەوهەرم
کەمەندی ملم پەرچەمی خاوتە
ئەسیری فەڕەنگم ئەمن خان نیم
لە تاوی ئەتۆ شۆخی شیرین جەماڵ
ئەگەر بێتوو ئاوێکی پێدا نەکەی
کە چاوم بە دیداری تۆ کەوتووە
لە تاوت پەرێشانو سەودا سەرم
نەکەی تۆ کە دەرمانی دەردو برین
خودا قەت لە تۆ ئەوە هەڵناگری
بە حاڵم بکە روحم توخوا پەری
وەڵامی وەها بەو کچەی دایەوە
بە عیشقی ئە تۆ سەر دڵم کون کونە
نەوەی کاوەیی شێری کوردم ئەمن
بە دەس تۆ وە من بێکەسو بێدەرم
کەوی دڵ لە نێو قڵفەیی داوتە
وەکوو بەندەم و خاوەنی گیان نیم
دەروونم هەموو رەش بووە وەک زوخاڵ
دەبێ سەیری مەجنوونی دێوانەکەی
دڵم ئاوری عیشقی تێ بەربووە
دەمی تۆیە بۆ دەردی دڵ دوکتەرم
لە بۆ من دەبێ تۆ بکەی لێرە شین
بە سەر تەرمی کوشتەی عیشق رابری
ئەوینی دڵم دامەنێ سەرسەری

وەها تیری عیشقت لە دڵ کاری‌یە    بەشم تا حەشر شیوەن‌و زاری‌یە
وەڵامم چیە؟ تۆ بفەرموو دروست    بڕاوە لە من تین‌و هێزو بڕست

## وەڵامی ڤیان

ئەوەی بیست کاتێ لە عەوداڵ خان    دەسی کرد بە گریان‌و شیوەن ڤیان
گوتی: من وەکوو تۆ گرفتار بووم    بە تیری ئەوینت بریندار بووم
بە برژانگی تۆ سەر دڵم کون بووە    خە دەنگی مژۆڵت منی کوشتووە
وەکوو تۆ منیش بوومەشێتی ئەوین    لە بۆ یەکتری بێ قەرارو حەزین
دەزانم هەتا حەشر هەر وا دەبین    ئە لەو عیشقە دا شێت‌و شەیدا دەبین
مەحاڵە لە بۆمن ئەتۆ ببیە شوو    چلۆن بێم‌و مێردی بکەم من بە توو؟
ئە تۆ خانی و من کچێکی هەژار    ئەتۆ گەورە و من فەقیرو نەدار
ئەتۆ مەزنی‌و من کچی کاریگەر    شڕۆڵ‌و شڕو جاوی شینم لە بەر
دەکەم رۆژو شەو کاری وەرزێڕیە    دەبم ماندوو هەر لە بۆ تێریە
دەڕێژم بە رۆژو بە شەو عارەقە    کە دەسگیر کەم دۆو نانی رەقە
دەبێ هەوڵدا هەرچی وەرزێڕ بێ    هەتا کوو زگی خان‌و بەگ تێر بێ
ئەوا بەگ لە نێو دۆشەگی مەخمەری    دەکا خەو دەگەڵ حۆریان‌و پەری
لە دەس رەنجی ئەو خەڵکە پووڵ‌و دراو    دەدا ئەو بە خۆرشت‌و نان‌و پڵاو
دەبێ خەڵک کارێ بکا رۆژو شەو    هەتا خان بخوات کفتەی قەڵەو
بە شی دەستەیی دۆشەگی قاقمە    بە شی زەحمەتی زۆرە یەک تاقمە
ئەمن چونکە کیژی هەژارم لە کێو    لە بەر چاوی سەر مایەدارم دزێو
کە وەرزێڕ بێ کیژی قۆزو جووان    دەبێ شوو نە کاقەت بە دەستەی ئەوان
ئەوەی خانە لەو عەسرە و دەورەیە    دەماری زلە خۆیی پێ گەورەیە
دەڵێ تیرەو هۆزی ئادەم دووە    یەکێ رووتە، یەک ماڵ‌و موڵکی بووە
ئەوەی رووتە بۆ خان‌و بەگ نۆکەرە    لە سەر خاکی ئەو دەستە کاریگەرە
کوڕی خان کەی لایقە هەمسەری    بێ هەر لە نێو تیپی کاریگەری؟
کە وا بێ ئەتۆ بۆ دەدەی من فریو؟    ئەمن نامە وێ سووک بم بۆ بژیو
کە نانێکی ویشکم بە شەودە سکەوی    سەرم بۆ بەگ‌و خان ناکەم نەوی
لە جێ یە دەبم قەدرو رێزم هەبێ    دەراوێکی روون‌و پەرێزم هەبێ
لە بۆچی دەکەم روو لە ماڵی مەزن    کە نیزەک بدەن سەد جنێوێ بە من
بڵێین ئەوە کەی مامزی ئێرەیە    کچی گەنم‌و دروێنە‌و گێرەیە
هەموو پۆزە دنیایی سەرمایەدار    نەهەنگن دەدەن قووتە ماسی بە غار

دەگەڵ تاقمی رووت یەکسان نین    لە بۆ وانە هەمڕازو هەمشان نین
هەتا کوو لە نێو کورد بەو جۆرە بن    دەبێ بۆ گەلو هۆز هەر خۆرە بن
دەبێ کورد هەر نۆکەری خەڵک بێ    لە بۆ خۆی بێ بەهرە و کەڵک بێ
کەسێ گەر وە بەستێ بە خانانە پشت    بە دەس وان ئەو خۆ دەدا هەر بە کوشت
لە بۆ پووڵ خزمەت بە پاشا دەکەن    کەسو کارو خزمی بەرەڵلا دەکەن
لە باتی ئەوەی کۆ وەکەن هۆزیان    لە بن داری ئاڵایی پیرۆزیان
لە نێو کورد دانێن میرو وەزیر    بکەن کۆمەگی بێ نەواو فەقیر
کەچی دێنە سەر ئێمە هەر وەک تەتار    دەبەن بەرهەمو ماڵی کوردی بە بار
لە بۆچی بکەم چاوەنۆڕی لەوان    گورگ بۆ گەلی کوردە ئەوڕۆشووان
هەتا دز لە سەر کورد سەردار بێ    بەشی گەل دەبێ پەتکو سەردار بێ
لە دەس خانو ملهۆڕ کە ئازاد بێ    دەبێ کورد ئەو کاتە دڵشاد بێ
ئەوێستا بە چی من دڵم خۆش کەم؟    هەتا شەربەتی عیشقی تۆ نۆش کەم
جووانا دەکەی تۆ کە فکری ژنێ    لە جێگایە تر داوی خۆت دابنێ
مەلێکم گەلێ بەرزە هێلانەکەم    چلۆن هەمدەمی بازی بێگانەکەم؟
بە دانەی ئەتۆ ناکەوم من لە داو    لە دەورەم مەسووڕێوە ئەی شۆڕە لاو
ئەتۆ مەکوتە ئاسن بە سەردو سڕی    ئە بەو کارە جەرگی منت هەڵدڕی

## پەرێشان بوونی عەوداڵ بەوو تانە

کە ئەوەی گوێ لێ بوو عەوداڵ خان    ئە بەو باسە شێوا و دەیگرت ژان
کوتی: ئەی پەری تۆ لە من سڵ مەبە    لە پەروانە ئەوڕۆ کە دوودڵ مەبە
ئەگەر چی نەژادم لە بەگزادە یە    لە من دوورە ئەو پۆزو ئیفادە یە
دەگەڵ ئێوەدا خۆ بە یەک دادەنێم    کووا خۆ بە سەر خەڵک دا رادەنێم؟
نەژادن لە حەوواو بابادەمە    وەدەر کەوتووە خەڵک لەو تۆرەمە
بەبابو بە داییک نەژادن یەکە    بە دیمەن نە گۆڕاوە ئەو پێتەکە
ئەوانەی کەوا بەد نیهادی دەکەن    لە کوردان زوڵمی نەژادی دەکەن
لە دنیا جڵەو کێشی فیتنەو شەڕن    دڕندێکی بێ ئەرزشو بەد فەڕن
نەوەی ئادەمی خاوەنن بۆ زەوی    نە وەک دەستەیی زاڵمو مل قەوی
دەبێ هەستن ئەو خەڵکە پیرو جووان    بدەن هەوڵ بێ هەندمو بێ وچان
لە دەشتو دەرو دێبەرو دێمەکار    بە تێکڕا بدەن دەس لە کەسپو لە کار
نە وەک تاقمێ دا بنیشن لە ماڵ    یەکی دییکە بڕۆا لە بۆ کشتو کاڵ
بدا خۆی زەحمەت بە دەم کارەوە    لە دەشتو لە مەزراو نێو دارەوە

که دەخورێ ئه بەو جۆره ئەو بەرهەمە  دلی بابی من پڕ ل دەردو غەمە
ئەمیرخانی بابم لە خۆ بوردووە  قەڵاتێکی گەورەی دروس کردووە
هەتا دەستی زاڵم لە دەستەی هەژار  بە شەڕ کورت وەکا ئەو لە لادێو شار
دەڵێ تیره و هۆزی ئەو میللەتە  کەوا کوردە دەیکەم بە یەک دەوڵەتە
لە بۆ خۆیی هەی بێ کە شاهو وەزیر  ئە لەو خاکەدا کوا دەمێنێ فەقیر
دەسی زاڵمو جەردەدەبڕێتەوە  بزەی روحم دەرگای دەکرێتەوە
هەتا کورد بێ دەوڵەتو میر بن  دەبێ هەر لە نێو بەندو زەنجیر بن
هەتا کورد لە دنیا نەبێ سەر بە خۆ  لە دەس زاڵم ئەو هەر دەکا دادەڕۆ
لە هەر گوندو هەر گۆشەخانو بەگێ  لە بۆ عالەمێ لێدەدا دمبەکێ
بەسازی ئەوی هەر دەبێ هەڵپەڕن  چون ئەو خەڵکە ئەوڕۆ کە لاڵو کەڕن
نیە کەس پەنای بۆ بەرن ئەو دەمەی  کە رزگار کا ئەو گەلەی لەو غەمەی
ئەوەی من کوتم فکری بابی منە  بە هەر زاڵمو ملهۆڕی دوژمنە
ئەوە دوژمنی چینی سەرمایەدار  دەکا کۆمەگی خەڵکی رووتو نەدار
لە دنیایەدا ئەو مەڕامەی دەوێ  گەلی کورد مافو حەقی دەسکەوێ
کە مافی هەبێ ئەو بەروبەر هەمی  لە بۆ خۆی دەخوا بە خاتر جەمی
لە نێو خەڵکدا هەر دەبن سەربڵند  بە بێ دەردو غەم خۆ لە شارو لە گوند
ئەگەرچی کوڕی مەزنو خانم ئەمن  شەهێنی کەژی نیشتمانم ئەمن
لە کوردێکی جوتێر خۆ کەمترم  ئەمن ڕێگەی خانو بەگ ناگرم
دەکەم کۆمەگی کوردی رووتو ڕەجاڵ  دەپرسم ئە لەو دەستە هەر دەم هەواڵ
هەڵێم گەر لە بەر کورد روو زەردییە  بە فکری من ئەو کارە نامە ردییە
کوڕی کوردمو خزمەتی گەل دەکەم  پەلی دوژمنی گەل بە شەڕ پەل دەکەم
بەهانەی بە من مەگرە ئەوڕۆ ڤیان  بە بەگزادەو میرو ئاغاو خان
کە شووم پێ دەکەی هەر ئەوەم گەر کوتم  ئیتر بە سیەتی بەس بکە سەر کوتم

## رازی بوونی ڤیان

ڤیان بەو قسەی رازیو شاد بوو  ئەویش چونکە شیرینی فەرهاد بوو
گوتی: من بە لێنی دەدەم شوو دەکەم  بەتۆ، هەر لە دەرگایی تۆ روو دەکەم
بە مەرجێ کە بەو جوڕە بی گەر دەڵێی  ئە لەو قەولو پەیمانە نابێ هەڵێی
بچۆوە ئەتۆ کارسازی بکە  بنێرە سەرم باب رازی بکە
کە بابم ئە بەو کارە رازی نەبێ  لە چەم نادرێ پردە بازی نەبێ
کەسو کاری من بولبولن بێ گومان  لە سەر چیمەنو گوڵشەنی نیشتمان

دەکەن نۆکەری ئەو کەسەی گەر لە سەر — گەلو نیشتمانا دەبن دەربەدەر
دەزانم ئەمیرخانی بابت قەڵای — لە کێو کەژی دمدمە بارەگای
بە بۆنەی نەژادی گەلی کوردەوە — دەسی لەو کەژەی بۆ قەلا بردەوە
دەڵێن شۆڕشی کورد پەیدا دەکا — لە سوڵتان وشا کورد داوا دەکا
لە شارو لە گوندا وەها بۆتە قاو — کە دینێتە دەر کوردی بێکەس لە داو
گەلی کورد گیانی بە قوربان ئەکا — بە قوربانی کەو شی ئەمیرخان ئەکا
هەموو حازرن گەر لە پێناوی ئەو — سەری بەخت کەن هەر بە ڕۆژو بە شەو
ئەگەر بێتوو دەستووری شەڕدا بەوان — دەکەن روو لە شەڕ لاوو پیرو جووان
منیش بۆیە بۆتۆ دڵم بوو نەرم — لە بابت دەکەم خۆ حەیاو شەرم
چون ئەو بۆ گەلی کوردە خدری نەجات — دەکا هەر ئە لەو ڕێگە ئەوڕۆ خەبات
کوڕی ویی ئەمن بۆیە خۆشم دەوێی — لە نێو کورد دا بێ ڕەفیقو هەوێی

## پرسیاری ڤیان لە بارەی نۆکەرەکەیدا

لە عەودالی ئەو جارە پرسی ڤیان — کە ئەی خۆشە ویستر لە روحو گیان
بڵێ پێم ئەوەی دەگەڵ تۆ کەهات — سووارێکە سەیری منو تۆ دەکات
چیە ناوی ئەو لاوە لۆزەندەرە؟ — دەزانم لە دەرگایی تۆ نۆکەرە
کوتی نێوی مەحموودی کێکانیە — لە بۆمن گیان بازی ئاوانیە
مناڵێکی بێ بابو ئاوارە بوو — هەتیوێکی بێ ماڵو بێچارە بوو
لە ماڵیمە ئەو لاوە پەروەردە بوو — نمەکخوردەیی ئەو سەراپەردە بوو
لە بۆ من هەر ئەو بەندەو کویلەیە — هەر ئەو مەحرەمی رازی دەرکی مەیە
گەلێ زیرەکو ژیرو هوشیارە ئەو — خەبەرداری هەر رازو هەر کارە ئەو
دڵم نایەشێ قەت ئە لەو نۆکەرەی — کە ببڕێ سەری من ئە بەو خەنجەرەی

## وەڵامی ڤیان

وەڵامی وەها داوە ئەو دەم ڤیان — نەکەی باوەڕێ تۆ بە سپڵەو نەزان
ئەمن وا دەزانم کەوا ئەو کوڕە — خەیانەت دەکا چون لە تۆ دڵ پڕە
نەڵێی نۆکەرم عاقڵەو ناگەڕێ — دەسووڕێ وەکوو ئاشە ئەو بۆ شەڕێ
لە گوندا نە بە دزی دەکا دیدەنی — نیە کەس دڵی بۆ ئەوی راچەنی
ئە من دیم چەندێ لەوەی پێشەوە — لە دێ دا بەسەد بیرو ئەندێشەوە
کە ئەمنی دەدی عاشقی من دەبوو — مژۆڵم لە جەرگی ئەوی رادە چوو

ئەوەندەی لە دەورەم دەسووڕایەوە  —  وەڵامی لە باری نە دەدرایەوە
دەزانم کە قینی لە من گرتووە  —  هەر ئێستا کە ئاور لەوی بەر بووە
دەبینێ کە ئەمن‌و ئەتۆ پێکەوە  —  ئە لەو باغەدا چاوو دڵ تێکەوە
دەکێشێت نەخشەی ئەلەو کاتەوە  —  من‌و تۆ لە یەکتر جودا کاتەوە
دەکەم خواهیشێ تۆ نەبی لەو ئەمین  —  لە جەرگت دەکا ئەوە دوو سەد برین

## وەڵامی عەوداڵ

ئە لەو کاتە دا عاشقی دڵ کە باب  —  بە مەحبووبەی وا دەفەرموو جوواب
بزانە ئە تۆ یاری شیرین بەیان  —  کە مەحموود نابێ دەگەڵ من خەیان
قسەیکی بە شۆخی ئەگەر فەرمووە  —  وتەی خۆش بۆ ئەو هەتیوەی خووە
نەهێشێ دڵت تۆ ئە بەو شۆخیە  —  لە دڵدا مەرامێکی نەبووەو نیە
بزانێ کە تۆ خۆشەویستی منی  —  چلون ئەو دەگەڵ تۆ دەکا دوژمنی؟
هەتا ماوە هەر خزمەتی تۆ دەکا  —  لە غونچەو کڵووکی وەفا بۆ دەکا
دەگەڵ تۆ نیە کارو باری ئەوێ  —  لە بۆ خزمەتی من بە شەو ناخەوێ
هەموو دەم لە بۆ ئەمری من حازرە  —  لە بەر خاتری من دڵی ڕاگرە
دڵی خۆت بەو کارە عاجز مەکە  —  دوو چاوت بە شەڕ لەوکوڕەی بز مەکە
گەلێ عەیبە ئەوڕۆکە بۆ دڵبەرێ  —  کەوا دا ببەستێ دەگەڵ نۆکەرێ
کەتۆی تاووسی شۆخی باغ ورەزان  —  بە سە چیدی مەدوێ لە ئەبلەو نەزان
ئەوا دەچمەوە تا بە با بم پرس  —  بکەم، تۆ بهێنم ئەمن بێ ترس
دەکەم بۆیە بەو کارە شانازی یە  —  دەزانم کە بابم بە تۆ ڕازی یە

## گەڕانەوەی عەوداڵ بەگ بۆ قەڵا

گەڕاوە کەوا زەردەپەڕ دادەهات  —  وەکوو باز ڕووی کردە دەرکی قەڵات
کە چۆوە لە بۆ ماڵ پرسی بە خان  —  دەکرد، تا بکا خازوێنی ڤیان
گوتی با بە من عاشقی یەک پەریم  —  لە یەک گونددا بۆ ئەوی مشتەریم
گوڵێکە لە یەک ماڵە جوتێردا  —  شکستی بە بەیبوون‌و شلێر دا
بە ڕۆژێ دەکا کشت‌و کاڵ ئەو بژار  —  دەبێ سەر گەرم هەر لەمەزرا بە کار
گەلێ ناسک وزیرەک‌و عاقڵە  —  بە باڵا وەکوو سەروە ڕوومەت گوڵە
لە بۆ میللەتی کورد دەخوات غەم  —  دەسووتێ دڵی بۆ خەڵک بۆتە شەم
حەزی لەو هەیە کورد مافی هەبێ  —  دەگەڵ یەک دڵی پاک‌و سافی هەبێ
وەها بیری ڕووناکە ئەو دڵبەرە  —  کچی ڕۆژی تەنگانە و سەنگەرە

له نێو خەڵک دا زۆر مەشهووره ئەو      له کاری به دو بەد فەڕی دووره ئەو
نییه چون نموونەی له رووی زەوی      که ئیزنم بدەی من دەهێنم ئەوی
گیانم له دەورەی ده سووڕێتەوه      دڵی من به یادی ده بووژێتەوه

## رازی بوونی ئەمیرخان

ئه بەو باسه میرخان خۆشحاڵ بوو      هومێدێکی گەورەی به عەودال بوو
ئه لەو کاته دا چەن بەگی هەڵبژارد      بەرەو دێ له بۆ خازوێنی دەنارد
له بابی ڤیان ئەو دەمەی خواسترا      به خۆشی له عەودال مارەی بڕا
دەبۆ شادمانی له گوندو له شار      خەنی بوون به دراوه خەڵکی هەژار
به تەشتو به کۆڵانو بارو به جام      ده بەشراوه خۆراکی زۆرو تەعام
ده خەملی لەو دەشتانه غونچەی کلۆوک      به شادی ڤیانی که دەکرا به بووک
به دەستووری میرخان چۆپی گرا      خەڵک بۆ زەماوەند دەعوەت کرا
هەتاکوو به بووکی بهێنێ ڤیان      له بۆ ئەو کەسەی پێی ده بەخشێ گیان
حەوت رۆژو شەو شار رازایەوه      له بۆ دمدمی بووک گوێزرایەوه
له نارین قەڵا بووک گەر دابەزی      دڵو جەرگی مەحموودی نۆکەر تەزی
گوتی: شەر ته عەودال بەگ چون ڤیان      به تۆی کرد شوو، ببمه بەوری بەیان
لەوەدواوه کاتو هەلم گەر هەبوو      له شی تۆ بکەم بێ هەناسەو پشوو
دەگەڵ دوژمنت دەبمه یارو رەفیق      له ماڵت دەخەم ناڵەوو زیقه زیق
بەلایێ دەهێنم به سەر ئێوەدا      که بگری فەلەک بۆ وه لەو کێوەدا
بنووسرێ له مێژوویی کوردان دا      وەمێنێ له نێو مەوجی دەوران دا
بڵێن خەڵک مەحموود چی کردووه      به عەودال بەگ گەر رقی رشتووه
وەکوو شێر ئاوی له جێ ماڵ نا      له شی رۆستەمی هەر له نێو چاڵ نا
به بێ غەم دەماوه له دمدم ڤیان      دەیانگرت رێزی که عالەم دیان
چرا بوو له هەیوانی نارین دا      وەکوو سوورەگوڵ بوو له پەرژین دا
رەزا سووکو نه شمیلو شیرین زمان      پەسندی ئەمیرخان بوو بێ گومان
لەوێدا وەکوو مامز ئەو هەڵدەورد      به هۆزو گەلی خۆی خزمەت دەکرد
له بۆ کومەگی دەست تەنگو نەدار      شەوو رۆژ ئەو شۆخه بوو دەس به کار
که سێکی که دیبا به بێ دۆو نان      به گریان دەیدا خەبەر ئەو به خان
هەمیشه له بۆ خەڵک غەمبار بوو      تەبیبی نەخۆشو بریندار بوو
ئه بەو جۆره لەو شاره دا مایەوه      هەتاکوو شەڕی کورد دەکرایەوه
شەڕی شاو میرخان پەیدا کەبوو      له نێو شاری دمدم کەسێ دەرنەچوو

ڤیان لەودەمەی دا وەکوو شێر بوو     لە بۆ دوژمنی دەس بە شەمشێر بوو
دوو چاوی لە دنیایە تابۆوە ون     شەڕی کرد دەگەڵ دوژمنا شێرە ژن

## نامەی حاکمی تەورێز بۆ شا عەبباس لە بارەی قەڵای ئەمیرخان دا

ئەمیرخان گەر ساز بوو یەک قەڵات     دروس کا لە سەر دمدمی بۆ خەبات
بناغەی کە دارێشت لەو دمدمە     دەشێوا لەوەی خانو بەگ بوو، خمە
ئەوانەی کە دوژمن ئە بەو میرە بوون     لە ترسانە رەنگ زەرد وەک لیرە بوون
دەیانگوت کە ئەو میرە هەی بێ قەڵا     دەخا ئێمە بێشک لە داوو بەڵا
گەلێ مەردە گەر سەنگەری دەسکەوی     لە شەڕدا بە پاشا دەکا سەر نەوی
لە بۆ وی ئەوەی یەک نەژادو رەگن     وەکوو نۆکەرن هەرچی خانو بەگن
خەیاڵی وەهایە بژی سەر بەخۆ     بکا کورد بە دەوڵەت لە یەک جێ وەکۆ
کە گرتی ئە لەو کێوەدا سەنگەری     لە پاشا دەکا دەس بە یاغیگەری
دەبێ ئێمە گەردن کەچی ئەو بکەین     لە بەینمان دەبا گەر لە بەینی نەبەین
لە تەورێز یەک میری میران بوو     سەرۆکی هەموو مەزنو پیران بوو
دەبوو نێوی ئەو ئەفسەرەی پیر بوداق     لە داخی ئەمیرخان گربووی مەراق
کە دەی زانی عەبباس خۆشی دەوێ     دەترسا لەوەی زەربەتی وێ کەوێ
دەمێ بوو خەریکی ئەوەی بوو بە فێڵ     بە کوشتن بدا مرو بێکا تخێڵ
دەسووڕاوە لە دوا هەلو فرسەتێ     هەتا دەمەی هەر نەبوو دەرفەتێ
کەزانی ئە لەو کاتە دمدم هەلە     وەخۆ کەوت ئەو خانە دەیکرد پەلە
لە بۆ شای یەک نامە نووسی بوداق     بە سەد شیوەنو ناڵەو واقەواق
کە ئەی خوسرەوی موڵکی کاووسو جەم     سەرۆکی هەموو گەورە گەورەی عەجەم
بڕاوە بە باڵایی تۆ شایەتی     بە دەس تۆیە شەمشیری مەردایەتی
لەکن عەقڵی تۆ عەقڵی پیتۆڵە کول     لە مەیدانی تۆ دەستی مەردانە شل
نموونەت لە ئێراندا شەهریار     نە بینراوە نەی دیوە قەت رۆژگار
جەنابا لە تەورێز یەک نۆکەرم     لە بۆ پادشا بێ گیانو سەرم
کە کاریکی ناحەز ببینم بە چاو     خەیانم بە شا، بێتوو نەیکەم بڵاو
لە کاری ئەمیرخان ئەی نامدار     دەکەی گەر لە بەندە ئەتۆ پرسیار
خەریکە قەڵاتێکی مەحکەم لە کێو     دروسکا هەتا بچتە سەر خوویی دێو
بناغەی لە سەر کێوی دمدم بە ناو     ئەوا دادەنێ ئەو بە زەبری دراو

لە چەن جۆرە وەستای بۆ گرتووە    تەواوی بە سیمانێ داڕشتووە
وەها بەرزە دیوارو شوورەی قەڵات    دەگەڵ کوورەی ڕۆژدا شەڕ دەکات
کە جێگیر بێ لەو قەڵابەرزەیە    بە دەس وی دەبێ چۆڵ ئەو عەرزەیە
دەبێ کەس بە ئاسوودەیی خەو نەکات    وەکوو بەندە گەر خەزمەتی ئەو نەکات
دەکا زۆر تەگبیری چەوتو چەوێڵ    کە رووی کردووە لەو کەژەی کەس نەکێڵ
دەڵێ گەر ئە لەو کێوە دا هەڵورم    دڵی شاوو سوڵتان را ناگرم
بە سەر کورد دا من دەکەم شایەتی    دەکەم خزمەتی کوردو کوردایەتی
کە شاییم بە کوردایەتی دەسکەوێ    لە بۆچی دەکەم نۆکەری خوسرەوێ
کە بەو جۆرە کاری لە بۆ بچتە پێش    دەکا خەڵکی بێچارە پڕ دەردو ئێش
وەکوو رۆستەمی زاڵە، هەڵمەت بەرە    دلێری کەژو بێشە و سەنگەرە
کە دەستی نە بە سرێت لەو کارەیە    گەلێ خاوەنی ژەهرە ئەو مارەیە
سەری گەر نە کوترێ بە دارو بە سەنگ    دەکا ئەو دەگەڵ ئێمە لەو کێوە جەنگ
دەبێ یاغیو کێشە پەیدا دەکا    حەقی میللەتی کورد داوا دەکا
کە لەو کێوە دا داکوتێ شارەگە    بە ئاواتی دوورو درێژی دەگا
نەما مێکە ئەورۆ کە هەڵقەندرێ    لە بۆ پەنجەیی دەست خۆ ناگرێ
ئەگەر گەورە بوو چی دەگەڵ ناکرێ    بە تەورو بە تەشۆی نەبێ نابڕێ
لە تەورێز چون نۆکەری شا دەکەم    لە روو داوە ئەو مەزنە ئاگا دەکەم
ببینم لە ئێراندا گەر کەسێ    لە بۆ فیتنە و شۆرو شەڕ رادەسێ
دەکەم من بە شەمشیر لەو بەرگری    بە شانەی دەکەم بەندەنی وەک خوری
لەوی گەر بترسم بە پاشا دەڵێم    ئەمەگداری شا نیم گەرمن هەڵێم
ئەمیرخان ، خوسرەو کە خۆشی دەوێ    لە مەیدان دا قەت بە من ناکەوێ
هەتا تێ نەگا شا لە رەفتارەکەی    نەزانێ کەوا چۆنە کردارەکەی
ئەمن کەی دەوێرم دەسی بۆ بەرم؟    ئە لەو کارە دا چونکە دەڕوا سەرم
ئەوا پەردەیی بێ حەیاییم دڕاند    ئە بەو جۆرە باسم بە خوسرەو گەیاند
لە من باسی گەردن کەچیو نۆکەری    لە تۆ روحمی سەرداری و سەروەری
کە ئازوردە دڵ بووی لەو کارەیە    ببوورە ئە لەو بەندە بێچارەیە
کە ئەو نامەیی کرد ئاوا تەواو    لە بۆ نامە هێنانی دوو شۆڕە لاو
ئەوانی بەڕێ کرد بۆ ئیسفەهان    بدەن تاکوو نامە وە بەوری زەمان
دەڕۆیشتن ئەو لاوە بێ گیر بوون    لە ڕێگا بڕینا وەکوو تیر بوون
هەتاکوو گەیشتن بە خزمەت هەباس    ئە بەو نامە دەیگرت ترسو هەراس
کە دەی خوێندەوە شا، کشو مات بوو    غەمو دەردی عەبباس دوو قات بوو

| | |
|---|---|
| گوتی میر یاغی بێ گەر لە من | دەهێنێت ئەو تاجو تەختم لە بن |
| ئەوەی کوردە بێتوو دەگەڵ وی کەوی | دەبێ ئەو بە سوڵتانی رووی زەوی |
| لە من لا دەچێ هێزی بازوو زۆر | لە ماڵی ئەوا دەبمە دەستندە خۆر |
| دەبێ سەر لە بۆ ئەمری ئەو دابخەم | ببرژم لە نێو کوورەی دەردو خەم |
| بە خۆشی ئەگەر کار بڕۆاتە پێش | گەلێ چاترە نەک شەڕو کێشە کێش |
| هەچی کوردە وەک شڵخەوو پورەیە | کەداری لەکون وەربدەی تووڕەیە |
| وەکوو هەنگە گەر تووڕە بوو دەتگەزێ | ئەگەر کەوتە شەڕ تا دەژی نا بەزێ |
| کە ئاڵۆز بوو کوردی خاوەن شعوور | دە شێوێ لە ئێرانی مندا سنوور |
| نەکەم گەر حەکیمانە دڵپەروەری | لەوەدوا دەبم تووشی دەردی سەری |
| کە بێتوو ئەمیرخان بشکێ دڵی | لە جەرگو دڵم هەڵدەچێ پێکوڵی |
| بە نەرمی لە کون دێتە دەر ئەژدەها | دەکا خۆلە چەنگاڵی دوژمن رەها |
| ئەگەر ئەهوەنی تۆ لە کاراندا | بەرێزی لە دەرگای یەزدان دا |
| بە تاڵوو کە کردن ئەگەر ئاشنای | لە نێو کۆڕی شەیتانو شۆفاردای |
| ئەوەی توند ڕۆ بێ نەبوو هیچ کات | بە بێ غەم لە دنیا بە ئاوەت بگات |
| لە سەر خۆیی دەرمانی دەردی دڵە | حەکیمی گرێ پوچکە و موشکوڵە |
| بە سەبرە شەڕو فیتنە دەبڕێتەوە | بە دەس وی گرێی کار دەکرێتەوە |

## وەڵامی شاعەبباس بۆ پیر بوداق

| | |
|---|---|
| لەپاش ئەو خەیاڵانە عەبباس شا | دڵی پڕ لە نووری دەبوو بێ گەشە |
| رق ئەستووری دڕندە خوو خدە | بە میرزای دەستوور ئاوا دەدا: |
| بنووسە لە بۆ پیر بوداقی وەڵام | بنێرە بە تاڵووکە نامەو پەیام |
| لە تەورێز دا میری میران ئەتۆی | پڵنگی کەژی سەر سنووران ئەتوی |
| دەبێ تۆ بپارێزی ئەورۆ سنوور | لە فیتنەی بکەی خاکی ئێرانە دوور |
| بە تۆم داوە من ئەو پلەو مەرتەبە | ئە لەو خاکە خزمەتگوزاری مەبە |
| دەبینی ئەگەر ناحەزو بەدفەڕێ | دەڕێسێ ئە لەو خاکە ریسی بەڕێ |
| بەری بگرە لەو کارە با لابدا | لە بۆ نۆکەری خۆ وە دەس شا بدا |
| لە لەپزێر، ئەورۆ کەوتوویە شک | بەرەو رووی ئەو دەس نەبەی بۆ کوتک |
| هەتا تۆ لە بیرو مەرامی نەگەی | دەبێ شەڕ دەگەڵ شێری ئاوا نەکەی |
| بنێرە مرۆیێکی ئازاو ژیر | بە بێ ترس بڕوات بۆ کن ئەمیر |
| بزانی مەرامی لە دمدم چییە؟ | نیهادی خراپەی لە دڵ دا نی یە؟ |
| قەلاتی لە بۆ خزمەتی شا دەکا؟ | وەیا یاغی یە، کێشە پەیدا دەکا؟ |

ئەگەر سوودی ئێمەی لە دڵدا هەیە    کری میر پڕ بایەخ‌و بەهرە یە
لەوێدا لە سەر خاکی ئێرانزەمین    دەکا شەڕ دەگەڵ دوژمنی نا ئەمین
لە دژ شا ئەگەر ئەو دروس کا قەڵات    بە کەللەی سەری خۆی بازی دەکات
کە کاری ئەمیرخان روون بێتەوە    دەگەڵ وی شەڕو چاکە دەکرێتەوە
لەرێی راستی دا بنێ گەر قەدەم    خەڵاتێکی شایان‌و گەورەی دەکەم
کە دانێت لاقی لە رێگەی خووار    لە چەنگی قزڵباش نابێ قوتار
ئەوە عادەتی عالەمی خاکی یە    دەخنکێ لە زەرکاوی ناپاکی یە
کەسێ پاک بێ، ترس‌و لەرزی نیە    ئەوەی چەوتە سەر شۆڕە، بەرزی نیە
چلۆن ئەوە بۆ نۆکەری چا دەبێ    لە فەرمانی ئاغای گەر دانەبێ؟
ئەوەی گەر دەکا خزمەتی خوسرەوان    دەبێ نا ئەمینی نەکا قەت بەوان
لە بۆ میللەتی جووت بەندەو قەرە    ئە لەو خاکی ئێرانە شا، سێبەرە
کە دارێک پڕ میوەیەو پڕ گەڵا    ئەگەر بی بڕی تۆ دەبی پڕ بەڵا
لە سەر چاوە گەر ئاو بخورێتەوە    مەکەتف وەتۆ هەڵدە پڕژێتەوە
لە سایەی کەسێ نیعمەتێ گەر بخۆی    نەکەی تۆ خەیانەت بە نان‌و بە دۆی
دەگەڵ گەورە قەت نانەجیبی مەکەن    بەڕێزن ئەوەی گەر ئە لەو پێتەکەن
ئەمن شام‌و ئاسوودە نابم دەمێ    لە من رووەدەدا هەر سەعاتەی غەمێ
غەمی موڵکی ئێرانە هەر بۆ منە    لە سەر تاجە دنیا بە من دوژمنە
کە ژێر دەستەکانم نەکەن کۆمەگم    دەروون خاڵی‌و دەنگ زلم، دمبەگم
وەرن خزمەتی خوسرەوی خۆ بکەن    گوڵی مەردو مەردایەتی بۆ بکەن
ئە لەو پەندی پیرانە سەر با مەدەن    وەکوو پووش عەقڵ وەدەم با مەدەن

## نامەی بوداق خان بۆ ئەمیرخان

بوداقی کە نامەی لە شا پێگەیی    لە مەعنای پڕ پەندی ئەو تێگەیی
هەر ئەو کاتە هێنای دووسێ مرۆ    گەلێ عاقڵ‌و زیرەک‌و بێ درۆ
ئەوانی لە بۆ کێوی دمدم دەنارد    لە میرخانی بەو جۆرە ئەو راسپارد:
کە ئەی شێری ئازای دمدم مەقام    گوێ بگرە تاوێ لە نامەو پەیام
ئەتۆ چون لەڕێزی ئەمیران دای    گەلێ خۆشەویستی لەکن پادشای
نمەك‌خوردەی دەستی خاوەن شکۆی    لە دیوانی ئەودا بە رەنگ و بە بۆی
بەرێزو بەقەدری لەکن شا هەباس    دە بەستی هەموو دەم دەگەڵ وی تەماس
لە خزمەت ئەوا کەس وەکوو تۆ نیە    دەگەڵ هیچ مەزنێ لە سەر خۆ نیە
هەچی تۆ بفەرمووی ئاوا دەکا    بە دەستوورو فەرمانی تۆ رادەکا

لە دەرباردا جێگە متمانەی
برای نە وەک دوورو بێگانەی

وەلێ تۆ بزانە قەڵاکردنت
دەکا ئاوەڵا رێگە بۆ دوژمنت

زمانی خراپەی دەگێڕن لە بۆت
دەبێ پس پس ئەو کاتە هەودا و پۆت

دروستی دەکەی گەر لە بەر رۆمیان
نەبینی بە دەس وانە تاکوو زیان

ئە لەو کارە بێهودە تۆ لابدە
عەبای ئەمینی بە خۆ دابدە

لە تەورێز تا ئەو قەڵا بەرزە بێ
لە دەورەی قزڵباش وەک تەرزە بێ

هەتاکوو قەڵاتی زلی ئێرەوان
هەبێ، ترس و لەرزت نەبێ قەت لەوان

کە رۆمی بە عینوانی شەڕ ئاژووان
دەکەن روو لە تەورێز شاری جووان

قەڵا کۆنی ورمێ ئیتر ئاوەدان
وەکە، تاکوو دوژمن ببەستێ زمان

بە پاشا نەڵێ خان فکری بەدی
لە دڵ دایە گەر تۆی بەو جۆرە دی

کە ترست لە میرانی کوردی هەیە
شەڕی وانە بۆ تۆ نیەو بۆ مەیە

وەئەستۆی دەگرین ئەو ئەرکەیە
دەبەستین سەف ئێمە لەو دەرکەیە

هەمووومان چون نۆکەری شا دەکەین
بەری دوژمنی کەی بەرەڵڵا دەکەین؟

نیگاهداریی نیشتمانو سنوور
لە سەر مانە بێشک لە فیتنەو فتوور

کە نەگرین پێشی شەڕی دوژمنان
لە بەرمەی دەکا شا کراسی ژنان

کە چون نۆکەری شای یەک دەوڵەتین
شەوو رۆژ ئامادە بۆ خزمەتین

کەسێ گەر لە بۆ تۆ بکا دەس درێژ
لە سەد لاوە دەشکێ ملی ئەو لە لێژ

لە هەڵدێری شەڕدا دەبێ سەرنخوون
دەکا روو لە سەر کێوو لوتکەی نەبوون

بە پەندم کە ڕەفتارکەی ئەی برا
دەدەی شوعلە لەو خاکە دا وەک چرا

پیاوی بەڕێ کرد بەو نامەوە
بە سەد پەندو ئەندەرزو بەوڵامەوە

وەرێکەوت ئەو زیرەکی نامە بەر
دەگەڵ وی دەبوو هەم سەفەر سێ نەفەر

دەڕۆیشت تا گەییە خزمەت ئەمیر
لە نێو سەنگەری حەستەمی بێ نەزیر

کە چو بەردەمی میرخانی بە هێز
ئە لەو ئەفسەرەی گرت سەردار، رێز

بەڕوی خۆشەوە قاسیدی ئەو دوواند
دەگەڵ وی گەلێ میهرەبانی نوواند

کە حاڵی دەبوو ئەو لە باسو پەیام
بوداقی لە بۆ نامە کرد بێ وەڵام

بەڕێی کردەوە نامە بەر بێ جوواب
دەروونی بوداقی بەوەی بوو کەباب

وەڵامی بوداقی کە نەدرایەوە
وەکوو مز لە داخان دەتوایەوە

بە میرخانی لەپڕێز دوژمن دەبوو
دووسەد هێندەیی تر بەرقدا دەچوو

لەکن شا هەتا بۆی دەکرایەوە
ئەمیرخانی بەزمان دەکوتایەوە

دەڵێن نامە بەر گەر بەڕێ بوونەوە
بەرەو خاکی تەورێز ئەو چوونەوە

لە هەڵدێری دمدم کە رزگار بوون
بە دەس کوردی ئازا گرفتار بوون

لە پێدەشت دا هەشت کوردی سووار    دەسووڕان بۆ بەزمو ڕاوو شکار
دەیاندی قزڵباش وا سێ نەفەر    دەکەن هەر بە نێو خاکی کورد دا سەفەر
دەیانگرت وەکوو شێر دەورەی ئەوان    بە شەمشێرو ساتۆرو تیرو کەوان
کران ئەو لەوێ بێ هەناسەو پشوو    ئەمیرخان ئاگای لەوەی نەبوو
بە بێ ئیزنی لەپڕێز کوژرانەوە    لە نێو گۆڕی ئەشکەوت دەخرانەوە
کەسێ گەر بڵێ میر بوو باخەبەر    لە فەوتاندنی سێ نەفەر نامە بەر
بە ویجدانی میرخان بوختان ئەکا    درۆییکی بۆ میری کوردان ئەکا
دەنائەو کەسەی را بەرەو پێشەوا    بە دوورە لە پیشەی بە دو ناڕەوا
دەکووژێ چلۆن قاسیدی نامە بەر    دە بەستێ لە نامەردیا ئەو کەمەر
قزڵباش چوون دوژمنی کورد بوون    لە بۆیە بە دەس کورد ئەو ورد بوون
کەڕۆیشنەوە نامە بەر بێ پەیام    نەبوو ئەو هەبێ حیکمەت‌و بێ مەرام
ئەمیرخان فکری لە سەر کورد بوو    غەمی کورد هۆشی لە دڵ برد بوو
کە دەستی لە دمدم نەدا بایەوە    قەڵاتی لەوێ دانە نا بایەوە
دەبوو دەس لە هۆزو گەلی هەڵگری    لە مافی گەلی ئەو نەکا بەرگری

## ڕاوێژی ئەمیرخان دەگەڵ سەرۆک عەشیرەکان لە بارەی شەڕ دەگەڵ شا

لە نێو بیرو فکران کە تلایەوە    لە خزمو سەرۆکانی گێڕایەوە
سەرۆک‌و تفەنگچی وەکۆ کردنەوە    لە بۆ دمدمی شەڕکەری بردنەوە
ئەوەی ڕۆژی تەنگانە وەک شێر بوون    لە خزمەت ئەوا دەس بە شەمشێر بوون
کە کۆ بوونەوە پێی گوتن شەڕ دەکەم    ئە لەو خاکە بێگانە من دەر دەکەم
گەلی کورد دەبێ شادو سەر بەست بێ    لە ڕاستی ئەوی خەڵک بێ هەست بێ
دەبا کورد یەك دەوڵەتی سەر بە خۆی    هەبێ، شاوو خونکار دانێ لە خۆی
لە بۆچی دەبێ ژێر دەستی بکەین؟    ئە لەو خاکەدا روو لە پەستی بکەین
دەبا بەرزەفڕ بین هەر وەک هەڵۆ    لە سەر ڕێگەلابەین بەردو کلۆ
کە یەک بین بێگانە دەدرێ لە قاو    نەجاتی دەبێ کورد لە بەندو لە داو
بە یەک بوونە هەرچی کە مەیلت هەبێ    وەدیی دێ لە دنیایە دا هەر دەبێ
کە کۆمەگ بە یەک بین، دوژمن چیە؟    بە بێ تاقەت‌و تینە، هێزی نی‌یە
کە هیممەت بڵند بین‌و دوژمن شکێن    بە کاسەی سەری ئەو دەکەن بازەڵێن
ئەوا خاکی کوردان لەت لەت بووە    لە ژێر لاقی بێگانە دا بۆزووە

که بەو جۆرە داگیر بکرێتەوە
نەژادی گەلی ئێمە دەبڕێتەوە
لە بەینی دەبەن یا نە دەتوێتەوە
هەموو سەروەت‌و موڵکی دەخورێتەوە
که وا بێ دەبێ هەر ئە لەو کاتە دا
ببین ئێمە بۆ میللەتی خۆ فیدا
بە شەڕ روو لە بێگانەی هار کەین
ئە لەو زوڵمە ئەو کوردە رزگار کەین
کە لەو کاتە تەنگانە ئاوا نەکەین
لە دنیایە خۆمان ریسوا دەکەین
خەڵک پێن دەڵێ حیزو بێ غیرەتن
نە هۆزو گەلی کوردو عاشیرەتن
ئە من گەر قەڵاتم دروسکردەووە
حەق‌و مافی کوردم لە دڵدا بووە
ئە بەو بیرە گرتوومە سەنگەر لە کێو
لە بۆ شەڕ دەگەڵ غوول‌و جندان‌و دێو
ئەوێستا ئەگەر ئێوە حازر نەبن
نەکەن کۆمەگی لەو دەمەی دا بە من
بە تەنیا لە مەیدان دا بێ گەزاف
دەکەم من لە بێگانە داوای ماف
وەیا سەر ئە لەو رێگەدا دادەنیم
وەیا خۆ دەبێ کورد رزگار پێم
ئەوەش نەنگە ئەوڕۆکە گەر دەنگ نەکەم
لە سەر میللەتم شۆڕش‌و جەنگ نەکەم
ئەمن بۆیە کۆڕم لە بۆ گرتوون
لە بۆ دمدمی دەعوەتم کردوون
بزانم چیە بیرو تەگبیرو راو
لە بۆ کوردی بێ موڵک‌و دابەش کراو
دەکەن شەڕ لە سەر مافی ئەو میللەتەی؟
کە رزگار بێ تا ئە لەو زیللەتەی؟
وەیاخو ئە لەو کارە دا کەڕ دەکەن
گوڵی زیندەگی وانە پەڕ پەڕ دەکەن
دەهێڵن کە بێگانە دەسدا لەوان؟
ببێ گورگ بۆ ئەو مەڕەی پاسەوان؟

## وەڵامی سەرۆک عەشیرەکان

کە بیستیان هەستانە پێ پاکیان
دەگریان بۆ میللەت‌و خاکیان
دەیانگوت هەموو هۆزی کوردن دەوێ
بە ئاواتی ئەوەین گەر سەرکەوێ
هەتا ئاخرین قەترە لە خوێنمان
دەکەین ئێمە شەڕ هەر لە سەر نیشتمان
سوێند بێ بە دەشت‌و کەژو شاخەکان
بە دارو گوڵ‌و چیمەن‌و باخەکان
بە گۆڕی شەهیدانی پیرو جووان
کە کردیانە بەر کفنی رەنگ ئەر خەوان
هەتا مردنێ کۆمەگی تۆ دەکەین
هوجومی لە بۆ دوژمنی گەل دەبەین
وەڵاتی بە شەڕ پاکسازی دەکەین
گەلی کورد بەو کارە رازی دەکەین
ئە بەو باسە میرخان بوو کەیف خۆش
نەشەی گرت کوورەی دڵی هاتە جۆش
دەگەڵ وانە دەیبەست قەول‌و قەرار
لە بۆ شەڕ لە دژ دوژمنی نالە بار
وەڵاتی لە بێگانە ئازاد کەن
هەموو میللەتی کورد دڵشاد کەن
ئەمیرخانی لەپ‌زێڕی بێ پێشەوا
لە سەر کورد بکا زامی میللەت دەوا
هەر ئەوکاتە لەپ‌زێڕی ئەسفەندیار
وەکۆی کرد کوردی فەقیرو هەژار

رچەی کاروانو قەتاری شکاند
لە هەر لاوە ئازووقەیی تێ‌خزاند

لە گەنمو لە جۆو برنجو لە ماش
دەکا هەرچی گەر زیندەوەر بەو مەعاش

لە وێنجەو لە کاو لە گزرەو گیا
ئەوەی بوو لە گوندانو دەشتو چیا

هەمووی دا لە عەمبار بۆ حەوت ساڵ
لە بۆ رۆژی تەنگانە و قیلو قاڵ

لەوەدوا لە ئەمرازی جەنگی بە بار
دەهێنا لە هەر شارو گۆشەو کەنار

ونی کرد لە عەمبارو غاران دا
نەبوو کەس بلێ چی لە باران دا

عەشیرەت لە دەورەی وەکۆ بوونەوە
بە دڵپاکیو باوەڕی روونەوە

هەموو مەردی مەیدانی پەیکار بوون
لە زوڵمی قزڵباش بێزار بوون

بە عیشقی گەلی کورد پابەند بوون
نە وەک نۆکەری دوژمنی گەند بوون

## پەنا بردنی خان ئەبداڵی موکری بۆ دمدم

لەوەی پێش باسی گەلی موکریان
کراوە بە خۆیانو مەڵبەندیان

گوتم گەر ئەمیرە لە دنیا دەڕۆی
بەرەو گۆڕو کفنی شەتەک دا لە خۆی

کوڕی گەورە حەیدەر دەبوو جێ‌نشین
لە سەر موڵک دەیکرد ئەو ئەسپە زین

لە بن پەرچەمی رۆمدا مایەوە
هەتاکوو لە تورکان دەکیشایەوە

بە رقدا دەچوو گەر لە عوسمانیان
دەبۆ بەندە بۆ شای ئێرانیان

دەگەڵ شا هەباسی دەچۆ ئێرەوان
لە دەستی دەدا لەو قەلاتەی گیان

ئەگەرچی لە بۆ حەیدەری دوو برا
هەبوو بۆ وەجاخی ئەوی وەک چرا

بە فەرمانی خوسرەو قوبادی کوڕی
بڕستی لە دوو مامی ئازا بڕی

دەبۆ مەزن هەر چەندە منداڵ بوو
لە بۆ کاری مەزنایەتی کاڵ بوو

دەسی گەر لە بۆ موڵکو ماڵی دەبرد
کە داکی هەبوو سەرپەرەستی دەکرد

ئەمیرخان بۆ گەرمڕوودێ دەچوو
ئە لەو لاوە عەوداڵ یاغی بوو

قوبادی مەزن سەروی تازەو نەمام
ببۆ دەردو ناسۆرو وەرهەم لە مام

گەلێ نەنگی تاریخ بوو یەك منال
ببێ گەر لە سەر مامی وەك بەورە زاڵ

عەیب بوو لە نێو عێلو عاشیرەتە
کەرێوی بە شێری نەدا دەرفەتە

ئە بەو بۆنە عەوداڵ بەگ هار بوو
لە عاشیرەتی خۆی بێزار بوو

لە داخان بێ کەیفو بێ واز بوو
لە بۆ شەڕ دەگەڵ ئەو کوڕەی ساز بوو

کە رۆیشتەوە شا لە بۆ ئیسفەهان
وەخۆ کەوت ئەو جارە عەوداڵ خان

دەچۆ دەر لە دەستوورو ئەمری قوباد
ملی هەر نەدا خانی رۆستەم نەژاد

لە هۆزی موکریان ئەو مایەوە
لە مەزنایەتی خۆی دەدوایەوە

وەکۆی کرد لەشکر لە هەر شیوو دۆڵ
وە شەڕ کەوت وەک ماری شەڕکەر لە چۆڵ

دەسی کرد ئەوجا بە یاغیگەری
پیاوی قوبادی کە دیبانەوە
لە هەر کێوو کەژدا کە دستەی دەدین
وەنێو دوژمنی کەوتبوو بێ خەوی
بەرەو رووی گەرهاتبا قارەمان
ئەگەر چی لە یەک هۆزی گەورەو قەوی
وەکوو شێر گەر هاتە مەیدانەوە
شەڕی خان عەوداڵ هەر مایەوە
قوبادی برازای خسبوو لە کار
لە ترسی دەمی شیری عەوداڵ خان
کە دەی دیی ئە بەو جۆرە داکی قوباد
کە عەوداڵ هەودای یاریی پساند
کە مستی نەدا شا لە زاری ئەوی
بە شەڕ دەیهەوێ خاک داگیر کا
هەتا کار ئاسانە چارەی بکە
کە شا ئەو قسەی بیست بۆ شەڕ بەغار
دەیانکرد دەگەڵ خان ئەبداڵە جەنگ
کە عەوداڵ بەگ کەوت ئەسپی لە رەوت
لەوی لادەدا شا پەرستی دەکرد
کە ئەوەی لە یارانو خزمان دی
بە خۆیوو بە دەستەی لە بۆ دمدمی
هەڵیگرت چەکدار تا بیس هەزار
بزانین دەورانی رۆیشتنی
لە کاتێ کە نامەی بوداقی دەچوو
ئەوەی بیستبوو میر یاغی بووە
کە زانی بە بێ سوودە کێشەو شەڕی
پەنای لە بۆ خانی لەپزێڕ برد
هەتا مرد هەر هەمدەمی خان بوو
ئەمیر هێزی و گەورەیی لەشکری
لە هەر کار دا بەو دەبوو پرسو رای

هەڵی قەند لە هەر کێوو کەژ سەنگەری
بە دەس وی وەکوو مەڕ دەکوژرانەوە
لەوانی دەکرد وەک پڵنگ سەد برین
لە ترسی ئەوی کەس نەبوو وەرکەوی
دەترساو دەیکرد ناڵەو ئەمان
نە دەکراوە ئەو کاتە کۆمەگ بەوی
عەشیرەت هەموو لەو پرینگانەوە
دەڕۆیشت دوو ساڵو نەبڕایەوە
لە نێو عێلو عاشیرەتو دێو شار
نەما خۆشەویستی قوبادی جووان
لە دەرگای عەبباس دەیکرد داد
خەتو نامە و مۆری شایی دڕاند
دەترسم هەموو کەس دەگەڵ وی کەوی
قوبادی لە کۆتو لە زنجیر کا
بە تەگبیر فکرێ لە بارەی بکە
بە رێی کرد یەک لەشکری بێ ژومار
لە سەد لا بە شەمشیرو تۆپو تفەنگ
گەلێ کەس دەگەڵ لەشکری شا دەکەوت
خەیاڵی لە سامانو هەستی دەکرد
شکانی لە بۆ دەرد، دەرمان دی
وەکوو کێوی ئاتەشفشانێ جمی
بڕی چۆڵو کێو پارە و لێڕەوار
چ ساڵێک بوو، گەر کەژی پشکنی
لە بۆ خانی لەپزێڕ، ئاوارە بوو
قەڵاتێکی گەورەی دروسکردووە
لە مەڵبەندی موکری نەما دەرپەڕی
بە خۆشی لە خزمەت ئەوا هەڵدەورد
وەکوو عەبد بوو گوێ بە فەرمان بوو
بەوی بوو لە کاتی شەڕو بەرگری
لە بۆ میر عەوداڵ بوو وەک برای

# هەڵاتنی عێلی جەلالی لە تورکیەوە بۆ ئێران

لە کاتێ کە ئەو خانی بۆ کورد پەنا
قەڵاتی کەژی دمدمی دادەنا

لە دەورەو لە مەڵبەندی دەریای وان
هەبوو یەک گەلی شەڕکەرو پاڵەوان

نەژادی دلێران‌و مەردان بوون
لە تیرەو رچەی هۆزی کوردان بوون

جەلالی دەگوتراوە بەو هۆزەیە
دوو گەورەی هەبوو کوردی ئەو کۆزەیە

لەوانە یەکێ ناوی ئەو بوو تەویل
بە تەگبیر دەیکرد بەر دەست فیل

ئەویدی محەممەد قەلەندەر بە ناو
لە مەردایەتی‌و عەقڵدا بوو تەواو

برایێک بۆ ئەو تەویلەی سەرۆک
هەبوو، شێری بێ‌باک، نەک ترسە نۆک

جووانێکی هەڵمەت بەرو بەرەزا
محەممەد بەگی ناو شیرین رەزا

تەویل دای کاتێ وەگۆڕا تەنیشت
براکەی لە جێگەی ئەوی دادەنیشت

کە ئەو بوو لە دنیایە بێ بەش لەمان
قەلەندەر لە سەر هۆز دەکرا بە خان

محەممەد قەلەندەر بەگی ئۆغڵی
دەپشکوت لە مەزنایەتی دا گوڵی

کرا مەزن‌و سەر هۆز چون پیر بوو
هەر ئەو خاوەنی بیرو تەگبیر بوو

جەلالی ئە لەو خاکە بێ دەرد بوون
لە مەڵبەندی تورکییەدا مەرد بوون

بەهانەی بگربا کە دوژمن بەوان
دەبۆ کفتەی زاری ماسی لەوان

لە نێو ئەو گەلەی دەردو ماتەم نەبوو
پەرێشانی و حەسرەت‌و غەم نەبوو

کە سوڵتان ئەو هۆزەی وا دەدی
گری گرت، وەک نەوت فکری بەدی

دەمێ بوو کە لەو هۆزە بەد بین بوو
دەروون‌و دڵی پڕ رق‌و قین بوو

گوتی دەستی ئەوهانە کۆتا دەکەم
هەوەڵ خەرج‌و پیتاک داوا دەکەم

کە ندیدەن بە من بێ هەراو قڕە
دەسووڕێنم ئەو هۆزە وەک فڕفڕە

رقی چەند ساڵەم دەڕێژم بەوان
مەزەی دەردەداری دەچێژم بەوان

نەماوە تەویلی وەکوو پیرە زاڵ
بە شەڕ کردنا دەس بەرێ بۆ مەتاڵ

نیە کەس لە نێو هۆزدا دەس بەرێ
دلێرانە بۆ شێرو بۆ خەنجەری

بکا پشت کە شوانی ئازا لە هۆز
مەترسە بکە گورگی دڕ تۆ لە کۆز

کە ئەورۆکە ئەو عێلە بێ دەس نەکەم
لەوەدوا دەبێ شەڕ دەگەڵ کەس نەکەم

عەشیرەت لە من دەبنە چەقڵ‌و دڕوو
بە سەد جۆرە دەگرن لە دەوڵەت گوڕوو

کە ئەو تیرە ئەورۆ نەبن فێرە باج
دەبێ دەست بەردەم لە تەخت‌و لە تاج

گەلی کورد لە بن پەرچەمم دەچنەدەر
دە بەستن لە بۆ فیتنە و شەڕ کەمەر

لە بۆ من هەر ئەورۆکە کات‌و هەلە
هەتا ئەسپی ئەو هۆزە لەنگ‌و شەلە

بدەم گەر هەڵم لەو دەمەی دا لە دەست
گەلی کورد دەکا تورک بێ ماڵ‌و پەست

ئەوەی کوردە بێ ترسەباکی نی‌یە — وەلێ پێشەوایێکی چاکی نی‌یە
کە هەی بێت فەرماندەیی هۆشیار — دەبێ بچمە نێو لانەیی مشک‌و مار
دەنا جێگەی ئێمە نا بێتەوە — کەرێگا بە کوردان بدرێتەوە
گەلێکە لە سەر نیشتمانی، شەڕێ — دەکا چەرخی دەوران گەر لێی گەڕێ
لە دنیایە ئەوهانە گەر یەک کەون — وە یەکتر بدەن پاڵ هەر وەک تەون
کە رووکەن لە کێوو چیا دێ لەبن — دەکەن ئەوهە بەردی زل‌و سەختە کون
لە هەر دەوڵەتێ کوردی خەنجەروە شێن — بدا دەس دەبێ بێ رەواج‌و رمێن
بە بێ تاقەت‌و تین‌و بێ هێز ئەبێ — لە دنیایە دا زۆر بێ رێز ئەبێ
دەبێ کورد پەرت‌و پەرێشان بێ — لە سەر عەرز نەک گەورەو خان بێ
شوکر بۆ خودا کوردی باسک قەوی — تەماحی ئەوەن زۆرە یەک ناکەوی
نە خۆشی حەسوودی پەرەی ساندووە — دڵی ئەو گەلەی پاک داگرتووە
هەتا کوو نەکەن چەقڵی ئەورێشەکەن — دەگەڵ یەکتری دوژمنی هەر دەکەن
لە بن رادەسم لەو گەلەی وەر دەدەم — هەموویان لە گیانی یەک بەر دەکەم
بە پارە بە گژ یەکتری دا دەکەم — لە یەک دەستەی پارە داوا دەکەم
بە پووڵی دەگەڵ یەک کە ناپاک بوون — بە بێ خزم‌و بێ باب‌و بێ کاک بوون
دەزانم کە دنیا بە کامی منە — لە کوردی دەدا بای نەگبەت شنە
هەتا بێ لەکن وانە دوو دەستەگی — دەکەن روو لە یاسای وا بەستەگی
لە بۆ دەوڵەتی کورد ناکەن خەیاڵ — دەبن ئەو لە بەر دەستی بێگانە قاڵ
بە هەر جۆر بێگانە گەر بی هەوێ — خوڵ‌و سووڕ دا روو دەکەن ئەو لەوێ
نەکەن تا گەلی کورد لە یەکتر قەبووڵ — دەکەن خزمەتم هەر بە پارەو بە پووڵ
بە سەرزارەکی لەو گەلەی روو دەکەم — بە پارە سەرۆکانی بەد خوو دەکەم
وەها بن هەموو دوژمنی هۆز بن — هەمیشە پەرێشان‌و هاڵۆز بن
لە ماسی ئەگەر گۆم بکرێ قوڕاو — دەگیرێ بە دەست‌و قولاپ‌و بە داو

## داوای سوڵتانی رۆم لە جەلالیەکان بۆدانی باج‌و پیتاک

کە سوڵتان بەو چەشنە دەیکرد بیر — لە کوردانی بێ ترس‌و ئازاو ژیر
پیاوێکی بۆ نێو جەلالی دەنارد — لە سەر هۆزی ئەو میللەتەی راسپارد
کە خەرجی حەوت ساڵە و ماڵیات — بنێرێت هاوارو روڕو نەکات
تەویلم کە تەرخان کرد بوو لە خەرج — دەگەڵ ئێمە بە ستبووی ئەو شەرت‌و مەرج
کە تا ماوە هەر نۆکەری من بکا — سڵەی ئەو لە دیداری دوژمن بکا
وەها بوو هەتاکوو بە حەق شاد بوو — لە دنیایی شەش گۆشە ئازاد **بوو**

دەزانم بە تۆ ناکرێ وەک ئەوی        لە قامیش قەت نیرە هەڵناکەوی
جەلالی لە پیتاک‌و خەرجی گەزاف        لە بەر خاتری ریشی ئەو بوو مەعاف
دەبێ تۆ نەکەی شوێنی شێری رەچاو        بدە خەرج‌و پیتاک‌و پارەو دراو
ئەگەر وانەکەن عەسکەرو دێتە سەر        دەکوژرێن یا خۆ دەبن دەربەدەر
بە خۆشی هەوەڵجار پەند و دەدەم        دووەم جار بێ موڵک‌و ماڵ‌و دەکەم
دوایی دەبن ئێوە تاوانبار        لە دیوان‌و پەروەندەی رۆژگار

## هاتنی قاسیدی سوڵتان بۆ نێو عێلی جەلالی

کە قاسیدی سوڵتان رووی کردەوان        ئەوەی گوت بە سەردارو مەزنی ئەوان
محەممەد قەڵەندەر پەرێشان بوو        دڵی پڕ غەم‌و دەردی سوڵتان بوو
بە پەیکی دەفەرموو خراپەم نیە        بەهانەو ئەبەو هۆزە کوردەی چیە؟
لە خزمەت بە ئیسلام‌و سوڵتانەوە        گەلی ئێمە کوژران‌و دەبڕانەوە
هەموو دەم دەیانکرد ئەو نۆکەری        لە بۆ رابەری دینی پێغەمبەری
چ رووی داوە ئەورۆکە ئاوا دەکا؟        ئە لەو هۆزە سوڵتان حاشا دەکا
کە قاسید ئەوەی گوێ لێدە بوو        لە پاشا محەممەد بەڕقدادەچوو
گوتی گەر لە دنیایە نۆکەر نەبان        بڕشت‌و هەبا نەوعی تیغی دەبان
وەکوو میللەتی دی وەخۆ کەوتبان        ئەلەو زێدەدا خاوەنی رەوت بان
هەبا گەر دەمار و لە کوورەی زەوی        لە بۆ غەیرە پشت‌و نەکربانەوی
گەلی خۆو رزگار کربایەوە        بە دەس دوژمنی بۆ دەچەو سایەوە؟
نە موڵکی بە دەس غەیرە دا بەش دەبوو        نە جەرگی بە دەردو بە غەم رەش دەبوو
نەبوو کەس کە خەرجی لەوی وەرگری        لە خۆی بە باشی دەکرد بەرگری
نەژادێ لە دنیا کە خۆ خۆر بێ        بە بێ رێزو بێ قەدرە، با زۆر بێ
بە یەک بوونە میللەت دەبێ سەر بڵند        دەژی ئەو بە خۆشی لە شارو لە گوند
دەبینێ دوا رۆژی روونی بە چاو        دەنێرێت بێگانە بۆ وی سڵاو
وەلێ ئەو کەسەی نۆکەرو بەندەیە        هەتا ماوە سەر شۆڕو شەرمەندەیە
بە دەستووری ئاغای رەفتار ئەکا        بە ئەمری ئەوی لەو دەمەی کار ئەکا
کە مەیلی لە سەر بێ خەڵاتی دەکا        دەنا برسی و بێ بەراتی دەکا
جەلالیم هەر دیوە زارو زە بوون        لە دەرگای سوڵتان دا بەندە بوون
لە بۆ ئەمری سوڵتان سەر شۆڕ بوون        بە بێ دەنگ وەک تەرمەکی گۆڕ بوون
کەس‌و کاری خۆتان بۆ وی دەکوشت        لە خزم‌و گەل‌و هۆز دەوکرد پشت
ئەوێستا کە پارەی دەوێ ئەو لە تۆ        دەدەی دەستی هاوارو شیوەن لە خۆ

بە دەس غەیرەوەک دار دەستو وەکاز / دەسوورێن ئەورۆ دەکەن ئێوە ناز
لە دەرباری سوڵتان نازو نیە / لە چۆمی قەدر پردەبازو نیە
کەسێ خاوەنی رێزە چاوی لە کەس / نەبێ تابدا پووڵو پارەی وە دەس
ئەوەی خزمەتی هەر لە بۆ پارە بێ / دوایی دەبێ وێڵو ئاوارە بێ
رقی زۆری سوڵتانی عیسا نەفەس / وەکوو ریندویی بەفرە بێنێ هەرەس
لە هۆزو گەلت تۆ دەکا بێ شوێن / لە نێو کورەی بەرقي ئادەم کوڵێن
بزانە ئەوە دوا وتاری منە / مەفەرموو بە هۆزو گەلم دوژمنە
لە سوڵتان را من پەیام ئاوەرم / نە وەک قارەمانی شەڕو سەنگەرم
ئەوەی تۆ بفەرمووی من وا دەکەم / لەوە دواوە ئەو کارە یەک لا دەکەم
لە بۆمن ئە -تۆ خەرجو باجت هەیە؟ / وەیا خۆ قسەی بێ رەواجت هەیە
وتەی زۆری بێ کردەوەو بێ عەمەل / دەخا خاوەنی خۆی لە قوڕو لە زەل
نەهاتووم بۆ باسو پەندو وتار / زمانم کەوت لەو دەمەی دا لە کار
بە بێ سوودە بۆچی بگێڕم زمان / لە سەر چاوەیی پەند بۆ دەم قمان
بە لاوی وەکوو بوویی هەر وا دەبی / بە پیری بە پەندان بۆ چا دەبی
لە بنیادەما گەر هەبوو خویی بەد / محاڵە کە لێی لابدا بۆ ئەبەد

## وەڵامی محەممەد پاشا بۆ قاسید

محەممەد گوتی خەڵک بێ چارە یە / بە بێ ماڵو بێ موڵکو بێ پارە یە
شەوو رۆژ هەوڵێ دەدا بۆ بژیو / لە هەر کێوو هەر دەشتو مەزراو شیو
کە بستێنم ئەوڕۆکە لەو هۆزە ماڵ / دەکەن روو لە مەڵبەندیتر بۆ سوواڵ
وەها دەست تەنگو پەرێشان ئەبن / هەتا حەشر دوژمن بە سوڵتان ئەبن
کەوا بێ ئەمن ئەو کڵاوەی لە سەر / گەلی خۆم نانێم دەیکەم بە شەڕ
بە خۆشی کە ئەو کارە نەبڕێتەوە / وەڵامی بە شەمشیر دەدرێتەوە
بڵێ تۆ بە سوڵتان ناکەم شەڕێ / ئەگەر بێتوو لەو میللەتەی من گەڕێ
بە خۆمو بە هۆزم دەکەم خزمەتی / وەدەر ناکەوم قەت لە جەغزو خەتی

## گەڕانەوەی قاسید بۆ لای سوڵتانی رۆم

گەڕاوە بە باسێکی شیرینو تاڵ / لە بۆ ماڵ ئەو قاسیدەی دەس بەتاڵ
دەگەڵ میر گەر پەیک بوو روو بە روو / بەوی گوت ئەوەی لەو گەلەی بیستبوو
ئە بەو باسە سوڵتان بوو دڵ پەشێو / رەشو برشو رەنگ تاڵ بوو بوو بە دێو
هەر ئەو کاتە دەیکرد کێشەو هەرا / لە بۆ شەڕ لە شەیپووری جەنگی درا

وەکۆی کردەوە لەشکرو عەسکەری     بەڕێی کرد چەن ئەفسەرو یاوەری
جەلالی ئە لەو خاکە تا دەر بکەن     سەرۆکانی ئەو خاکە بێ سەر بکەن
چون ئەو هۆزە سەرڕۆو لاسار بوون     لە بۆ کاری خۆیان هوشیار بوون
دەیان بەست ئەو کاتە بارو بنە     نە وەک بچنە بەر دەستی ئەو دوژمنە
دەیانگوت کە عەسکەر دەکا روو لەوان     بە تاڵان ئەبا پووڵو ماڵی ئەوان
ئە لەو خاکە کردیان ئەو هۆزە بار     بەرەو مولکی ئێران رۆیین بەغار
محەممەد لەوێدا دەگەڵ شەڕکەران     بەجی ماوو خۆی ناوە نێو سەنگەران
هەتا پێش بگرن ئە بەو لەشکرەی     بە ئاوی وەکوو ژێنن ئەو ئاگرەی
قەلەندەر لە بۆ شەڕ کەوا بوو سووار     دەگەڵ وی بوو چەکدار تا بیس هەزار
لە هەر لا بە گژ عەسکەری دادە چوون     بە بێ ترس تا هۆزەکەی لادە چوون
کەزانی ئەوەی خاوەنی بار بوون     لە تاڵانی تورکان رزگار بوون
بە خۆیو بە دەستەو دەیارەی هەڵات     ئەبەو جۆرە هۆزو گەلی دا نەجات
گەلێکی ئە لەو قۆشەنەی کوشتەوە     خووێنی لە هەر کێوو کەژ رشتەوە
لە بۆ شای ئێران دەیبرد پەنا     لە بەر دەرکی شا ئەو سەری دادەنا

## شاد بوونی شا عەبباس لە هاتنی هۆزی جەلالی بۆ ئێران

کە عەبباس هۆزی جەلالی دەدین     دەبوو شاد نەیماوە زامو برین
گوتی لێرە بەو لاوە بیغەم دەبم     دەگەڵ خۆشیو عەیش هەمدەم دەبم
کە زانیم لەپ‌زێڕ یاغی بووە     لە نێو دمدمێ سەنگەری گرتووە
بە گژ ئەو وەلی نیعمەتەی دا چووە     لە رێی خزمەتو نۆکەری لاچووە
ئەوانەی لە شەڕدا بە گژ دادەکەم     لە بۆ کورد، کوردی بەرەڵلا دەکەم
بە کەو راوچی دێت وڕاوێ دەکا     ملو گەردنی کەو لە داوێ دەکا
لە تەورو لە تەشوێ و رەندەو مشار     نەدەی گەر ئە لەو هانە دەسکێ لە دار
بەچی قەڵت ئەکەی داری سەروو چنار؟     دەبەی دەس لە بۆ جەنگەڵو لێڕەوار
بە کوردی دەبێ کورد بە کوژ دەم ئەمن     بهێنم ئە لەو خاکە ریشەی لەبن
هەر ئەو وەختە فەرمووی تا جێ هەوار     ئە بەو هۆزە ئازایی بدرێ بە غار
ئەوانە بەڕێزو قەدر وەرگرن     بە بێغەم لە یەک جێگەدا هەڵورن
بە سەر تا سەری هۆز دەیدا بەرات     سەرۆکی جەلالی دەکردن خەڵات
ئەوانەی لە بۆ کێشە پیویستبوو     لە میرخانەوە چون قسەی بیستبوو

## پەرێشان بوونی پیر بوداق لە بێ وەڵام مانەوەی ئەمیرخان

کە نامەی بوداقی دەبوو بێ وەڵام    بە پەرناک لەپزێر نەیدا پەیام
پیاوی دەچوو بێ سەرو بێ شووێن    ئەوەش بوو بە یەک کەوسەری دڵتەزێن
غەم‌و حەسرەت‌و وەرهەمی سەر دڵی    دەبوو زۆر بەوداخە جەرگی کوڵی
لە تەورێز چون میری میران بوو    سەرۆکی هەموو خان‌و گەوران بوو
کە حوکمی بە سەر شێر دا کرد با    بە مردن دەبوو دەس بە جێ مرد با
کەچی خانی لەپزێر نامەی ئەوی    فڕێ دایە سەر زبڵ‌و زاڵی زەوی
دەبوو نامەکەی بێ جوواب‌و پیاو    ئە لەو بەینەدا بوونە بڵقی سەراو
کە دوو مانگ را برد کەس چی نەگوت    لە نامەو لە قاسید دەستی دەشت
بوداقی بە فیتنەو شەڕو بەیتەشە    هەر ئەو کاتە نامەی دەنووسی لە شا
کە ئەی خوسرەوە تۆ بە دادم وەرە    پەشێوم لە یەک شیوی تەنگ‌و دەرە
لە دوو لاوە کەوتوومە هەڵدێرو تات    دەڵێم بابە هاوار جیقم دەرات
لە لایێکی دەستندەخۆری ئەتۆم    لە لایێ غەمی خانی لەپزێر ئەخۆم
کە بێتو خەیانەت بە پاشا بکەم    دەبێ من لە ناموس حاشا بکەم
بکەم گەر لە بەر خانی لەپزێرە دەنگ    دەخەم خۆ لە مەیدانی پەیکارو جەنگ
بە شەڕ گەر بە گژ ئەو کەڵەیدا بچم    دەترسم لە تیری رقت دەر نەچم
کە بێدەنگ هەر وەک کەڕو لاڵ بم    هەتا هەم دەبێ ناحەزو تاڵ بم
چیە خوسرەوە بیروتەگبیری من؟    چ لا هەڵبژێرێت شەمشیری من؟
لە کالان دا بێت یا بێتە دەر؟    بکا قەڵت شان‌و مل‌و کەللە سەر
ئەوەی تۆ بفەرمووی من وا دەکەم    بە هەر لا کە ئیزنم بدەی را دەکەم
دەزانی کە لەپزێر چی کردووە؟    شەها ئابڕوویی منی بردووە
لە داخان ئەوڕۆکە گێژو هوڕم    دەکەم شەرم چاوی حەیا هەڵبڕم
ڕژاوە لە نێو کورد دا ئابڕووم    خەتابارو سەر شۆڕی دەرگای تووم
بزانە ئەتۆ خوسرەوی خوسرەوان    لە جێگای جەمشیدو نەوشیرەوان
بەڕێم کردووە نامەو نامە بەر    لە بۆ خانی لەپزێرو زێڕین کەمەر
لە دوو مانگ دا چاوە نۆڕم ئەمن    نەماون لە خۆ گەر نەگۆڕم ئەمن
ئەوا رۆیی سێ مانگ هەر سێ‌ونن    دەزانم کە کوشتەی دەسی دوژمنن
کە قاسید مابان پەیدا دەبوون    دەیاندا خەبەر ئەو بەبوون‌و نەبوون
لە بۆ کێوی دمدم کە جاسووس چوون    لە رەفتاری لەپزێر حاڵی دەبوون
لە بۆیان دەرکەوت ئاوا کە خان    دەگێڕی هەموو دەم لە دژ شا زمان

به خۆی‌و کەس‌و کارو خزمانەوە     به ئاغاو بەگزادە و خانەوە
له پاشای ئێران یاغی بووە     به کوردان ئەو قاسیدەی کوشتووە
ئەجندەش وەک ئەو مەزنە بەد خوو نیە     به خوێنی سەری پادشا توونیە
وەڵامی منی میر ناداتەوە     به کاسەی سەرم ئاو دەخواتەوە
ئە لەو خانە هەرچەند پاڕامەوە     به پەندو به ئەندرز دەدوامەوە
له بۆ پەندی من ئەو ملی هەر نەدا     له دەریای شەڕ خۆیی تێوەردەدا
که سوودی له نەرمی منا بردووە     به دەستووری خوسرەو ئەوەم کردووە
که له دمم بدابایە بۆ وادە بوو؟     له دەرگای شا نۆکەری چا دەبوو
به ناحەق پیاوی منی بۆ دەکوشت     له سەر زبڵ‌و خاشاک نامەی دەڕشت
مەگەر پەندی من بۆ ئەوی تاڵ بوو     وەیا خۆ وتەی بێ مەزەو کاڵ بوو
له بۆ پەندی من بێ ئەسەر مانەوە     چ رەفتار بەو پەندە نەکرانەوە
که پەندم لەوا کاریگەر بایەوە     به دوو دەست نامەم نەدەدڕایەوە
وەکوو بەردی دەریایی لێ هاتووە     ئەوەی گەرچووە نامەکەی بردووە
بڵێم چی به دەس میری لەپ‌زێڕەوە     منم بۆ بەڵا بوومە بەرگێڕەوە
له داخی ئەوی رۆژو شەو ناخەوم     دەبێ شەو به سەد دەردو غەم وەرکەوم
که لەو کارە ئەوڕۆکە بیدەنگ بم     هەتا هەم دەبێ بڵح‌و دوو رەنگ بم
دەبم هەر له دوو رەنگیا شەرمەزار     دەکەن عالەمێ تووک له منی هەژار
لەکن خەڵک ئەبم زۆر سووک‌و چرووک     به مەردی دەڵێن لێم نەڕواوە تووک
ئەوەش خوسرەوا عەرزو حاڵی منە     گرفتار گەربووم بەو دوژمنە
به رۆژو به شەو کارو پیشەی شەڕە     دژی موڵکی ئێرانە ئەو بەدفەڕە
پەنای دا به عەودالی موکری چەتە     که سەر شۆڕو قاچاغە لەو دەوڵەتە
برای حەیدەرە نەک وەکوو حەیدەری     دەکا خەزمەتی گەورە و سەروەری
هەوای له سەر دایە عەودال بەگ     سەرۆکی دەوێ هەر به زەبری کوتەک
له بۆ شەڕ وەکوو شەمچەئەو هەڵبووە     به گژ لەشکری پادشا دا چووە
گەلێ مەردی ئازای خستن له کار     دلێرانی کوشتوون چەندین هەزار
گەلێ ماڵی بێ سەرپەرست کردووە     مەڕو سەروەتی میللەتی بردووە
برازای لێ بۆتە شەیتان‌و دێو     له بۆ شەڕ دەگەڵ وی بەری نالە کێو
هەر ئەودەم بەرەو پیلی فیتنەی دەچوو     به فەرمانی شا چوونکە رازی نەبوو
که دوو ساڵ پێچو له فیتنەو شەڕی     له بەر هێزی سەربازی شا دەرپەڕی
دەسووڕا له هەر چۆڵ‌و کێو پارەوە     دەبوو ون له زەندۆڵ‌و نێو غارەوە
کەزانی ئەمیرخان فکری چیە     له رێبازی خزمەت به شادا نیە

به خۆی‌و به خزم‌و کەس‌و نۆکەری دەڕۆیشت‌و خۆی خستە بن سێبەری
ئەمیرخان چون دوژمنی دەوڵەتە دەگەڵ خانی موکری لە سەر یەک خەتە
ئەوی ناوە ئەوڕۆ لە ئامێزەوە بە سەد شەوکەت‌و حورمەت‌و ڕێزەوە
ئەگەر خانی لەپزێڕ حەق ناسبا ئەگەر نۆکەری دەرکی عەبباس با
دەبوو ڕێی نەدابا بە جەردەو دزان نەداروو بە ئینسانی سپڵەو نەزان
کەچی ئەو کەسەی ڕێگرەو دەربەدەر دەوێستێ بەرەو رووی دەستەو نەزەر
ئە لەو خاکە دا زوڵ‌و ناکەس بەچە دەبەستن لە بۆ خزمەتی ئەو رچە
هەر ئەو سەنگەری بەد فەڕو جەردەیە وەکوو بەوری سەر شێتە لەو هەردەیە
ئەوەی لێی بقەومێ لە ئێران‌و ڕۆم دەکا روو لەوی بۆ هەراوو گڵوم
ئەوەندەی هەڵاتوو وەکۆ کردووە کەژو سەنگەری دمدمی پڕ بووە
خەڵک خۆی دەکوتێت بۆ کن ئەوی هەتاکوو شڕەی دوژمنی دەسکەوی
بە هیوایی تاڵانی کوردو عەجەم لە دەورەی ئەوی پیاو وکوڕ بوون جەم
خەیاڵێکی گەورەی لە دڵ دا هەیە دڵی هەر لە سەر کوشتنی ئێمەیە
ئەویش دەی هەوێ وەک سەفەویان بێ لە دنیایە دا شای کوردان بێ
لە بۆ وی هەبێ پەرچەم‌و تەخت‌و تاج وە دەس خان دا خەڵک باج‌و خەڕاج
شەها نۆکەری نۆکەری تۆ دەکەم پەتی بەندەگی تۆ لە ئەستۆ دەکەم
دوایی دەهێنم بە نامەو پەیام بە شەرمەندەگی من دەنێرم سەلام

## پەرێشانی شا لە نامەی پیر بوداق

گەیی گەر بە عەبباس نامەی بوداق دەبوو سست ئەندام‌و ئەژنۆو لاق
لە مەعنایی ئەو نامە حاڵی کە بوو لە داخان ئاور لەوی بەر دەبوو
بە پیت‌و بە دێڕو وشەو رستەکان بڕستی بڕا شا دەبوو بێ تەکان
نەماهێزی ئەژنۆی بڕوا بە پێ لە جێگایی خۆ دا دەبوو نیشتە جێ
چون ئەو شایە فکری وەها بوو کەخان دەکا چۆڵ دمدم بە نەرمی زمان
بە پەڕناگی گوتبوو لەوەی پێشەوە وەجووڵێ بە بیرو بە ئەندێشەوە
بنووسە لە لەپزێڕ نامەی بە پەند مەزەی پەند شیرینتر بێ لە قەند
دەگەڵ وی دەبێ یارو هەمڕاز بی نەکەی بۆ شەڕو کێشە تۆ ساز بی
ئەوێستا لە پەڕناگ دێ وا پەیام کەبوو پەندو ئەندەرزی ئەو بێ وەڵام
نە پەیک‌و نومایەندە هاتۆتەوە لە دمدم، نە لەپزێڕ کەوتۆتەوە
ئەوانە بە سەر جەم هەموو بوونە هۆی ئەوەی شا نەمێنێت هۆشی لە خۆی
ئە بەو باسە شا بۆیە بێحاڵ بوو لە نێو کورەی دەردو غەم قاڵ بوو

هومێدیکی گەورەی بە میرخان بوو　　چون ئەو میری ئازای کوردان بوو
ئەویشی ئە بەو نامە دەرچوو لە دەست　　وەکوو هاروشێتان دەستی دەگەزت
دەترسا لە لەپزێڕ گەر راپەڕێ　　لە تەختی بدا بای فیتنەو شەڕێ
سەرەو خوونکا تاجو تەختی ئەوی　　لە دەستی بچێ شەوکەتی خوسرەوی
ئە لەو خانە عەبباس شەرمی دەکرد　　دەگەڵ وی قسەی خۆش‌و نەرمی دەکرد
لە سەر مەرز تاکوو دەگەڵ دوژمنان　　نەبەستێ لە شا بەندەن‌و قوژبنان
کە هەمکارو هەمدەستی تورکان بێ　　دەبێ شا بە بێ تاجی ئێران بێ
ئە بەو بۆنەوە دڵ پەرێشان بوو　　مەترسی لە مەڵبەندی کوردان بوو
کە دەیکردەوە ئەو پەلەو شاکەیە　　لە دڵ ساندنی خانی ئەو خاکەیە
مەرامی وەها بوو لە دەس دەر نەچی　　نەکا بۆ کەسی دییکە گەردن کەچی
لە بەرپادشا هیچ ئەو دەنگ نەکا　　شەڕی تیرو توپ‌و تفەنگ ئەو نەکا
دەنا کەس نەبوو گەر بگێڕێ زمان　　لە دەورانی عەبباسدا بێ گومان
ئەوەی گەر لە ئێرانە گوتبایی لەل　　بە شەمشیر ئەستۆیی دەکراوە پەل
کە دابایی مەزنێ لە مافی دەدان　　قزڵباشی وەک گورگ تێ بەر دەدان
وەلێ بۆ ئەمیرخان ئاوا نەبوو　　بە نەرمی لە بۆ ئەو سەرۆکەی دەچوو
لە بۆ وی کە شاڵاو ربایەوە　　شەڕو شوڕ دەرگای دەکرایەوە
کونی دێوو جندی بەڵا بەر دەبوون　　بە نێو خاکی ئێراندا وەر دەبوون
لە مولکێ بەڵا گەر بەرەڵڵا دەبن　　بە دەس فیتنە گێڕان پەیدا دەبن
کە رووی دا لە گۆشەو کەنارانەوە　　گڕی خستە نێو گوندو شارانەوە
بە شا و قزڵباش‌و بە قشوونەوە　　بە جادو گەرو فێڵ‌و ئەفسوونەوە
دەمی ئەو بەڵایەی دەبەستن بەچی　　لە چوخری پڕی کێ سەری دەردەچی؟

## خەبەردار بوونی شا لە پەلاماری عەشیرەتی ئەردەڵان بۆ سەر سنووری ئێران

ئە لەو کاتە دا هات پەیکێ بەغار　　دڵی شای وەک مار پڕ کرد لە ژار
غەمی دیکەیی بۆ دەهێنایەوە　　خوویی بە زامانی دەکرایەوە
دوسەد هێندە ئەو هارە دێوانە بوو　　لە سەر رشتەیی عەقڵ بێگانە بوو
گوتی پەیک: میرو بەگی ئەردەڵان　　لە نێو خاکی ئێراندا وەک بەڵان
هەڵستا ون ئاژاوە پەیدا دەکەن　　سنووری لە کوردان داوا دەکەن
ئەوانیش بە دەستووری عوسمانیان　　وەبەر شەڕ دەدەن لەو دەمەی شانیان

له ئێرانه داوایی مەڵبەندی کورد — دەکەن ئەو لە هەر لا بە گەورەو بە ورد
ئەوا لەشکری ئەو گەلەی هاتووە — ئەوەن زۆرە سەر حەددی پڕ کردووە
نەهەنگ گەر لە گەوهەر بکا گیر چەنگ — چلۆن دێتە دەر ئەو لە زاری نەهەنگ؟
کە لافاو پێشی نەگیرێ بە سەد — زیانی بە خەڵکی دەدا تا ئەبەد
گڕی گرت کە ئاور نە کووژێتەوە — وڵاتێ سەراسەر دەسووتێتەوە
نەکەی بەرگری گەر لە کوللەو لە سن — پەڵەی گەنمو جۆ هەر دەهێنن لە بن
نەکەی گەر نەخۆشی لەشت چارە سەر — لە ساغی هەتا هەی دەبێ بێ خەبەر
بڵێسەی شەڕو فیتنە دەر کەوتووە — چ ئاسانە لا بردنی تا زووە

## فکرو چارەی شا عەبباس

کە دەیدا خەبەر پەیک عەبباس مات — دەبوو کەوتە لەرزینو پێڕا دەهات
غەرق بوو لە نێو بەحری بیرو خەیاڵ — ئە بەو جۆرە دەدواوە بە زمانی حاڵ
گوتی من دەبێ باری غەم هەڵگرم — لە بۆ موڵکی ئێرانو بۆ لەشکرم
لە لایێکی بێگانە بۆ سەر سنوور — پەلاماری هێناوە ئەورۆ لە دوور
لە لایێکی لەپزێڕ عاجز بووە — لە شاو لە دەوڵەت بەڕقدا چووە
هەر ئەو بوو کە بێگانە دەرکالە خاک — لە دوژمن بخا ڕۆژی هەڵمەت کەلاک
کەتا ڕوو لە مەیدانی شەمشیر کەن — وەڵاتی لە ئێران داگیر کەن
دەگەڵ خانی لەپزێڕ گەر یەک گرن — لە نێو موڵکی ئێراندا ئاگرن
کە ڕوو کەن لە هەر لایێ وێران ئەبێ — بە دەس وانە میللەت پەرێشان ئەبێ
ئەوەش فیتنەی ڕۆمە پەیدا بووە — پڕیشکەو گڕی وەو گەلەی کەوتووە
بە تەگبیر گەر دانەمرکێتەوە — هەموو میللەتی کورد دەگرێتەوە
بەرز فڕ، هەڵۆی برا دۆستە — کە دڕدۆنگ بێ کەی بە من دۆستە؟
دەزانم کە دوژمن فریوی ئەوی — دەدا تا دەگەڵ ئەردەڵانی کەوی
بە هیوایە لەپزێڕ بکرێ بە میر — لە خاکێ کە داگیر بکرێ بە شیر
منیش ڕوو لە هۆزی جەلالی دەکەم — هەتا دڵ ببێ دوورو بێ بەش لە غەم
ئەوانە چون ئەورۆ پەناهێندە من — لە هەر ئەمردا نۆکەرو بەندە من
دەبێ ئەو بچن بۆ شەڕی یاغیان — دەکووژێ خەڵک شیرو چۆماغیان
دەکەم من لە بۆ جەنگ ئەو هۆزە گشت — دەدەم کورد بە دەس کوردی ئازا بە کوشت
کە لەپزێڕ رووکاتە ڕێگەی ڕەدا — لە یاغیگەری خۆی دەس بەر بدا
وەکوو جاری جاران خۆشم دەوێ — لە مەزنایەتیدا دەبێ بێ هەوێ
هەمووشت بە مەیلو مەڕامی دەبێ — ئە لەو شادیەی دا دەوامی دەبێ

هەر ئەو خانی مەڵبەندی ورمێ دەبێ    هەر ئەو مۆرو حوکمی منی پێ دەبێ
لە رێگەی منا گەر گیانی بەخت    نەکا، وادەزانم دەبێ بەدبەخت
دەگەڵ وی ئەوەن کێشەو شەڕ دەکەم    لە مەڵبەندی ورمێی تا دەر دەکەم
کە کوژرا ئە لەو خاکە یا خۆ رەوی    هەموو ماڵو موڵکو زەمینی ئەوی
دەبەخشم بە هۆزی جەلالی هەژار    ببێ تا بەجێ مۆڵو جێگەی هەوار
من ئەو هۆزە گەورەی دەکەم جێنشین    لەوێدا دەبم جا لە دوژمن ئەمین
ئەگەر چی ئەویش جێگە متمانەنین    وەلێ مەڵحەمن لەو دەمەی بۆ برین

## نامەی شا عەبباس لە میر بوداق خان

کە شا لەو خەیاڵانە دەیبوو نەجات    بە مونشی دەگوت: بێنە نامەو دەوات
قەڵەم بگرە نامەی لە بۆ پیر بوداق    بنووسە مەزەی خۆش بێ وەک رەواق
کە ئەی پیری ئازا نەکەی تەمبەڵی    ئەوا رۆژی مەردانە گەر تۆ کەڵی
بەڕێکە گەلێ پەیک بۆ دێ و شار    بکە لەشکری زۆرو بێ حەد تەیار
پیاوت دەبا بچنە نێو میللەتان    وەگێڕە لە هەر عێلو عاشیرەتان
دەبێ بێن کوردو بە لووچو تورک    نەکەن بگرن ئەو لێوە لەرزەو برک
شەڕێکە دەگەڵ هێزی بێگانەیە    هەر ئەوڕۆ، کە رۆژێکی تەنگانەیە
کەسێ خزمەتی دەوڵەتی من نەکا    ئە لەو کاتە زامی لە دوژمن نەکا
سەری لەت دەکەم وەک سەری دوژمنان    دەپۆشم بەوی خشڵ وزێڕی ژنان
دەنووسم لە میرخان نامەی،کە بێ    ئەگەر هات بۆ رێزە لەو هەستە پێ
گەلێ حورمەتی بگرە شێری دڕە    دەگەڵ تۆ نە گونجاوە بەردی خڕە
کە شانی ئە لەو کارە خاڵی بکا    ئەتۆ باش ئەو میرە حاڵی بکە
بڵێ تۆ ئەگەر دوژمنی شا بکەی    لە بۆتیری شەڕ خۆ دەبێ دا بکەی
لەوە دواوەموڵکی برادۆستان    بە مەزرا و دەشتو دەرو کۆستان
جەلالی لە خۆیانی دا بەش دەکەن    ئە بەو داخە جەرگو دڵت رەش دەکەن
دەنووسم قەلەندەر بەگی ئۆغلی    نەکا قەت لە دەستووری تۆ دا سڵی
لە بن پەرچەمت دا ببێ دەس بە کار    جەلالی بهێنێت تا هەش هەزار
بە زاهیر بچن بۆ شەڕی ئەردەڵان    وەلێ بچنە سەر شێری نێو بەردەڵان
دەزانی کە ئەو شێرە ناوی چییە؟    ئەمیرخانی لەپزێڕ ناوی وییە
بە هۆشیاریو عاقڵی راوە شێر    دەکا، شەڕکەری شێرە مەردو دلێر
بە ژیری بچۆ پێش لەو شێرە یە    نەبی تەرت لەو لێژو هەڵدێرەیە
دەگەڵ شێر گەر فێڵەبازی بکەی    دەگونجێ کە بە درۆیە رازی بکەی

ئەگەر کەوتە بەر داوو حەڵقەی کەمەند
بە توندی بکە گەردنی ئەو لە بەند
کە تۆ شای ساحیب قڕانت هەبێ
بە کوللور پارەو قڕانت هەبێ
لە شەڕدا بچۆ پێش بێ ترس بە
لە ئاقاری مەردان بێ پرس بە
دەترسی لە چی؟ روو لە کێوان کە
شەڕێ تۆ دەگەڵ جندو دێوان کە
نەکەی غەم لە بۆ لەشکری داگری
هەموو دەم دەکەم کۆمەگی لەشکری
دەنووسم بە هاوار گەر بێنەوە
لە شیرازو ئەهوازو قەزوێنەوە
لە یەزدو قوم‌و مەشهەدو ئیسفەهان
لە گورگان‌و کرمان تا بێهبەهان
لە ساری‌و لە قەفقازو قوچانەوە
لە شاری ئەڕاک‌و خوراسانەوە
لە ئیلام‌و هەمەدان‌و زەنگانەوە
لە تاران‌و تەورێزو کاشانەوە
لە سەڵماس وورمێوە تا خاوەران
دەدەم دەنگ بۆ کێشە جەنگاوەران
لە خۆو لە سۆماوە تا ئەنزەلی
بە جوتیرو خان‌و بەگ و سەر پەلی
لە بانەو سنەو بافق‌و ئەردوێڵ
هەچی بێ لە تیرەو لە هۆزو لە خێڵ
دەهێنم بە دووتا ئەوەن شەڕکەران
کە داگیر کەن خاکی داگیر کەران
بکووژن بە شەمشیر لەو هەردەیە
ئەوەی ناحەزو بەد فەڕو جەردەیە
بزانە کە عەبباس نێوی منە
لە ناوم دەترسێ ئەوەی دوژمنە
کە پەنجەم لە دێوی سپی دەم بە قین
دەبێ سەر گەرم ئەو لە قافا بە شین
بەرەو رووی من بێژەن‌و زاڵ چن؟
لە مەیدانی من شێرە هەر وەک بزن
کە روو وەربگێڕم لە فەغفووری چین
گەدایی دەکا ئەو لە خەڵکی زەمین
بوداقا لە شەڕ شێری بێباک بە
بچۆ پێش ئازاو چالاک بە

## نامەی شا بۆ هەموو سەردارەکانی

هەر ئەو کاتە پەیکی لە بۆ شارەکان
دەچوو نامە دەدرا بە سەردارەکان
جەلالی لە هاواری پەڕناک چوون
لە بۆ جەنگ سەربازی پەڕناک بوون
بەوانی کە فەرمان دا شەهریار
محەممەد قەلەندەر دەگەڵ شەش هەزار
دەگەڵ لەشکری پیر بوداقی کەوت
لەبن پەرچەمی ئەمری ئەودا خەوت
بە فەرمانی ئەو بوو خووێن رشتنی
شەوو رۆژ هەستان‌و رۆیشتنی
لە هەر لاوە لەشکر بە سەر رەو دەهات
لە هەر شارو مەڵبەندو گوندو وەڵات
بە هەرکەس لە پادشاوە دەدرا پەیام
بەرابەر بە دەستووری شا وەک غوڵام
بەخۆی‌و بە دەستەی نەبوو هەڵوری
دەڕۆیی بە تاڵوکە بۆ لەشکری
دەیانگوت هەموو رۆمیی‌و ئەردەڵان
لە ئێراندا فیتنەگێڕو بەڵان
دەبێ شەڕ لە دژ وانە بکرێتەوە
لە دمیان مستێک بدرێتەوە

دەنا خاکی ئێرانە داگیر ئەکەن ژنو ماڵو منداڵ یەخسیر ئەکەن
دەسی ئەو لە ماڵی خەڵک وەر دەدەن بە بێ ڕوحم ئاوری لەوی بەر دەدەن
لە بێگانە مەردانە گەر ڕاپەڕین وەکوو سفرە پشتو زگی هەڵدڕین
هەتا ماوە لەو خاکە ناکا تەما دەکا هەر لە بەر دەستی شادا سەما

## ساز بوونی بوداق بە لەشکرەوە بۆ چوون بۆ مەڵبەندی ورمێ

کە دەستووری شا هات بۆ پیر بوداق لە مەڵبەندی ورمێ کە لێدات تاق
وەکۆی کرد لەشکر لە هەر دێ و شار وەکوو خیزی چۆمان بوو بێ شومار
گوتی من بە لەشکر دەچم بۆ سنوور دەکەم بەرگری هەر لە فیتنەو فتوور
لە بۆ شەڕ دەگەڵ ئەردەڵانی دەچوو وەلێ بیرو فکرێکی دییکەی هەبوو
بوداقی سەگو ئەحمەقو خیرە سەر دژی خانی لەپزێڕ دەیکرد شەڕ
زەمانەی ئەوەی بوو بەهانەی بە میر کە بگری پیاوی نە چوو بوو لە بیر
لە یادی نەچوو بوو کە پەیکی ئەوی دەکوژراو دەخرا لە ناخی زەوی
وەڵامی لە بۆ نامە نەدرایەوە بە سووکی تەماشای دەکرایەوە
ئە لەو کاتەوە دڵ پەرێشان بوو چەکی فیتنەگێڕی لە سەر شان بوو
نەدەبڕاوە بەزمو بەهانەی ئەوی لەحاندی ئەمیرخان تا نە سرەوی
ئەوێستا هەڵو دەرفەتی هاتبوو لە لەپ زێڕ گەر بێتە چەقڵو دڕوو
چون ئەو بوو لە تەورێزە مەزنی وەڵات بە ڕۆژو بە شەو کۆمەگی بو دەهات
وەکۆ بۆوە لەشکر لە دەورەوبەری ئەوەن زۆر بوو هەر نەبینرا سەری
وەرێکەوت هەر دەستەو لەشکرێ بە شەمشیرو تیرو کەوانو زرێ
کە چون ئاشنا بەو وەڵاتەی نەبوون بە مەنزڵ لە بۆ سەر سنووری دەچوون
دەڕۆیین سەعاتێ بە ڕۆژو بە شەو خەریک بوون هەر دەم بە خۆراکو خەو

## نامەی شا لە ئەردەوێڵەوە بۆ ئەمیرخان

کە دەستووری دەرکرد بۆ شەڕ هەباس لە کردنی شەڕا خەڵک دەیکرد باس
لە مەزنان پەیدا ببوو نزگەرە لە ترسی شەڕو شۆڕ بەزمو هەرا
دەترسان هەندێ لە شا ئەو دەمەی ئەگەر ڕوو نەکەن لەو شەڕو هەمهەمەی
لە کوشتن دەترسان هەندێ لەوان دەلەرزین سەر پاک پیرو جووان
کە دنیای دەنگ داوە شا بۆ شەڕێ نەماوە لە پێتەخت دا چۆ دەرێ
دەڕۆیشت ئەو کاتە بۆ ئەردەوێڵ لە لەپ زێڕ نامەێکی نووسی بە فێڵ
کە ئەی میر تۆ خۆشەویستی منی دەزانم دزێوی لەکن دوژمنی

بەرابەر بەوی سەنگەرت بەستووە          لەکون دایە وەک مار چون سڕ بووە
وەکوو پاسەوانی لە مەرزو سنوور          دیاری دەدا خزمەتی تۆلە دوور
هەتا بم لە سەر مولکی کاووس‌و جەم          بە باشی لە تۆ چاوەدێری دەکەم
بزانە کە عاشیرەتی ئەردەڵان          هەموو بەندەی پووڵ وزێڕو تەڵان
کرێ گرتەی ڕۆمن ئەو میللەتە          دەیانخاتە دەریا و گۆم‌و شەتە
هەتا بگرن ئەو بۆ ئەوی ماسیە          کە خنکان، ئەوەش بە سوودی ویە
ئەوەی هەڵفریوێ بە تەفرەی دەبەن          بکوژرێ لە هەر لاوە بەهرەی دەبەن
لە نێو کورد هۆزێ کە دێوانەیە          لە دەورەی شەمی ڕۆم پەروانەیە
دەسوورێ دەدا چەرخ بە دڵی تەڕی          هەتاکوو دەسووتێت باڵ‌و پەڕی
کە سووتاو بوو بێ سەرو بێ زمان          دەبێ شاد سوڵتان ئەگەر ئەو نەمان
ئەشێ تۆ بکەی خزمەتی ئەو کەسەی          نەترسی لە فێڵ‌و شەڕو وەسوەسەی
جگەر گۆشەیی هۆزی کوردی منم          لە بۆ دوژمنی ئەو گەلەی دوژمنم
کەمی گەر بە سەروانە دا بێتەوە          دڵی من لە تاوان دەتوێتەوە
بە شادی گەلی کورد دڵخۆش ئەبم          بە دەردو غەمی وانە بێ هۆش ئەبم
ئەتۆ خانی لەپ زێڕ بۆمن برای          ئە لەو مەرزە تاریکەدا وەک چرای
من‌و تۆ کە یەک تیرەو یەک ڕەگەین          بە چاکی بە سەر یەکتری رادەگەین
لە ئێراندا دوو نەژادی براین          جودا نین هەر چەند لە یەکتر جوداین
ئە لەو خاکە دا ئێمە پەروەردە بووین          کڵووکی کەژو کێوی ئەو هەردەبووین
برا گەر بکەن دوژمنی یەکتری          لە بەر هێرشی غەیرە خۆ ناگری
نەکەی چاوەکەم روو لە غەیران کەی          بە بێ هوودە حاشا لە خزمان کەی
ئەوەی گەر بە هاواری تۆ دێتەوە          لە دەورەت وەکوو بەندە دەخولێتەوە
لە تەنگانە دا هەر کەس‌و کارتە          هەر ئەو کۆمەگ‌و هەمدەم‌و یارتە
دەنا غەیرە ناکات هەڵلاوو شەڕ          لە سەر تۆ دەکا خۆ لە هاوارە کەڕ
لە بۆ خەڵکی ئێران نوورو گڕی          لە بۆ دوژمنی ئێمە وەک ئاگری
شەهێنی کەل‌و سەر چیاو چڕی          دەبێ ورگی بێگانە تۆ هەڵدڕی
بە تۆ دەرسی بێگانە دەدرێتەوە          بە تۆ دەستی ئەو کورت دەکرێتەوە
لە تۆڕادەبینم شەڕی سەر سنوور          بکەی گەرم هەر وەک بڵێسەی تەنوور
کە بێگانە لەو مەرزە بێ تێپەڕی          دە بەستی لەوی سەنگەری بەد فەڕی
بە دەس تۆ دەگیرێت ئەو مارەیە          بە تۆ چارە دەکرێت ئەو کارەیە
نیە کەس غەمی وانە بخواتەوە          بە شەڕ داوی بێگانە باداتەوە
بزانە ئەمیرخانی خاوەن هونەر          بە منیان وا داوە ئەوڕۆ خەبەر

که عاشیرەتی ئەردەڵانی شەرور
خەریکن کەوا تۆوی فیتنەو فەساد
نەکەی تۆ که لەو کاتەدا بەرگری
که ئەورۆکە تۆ خزمەتی شا دەکەی
دەگەڵ عەسکەری پیر بوداقی کەوی
به تێکڕا بکەن شەڕ دەگەڵ دوژمنان
که هەمکارو هەمڕازی پەڕناک بی
له بێگانە وەبزانە دەبڕن تەکان
دەبێ کۆمەگی یەک بکەن بۆ شەڕێ
له نێو ئێوەدا گەر برایی هەبێ
به یەک بوون هەر کار دەڕواتە پێش
به دڵ حورمەتی یەکتری ڕاگرن
به شەیتانو شۆفار نابێ کەلێن
که ئەو نامە بەو جۆرە نووسرایەوە
له نێو لەشکری شا هەبوو یاوەرێ
به تووسو به ئەسفەندیارو بەگیو
کەڵی نێو دلێرانی ئێران بوو
که بۆ خان عەبباس نامەی دەنارد
کوتی: ئەی قولی پەیکی ئەو نامە بە
دەگەڵ خۆت هەڵبگرە تا دوو هەزار
که مەڵبەندی کوردانە ئەورۆ پەشێو
به تۆ گەر نەبێ هێزی زۆرو قەوە
گەلێ ئادەمی غوولو دڕندە خوون
کەسێکی له کێو پارە که بکەن ڕەچاو
که وێران لەو کێوە رووتی دەکەن
چەکو سەروەتی ئەو بە تاڵان ئەبەن
به دەس وانە شێواوە ئەو عەرزە یە
له بۆ کێوی دمدم قولی گەر دەچی
چون ئەو شارە زا بەو کەژو کێوەیە
به تەگبیری ئەو روو له کاران که
به نێو شاری تەورێز دا ڕابرە

به تاڵوو که هوڕدو دەبەن بۆ سنوور
بچێنن هەتاکوو نه بێ خەڵک شاد
ئه لەو فیتنە کەس خۆی بۆ ناگری
دەبێ لەشکری خۆت ئامادە کەی
بکەی روو له فەرمانو ئەمری ئەوی
له دەشتو له کێو پارەوو بەربنان
له مەیدانی شەڕ شێری بێباک بی
کووا دەس دەبا ئەو به شەڕ بۆ چەکان
به یەکتان بەرداشی شەڕ ناگەڕێ
ئه لەو ڕۆژە سەر کەوتنوو هەر دەبێ
به دەرمان دەبڕێت ئازارو ئێش
دلێرانە لاقی له شەڕ داگرن
بدەن، چون دەبن بێرەواجو رمێن
به مۆری شەهەنشاه رازایەوە
به بێ ترس وەک بەورو جەنگاوەرێ
نەدەدرا له مەیدانی شەڕدا فریو
قولی ناو، شۆرەت قولیخان بوو
له بۆ پەیک ئەو یاوەرەی هەڵبژارد
بچۆ دمدمێ داشی ئەو دامەبە
له سەربازی ئازاوو مەردو بەکار
دەترسم له غوولو له جندو له دێو
به بێ شەرم ڕێگا دەبەستن بەوە
بەد ئەخلاقنو مانو مرچو چەتوون
له دەورەی دەهاڵێنو دەیخەن له داو
به بێ سەر، دەگەڵ عەرز جووتی دەکەن
شڕەو بەرگە کۆنی مناڵان ئەبەن
هەموو بوونە تاعوونی ئەو مەرزەیە
هەتا پیر بوداقی نەبینی نەچی
بەڵەد کردنت کاری ئەو دێوەیە
بچۆ مەیلی مەیدانی ماران که
هەر ئەو پیرە وەستای تەونو کرە

لەوێدا ئەگەر کۆمەگت لێ بوێ ... دەڵێ ئەو بە تۆ گەر بچی بۆ کوێ
ئەمیندار ئەو پیرە پەڕ ناکەیە ... لە ئۆستانی تەورێزو ئەو خاکەیە
کەژو کێوی کردوون چوون ئازمون ... دەکا تۆ ئە لەو خاکە دا رێ نموون
قولی بەگ ئە بەو ئەمرە هەستایە پێ ... قزڵباشی هێنان هەر دەس بە جێ
بژاردی لە یەک را هەتا دوو هەزار ... هەموو خاوەنی رمبو شیرو سووار
لە ملیان دا بوو کەوانو مەتاڵ ... دەیانکرد دنیا لە دێوانە تاڵ
لە تیردان دا تیر قایم کراو ... کەمەندی دەسی وانە بوو بادراو
تفەنگیان بوو هەر دەگەڵ ساچمە ... تەوەرزینو ساتۆرو نێزەو قمە
لە بارەی چەکو چۆڵ دا ساز بوون ... نەهەنگێ لە دەریای ئەمراز بوون
لە بەر شیرو خەنجەر نەبوون ئەو دیار ... وەکوو ماری نێو جەنگەڵو لێڕەوار

## دیدەنی قولی لە پیر بوداق لە تەورێز

قولی لەشکری هەڵدەگرتو دەڕۆی ... لە عەرزی دەدا ئەو لە تەورێزە گۆی
لە پەڕناک لەو شارە مێهمان بوو ... هەموو دەم لەکن میری میران بوو
حەوت رۆژ ئاغا قولی مایەوە ... لە هەر بارە راوێژ دەکرایەوە
لە بارەی شەڕی دەنگ دلێرانەوە ... لە ئالۆزیی مەرزی ئێرانەوە
لە میرخانی لەپ زێڕو کاری ئەوی ... وەکوو کەرگەدەن وایە نابێ کەوی
کە دەبڕاوە تەگبیری دوو دانە کەڵ ... لە هەر دوو بڕا فێڵو فووتو مەتەڵ
بوداقی دەغەڵباز دەیگوت قولی ... دەزانم ئە تۆ یاوەرێکی زلی
دەبەی نامەی پادشا بۆ ئەمیر ... دەبێ تۆ نەبی زۆر لەو خاکە گیر
هەر ئێستا دەبێ نامەکەی بۆ بەری ... نەترسی ئە لەو بەد فەڕەی سەرسەری
کە پێت نا لە نێو خاکی کوردانەوە ... نەکەی تۆ بکەی دەس بە پاڕانەوە
لە سەروانە وەک شێر بنوێنە سام ... هەتا بۆ ئەتۆ بینە بەندەو غولام
ئەگەر تۆ بدەی زەبری کاری لەوان ... دەیانکەی بە ئێشکچی و پاسەوان
ئەوانە ئەگەر حیز بی‌تۆ، دڕن ... کە هەتبێت گۆپاڵ، ماری سڕن
وە دەستت ئەگەر کەوت ماڵی ئەوان ... مەڕو کاوڕو گاو ئەسپی جووان
لە دەشتو کەژو کێو داگیر کەن ... شووانی لە کێوان زنجیر کەن
ئە من کوردناسم ئەگەر وا نەکەی ... ئە بەو میللەتەی خۆت ریسوا دەکەی
بزانن ئەگەر ترسە نۆکی بەشەڕ ... دەکەن تۆ بە یەک رۆژە بێ باڵو پەڕ
نەبێ گەر دەگەڵ وانە دەستەو کەرت ... هوجومێ دەهێنن بە شەو بۆ سەرت
وەکوو گورگی هار ئەو لە کێو پارەوە ... دەکوژن ئەتۆ هەر بە چەکدارەوە

بە هەر کەس کە وێران رووتی دەکەن
بەبێ مەنزڵو ماڵو قوتی دەکەن

ئەگەر پێی نەوێرن دەکەن نۆکەری
ئەوی،رادەوەستن لە دەورەوبەری

لە پەڕناک ئەو پەندە لە دڵی گرە
دلێرانە بەو خاکە دا رابرە

لە شا گەر دەترسی وەڵامی ئەوەی
وە دەس من دەتۆ لادە لەو گێژەوەی

ئە من وای ئەو ریسە بۆ بادەدەم
بەڵاکەی لە سەرشانی تۆ لا دەدەم

گوناحی وە سەر خانی ئازا دەخەم
دڵی تۆ دەکەم دوور ئەو دەم لە خەم

بقەومێ کە کارێ لە ئوستاندا
لە نێوانی مەزنانو خانان دا

لە من شا دەپرسێتو داوا دەکا
ئەبەو بەندەی خۆی بڕوا دەکا

بە هەرچی کە دەستووری ئەمنی لە سەر
هەبێ وا دەکا خوسرەوی دادگەر

بوداقی بەد و بەدفەڕۆ بەد ئەدا
حەسوودو نەرم کێشو هەیئەت گەدا

لە ریشی قوڵی خانی هەڵسوو خەنە
ئەلەو رێگەدا داوی بۆ دا دەنا

دەگەڵ خان بەو یاوەرەی شەڕ دەکرد
ئە بەو کارە رێزی لە کن شا دەبرد

پەڕیبا بە دەس پێشەوا گەر ملی
نەدەبڕاوە تا حەشر فیتنەی قولی

دەبوو خانی لەپ زێڕ تاوانبار
لە کن پادشا ئەو دەبوو شەرمەزار

وتاری بوداقی لە خزمەت هەباس
ببا گەر سەبارەت بە میرخان راس

لە هەر کاردا جێگە باوەڕ دەبوو
لە بۆ پادشا یارو یاوەر دەبوو

## ڕۆیشتنی قولیخان بۆ دمدم

لەوێ گەر بەڕێ بوو قولي نامە بەر
بە پەڕناکی گوت بێنەتۆ دوو نەفەر

وە دەس من دە، بێ ترسو هیممەت بەرز
بەڵەد بن بە گۆشەو کەلێنو مەرز

گەڕا بن لە نێو خاکی کوردان دا
بە دەشتو کەژو دۆڵو گردان دا

هەر ئەو کاتە دەیدایە دەست دو مرۆ
بە هەر شیوو کەل ئاشنا بێ درۆ

بەوانی دەگوت رێنوێنی قولی
بکەن ئێوە ئەو ڕۆ لە سووڕو خولی

ئەوی بەرنە نێو موڵکی میرخانەوە
بە بارو بە سەربازو قۆرخانەوە

بکا گەر ئەلەو خاکە لەشکر بەزی
بە دەس کورد ئەبێ ویشک باغو رەزی

دەڕۆیی قولیخان بەو لەشکرە
لە مەڵبەندی کوردانِ وەک ئاگرە

بەڵەد زێدی لەپ‌زێڕی نیشان ئەدا
لە بۆ فیتنە هەردەم قولي هان ئەدا

هەر ئەو نەخشەی بۆ دەکیشایەوە
بە دۆڵو کەژو کێوو مەزرایەوە

کەپێی نا لەنێو خاکی کوردانەوە
قولی زۆر ئاژاوەیی نانەوە

کە چون هەمدەم ویاری پەڕناک بوو
لە کوشتار دا زۆر بێ باک بوو

بە دەستووری وی فیتنەگێڕی دەکرد
دەسی بۆ مەڕو ماڵی خەڵکی دەبرد

دەڕۆیی ئه لەو خاکه دا وەک مەغوول      وەنێو عالەمی خستبوو قووله قوول
له هەر کێوو لاپاڵو جێگەی لەوەڕ      که دەیدی قولی مێگەڵو ڕانه مەڕ
به بێ ڕەحم سەربازی تێ بەر دەدان      شووانی له خێناوە ئەو وەردە دان
له سەرباز دەکراوه مەڕ بەش بەشه      ئه بەو کاره دەیگرت کەیفو نەشه
کەدەبرا به تاڵان یەک ماڵه کورد      به خۆشی زەماوەندی ئەو بۆ دەکرد
که گوندێکی لەو خاکه دیبایەوه      دەگەڵ خاک یەکسان دەکرایەوه
غلۆ کەوته نێو هۆزو گوندو هەوار      خەڵک چوونه کێوی چڕو لێڕەوار
دەگەڵ وی شەڕی زۆر دەکرانەوه      گەلێ کورد لەو بەینه کوژرانەوه
نەگیراوە پێشی به کوردی هەژار      ئه لەو بەندەنو یاڵو دەشتو نزار
به کوژ چوو به شێکی ئەوەی ماشەوه      به تاڵووکه دەکشاوه بۆ پاشەوه
ئەوەی گەر قولی خان دەستی کەوت      له سەر ڕێگه دەبراوو دەکرا زەوت

## خەبەردار بوونی ئەمیرخان له کاری قولی

بەوی گەر نەوێران کوردی فەقیر      خەبەریان وادا به خانی ئەمیر
که ئەی خانی ئازای زێڕینه دەست      سەرۆکی مەزن خاوەنی بیرو هەست
بەلایێ له نێو ئێمه پەیدا بووه      مژێکه که دنیایی دا گرتووه
تەزوو سەرده بۆ خەڵک لەو سەختەیه      له بۆ شینکەی ژین وەک شەختەیه
له هەر کەس که بدرێت باوو تەزووی      دەبێ سازکەی بۆی کفنو دەزووی
نەماڵن به دەس ما نه خانووبەره      ئەوەی بوو هەموو کاولن یەکسەره
دەڵێن لەشکری شا هەباسی سەفی      هەڵیداوه وەک بەحری بێ بن کەفی
شەپۆلی ئه لەو خاکه گەر دایەوه      شەمی زیندەگی خەڵک کووژایەوه
که لافاوی لەو میللەتەی دا بەغار      وەبن خۆی دا گوندو که پرو دەوار
ئەوەی خاوەنی موڵکه بێ ماڵ بوو      پەڕیوەی کەژو بەندەنو یاڵ بوو
له هەر جێ‌یه گەر ڕوویی تێکردووه      دەڵێی پوو شه ئاور لەوی بەر بووه
که تۆ نەگری ئەی خان پێشی ئەوی      دەبێ دەست بەردەی له موڵکو زەوی
چون ئەوڕۆکه ئەسکەندەری ئەو سەدەی      ئەتۆ سەد له لافاوی ئاوا دەدەی
به تۆ پێشی شالاوی تاتاریان      دەگیرێ له کوردانو هاوشاریان
له ئێمه ئەگەر خان بێ کەترەخەم      قەلا چۆ دەکەن کورد، ڕۆمو عەجەم
هەتا کورد هەر نۆکەری وان بن      غولامی ئەمەکداری دیوان بن
که هاجووجو ماجووج فیتنەی بکەن      به شەمشیری تۆ ئەو دەبن ڕیشەکەن
ئه تۆ چارەی دەردی کوردی پەشێو      بکه تا نەناڵن له سەحرا و کێو

## پرسیاری ئەمیرخان لە بارەی لەشکری قولی

دەگەڵ ئەو کەسەی هاتبوو بەو زووە    کەوا پەیک بوو میر ئاوا دووا
ئە تۆ پێم بڵێ چەندە ئەو لەشکرە؟    کەسووتێنەرە هەر وەکوو ئاگرە
ژومارەی ئەوانەت ئەگەر کردووە    بزانم لە چەن مۆرە تێپەڕ بووە؟
پیادەو سووارەن وەیا خۆ سووار؟    بە دووی وانە دا دێت بارو قەتار؟
وەیا خو ئەون دەست تەنگو رەجاڵ    لە دەستەنگیا چاو دەبڕن لە ماڵ
کە ئەسپی بدەن ئەو لە کێوو چڕی    وەکوو یەکسمی کورد دێ دەیبڕی؟
کە هاتووی تۆ لەو کەژو بەندەنە    بڵێ چۆنە ئەحواڵی ئەو قۆشەنە؟
گوتی کابرا بەو سەرۆکی مەزن    وتەی بێ درۆ دەت هەوێ گەر لە من
سوواران هەموویان وەک خەرتەلن    لەرێ رۆینا فیتەرو هەیکەلن
ژومارەی دروستیان تا دوو هەزار    دەچێ بێتوو بکرێت گەر سەر ژومار
وەلێ ئەسپی ئەوهانە بۆ چڕ بڕین    ئە لەو خاکە وەک یەکسمی کورد نین
ئەگەر چی دەگەڵیانە بارو قەتار    مەڕو ماڵی کوردان ناکەن قوتار
نیە بێ ئەسپ هەر لە نێو وانە دا    لە سەر ئەسپ کێ بێتو خۆ بانە دا
ئەمیرخان بەو باسە غەمبار بوو    ئە بەو داخەوە دڵ بریندار بوو
لەکن وی بوو لەو کاتە چەندین سەرۆک    نەبەز بوون وەک شێر نەک ترسەنۆک
دەیانگوت کە ئەی خان تۆ غەم مەخۆ    دەخەین ئێمە وەو لەشکرەی دادەڕۆ
بە یەک حەملە ئەو قۆشەنەی قڕ دەکەین    لە تەرمەک سەری کێوو کەژ پڕ دەکەین
بە سەر وانە دێنین یەک کارە سات    کە دوژمن لە دەس مەرگ نەیبێ نەجات
دەکەین ئێمە ئەو غەیرە وا نستەقە    بلەرزێ هەتا ماوە وەک شەق شەقە
بزانین دەستووری خانی چییە؟    ئەوەی بێ بە فەرمانو ئەمری وییە

## وەڵامی ئەمیرخان بۆ سەرۆک مەزنەکانی کورد

گوتی میر: سەرپاک بۆ من بران    هەموو خاوەنی بیرو تەگبیرو ران
هەموو گەورەی هۆزو عاشیرەتن    رەشیدن، نە وەک حیزو بێ غیرەتن
زەمانەو گەلێ دیوە ڕابردووە    لەچەن دەورەدا پەڕپەڕو کردووە
لە هەر دەورەدا ئازموونو هەیە    دەزانن چ شایانە بەو دەورەیە
من ئەوڕۆکە شەش ساڵە لەو خاکەیە    دەدەم پەنجە لەو شایە زەححاکەیە
دەکەم شەڕ دەگەڵ ماری زەححاکیان    نەبینم هەتا روویی ناپاکیان
وەکوو کاوە هاتوومە مەیدانەوە    بە هێزی گەل و نووری ئیمانەوە

وەیا شا لە کۆت‌و لە زەنجیر ئەکەم ... وەیا خۆ بە دەس شاوە یەخسیر ئەکەم
ئە لەو کارە هەر کۆڵ نادەم ئەگەر ... لە دنیایەدا من ببم دەربەدەر
هەتاکوو بە ئاوات‌و مافم دەگەم ... وەیا خۆ دەبێ ویشک ریشەو رەگەم
ئەمن کوردم‌و مافی کوردم دەوێ ... حەقی سەرنویشتم دەبێ دەسکەوێ
چ فەرقە لە نێو کوردو ئیدییکە دا؟ ... دەبیندرێ کە ئەو شایە کوردیش گەدا
مەڵێن بەختی کوردان چون نوستووە ... خەڵک زیندووەو کورد گەل مردووە
ئەگەر کورد لەو چەرخدا یەک کەون ... لە سەر خەڵک سوڵتان‌و ئاغا ئەون
ئەوەی لەشکری شایە هەر وەک دەڵێن ... بە پەڕناک دەستووری داوەو بەڵێن
کە بێن‌و بە بۆنەی شەڕی ئەردەڵان ... بدەن دەس لە شێرانی نێو بێشەڵان
دەمێکە کە ئەو خوسرەوەی بەد خووە ... لە ئێمەی ڕقی زۆر داگرتووە
بوداقیش کەوا فیتنە کاری ئەوە ... لە بۆ شەڕ هەر ئەو نوێنەری خوسرەوە
هەر ئەو شادەدا هان تا قۆشەنی ... بنێرێت دمدم لەبن هەڵقەنی
جەلالی لەکن پیر بوداقن هەموو ... دەبن ئەو دەگەڵ ئێمەدا رووبەروو
ئەوانەی بە پێشەنگ گەر هاتوون ... وەکوو سەگ ئە لەو میللەتەی بەر بوون
لە سەر ئەمری پەڕناک ئاوا دەکەن ... لە خەڵکی سەرو ماڵ داوا دەکەن
کە چون دەیهەوێ شا دەگەڵ من شەڕێ ... بکا، بۆ یە لەو لەشکرەی ناگەڕێ
بە هیوایە گەر شای رازی بکا ... بە خوێنی ئەمیرخان بازی بکا
خەیاڵێکە یەگجار دوورو مەحاڵ ... دەبێ لەو دەمەی پاک پووچ‌و بەتاڵ
خوداوەندە بۆ ئێمە پشت‌و پەنا ... دەکا لەشکری زۆرە فەوت‌و فەنا
شەڕی نێزە و شیرو خەنجەر دەکەم ... ئە لەو خاکە ئەو قۆشەنەی دەر دەکەم
بە تۆڵەی گەلی کوردی رووت‌و نەدار ... دەیاندەم لە دەشت‌و چیادا لە دار
ئەوێستا سەرۆکانی خاوەن وەڵات ... کە دێوی بەڵا دەس لە خاکوو دەدات
بفەرموون تەگبیری ئێوەی برا ... چیە؟ کورد کە بەو جۆرە ماڵی برا
دەبێ دا بنیشین ئێمەی فەقیر؟ ... لە بۆ شا نەرم بین هەر وەک هەویر؟
دەم‌و نووکی شەمشیری خۆکول بکەین؟ ... ئە لەو لەشکرەی لای بۆ شل بکەین؟
هەتاکوو بگا ئەو بە مەیل‌و مەرام ... ببێ کورد بۆ وی بە بەندەو غولام؟
سوواری مل‌و گەردنی کورد بێ؟ ... لە بن زوڵمدا کورد ملی ورد بێ؟
وەیا خۆ دەبێ لەو دەمەی را پەڕین؟ ... وەکوو بەور شاڵاوو هەڵمەت بەرین؟
نەهێڵین گەر دەس درێژی بکەن ... لە فیتنەو بەڵا رەنگ رێژی بکەن
کە لەو کارە دا کورت نەبێ دەستیان ... دەکەن کورد بێ ماڵ‌و حاڵ‌و ژیان
دەبێ هەر لە دنیایە سەر شۆڕ بین ... هەمیشە بە بێ نان‌و پێخۆر بین

لە هەر لا بە کوردان دەدرێ جوێن    دەگوترێ وتەی ناحەزو دڵتەزێن

## وەڵامی جەلال بەگ سەر هۆزی ماسیخوران بۆ ئەمیرخان

ئە لەو مەجلیسەیدا هەبوو یەک مرۆ    رشیدێکی بێ ترس‌و خاوەن شکۆ
جەلال نێو سەر هۆزی ماسیخوران    دوڕی عێڵ‌و دوڕدانەی نێو دوڕان
کە بیستی لە میرخانە پەندو وتار    وەکوو بەحر نەیماوە سەبرو قەرار
گوتی تۆ کە ئیزنم بدەی ئەی ئەمیر    دەشێلم قسەی خۆم هەر وەک هەویر
وتەی من کە لەو کۆڕە بکرێ پەسند    دە بەستێ لە هەر لاوە ڕێگا لە جند
من ئەورۆکە ئاوایە تەگبیرو رام    دەدەم وا بە میرخانی مەزنم وەڵام
بەرەڵڵا بکەن پێشی ئەو لەشکرەی    مەدەن دەس لە پولوویی ئەو ئاگرەی
هەتا دێتە نێو شیوو کێوو چیا    دەبێ شین‌و سەرسەوز هەر وەک گیا
بدەن ئێوە لەو کاتە دەورەی ئەوان    بکووژن وەکوو شێر پیرو جووان
لە کێوو چڕا سست هەر وەک مەڕن    لە برقەی دەمی شیر ڕانا پەڕن
وەنێو وان خەن لەو دەمەیدا قڕان    مەرگبار بێ دەستی مەردو کوڕان
مەهێڵن ئە لەو لەشکرەی یەک نەفەر    کە دەرکا لە نێو خاکی کوردانە سەر
لە هەر لاوە لەو قۆشەنەی دەن لە قاو    لە هەر دۆڵ لێی دا بە شن گورگەڕاو
سەری لێ دەشێوێت دوژمن لە کێو    دەلەرزێ لە ترسانە وەک شلکە مێو

## ڕد بوونەوەی ئەو تەگبیرە لە لایەن پیستۆ بەگ سەرۆک عەشیرەتی ماڵە ڕەندان

سەرۆکێ هەبوو عاقڵ‌و مەردو ڕەند    لە نێو عێڵ‌و عاشیرەتی ماڵە ڕەند
بە پستۆ بەگی ناو دەبرایەوە    لە شەڕدا بە فیلی نە دەشکایەوە
کەزانی ئەمیرخان بە قسەی جەلال    دڵی بۆتە خورجێنی دەردو مەلال
گوتی تۆ کە تەگبیری ئاوا دەکەی    برا کۆمەگی لەشکری شا دەکەی
دەڵێی بەر دەمی با بەرەڵڵا بکەین    بە گەردن کەچی رووی لە خودا بکەین
هەتا بێن ئەو خاکە کاول بکەن    لە کورد کوشتنا خەنجەرێ کوول بکەن
پەرێشان بن کورد بە دەس وانەوە    لە کێو پارەو چۆڵ‌و شاخانەوە
لە تاڵان بارو بنەی پڕ بکەن    گەلی کورد نیوەی پتر قڕ بکەن
کە دوژمن ئەوەی کرد ئەو کاتە جەنگ    بکەن لەو کەژو کێوە هەر وەک پڵەنگ
کووا ئەوهە تەگبیری پیرانە یە؟    لە دنیایە ڕێبازی شێرانە یە؟

لە بەر چاوی تۆ دەس بەرن بۆ گەلت نەکەی دەنگ تا رۆژی کاتو هەلت
دەزانی هەتا کاتی تۆ دێتەوە خوێنی گەلت پاک دەخورێتەوە
دەمژرێ بە دەم دوژمنی نا حەزت دەمێنی بە بێ هێزو دەڕوا بەزت
ورەت گەر نەما چت لە بۆ ناکرێ چلۆن شەڕ دەکەی بێ مەتاڵو زرێ
سەرۆکی کە خەڵکی لە دەورەی نەما هەموو کەس دەکا بەو سەرۆکەی گەمە

## پەسند بوونی تەگبیری پستۆ بەگ لە لایەن ئەمیرخانو ساز بوونی بۆ شەڕ

ئەمیرخان سەرداری هیممەت بڵند وتەو رایی پستۆ بەگی کرد پەسند
گوتی هەرچی پستۆ کە کردی بەیان ئەوە بۆ گەلی ئێمە ئاوی ژیان
کە بەورێگەدا ئێمە ئەورۆ نەڕۆین لە نێو خەڵک بێ ڕێزە هەر وەک پەڕۆین
لە بەر تۆ وە دوژمن بکا کورد کوژی شنەی با لە سەر کێوە تۆ هەڵمژی
لەکن خۆت گەر زوڵم بکرێ لە خۆت نەکەی دەنگ مێژوو دەنووسێ لە بۆت
کە ئەو کوردە دوژمن بە کوردان بوو بە بێ دینو ناموسو وێژدان بوو
کە هەیبا شەرەف بۆ دەبوو دەنگ نەکا؟ دەگەڵ دوژمنی کورد دا جەنگ نەکا
هەر ئەو کاتە میرخان بۆ بەرگری لە دوژمن بە جەوزۆی سەر لەشکری
دەگوت هەستە ببژێرە پێنسەد سووار هەموو چوستو ئازاوو مەردو بەکار
بکەن پاک ئەمڕازی جەنگی لە بەر لە خۆ توند کەن تۆقو بەندی کەمەر
نەکا پشت هەر یەک لە دوو سەد سووار لە شەڕدا وەکوو کێو بگرێ قەرار
بباری لە سەر وی کە شەمشیری جەنگ نەترسێت، هەڵمەت بەرێ وەک پڵەنگ
هەموو بۆ شەڕو شوڕ مەشهوور بن لە بۆ راوی بێگانە پەڕ کوور بن
لە رژدو لە هەورازو لێژو نشێو وەکوو بازی تەڕلان بفڕن لە کێو
بە خاچوو بلێ تۆپ ئامادە کا دەبێ روویی تۆپێ لە سەر جادە کا
نە وەک لەشکری شا بەرەو پێش بێ لە بۆ کێوی دمدم نەفەسکێش بێ
لە بۆ چاوەشی قۆشەنی من مەراز بهێنە بە زوڕنا و شەیپوورو ساز
دەگەڵ وی‌خە چەن دەستە تەپڵو دەهۆڵ بەزم گێڕ بن با لە هەر شیوو دۆڵ
لە نێو گەورە گەوران یەک پاڵەوان دەبینرا گەلێ عاقڵو نۆجووان
بڵند مەرتەبەی لاو چاکان بوو مەزن، نێو ئاسۆیی لاکان بوو
بە شەڕ پیلی ئەسفەندیاری دە بەست لە فیلی رق ئەستوور دەیداوە دەست
بەوی گوت ئەمیرخان: تۆ ساز بە لە بۆ ئەو شەڕەی مەحرەمی راز بە

خەیاڵم وەهایە کە ئەو هوڕدووەی
بکەم قڕ بە یەک حەملە هەر بەو زووەی
لە بۆ ئەو شەڕەی تۆ دەگەڵ خۆ دەبەم
لە نێو مەزنو سەردار هەر تۆ دەبەم
ئەمن نیمە ئەوڕۆکە ترسو هەراس
لە لافاوی ئەو لەشکرەی شا هەباس
ئەگەر پۆلە قەل بێت سەد بێ رەوەی
بە یەک بەرد ئاوا دەبێ لەو گەوەی
گەلێکم ئەمن دیوە دەورانی تاڵ
لە بن باڵی ئەو چەرخەدا بووم قاڵ
بە هەر بایێ گەر بێت راناچەنم
دەڵێی تۆ کە پۆڵا لەشو بەندەنم
هەڵستان ئەو دەم سەرۆکانی کۆڕ
دلێرانی ئازاو موو زوور زۆر
دەیانگوت لە بۆ شەڕ دەبێ تۆ نەچی
لە ملمان ئەکەی تۆقی گەردن کەچی
بە هەر کەس بفەرموویی دەڕوا بەغار
لە بۆ شەڕ دەگەڵ دوژمنی نالەبار
لە بەر دەستیَ تۆدا هەموو نۆکەرین
هەموو گوێ بە فەرمانو فەرمانبەرین
لە ئێمە بمێنێت تا یەک نەفەر
دەبێ لەو قەڵاتەی ئە تۆ نەچیە دەر
هەموو مەردی مەیدانی دۆڵو دەرین
هەموو شەڕکەرو خاوەنی جەوهەرین
نەما گەر لە نێو ئێمە دا ئاسەوار
بچۆ بۆ شەڕ ئەی خانی مەردو بەکار
بەوانی ئەمیرخان وا دا پەیام
برا من نە وەک ئێوە بەندەو غولام
هەموومان کوردین مادی نەژاد
یەکن ئەو کەسەی تۆرەمەی بێ لە ماد
نەمامێکە پۆپو لقی ئەو بیە
دەگەڵ ئێوە فەرقو جوداییم نیە
دەچم من دەبێ ئێوە هۆشیار بن
ئە لەو کێوە دا شێری پەیکار بن
دووا من ئەگەر دوژمنو هاتە سەر
زگی هەڵدڕن با دڵی بێتە دەر
منیش بۆیە بۆ ئەو هەرایەی دەڕۆم
بەقا یە دەکەم لەو شەڕەیدا بە خۆم
دەزانم ئەگەر من بچم دوژمنم
لە مەیدان دا چۆن هەڵوێژنم
کە کۆمەگ بکا خالقی کردگار
لە بێگانە دەردێنم ئەوڕۆ دەمار
کە نەمرم لە دنیایی روونا بژیم
دەدەم دەوری ئەو دوژمنەی وەک نەقیم
لە هەر لا هوجومی دەبەم بۆ سەری
دەبەستم وەکوو سەددە دەورەوبەری
ئەوەی گەر هەڵێ من بە زەبری کەمەند
دەکەم شانو ئەستۆو گەردنی لە بەند
هەتاکوو ئە لەو لەشکرەی یەک نەفەر
لە بەر چەنگی کوردان‌دا نەچتە دەر
بگیرێن یا خۆ بکوژرێنەوە
نەمێنن کە لەو یەزمە بدوێنەوە
وەها من لە لافاو دەبڕم خوڕەی
نەزانن کە پەڕناکو شا بەو سوڕەی

## ناردنی دوو جاسووس بۆ نێو لەشکری قولیخان

هەر ئەوکاتە سازی دەکردوو پیاو
لە بۆ رۆژی تەنگانە مەرد و شیاو
بەڵەد بوون هەر دووک بە کونو کەلێن
بە هەر شیوو هەر بەندەنو هەر شوێن

گوتی روو له هۆردوی بێگانه کەن
تەماشایی مارانی بێ لانەکەن
بزانن که جێگای چەند گرتووه
له چەند کێوو چەند دەشت دابین بووه؟
ژومارەی نەفەریان چەندەو چلۆن
دەکەن بار لەو شوێنه کاتی دەڕۆن؟
دەبێ زوو بڕۆن ئێوه زوو بێنەوه
نەچن گەر به بێ کار بخولێنەوه
ئەوانی بەڕێ کرد رۆیین بەغار
له بەر چاو ون بوون هەر دوو سووار
له پاشان فەرمانده جەوزۆ دەهات
گوتی: ئەی ئەمیرخان گەورەی وەڵات
ئەوا هێزی چەکدار ئامادەیه
هەموو زیرەکو شەڕکەرو سادەیه
له بۆ رۆژی تەنگانه بەوری دڕن
له مەیدانی بێگانه گرچوو بڕن
کراون له نێو لەشکرا گوڵبژێر
دراون له کەو بۆ شەڕی دێوو شێر
به بێ ترسو لەرزن له دێوی مەرگ
کفن پۆشن ئەوڕۆ له جێگەی بەرگ
عەزیزو برایم له مەزنان دا
دەبیندرێن هەر دوو له نێو وان دا
ئەمیرخان فەرموویی قۆشەن کەساز
بووه لێ بدا تەپڵو زوڕنا مەراز
له مەیدان دا با هەموو ساز بن
له بۆ راوی بێگانه وەک باز بن
بەدەم چاوه شافوو له زوڕنا کرا
له تەپڵو دەهۆڵو له دمبەگ درا
له بەر دەنگی زوڕنا و تەپڵو دەهۆڵ
که دەدرا سمی ئەسپی ئازا له خۆڵ
ببوو شێتو شەیدا زەمینو زەمان
تەپو تۆز گرتی بەری عاسمان
سووارە له مەیدان کۆ بوونەوه
به بیرێکی مەردانەو روونەوه
له زوڕناو شەیپوور گەر فووکران
به پێنسەد نەفەریان ئەو دا له سان
ئەمیرخان رووی کردە مەیدانەوه
دەوێستا له بەر دەم سووارانەوه
له لایێکی ئاسۆیی لاکان بوو
ئه لەو لاوه شێری موکریان بوو
برایم بەگو بەوری ئازا عەزیز
له پشت میر سەفیان به سبوو به ریز
له نێو وانه دا میر وەک قارەمان
وتەی داو گێڕای ئاوا زمان
دەبەم ئێوه ئەوڕۆکه بۆ شەڕ دەڕۆم
هەمووتان بێ ترس داوێمه گۆم
دەدەم خەنجەرو شیرو تیری خەدەنگ
له دەریای شەڕدا له چاوی نەهەنگ
دەخەم خۆ له نێو جەنگەڵو بیشەڵان
دەکەم من تەماشایی بەزمی کەڵان
له رێگایی دژوارو سەختو چڕه
دەبم تێپەڕو پڕ له بەردی خڕه
دەنۆڕم له بازوی مەردانەتان
له ئاکارو رەفتاری کوردانەتان
بزانم له تەنگانەدا هەڵدەکەن؟
به بێ ترس کێشەی دەگەڵ کەڵ دەکەن؟
وەیا خۆ هەمووتان ترسوو هەیه؟
له بۆ هاتنێ راو پرسوو هەیه؟
کەسێ ئەو شەڕەی گەر له بۆ ناکرێ
له نێو ماڵو منداڵ با هەڵورێ
دەبێ ئەو کەسەی گەر دەکا عەسکەری
له سەر دەست دانێ گیانو سەری

لە دنیایەدا ماڵو موڵکی نەوێ وەکوو باز بێ کاتی شەڕ بۆ کەوێ

## وەڵامی چەکدارەکان

کە بیستیان لەشکر بە سەد شەرمەوە
بە شەوقو بە زەوقو دڵی گەرمەوە
دەیانگوت هەموو نۆکەری تۆ دەکەین
ئەگەر کێوە دوژمن لە بەینی دەبەین
بە خانی دەبەخشین ماڵو گیان
بە قوربانی ئەوگەورە موڵکی ژیان
ژیانێ بە بێ خان گەر بچێتە سەر
لە بۆ ئێمە ناخۆشە هەر وەک سەقەر
ئەگەر تۆ نەمێنی لە بۆ دوژمنان
بە ڵادێ لە سەد لاوە بۆ کوردەکان
چرای گەلی کورد ئەو خانەیە
چرا بەرقی ئەو ماڵو کاشانە یە
خودا هەر نەکا گەر بکووژێتەوە
لە نێو کورد دا نوور دەبڕێتەوە
بفەرموو هەتا دوژمنی هەڵبڕین
لە هەر کێوو کەژ بەندەنی هەڵدڕین
بنێری دەبێ میری ساحیب قڕان
ئە لەو کاتە دا شۆڕە لاوو کوڕان
بە سەر دوژمنی دا بدەن وەک هەڵۆ
لە تارو رەگو پۆی ئەو دەن هەپۆ
نە وەک خۆی روو کاتە مەیدانەوە
لە بۆ شەڕ دەگەڵ غوولو جندانەوە
ئەوە نەنگی مێژوویە بۆمەی هەژار
مەزن خۆ لە دەریای شەڕخا بە غار
بەخت کەین با ئێمە ئەورۆ گیان
لە پێناوی تۆ ئەی هەوێنی ژیان
بە بوونی ئەتۆ کورد گەل زیندووە
ئەگەر تۆ نەمێنی ئەویش مردووە

## دڵخۆش بوونی ئەمیرخانو ساز بوونو رۆیشتنی بۆ شەڕێ

کە بیستی لە شێرانە ئەو زەمزەمە
ئەمیرخان دڵخوش بوو ئەو دەمە
گوتی من بە قوربانی دەستوو دەبم
فیدایی دڵی پاکو هەستوو دەبم
لە پێش ئێوەدا بۆیە بۆ شەڕ دەچم
هەتا من بەڵا گێڕەوەی ئێوە بم
بە هێزی گەلی کورد من بوومە خان
بە بێ شەرم ئەورۆ دەگێڕم زمان
ژیانم بە بێ کورد من بۆ دەوێ؟
لە تاوانە گەر دەچمە نێو گێژەوێ
لە رۆژێکی وا گەر وەپێشوو کەوم
هەتا هەم لە دنیایەدا بە برەوم
ئەگەر گەورە رووکاتە ژوورو کولێن
لە نێو خەڵکدا بێ رەواجەو رمێن
لە پاش ئەو وتو وێژە رۆیشت خان
هەتا دێو قڕ کات وەک قارەمان
وەرێکەوت لەشکر دەرۆیی لە دووی
شەڕی دوژمنی کورد بوو ئارەزووی
لە تاوی گەلی کورد هۆشی نەبوو
نەخۆشی نەبوو بەڵکە خۆشی نەبوو
کە بیسبووی یەک دەستە جەردەو چەتە
دەدەن دەس لە ماڵی خەڵک لەو خەتە
پەشێوو پەرێشانو بێواز بوو
هەمیشە خەفەتبارو ناساز بوو

به کێو پارەدا ڕۆیی ئەو بێ وچان
هەتا دوژمنی هەست بە خانی نەکا
بیوو دوور ئاغا لە ڕێگەو ڕچان
لە نەخشەی شەڕی شەرکەرانی نەگا

## هاتنەوەی جاسووسەکان بۆ لای ئەمیرخان

لە ڕێگایەدا دوو پیاوی کەوا
بە دەستووری ئاغا کە جاسووس بوون
بە خزمەت ئەمیری گەیشتن لە کێو
چیان چاو پێکەوتبوو شۆڕە لاو
دەیانگوت وە نێو عالەمێ کەوتوون
لە بۆ ماڵی خەڵکی دەکەن دەس درێژ
لە هەر لاوە هاوارو ناڵەی ژنان
لە بەر زاق وزوقی مناڵی بچووک
وەکوو مزدڵی بەرد دەتوێتەوە
خەڵک چوونە نێو جەنگەڵو لێڕەوار
لە کوشتاری دوژمن کە ڕزگار بوون
هەڵاتوون هێندێ بەرەو ئێرە دێن
لە نێو کورد دا فیتنە پەیدا بووە
کە بەو ئاورەی ئاو نەکرێتەوە
کە بیستی وتەوباسی جاسووسەکان
بە هاواری کوردانی بێ بەش لە ماڵ
بڕی بەندەنو یاڵو کێوو سووێ
کە نۆڕی لە یەک کێوو ئاسۆیەوە
شەڕی دی کەتەندووری ئەو گەرم بوو
لە دوژمن خەڵک چەندە سەربازیان
لە دۆڵێکی هەڵدێرو پڕ بەفرو سەرد
ئەوەی گەر دەدی سەرپەرەستی وەڵات
گوتی داخەکەم هۆزەکەم قڕ بووە
کە تۆڵەی لە دوژمن نە هەستێنمەوە
دەبێ بۆ گەلی خۆم کارێ بکەم
کە نەیکەم لەکن وانە ڕێزم نیە
گەلی کورد ئەو کاتە ئەمنی دەوێ
دەیانکرد بە برینی خانی دەوا
بەرەو سەنگەری دوژمنی کورد چوون
لە بۆ خان لەو لەشکرەی سەر بزێو
دەیانکرد وەک بوخچە پەخشو بڵاو
وەکوو سەگ ئە لەو میللەتەی بەر بوون
گەلی کورد دەکوژن لە دەشتو لە لێژ
دەبیسرێ بە باشی لە دەس دوژمنان
لە بەر شیوەنو ناڵەو نووکەنووک
برینت لە نێو جەرگ دەکرێتەوە
بە دوورن لە خانوو گوندو دەوار
گەلێ بۆ کونی غارو ئەشکەوت چوون
بە بێ ماڵو ئاژاڵو مەزراو دێن
چ فیتنێکە دنیای داگرتووە
نەژادی گەلی کورد دەبڕێتەوە
بەرەو دوژمنی ئەسپی دا ئەو تەکان
دەچوو پێشەوا هەر بەوێنەی شەماڵ
لە یەک ڕۆژو یەک دان دا گەییە وێ
ئەمیرخان لە خوارەوەی خۆیەوە
زەوی پاک پڕ کوشتە و تەرم بوو
کە بڕداوە گیراوە ڕێبازیان
دەیاندا بە سەر وانەدا گاشە بەرد
کزەی بۆ خەڵک ئەو لە جەرگی دەهات
بە دەس دوژمنی کورد بێ گوڕ بووە
بە چی عوزر بۆ میللەتم دێنمەوە
دەوای دڵی زامدارێ بکەم
لە خاوێنیا خۆ پەرێزم نیە
لە سەر دوژمنی گەر بکەم هەو هەوێ

ئەگەر خۆ وەشێرم لە تەنگانەدا
کووا گەورە خانم لە نێو وانەدا؟
بە یارانی ئاوا دەفەرموو ئەمیر
کە ئەی شۆڕە لاوانی هوشیارو ژیر
لە سێ لاوە بۆ دوژمنی خۆ دەچین
بە چەند دەستە وو سەف‌سەف‌و چین‌بەچین
مەهێڵن کە دوژمن خەبەردار بێ
ئە لەو هاتنی ئێمە هوشیار بێ
براییم دەبێ سەد پیاوی بەرێ
لە چەپ را لە دوژمن بدا خەنجەرێ
عەزیزخان با هەڵگرێ سەد نەفەر
لە راستەی سەفی قۆشەنی نەچنە دەر
لەوێ دا بمەزرێت‌و بێ دەنگ بێ
هەموو کات ئامادەیی جەنگ بێ
کە بیستیان ئاوازی شەیپووری شەڕ
بکەن عەرز بە خوێنی بێگانە تەڕ
بەرەو روو منیش هەر لە بۆ دوژمنی
دەچم بۆ شەڕێکی نەهێنی‌و ونی
نەهێنی وەها دەچمە پێشێ لەوی
نە شێوێ لە بێگانە عەیش‌و خەوی
بە خۆم‌و بە ئاسۆیی لاکانەوە
بە سێ سەد نەفەر شێرە کوردانەوە
وەکوو فیل من هەڵمەتی لێدەدەم
ئەوی بۆ گەلی کورد نستەق دەکەم
لە سینگ‌و دلی ئەو دەکەم سەد برین
لە ورگی دەدەم نووکە رمبم بەقین
نەوێرێت تا دوژمنی نالە بار
بەرێ دەست بۆ کوردی رووت‌و نەدار
دەبێ لاوی ئازا و شیرین جەماڵ
بە شیرو بە تیرو کەوان‌و مەتاڵ
کەمەندان بێنن لە بۆ دوژمنی
لە حەلقەی کەمەندی بخەن گەردنی
جڵەو کێش کەن دوژمنی بێ هونەر
بە جورێ لە دەس ئێوە گەر نەچنە دەر
دەترسێت دوژمن لە حەلقەی کەمەند
کە بێتو بگیرێت‌و بکرێ لە بەند
ئە بەو کارە هورەی شەڕی بەر دەدا
چلۆن خۆی لەو ئاورەی وەر دەدا
وەها ترس‌و لەرزی وەنێو دوژمنان
دەخەن خۆ دەهاوێنە قەڵش‌و کونان
کە نەفت‌و کزو زەردو لاواز ئەبن
کووا ئەو لە دەس ئێوە دەرباز ئەبن؟
کە بەو جۆرە میرخان دەیدا وتار
کراوە بە سێ قۆڵ پێنسەد سووار
عەزیزو براییم بەگی شۆڕە لاو
دەچون ئەو لە بۆ سەنگەری نێو براو
بە دەستە ودەیارەو سووارانەوە
لە دوو لای شەڕ دا دەمەزرانەوە
ئە لەو کاتە دا بوون ئەو چاوە نۆڕ
کە شەیپووری شەڕکەی دەکا بۆڕە بۆڕ؟
بە ئاسۆیی لاکان فەرموویی خان
دەبەم من لە بۆ دوژمنێ هێرشان
دەگەڵ دوو بەشی ئەو سووارانەوە
دەخەم خۆ لە نێوزاری مارانەوە
دەچم من بەرەو رووی ئەو خوێنمژەی
دەدەم شیر لەو دێوە میللەت کوژەی
ئە لەو لوتکەدا بگرە تۆ سەنگەرت
وەکوو شێر بە سووارەو و عەسکەرت
کە زانیت دوژمن نەدەشکایەوە
لە هەر لاوە زۆری دەهێنایەوە
وەرە لەو دەمەی تۆ بە هاوارمان
بکە کۆمەگی جەنگ‌و پەیکارمان

له پشڕا وه‌کوو شێر بێ‌ئه‌نجنه    نه وه‌ک ده‌ربچێ له‌و که‌ژو به‌ربنه
که هاتی به هاوار ئه‌ی هه‌مسه‌فه‌ر    ده‌گه‌ڵ خۆ ئه تۆ بێنه په‌نجا نه‌فه‌ر
وه‌مێنن ئه‌وی دییکه با لێره دا    ده‌با ئه‌و نه‌بن له‌و شه‌ڕو گێره دا
مه‌که‌ن خاڵی ئه‌و کێوه سه‌ر پاکتان    له بۆ دوژمنی پیس‌و ناپاکتان
که پشتوو بگیرێت ده‌شکێنه‌وه    به شه‌مشیری بێگانه ده‌بڕێنه‌وه
شه‌وو رۆژ وریا و هۆشیار بن    له نوستن ده‌بێ دوورو بێزار بن
ئه‌وه‌ی روو له مه‌یدانی ئازادی یه    به بێ له‌ززه‌ت‌و خۆشی و شادی یه
دلێرانی جه‌نگاوه‌رو نامدار    له ئه‌سپان گه‌ر بوون کاتێ سووار
له جه‌نگه‌ی شه‌ڕو شۆوروکوشت‌و بڕین    له نێو به‌ردی ره‌قدا ده‌که‌ن سه‌ر وه‌زین
له بۆ خه‌و له شاخان گه‌ر روو ده‌که‌ن    ده‌ڵێی خه‌و له نێو دۆشه‌گی قوو ده‌که‌ن
که چون عاشقی نێوو ئازایه‌تین    شه‌هێنی که‌ل‌و کێوی مه‌ردایه‌تین

## هه‌ڵمه‌ت بردنی ئه‌میرخان دوای ئه‌و وت‌ووێژه بۆ سه‌ر قوڵی

که ده‌یداوه به‌و جۆره ده‌ستوور خان    به ئاسۆی فه‌رمانده‌و قاره‌مان
وه‌ڵامی وه‌ها داوه ئه‌و دم له‌وێ    به‌ڵای ئه‌و ئه‌میره‌ی وه ئاسۆ که‌وی
له پێش ئێمه دا تۆ ده‌بێ بۆ شه‌ڕێ    نه‌چی، ماڵ‌و موڵکم له سه‌ر تۆ گه‌ڕێ
ئه‌من حازرم گه‌ر له شه‌ڕ بچمه پێش    ده‌گه‌ڵ دوژمنانم بکه‌م کێشه‌کێش
ئه تۆ بگره سه‌نگه‌ر ئه له‌و کێوه‌یه    شپرزه‌ی بکه پشتی ئه‌و دێوه‌یه
ده‌خه‌م وا وه‌نێو وانه هاوارو بانگ    بگا ده‌نگی گریان‌و شیوه‌ن به مانگ
له‌وێڕا ته‌ماشای جه‌نگم بکه    ته‌ماشای ده‌ست‌و تفه‌نگم بکه
ئه‌میرخان فه‌رموویی نا من ده‌رۆم    منم مه‌ردی مه‌یدانی به‌زم‌و گلۆم
له شه‌ڕدا ده‌بێ زۆر موو زوور بم    له به‌زم‌و شه‌ڕو شۆور بۆ دوور بم؟
له مردن ئه‌من ترس‌و باکم نیه    غه‌می چوونه نێو گۆڕو خاکم نیه
ئه‌وه‌ی پێ له مه‌یدانی دنیا ده‌نێ    له نێو گۆڕدا ته‌رمه‌کی دا ده‌نێ
نه‌بوو که‌س له چه‌نگاڵی دێوی مه‌رگ    ببێ دوور کفنی نه‌کرد بێ به‌رگ
نه‌بوونی ده‌کا ویشک ریشه‌ی گیان    ده‌دا بای سه‌ڕسه‌ڕ له باغی ژیان
که‌سێ گه‌ر له مردن بترسێ به دڵ    کووا دێته ده‌ر ئه‌و به ساغی له‌کڵ
هه‌ر ئه‌و کاته دووبه‌ش ئه له‌و عه‌سکه‌ره‌ی    وه‌دوو خۆی دا رۆیی له‌و سه‌نگه‌ره‌ی
ده‌رۆیی به‌ره‌و له‌شکری دوژمنان    ببه‌ستێت تا پێشی کوڵڵه‌و سنان
له ده‌وره وبه‌ری وان دا مانه‌وه    گه‌ڵێ سه‌نگه‌ری قووڵ ده‌درانه‌وه
قوڵیخان نه‌یبرد بوو په‌ی به‌وان    ببو مۆل هه‌ر وه‌ک مه‌ڕی بێ شوان

به فکری ئەوەی کوردی بێ باڵو پەڕ    نەما بوون تاکوو بکەن شۆڕو شەڕ
خەیاڵی کە بەو بارەدا کرد بوو    بە بێ ترس لەو جێگە هەڵورد بوو
لەوەی بێ خەبەر بوو کە دەورەی ئەوی    بووە پڕ لە کوردانی باسک قەوی
لە ئێوارە تا شەو هەموو رادەبرد    ئەمیرخان هەر ماوە دەنگی نەکرد
کە شەو رۆیی ئاڵایی هێزی بەیان    وەدەرکەوت، رەش چۆوە، شت بوو بەیان
لە سەر عەرز پەردەی سپی هەڵدرا    گلۆڵەی دەواری رەشی هەڵکرا
ئەمیرخان فەرمووی چاوەش مەراز    بکا فوو لە زوڕنا و شەیپوورو ساز
هەتا لەشکری کورد هێرش بەرن    ئەوانەی دلێرانی نێو سەنگەرن
لە سێ لاوە ئاڵایی شەڕ هەڵکرا    لە تەپڵو دەهۆڵو لە زوڕنادرا
دەیان برد پەلامار شەڕکەر بە شیر    بەرمبو کەوانو کەمەندو بە تیر
بریسکەی دەمی شیری جەوهەر نیگار    کە دەدراوە لە کڵاووخوودی سووار
دەبیندرا لە نێو تۆزو گەردو غوبار    وەک ئەستێرە شەو ڕاخزێ شوعلەدار
لە هەر لاوە هەر کوشتو کوشتار بوو    لە کوڕ باب ئەو کاتە بێزار بوو
وەکوو پەنجەی مەرگ وا بوو کەمەند    ملی دوژمنی بەو کە دەکرا لە بەند
سەری خڕ لە بەر دەستی شێران دا    کەوتبوون وەک گۆ، لە مەیدان دا
دەیانکرد لە مەزرایە دا هەڵبەزە    بە گریانو شیوەن لە دەستی قەزا
قەزا لەو دەمەیدا مەرگ ڕێژ بوو    تفەنگی فەلەک کەللە دا بێژ بوو
دەسو رانو ئەژنۆ دەکەوتن هەزار    بە شیران وەک ویشکەڵی لێرەوار
لە هەر گۆشە ناڵەی بریندار بوو    لە هەر جێگە گریانو هاوار بوو
نەما بوو ئە لەو جێگە رەحمو بەزە    خوێنی گەشو سوور هەیبوو مەزە
دەبوو خوێن هەڵبگرێ کەللەی سەران    بکا سوور داوێنی جەنگاوەران
لە دوژمن لە هەر لاوە دەدرا لە قاو    دەگیرا لە هەر گۆشە وەک کەو بە داو
وەکوو بەحر لەشکر خرۆشان بوو    قولیخان پەرتو پەرێشان بوو
کە دەیدی لە هەر لاوە دەستەی ئەوی    دەکا سەر لە بۆ عەسکەری کورد نەوی
دەگیرانو دەشکانو دەبڕانەوە    لە کوردانی ئازا دە پاڕانەوە
زەمینی لە بەر چاو تاریک بوو    وەکوو لوولە قامیش باریک بوو
کە کردی تەماشای سەربازەکان    بڕا بوو لە بەریان هێزو تەکان
گوتی من دەبێ ئەو شەڕەی گەرم کەم    سەری کورد لەو خاکە دا نەرم کەم
هەتا غیرەتی بەر نەدا لەشکرم    نەبێ زەرد و لاواز هەر وەک کرم
کە سێرەی دەدا هەر کەژو لاخڕان    کرا بوو لە سەربازی ئەودا قڕان
لە سەحرا دەسووڕاوە وشتر بە بار    ئەسپ بوون بێ خاوەنو بێ سووار

شکا گەر لە مەیدان پۆزی زلی — بە ناچار دەیبرد هێرش قوڵی
لەداخان دێوانە و هار بوو — بە میرخانی ئازا بەرەنگار بوو
کە دەی دیی ئەمیرخان بەرگ‌و جلی — خەیاڵی هەر ئەو کاتە چۆ سەر قوڵی
گوتی ئەوهە بەو هەیئەت‌و هەیکەلە — لە نێو قۆشەنی دوژمنا سەرپەلە
بە کوشتنی ئەوی تۆڵە دەکرێتەوە — شەڕو شۆور لەو خاکە دەبڕێتەوە
کە بێتوو نە کوژرێت ئەو دێوەیە — لە بۆ ئێمە سەد گێچەڵی پیوەیە
بە توندی هەر ئەو کاتە تیی ڕاخوڕی — کە ئەی گەورە خۆ پێ زل‌و ملهوڕی
لە بۆ خەڵک ئەوڕۆکە تاڵان ئەکەی؟ — لە نێو کورددا روو لە ماڵان ئەکەی
بە زۆری دەبەی تۆشڕەی ماڵیان — دەبەی گەنمی عەمبارو نێو چاڵیان
مەگەر کورد بێ گەورە و خاوەنن؟ — وەیا خۆ لە بەردەستی تۆ دا بەنن؟
گوناح‌و خراپەت لە سەر جێ دەکەم — ئەوا دێم دەبزانە چت پێ دەکەم
ئەوەی پێ گوت‌و هەڵمەتی بۆ دەبرد — دەگەڵ وی شەڕێکی کەلانەی دەکرد
بە شەمشیر دەیدا لە کەللەی سەری — دەمی شیر کاری نەکرد هەڵوەری
کەزانی لە بەر دوژمنی دا زرێ — بە شیران کاری دەگەڵ ناکرێ
دەسی برد بۆ رمبەکەی هەژدە قەف — وەکوو فیلی سەر مەست کر بوویی کەف
کەرمبی لە سەر سینگ دا دەیبڕی — لە پشتی سەری چۆ دەرو پچکڕی
کە ئەو رمبە جەرگ‌و دلی هەڵدڕی — قوڵی کەوت‌و رۆحی لە بەندەن فڕی
لە یاوەر دەقەوما بە سەربازەوە — بە بارو قەتارو بە ئەمرازەوە
دەکوژران‌و گیران‌و دەبرانەوە — ئە لەو جەنگەدا پاک دەبڕانەوە
دەبوو گەر شەڕو شۆرو غەوغا تەواو — لە دمدم ئەمیرخان دەیکرد سڵاو

## دەستووری ئەمیرخان بۆ ناشتنی تەرمی کوژراوەکان

لە بۆ دمدمی بەر لەوەی بێتەوە — دڵی میر بەو خاکە بکرێتەوە
بە خەڵکی ئە بەو جۆرە فەرمان دا — ئەگەر تەرمەکوو دی لە مەیدان دا
لە دوژمن کەوتبوون کەم یا نە زۆر — بنێژن هەموویان با بچنە گۆڕ
بە دەستووری ئیسلام تەرم‌و کەلاک — مەهێڵن لە سەر عەرزو بیخەن لە خاک
بە فەرمان‌و ئەمری سەرۆکی بە ناو — دەیان خستە نێو خاک تەرمی کوژاو
دەیاندی لە هەر جێگەدا مردوێ — لە سەحرا و دۆڵ‌و کەژو بستوێ
بە دەس کورد دەخرانە ناخی گڵی — دەبێ گۆزە هەربچتە کوورەو کڵی
کەلاکی قوڵی رەش ببوو وەک پەلاس — بە وی بوو لە بۆ میر نامەی هەباس
لە تەگبەند دا نامە بیندرایەوە — بە گورجی وە دەس خان دەدرایەوە

له نامەو له مەعنایی حاڵی که بوو — به گژ کێوی فکرو خەیاڵا دەچوو
گوتی بۆ دەبێ نامەبەر بێتە شەڕ؟ — بکا خۆ له بۆ بردنی نامە کەڕ
ئه لەو کارە دا من دەبینم سوڕێ — فریوی قوڵی داوە یەک دڵپڕێ
دەزانم که مێ وایی لێ کردووە — به فێڵان ئەو یاوەرەی کوشتووە
فریو خوردەی دەستی پەڕناک بوو — قوڵی بۆیه بەو جۆرە بێباک بوو

## نامه نووسینی ئەمیرخان له شا بۆ بەرکەنارکردنی پیر بوداق

ئەمیرخان بەو نامە گەر پەی دەبرد — له خەڵکی قەڵائەو سوڕەی ون دەکرد
کەزانی جەلالی دەگەڵ پیر بوداق — له زاری ئەوا بوونە ترشی مەزاق
به دەستووری شا دێنە موڵکی ئەوی — بکەن تا به لەپزێڕە ئەو سەر نەوی
بەهانێکە کێشەو شەڕی ئەردەڵان — له پێشا دەکەن روو له خاکی کەڵان
گوتی: چاکە نەرمی دەگەڵ شا بکەم — له رابردویی خۆم حاشا بکەم
بڵێم خوسرەوا من وەفادارتم — له دنیا هەتا دەچمە دەر یارتم
به پەڕناک نابێ دەگەڵ من بکەی — شەها روو له فەرمانی دوژمن بکەی
دەزانی که ناخۆشە نێوانمان — له یەکتر گەلێ دوورە مەیدانمان
هەر ئەو کاتە نامەی له بۆ شا هەباس — دەنووسی لەوی گرت رێزو سپاس
سەری نامە کاتی که نووسرایەوە — به نێوی خوداوەند رازایەوە
له پاشان نووسی که ئەی شەهریار — به مەیلی ئه تۆ خول دەدا رۆژگار
دەنازێ به دەورانی تۆ ئاسمان — غولامی دەرت شایی نەوشیرەوان
عەداڵەت له دنیایە گەر بەشکرا — له نێو پادشا دا وەدەس تۆ درا
له شەمشیری تیژت دەترسێ مەلەک — دەبێ بێ لەوەڕ گا له بورجی فەلەک
به بازویی شەڕکەر وەکوو حەیدەری — رق ئەستوور، تەیموورو ئەسکەندەری
که مستێ له کێوی بدەی وردو خاش — دەبێ، پاک دەخزێت وەک دەنکە ماش
له هەر کار بیری ئه تۆ بڕ دەکا — له رێبازدا عەقڵی کول سڕ دەکا
که روو وەربگێڕی له چەرخی زەوی — خەڵک کەی دەکا روو له ئاشی ئەوی
خودا تۆ له بۆ ئێمە کا پایەدار — به حورمەت عەلی شایی دوڵدوڵ سوار
شەها نامەکەت گەر وە دەستم درا — چرا بوو له هۆدەی دڵم هەڵکرا
وشەی دێڕو رستەی گوهەربار بوو — عەتر رێژ بوو، شەکری سەر زار بوو
چ نامێکە نشتوویی سەر شانمە — کلی چاوو دەرمانی دەردانمە
هەموو پەندو ئەندەرزی شاهانەیە — به دوور ئەو له نەیرەنگو ئەفسانەیە
له مەزرایی بێ وێنەدا بێ نەزیر — وتەی شیرینو دێڕی ئەو دڵپەزیر

وەکوو باغی فیردەوس خاوەن گوڵە
چ باغێکە ئارام بەخشی دڵە
ئە بەو نامە لە منت ئە تۆ ویستووە
کە خۆ ساز کەم بۆ شەڕێ بەو زووە
بە چەکدارو دەستەم دەمێ نەسرەوم
دەگەڵ لەشکری پیر بوداقی کەوم
بە دەستووری ئەو من بسووڕێمەوە
بە فەرمانی پەڕناک بتوێمەوە
بکەم گەورەیی مەزنی ئاوا قەبووڵ
بخەم خۆ لە هەڵدێری دەریای قووڵ
بچم بۆ شەڕی دوژمن‌و ناحەزان
بکوژم چەتەو جەردە و بێ بەزان
کە چون نۆکەرێ دەرکی پاشا دەکەم
ئەوەی تۆ بفەرمووی من وا دەکەم
بە هەر چی کە ئەمرم بە سەر دا بکەی
دەبەخشم گیانم کە داوا بکەی
منم بەندەیی خوسرەوی دادگەر
لە دەستووری شا بەندە ناچێتە دەر
لە سەر من بکەی گەورە گەر یەک مناڵ
دەکەم خزمەتی ئەو بە رۆژو بە ساڵ
کە جەغزێ بکێشێت خاوەن هونەر
ئەمیرخان لەو جەغزە ناچێتە دەر
ئەوانەی کەوا روو لە نانی دەکەن
لە خزمەت ئە تۆ دوو زمانی دەکەن
بە دوو روویی روو رەش نەکەی باوەڕێ
نە وەک بەحری لوتفت لە من وەرگەڕێ
لە ورمێ بە لوتفی ئە تۆ من دەژیم
ئەگەر ئەو نە مێنێت لەو خاکە چیم
هەتا رووح دەڕوا دەکەم نۆکەری
لە دەرکت کە بۆ تەخت پارێزەری
ئەگەر شا نەبێ مولک وێران ئەبێ
لە هەر لاوە میللەت پەرێشان ئەبێ
لە سەر خەڵک ئەی گەورە تۆ سەروەری
وەکوو داری پڕ بەهرە و پڕ بەری
کە بۆ ئێمە سێبەر نەکەی تۆ بڵاو
دەسووتێت عالەم بە گەرمی هەتاو
لە بۆ شا هەموومان دوعا دەکەین
درێژی تەمەنتان داوا دەکەین
کە چون خزمەتی دەرکی پاشا دەکەم
ئەوەی تۆ بفەرموویی هەر وا دەکەم
بە خۆم‌و بە خزم‌و کەس‌و کارەوە
بە دێهاتی‌و خەڵکی نێو شارەوە
لە پێناوی تۆدا دەڕێژم خوێن
بە بێگانە هەرگیز نادەم کەلێن
وەلێ حەیف‌و ئەفسووس رێگەم نیە
لەکن میری پەڕناک جێگەم نیە
بە من دوژمنە کۆنە قینی هەیە
لە نێو جەرگدا سەد برینی هەیە
کە یەک رۆژ دەستی بە من رابگا
دەبێ تەرمەکم هەر بە پاشا بگا
دەزانم لە بۆ من تەڵەی دا دەنێ
کەلاکم لە نێو لەشکری را دەنێ
بە هەر جۆر بێ ئەو دەکووژی ئەمن
دەکا دوژمنی گەورە گەورەو مەزن
کەزانی کەسێ خۆشەویستی تووە
یەقین ئەو دەگەڵ وی بەڕق دا چووە
کە بکرێ لە لوتفت دەکا بەرگری
دەدا هەوڵ تا تۆ لە بەینی بەری
کە رۆژی وە دەس ئەو دلێرەی کەوم
کە شەوهات کوژرا وی دەستی ئەوم
ئە بەو حاڵە گەر من بچم بۆ کنی
بە خۆم‌و نەژادم دەکەم دوژمنی

دەگەڵ من نەگونجاوە بەردی خڕە    لە بۆ کورد لەو خاکە سەردوسڕە

ئەوێستا ئەگەر شای جەمشید فەڕ    نەکا خۆ لە عەرزی منی بەندە کەڕ

کە چون خوسرەوی پایە بەرزم هەیە    ئە لەو کاتە یەکدانە عەرزم هەیە

شتێکم دەوێ من لە خاوەن شکوو    بە نامەی دەنووسم نە وەک رووبەروو

دەبێ تۆ بوداقی بکەی بەرکەنار    لە سەر لەشکرو هێزە ئەی شەهریار

یەکیتر لە جێگایی ئەو جێنشین    بکە، ئەی سولەیمانی روویی زەمین

کە پەڕناک لاچێ لە فەرماندەهی    دەبەخشم سەرم من بە شاهەنشەهی

دەگەڵ وی لە یەک دیزەدا ناکوڵم    لە مەکرو تەلەسمی دەترسێ دڵم

لە چەنگاڵی گورگان گەر بم ئەمین    دەگێڕن بە من بەزم خەڵکی زەمین

دەڵێن خانی لەپزێڕ بێ هۆش بوو    دەگەڵ دوژمنی خۆی مەینۆش بوو

کە هوشیار با بۆ دەچۆ کن ئەوی؟    مەلی سرک هیچ وەخت نابێ کەوی

بە شاهی فەلەک قەدر هەر چی دەڵێم    کە نەیکا دەبێ من لە دمدم هەڵێم

ئە من خۆم ناخەم لە بەندو لە داو    لە پەڕناک هەرگیز ناکەم سڵاو

چون ئەو هۆی تاوانباری منە    هەر ئەو مایەی شەرمەزاری منە

کە نامەی بەڕێ کرد بەو باسەوە    دەچۆ بەر دەمو دەستی عەبباسەوە

## شڵەژانی شا لە دیتنی نامەی ئەمیر

کە دەدرا بە عەبباس نامەی ئەمیر    پەرێشان بوو کەوتە تەگبیرو بیر

گوتی من کە لەپزێڕعاجز بکەم    دەبێ خۆ لە بو دوژمنم کز بکەم

کە مەیدان لەو کاتە نەدرێ بەوی    دەتۆرێ دەکا پشتی دوژمن ڤەوی

بەوی چون دەبێ ئاوری شەڕ گەرم    دەکەن کورد لەو خانی ئازا شەرم

کە دڵ هێش بێ کورد دەگەڵ وی دەبن    دەناسن ئەوی چون بە گەورەو مەزن

کە بۆ میری دمدم نەبم مێهرەبان    دەکا کۆمەگی شەڕکەری ئەردەڵان

لە من ئەو دەدا هان عوسمانیان    دەترسم لە شەمشیرو لە زمانیان

کە لەشکر بکێشن بە شەڕ بۆ سەرم    وەکوو ئاسنی گەرم دەمکەن نەرم

عیلاجم نیە غەیری سەبرو سکون    دەبێ خۆ بکەم بۆ ئەمیری زەبوون

لە من چی بوێ خان هەر وا دەکەم    ئەلەو خاکە بۆ کێشە پەیدا دەکەم

من ئەوڕۆکە نابێ بکەم کێشەکێش    بە دەرفەت دەبێ کار بڕواتە پێش

کە ڕێگەم هەبوو میر نستەق دەکەم    بە شیران کەللەی سەری شەق دەکەم

بە ڕق وا دەدەم دەستو پەنجەم لەوی    بناڵێ لە بۆخان کوورەی زەوی

وەها نێوو ئاوازە پەیدا بکا    نەوێرێ کەسێ شەڕ لە دژ شا بکا

هەر ئەو کاتە فەرمانی دەر کردەوە
ئەوی گەر لە فەرماندە هێزی دەخست
حەسەن خانی ئیستا جلویی ئەراک
کرا ئەو بە فەرماندە بۆ لەشکری
چون ئەو هێدی‌و ئەهوەن‌و مەند بوو
گەلێ کارزان‌و بە تەگبیر بوو
قزڵباش‌و هێزی جەلالی هەموو
شەهەنشاه نامەی دەنووسی کە زوو
لەوێدا وەکوو بەحری رەش هەڵورە
خەبەر وا بە میرخانی لەپ‌زێڕ دە
کە چون شا دڵی تۆی را گرتووە
دەبێ تۆ دڵی پادشا راگری
ئە تۆ خاوەنی قوشەن‌و بارەگای
لە سایەی سەری شای عەبباسەوە
ئەوا لەشکری ئێمە بۆ سەر سنوور
کە چون بۆ شەڕو شوڕ وەک ئاگری
دەبێ هێزی چەکدار بێنی بە غار
ئە لەو خاکە دا چونکە ناشارەزاین
وەپێشن کەوە هەر وەکوو قارەمان
کە ئەوڕۆکە پێشەنگ بی بۆ شەڕێ
تەڕەققی دەبێ ئەو لە مەیدان دا
کە بۆ خۆت ئەوڕۆکە کارت هەیە
کوڕێکت دەگەڵ چەندە گەورەو مەزن
دەگەڵ وان با هێزی چەکدار بێ
بەڵەد بن وەبن پەرچەمی شا کەون
نەڵێن تا خەڵک میر یاغی بووە
خەیاڵی وەهایە کە یەک دەوڵەتی
لە ئێرانە ئەو باسە وا بۆتە قاو
کە بە قسەم بکەی ئەی ئەمیری بەڕێز
ئەگەر بێ یە نێو لەشکری ئێمەوە
وە دەس تۆ دەدەم گەورەیی‌و سەروەری

بوداقی لە سەر هێز لابردەوە
بەرابەر بە میرخان نەیما بڕست
بە ئەمرو بە فەرمان‌و مۆری زەحاک
بە مەرجێ دڵی عالەمێ راگری
سەرۆکێکی شیرین وەک قەند بوو
ئەمیرێکی وریا دڵ‌و ژیر بوو
لە سەر وانە بوو مەزن ئیستا جلوو
حەسەن تۆ بەرەو شاری ورمێ بچوو
لە خەڵکی نەکەن زوڵم ئەو لەشکرە
کە ئەی قارەمانی سەرەی ئەو سەدە
بوداقی لە سەر لەشکری خستووە
لە دەستووری ئەو قەت نەکەی بەرگری
لە مەڵبەندی کوردان فەرمانڕەوای
دەکەی زیندەگی بەو مەیوو تاسەوە
دەچێ تۆ دەبێ دا نەنیشی لە ژوور
بە بێ تۆ شەڕو جەنگ سەر ناگری
لە نێو لەشکری ئێمە بگری قەرار
ئەگەر تۆ نەکەی کۆمەگی، بێچراین
لە بۆ جەنگ‌و هەڵلایی مان‌و نەمان
ئە لەو عەسکەرەی بەخت وەر ناگەڕێ
لە تیرو لە شەمشیر لێدان دا
بەهانێکی باش‌و لە بارت هەیە
بنێرە لە نێو ئێمە با دا بەزن
هەموو کوردی ئازاو هوشیار بێ
بە خۆشی نە وەک بێن‌و وەدوا کەون
لە شا و لە دەوڵەت بەڕقدا چووە
بکا ساز بۆ کورد گەل‌و میللەتی
کراوە لە هەر شار ودێ دا بڵاو
لە مەڵبەندی کورددا دەبی تۆ بە هێز
لە دەورەت وەکوو بەندە دەخولێمەوە
دەکا میری ئیستا جلوو نۆکەری

ده بەسترێ دەمی خەڵکی بێ ئابڕوو — لە باسی خراپەت دەبن بێ پشوو
مەڵێ چونکە سەردارو میر هێزمە — هەر ئەو خاوەنی قودرەت‌و هێزمە
ئەگەر تۆ هەبی هیچ نابم ئەمن — قەبووڵت دەکەم هەر بە گەورەو مەزن
شەهەنشاه ویستوویە گەر وا بکەم — لە تۆ کۆمەگی کار داوا بکەم
کە بێتوو لە من پشتیوانی بکەی — مەتاڵو کەمەندی لە شانی بکەی
لە دوژمن بدەی پەنجە لەو جەنگەدا — دەبین ئێمە پیرۆز لەو جەنگەدا
وە سەر ناکەوێ دوژمنی بێ هونەر — دەکوژرێت‌و کفنی دەکا ئەو لە بەر
لە هاتن نەکەی ئەی برا دوو دڵی — عەزیزی لەکن ئێمە هەر وەک گوڵی
ئەگەر تۆ نەهاتی بە نامەو پەیام — دەزانم بە عەبباس نادەی وەڵام

## گەیشتنی نامەی شا بە حەسەن‌و چونی بۆ لای مەراغە

کە شا نامەوو ئەو پەیامەی دەنارد — حەسەن‌خانی بۆ یاوەری هەڵبژارد
وەها بوو ئە لەو کاتە هیوایی شا — دەبێ خانی فەرماندە موشکیل‌گوشا
هومێدێکی گەورەی هەبوو شا بەوی — بکا میری لەپ‌زێڕو ئازا کەوی
کە نامەی ئەوی گەییە ئێستا جلوو — وەڕێکەوت وەک تەرزە لوکەو کلوو
خرا، پیری پەڕناک کاتێ لە کار — هەڵیکرد ئەو لەشکری بێژومار
دەڕۆیشت، وەک بای سەرسەر فڕی — بیابان‌و سەحراوو چۆڵی بڕی
بەرەو موڵک‌و شاری مەراغەی کەچوو — ئەلەو شارە تووشی محەممەد دەبوو
محەممەد بە هێزی جەلالی دەهات — لە پێشا، دژی کورد تا شەڕ بکات
کە کاتی لە تەورێز پا بوونەوە — هەموویان لەو شارە مابوونەوە
لەوێ چاوە نۆڕی قزڵباش بوو — شەڕی میللەتی خۆی پێ باش بوو
کە دەیدی حەسەن خان دەیکرد سڵاو — لەبن لاقی ئەو بوو بە یەک قەترە ئاو
وەکوو بەندە بوو سەر لە سەر روویی خاک — لە بۆ ڕێز گرتن لە مەزنی ئەڕاک
ئەوەن خۆی‌و عاشیرەتی کرد سووک — دەسووڕا بە فەرمانی وی وەک هەلووک
ئەوەش عادەتی زۆڵی دێوانەیە — کە بۆ ژین چاوی لە بێگانەیە

## ناردنی نامەی شا بۆ ئەمیرخان لە لایەن حەسەن خانەوە

بە هێزی جەلالی کە ئێستا جلوو — گەیی زۆر بەو هێزە دڵخوش بوو
دەگەڵ شا حەمەد مێهرەبانی دەکرد — لە نیو کورد دا زێڕ وەشانی دەکرد
کە زانی لە کوردان گرتوویە قین — لە کن خۆی ئەو کردە مەجلیس نشین
محەممەد کە چوون نۆکەری باش بوو — لە دەستەی سەرانی قزڵباش بوو

وەکوو وان ڕیزی دەگیرایەوە
بە مەیلی ئەوی کار دەکرایەوە

ئەوەن خاوەنی فێڵو نێرنگ بوو
کە چوو بان بۆ جەنگ پێشەنگ بوو

دەغەڵبازو دڵ پیسو ناپاک بوو
لە بۆ میللەتی کورد پەڕناک بوو

کە لەو شارە مەزنی جەلالیو حەسەن
دوو سەرداری ئازایی پڕ مەکرو فەن

گەیشتن بە یەک بوو بە تەگبیریان
کرا تیژ بۆ جەنگ شەمشیریان

لە پێش ئەو هەگەر ڕووڵە ورمێ بکەن
هەڵستان دوو ڕابەری ناڕەسەن

دەیاندا بە لەپ زیڕی دمدم مەقام
لە لاین شەهنشاە ئاوا پەیام:

کە ئەی میری ئازایی خاوەن قەڵات
بە تۆ ئەژدەها باجو خەرجی دەدات

لە بەر نووکی شەمشیری تیژت لە کێو
بە ڕۆژو بە شەو نانوێ نێرە دێو

دڵی تۆم بەو جۆرە ڕاگرتووە
بوداقم لە سەر شکری خستووە

حەسەن خانی ئێستا جلوو گەورەیە
سەرۆکی قزڵباش بەو بەورەیە

دەبێ هەر لە تەورێز دا بێ بوداق
کەلاچێ ئە لەو میرە دەبڕم فەڕاق

ئەوانەی کە لەو هێزە سەر لەشکرن
لە سەریانە گەر حورمەتت ڕاگرن

لە نێو وان دا خانی ئێستا جلوو
دەگەڵ تۆ براییکە ئەو دووقلوو

کەخۆی لە تۆ گەورەتر دابنێ
ئەشێ سەر وەبن خەنجەری شابنێ

بە دەستووری من گەر ئە تۆ ڕاپەڕێ
بەڕێزی لەکن ئێمە خاوەن فەڕێ

هەتا کوو دەژی سەر بڵندت دەکەم
ئە من خاوەنی شارو گوندت دەکەم

ئەوێستا کە دوژمن دەبا هێرشان
تفەنگی لە بۆ ئێمە کردۆتەشان

ئەگەر تۆ نەکەی دەنگ نامە ردییە
لە نێو خەڵک بۆ خان ڕوو زەردیە

کە شەڕ ڕوویدا کەی دەبێ دەس بەتاڵ
لە ڕۆژی شەڕی ڕمبو تیرو مەتاڵ

لە دەورەت ئەگەر جەنگ بکرێتەوە
پرێشکەی ئە لەو خانە دەدرێتەوە

کە وا بێ هەتا زوویە تۆ هەستە پێ
بخە هێزی چەکداری کوردت وەڕێ

وەکوو شێر ئاڵایی شەڕ هەڵگرە
بە خۆ توو بە لافاوی ئەو لەشکرە

بچۆ ژێر بەیداغی خانی ئەڕاک
دەناسێت ئەو گەوهەری تابناک

لە نێو کانی کوردان چون گەوهەری
لە تۆ ڕێز دەگرێت وەک گەوهەری

کە ڕووی داوە ئیشێکی گەورەو زەروور
لەوێ گەر نەبی ڕوو دەدا سەد فتوور

ئە تۆ خۆت ڕوو لەو شەڕەی هەر مەکە
وەلێ ئێمە بێ یارو یاوەر مەکە

کوڕێکت دەگەڵ چەند ئاغا و خان
بنێرە ئە بەو خاکە چون شارەزان

هەتاکوو دەگەڵ لەشکری شا کەون
بەڵەد شارەزا لەو وڵاتەی ئەون

کە لەشکر شەپۆلی لە کوردان دا
بچن ئەو بە ڕێگایی ئاسان دا

دەزانن چ ڕێگایە تەرتو چڕە
چ جێگایە بێ هەمهەمەو بێ قڕە

بەڕێ بن لە مەڵبەندی ئارام دا — بە دوژمن دەوێرن لە ئاکام دا
ئەوەی گەر بکەی خەڵکی تاوانبار — لە بارەی ئە تۆ دا دەبن شەرمەزار
ئەوانەی دەیانگوت کە یاغی بووە — بە گژ خوسرەوی مەملەکەت دا چووە
هەموویان بەو کارە ڕوو ڕەش دەبن — لە لوتفی شەهەنشاهە بێ بەش دەبن
خەڵک پێ دەزانێ کە دڵپاک بووی — لە بێگانە پارێزەری خاک بووی
دڵی شا کە ژەنگی غەمی گرتووە — دەواکەی بە ڕەفتارو کاری تووە
وتەی ئێمە هەنجیرە تازەو ویشک — لە خۆراک دا تۆ دەکەم سەرپشک
وەڵامی پەیامم دەوێ من لە توو — کە بی دەی لەڕێدا وە ئیستا جلوو

## فکر کردنەوەی ئەمیرخان لە پەیامی شا عەبباس

پەیامی لە پاشاوە گەر پێگەیی — ئەمیرخان لەو ڕۆژە دا تێگەیی
گوتی داو دانانە بۆ گەردنم — وتەی شیرینو پڕ مەزەی دوژمنم
دەبێ بۆ ئە بەو پەندە باوەڕ بکەم — لە حاندی گەلی خۆم خۆ کەڕ بکەم
لە رویی دەرێ زۆر شەکراوی یە — لە نێو بەندا تاڵو ژەهراوی یە
کە ڕوو پۆشو پەردی لە سەر هەڵگری — دەزانی کەوا چونە ریسو کری
لە مافی گەلی کورد شا نادوێ — ئە لەو کوردە داوا دەکا چی بوێ
لە رووحو لە مەزرا و موڵکو لە ماڵ — هەتا کورد ئاوارە بێ بۆ سوواڵ
لە دەشتو کەژو کێو دا مردوون — بە ملوێن کاتێ کە برسی بوون
کە چون برسی و بێجلو بەرگ بوون — بە ناچار تووشی چەتەی مەرگ بوون
ئەوانی دەدا قووت وەک ئەژدەها — نەیان بوو لە چەنگاڵی دوژمن ڕەها
ئەوەش کاری پاشاو سوڵتان بوو — کە کوردیان سەنگەر لە نێوان بوو
کە ئەو لێی دەدا ئەم بەری پێی دەگرت — لە ترسان لە چیا و کەژ هەڵدەورد
دەبوو قڕ بە ریندوویی بەفرانەوە — لە بەر تەرزە و باو بارانەوە
هەڵاتوون بێ بەرگو پێ خاوسە — ژنی زاو یا حامیلەو ئاوسە
هەتا حەشر ئەو زوڵمە ناچێ لە بیر — نەبوو کەس کە بۆ کورد بێ دەستگیر
ئەگەر شا تەرەفداری ئیسلام بوو — بەرەو پیلی ئەوهانە بۆ چی نەچوو؟
لە بۆ مەنزڵو مەسکەنی لێ بڕین؟ — زگی لاوو پیرو ژنی هەڵدڕین
مەگەر کورد ئەوکاتە بێ دین بوو؟ — بە بێ مەزهەبو دینو ئایین بوو؟
لە مەڵبەندی ورمێوە بۆ دەرکران؟ — لە بۆ بۆ خوراسانو دەورەی بران؟
بە قەمچی قزڵباش ئوهانە چوون — بەرەو خاکی نائاشنا و چەتوون
گوناحو خەتایان چ بووەو چی‌یە؟ — کە لەو خاکە سەرسەوزە، بوو ئەو بی‌یە

له سوڵتان من چون بدوێمەوه — له بڕکەی وەکوو خرچە دەکرێمەوه
به نێوی ئەوی ور دەبێ بەندەنم — له ریشەو رەگەی من دەبێ هەڵقەنم
به سەر یا ئەگەر دەست پەیدا بکەم — دەگەڵ وی دەکەم چی دەگەڵ شا بکەم
ئەویش زاڵمو بێ بەزەو بەدفەڕه — دڕندێکە سوڵتان گورگی مەڕه
به ئیسلامی ئەو، تۆ نەکەی باوەڕێ — سەگی یانی گر قەت بەکەس ناوەڕێ
دەکا دوژمنی دوڵەمەندو هەژار — بەلاقی خەڵکدا دەنووسێ بەزار
له بۆ شەڕ کەمن دەس بەرم بۆ تفەنگ — له دژ شا هەوەڵجار دەیکەم به جەنگ

## نامه نووسینی ئەمیرخان له حەسەنی ئیستا جلوو

ئەمیرخان لەو نامە حاڵی کەبوو — له شاو له پەڕناک و ئیستا جلوو
وەڵامی به نووسین گەر دایەوه — وه دەستی حەسەن خان دەدرایەوه
ئه بەو میره ئاوای ئەودا پەیام — به ڕێزی له هەر کاتو دەمدا له لام
به دڵ من دەکەم گەورەیی تۆ قەبووڵ — بەبێ ئەوهە گەر چاو ببڕم له پووڵ
دەگەڵ تۆ به خۆشی دە حاویمەوه — له دەریای شەڕ خۆ دە هاوێمەوه
له ئەستۆیی دوژمن دەدەم من به شیر — دوو چاوی ئەوی دەر دەهێنم به تیر
به تەنیا که تۆ گەورەبی بێ درۆ — ئەمیرخان خزمەت دەکا هەر به تۆ
وەلێ میر ئەورۆکە تەنیا نیه — له بۆیە دەگەڵ کەوتنت چا نیه
له نێو لەشکرت دایە تا هەشت هەزار — جەلالی هەموو بەد فەڕو نالەبار
ئه بەو میللەتەی کەی دەکەم باوەڕێ — که دنیا به لەشکر وه سەر من گەڕێ
له گەورەی قزڵباش ناکەن شەرم — دەکەن ئاوری جەنگو دەعوا گەرم
نەگونجا وو بێ کەڵکو بێ بەندو بار — به دوورن له هەر مەنزڵو جێ هەوار
ئه من ناتوانم دەگەڵ وانه بم — له نێو لەشکرو هێزی بێگانه بم
بکەم گەر له بۆ خزمەتت ئەسپ زین — ئه لەو کاتە نابم له فیتنەی ئەمین
نەڵێی گەر بەهانان دێنێتەوه — نەیارە له دمدم دەمێنێتەوه
که فکری شەڕو کۆچو بارت هەیه — له بۆچی به لەپ‌زێڕ کارت هەیه
بڕۆ تۆ به هەر ڕێگەدا گەر دەڕۆی — بەبێ سوودە خۆ شارەزایی هەڵۆی
له هەر مولکو مەڵبەندو کێوو کەژی — دەناسی له نێو وانەدا چۆن دەژی
دەگەڵ تۆن خەڵکێ کەوا شارەزان — به ڕێگای ئەو خاکە دا ئاشنان
دەبا ئەو له ڕێ دا وه پێشت کەون — له نێو لەشکرا چون بەڵەد هەر ئەون
که بێ هاتنی ئێمە بکرێ کرت — منت ناهەوێ بۆ بەڵەد لەشکرت
کەوا بێ به هیوای من هەر مەبه — ئه بەو قۆشەن شەوکەتو دەبدەبه

بچۆ بۆ شەڕی دوژمنی نا ڕەسەن     چ کارت بە میرخانە ئەوڕۆ حەسەن؟
وەڕێکەون بەو بەندەن‌و کێوەدا     دەنێرم ئەمن هەر بە دوو ئێوە دا
کوڕێکم دەگەڵ چەند گەورەو سەران     بدەن رمب تاکوو لە یاغیگەران
دەبێ دارو دەستەم جودا بێ جودا     قەلەندەر نە وەک هەڵمەتی لێ بدا
جەلالی هەموو بێ بەزەو ناکەسن     کە رووکەن لە هەر مەملەکەت دەبنەسن
کە بەو جۆرە نامەی دەنووسی ئەمیر     لەکن خۆی نەیکرد ئەو نامە گیر
بەڕێی کرد دەدرا وە ئیستا جلوو     لە ورمێ وەکوو شیر ئەو هەڵدەچوو

## گەیشتنی نامەی ئەمیر لە ورمێ بە حەسەن خان

چەرخ گێڕی مێژوویی کۆچی هەزار     دەبوو گەر لە سەر دوندی حەفدەی سووار
حەسەن خان بەو لەشکرەی بێ ژومار     مەراغەی دەکرد چۆڵ ئەوجا بەغار
بەرەو شارو مەڵبەندی ورمێ دەچوو     حەمەد شا بوو پێشەنگ، لەشکر لە دوو
جەلالی کەوا عاشقی جەنگ بوون     هەموویان لەو رۆژە پێشەنگ بوون
بە ورمێ گەیی گەر حەسەن مایەوە     وەکوو شێر لەو شارە دەخولایەوە
ئە لەو کاتە دا بێ قڕەو بێ سەدا     لە سەر خەڵک فەرمان‌و ئەمری دەدا
دەماوە لە ورمێ کە ئیستا جلوو     مەترسی لە پیلانی لەپ‌زێڕ بوو
گوتی با بزانم وەڵامی چی‌یە؟     لە بۆ ئێمە دەرمانی زامی چی‌یە؟
کە دەیکرد لە لەپ زێڕ ئەوکاتە بیر     درا دەس حەسەن خان نامەی ئەمیر
بە میرزایی گەر نامە دەخوێندەوە     لە میرخان دەدواوە بە سووێندەوە
کە ئەو یاغی‌یە دوژمنی شا دەکا     بە بیرو خەیاڵێکە گەر وادەکا
خەیاڵی لە سەر دایە هەر بێ هەلی     لە بن باڵی بێگانە لا با گەلی
لە یەک جێگە ئەو هۆزەکۆ کاتەوە     غەمی بێکەسی وانە نەخواتەوە
بە مەیلی ئەوی گەر بسوورێ قەزا     دەیانکاتە یەک دەوڵەتی بێ رەزا
کە بیری خراپەی لە سەر دا نیە     مەرامی ئەدی لەو وەڵامەی چیە؟
لە بەر چی نەبۆ خۆی یا خۆکوڕی     دەگەڵ ئێمە ڕێگای شەڕ نابڕی؟
کەوتبا وە نێو لەشکری چی دەبوو؟     دەگیراوە لەو رێزو بەدڵی دەبوو
مەگەر ئەو هەموو خەڵکە دڕڕەندەخوون؟     لە حاندی ئەوی پاک بێ ئابڕوون؟
جلەویان کەدراوە ئەوڕۆ وەمن     جەلالی لە بەر دەستی ئەودا دەبن
قزڵباش چون نۆکەری خوسرەون     ئەگەر بێت خزمەت گوزاری ئەون
درۆیە دەکا گەر ببێ نا ئەمین     لە سەربازی ئازای ئێران زەمین
لە پاش ئەو هەموو بیرو فکرانەوە     سەرۆکی لە بۆ کور هێنانەوە

سەرانی قزڵباش کۆ بوونەوە
جەلالی ئەوەی مەزن بوو چوونەوە
حەمەدشاو چەن گەورەیی دییکە بوون
بە خۆشی لە بۆ مەجلیس‌و کۆڕ چوون
ئە لەو نامە راوێژ دەکرایەوە
وتەو باس یەگجار گوترایەوە
لە سەر ئەوە دەبڕاوە تەگبیریان
ئە بەو بیرە بەسراوە زەنجیریان
دەیانگوت بێ میر گەر دڵ پەشێو
دەبێ یاغی و بەر دەنێ ئەو لە کێو
لە سەر رێگەدا دادەنێ بەندو داو
لە دەس ئێمە دەبڕێت مەردو پیاو
لە ترسی ئەوی خەو لە چا ون حەرام
دەبێ بێتوو بدرێ بە توندی وەڵام
کە ئەوڕۆ وە بەر هەڵمەتی وی کەوین
بە رۆژو شەوێ هەر دەبێ نەسرەوین
نەڵێ کەس کەوا خانی یەک باڵە ئەو
لە مەیدانی شەڕ رۆستەمی زاڵە ئەو
نەترسێکە ئەو میری مەردو دلێر
لە جێگەی شەڕێ پشت ناکا لە شێر
کە چەکدار بۆ خان بێ یەک هەزار
دەیانکات بێ چەک بە بەردو بە دار
لە کن پادشا حورمەتی گەر هەیە
سەبارەت ئە بەو میللەتەو خاکەیە
بە بێ هوودە ترسی لە خانی نیە
وەکوو وی لە نێو نیشتمانی نیە
کە هەیبا وەکوو میر یەک قارەمان
لە بۆچی دەپاڕاوە پاشا لە خان
سنووری لە بێگانە پاکاتەوە
کە لاوەی دەسی وانە چاکاتەوە
ئەوەی گەر ئە بەو میرە دەبڕێتەوە
بە دەس وی گرێ‌و گۆڵ دەکرێتەوە
کەسی دی ئەوەی هەر لە بۆ ناکرێ
بەوی ئاوری فیتنە دا نامرێ
کەوابێ حەقی شایە گەر وا دەکا
لە میرخان ئەو کارە داوا دەکا
دەبێ شا بترسێت لەو بەد فەڕە
کە لەو مەرزەدا دەستە چیلەی شەڕە
دەبا ئێمە لەو باسە بێدەنگ بین
لەنووسینەوەی نامە یەکڕەنگ بین

## نامە نووسینی حەسەن خان‌و سەرانی قزڵباش لە ئەمیرخان

بە تەگبیری هەموان یەک نامەیان
دەنووسی دەیانکرد چەن شت بەیان
کە ئەی میر لەو خاکە دا تۆ چرای
بەرێزی لە دیوان‌و دەرباری شای
هومێدیکی گەورەو گرانی بە تۆ
هەیە شای جەمشید فەڕ بێ درۆ
کە تۆ بێتوو بەوجۆرە لاسار بی
لە خزمەت بە عەبباس بێ‌زار بی
بەلا رێگەدا وا هەڵستی بڕۆی
غەمی میللەتی ئەو سنوورەی نەخۆی
لە مەزنانیتر ئێمە بۆچی ئەمین
دەبین‌و دەبێ چاوەنۆڕی چ بین؟
لە فەرمانی شا وەر بگێڕی کە روو
دەکەن پەیڕەوی مەزن بێ‌شک لە توو
ئەوێستا ئەگەر هاتنت ناکرێ
لە سەر رێگەدا زۆرە بەندو گرێ
دەبێ ئێمە بەو خاکە دا رابرین
دڵی خانی لەپ‌زێڕە هەر راگرین

که هاتین میهمانی خانی دەبین     نمەک خۆری رۆژو شەوانی دەبین
بە خۆشی لەوێدا وت وویژ ئەکەین     بە سەد جۆرە تەگبیرو راوێژ ئەکەین
لە هەر کارێ سوودی کە تێدا هەبوو     دەرۆیین ئە بەو رێگەدا دوو بە دوو
بە خێر هاتنی ئێمە گەرتۆ بکەی     لە عەتری گوڵی دۆستی بۆ بکەی
بە مەیل‌و مەرامی دڵی تۆ دەکەین     کە روو دات کۆسب لە بەینی دەبەین

## چوونی حەسەن خان‌و مەزنەکانی تربە دەهۆ بۆ ماڵی ئەمیرخان

دەزانی چ بوو بیرو فکری ئەوان     دەبوون ئەو کەلەو کاتە میهمانی خان
یەکەم کار شادی دڵی خان بوو     چون ئەو عاشقی کوڕی میهمان بوو
کەلەو ماڵەدا نان بخورایەوە     دەری دۆستی میر دەکرایەوە
دەبۆ کۆمەگ‌و یارو هەمکاریان     دەبوو پش بکا کۆم بۆ باریان
دووەم ئەوە بوو گەر بچوو بانەوە     هەموو دەرک‌و دەروازە دەکرانەوە
کرا با کە دەرکی قەڵائاوەڵا     دەچوو حورمەتی حاکمی دەس تەڵا
لە نێو کورد دا نەیدەما ئابڕوو     دەگەڵ ئەوگەلەی تووشی کێشەی دەبوو
چون ئەو خانە داوایی کوردی دەکرد     هوجومی لە بۆ دوژمنانی دەبرد
بە دوژمن کە دابای لەو کاتە نان     دەبۆ ناحەزی میللەتی کورد زمان
دەیانگوت چیە بۆ دەگەڵ وانە کەوت؟     لە بۆ خانی کوردان نەیماوە رەوت؟
ئەمیرخان ئەوەی دەزانی هەموو     لە نامەی حەسەن ئەو بەرقدا دەچوو
وتی نیمە بۆ خانی ئاوا وەڵام     ریابازە بێ‌ڕێزە بەخوا لە لام
دەزانم دەکا روو ئە لەو خاکە یە     نەرم کێشە ئەو دێوە ناپاکەیە
کە ئەو دێوە بێ من کەمەندی دەکەم     ئە لەو کێوو شاخەی لە بەندی دەکەم

## هێرش بردنی حەسەن خان بۆ سەر خاکی برادۆست

وەڵامی حەسەن گەر نەدەدرایەوە     دەماری ئە بەو کارە دەشکایەوە
گوتی هێرشێ بۆ برادۆستان     دەبەم هەر ئە بەو لەشکرەو دۆستان
ئەمیری دەکەم رام یا خۆ بە جەنگ     دەکەم ئەو قەڵاتەی ئە بەو شێرە تەنگ
لە ورمێوە دەرکەوت ئەو کاتە خان     دەرۆیشت بەو لەشکرەی بێ ئەمان
چون ئەو بوو لە میرخانە دڵ پڕ لە ئێش     جەلالی لە بۆ رێیە خسبوونە پێش
کەرۆیی نەبوو خانی سەردارە گیر     سەیارەی هەتا گەیە خاکی ئەمیر

نیگابانی پێشەنگ گەر گەینە وێ
دەگیرانو کوژران هەر وەک کەوێ

بە دەس کوردەکانی برا دۆستان
لەوێدا کە بوون ئەو لە سەر پۆستان

بەرەنگار گەر بوون ئەو دەم بەوان
هەڵاتن بە وێنەی مەڕی بێ شوان

لە کوردی جەلالی گەلێ سەر بڕان
لە عەرزێ لە کەنداڵو لاخڕ خران

بەشی زۆر لەوانە زامار بوون
لە مردن بە سەد دەرد رزگار بوون

لە شەڕدا جەلالی کە دەشکانەوە
بەرەو پاش ئەو هێزە دەکشانەوە

حەسەن گەر لە روودا وە حاڵی کرا
لە ترسان بوو ئەو فزەی لێ بڕا

لە کوشتنی بکا تا وەکوو بەرگری
دەری کرد دەستوور بۆ لەشکری

لە یەک فرسەخی دمدمی دابەزن
نەچن گەر بەرەو پێش ئەو نابەزن

دەبوو گەر لە کوردانی دمدم نەدیو
هەڵێدا لە جێگای قووڵو پەسیو

لە دمدم کە یەک فرسەخ ئەو دوور بوو
بە قشڵی قزڵباش مەشهوور بوو

لەوێ خێوەتی لێ دەدا مایەوە
هەتا ساڵە وەختێک دەبڕایەوە

ئەمیرخانو دەستەی قەڵا بەندیان
دەکرد تا نەگیرێت مەڵبەندیان

دەیان دا وەبەر تۆپ ئەو قۆشەنە
هەموو رۆژ لەو بەر پەسیوو ڕەنە

جەلالیو قزڵباش لەو هۆردووە
بە بس گەر وە دەر کەوتبان ئەو دووە

لە بۆ جێ بە جێ کردنی کارو بار
دەکوژرانو دەدران هەر دوولە دار

نەبوو کەس بوێرێ لە قۆشەن وەدوور
کەوێ چونکە دەکراوە بە خوێنە سوور

دە قەوما لە سەردار ئێستا جلوو
بە دەستی ئەمیرخان گەر پێوە بوو

دەترسا لە شا گەر لە داری بدات
بە خوێو بە لەشکر دەنا هەڵدەهات

لە لەپ زێڕ سەد جار پاڕایەوە
پەیامی لە بۆ ئاشتی دایەوە

لە بۆ دمدمی هەر دەناردن پیاو
کەوا بوون بۆ کاری ئاوا شیاو

وەڵامی بە خۆشی نەدەدرایەوە
دەروی ئاشتی لێ دە بەسرایەوە

## شەڕکردنی مەحەممەد قەڵەندەر دەگەڵ ئەمیرخان

محەممەد قەڵەندەر کە ئەوەی دەدی
بە غەیرەز شەڕو شۆڕ چارەی نەدی

لە هێزی ئەوی زۆر مەردی بەناو
کەوتبوون لەو خاکە دا سەربڕاو

گەلێ خزمو دۆستی بریندار بوون
لە شەڕ، چونکە ئەوانە چەکدار بوون

کە دەیدی ئە بەو جۆرە کوشتەو برین
لە میرخان وەک دێو گربوویی قین

هەموو رۆژ یەکدەستە کوردی دەنارد
بە ئاشی شەڕو شۆڕ دەی کردنە ئارد

بە دەورەی قەڵاگەر بە شەڕ وەر دەبوون
بە چوستی بەرەو مەرگو مردن دەچوون

دەیانکرد سەربازی میرخانە جەنگ
دەبوو ئەو هەموو خاکە لەوهانە تەنگ

دەکوژرانو دەشکانو دەکشانەوە بە شێکی لە زەنجیر دەکرانەوە
ئە بەو حاڵە یەکساڵ تێپەڕ دەبوو شەوو ڕۆژ هەر کێشە و شەڕ دەبوو

## پەشیمان بوونەوەی محەممەد خانی برای تەویل لە براکوژیو پەنا بردنی بۆ ئەمیرخان

جەلالی ئە لەو ژینە بێزار بوون نە خۆشی غەمو دڵ بریندار بوون
لە مەڵبەندی خۆیان ئاوارە بوون ئەلێرەش ئەوا تووشی ئەو کارە بوون
شەڕی وێ دەگەڵ تورکی دوژمن بەکورد کرا ئەو شەڕە تورکی بێ ڕێز کرد
لە دنیایی کوردان دا سووک بوون لەکن خەڵک جێ لەعنەتو تووک بوون
شەڕی ئێرە یەگجار نامەردی یە کە چون ئەو دەگەڵ میللەتی کوردی یە
ئەوەی گەر ئە لەو بارە دەیکرد بیر سەرۆکێک بوو زۆر زانا و ژیر
حەمەد نێو بوو ئەو برا بۆ تەویل کەمەندی کەدا ویشت دەیگرت فیل
هەر ئەو بوو کە دەیکرد فکری وەتەن ببۆ دوژمنی شا و تورکو حەسەن
گوتی هەر دەبێ قوڕ وە سەر خۆ بکەم لە بۆ کورد هاوارو ڕۆرۆ بکەم
لە مەڵبەندی خۆمان گەر دەربەدەر کراوین ئەوڕۆکە خاکم وە سەر
لە باتی ئەوەی ئێمە گەر دڵنەواز بکەن، شەڕ دەکەن بۆ گەلی کوردە ساز
مەگەر میری لەپ‌زێڕ کافر بووە کە داوای مافی گەلی کردووە
لە ئێرانێ گەر شا مسوڵمان با عەقیدەی بە شەرعو بە قورئان با
دەبوو کاری کوردان ئەو چارە سەر بکا تا لە ئەمری ئەوی نەچنە دەر
هەتا میللەتی کورد بن بێ‌سەرۆک دەبن ئەو لە دنیایە بێ ناوە ڕۆک
بە بایێ وەکوو شەم دەکووژێنەوە دەچەوسێنەوە، کەی دەبووژێنەوە؟
کە کوردێکی ئازا و شەڕ گێڕ بم دەبێ هەر لەکن خانی لەپ‌زێڕ بم
ئەوەی گوت بە خۆیوو بە حەوسەد سووار هەڵاتن وەکوو شێری شەڕکەر بەغار
کە بۆ وی قەڵا دەرک دەکرایەوە لە خزمەت ئەمیرخان دا مایەوە

## پەرێشانی بوونی محەممەد پاشای قەلەندەر سەرۆکی جەلالیەکان لەو ڕووداوە

حەمەد شا لە تاوان بێمار بوو هەر ئەو کاتە لە ژیان بێزار بوو
کە ئەو کارە گەورەی بە سەردا دەهات لە زەرکاوی غەم ودەرد نەیبوو نەجات

به ئازاره باریکه دوچاو بوو پەشێوو پەریشانو غەمبار بوو
دەڕۆیی لە دنیایە بەو دەردەوە بە حەسرەت لە شی کەوتە بن هەر دەوە
حەقی بوو کە ئەو خانە دەیگرت سیل لەوەدوا دەبوو دەردمەند و زەلیل
لە لایێ جەلالی دەکوژرانەوە لە دمدم بە دەس شێرە مەردانەوە
لە لایێ محەممەد برایی تەویل لە دوو چاوی ئەو خانە کێشای میل
کەڕۆیشت ئەو شۆڕە گەنجی دلێر قەلەندەر لە داخان هەر بوو کووێر
ئە لەو حاڵە دا چونکە بێ لانە بوو بە بێ ماڵو بێ موڵکو بێ خانە بوو
شەڕی ئەو لە بەر خاتری شا دەکرد بژیوی ئە بەو کارە پەیدا دەکرد
بە ئومید بوو چەن هەوار و وەڵات لە شا وەرگرێ هەر بە هەدیەو خەڵات
ئە بەو هۆیە بوو گەر کە پۆ قووچ بوو خەیاڵی ئە لەو بارە دا پووچ بوو
بە بێ ڕێز بوو خۆ فرۆشی دەکرد هەتا مردباسی قرۆشی دەکرد
دەگەڵ وی گەلێ لاوی زیرەک هەبوون لە سەر باوەڕو بیری وی هەر نەبوون

## نامە نووسینی حەسەن لە شا عەبباس و سکاڵا کردنی لە دەس ئەمیرخان

کە ساڵێکی پێچوو حەسەن هار بوو شپرزەی شەڕو دڵ بریندار بوو
ئەوەن خانی ئیستا جلوو بوو زەبوون دەسی داشت هەر لەمانو لە بوون
لە بۆ پێش یا پاش ڕێگەی نەجات نەبوو بۆ ئەوی هەر دەبوو هەڵبکات
بەرەو پێش دەدرا وەمستی لە زار بەرەو پاش عەبباس دەیدا لە دار
بە دەس خانی لەپزێڕ وا پێوە بوو بە بێ هەست بوو لێی بڕا بوو پشوو
جەلالی کە دوژمن بە کوردان بوون ئەویشی لە دەورەی پەرێشان بوون
لە هەر لا کە ڕێگای چارەی نەما بە ناچار نامەی دەنووسی لە شا
کە ئەی خوسرەوا گەر دەپرسی لە من دڵم هەر بە ناسۆر پڕ بوو لە کون
ئەمیرخان شێرێکە نابێ کەوی دەبێ تۆ هومێدت نەبێ قەت بەوی
هەموو ڕۆژێ هەڵمەت دەبا لەشکرم لە دمدم بڵێسەی دەدا ئاگرم
کە لافاوی دەریای ئەو کێوە دێ نەمانی لە بۆ عەسکەرم پێوە دێ
بە شێکی جەلالی کە دوو دەستە بوون لە بۆ خزمەتی خانی لەپزێڕ چوون
ئەوی دییکە هەر ڕۆژ کوشتەی دەدا لە سەربازی ئێران نابن جودا
لە دمدم شەها حاڵ بەو جۆرەیە بە دەس تۆیە ئەو جارە ئەو مۆرەیە

# پەرێشان بوونی شا عەبباس لە نامەی حەسەن خان

ئه بەو نامە عەبباش شا هار بوو    لە میرخان کاتێ خەبەردار بوو
لە سەرداری ئێران دبڕاوە فێڵ    لە بەر چاوی ئەو رەش دەبوو ئەردەوێڵ
دە خەجڵاوو ترسا و نەیماوە واز    بەرقدا دەچوو وەک یەکانەی بەراز
ئە لەو شارە نە بزووت دەیگرت مان    دەگەڵ کەس نە دەدواوە نەیما زمان
بەرۆکی ئەوی گرتبوو بێ خەوی    تەبیبێ نەبوو بۆ برینی ئەوی
دەسووتا لە فکری ئەمیرخان دا    کە شێرە لە مەڵبەندی کوردان دا
بەڵاییکە لەو خاکە را نابرێ    بە هیچ رێگەدا چارە سەر ناکرێ
کە چارەی کرا بایە بۆ وا دەبووم    ئەوا پێنجەمین ساڵە بێ ئابڕووم
ئە لەو ماوە زۆرەی کە یاغی بووە    گەلێ چاو پۆشیم لێ کردووە
قوڵیخانو ئەو لەشکرەی قڕ دەکرد    لە دمدم کە نامەی لە بۆ وی دەبرد
دە دەروێشی ئازایی ئەو دا لە دار    جەلالیو قزڵباش تا سێ‌هەزار
بە دەس میری لەپ‌زێڕ بێ سەر دەبوون    بە خۆشی کە بۆ ئەو سنوورەی دەچوون
خراپەی ئەوەن زۆرە ئەو میرەیە    نموونەی کەمە لەو گەلو تیرەیە
لە هەر چی کە کردوویە بێدەنگ بووم    دەگەڵ وی هەموو کات یەکڕەنگ بووم
گوتم من ئەگەر وا بکەم چا دەبێ    هەتا ماوە هەر نۆکەری شا دەبێ
کەچی ئەو پتر پێی لێ هەڵبڕی    رەگەی دۆستی خۆیی هەڵپچڕی
دەکا دمبەگی دۆستی گەر لە شان    دەدا خۆ بە هەمکاری دەوڵەت نیشان
وەلێ جێگە متمانو باوەڕنیە    وەکوو وی کەسی دییکە بەد فەڕ نیە
بە بێ سوودە هەر چی کە کردوومە من    دەگەڵ ماری بن لۆگەنو لۆو خون
ئەوەی گەر هومێدی بە ماری هەبێ    دەبێ بیری گۆپاڵو داری هەبێ
کە هێنایی شاڵاو تا بتگەزێ    بەداری نەبێ مار هەر نابەزێ
ئەوێستا دەبێ هەر مودارا بکەم    شەڕێ گەر لە مەڵبەندی مارا بکەم
کە بڕوات دەستم بە سەر مار دا    سەری ورد دەکەم هەر لە بن دار دا
بە هێواشی و حەوسەلەو فێڵو فەند    دەکەن خەڵک ماری شەڕانی لە بەند
دەترسم بە شەڕ گەر دەسی بۆ بەرم    وەها پێوەدا هەر نەمێنێ سەرم
کە لەو کاتە دا تووشی پەیکار بووم    لە چەن لا بە دوژمن گرفتار بووم
لە میرخان گەر بێتوو بدوێمەوە    بە توندی دەزانم کە دەشکێمەوە
کەوا بێ دەبێ ئەهوەنو مەند بم    لە بۆ خان هەر خاوەنی پەند بم

# ناردنی وەزیر لە لایەن شا عەبباس بۆ دمدم

پەرێشان بوو شا لە نامەی حەسەن    لە بۆ میللەتی سەر سنووری وەتەن
گوتی خانی لەپزێڕ گەرمل کەچی    نەکا بۆم، کوردم لە دەس دەردەچی
دەبێ من ئە لەو رۆژە تەمبەڵ نەبم    خەریکی فشەو بەزمو گۆنگەڵ نەبم
لە بۆ دمدمی هەر وەزیرم بەڕێ    دەکەم تا بکا خانە ئەو دڵ بەجێ
بچێ گەر پیاوێکی پڕ عەقڵو فام    دەکا ئەو بە هەر جۆر بێ میرە رام
دەزانێ بە دەرمانی دەردو غەمان    دەناسێت دەورانو کاتو دەمان
وتەی توندو ناخۆش ناکاتەوە    لە وەختی رقاقین دەخواتەوە
پەلەی کرد عەبباس کۆڕی دەبەست    بە گەوران فەرموویی رازو مەبەست
کەبوو کۆڕی شاهانە ئەودەم تەواو    لە مەزنو لە سەرداری گەورەو بەناو
هەر ئەو کاتە گەر شا دەبوو دەس بەتاڵ    لە راوێژو تەگبیرو فکرو خەیال
بەحاتەم بەگی ئوردوبادی وەزیر    دەفەرموو بچۆ بۆ وەڵاتی ئەمیر
دەبێ روو ئە لەو سەر سنوورەی بکەی    تەماشایی هەنگانو پوورەی بکەی
گەلی کورد چون تۆسنو تووڕەیە    وەکوو هەنگە هەروا لە سەر پوورەیە
لە بۆ شەڕ دەشڵژێتو شڵخەی دەدا    دوایی دەبێ بێ شتو هەڵوەدا
ئەمیرخان مەیلی لە سەر کێشەیە    چون ئەو خاوەنی ئەو هەموو مێشەیە
بەوی لەو کەژەی دا دەمرکێنەوە    لە بۆ کۆششو کار دەبڕێنەوە
کە بدرێت ئەو میرە ئەوڕۆ فریو    بە تو کورد هەر دەبنە هێلکەی کولێو
جڵەو کێشی کوردان چون هەر ئەوە    ئەوت گەر هەبێ بێ خەفەت وەرکەوە
ئەگەر چووی بی بینە پەندی بدە    دەوای دڵی دەردمەندی بدە
لە تۆ هەرچی ئەوخانە داوا بکا    بە هەر جۆر بێ بۆ وی پەیدا بکە
بنێرە بە باران لیرەو خەڵات    دەگەڵ ئێمە لەپزێڕ تا شەڕ نەکات
کە زانیت ئەو جێگە متمانەیە    ئە تۆ باوەڕت زۆر بەو خانەیە
بە لوتفی من ئەو میرە سەرگەرم کە    دڵی ئەو بلاوێنەوە نەرم کە
لە دەورەی قەڵاتی کەلی نامدار    جەلالی دەبێ راگوویزی بەغار
وەکوو سالی سالان جێگەی هەوار    بدە تۆ ئە بەو عێلو هۆزەی بەکار
لە خەزنەی منی خوسرەوی شەهریار    سکەی زێڕ ببژێرە تا شەش هەزار
بە سەر ئەو گەلو میللەتەی دا بەشە    لە ئێراندا تا نەبن بێ نەشە
هەتاکوو ئەوانەی کە ئاوارە بوون    نەبن بێ خەرج بۆ هەوارێ کە چوون
کە میرخان هەر دانە مەزرایەوە    بە هیچ جۆر سولحی نەدەکرایەوە

له بۆ پەندی تۆ وانه بوو گوێ گری ... بەهانەی هەبوو بۆ شەڕو بەرگری
به سەرسەختی‌و دڵڕەقی مایەوە ... بەرابەر به تۆ توند دەدوایەوە
وەکووژێنە ئەو ئاگرەی هەڵکراو ... ئه بەو ئاورەی هەڵبپڕژێنه ئاو
به سوودی مەبێ یا نەبێ سوود بێ ... لەوەدوا دەبێ خان نابوود بێ
له نەرمی‌و له پاڕانەوەی لابدە ... وەها دەست‌و پەنجەی ئەوی بابدە
نەوێرێ له کوردان دا هیچکەس ... هەتا مەحشەرێ هەڵبکێشێ نەفەس
له بۆ ئێمە تا نۆکەرو بەندە بن ... شەوو ڕۆژ روو زەردو شەرمەندەبن
دەبێ سەروەت‌و موڵک‌و ماڵی ئەوی ... له خانوو بەرەو جێ هەوارو زەوی
ببەخشی بە هۆزی جەلالی هەموو ... له سەروانی دا بەش بکەی زووبەزوو
کەنابێت ئەو میرە بێ جێ‌نشین ... ئه لەو خاکە دا با جەلالی بژین
ئه بەو هانه لەپ‌زێڕ دەخرێ له کار ... دەبێ ئەو له نێو کورد بێ ئاسەوار
نەمێنێ کە ئەو خانە بێ غەم دەبم ... له ئێراندا وەک کەی‌و جەم دەبم
ئه تۆ دا بنێ کوردە ئاوارەکان ... له جێگایی سەرڕۆولا سارەکان

## هاتنی حاتەم بەگی وەزیر بۆ دمدم

که سەر قافڵەی ساڵی کۆچی هەزار ... له سەر بەندەنی هەژدە دەیخست بار
وەڕێکەوت حاتەم وەزیری بە فێڵ ... دەڕۆیشت چۆڵی دەکرد ئەردەوێڵ
بەڕێ بوو بە سەد حورمەت‌و ڕێزەوە ... به لەشکر هەتا هاتە تەورێزەوە
دەگەڵ وی کەوت پیر بوداقی کەسیف ... وەکوو جشک هێنایە دەر سەر له کێف
دەبوو ساز بۆ شەڕ بخوردار بەگ ... چ بوو؟ تۆپچی باشی و توخمە سەگ
سەرۆکی به سامی تفەنگدارەکان ... له هەر گوندو مەڵبەندو نێو شارەکان
وەکوو شاری تەورێزو وەک ئیسفەهان ... خوڕاسان، بافق، دەگەڵ بێهبەهان
جەلالی دەگەڵ کەوت چەندین سووار ... به حیساب‌و به بژێرە تا دوو هەزار
گەڕابوونەوە ئەو زەمانەی ئەوان ... له جەنگی قەراچی بەشی ئەردەهان
وەلەد غاز بەگ هەر له سەڵماسەوە ... کە فەرماندە بوو هات بە سپاسەوە
به خۆیو به دەستەی دەگەڵ حاتەمی ... کەوت نەیدەما حەسرەت‌و ماتەمی
دەهات ئەولیا بەگ کوڕی کوێرە سەیف ... له سۆماو ئەنزەل به بەزم‌و بە کەیف
هەڵی گرتبوو قۆشەنێکی فرە ... بکا کۆمەگێ تا ئه بەو لەشکرە
له هەر لا کە سەردار کۆ بوونەوە ... له ڕاوێژ کردن له خو بوونەوە
سەفی بەست لەشکر بە ئەمری وەزیر ... له دنیایی ئەورۆژە نەیبوو نەزیر
له پێشا دەڕۆیشت حاتەم بەگی ... هەڵستابوو ئەو دەم دەمارو ڕەگی

وەدووی کەوتبوو عالەمی بێ ژومار
لە هەرگوندو هەر خاکو مەڵبەندو شار

لە نێوەڕۆی ڕۆژێکی سێ شەممەدا
بە ورمێ گەیی خێوەتی هەڵدەدا

لە بیستو شەشی مانگی شابان دا
ئە لەو شارە گۆی لە مەیدان دا

لە یەک جێگەی خۆش دا مایەوە
هەموو لەشکری دا دەمەزرایەوە

حەسەنخانو سەردارهەرچی هەبوون
بە شادی بەرەو پیری حاتەم دەچوون

گەیشتن مەزن گەر بە خزمەت ئەوی
دەیانکرد بۆ نۆکەری سەر نەوی

لە دەورەی دەهاڵان چلپاو خۆر
ریا بازی بێکارە و لەندەهۆر

گیانو سەرو ماڵ دەکرا وە بەخت
لە ڕێگایی شاهەنشاە و تاجو تەخت

نەبوو کەس کە دوژمن پەرستی بکا
لە خزمەت بە ئێران سستی بکا

چون ئەو دەستە دەرباریو تێر بوون
بە فیشاڵ لەو خاکە دا نێر بوون

لە میرخانی لەپزێڕ دەکراوە باس
لە لێ بوردنو نەرم کێشی هەباس

هەوەڵ ڕۆژ بەو جۆرە تێپەڕ دەبوو
دووا ڕۆژ بوو دمدمێ نامە چوو

## نامەی وەزیر بۆ ئەمیرخان

لە خەو گەر هەڵستاوە سۆزی وەزیر
بەڕێی کرد یەک نامە ئەو بۆ ئەمیر

ئەوەی بۆ ئەمیرخان نامەی دەبرد
لە هەر کاردا باوەڕی پێ دەکرد

محەممەد تەسووجی لە مەزنان بوو
چون ئەو کۆنە یاری ئەمیرخان بوو

بە نامە ئەوەی نامەکەی برد بوو
لە لەپ زێڕ داوای واکرد بوو

بە خۆشی برا باوەکن یەک کەوین
لە ڕێگای عیشقو عەلاقەو ئەوین

پەنا هەر لە بۆ خۆشەویستی بەرین
برا بین لەو عەرزی پانو بەرین

رقو دوژمنی کۆنە بەربا بدەین
دەسی دێوی شۆفار با بابدەین

بە پەندی من ئەورۆ ئەگەر مل بدەی
بەخوو خدەی ناحەزت خول بدەی

لە جێگایی دا ئێمە با کۆ وەبین
بزانین هەر دووک مایل بە چین

ببەستین ڕێگایی ناخۆشیان
هەوڵدەین بێ دەردو غەم بۆ ژیان

کە نا کۆکیو ناتەبایی نەما
دەبین ئێمە ئاسوودە دڵ ئەو دەمە

کە لەو کاتە چاون بە یەکتر کەوی
دەبێ بەرز تا حەشر نابێ نەوی

ئە تۆ هەر لە جێگای خۆدا دەبی
هەتاکوو دەژی هەمدەمی شا دەبی

لەوێدا بە مەیلو مەرامت دەکەم
لە نێو کورد خاوەن مەقامت دەکەم

## گەیشتنی نامە بە دەستی ئەمیرخان

ئەمیرخان نامەو تەسووجی کەدین
لە ئاغا محەممەد دەبوو دڵ ئەمین

دەگەڵ وی گەلیٚ ئاشنایی هەبوو
نە وەک ئاشنا هەر برایی هەبوو
برایێکی یەکماڵو یەکڕەنگ بوون
لە بۆ ڕاوو تەگبیر هاو دەنگ بوون
تەسووجی کەدی میر بیٚ غەم دەبوو
رقو نووڕە بوونی لە دڵ کەم دەبوو
ئەوی نا لە نێو باوەشو مێزەوە
بە سەد حورمەتو عیزەتو ڕێزەوە
بە نێو دمدمی دا دەسووڕانەوە
بە وێنەی برایان دەدوانەوە
لە بەر خاتری ئەو سەرۆکەی، ئەمیر
لە دمدم وەدەر کەوت چۆ کن وەزیر
دو یاری لە مێژینە و دەنگ دلێر
لە باسو تەو راز گەر بوون تێر
گوتی وا محەممەد تەسووجی بە میر
دەبیٚ لەو دەمەی دا ببینی وەزیر
چون ئەو عاشقی ڕووو دیدارتە
ئەگەر باوەڕم پیٚ دەکەی یارتە
بە دڵ دەیهەویٚ مەرز ئارام کا
ئە تۆ ڕامو بێگانە ناکام کا
لە حاتەم ئەوەی تۆ کە داوا بکەی
بە جیٚ دیٚ دەزانم کە بڕوا بکەی
کە چون باسەوادێکە خاوەن قەڵەم
دەکا شەرم لە درۆیە کە بدات دەم
کە هەر چێکی بێژیٚ بە تۆ ڕاستە
بە بیٚ فێڵو بیٚ موویە ئەو ماستە

## چونی ئەمیر بۆ لای وەزیر

مەزن بێدڵی کۆنە یاری نەکرد
لە بۆ باس جێگەی دیاری دەکرد
لە بەر دمدمیٚ دا هەبوو یەک شووێن
ئەویٚ بوو بە جێگای مەرجو بەڵێن
گوتی خانی لەپزێڕ: بابیٚ وەزیر
نەچی عەهدو پەیمانو مەرجی لە بیر
بە خۆشی وەمێنێت لەو جێگە دا
منیش دێمەوە هەر ئە بەو ڕێگەدا
لەگەڵ یەکتری دا وتو وێژ ئەکەین
برینی بە دەرمان سارێژ ئەکەین
ئەگەر ئەو تەبیبی برینان بیٚ
دەبیٚ مەڵحەمی دەردو دەرمان بیٚ
کە لەو خاکە دا جێگری شا ئەوە
بەڵا گەر لە لەپ زێڕ دا هەر بەوە
بەوی موشکلی کار دەکرێتەوە
بەوی حەق بە حەقدار دەدرێتەوە
کە ڕوو وەر بگێڕی لە جەنگاوەران
دەکا کاری ئاسان ئەوڕۆ گران
تەسووجی لە دمدم بەڕیٚ کردەوە
لە بۆ حاتەمی ئەو وتەی بردەوە
ئەمیرخان چی پیٚ دەفەرموویەوە
تەواوی لە خزمەت ئەوا جوویەوە
وەزیر ئەو دەمەی بوو لە ئەسپا سووار
لە بۆ جێگە قەیران ڕۆیی بەغار
کە حاتەم لە بۆ ئەو شووێنەی دەچوو
دەگەڵ میری لەپزێڕ بوو ڕووبەڕوو
دەیانکرد ڕاوێژ گەر دووبەدوو
ئە بەو کارە شۆفار بیٚ هێز بوو
وەزیر وای ئەو کاتە فەرموو بە میر
کە ئەی ڕۆستەمی کورد ئەی شێر گیر
هومێدی گەلو هۆزی خاوەر زەمین
دەکا خەڵکی دنیا لە تۆ ئافەرین،

بڕاوە بە باڵات مەردایەتی      کەوای بەری تۆیە ئازایەتی
لە ڕۆژی شەڕا چون دەمارت هەیە      لەکن پادشا ئیعتیبارت هەیە
بەڕێزی لەکن میرو سەر لەشکران      هەموویان بۆ ئێوە هەر وەک بران
بە مەیلو مەرامو بەویستی ئە تۆ      دەکەم چون گەلێ خۆشەویستی ئە تۆ
بزانم لەکێ عاجزو دڵپڕی؟      لە خزمەت بە شا و وەڵاتا سڕی
ئەوەی گەر بە خەڵکی دەگوترایەوە      لە تۆ چاوەنۆڕی نەدەکرایەوە
لە بۆ کۆمەگی لەشکری خوسرەوی      دەبێ تۆ وە پێش عالەمی دی کەوی
کەچی بویی لەو کاتە دا گۆشەگیر      بە دووری لە دەرباری شا و وەزیر
چ قەوماوە کێ تۆیی بەو دەردە برد؟      لە نێو عارەب‌و فارس‌و تورک‌و کورد
بفەرموو بە من تا لە بەینی بەرم      لە جەرگ‌و دڵی ئەو دەدەم خەنجەرم
هەموو دەم بە تۆ شا مەرایی دەکا      دڵی تۆش مەیلی جودایی دەکا
سەرم زۆر سوورماوە لەو کارەیە      بە تۆ سینگ دەڕوات لەو خارەیە

## وەڵامی ئەمیرخان

ئەمیرخان دەیداوە ئاوا وەڵام      بەڕێزی ئە تۆ هەر وەکوو شا لە لام
هەموو کات‌و دەم نۆکەری شا و تۆم      لە دەرگای شادا دەکەم پشت کۆم
لە بۆ ئەمری خوسرەو سەرم دادەنێم      گیانم لە پێناوی پاشا دەنێم
ئەوەی دەس درێژی بکا بۆ سنوور      لە شی هەر دەکەم ورد وێنەی بلوور
کە بێگانە لاقی لە خاکم بدا      دەبێ دەست‌و پەنجەی لە بەندەن جودا
هەتاکوو بمێنم دەکەم خزمەتم      بە شا و بە خاک‌و گەل‌و میللەتم
ئەوەی تۆ بزانە من ئەو خانە نیم      بە هێوایی چڵپاو خۆری بژیم
کوڕێکم لە ئێران پەروەردە بووم      بە دڵ عاشقی ئەو کەژو هەردە بووم
بکا دوژمنم گەر لە خاکم تەما      بە شەمشیر دەیخەم وە ڕەقس‌و سەما
دەکەم من بە بێ پارە ئەو کارەیە      دڵم بۆ وەتەن کون کون‌و پارەیە
ڕەبی ئەو کەسەی نیشتمانی نەوێ      وەبەر خەنجەری تیژی دوژمن کەوێ
ئەوەی گەر نەکا شەڕ لە سەر نیشتمان      لەوی دات تاعوون‌و دەردی نەمان
دەبینم کە هۆزم دەچەوسێتەوە      لە پەردەی دڵم شیر دەدرێتەوە
لە تاوی گەلم خەو لە چاوم حەرام      بووە، دۆزەخە باغ‌و گوڵشەن لە لام
لە ئێران غەمخور گەرچی منم      کەچی زۆرە لەو خاکە دا دوژمنم
دەڵێن بۆ گەلت تۆ دەبێ غەم نەخۆی      هەڵستی ئە لەو قەومە لادەی بڕۆی
بکوژرێن‌و تاڵان بکرێنەوە      بە تۆچی کە یەکپایە ببڕێنەوە

نەکەی دەنگ بەو کارە دەڕوا سەرت — لە دەس دەردەکەی موڵکو دەشت ودەرت
قەڵاتم ئە لەو کێوە دا هەڵچنی — هەتا خۆ وەشێرم لە دەس دوژمنی
لە تەنگانە دا تا وەکوو لەشکرم — لەوێدا لە سەنگەر بدەم هەڵورم
نەهێڵم بکەن دەس درێژی لە بۆم — بکەم بەرگری لەو کەژەیدا لە خۆم
کەچی دێت ڕەنگێکی یاغیگەری — لە شانم دەدا دوژمنی سەرسەری
لە باتی ئەوەی ئافەرینم بکا — بە باشی لەکن شا ئەمینم بکا
ئەوەی بۆی بکرێ بە دەستو زمان — دەکاشا لە من دوو دڵو بەد گومان
لەکن گەورە گەوران نێوم دەبا — وەکوو دێو نێوی دزێوم دەبا
لە هەر کۆڕدا باس باسی منە — دەورگێڕ دەوری بە تاسی منە
کە چون یەک قەڵاتم دروس کردووە — ئە بەو کارە قەدرم لەکن شا چووە
لە سەد لاوە نانی بە باسم دەخۆن — لە هەر ماڵ دەکوتن دەهۆڵو دەڕۆن
لە لایێ جەلالی بە من دوژمنن — بە هیوای موڵکو وەڵاتی منن
حەمەد شا بە لەشکر ئەوا هاتووە — وەڵاتی منی زۆر داگرتووە
ڕوواوە ئە لەو خاکەدا وەک کەڵە — بە من دوژمنە لێ دەدا دنبەڵە
کە چۆن ڕوو لە پووڵو لە نانی دەکا — لەکن شا لە من دوو زمانی دەکا
وتەی نارەوای ئەوەن کردووە — لە پێتەخت ڕێزی منی بردووە
بە ئێستا جلوو بۆ دەکەم باوەڕی — لە دەورەی قەلەندەر دەکا سەگ وەڕی
کە شاڵاو بێنێ قەلەندەر لە بۆم — دەبێ من بکەم بەرگری هەر لە خۆم
حەسەنخان پێی ناکرێ هیچکار — دەگەڵ وانە بێ غیرەتەو بێ دەمار
لە ترسانە لە گمۆیی کێو پارە دام — ئە لەو سەنگەری چوار دیوارە دام
لە بەر فیتنەیە خۆم ون کردووە — دەسم بۆکەژی بەرزە گەر بردووە
کووا من بە هیوای یاغیگەریم — کە بەو جۆرە لە ژیان دووروبەریم
لە دنیای ئاسوودە نێزیک نیم — بە دەردو خەفەت لەو کەژەیدا دەژیم
ئە من دەمهەوێ گەر نەچێژم غەمێ — بە ئاسوودەیی دا بنیشم دەمێ
وەمێنم ئە لەو کێوە دا تا بەهار — نەکەم ڕوو لە لادێ و شارو هەوار
جەنابا وەزیرێکی ژیری ئە تۆ — لە سەر ئێمە سەردارو میری ئە تۆ
بە خوسرەو بڵێ عوزری من بێنەوە — لە شۆقار تۆڵەم بهەستێنەوە
چون ئەوڕۆکە زستانە گەر لێم گەڕێن — دەدەم لەو دەمەیدا بە تۆ من بڵێن
کوڕێکم دەنێرم لە تەک ئێوە دا — دەگەڵ چەن کەسی گەورە لەو نێوە دا
شەوو ڕۆژ هەر بەندەگی شا بکەن — بە خزمەت کردن ڕوو لە دەرگا بکەن
بەهارێ کە شا بێت بۆ کوێستان — دەچم من دەکەم سەر وە سەر ئاستان

دەڵێم خوسرەوا من ئەوا نۆکەرم          دەفەرموی چی؟ چون ئە تۆی سەروەرم
بە هەرچی کە ئەمرێ بکەی حازرم          کە ببڕی سەرم نۆکەری چاترم
چ بارێک مەیلو مەرامی تووە          ئە تۆ بیکە لەو کاتە دا تا زووە
کە تاوانبارم لەشم لەت بکە          بە شەمشێر کەللەم لەتو پەت بکە
خەتابار نابێ وەمێنێتەوە          دەنا غەم لە بۆ خەڵک دێنێتەوە
کە پاشا دەزانێ گوناحم نیە          ئەدی پەرتیو عاجزی ئەو چیە؟
کە من روو لە دەرباری بەرزی بکەم          دەوێرم ئە بەو جۆرە عەرزی بکەم

## وەڵامی وەزیر

کە دەیداوە ئەو خانە ئاوا وتار          لە بۆ حاتەمی ئەهوەنو هۆشیار
وەڵامی وەها داوە ئەودەم وەزیر          کە ئەی سەروەری بێ رەفیقو نەزیر
بەڵێنی دەدەم بی درۆ و ریا          بە تۆ ئەی مەزن تا ببی دڵنیا
قەبووڵی دەکەم هەر چی داوا بکەی          بە مەرجێ ئەوەی بمهەوێ وا بکەی
لە نێو خەڵک وا نێوەکەت رۆیوە          کە گویا لە عەبباس یاغی بووە
قسەی هەر لە نیوان خۆشی دەکەین          هەتا لابچێ باسی ئاوا لە بەین
نەمێنێ کە ئەو باسەبێ غەم دەبین          بە بێ ترس بۆ موڵکی شادی دەچین
کە تۆ بێی لەو کێوو کێو پارەوە          بە خۆ توو بە خزمو کەسو کارەوە
لە نێو لەشکری ئێمە مێهمان بی          دەگەڵ تیپی بەگزادە و خان بی
ببینی هەتا گەورە گەورەو سەران          سەرۆکانو سەر لەشکرو یاوەران
دەبن ئەو لە تۆ لەو دەمەیدا ئەمین          رقو قین لە دڵان دەڕوا یەقین
بە نەرمی وتو وێژ دەس پێدەکەین          لە بۆ ئاشتی، جا قسەی لێدەکەین
بە مەیلی ئە تۆ کار دەکرێتەوە          رەگەی دوژمنی کۆنە دەبڕێتەوە
بە جێ دێت هەرچی کە دڵخوازتە          وەزیریش هەمکارو هەمڕازتە
لە یەکتر لەوە دواوە مێهمان ئەبین          بە خۆشی لە سەر سفرە و خوان ئەبین
زەمانێکی من روو لە ماڵت دەکەم          سڵاوێ لە نووری جەماڵت دەکەم
دەمێکی ئە تۆ بێ یوومێهمان بی          لە مەنزڵی منا بەرقی دیوان بی
ئە بەو جۆرە چەن رۆژ تێپەڕ بکەین          کتێبی وتەو باس پەڕپەڕ بکەین
لە دنیایە ئەو کارە با دەنگ وەدا          خەنەی دۆستی ئێمە با رەنگ وەدا
خەڵک پێ بزانن بە چاکی کە تۆ          دەگەڵ دەوڵەتی دۆستی بێ درۆ
ئەمیرخانی تۆراو یەک بۆتەوە          وەنێو دەوڵەتی خۆیی کەوتۆتەوە

## رازی بوونی ئەمیرخان بەو قسانەو چوونەوەی بۆ دمدمی

لەکن حاتەمی چونکە نازی دەبوو
ئە بەو شەرتە لەپ‌زێڕ رازی دەبوو
گوتی چاکە ئەوڕۆکە من دەچمەوە
لە شەودا دەگەڵ خەڵک کۆ دەبمەوە
دەبەستم لە ئینسانی رووت‌و نەدار
بە بێ دەنگ کۆڕێکی باش‌و لە بار
چ بخوازن ئەو کاتە پیرو جووان
دەکەم من بە مەیل‌و مەرامی ئەوان
سبەینێ لە کێوانی گەر داوە تاو
ئەمن دێم بۆ خۆم‌و چەن شۆڕە لاو
دەکەم روو بە خۆشی لە نێو لەشکری
بوێری لە من گەر بکەی بەرگری
ئەوەی گوت بەرەو ماڵ رۆیی ئەمیر
بەجێ ما لەوێدا بە تەنیا وەزیر
ئەویش رووی لە نێو عەسکەری کردەوە
وتەی شیرن‌و پڕ مەزەی بردەوە

## کۆڕ پێک هێنانی وەزیر بۆ پێشوازی لە ئەمیرخان

بەیانی لە خەو گەر هەڵستانەوە
سەرۆکی لە بۆ کۆڕ هێنانەوە
دە بەسراوە ئەو کاتە کۆڕێ لەوان
لوێدا دەبینراوە پیرو جوان
ئەوانەی کەوا مەزن‌و سەردار بوون
هەموویان لەو کۆڕە بەشدار بوون
جەلالی ئە لەو کۆڕە دا هەر نەبوون
لە ترسی ئەمیرخان بوو گەر نەچوون
لە بەر میر دەعوەت نە دەکرانەوە
بە تەنیا لە نێو خێوەتێ مانەوە
ئەوەش هەر لە بەر خاتری میر بوو
قەلەندەر کە بێ را و تەگبیر بوو
ئە لەو کۆڕەدا تا عەسر مانەوە
لە بارەی ئەمیرخان دەدوانەوە
ئەوەندەی لە ڕێگایە ئەو نۆڕیان
نەبوو میر گەر بێتە نێو کۆڕیان
ئە بەو کارە حاتەم پەرێشان بوو
سەراسیمەو گێژو حەیران بوو
لە رەفتاری لەپ زێڕ سەر سوورما
وەکوو شەم لە نێو کۆڕ بی نوور ما
لە داخان جەرگی دەبوو پڕ خووێن
لە شەودا بە خۆی داوە دووسەد جووێن
کە بۆچی ئە من ئەو فریوەم خووارد؟
لە بۆ کۆڕ ئەو عالەمەم هەڵبژارد
دەمێکیش دەیگوت کە ئەو خانەیە
درۆزن نیە جێگە متمانەیە
دەنێرم تەسووجی کە بۆچی نەهات
بە بێ ترس داوای مافی بکات

## چوونی محەممەد خانی تەسووجی بۆ لای ئەمیرخان

کە شەو رۆیی تەیری سپی خۆرە تاو
لە هێزی قەلی دا لە سەدلا لە قاو
وەها تەنگەیی ئەو بە شەو هەڵچنی
قەلی رەش نەما سەنگەرو قوژبنی
هەڵستا لە خەو لەو دەمەیدا وەزیر
غەمی زۆر ئەویان کرد بوو ئەسیر

محەممەد تەسووجی دەکرد ئەو سووار     بچێ تا لە بۆ کێوی دمدم بەغار
بزانێ ئەمیرخان بۆ وا دەکا؟     لە هاتن چ رووی داوە حاشا دەکا؟
کە بۆی ناکرێ بێت، عوزری چیە؟     بەیانی بکا شت بە مەیلی وی‌یە
محەممەد هەڵیگرت رمبو کەمەند     لە بۆ دمدمی رۆیی بێ چوونو چەند
لە بۆ ئاشتنی چون دەورگێڕ بوو     کە چۆ ژوور مێهمانی لەپزێڕ بوو
بە گەرمی لە میرخان دەیکرد سڵاو     دەیانکرد لەو کاتەدا بەیتو باو
گوتی تۆ ئەگەر میری خاوەن شکووی     لە بۆ کۆڕی حاتەم بەگی بۆ نەچووی؟
کە سەیری سەرۆکانی کۆڕی دەکرد     هەموو دەم لە تۆ چاوە نۆری دەکرد
کە کەی دێتە ئەو کۆڕە رەنگینەوە     بە خۆی ووتەی خۆشو شیرینەوە
ئەگەر هەر نەهاتی منی ناردووە     بە پەیسەر ئەتودا، بچۆ تا زووە

## نەچوونی ئەمیرخان بۆ ئەو کۆڕە

بزانین ئەمیرخان بۆچی نەچوو؟     چ بوو گەر ئە لەو کۆڕە یاغی دەبوو؟
گەڕاوە کە لەپزێڕ بۆ نێو قەڵات     لە حاتەم بەسەد فێڵ خۆی دا نەجات
گوتی گەر دەگەڵ دوژمنم یەک کەوم     ئە لەو کاتە تەنگانە دا وەک کەوم
دەگەڵ میللەتی خۆم یەک روو دەبم     بەرابەر گەلم، زوڵو بیژوو دەبم
کەوا بێ دەبێ نەچمە کن حاتەمی     بکەم روو لە شەڕ هەر وەکوو رۆستەمی
بەختکەم لە سەر مافی کوردم ژیان     بە بێ ماف بۆ چیمە ماڵو ژیان؟
بە بێ ژینی گەل ژین گەر بشتە سەر     وەدووری خە بی نێرە کوورەی سەقەر
زیانێکە بێ کەڵکو بێ مایەیە     لە بۆ ئێمە بێ سێبەرو سایەیە
هەر ئەو وەختە گەورەی دەهێنانەوە     قسەی حاتەمی بۆ دەگێڕانەوە
گوتی من قەرارم وەها بەستووە     وەزیریش بەو قەولە رازی بووە
کە رۆژێکی مێهمانی ئەو بم ئەمن     دووا رۆژ مێهمانی من بێ مەزن
ئە بەو مەرجە بە فریوم ئەو بردووە     دەکەم خۆم ئامادە لەو حەوتووە
بزانم کە راوێژو بیر وچیە؟     وەڵامی جەنابی وەزیرو چیە؟
کەبیستیان گوتیان نابێ بچی     بە سەر ئێمەدادێت گەردن کەچی
هەموومان ئەوەی لە دەس شا دەنێین     لە پێناوی تودا سەرن دادەنێین
کە تۆ شەڕنەکەی ئێمە هەر شەڕ دەکەین     هەتا دوژمنی ناحەزن دەر دەکەین
دەبێ خاکی کوردان ئازاد بێ     زەمانە بە سوودی گەلی ماد بێ
کە تۆ حازری بچیەکن حاتەمی     بە بێ یارو بێ کۆمەگو هەمدەمی
بە تەنیا بچۆ چی دەکەی وا بکە     گیانت بە فیدای پاشا بکە

نیه خۆ کەسێ گەر دەگەڵ تۆ کەوی    بکا نۆکەری نۆکەری خوسرەوی
لە نێو خاکی کوردانو باخی دەبین    شەهێنی کەژو کێوو شاخی دەبین
ئەمیر ئەو قسەی چونکە لێ بیستبوون    دەگەڵ پەیکدا رووبەروو گەردە بوون
لە پاشی وتەی خۆش‌و پاڕانەوە    گەلێ پەندو ئەندەرز دادانەوە
لە لایەن تەسووجی قەبووڵی نەکرد    وتەی پەیک لەو کێوە پووڵی نەکرد
گوتی خزمەکانم دەکەن بەرگری    لەوەی گەر ئە من بێمە نێو لەشکری
دەترسن هەموویان بێ قیل‌و قاڵ    لە فیلی قزلباش‌و تیرەی جەلال
وەزیری بە خاوەن قەڵەم دا دەنێن    لە هەر کۆڕدا ئەو بە شەم دادەنێن
دەڵێن چونکە نەیدیوە مەیدانی شەڕ    دەکەن خۆ لە ئەمری ئەوی خەڵک، کەڕ
هەڵی گەر نەگرتوون شیرو زرێ    ئەتۆی چلۆن پێ دەپارێزرێ؟
کە بگرن ئە لەو کۆرە دەورەت بە شیر    دەڵێ چی بە مارانی دووسەر وەزیر؟
ئە لەو چوار دیوارە دەخزێمەوە    بەرۆکم لە دەس ئێوە نانێمەوە
کە رێگای روونم لەکن شا هەبێ    گەلێ بەهرەو سوودی تێدا دەبێ
دەنێرم لە بۆ خزمەتی شا کوڕان    دیاری بەرن زۆر لەعل‌و دوڕان
هەتا مەحشەرێ بابکەن نۆکەری    لە دەروازەو دەرکی ئەسکەندەری
کە باسم نەکەن ئێوە لەو کێوە دا    وەکوو مێشە مردوو دەبم بێ سەدا
کەچیلکەم لەکون وەر بدەن شەڕفرۆش    بە تەندووری فیتنەی ئەمن دێمە جۆش
دەسم لێمە دەن قەڵس‌و قۆڵم مەکەن    شلم بۆ شنەڕێ توندو تۆڵم مەکەن
تەسووجی ئەوەی گەر گوێ لێدە بوو    زیاتر دەگەڵ خان پێدا نەچوو
دەترسا وەها خۆی چوو بوو لە بیر    لە دمدم نەبوو گیر پەیکی وەزیر
وەڵاغی بە تاڵو کە زین کردەوە    لە بۆ حاتەمی ئەو خەبەر بردەوە
کە دەیبیست ئەو باسە حاتەم نەما    دەبوو ون لە دەریای دەردو غەما
گوتی میرفێڵی لە من کردووە    ئە بەو کارە سامی منی بردووە

## تەگبیری وەزیر دەگەڵ سەرۆکان بۆ شەڕ دەگەڵ ئەمیرخان

سەرۆکی ئە لەو کاتە هێنانەوە    لە نێو مەجلیسی خۆی دانانەوە
وتەی میری لەپزێری گێڕایەوە    بە توندی ئە لەو خانە دەدوایەوە
وتی ئەو دەگەڵ ئێمە کردی درۆ    دەری برد لە مەیدانی فێڵانە گۆ
بە شیرین زمانی منی دا فریو    وەکوو جند تا خۆی کرد ئەو نە دیو
لە دەس چۆتە دەر کەوتە کێوو کەژان    دڵی من ئەبەو داخە پڕ بوو لە ژان
گەلی کورد چون خاوەنی جەوهەرن    دەکا شەڕ ئەگەر دەست بۆ وی بەرن

زەمانیکی دوورو درێژی دەوێ      ئەگەر ئێوە لاق‌و وە دمدم کەوێ
دەبێ زۆر لەو کێوە کوشتەی بدەن      کەلاکان هەر وەک هەرشتەی بدەن
دەنا لەو تەلانەی وەسەر ناکەون      مەگەر بەو قەڵاتەی ببینن خەون
نەبێ گەر ئەلەو جەنگەدا سەبرتان      هەتا زوویە ئامادە کەن قەبرتان
شەڕێکی گەلێ نابەهەنگام هات      لە عالەم کزەی سەڕسەڕی ئەو دەدات
دەکوژرێن یەکجار پیرو جووان      لە داراوە تۆ بگرە تاکوو شووان
دەبێ خۆ لە بۆ ئەو شەڕەی راگرن      دەزانن کە کورد گەل وەکوو ئاگرن
لە نێو ئەو کەژو کێوەدا بوونە کەڵ      بە دەستووری میرخان شێری دەغەڵ
بفەرموون ئەو کارە چی چارەیە؟      بڵێم چی دەگەڵ ئەو کەژو مارەیە؟

## وەڵامی گەورەگەوران

هەموویان ئەو کاتە هەستانە پێ      بە سەف رادەوەستان ئەو دەس بە جێ
دەیانگوت کە ئەی گەورە نەرمي بەسە      دەگەڵ ئەو کەسەی بە دفەڕو ناکەسە
لە دەورانی تۆ گەر بکا ملهوڕی      دەبینی لە شا زۆر سەردو سڕی
دەبێ شا لە تەک ئێوە دا لا بە لووت      دەبی بێ بەش‌و دوور لە ژیان‌و قووت
کە هێرش نەبەین ئێمە بۆ سەر ئەمیر      دەمانکات ئەو شایە دوولەت بە شیر
ئەمیرخان تاکوو دەبێ بێ گیان      بە دەوڵەت دەکا تاڵ عەیش‌و ژیان
دەبا هەڵمەتی هەر بە شەڕ بۆ بەرین      نەترسین سەرپاک جەنگاوەرین
لە هەر لاوە بگرین دەورەی حەسار      نەهێڵین یەکیان گەر بێ قوتار
ئەوی دەرپەڕێنین لەو بەندەنە      لە بۆ خەڵک چون بۆتە سەر هەڵقەنە
کە بەو جۆرە تەگبیر دەکرایەوە      لە سەر شەڕ وت‌و وێژ دەبڕایەوە
خەبەردار دەکراوە بەو کارە شا      بە شەڕ دای فەرمان ئەو روو ڕەشە
لە شاوە کە ئەو ئەمرەیان پێ درا      بە سەد ترس ئالای شەڕ هەڵکرا
بەرەو دمدم ئەو لەشکرەی شا دەچوو      وەڵاتی وەکوو خۆڵ داگەتبوو

## دامەزرانی لەشکری وەزیر لە دەورەی دمدم

وەزیر هاتە سەربیری گرتنی قەڵات      لە هەر لاوە ئەو، لەشکری بۆدەهات
خەیاڵی دەکرد ئەو قەڵاحەستەمەی      بکا چۆن داگیر ئە لەو رۆستەمەی
لە بۆ گرتنی ئەو قەڵاتەو حەسار      چ ئەمراز پێویست بوو کەوتە کار
لە مەردانی تایبەتی شەهریار      تفەنگدار پێنسەد دەهاتن سووار
قولیبەگ سەفەر، گەورەی وان بوو      چەکی یوز باشي لە سەرشان بوو

ئەوەی قۆرچی بوونو چگنی دەبوون
لە بەر کاری ئەمراز لەکنی دەبوون

خرابا چەکێ چاک دەکرایەوە
کە چڵکی هەبا پاک دەکرایەوە

لە تەوریز ڕاهات گەنجاڵ خان
بەخۆیو بە یەک لەشکری بێ ئەمان

حەسەنخان بۆ خۆیوو هاو ڕێ یەکان
تفەنگ دارەکانی بەشی ئیسفەهان

کەبوو میر فەتتاح گەورەی ئەوان
ڕەوانەی بەری ڕۆژهەڵاتێ کران

بەری ڕۆژ ئاواش داگیر کرا
بوداقی بە لەشکر لە بۆ نێر درا

هەتا دابمەزرێن لەو جێگەدا
نەهێڵن کە کەس بێت بەو ڕێگەدا

ئەویش چون ئە لەو شوێنەدا مایەوە
لە بێگانە ڕێگا دە بەسرایەوە

مرادخان سوڵتان چینیو خەلیل
محەممەد تەقی بەگ وەکوو نێرە فیل

بەرابەر بە بورچی سەری بوزلووق
دەوێستان ئەو فیلی مەستو شلووق

لە دەروازەیی لاییتر گەنجەلی
وەکوو بی دەبوو شین پۆپو پەلی

سەفەر بەگ قوڵی خوێن خۆری دەغەڵ
تفەنگداری مازەندەرانی دەگەڵ

جوانانی چگنی وە بەر دەس نران
لە بۆ لایشیمالەوە دیاری کران

ئەنیسی دەگەڵ تۆپچی بێ تەمیز
بە دوو تۆپی گەورەو یەکێ بالمیز

ئەوانیش لە یەک جێگە دا مانەوە
ئەوەی تۆپ بوو دا دەبەسرانەوە

دەبۆ یاوەری تۆپو تۆپخانەکان
هەر ئەو ڕۆژە سوڵتان بێگدڵ قەبان

لە دەریای ڕەش هێندرا، وەک کڵووک
بە کەشتی، بە تاڵوو کە تۆپێ بچووک

درا دەس حەسەنخان دا بەسترا
دەمو لوولەیی ئەو لە دمدم کرا

تەواوی کەژو کێو گیرانەوە
بە سەرباز ڕێگا دەتەنرانەوە

کەژی دمدمی دەورە دەدرایەوە
کەلێن ودەرو دۆڵی بەسرایەوە

دەگیراوە ڕێگا بە گورگانی هار
لە کوردانی بێ ترسو لەرزو بەکار

نەبوو کەس بوێرێ بچێ بۆقەڵات
نەبۆ دەشت عالەم لەوێڕا دەهات

بە شەر چوونی بۆ ئەو کەژەی دوور بوو
ئەوەی گەر بچوو بایە پەڕ کوور بوو

## مردنی محەممەد پاشای قەلەندەر سەرۆکی جەلالیەکان لەو کاتە دا

جەلالی ئەلەو کاتە دا کەوتبوون
لە بارەی‌شەڕو شۆر بێ ڕەوتبوون

حەمەد شا کە ناسازو بێ هۆش بوو
لە دنیا دەچۆ دەرکفن پۆش بوو

کە چون بویی ئەو خانە دەردی دڵی
بە سەد حەسەرەتو غەم.دەچۆ بن گڵی

بە مرنی ئەوی بێ مەزن مانەوە
بە گێژی لە نێو خەڵک دەخولانەوە

که چون بوون ئەو هۆزە بێ سەرپەرست
به سەد تاقمو پۆل دەکرانەوە
کەلەو وەختە دا چۆ سەفەر خێویان
بە شی زۆر بە دڵێکی مەحزوونەوە
لەوەی پێش گوتمان گەر شەش هەزار
دەگەڵ چەن جلو بەرگی تازەو خەڵات
لە سەروانە سەرپاک دا بەش کرا
ئە بەو پارەو زێڕی شاهانەوە
وەزیریش ئەو دەم لە لەشکر جودا
کە چون خاوەنی هێزی سەرباز بوو

لە دەدراوە شتیان ئەو دەم وەمست
بە سەر لەشکری دا دەبەشرانەوە
بە چەن بەش دەبوون ئەو نەما نێویان
هەڵاتن لە بۆ خاکی خۆ چوونەوە
تمەن زێڕ، لەو خەزنەی شەهریار
لە بۆ هۆزی کوردی جەلالی دەهات
بە هەر هۆز یەک جێ هەواریٚ درا
ئەوانەی کە ما بوون بووژانەوە
لە دەوری قەڵاخێوەتی هەڵدەدا
لە بۆ شەڕ دەگەڵ میر دا ساز بوو

## خۆ ئامادە کردنی ئەمیرخان بۆ شەڕ

ئەمیرخان لەو کارە حاڵی کە بوو
سەرۆکانی لەو کاتە دا دەنگدان
دەسی بۆ قولەو بورجی گەر بردەوە
وەسەر بورجو دیوار دەخراوە سەنگ
ئەوەی تۆپ بوو دا دەبەسرانەوە
لە هەر گۆ شەمەزنێک جێ‌گیر بوو
قەرا بەگ یەکێ بوو لە مەزنان بوو
وەکوو شێر بێ ترسو بێ باک بوو
یەکێ بورج بوو لەو حەسارەی بەدەر
ئەوەنو گەورەو مەحکەمو ساف بوو
لە سەروی قەرا بەگ دەبوو پاسەوان
وەهایان کرد ئەو قەڵا بەندیان

نەخەجڵا، نەچڕژاوو ترسی نەبوو
لە بۆ شەڕ دەگەڵ ئەژدەهاکی زەمان
ئەوانی لە چەکدار پڕ کردەوە
بکەن تا ئە بەو بەردو سەنگانە جەنگ
بەرەو رووی بێگانە دەکرانەوە
تفەنگدار یا خاوەنی شیر بوو
سەرۆکی هەموو پاسەوانان بوو
لە شەر دا دلێرێکی چالاک بوو
هەر ئەو بوو لە بۆ ئەو قەڵاتەی سپەر
بەرابەر بە لووتکەی کەژی قاف بوو
لە سەنگەر خزا شەڕکەری پاڵەوان
بڕا، ڕێ لە دێوەزمەوو جندیان

## گەڕانی ئەمیرخان بە نێو قەڵا دا

لە ئەسپی دەبوو شێری دمدم سووار
دەگەڵ گەورە گەوران دەدوایەوە
سەری دا لە بازاڕی کاریگەران
لە کارخانەی تۆپو چەکسازەکان
لە کوورەو لە دوکانی ئاسنگەران

دەچۆ بەر دەری دەرکی بورجو حەسار
دڵی خەڵک بەو میرە دەکرایەوە
لە هەر بورجو هەر قوللەو سەنگەران
لە بارووتو دەرمانو ئەمزازەکان
لە زێڕینگەرو گەوهەری گەوهەران

دەچۆ کووچەی زین دروانەوە
لە بۆ زین دەستوری پێدانەوە

لە قشڵان رووی کرد ئەو جارە خان
وتەی وا دەدا خانی شیرین زمان

کە ئەی نووری چاوان هیوای گەل
شەهێنی کەژو کێوو پەر کووری کەل

شەر ئەو ڕۆ کە دەرگای پێ گرتووین
لە کن دوژمنی وایە گەر مردووین

ئەوا دوژمنی خەڵک بێ بەندو بار
لە دەرکەی قەڵاتن دەکا نەرمە غار

لە سەنگەر خزاوە لە ئەتڕافمان
خەریکە کە پێ شێل بکا مافمان

کە مستێکی کاری لە زارو لە دەم
نەدەین ئەو دەکا ئێمە دوچاری غەم

لە مەیدانی ئەو هانەدا نێر بن
بە بێترس هەڵمەت بەرن، شێر بن

کە لەو کاتە مەردانە بن دەس وەشێن
لە دوژمن دەدەن زەربەتی دڵتەزێن

بە فەرمانی میرخان بۆ شەڕ دەچوون
هەموویان بەو باسە دڵگەرم بوون

چەکو چۆڵیان بۆ شەڕێ دا لە خۆ
بەچەن پەلپەلو دەستەدەستەو گرۆ

دەیانگرت لە دەورەی ئەمیرخانە سەف
هەموو شیر لە ملانو خەنجەر بە کەف

لە جەوزۆو ئاسۆی لاکانەوە
لە عەودالْ شێری موکریانەوە

لە سەر دار ئاڵی بەگی ئادەمان
برایمو حەسۆدوو پڵنگی زەمان

لە بستۆو هەمزەو جەلالو عەزیز
سەرۆکانی ئازاو گەورەو بە فیز

هەموو گیانی خۆیان نابوو لە دەست
هەموو خاوەنی بیری خاوێنو هەست

هەموو سەفدڕۆ شەڕکەرو بێ ڕەزا
هەموویان غەوواسی بەحری غەزا

ئەوانە لە بۆ سەنگەری خۆ دەچوون
بە دەستووری میرخان دابین ئەبوون

لە هەر گۆشەیێ لەو قەڵاتەی بە سام
سەرۆکی بە خۆیو بە نۆسەد زەلام

بەرابەر بە دوژمن دەبۆ پاسەوان
بە ڕوژو بە شەو پیر بوو یا جووان

وەخۆ کەوت عالەم بە دارو بە سەنگ
بە تیرو بە رمبو بە شیرو تفەنگ

وە نێو دمدمی کەوتبوو یەک خرۆش
دڵی شێرە مەردانی خسبوو وە جۆش

دەیانکرد بە شەڕ لەشکری شەڕکەران
لە سەر بورجو دیوارو نێو سەنگەران

لە هەر لایێ ئاور دەباری لە سەر
سەری لەشکری دوژمنی بێهونەر

دەلەرزی لە بەر دەنگی تۆپی قەوی
چیاو کەژو کێوو دەشتو زەوی

## هێرشی لەشکر بۆ سەر قەڵا

بەیانی کەوا خۆری زێڕینە روو
بە نێزەی تەلایی بە شەو وەر دەبوو

بە شەمشێر پەردەی ڕەشی هەڵدڕی
هەڵی ڕشتە سەر عەرز زێڕو دوڕی

نەما قیل، کافوور بوو جێنشین
سپی هەڵگەڕا رەنگو روویی زەمین

لە عەرزی کەدا مەشخەڵی رەوشەنی
دەڕۆیشت دێوی سیا راچەنی

دڵو جەرگی ئەو کەوتە لەرزینەوە
دەبوو ون بە سەد ناڵەو شینەوە

مەلەک بوو بە حاکم لە جێگای دێو
نەما دیمەنی رەنگی مۆنو دزێو

کە بەیداغی هێزی سپی هەڵدرا
دەواری رەشی سەر زەوی لابرا

وەزیر وایی فەرموو: کە هێرش بەرن
ئەوانەی بڵند هیمەت‌و شەڕکەرن

بکەن کەللەی میری لەپ‌زێڕە نەرم
ئە لەو کێوە ناکا لە شێرانە شەرم

لە بۆ وی بچن دەرفەتی پێ مەدەن
لە بۆ من بهێنن سەری بێ بەدەن

کە فەرمانی دەرکرد هەر دەس بە جێ
لە هەر گۆشە سەرکردە هەستانە پێ

دەیانبرد هەڵمەت بە شەڕ بۆ قەڵات
لە بەر دووکەڵی تۆپ رەش بوو وەڵات

زەوی پڕ لە ناڵەو هەوا پڕ لە توز
دەگریا دڵی سەنگی خارا بە سۆز

تەقەی ناڵە ئەسپانو دەنگی تفەنگ
کەڕی کرد لە نێو ئاوی دەریا نەهەنگ

ئە لەو لاوە کوردی دلێرو بەکار
بە تۆپ‌و تفەنگ‌و بە بەردو بەدار

بەگژیاندا چوون بێ ترس‌و لەرز
دەیانخست تەرمەک لە سەر رووی عەرز

لە نێو دمدمی وەک هەڵۆ چوونە دەر
بە شەڕ ئەو پەلاماریان برنە سەر

لە عەرزو لە دیواری بورج‌و حەسار
کوتایان ئەو دوژمنەی بێ دەمار

گەلی کورد گەر چوونە مەیدانەوە
قزڵباش ترسان‌و دەشکانەوە

هەرا بوو لە هەر لاوە پەیکار بوو
خەڵک زۆر کوژرا و زامار بوو

لە لایەن گەلی کوردی خاوەن جەرگ
دەباری لە هۆردوی دوژمن مەرگ

دەمی شیر هەوری خوێن بار بوو
بەڵای قزڵباشی بەدکار بوو

تفەنگ گوللەی گەر لە دەم دەر دەچوو
لە بێگانە دەبڕا هەناسەو پشوو

کەمەند بوو کە پڕپێچ وەک ئەژدەها
لە حەڵقەی نەبوو دوژمنی کورد رەها

رەهایی ئەلەو حەڵقە دژوار بوو
لە مل گەر دەهاڵا وەکوو مار بوو

هەتا زەردە پەڕ هەر شەڕو جەنگ بوو
ئەلەو رۆژە بێگانە دڵتەنگ بوو

نەوێرا بە کوردانی ئازا، شکا
دەچوو ئەو لە فڕ ئابڕوی تکا

لە دوژمن بریندار وەک خوڵ بوون
بە بێ لاق‌و بێ پەنجە و قۆڵ بوون

کە روو زەرد بوو خۆرو دەکرا زەلیل
بە دەس شەو سەری خستە دەریای قیل

سپەس هەر وەکوو بە فر دەتوایەوە
شوێنی لە سەر عەرز دەبڕایەوە

دو لەشکر لە یەکتر جودا بوونەوە
بەرەو خێوەت‌و بارەگا چوونەوە

لە سەنگەر هەموویان دەخزانەوە
هەزاران تەرمەک بەجێ مانەوە

بریندار دەرمان دەکرانەوە
لە نێو گۆڕ کوژراو، دەخرانەوە

سەرانی ئەمیرخان دڵخۆش بوون
بە یادی شەڕو شۆر مەینۆش بوون

قزڵباش لەو لاوە غەمبار بوون
پەشێوو پەرێشان‌و زامار بوون

ئەما بوو دەماغی سەرۆکانیان     لە بەر ئەو شەڕەی کەوتبووە شانیان
لە بەر بیری ئاڵۆزو پەرت‌و بڵاو     نەیانداوە دم ئەو لە نان‌و لە ئاو
دەیانکرد تەگبیر لەو کارەیە     چلۆن لەو کەژە بگرن ئەو مارەیە؟
چ کاری دەگەڵ هێزی کوردان کەن؟     کە ئەو هێزە بێ گەورە و خان کەن؟
شەهێنی کەژە، کەی بە حەڵقەی کەمەند     دەگیرێ لە نێو کێوی سەخت ورەمەند؟
فریو نادرێ قەت بە دانەو بە ئاو     لە بۆ نان ناکا لە پاشا سڵاو
ئەنوستن سەرۆکانی دیمەن دزێو     هەتا رۆژە بەو بیرو فکری پەشێو
کە دووبارە دنیای فیتنەو بەڵا     تەکاندی لە داری رەشی شەو گەڵا
رەگ‌و پووک‌و ریشەی لە بن هەڵتەکاند     هەناری لە جێگەی ئەوی دا روواند
دەری کرد گوڵی سوور پۆپی هەتاو     رەشي لادەچوو بوو بە بڵقی سەرئاو
کە چون غونچەیی خۆر رەنگ سوور بوو     زەوی گەردەمی داوە پڕ نوور بوو
لە زیندانی شەو چونکە ئازاد بوون     بەرەی گیان لە بەر بێ غەم‌و شاد بوون
قزڵباش بەو رۆژە غەمبار بوون     بە جەنگ‌و هەرا چون گرفتار بوون
دەبوو هەووڵی رۆژ هێرش بەرن     لە بۆ ئەو گەلەی وەک کەڵی سەنگەرن
کە دەیکرد داگیر سوڵتانی رۆژ     نسێوو کەژو کێوو دەشت‌و بەڕۆژ
دو لەشکر بەرەو رووی یەکتر دەچوون     دەلەرزی دڵی ترسەنۆک‌و زەبوون
لە بەر ناڵەی تۆپ‌و دەنگی تفەنگ     کە دەدرا لە دیواری سەخت‌و لە سەنگ
دڵی رۆستەمی زاڵ لەت‌لەت دەبوو     ئەلەو کاتە بێ سام‌و هەیبەت دەبوو
لە دەستەی قزڵباش کۆشتەو کەلاک     ئەوەن زۆر بوو ون ببوو رووی خاک
لە کەژ تاوەکوو رۆژ ئاوا دەبوو     لە نێو وانە دا کێشە هەر وا دەبوو

## پەنا بردنی مەحموودی کێکانی نۆکەری ئەمیرخان بۆ نێو لەشکری شا عەبباس

لەوەی پێش باسێ لە عەوداڵ خان     کرا، بوو کە عاشق بە رووی ڤیان
ئەمیرخان پەی برد گەر بەو دوڕەی     لە لادێ وە هێنای بۆ ئەو کوڕەی
چون ئەو کیژە شیرین‌و قژکاڵ بوو     گوڵی باوەش‌و مێزی عەوداڵ بوو
لە ماڵی ئەمیرخانی دا یەک هەتیو     ببۆ لاو بێ‌باب ودایک نەدیو
مناڵێک بوو گەر کرا ئەو بە خێو     بە بێ کەس فڕێ‌یان دابوو لە کێو
کە بینراوە گوتیان ناوت چیە؟     چ هۆزێک شینی دەکرد ئەو بیە؟
گوتی من بە مەحموود ناوم نرا     بە دوورم لە باب‌و لە داک‌و برا

نەمامی جووانم کە کێکانیە    ئە من بووم پەروەردە بەو کانیە
لە بۆ دێ کەلەو کێوە دەبرایەوە    لە ماڵی ئەمیرخان دا مایەوە
کە چون مانەوەی بیستو یەکساڵ بوو    لە ماڵی ئەمیری کوڕی ماڵ بوو
لە کردارو رەفتاری ئەو بوون ئەمین    دەیانکرد نۆکەر بە ئەسپو بە زین
هەمیشە لە دوو خانی عەوداڵ بوو    لە پشتی سەری رۆستەمی زاڵ بوو
نەکەی کۆمەگی سپڵەی پێ نەزان    دەهێنێ بە سەر تۆ بەڵا بێ گومان
وەکوو مارە گەر دەرفەتی دەسکەوی    سەرت بچێتە هەوران دەتکانەوی
ئەوەی گەر دەگەڵ دووپشک هەمدەمە    لە دنیا گرفتاری دەردو غەمە
بە بێ سوود مەحموودی گەوجو نەزان    ببۆ شێتو شەیدای بەژنی ڤیان
سوڕوکاری ئەو ناپیاوی خەیان    گەیانبووی خانم بە عەوداڵ خان
کە ئەو نوکەرەت بەد فەڕو بەد خووە    بزانە تەماعی لە من کردووە
لە بەینت دەبا گەر لە بەینی نەبەی    لە بۆچی دەکەی خزمەتێ بەو دزەی؟
دلێرانە بیکووژە مەی هێڵەوە    ئەلەو ماڵە دا بەو هەموو فێڵەوە
وەلێ سەد حەیف باوەڕێ پێ نەکرد    هەتا خانەوادەی ئەبەو دەردە برد
قوڕمساغ چۆکن سەفی دوژمنان    هەرئەو چاوەی ئاوی پێشان دان
بە دەستەی ئەوی رێگە بینرابەوە    چرای ئەمیرخان کووژایەوە
ئەگەر ناکەسی بەد نەژادو گوهەر    لە نێو دمدمێ دا نەچوو بایە دەر
خەیاڵی بکرد با لە چاکەی ئەمیر    نەبوو با یە هەمکاری شا و وەزیر
لە بۆ جەنگ تا حەشر بۆ بەرگری    سکەندەر ئەگەر هاتبا لەشکری
لە دەورەی قەڵاتی ئەمیرخان با    ئەویش کۆمەگی شای ئێران با
نە دمدم دەگیرا یە دەس دوژمنان    نە عەبباس دەیداوە پەنجەی لە خان

## هەڵاتنی مەحموود لە قەڵاو پەنا بردنی بۆ دوژمن

کە ساڵێک شەڕ بوو لە نێوان دا    لە بەینی قزڵباشو کوردان دا
دەگەڵ خان چی پێ نەدەکرا وەزیر    لە فکری شەڕا ئەو کەوتبوو لە بیر
وەها لەو شەڕەیدا سەراسیمە بوو    بە ساتۆری غەم سەردڵی قیمە بوو
هەموو رۆژ زامارو کوشتەی هەبوون    بە قەمچی قزڵباش، بۆ شەڕ دەچوون
سوپای ئەمیرخان سەر بەرز بوون    لە شەڕ، شێری بێ ترسو بێ لەرز بوون
نەبێ دۆو بێ نانو بێ ئاو بوون    نە بۆ شەڕ کردن تەمبەڵو خاو بوون
کە سەد ساڵ بەو جۆرە مابانەوە    گەلی کورد لە دمدم نەدەشکانەوە
ئەوەی دی کە مەحموودی بەد خوو بە چاو    دەسی دایە تەگبیرو فکری گڵاو

گوتی چون هەڵو دەرفەتم هاتووە　　دەبێ راپەڕم لەو دەمەی تا زووە
وەکەم من لە عەوداڵ تۆڵەی ڤیان　　بە خۆیوو بە بابی بکەم بێ گیان
ئەگەر پووڵو پارەی لە شا وەرگرم　　منەت قەت لە لەپ زێڕ هەڵناگرم
کە کاتی کەوتبووم بێکەس لە کێو　　بە من چی کە ئەو خانە کرمی بەخێو
کە عەقڵی هەبا ئەو دەبوو وانە کا　　لە بۆ خۆی دێوەزمە پەیدا نەکا
بناغەو رەگەی من لە کێکانیە　　نەژادێکە پیشەی کە شەیتانیە
دەچم خزمەتی لەشکری شا دەکەم　　لە حاتەم بەگی روتبە داوا دەکەم
هەتا ئاو دەسگیری خانو قشوون　　ببێ، نابێ ئەو کوردە زارو زەبوون
کە سەر چاوەیی ئاویان پێ بڵێم　　لە تەندووری دەردو غەما ناکوڵێم
لە ماسی کە رێگای ئاوی حەیات　　ببەسرێت، خێرا گیانی دەدات
بە رێگای بێ ئاویا گەر نەڕۆم　　دەبێ من بکەم تووکو لەعنەت لە خۆم
هەر ئەو رێگە دەرمانی دەردی دڵە　　کلیلێکە بۆ قفڵی ئەو موشکڵە
دەنا هەر دەبێ شەربەتی غەم بخۆم　　بکا شین دیواری دمدم لە بۆم
کە بێتوو بفەوتێن ئەو هۆزەیە　　منم خان لەو خاکە پیرۆزەیە
دەزانم ڤیان ئەو دەمەی بۆ منە　　ئەگەر ماوە بێ شوو کەس ئەو ژنە
ئەلەو کاتە دا دەبمە خانی وەڵات　　ئە نێرێت پاشا لە بۆ من خەڵات
لە خاکی برا دۆس دا دەبمە شێر　　سەرۆکێکی بی هاورەفیقو دلێر
کە ئەو دەورە دەورانی مەحموود بێ　　لە دنیا دەبا خان نابوود بێ
بە ملوێن خانو سەرۆکی وڵات　　وەنێو گۆڕ کەوتوون بێ رێز و لات
ئەویش بایەکی هەر ئەلەو هانە بێ　　لەوێ خانی ئەو مەنزڵو خانە بێ
لە پاش ئەو هەموو بیرو فکرانەوە　　کە دەیکرد لە بارەی ئەمیرخانەوە
کە شەو دووبەشی رۆیی مەحموود هات　　وەکوو دێو رووی کردە دەرکی قەڵات
نیگابان چون ئاشنا بوو بەوی　　سەری ئیحتیڕامی لە بۆ کرد نەوی
گوتی تۆ ئەلەو کاتە موحموود خان　　چ قەوماوە هاتوویە کن پاسەوان؟
وەڵامی وەها داوە دەرکی قەڵا　　لە بۆ من دەبێ زوو بکەی ئاوەڵا
چون ئەو شۆ کەکاری زەروورم هەیە　　سەفەر چیمو رێگایی دوورم هەیە
دەبێ زوو بچم بەو شەوەی بێمەوە　　لە رێگایە دا گەر نەکووژرێمەوە
هەر ئەو کاتە دەرگای بۆ کردەوە　　بەرەو خواری دمدم ئەوی بردەوە
بە بیری نیگەهباندا هەر نەهات　　کە مەحموود دەڕوا خەیانەت دەکات
کە چون خۆشەویستی ئەمیرخان بوو　　بە شەو جێگەڕێزی نیگەهبان بوو
دەڕۆیشت مەحمودی پەستو دەنی　　هەتا گەییە بن سەنگەری دوژمنی

لە بەر خۆی دەیکرد فکری بە تاڵ
خەیاڵاتی بێ تامو نەکوڵیوو کاڵ

دەمێکی دەبۆ قارەمانی زەمان
لە مەڵبەندی ورمێ دەبوو ئەو بەخان

دەمێکی ئەوەن مەردو ئازا دەبوو
هەموو دەم لە دەرباری شادا دەبوو

وەها غەرق بوو ئەو لە دەریای بیر
کەلەو وەختەدا خۆی چوو بوو لە بیر

نەدەی زانی لە کوێیە، چی کردووە
پەنایی لە بۆکێ بە شەو بردووە

هەتا کوو نیگەهبان دەنگی دەدا
کە تۆ کێیی؟ قوت بووی وا بێ سەدا

بزانم کە ئەو شۆکە کارت چیە؟
خەیاڵی بەدو نالەبارت چیە؟

لە بۆ ڕووت کردۆتە ئەو سەنگەرە؟
بە شەو بوویە دێوی سپی لەو دەرە؟

ئە تۆ ئادەمی یا ئەجندەو پەری؟
وەیا شێتو دێوانە و سەرسەری

بە تاریکە شەو چی دەکەی ئەی زەلام؟
ئەلەو جێگەدا من نەکەی بێ وەڵام

کە مەحموودی نامەرد دەدوایەوە
زمانی ئەبەو جۆرە کێشایەوە

گوتی من لە تیرەی برا دۆستم
لە نێو وانە دا گەورە بوو پۆستم

بەڕێزو بڵند مەرتەبەو ئەفسەرم
نە وەک بێکەسو مەیتەرو نۆکەرم

پەناهیندەمو خزمەتی شا دەکەم
لە دەستەی ئەمیرخان حاشا دەکەم

لە دمدم هەڵاتووم بۆ کن وەزیر
بە دوورم لە ڕەفتارو پیشەی ئەمیر

بچۆ تۆ وەزیری خەبەردار کە
بە دەستووری ئەو گەورە ڕەفتارکە

کە فەرموویی بی هێنە بۆ من، دەچم
گوتی بیکە زیندان گەردن کەچم

## ئاگادارکردنی وەزیر لە هاتنی مەحموود

نیگەهبان ڕۆیشت لەو سەنگەرە
دەچۆ خزمەتی حاتەمی یەکسەرە

گوتی یەک مرۆ بەو شەوەی هاتووە
لە میرخانی لەپ زێڕ دڵپێڕ بووە

دەڵێ بێتوو سەرداری عالی مەقام
بە من ئیزن دا لەو بکەم گەر سەلام

ئەوەی بێت عەرزی دەکەم دووبەدوو
وتێکی کە باریکتر بێ لە موو

دڵێکی گەلێ دەردمەندم هەیە
قسەی زۆرو ئەندەرزو پەندم هەیە

کە ئەو گەورە بۆ باس ئیزنم بدات
نیشانی دەدەم ڕێگە چوونی قەڵات

ئەمن چون کوڕی کێوو دۆڵو چیام
بە سەرتاسەری دمدمی ئاشنام

کە حاتەم ئەوەی بیست دڵخۆش بوو
ئەوەن شاد بوو مەستو بێ هۆش بوو

بە ئاوی خەبەر گەر دەدێرایەوە
دڵی، هەر وەکوو غونچە دەکرایەوە

گوتی زووکە بیهێنە ئەی پاسەوان
هەر ئێستا کە ئەو ڕێڕەوی نۆجوان

لە ڕێگایە لەو بگرە ڕێزی تەواو
نەچی ئەو بکەی دڵ پەشێوو شکاو

بە گورجی بەرەو پاش کە کشایەوە
نیگەهبان مەحموودی هێنایەوە

لەکن حاتەم ئەو نۆکەرەی بەد زمان هەبوو حورمەتی چونکە دەدوا لە خان
بەوی داوە یەگجار پووڵو بەرات کراخانو دەکرا وە ئەو دەم خەڵات
قسەی گەر دەگەڵ کرد زانی وەزیر مرۆییکە بێ ئەرزشە وەک حەسیر
نیە ئەو لە خانو لە میرزادەگان نەگوورراوە داری لە ئازادەگان
بە چاوی دییارە کە ئەو مارەیە خەیانەت دەکا عاشقی پارەیە
کە هەیبا لە دنیا یە ویژدانو هۆش دەبوو خۆ فرۆشی نەکا بۆ قرۆش
بە ناچار رێزی لە بۆ دادەنا لە ریشو سمێڵانی هەڵسوو خەنە
درا دەستی مەحموود یەکدانە پەل مریشک دەبۆ خاوەنی جووجە قەل
پەلێکی لە سەرباز کەدرا وە دەس کەسی دانەنا ئەو لەکن خۆ بە کەس

## باسی مەحموودی خایین دەگەڵ وەزیر لە بارەی سەر چاوەی ئاوی قەڵای دمدم

شەوێکی دەچۆ بارەگای وەزیر دەیانکرد هەر دووک تەگبیرو بیر
لە کاری ئەمیرخانو بورجو قەڵات لە بارەی شەڕو شۆرو دۆخی وەڵات
هەر ئەو کاتە مەحموودە چلپاو خۆر لە سەر چاوەی ئاو دەدواوە زۆر
گوتی تاکوو ئەو ئاوە بۆ خان بێ دەبێ ئیوە رمبو لە سەر شان بێ
کە سەد ساڵ لەو کێوەدا شەڕ بکەن مەحاڵە لە دمدم ئەوی دەر بکەن
رەهەندەی دەبێ لێ بدەن تا بە ئاو دەگەن، کاری میرخانە ئەو دەم تەواو
کە سەر چاوەی ئاوە کەو دەسکەوی بە لەپ زێڕی ئازا دەکەن مل نەوی
لە بۆ کێوو کەژ وەک هەڵۆ بێ رەزام بە سەر چاوەی ئاو من شارەزام
لە دوولا رەهەندەی کە بۆ لێ بدەن بە خانوی ون بوی چاوەی دەگەن
نیشانو دەدەم سولوقو چاوەکەی کە چۆن دێ لە بن عەرز را ئاوەکەی
ئەگەر ئاوی سەر چاوەکەی هەڵبڕن گەلی کورد لەو کێوە خۆ ناگرن
دەدەن خۆ وە دەس ئێوە وەک ماسیان دەبێ ون لە دنیایە دا باسیان
وەزیر ئەو قسەی کرد دەر دەم قەبووڵ کە چوون بووی بۆ وانە مەعنای قووڵ

## وەستا هێنانی وەزیر بۆ خەندەک لێدان

کە شەو رۆیی ئاڵای هەڵداوە خۆر نەڕەش ما لە سەر عەرز رەنگی نەبۆر
شەمی خۆر هەڵبوو لە عەرز و سەما دزێوی لە نێو خەڵکدا هەر نەما
وەزیر زۆر وەستای هێنانەوە لە هەڵقەندنی عەرزی بەردانەوە

کە ڕیزەی لە دوو لاوە بۆ دمدمی    ئەبەو هانە لێدا بە خاتر جەمی
لە لایێ کەوا خۆر پەیدا دەبوو    درا کاری خەندەک وەئیستا جلوو
لە لای ڕۆژ ئاوایە پەڕناک بوو    خەریکی گڵو دانەوەی خاک بوو
بە سەر کاریگەردا کە مەئموور بوون    لە بۆ دانەوەی عەرز موو زوور بوون
سەرۆکانی بێ عورزەو بێ شەرم    دەیانداوە بۆ دڕ لە عەرزی نەرم
هەتا خاک نمناکو نەرمان بوو    فڕێدانی گڵ زۆر ئاسان بوو
بە باشی بە سەر عەرزدا چوونە پێش    ئەلەو خاکە بێ زەحمەتو کێشەکێش
کە کاتی گەیشتن بە بەردو بە خار    نە دەکراوەبۆیان لەو عەرزە کار
بە پاچو قوڵینگی نە دەدرایەوە    ئەبەو جۆرە تەگبیر دەکرایەوە
دەیانگوت دەبێ ئەو بەراوبەر سەوان    بکەین ڕیز بگرین بانی ئەوان
خەیابانو کۆڵانی دا پۆ شراو    دروس کەین دەستن بگا تا بە ئاو
ئەلەو بارە دا بوون گەر دەس بەکار    قزڵباش بۆ بیشە ڕۆیین بەغار
لە هەر جێگە گەر شووڵە بی تەڕ هەبوون    بە تەورو تەوەر داس بۆ وێ دەچوون
بە باقە بی‌یان ئەو لە بیشەی ڕنی    سەوەی زۆرو ساقۆڕی زلیان تەنی
بە شەو با ڕەگڵیان دێنایەوە    لە نێو ئەو سەوە شووڵە دەکرایەوە
دەیان نانە سەر یەک بەریزو بەچین    بەرابەر، نەبوو کەس بزانێ کەچین
وەهایان سەر دا دە پۆشی تەواو    کە پەی پێ نە دەبرا لە دمدم بە چاو
بە دیمەن دەگەڵ خاک یەکسان بوو    جودا کرنەوەی چۆن ئاسان بوو؟
حەسەنخانو پەڕناک بەو ڕێگەدا    دەچوون ئەو بەرەو ژوور لەو جیگەدا
لە دوو لاوە دوو مەزنی گەورەو چەتوون    ئەبەو فێڵە بۆ کێوی دمدم دەچوون
بە خۆیانو هاواڵو هاوشارییان    خەیابان لێدان بوو کاریان
دەڕۆیین سەرەو ژوور بە دزی شەوان    بە کۆڵانی دا پۆ شراوی سەوان
بە سەد وەرهەمو حەسرەتو ڕەنجو ئێش    لە شەودا دەبوو سەنگەری بەرنە پێش
لە دوولا زیاتر لە یەک گەز نەبوو    کە سەنگەر بەرەو ڕوویی دمدم دەچوو
بە ڕۆژ کاریانبۆ نەدەکرایەوە    سەوەی شووڵە بی بۆ دەچنرایەوە
گەلێ تاقەتو هێزیان کرد بەخت    شڵو سست بوون ئەو لە ڕێگایی سەخت

## هێرشی ئەمیرخان بۆ سەر لەشکری وەزیرو شەڕی قورس

دەڕۆیی کە شەو تاقمی شەڕکەران    لە کوردان دەڕژانە نێو سەنگەران
کە دەستیان بۆ دوژمنی خۆ دەبرد    شەڕی باشو مەردانەیان ئەو دەکرد
بە دەم تیری تیژ تێپەڕی کوردەکان    دەیانکرد قزڵباش ناڵەو ئەمان

ئەجەل چون پەیامی لە بۆ لێدەدان    دەکەوتن لە مەیدانی شەڕ بێ زمان
دەباری وەکوو تەرزە گوللەی تفەنگ    بە سەر دوژمنی کورد دا بێدرەنگ
دەسووڕا لە هەر گۆشە دا ئاشی شەڕ    گوڵی عومری دوژمن دەبوو پەڕ بە پەڕ
نەما بوو لە نێو وانە رەحمو بەزە    سەری بێ بەدەن کەوتبۆ هەڵبەزە
گەلی کورد خۆیان وەک قارەمان    دەها ویشتە نێو سەنگەری دوژمنان
لەوێدا دەبۆ قرمەیی خەنجەران    خوێن بوو کە دەیبرد گۆی سەران
بریندارو کوژرا و زگ هەڵدڕاو    لە دەریایی خوێنا کەوتبوونە ئاو
تەپۆڵکە لە کوژراو دەکراوە ساز    رەوەی کەو قزڵباش بوو، کورد باز
بریسکەی دەدا شیری جەوهەر نیگار    کە دەدرا لە کەللەی سەری نامدار
قەلی رەش قڕەی بوو لە مەیدان دا    مەرگ بوو دەباری بە سەروان دا
کە شەو هات بە دڵێکی مەحزوونەوە    دوو لەشکر لە یەکتر جودا بوونەوە
هەتا رۆژ ئەو خەڵکە هەڵوردەوە    لە مەیدان شەڕیان لابردەوە
لە دوو لاوە خاموش‌و بێدەنگ بوون    بە بێ جووڵە و باس وەک سەنگ بوون

## هێرشی کوردەکان بۆ سەر سەنگەری نیعمەتوڵڵا سوڵتانی سەرۆکی سۆفیان

کە دەیدا لە کێوانە زەردەی هەتاو    شەوەی شەو دەبۆ تۆزو نەیماوە باو
هەڵستان یەکدەستە کوردی دلێر    نەبوو ترسیان ئەو لە بەورو لە شێر
لە دەرکی قەڵاچوونە سەر سەنگەری    سەرۆکێکی عاشق بە سۆفیگەری
لە بۆ شا مرویێک بوو بێ گیان    خەڵیفێکی روو رەش لە سەر سۆفیان
بە نێو نیعمەتوڵڵاه سوڵتان بوو    لە سەر دەستەیی سۆفیان خان بوو
لە یەکیان دا سۆفی‌و کوردەکان    زەوی پڕ لە ئاوازو دەنگی چەکان
کەوتبوون چەک لەو دەمەیدا وەکار    لە مەردان دەریان دێنا دەمار
هەرا کەوتە نێو سەنگەری سۆفیان    بە عەرشێ گەیی ناڵەو ئۆفیان
وەبەر خەنجەرو شیر کەدرانەوە    هەوەڵجار چل دانە کوژرانەوە
سەری خڕ دەگەڵ ریشی لوولوو درێژ    کەوتبوون وەک کوتکی تاوڵ لە لێژ
بە دەست‌و بە بازویی سەر دڵ دڕان    وەنێو وانە دەخراوە ئەودەم قڕان
لە خوێنی گەشا بوون سۆفی شەلاڵ    دەبوون ئەو بە خۆراک بۆ کوندو داڵ
مریدانی شەڕکەر بەمان‌و نەمان    نەیانداوە سەنگەر وەدەس کوردەکان
حەوت کەس لە کوردان زامار بوون    بە سووکی لە شەڕدا بریندار بوون

ئەویشیان بۆ نێو قەڵابرنەوە     هەر ئەو کاتە دەرمانیان کرنەوە
کە چون کورد لە سەر ڕێی ناحەق نەبوون     بە بێ کوشتە لەو جەنگەدا دەر دەچوون
وەهایان زەربەت لە نێعمەت دەدا     بە خۆیو بە دەستەی دەبوو بێ سەدا
وەکوو مێشەمردوو دەبوو بێ وزە     لە دەستی دەدا شادمانیو بزە
کەدەی دین تەرمەک لە دەورەوبەری     بە سۆفیگەری ئەو نەما باوەڕی

## درز بردنی بورجێکی قەڵای دمدم بە هۆی کەوتنە بەر تۆپی حەسەنخانەوە

حەسەنخان تۆپی کە دا بەستبوو     بەرابەر بە یەک بورج بێ هەست بوو
هەتا ئەو دەمەی چوونە سەر سۆفیان     کە لەو ڕۆژە دا زۆر ئەبوو خۆفیان
لە ترسان تۆپی دەخست ئەو وەکار     لە بورجی دەدا گوللەیی بێ ژومار
هەتا چل شەوو ڕۆژ هەر بێ وچان     هەزاران تۆپی ئەلەو بورجەدان
کە ئەو کارە ساتەی دەگەڵ کردەوە     لە یەک لاوە جرزێکی پێ بردەوە
بە جۆرێک بوو قەڵشو درزی ئەوی     بەوێ دا نەبوو هیچ کەس سەرکەوی
سەخت بوو کە دیوار ژوورو دەری     نە دەشکا بە تۆپی حەسەن سەنگەری
کە ئیستا جلوو جرزەکەی دی بەچاو     دڵی شاد بوو کەوتە خۆشی تەواو
گوتی کاری ئەو بورجە یەکسەر دەکەم     ئەوێ بۆ شەڕو شۆڕ سەنگەر دەکەم
بە هێرش ئەبەو جرزەدا دەیگرم     هەتا نەچمە سەر بورج هەڵناورم
هەوەڵجار چەن لاوی گورجو بەکار     دەنێرم بدەن دەوری بورجێ بەغار
هەموویان بەو جرزەدا بچنە ژوور     بکەن گومبەزی بورج بە خوێنە سوور
لە بۆ کۆمەگی وانە عەسکەر دەبەم     لە ئەمڕازو چەک شیرو خەنجەر دەبەم
کە ئەو بورجە داگیر بکرێتەوە     بەباشی شەڕی کورد دەبڕێتەوە

## ناردنی چل کەس لە لایەن حەسەنخان بۆ گرتنی ئەو بورجە بەبێ ئاگادارکردنی وەزیر

خەیاڵی لە سەر ئەوهە کۆ کردەوە     دەسی بۆ کونی ئەژدەها بردەوە
بە بێ پرسو تەگبیرو ئیزنی وەزیر     بەڕێی کرد چل شەڕکەری بێ نەزیر
هەڵاتن جووانانی لەشکر شکێن     هەتا گەینە بن بورج هەر وەک شەهێن
بە دوو وانە دا چوون دوو سەد نەفەر     زرێیان بۆ جەنگ کرد بوو لە بەر

له وانەی له پێشا له بن بورج بوون
حەوت کەس ئەبەو بورجه هەڵلا دەچوون

دەکەوتن وه سەر بورج باسێ نەبوو
له سەریان ترس‌و هەراسێ نەبوو

به شادی که لەو بورجه دەخولانەوه
به گوللەی گەلی کورد ئەنگوانەوه

سەرەو ژێر بوون هەر وەکوو تۆپه جیر
دەبوو نەرم له شیان وێنەی هەویر

نەوێرا کەسی دییکه گەر بچته سەر
به دەس کورد روحی دەچوو بۆ سەقەر

له بن بورجەکەی دا دەمەزرانەوه
نەڕۆیین بەرەو پاش‌و نەکشانەوه

که چون دێزه و روش‌و بێ شەرم بوون
به دیوار کۆڵین سەرگەرم بوون

له پشڕاوه یەک‌دەسته کوردی جووان
هەموو دەس به شەمشیرو تیرو کەوان

هەموو شەڕکەرو مەردی مەیدان بوون
هەموویان فەرمانده و خان بوون

له بۆیان وەک ئاوی جۆگەی رەوان
دەهاتن دەیانگرت دەورەی ئەوان

به شەمشێر بەر بوونه کللەی دزان
له ترسان وەک مشک له کونێ خزان

له سەر بورج بارانی تیرو تفەنگ
هەڵەرژا به سەر وانه دا بێدرەنگ

له لایەن نیگەهبانی کوردانەوه
ئەلەو بورجه دەسرێژ دەکرانەوه

نه کۆمەگ له بۆیان ئەودەم دەهات
نەبوویان ئەو رۆژه رێگەی نەجات

نەما هێزیان بۆ شەڕو بەرگری
له هەر لا کەوتبوونه نێو ئاگری

هەتا نیوه شەو شەڕکه بوو بەردەوام
نەما یەکنەفەریان بۆری زەلام

که بەو جۆره ئەوهانه کوژرانەوه
برینی حەسەن بێ دەوا مانەوه

## رەهەند لێدان بۆ دیتنەوەی سولق به پێی نەخشەی مەحموودی کێهەکانی

وەکوو باسمان کرد کاریز کەن
دەهاتن هەتا بۆ دزی لێ بدەن

نەخش کێش مەحموودی کێهکان بوو
یەکەم دوژمنی دمدم و خان بوو

رەهەنده له دوو جێگەدا لێ درا
به دەستووری مەحموود ئاوا کرا

ئەوەندەی که بن عەرز دەدرایەوه
له هیچ لاوه کانی نەبینرایەوه

دەشێوا وه سەریان لەو کاره دا
له نێو ئەو گڵی روسم‌و ئەو خاره دا

ئەلەو رێگەدا! مان وەستای فەن
که ئەو بۆ درەی بۆ کوێ لێ دەدەن؟

دەبوو بیری ئەو تاقمەی کول بەوەی
نەیان برد بەو ئاوو سەر چاوه پەی

که سەریان لەو کاره دا دەرنەکرد
پەنایان بۆ داری داوەڵ دەبرد

دەڕۆیین بەرەو پێش ئەو یەک شەقاو
له رۆژا به سەد زەحمەت‌و خاوه خاو

هەتا کوو بزانن دەچن بۆ کووێ
دەیان داوه یەک داری داوەڵ لەوێ

نیشانەی ئەگەر لێ نەبا ون دەبوو
هەموو رەنجیان خۆ بە فیرۆ دەچوو
بە داوەڵ دەبینراوە ئەو بۆدڕە
لە نێو ئەو هەموو خیزو بەردی خڕە
کە لە کوێوە دەدرێتو دەڕواتەوە
بەرەو ژوور بەو ماهیو ئاتەوە
کەژێکە چڕو سەختو سام ئاوەرە
لە بۆ شێر مەردانی کورد سەنگەرە

## ئاگادار بوونی کوردەکان لە رەمزی دار داوەڵ چەفاندنی دوژمن

گەلی کورد کاتێ خەبەر دار بووون
ئە لەو داوەڵەی وەک بەور هار بوون
لە بۆیان دەرکەوت گەر بۆ دزی
ئەوا لێدەدەن هەر بە سەر دو سڕی
ئە لەو کەینو بەینەی کە حالێ دە بوون
لە شەودا بەرەو روویی بۆ دز دەچوون
قوڵی بەگ سەری ملهوڕو ناشیان
سەرۆکی هەموو قۆرچیو چگنیان
بە هاوڕێی تفەنگداری مازەندەران
کە خۆیان نابوو لە نێو سەنگەران
هەتا پاسەوانی لە بۆدڕ بکەن
نەترسن لە خۆیان کارێز کەن
کەچی شەو بەرەنگاری بەزمو هەرا
دەبوون ئەو بە دەس کورد لەو سەنگەرا
لە شەو دا شەڕی زۆر دەکرا نەوە
جووانانی چگنی دەکوژرانەوە
شەڕی شۆڕە لاوانی کوردی دلێر
دەگەڵ وانەدا هەر نەبوو شەو بوێر
هەتا رۆیی سێ مانگ بەو جۆرە بوو
لە دوو جێگە دا ئەو شەڕو شۆرە بوو
کەرێز کەن نەبوو دەرفەتی کاریان
لە رێی خەندەکا دەرنەچوو باریان
لە نێو دمدمی زۆر کوردی گەڕۆک
کە لەزرا وو بێ غیرەتو ترسەنۆک
ئەلەو بەینەدا چوونە نێو دوژمنان
دەبوونە مشک بۆ کونو قوژبنان
وەلێ شێرە کوردانی مەیدانی جەنگ
نەبوو ئەسپی ئازایی ئەوهانە لەنگ
لە بۆ ئاوی سوڵق فیداکار بوون
لە پاراستنی مەردو هۆشیار بوون
بە بێ ترس وەک رۆستەمی زاڵ بوون
لە کوورەی شەڕو شۆردا قاڵ بوون
دەچوون ئەو بەرەو پیلی مەرگو نەمان
دەیانکرد لەو خاکەدا دێو قڕان
بە دێوەزمەیی مەملەکەت وەر دەبوون
دژی دوژمنی حیزو نامەرد دەبوون
شەڕی کورد ئەو کاتە دەیداوە دەنگ
لە نێو دەوڵەتی تورکو رۆمو فەڕەنگ
لە هەر دەوڵەتێ نێوی میرخان بوو
چ نێوێک تەیمووری دەوران بوو
بە ئازایەتی هێندە مەشهوور بوو
لە کن خەڵک هەمتای تەیموور بوو

## تەگبیری وەزیر دەگەڵ فەرماندەکان بۆ گرتنی سوڵق بە سەر عەرز دا

ئە لەو لایەوە ئەو پەڕەی هەوڵیان    لە دۆزینەوەی ئاوو چاوەی ژیان
دەداوە بە سەد جۆر کاریز کەن    نەبوو گەر ئە بەو ئاوە پەی پێ بەن
وەزیر ئەو دەمەی کەوتە تەگبیرەوە    دەگەڵ چەند فەرماندەیی پیرەوە
کە لەو کۆڕە راوێژ دەکرایەوە    ئە بەو جۆرە بڕیار دەدرایەوە
کە ڕێز کەن بکەن عەرزی خۆیان کون    ئەوانیش لە سەر عەرززا بۆی بچن
بەرەو پێش هەڵمەت بەرن روو بە روو    لە کوردان ببڕن هەناسەو پشوو
بڕۆن و بکەن گومبەزی ئاوە کون    بهێنن هەموو دارو بەردی لە بن
بەرن گەورە تۆپێ لە نێو بار دا    سەری خەن بە پەیژە بە دیوار دا
ئەوی دابەستن بەبێ بەیت و باو    بەرابەر بە داڵان و ڕێگایی ئاو
کە هاتن گەلی کورد ئاوێ ببەن    لەوانی لە داڵانە ئاور بدەن
هەتاکوو نەوێرن لە بۆ ئاو بێن    بفەوتێن بێ ئاو با هەڵمسێن
لە بن عەرزبا بۆدڕێ لێ بدەن    نە بن سست لەو کارە کاریز کەن
لە دوولا کە ئەو کارە بکرێتەوە    لە بۆ ئاو ڕێگا دەبینرێتەوە
بە مەیلی مە ئەو جارە دەوری زەمان    دەدا خول هەموو کات و وەخت و دەمان
وەهایان داناوە ئەو دەم قەرار    بکەن تاقمێ روو لە دمدم بە غار
بچن بێ ترس روو بکەن هەر لەوێ    بدەن هەوڵ سەرچاوە تا دەسکەوێ

## دەستووردانی وەزیر بە سێ ئەمیر بۆ هێرش بردن

کە کاتێکی راوێژ ئاوا کرا    وت و وێژی مەزنان لاچوو بڕا
بە سێ میر دەستووری وادا وەزیر    نەبن گەر لە نێو سەنگەری کۆنە گیر
دەبێ راگوێزن هەموو سەنگەران    بکەن روو لە سولق دەگەڵ شەڕکەران
بزانین کێ بوون ئەو میرەیە    کە نێو دێر دەکران لەو تیرەیە
موقەددەم هەوەڵ، دووهەمین سۆفیە    سێهەمیان لەو هانە پازوکی‌یە
کە نایان تیر ئەو لە ماڵی کەوان    حەسەنخان بۆ سەر پەرستی ئەوان
پیاوی لە جێ خۆیی دانانەوە    لە نێو سەنگەری کۆنە دا مانەوە
بوداقیش یەک سەنگەری بردە پێش    بەرەو سوڵق ئەو بەد فەڕی گورگەمێش
ئەوەندەی قەڵاگرتنی پێ گرینگ    دەبوو ئەو وەزیری بە بیر و زرینگ

بە تەنیا لە سەر تۆپ‌و تۆپخانە بوو    لە بۆ تۆپ‌و شیاری ئاوا نەبوو
هەتا بیست‌و یەکڕۆژ ڕۆیشتەوە    شەوو ڕۆژ تۆپی دەهاویشتەوە
ئەمیران بۆ هەر شوێنێ دەچوون    لە ژێر چاوە دێری ئەویدا دەبوون
یەکێ گەر تەختەتی بکربایەوە    بە سەد شێوە سەر کۆنە دەکرایەوە
بەوانە هەر ئەرکێ کە دەسپێردرا    دەیانکرد بێ چوون‌و چەندو چرا
دەڕۆیشت گەر ڕۆژو شەو دا دەهات    دەبوو ڕەش هەموو ڕەنگ‌و ڕووی وەڵات
دەهاتن لە کوردان لاوی تەیار    هەموو دەس بە چەک شەڕکەرو نامدار
لە دەورەی سوڵق دا دەمەزرانەوە    وەکوو مار لەو بەینە دەخولانەوە
لە بۆ شەڕ کەوا دەس بە شەمشێر بوون    لە حاندی قزڵباش دا نێر بوون
نەبوو ترس بۆ شۆڕەلاوانی کورد    لە هەر لاوە شەڕیان دەس پێدەکرد
بەوانی خودا دابوو ئازایەتی    دەیان ویست گەر لا بەرن شایەتی
لە نێو خاکی کوردان بن سەر بە خۆ    لە دەس غەیرە چیدی نەکەن با بە ڕۆ
لە جەبهەی قزڵباش‌و میرانەوە    چراو مەشخەڵێ هەڵدەگیرسانەوە
لە شەودا لە بەر ڕەوشەنی مەشخەڵان    دەیانگرت سەنگەر بەرابەر کەڵان
تفەنگچی دەیانکرد لەو کێوە جەنگ    جەرگ بڕچ بوو لەو دەمەیدا؟ تفەنگ
بە تاڵان دەیبرد ڕۆح‌و گیان    لە بەر بەندەنی پیرو لاوو جووان
دەماچی‌و تفەنگ گەر شریقەی دەهات    لە خەڵکی دەبەسراوە ڕێگەی نەجات
لە دەستەی قزڵباش کوشتەو کەلاک    ئەوەن زۆر بوو، ون ببوو ڕووی خاک
کە چون ترسەنۆک‌و کەلەزراو بوون    لە شەڕدا هەموو وەک، بەنی خاو بوون

## نیشاندانی ئەشکەوتێکی گرینگ بە لەشکری وەزیر لە لایەن مەحموودی کێهەکانی

لە لاپاڵی دمدم یەک ئەشکەوت بوو    وەکوو غاری دێوان هەڵکەوتبوو
لە ژوورا بەرین‌و گوشادو بڵاو    بە سەر سووڵقا دەیڕوانی تەواو
کە ئەو غارە داگیر بکرایەوە    بە بێ ڕەنج سووڵق دەگیرایەوە
کە دەی دیی قزڵباش بێدەست بوون    بەرابەر بە کوردان بێ هەست بوون
بە بێ شەرم مەحموودی سپڵەو خەیان    لە خزمەت وەزیر ئەو قسەی کرد بەیان
ئەگەر دەوهەوێ سوڵق داگیر کەن    ئەمیرخان بەو کارە یەخسیر کەن
ئەلەو کێوە غارێکی گەورەو زەلام    هەیە، زۆر تاریک‌و سەخت‌و بە سام
کە دەستێک ئەو غارە بگرن بە غار    دەخەن ڕەوزەوەی میری ئازا لە کار

لەوێرا بە سوڵق دەگا دەستتان     بەجێ دێ مەڕامی دڵو هەستتان
ببەستن لە کورداں ڕێگایی ئاو     لە بۆیان دانێن سەد بەندو داو
مەهێڵن کە کەس ئاو بخواتەوە     ئەلەو کانیەی دەست بشواتەوە
لە نێو دمدمی دا کە بێ ئاو بوون     دەبن شەڕکەری کورد ئەو دەم زەبوون
لە بۆ گرتنی غار گەر شەڕکەران     وەدەرخەی لە نێو خێوەت‌و سەنگەران
کە چون نۆکەری ماڵو دەرگایی تۆم     لە پێش وانە دا من بە گشتی دەڕۆم
نیشانی ئەوانی دەدەم ئاوەکەی     هەتا ویشک کەن ئاوی سەر چاوەکەی
کە بێتوو بکا چاوە تێراویان     دەکەن زیندەگی نابڕێ ناویان
هەموو هەر دەمێنن ئەلەو کێوە دا     بە ئاغا و سەرداره لەو نێوە دا
کە مەحموود دەدوا لە ئەشکەوتەوە     وەزیر خۆشحاڵی وەدڵ کەوتەوە
لەوەدواوە دەیکرد فکری لە غار     بنێرێ چلۆن بۆی مەردی بە کار؟

## بۆدڕ لێدانی ئەمیرخان بۆ ژێر ئەو غارەو هەڵاتنی حەمەد بەگی لیتان بۆ نێو دوژمن

ئەمیرخانی‌و شیار لەو لایەوە     بە کورداں یەک خەندەکی دایەوە
لە بن عەرززا بۆدڕی لێدەدا     لە ئەشکەوت گەر بێتە دەر بێ سەدا
فڕێی دا بە خەڵکی گڵی هەڵقەناو     وەها کاری ئەو بۆدڕەی کرد تەواو
بەوێدا کە چووبان یەکسەد نەفەر     لە ئەشکەوت سەریان دێنایە دەر
لە بۆ کاری بۆدڕ کە دەستی دەبرد     دەزانی کە ئەوهەی لە بۆچی دەکرد؟
لە دوژمن هەتا پشت ببڕێتەوە     لە لای سەری ڕێگە بگرێتەوە
نیگەهبان لەو غارە تا هەڵوری     لە تەنگانەدا ئەو بکا بەرگری
ئەلەو خەندەکەو کارو باری ئەمیر     دەبوو بێ خەبەر لەو دەمەیدا وەزیر
هەتا هاتە نێو لەشکری دوژمنان     مرۆییکی بێ غیرەت دوو زمان
سەفی شێرە مەردانی خاڵی دەکرد     پەنایی لە بۆ دوژمنی کورد دەبرد
لە دمدم وەدر کەوت ئەو قەشمەرە     دەچۆ خێوەتی حاتەمی یەکسەرە
سەرۆکێکی شۆفارو شەیتان بوو     چ کەس بوو؟ حەمەد خانی لیتان بوو
گوتی: ئەی وەزیرا منم خێر خاه     لە بۆ ئێوە تۆ بمدە ئەورۆ پەناه
لە خزمەت ئەتۆدا کە ڕێزم هەبێ     بە جۆرێ کە ڕێزی بە پیزم هەبێ
ئەوەی گەر بزانم لە کوردانەوە     لە بارەی قەڵات‌و ئەمیرخانەوە
تەواوی لە بۆ تۆ دەکەم من بەیان     بە قوربانی دەرگات ماڵو گیان

حەمەد گەر کردی هێندە مەدحو سەنا وەزیر زۆر ڕێزی لە بۆ دا دەنا
هەر ئەو کاتە دەیدایە پووڵو خەڵات هەتا کوو بکا بۆی باسی قەڵات
خەڵاتی کە دیی ئەو گوتی ئەی وەزیر ئەوا لێدەدا بۆدرێکی ئەمیر
بە بن عەرز دا بێتە دەر گەر لە غار دەخا سەنگەری لەشکری تۆ لە کار
کە ئەشکەوت بەو جۆرە داگیر کەن لەسەرڕا بە شەو هەڵمەت و لێدەدەن
لە دەرکت کە مەحموود ڕووی کردووە لە بۆ تۆی لەو غارە نێو بردووە
دەزانم خەبەرداری ئەو غارە بووی بە باشی کە لە کوێیە، گەر چی نەچووی
ئەبەو باسە حاتەم کەیف خۆش بوو کە چوون زیرەک‌و خاوەنی هۆش بوو
بە خۆی‌و بە دەستەی ئەمیرانەوە لە غار و لە ئەشکەوت دەدوانەوە
دەیانگوت دەبێ پێش دەستی بکەین ئەلەو خەندەکەی بەر هەڵستی بکەین
نەهێڵین ئەمیرخان لێی داتەوە ئەبەو فێڵە بۆ غار بڕواتەوە
لە پێشا کە ئەو غارە بگرینەوە لە لەپزێڕی فێڵان دەبڕینەوە
کە ئەو غارە بگرین هەر بەو زووە دەبێ تۆ بە میری نەڵێی زیندووە
ئەگەر سولقی ئەو لە دەس بچتە دەر ژیانی بە بێ ئاو ناچێتە سەر
لە سەر ئاو یا جەرگ لەت‌لەت دەکا وەیا خۆی تەسلیمی دەوڵەت دەکا

## چوونی مەحموودی کێهە کانی بە سێ کەسەوە بۆ داگیرکردنی قەڵا

لە بۆ چوونی ئەشکەوت سێ دانە لاو دەبوو ساز سەرپاک شەڕ پێ کراو
کرابوون لە ڕۆژی شەڕا ئازموون لە وێژدانی مەردانە بێ بەش نەبوون
لە بۆ شەڕ کە ئامادە دەکرانەوە وەبەر دەستی مەحموودی دەنرانەوە
چون ئەو شارەزایی بە ئەشکەوت بوو گەلێ شەو ئەلەو غارە وەرکەوتبوو
کە شەو ڕۆیی هەرسی مرۆیی بە ناو لە کێوانی گەردا گزینگی هەتاو
هەڵستان ئەو دەم لە نێو سەنگەران بە شەمشێرەوە دەس لە سەر خەنجەران
بە بەردەم قەڵادا دەڕۆیین بەغار هەتا گەینە بەر دەرکی ئەشکەوت‌و غار
کە کورد تێگەیشتن ئەلەو کارەیە کەوا نەچنە ئەشکەوت ئەو مارەیە
لە ژووری قەڵادەس بەجێ بێ وچان تفەنگیان لەو کاتەدا پێوە نان
دەیانویست لەو غارە زوو بچنە ژوور بین تا ئەلەو گوللە بارانە دوور
ئەلەو هانە یەکیان کوژرایەوە کەلاکی لە دەرگایە دەخرایەوە
کە شەو بەرگی عەبباسیانی لە بەر دەکرد تەپلەیی ڕوو ڕەشی نا لە سەر

دەواری رەشی گەر دەچۆ سەر چڵان
گەلێ ترس و لەرزی دەنا نێو دڵان

کە چا در لە سەر عەرز دەدرایەوە
شەمی خۆر سوتا وو دەتوایەوە

ئەمیران و گەورەی قزڵباشەکان
هەتا نیوە شەو دەستیان دا چەکان

نیگەهبان بوون ئەو لە سەر سەنگەران
دەیانداوە ئێشک لە دەورەو بەران

هەیانبوو ئەلەو کاتە ئامادە باش
دەسووڕان بو جەنگ وەک بەردی ئاش

دەیانکرد کۆمەگ بە چەکدارەوە
بە وانەی کەوا چوونە نێو شارەوە

هەتا کوو نە گیرێت پشتی ئەوان
بە کوردانی هەڵمەت بەرو قارەمان

ئەلەو لاشەوە کوردی غیرەت پڵەنگ
دەبۆ نێوە شەو هەر نەیانکرد دەنگ

لە پاشان هەڵستان و دوو قۆڵ بوون
بەرەو سەنگەروو غاروئەشکەوت چوون

هەوەڵیان رووی کردە نێو سەنگەران
کە سەرگەرم کەن تا وەکوو شەڕکەران

بە خۆ وە نە وەک دوژمنی نا لە بار
بگا هەر بە هاواری یارانی غار

دوهەم قۆڵ سەر کردە بوو بۆ ئەوان
کوڕی خانی لەپ زێڕ عەوداڵخان

دەچوون ئەو بە نێو خەندەکا بێ خەتەر
لە ئەشکەوت سەریان هێنایە دەر

کە پێشەنگ لەو دەستە عەوداڵ بوو
بە سەر غارو ئەشکەوت دا زاڵ بوو

لە ئەشکەوتدا تووشی مەحموود بوو
پەلاماری ئەو گورگە بێ سوود بوو

کە چون ئەو ببۆ نۆکەری دوژمنان
وەکوو مشک دەخزا لە قەڵش و کونان

سەری خۆی لەو رێگە دانایەوە
کەلاکی لە ئەشکەوت دەخرایەوە

## وت و وێژی عەوداڵ خان و مەحموودی کێهەکانی

بە مەحموود، عەوداڵ چاوی کە کەوت
گڕی گرت لە داخان وەک مێوو نەوت

بە رەنگاری یەک بوون گەر دوو بە دوو
بە شەمشێر وەک شێر بوو وی دەچوو

گوتی ئایی مەحموودی ناکەس بەچە
کە دەشکێنی بۆ دوژمنی من رەچە

دەزانی ئە تۆ چۆن پەروەردە بووی؟
لە بەر بێکەسی گەر وەکەژ کەوتبووی

کە بێ باب و بێ دایک و خاڵ بوویی
لە ماڵی مەدا تۆ کوڕی ماڵ بوویی

بە تۆ چونکە هیوای زۆرم هەبوو
لە رێزا کەسی دییکە وەک تۆ نەبوو

ئەوەی گەر دەگەڵ تۆم کردۆتەوە
چ بوو گەر لە بیر خۆت بردوتەوە؟

لە پاداش دا تۆ دەبوو وانەکەی
ئە لەو کاتە خزمەت بە بێگانە کەی

ئەگەر عاجزو دڵپڕو زیوری
چیە؟ بۆ لە جێگایێ هەڵناوەری؟

دەکەی رێنموونی بەرەی دوژمنان
بە ئەشکەوت و سەر چاوە ئاوی ژیان

کە ویژدان و ئایین و دینت هەبا
نەژادێکی پاک و ئەمینت هەبا

دەبوو تا ئەبەد روو لە دوژمن نەکەی
دلی کورد بەو کارە کونکون نەکەی

لە دمدم ئە تۆ زۆر ماقووڵ بووی     گەڵی خاوەنی پارەو پووڵ بووی
چ کەس بوو بکا وەک ئە تۆ زیندەگی؟     وەکوو خان بێ، قەت نەکا بەندەگی
وەلێ حەیف خزمەت بە شپڵەو نەزان     دەبێت بە ناسۆری جەرگو بە ژان
کە سەد ساڵ ئاور پەرستی بکەی     دەبرژی لەویدا کە سستی بکەی
کەسی خۆ لە ناکەس بکا بەرکەنار     هەر ئەو سەربڵندە لە گوندو لە شار
نەژادێ کە بەدگووزو ناپاک بێ     نەوەو پێتەکی بۆ دەبێ چاک بێ
چ جۆرێک بێ باب، کوڕ وا دەبێ     لە دڕوان هەر چەقڵ پەیدا دەبێ
لە کیفار کەی دێتە دەر غونچە گوڵ؟     لە گوڵ گوڵ دەبێتو لە چەقڵیش چەقڵ
بکەی تۆکە پەروەردە بێچوویی گورگ     دەبێ هەڵگری دەس لە جەرگو لە ورگ
لە پێشا ئەشێ چارەیی مار کەی     نە وەک بیگری خۆت زامارکەی
سەری تۆم گەر پان کرد بایەوە     دەگەڵ دوژمنی من نە دەخولایەوە
بەرابەر بە من دەس بە شەمشیرەوە     کووانێ دەوەستای بەو بیرەوە
ئەوانەی کەوا روو رەشو بیژوون     لە دنیایە دا هەر نموونەی توون
بە پاکی بگووڕایی گەر بەدسرشت     گەلی خۆت بو غەیرە بۆچی دەکوشت؟
چ چاکەت ئەلەو دوژمنەی دیتووە     لە ئێمەت کە ئەشکەوت داگرتووە

## وەڵامی مەحموود کێهە کانی

کە عەوداڵ بەو جۆرە دەدوایەوە     وەڵامی بە توندی وەها دایەوە
کوتی چاکەی تۆ لە سەر من، چیە؟     منەت بۆ دەکەی؟ چت لە سەر من نیە
ئە تۆ سپڵەی شەڕ دەگەڵ شا دەکەی     حەقی کورد لەو شایە داوا دەکەی
لە ئاقاری سەربازی ئێرانەوە     وەکوو شێر هاتوویە مەیدانەوە
مەگەر شا بە ئێوەی نەدا مەرتەبە؟     کە وا لێدەدەن کەوکەبەو دەبدەبە
دەگوترێ کە پێتان لەو خاکە خان     لە سایەی ئەوی بوونە یەک قارەمان
لە ئێوە ئەوەی گەر وەرم گرتووە     دەزانم هەموو ماڵی خوسرەو بووە
کە وابێ سپاسی شەهەنشا دەکەم     لەوی چاکەیی زۆر داوا دەکەم
لە نامەردیا من وەکوو کورد نیم     بە بایێ لە دەربار گەربێ دەژیم
کە بابت لە شا ماف داوا دەکا     لە دنیایەدا خۆی ریسوا دەکا
ئەوەی گەر ئە بەو چەشنە مافی دەوێ     نەڵێی ماف، بەندو تەنافی دەوێ
کە بەو فکرە بێتوو دلی راچەنێ     سەری خۆی لەو کارەدا دادەنێ
دەبا خۆ لە دەرگای خوسرەو بخا     لە کن شا گەڵی خۆی وەبرەو بخا
حەقی چی؟ گەلی کورد هەر وا بووە     هەر بە گژ گەورەی خۆی دا چووە

که عەوداڵ ئەوەی گوێ لێدە بوو — بە شەمشیر وەک فیل بۆ وی دەچوو
گوتی ها وەری بگرە پاداشەکەت — ئە بەو جۆرە با خول بدا ئاشەکەت
کە شیری لە کەللەی سەری دایەوە — لە سەرڕاوە دوو قەڵت دەکرایەوە
کە لاکی لەوێ دا کەوت بێ‌گیان — خەڵاتی دەبوو کفن مەردی خەیان
ئەوانەی کە زوڵو گورگ پیشە بن — وەها چاکە بێ پنج‌و بێ ریشە بن
کەڕوحمێ بە مارو بەدوو پشک کەی — بەوانە دەبێ شارەگت ویشک کەی
ئەوەندەی کەوا بۆت دەکرێتەوە — زەروو با نەمێنێت‌و ببڕێتەوە
ئەوی گەر ئە لەو غارەدا کوشتەوە — وەکوو ئەژدەها هێرشی بردەوە
لە بۆ سەر ئەوانەی لە نێو غار بوون — کە بۆ گرتنی غار وەک مار بوون
دەبۆ شەڕ لەوێدا بە شیرو تفەنگ — ببۆ گۆڕ ئەو غاری تاریک‌و تەنگ
لە سەر تاقمی جەردەو یاغیان — نەبوو دەربچێ یەکنەفەر ساغیان
هەموو بێ سەرو پێ‌و بێ لەش دەبوون — لە دنیایی رووناک بێ بەش دەبوون
کە پشکووت گوڵ غونچەی بەربەیان — بڕاوە شەڕی شەڕکەری کوردەکان
بریندار دوو بوون گیرانەوە — ئەوی دییکە سەرپاک کوژرانەوە
لە سی لاو هەر ئەو دووە دەردەچوون — ئەوانیش بریندارو زامار بوون
تفەنگچی بوو ئەووڵ لە پا زوکیان — دووەم بوو لە تیپی سفاهانیان
کە هەر دووک گیران‌و دەبرانەوە — لە زیندانی میرخان دەکرانەوە
ئەمیری مەزن چون بە ویژدان بوو — بەشەر دۆست بوو، یاری ئینسان بوو
لە بۆ ئەو دووانەی دەهێنا تەبیب — حەکیمێکی زانا بەدەردو نەجیب
بکەن تاکوو دەرمان زامی ئەوان — نەناڵن ئە بەو زامە رۆژو شەوان
بە دەستوور، دەرمان دەکرانەوە — برینی لە شی وانە برژانەوە
هەتا رۆیی چل رۆژ هەر وا دەبوون — لە زام‌و برینان ئەو چا دەبوون
سەری زام سارێژ گەر بوونەوە — ئەوانی ئیزن دان بۆ چوونەوە
گوتی خان بەو لاوی زیندانی‌یە — بە من کوشتن‌و گرتن‌و چا نیە
کە چوون ئیوە ئازادو موو زوور بوون — لە ئەشکەوت‌دا زۆر مەشهوور بوون
دەبێ هەر ئەلەو کاتە ئازاد بن — بە هۆردوی خۆتان دڵشاد بن
ئەوانەی کە ئازاری زیندانیان — دەدەن، رۆییوە، دین‌و ویژدانیان
بە فکرم دڕندەن لە سەگ کەمترن — لە نەوعی بەشەر دوورو ئینسان گرن
کە رەحمێ بە خەڵکی لە دنیا نەکەی — لە مەحشەر چ پاداش داوا دەکەی؟
کە ئەو لاوە ئازاد دەکرانەوە — لە چاکەی ئەمیرخان دەدوانەوە
بە مەردی لە دنیایە تاقانەیە — کەسێ خاوەنی رەحمە، ئەو خانەیە

دەیانکرد باسی لە لێ بوردنی     کە چەن مێهرەبانە دەگەڵ دوژمنی
عەداڵەت بڕاوە بە بەژنی ئەوی     وەکوو وی لە سەر عەرز دەس ناکەوی
کە رووکات لەو خاکە نەوشیرەوان     دەکا ماچ وەک عەبد دەرگای خان
ببینێت حاتەم کە رۆژی عەتای     لە کن خان خۆ دادەنێ وەک گەدای
لە نێو عەسکەری دابە دوو سەد زمان     ئە بەو جۆرە دەدوان هەردوو لە خان

## پەرێشانی وەزیر لە درێژ بوونەوەی شەڕ

شەڕی دمدمی بۆوە گەر وا درێژ     وەزیر بوو بەوەی زۆر داماوو گێژ
بە دەس ئەو شەڕەی وا گرفتار بوو     لە تاوان دێوانەو هار بوو
نە مابوو لە رۆژو لە شەودا خەوی     لە سەر وی ببوو تەنگ روویی زەوی
کە دەیدی قزڵباش تا چل هەزار     کوژاون بە دەس کوردی مەردو بە کار
نە دیواری دمدم دەگیرێتەوە     نە ئەو شۆڕشەی کورد دەبڕێتەوە
نە دەستی بە خانو قەڵا رادەگا     نە هاوارو دادی بە پادشا دەگا
ئەوەی گەر بە خوسرەو بگوتبایەوە     وەڵامی بە شەمشیر دەدرایەوە
ئە بەو بۆنە پەرتو پەرێشان بوو     دڵی پڕ لە دەردو غەمو ژان بوو
لە مەزنو لە میران ئەو توورە بوو     دەبوو عاجزو هەر بەڕقدا دەچوو
گوتی میر حەوساڵە یاغی بووە     لە ئێمەی گەلێ ئەو بە قڕ بردووە
لە خانی دەترسێنو ناکەن شەڕێ     زمانو بەرابەر بەوی ناگەڕێ
ئەوەندە لەوی چاوترساو بوون     لە کاتی شەڕا سست هەنگاو بوون
لە سەر ئێوە وەک شێرە خۆ بێگومان     ئەوی گەر دەبینن دەبن بێ زمان
چیە ئەو هەموو تەمبڵیو سستیە؟     هەتا کەنگێ ئەو حیزیو پەستیە؟
گەلی کورد وەک گورگو ئێوەش مەڕن     ئەوانوو کە دیی لەنگو لۆرو کەڕن
نە جەرگو هەیە جەنگ بەرپا بکەن     نە لاقو هەیە غار دەن رابکەن
شەهەنشاە ئێوەی کە کردۆتە میر     چلۆنی خەیانەت دەچێ ئەو لە بیر
هەمووتان ئەو زۆ خەیانن بە من     ئەگەر شەڕ بکەن کێو دێنن لە بن
لە رۆژی شەڕا خۆو وەدوا دەدەن     بە دەعیە لە نێو خەڵک خۆ بادەدەن
لەوەدوا کە بەو جۆرە رەفتار کەن     دەبێ روو لە زیندانو سەردار کەن
بزانم کە یەکتان ناکات شەڕ     لە دنیای ژینی دەکەم دەر بە دەر
ئەمیران بەو باسە دڵتەنگ بوون     دەلەرزینو بێ رووو بێ رەنگ بوون
لە بەر ئەو وەزیرەی دەپاڕانەوە     گەلێ عوزریان بۆ دەهێنانەوە
دەیانگوت دەبێ تۆ ببووری لەمە     بە ئێمە نەکا خەڵک تاکوو گەمە

که چاووت بپۆشی له تاوانمان
دەبەخشین زێڕی دڵو گیانمان
به تۆ لەو شەڕو شۆڕەدا ئەی وەزیر
دەبەستین ڕێگەی ژیانی ئەمیر
له چەن لاوە ئەو جارە هێرش دەبەین
به توندی له نێو دمدمی دەردەکەین
که بەو جۆرە فەرماندە دەدوانەوە
وەزیر شاد بوو کەوتە دڵدانەوە

## خۆ ئامادە کردنی قزڵباش بۆ گرتنی ئەشکەوت

له پاش ئەو وت‌و وێژە حەوسەد نەفەر
دەیانکرد ئەسبابی جەنگی لە بەر
هەموو زیرەک‌و چوست وەک باز بوون
لە بۆ گرتنی ئەشکەوت ساز بوون
لە دەستەی حەسەنخانی ئیستا جلوو
کە هەر یەک لەوانە بە سەد کەس دەبوو
هەموو لاوی کارامەو سادە بوون
لە بۆ گرتنی غار ئامادە بوون
دەیانبرد بە کوڵان ئەو توێشووە
بکا تاکوو بەشیان یەک هەینووە
کە بێ نان لەو غارە مابانەوە
دەمردن لە برسان‌و دەبڕانەوە
لە چەکدا دەبوو هێزی دوژمن تەیار
بە سەف بوون بۆ چونی ئەشکەوت‌و غار
حەسەنخان رووی کردە خزمەت وەزیر
کە ئیزنیان دا زاڵی زاناو پیر
گوتی دەستەیێ لاوی شەڕکەر دەچن
بهێنن هەتا دمدمی خۆ لە بن
هەوەڵجار ئەشکەوت داگیر ئەکەن
لە ئاوێ لە پاشان تەگبیر ئەکەن
بدەی تۆ کە دەستوور ئێستا دەڕۆن
چون ئەو هانە فەرمانبەرداری تۆن
بە دڵ گوێگری ئەمرو فەرمانتن
کەمەر بەستەیی عەهدو پەیمانتن
کە ئەمرێ بکەی بۆ مەرگ حازرن
دەقیقێکی لەو کارە خۆ ناگرن
لە تۆ راووتەگبیر داوا دەکەن
بە هەرچی بفەرموویی ئاوا دەکەن
وەزیر بەو قسەی زۆر بوو موشکڵی
ئەلەو ئیزنەدا کەوتبۆ دوو دڵی
گوتی من دەترسم کە بێتوو بچن
لە بەر دەستی کوردان دا دەر نەچن
بکوژرێن وەک جاری پێشوو تەواو
نەمێنێ لە نێو وانە یەکدانە لاو
چون ئەو غارە ڕێگایی سەخت‌و چڕە
سەراسەر پلەو شاخ‌و بەردی خڕە
کەسێ گەر لە بەر دەم قەڵارا بکا
دەبێ خۆی بۆ گوللە ئەو دابکا
لەوێ کورد خۆیان داگرتووە
چەک‌و چۆڵیان بۆ شەڕێ بردووە
ئەوەی گەر بچێ گوللەیی لێدەدەن
کە کوشتیان ئەو جارە رووتی دەکەن
کە لەو فکرە دا دۆش دامایەوە
گرێ پووچکە کەی بۆ نەدەکرایەوە
حەسەنخان پاڕاوە ئەو دەم گوتی
کە ئیزنم بدەی من بە پایی پەتی
دەچم هەر بە دوو وانە دا شەو بە غار
دەگەڵ خۆ دەبەم لاوی شەڕکەر هەزار
لە کوردان ئەکەم دەس بەجێ بەرگری
لە غارا هەتا لەشکرم هەڵوری

وەزیر حورمەتی گرت بێشک لە خان   لە بۆ چوون ئەو کاتە ئیزنی دەدان
گوتی تۆ بچۆ قارەمانی بکە   ئەلەو هێزە شەو پاسەوانی بکە
مەترسە بەرنگاری کوردان بە   لە پشڕاوە گیان وەرگری وان بە

## دەستووری وەزیر بە دوو ئەمیری پایە بەرز بۆ کۆمەگی حەسەن خانی

کە راوێژ بەو جۆرە دەکرایەوە   بە دوو میر فەرمانی وا دایەوە
دەبێ ئێوە خۆتانو سەربازەکان   لە خۆ دەن چەکو چۆڵو ئەمرازەکان
بکەن کۆمەگی خانی ئیستا جلوو   نەبن تا بە کوردان بێ ئابڕوو
هەوەڵیان لەو دوو ئەمیری نەفام   قەبان بێگدڵی پێ دەگوترا بە نام
دوهەم بوو قوڵیخانی ئاجرلووە   بەور بوو لە بۆ جەنگ ئەو بەد خووە
ئەوانیش سەربازیان دا لە سان   کە بۆ دوو هەزار ئەو دەمەی رادەسان
لە شەو دا هەموویان حازر دەبوون   ئەگەر چی لە بۆ غار رۆژێ دەچوون
لە کێوان کەدراوە زێڕی هەتاو   لە روویی زەوی نوور دەکرا بڵاو
هەڵستان چەکدار دووبەدوو بە غار   دەیانکرد حەوسەد نەفەر روو لە غار
دەیان دی کە کوردان لە خوارەوە   ئەوا دەستەیێ دەچنە نێو غارەوە
لە نێو دمدمی گوللەیان پێوە نان   گەلێ بوون لەو ڕێگەدا بێ گیان
بە هەر جۆر بوو چوونە ئەشکەوتەوە   لە سەروان فیتنەو هەرا خەوتەوە
لە بەینی قزڵباشو کوردان دا   شەڕ ئەو رۆژە قەوما لە مەیدان دا
لە هەر لاوە هەر گوللە باران بوو   بە تۆپو تفەنگانو تیران بوو
لە بەر دووکەڵی گوللە تۆپو تفەنگ   ئەلەو رۆژە دنیا دەبوو رەش بە رەنگ
گەلێ کەس دەکوژرانو زامار بوون   ئەوەی مان لە گیان بێ زار بوون
ئەوانەی کە ئازا و دڵپاک بوون   ئەلەو رۆژە دا شێری بێ باک بوون
هەتا بوو بە شەو هەر ئەبەو جۆرە بوو   شەڕی تۆپ لەو کاتە دا نۆرە بوو
لە یەکتر لە دوو لاوە دەدرانەوە   خەڵک زۆر لەو کێوە کوژرانەوە
چون ئەو کاتە بوو سەنگەری کورد قەڵات   زیانێکی گەورەی بە سەر دا نەهات
شەهێنی ئەجەل کەوتە ئەو لایەوە   لە دورەی قزڵباش دەخولایەوە
کە رەنگ زەرد بوو رۆژو ون بوو وەڵات   بە دوویدا شەوی پڕ خەتەر دا دەهات
لە کوردان یەکدەستە هەستانە پێ   هەموو خاوەنی رمبو شیرو زرێ
گەلێ شەڕکەرو پڕ دەمارو بەکار   نەبوو ترسیان ئەو لە ئەسفەندیار

به نێو خەندەکا چوونە ئەشکەوتەوە
دەقەوما شەڕی توند لەو جێگەدا
کە دەیدی حەسەنخان کاتێ بە چاو
بە خوی‌و بە هێزی ئەمیرانەوە
بە هاواری‌ئەو تاقمەی خۆ دەچوون
لە ژوورو دەری غار دا بوو بە شەڕ
قزلْباش کەوتن وەکوو لێزەوار
لە حەوسەد نەفەر گەر لە نێو غار بوون
ئەوی دیکە کوژران‌و پا بوونەوە
لە دەستەی حەسەنخان نۆسەد نەفەر
بەیانی گەلی کورد دەکشانەوە
ئەوەن زۆر بوو لەشکری دوژمنان
وەلێ چارەیی پێ نەدەکرایەوە
کە داگیر دەکراوە ئەو غارەیە
هەر ئەو کاتە بۆ توپ سەنگەر کران
تفەنگدار لەو غارە جێگیر بوون
کە کوردێک ئاوی دەکێشایەوە
لە شەودا دەبوو چەند کوردی جووان
دەبۆ شەڕ لە سەر ئاوی ژین‌و حەیات
لە کوردان دەدراوە تۆپ‌و تفەنگ
لە نێو گومبەزا پاسەوانانی کورد
لە دوژمن نە وەک گومبەزی داگرن
نەهێڵن کەوا ئاو بێ بۆ قەڵات
ئەبەو جۆرە رەفتار دەکرایەوە
هەتا هەڵکشاسەنگەری دوژمنان
دەهاتن بە وردی بە بێ بەیت‌و باو
بە تاڵۆو کە کونیان گەر تێ دەکرد
لە بۆیان دەرکەوت سەرچاوەکە
گەلی کورد شەڕیان چوون بوو لە سەر
خەریک بوون رێگایە هەموار کەن
دەیانکرد شەڕ ئەو لە نێو خەندەکان

شەڕو شۆر دووبارە هەڵکەوتەوە
لە دەورو بەری غارو لەو رێگەدا
ئەلەو. گازە دا یەک شەڕی بەر بلاو
بە رمب‌و تفەنگ‌و بەشیرانەوە
نەبن تا بە دەس کوردی شەڕکەر زەبوون
نە ویشک ئەبەو ئاگرەی ما نە تەڕ
دەماری ئەوانی بڕی رۆژگار
سەدو چل مرۆیان لێ دەر دەچوون
لە مەیدانی دنیایە دەر چوونەوە
لە مەزرایی ژین ئەو شەوەی چوونە دەر
قزلْباش لەو غارە دا مانەوە
ئەگەرچی لەوی خستبوو کورد قڕان
بە شێکی لە ئەشکەوت دا مایەوە
بە شەڕ، پڕ دەبوو لەو هەموو مارەیە
بەرەو گومبەزی ئاو دا بەستران
هەموو نۆجووان بوون نەک پیر بوون
بە گوللان ئەو دەم دەکوژرایەوە
بچن ئاو بێنن هەتا کوو بەیان
لە بۆ ئاو دەکراوە هەر شەو خەبات
دەبوو ئەو حەوزخانە بە خوێنە رەنگ
ئەلەو ئاوەیان بەرگری هەر دەکرد
هەموو ئاوی سەر چاوەکەی هەڵبڕن
لە شەڕ تا وەکوو کورد دەس بەربدات
گەلێ کوشتە لەو رێیە دەدرایەوە
لە سەر خۆ لە نێو قەڵشە بەردو کونان
گەیشتن بە سەربانی عەمباری ئاو
پەیان ئەو بە سەر چاوی ئاوێ دەبرد
کە لە کوێوە دێ جۆگەیی ئاوەکە
ئەلەو کارە مابوون ئەو بێ‌خەبەر
ئەبەو رێگەدا غار رزگار کەن
لە رۆژا بە تیرو تفەنگ‌و چەکان

له دوژمن هه‌تا کوو بکه‌ن به‌رگری    نه وه‌ک لێ بدا بۆ قه‌ڵا بۆدڕی

## ئاور تێبه‌ردانی حه‌وزخانه له لایه‌ن قزڵباشه‌کانه‌وه

وه ده‌ستی قزڵباش گه‌ر که‌وت بان    به فه‌رمانی میران‌و گه‌وران‌و خان

له نێو ڕۆیی هه‌ژده له قوربان‌دا    کرا کاییکی زۆر به کونانـدا

له نێو به‌ندی سوڵق که ئاور درا    به دووکه‌ڵ حه‌وزخانه ئاخندرا

هه‌تا پاسه‌وانانی کورد ده‌رکه‌ون    له‌وێ چون به دووکه‌ڵ نه‌بێ ناڕه‌ون

که له‌و جێگه‌دا با نیگه‌هبانیان    چ که‌س بوو که داگیربکا کانیان

به دووکه‌ڵ ئه‌گه‌ر قانگ ده‌درانه‌وه    له نێو سوڵقا رانه‌وه‌ستانه‌وه

که خۆیان له‌و دووکه‌ڵه‌یدا نه‌جات    به سه‌ر ڕه‌و ده‌ڕۆیشتن ئه‌و بۆ قه‌ڵات

نیگه‌هبانی کوردان گه‌ر چوونه ده‌ر    حه‌وزخانه بوو ئه‌و ده‌مه‌ی بێ خه‌ته‌ر

له سه‌رڕا قزڵباش بۆی چوونه‌وه    له ئاوو له سه‌ر چاوه به‌ر بوونه‌وه

ده‌یان به‌ست ڕێگایی ئاوی قه‌ڵا    ئه به‌و کاره عاله‌م ده‌بوو به‌ر به‌ڵا

که گرتیان پێشی به لیته‌و به خشت    به‌بێ ئاو کوردیان له‌و کێوه کوشت

ده‌یاندی که کورد ئه‌وهه کاتێ به چاو    ده‌هاتن له بۆ به‌رگری شۆڕه لاو

له بن ئه‌و قه‌ڵاته‌ی ده‌قوما هه‌را    ئه له‌و شوێنه‌دا جه‌نگ ده‌س پێکرا

شه‌ڕێکی گه‌لێ گه‌وره‌و قورس بوو    له بۆ خه‌ڵک ئه‌و جێگه‌ی ترس بوو

مه‌زه‌ی خه‌نجه‌رو شیرو باڕووت بوو    که له‌و خاکه‌دا بۆ خه‌ڵک قووت بوو

له سه‌ر سینگ گه‌رڕمب ڕمبه‌ی ده‌هات    ده‌بوو کون وه‌کوو میخ بڕاوو له تات

به تیران دڵ پاک دابێژ بوون    ئه له‌و جه‌نگه‌دا شێری دڕ گێژ بوون

ده‌بیسرا له تۆپێ که لووره‌ی له‌دوور    به‌تۆ وابوو گه‌ر فویه ده‌کرێ له سوور

ده‌یانبرد گه‌ر کورد ئه‌و هێرشه    له بۆ دوژمنی به‌د فه‌ڕو ڕوو ڕه‌شه

له به‌ر ئه‌و هه‌بوو ئاو وه‌رگرنه‌وه    ملی دوژمنی کورد هه‌ڵبڕنه‌وه

که چون دوژمنی وان بوو بێ ژومار    نه ده‌خرا به کوشتارو گرتن له کار

له شه‌ڕدا نه‌بوو سست کوردی ڕه‌شید    به بێ ترس بوو گه‌رچی ده‌یدا شه‌هید

ده‌چۆ پێش وه‌ک به‌ور له‌و دوژمنه    له سینگ‌و له جه‌رگی ده‌کرد سه‌د کونه

شه‌وو ڕۆژ بۆ دوژمنانی ده‌چوو    له تیرو له شه‌مشیر باکی نه‌بوو

به تۆپێ له شه‌ڕدا نه‌ده‌شکانه‌وه    به فیلانی ئازا نه‌ده‌برانه‌وه

ئه‌وه‌ن زیره‌ک‌و چوست‌و چالاک بوون    له زۆری قزڵباش بێ‌باک بوون

به جۆرێ له خۆیان ئه‌و را ده‌دی    که یه‌ک بێته مه‌یدان بۆ دووسه‌دی

کۆری دمدمی عاشقی جه‌نگ بوون    هه‌موو پاڵه‌وانێکی یه‌کڕه‌نگ بوون

## برینداربوونی عەودالّ بەگ کوڕی لەپ‌زێڕ

لە کاتێ کە سەرگرمی پەیکار بوو      کوڕی خان، عەودالّ زامار بوو
کە هێنای ئەو شێری ئازا برین      لە دوژمن گەلی کورد دا چوو بە قین
دەسی بۆ چەک‌و چۆڵ گەر بردەوە      هەتا زردە پەڕ هەر شەڕی کردەوە
بە تۆڵەی ئەوی زۆریان سەر بڕین      بە خەنجەر زگ‌و پشتیان هەڵدڕین
نە وێران گەر کورد بەو دوژمنە      بە شەڕ وانەبوو دەرپەڕن لەو کونە
بە ناچار بۆ دمدمی چوونەوە      هەموویان بەو باوەڕی روونەوە
دەیانکرد تەگبیری سەرچاوە ئاو      بخەن چۆن ئەو دوژمنەی خۆ لە داو
قزڵباش گەر کورد دەکشانەوە      لە نێو گومبەزی حەوزدا مانەوە
تفەنگداری مازەندەرانی لە وێ      گەلێ دا دەمەزران هەر دەس بە جێ
بەوانە حەوزخانە ئەسپێر درا      نیگەهبان بۆ دەورەکەی نێر درا
دەگیرا وەکوو چیغ دەورەی ئەوی      بە چەکداری مووزووری باسک قەوی
دەرو ژوورەکەی پڕ لە چەکدار بوون      لەوانەی کە تینووی پەیکار بوون
نەماوە لە وێدا ئەوەی میر بوون      بەگورجی بەرەو سەنگەری خۆ دەچوون
وەزیر بوو کە ئاسوودە ئەو دەم دڵی      لە تۆپخانەڕا چۆوە بۆ مەنزڵی

## جیرەکردنی ئاو لە لاین میرخانەوە لە بەینی خەڵک

کە لەپ‌زێڕ سەرچاوەکەی هەڵبڕا      نەبن تا وەکوو خەڵکی دمدم قڕە
شەوێ ئەو دەگەڵ گەورە گەورەی بە ناو      کە دەدواوە دەیکرد راوێژی ئاو
گوتی ئاو ئەوڕۆ دەکەم جیرەبەند      بگاتا بە بێچارەی دەردمەند
دەبوو چونکە ئەو بیرە یەکجار قووڵ      لە کن گەورە مەردان دەکرا قەبووڵ
کە شەو رۆیی فەرمانی دەر کرد خان      بە کوردی ئە بەو جۆرە بۆ کوردەکان
خەڵک بێ ئە لەو حەوزە گەورەی قەڵات      کەرو ئێسترو ئەسپ تا ئاو دات
پەرێشان تاکوو نەبێ حاڵیان      لە بۆ خواردنی خۆو منداڵیان
لە ئاوی سەهۆڵخانە بۆ خۆ بەرن      ئە لەو کارە بێ لەمپەرو بێ سەرن
کە میللەت ئەوەی بیست دڵشاد بوون      لە ئاخ‌و غەمی ئاو ئازاد بوون
لە جاران چاتر قەڵا داری‌یان      دەکرد گەر رەوی هەوری غەمباری‌یان
بەرابەر بە دوژمن لە مەیدان بوون      لە بۆ شەڕ وەکوو جاری جاران بوون
نە سستی بە سەروانەدا هاتبوو      نە بۆ ئاو عالەم کزو مات بوو
نەشین‌و نەگریان‌و نە ناڵە بوو      نە هاوارو رۆ رۆ نە زاڵە بوو

ئە بەو حالە بیس ڕۆژ دەکراتەواو — نەبوو عالەمی نێو قەڵا دوورە ئاو
چ دەم بوو کە سوڵق دەگیرایەوە؟ — لە میرخان ئەو ئاوە بەسرایەوە
هەوەڵ ڕۆژی سەرتایی زستان بوو — کە بۆ جەنگ ئەو جێگە مەیدان بوو
لە زستاندا بەفر چون کەم هەبوو — بە قەندیل دا باروکەر دەردەچوو
بەفر وانەبوو ڕێگە ببزێتەوە — لە سەڵتەو سواران‌و نەکرێتەوە
هەوا چونکە لەو کاتەدا نەرم بوو — نە سەردو سڕو سوڵو نە گەرم بوو
نە وابوو کە گوتبات بێ ئاگری — بە شەو کەس لە سەحرایە خۆ ناگری
لە بەر ئەو هەبوو جەنگ دەکرانەوە — لە بەینی قزڵباش‌و کوردانەوە
نەگیراوە سوڵق هەتاکوو بەهار — ئەگەرچی لە دەورەی ئەوی بوون مار
لە سێ مانگی زستاندا شەڕهەبوو — نەوەد ڕۆژ یەکدەم کوێرەی نەبوو
بە خێنی هەزاران لاوی بە هەست — حەوزخانە گیراوو دەخراوە دەست
ئەوەش ئاوەتی شایی ناپاک بوو — کە بۆ کوشتنی خەڵک زەححاک بوو
نە ڕۆحمی ئە بەو لەشکرەی خۆ دەکرد — نە مافی ژیانی دەبەخشی بە کورد
لە بۆ کوشتنی کوردەکانی بە کار — لە دین‌و لە ئیسلام دەدوا بە زار

## بارینی بەفرو باران لە بەهارو بێ نیازی ئەمیر لە ئاو

کە زستان ڕۆیشت نەوروز هات — دەبوو شین‌و سەر سەوز ڕوی وەڵات
دەیانکرد هەور گرمەو ناڵە ناڵ — لە سەر شای زستانە چون بون زاڵ
نەمابوو کە دەوران‌و زوڵمی ئەوی — دڵی شاد بوو کێوو دەشتی زەوی
دەهاتن بە سەرڕەوو نەدەبڕانەوە — بە بەفرو بە تەرزەو بە بارانەوە
هەتا ڕۆیی یەک مانگ بەو جۆرە بوو — شەوو ڕۆژ بێ نێو بڕو نۆرە بوو
لە هەر لاوە سێڵاو هەستانەوە — بە ئاوی کەژو کێو خووسانەوە
دەرو دەشت سەرپاک تێراو بوون — هەموو بیرو چاڵاو پڕ ئاو بوون
لە بەفرێ سەهۆڵدان ئاخندرا — کە لێن‌و کون‌و قوژبنی پڕ کرا
بە فەرمان‌و ئەمری خوداوەندی ڕاز — لە ئاوی، ئەمیرخان بوو بێ‌نیاز
هەتا بوو بە پاییز ئەو بوویی ئاو — ئەلەو کێوە ئاوێکی زۆرو تەواو
بەقیرۆ دەچوو گرتنی سولقە — شەڕو کوشتن‌و بەزم‌و کێشەو ڕقە
وەزیرو ئەمیران ناکام مان — ئەلەو کارە دا بێ سەرەنجام مان
وەکوو جاری هەووەڵ قەڵادارەکان — دەیانبرد شاڵاو بۆ مارەکان
نەکوژران‌و نەشکان‌و نەبڕانەوە — وەکوو یۆ لەو کێوە دا مانەوە
بەهارێ کە بوو بەفرو بارانە زۆر — بە بێ ئاو دمدم نەگیرا بە زۆر

بە سولق کە کارێک نەبراوە پێش      دڵی بوو وەزیر ئەو دەمەی پڕلە ئێش
گوتی وا بە میران‌و سەرلەشکران      کە کاتێکی بۆ کۆڕ دەعوەت کران
ئەوا ئاو بۆ خان پەیدا بووە      چلۆن دێتە بەر حوکمی من بەو زووە
بە سەد دەرد سەرچاوە بیندرایەوە      کەچی ئەو شەڕو شۆرە نەبڕایەوە
خەیاڵم وەها بوو کە بێ ئاو بن      دەهێنم بە یەک رۆژ دمدم لە بن
وەلێ لوتفی یەزدان بۆ وانە هات      لە تەنگانە ئەو تاقمەی دا نەجات
لە سەریان باران‌و بەفری دەڕشت      بیان بێت لەو کێوە تاکوو بڕشت
دەبێ رێگەیی دیکە پەیدا بکەین      بەرین تاکوو ئەو ئەژدەهایەی لە بەین
هەر ئەو کاتە بڕیار دەدرایەوە      لە سەر ئەوهە تەگبیر دەکرایەوە
نەدەن دەم لە رابردووان‌و چووان      هەڵستن بە هێزی دەس‌و بازوان
قەڵاتی ئەمیرخان داگیر کەن      کەژی بەرز بێ گەورەو میرکەن
کە سینگی وەبەر کاری ئاوا نەدەین      دەسی خان لەو جەنگەدا با نەدەین
شەڕی دمدمی هەر دەمێنێتەوە      غەم‌و دەرد بۆ ئێمە دێنێتەوە
بەگورجی دەبێ روو لەکووچەی سەوان      بکەین تاکوو بدرێت هەڵمەت لەوان
کە لێدەین تەڕدەست کووچەی سەوە      لە بۆ چوونی دمدم فکر هەر ئەوە
کەسێ گەر سەوەی چاک دەچنێ لە بار      ئەشێ شل نەکا دەست ئەورۆ لە کار
وەکوو جاری جاران با بی چنێ      لە سەر یەک هەموویان ئەو هەڵچنێ
بەرابەر بە جۆرێک نێوانیان      هەبێ بێ بە کووچەو بە داڵانیان
ئەگەر دمدمی ئێمە بگرینەوە      بەوێدا دەبێ رێگە ببڕینەوە
دەنا ناکرێ چارەیی دەردمان      دەکوژرێ هەموو شەڕکەری مەردمان

## سەردانی وەزیر لە حەسەنخان‌و سەنگەری سەفەر قوڵیبەگ

بەرەو سەنگەری خانی ئێستا جلوو      وەزیر رۆیی ئەوکاتە بۆ وێ دەچوو
لەوێڕا وەکوو ئاو چوو هەڵقوڵی      لە بەردەم حەشاری سەفەر بەگ قوڵی
ئەلەو سەنگەرەی دا دەمەزرایەوە      بە خۆیو بە گاردی شەهەنشایەوە
سەفەر بەگ قوڵی گەورەی وانە بوو      لە دەربار بێ جێوو رێگانە بوو
کەرستەی شەڕێ زۆر کۆ کران      وەبەر دەستی مەزنانی ئازا نران
دەیاندا هەوڵ تا وەکوو سەر کەون      نەهێڵن کە کورد لەو کەژەی بسرەون
بە کار ئەو سەوەچنانە سەرگەرم بوون      وەکوو مێو لەو کارە دا نەرم بوون
لەڕێی دوور گڵیان دەهێنا بە کۆڵ      دەیانکرد سەوەی شووڵە بی پڕ لە خۆڵ
بەرابەر بە یەکیان دانانەوە      لە بۆ شەڕ لە نێو ئەو خەیابانەوە

بەرەو ژوور سەنگەر بە سەنگەر دەچوون    دەنا هێندە بێ ترس و ئازا نەبوون
لە بەر دەم ئەوانەی کە کارێزیان    لەوی لێدەدا تا وەکوو هێزیان
نەبێ سست، یەک مۆرە داری سەخت    کشابوو لە سەر عەرز پان و تەخت
ئەلەو دارە ئاسن درابوو بە میخ    کرا بوو لە دەورەی ئەویدا بە چیغ
بە پێچک خەڕەک دارو گەردونەبوو    لە سەر چەرخ بوو گەر بەرەو ژوور ئەچوو
لە پش وێوە وەستا دەیانکرد کار    سەراسەر لە شەو دا بە کەیف و دەمار
نەیان بوو ترس چون لە گوللەی تفەنگ    دەیانکرد بە شەو کاری کوتک و قوڵەنگ
ئەبەو جۆرە گەزگەز بە شەو چوونە پێش    بە دەردی سەری زۆرو سەد کێشەکێش
دەگەڵ ئەوهەشا، شەو بوێری نەبوو    کەسی کەس لە دوژمن بە کوشتن دەچوو
حەسەنخان سەرداری ئیستا جلوو    بە خۆیوو بە ئەلیاسی قەرداغلوو
دەگەڵ میر فەتتاحی مین باشیان    تفەنگچی لە دەورەوبەری ئیسفەهان
وە سەر کەوتن ئەو هەر بە کووچەی سەوان    نەبوو کەس بکا بەرگری خۆ لە وان
کە چون کورد بوویان جەنگ و هەرا    نەپڕژانە سەر فکری ئەو سەنگەرە
دەهاتن هەتا گەینە بورجی دەرێ    لە بن وێوە ئەو چوونە نێو سەنگەرێ
چ قوللیک بوو؟ داڕژا بوو لە خار    لە دمدم بە دەر بوو بە بورج و حەسار
لە ئێراندا خاوەنی نێو بوو    چون ئەو سەنگەری دمدم و کێو بوو
کە تا حەشر ئەو بورجە مابایەوە    دەسی کەس لە دمدم نەدەدرایەوە

## باسی لە قَرابەگ سەردارێکی ئەمیرخان

قەرابەگ وەکیلی ئەمیرخان بوو    ئەلەو بورجە دا ئەو نیگەهبان بوو
دلێرێکی ئازا و بێباک بوو    لە ڕۆژی شەڕا چوست و چالاک بوو
لە نێو خەڵکدا زۆر مەشهوور بوو    ڕەشیدێک بوو، مەردو موو زوور بوو
ئەویش چون لە هەر لاوە دەیکرد شەڕ    لە کاری سەوە چنان بوو بێ خەبەر
کەرێز کەن کە چەن ڕۆژ کردیان کار    گەیشتن بە دیواری بەرزی حەسار
بەوێ گەر گەیشتن بە شەو مانەوە    لە دیواری ئەو بورجە دەدوانەوە
خرا بوو لە دیوار چەن مۆرە دار    بکەن تا قفڵ بەند شورەی حەسار
لە نێو چینی دیوار دەخزانەوە    قفڵ بەند بەوداره دەکرانەوە
دەیان دین گەر دار کارێز کەن    هەر ئەو کاتە ئەو بیژووەی نا ڕەسەن
بە نەوتێ هەموویان ئاور دەدان    گڕوو مەشخەڵی ڕۆیی بۆ کاکەشان
کە ئەو داری دیوارە سووتانەوە    قوڕو بەردی ئەو بورجە پچڕانەوە
بەرەو پێش ورگ و زگی دایەوە    لە یەک لاوە ئەو بورجە رووخایەوە

هەرەس هات یەک تاقمی پاسەوان     دەگەڵ خۆ دەهێناوو مردن ئەوان
لەش‌و کەللەیی وانە کەوتن لە دۆڵ     لە نێو تات‌و بەردار دەبوون ئەو خڕۆڵ
لە دیواری ئەو بورجە قەڵش‌و کەلێن     وەدەر کەوت درزیک بوو دڵتەزێن
کە چون قوللە سەددی قەڵابوو لە کێو     هەتا ئەو هەبا کەی دەگیرا بە دێو
کە رووی داوە روو داوەیی وا وەزیر     گوتی ئەی حەسەنخانی رووناک بیر
کە دوژمن ئەلەو کاتە مات‌و کشە     دەبێ تۆ هەڵستی بەری هێرشە
بە شەڕ ئێمە ئەو بورجە دەگرینەوە     لە کوردان رێگایە دەبڕینەوە
کە ئەو قوللە ئەوڕۆکە داگیر کەین     قەڵاتی وەبەر تۆپ‌و گوللەی بدەین
لە بەینی دەبەین ئەو قەڵاتی سەخت     دەکەم میری ئازای کورد بەدبەخت
بە غیرەت وەکوو رۆستەم‌و قارەمان     لە پیتۆڵیا پیرەزاڵی زەمان
لە شەڕدایە ئەو شێرە حەوساڵ‌و نیو     بە نامان شاهەنشەهی دا فریو
کەنەی هێشتبا شا لە رۆژی هەوەڵ     دروسکا قەڵاکەی دەبوو وا بە کەڵ؟

## دەستووری حەسەنخان بۆ هێرش بۆ سەر قوللەو بورجەکان

کە دەیبیست فەرمان‌و دەستوورە خان     کردی ئەمر ئەودەم بە سەربازەکان
بەرن هێرش‌و قوللەبگرن تەواو     بووە تا کوو دیواری ئەو زگ دڕاو
شەڕی پاسەوانانی پێشوو بکەن     لە نێو بورج دا، روو بە روو تەن بە تەن
وەدەر نێن کوردان لەو کێوە دا     دەکەن فیتنەگێڕی ئەلەو نێوە دا
بە شەو نیمە من خەو لە ترسی ئەوان     دەکەم دێڕی مەشقی شەڕی کورد رەوان
هەتا شەڕ هەبێ خەڵک ئاسوودە نین     بە ناڵەو غەم‌و ژین‌و وەرهەم دەژین
ئەگەر دێوی شەڕ لابچێ زەمزەمەی     لە سەرمان بێ غەم دەبین ئەو دەمەی
ئەوەی گەر دە فەرموو بە عەسکەر هەزار     دەیانبرد بۆ بورج هەڵمەت بە غار
ببوو چونکە دیواری ئەو لەت لەتە     لە سێ لاوە بۆیان ئەبرد هەڵمەتە
قەرابەگ بە خۆیو نیگەهبانەکان     وەکوو شێر بردیان دەس بۆ چەکان
بەرەو روویی ئەو لەشکرەی بێ ئەمان     دەهاتن بە شەمشیر وەک قارەمان
لە حەوشێی ئەو بورجە دا بۆ هەرا     دەکەوتن لەوێدا لەشی بێ سەرا
بە دەستی قەرابەگ دلێری بە گوڕ     دەچوو نیوەیی لەشکری شا بە قڕ
بە خێنی قزڵباش پڕ بوو حەسار     شەپۆلی دەدا هەر لە گۆشەو کەنار
پیاوانی دەورەی قەرابەگ هەموو     دەکوژران یەکیان لێ دەر نەچوو
بە تەنیا ئەلەو حالە دا مایەوە     بە شەڕ ئەو دەچو پێش‌و نەکشایەوە
لە هەر دەستەیێ روویی گەر تێدەکرد     بە تاڵان روحی ئەوانی دەبرد

لە پشڕاوە بۆی هات یەک پاڵەوان / تفەنگچی بوو لەو تاقمەی ئیسفەهان
محەممەد بەگی پێ دەکوترایەوە / تفەنگی لە کەللەی سەری دایەوە
لە کاتێ قەرابەگ دەبوو بێ خەبەر / لە کەللەی سەری گوللە ڕۆیشتە دەر
بەلادا کەوت شێری بێشەی خەبات / کە ئەو ڕۆیی، گیراوە بورجی قەڵات

## کوژرانی حەسۆ خان خوشکەزای ئەمیرخان لەو بورجە دا

لە قوللەی سەری بورج یەک پاسەوان / هەبوو زۆر لاوێکی شۆخو جووان
حەسۆ ناوو هەڵمەت بەرو بە ڕەزا / لە بۆ خانی لەپزێڕ بوو خوشکەزا
ئەویش زۆری لەو لەشکرەی کوشتەوە / خوێنی گەشی دوژمنی ڕشتەوە
هەتا کوو دەکوژرا لەوێ مایەوە / ئەوەی گەر دەچوو بۆی کوژرایەوە
بەوی گەر نەوێران فکری دییان / دەکرد بۆی تا کوو ببێ بێ گیان
تەواوی بکەن تا بە شەڕ کاری بورج / دەیانکرد بن کۆڵ، دیواری بورج
کە دیواری ئەو سەنگەرەش هەڵوەری / دەسی کرد بە لەرزین لووتکەی سەری
حەسۆی دەگەڵ خۆی هێنا خووار / وە عەرزی کەوت شەڕکەری نامدار
دەبوو سست ئەندامی کەوتن لە کار / دە تاساو نەیماوە هێزو دەمار
مرۆێکی چینی دەچوو بۆ سەری / لە پشتی ئەوی ڕۆ دەکرد خەنجەری
کە کوشتی سەرو گەردنی هەڵبڕی / زگی ئەو جووانەی بە شیری دڕی
بە خۆشی سەری برد بۆ کن وەزیر / نەچی تاوەکوو کاتی بەخشش لە بیر
هومێدی وەها بوو کە بکرێ خەڵات / بە وەی وەرگرێ پوولی زۆرو بەرات
دیاری کە بۆ برد ئەو هارەیە / وەزیری دەکرد تووڕە بەو کارەیە
کە دەی دیی سەری ئەو جووانەی کوژاو / بە چینی دەگوت ئەی بە ڕازی گڵاو
بە زیندوویی گەر تۆ ئەوت گرتووە / بە تاڵووکە بۆ ئەو کوڕەت کوشتووە؟
کەنەت کوشتبا کار چاتر دەبوو / ئەمیرخان بۆ سولح حازر دەبوو
ئە.یستا خەڵاتێکی نادەم بە تۆ / ئەلەو مەنزڵەی زوو بە ئەی سەگ بڕۆ
گەڕاوە بە بێ سوود ئەو چینی یە / کە زانی ئەلەو بارە نەخشی نی‌یە
ئەگەرچی بورج پاک گیرایەوە / وەلێ جەنگی کوردان نەبڕایەوە
دەهایسا گەلی توندتر ئاگری / ببۆ یەک جەهەننەم لە بۆ لەشکری

## گیرانی بورجی قەرابەگ بە دەست قزڵباشەکان

کە گیراوە ئەو بورجی بەردەم قەڵا / کرا ڕێگە بۆ دمدمی ئاوەڵا
لە بۆ دمدمی چوون ئاسان بوو / چون ئەو قوللەهیوای کوردان بوو

ئەگەرچی پەناگای شێران بوو بە دەس دوژمنی کورد وێران بوو
شەڕی کورد بوو ڕۆژو شەو بەر دەوام دەیان کوشت هە ڕۆژە سێ سەد زەلام
بەری دابوو دوژمن لە شەڕدا ورە لەوی چوون بە هیلاک چوو بوو فرە
بە ماوەی دە ڕۆژان سەنگەر بران لە دەورەو بەری دمدمی لێدران
وەزیرو ئەمیرانی بەد خووو پەست حەوت تۆپیان بردو دایان بەست
دەهاتن بە چوستی لە نێو سەنگەرێ بەرەو ڕوویی قوللەی قەڵاتی سەرێ
بە یەک گەورە تۆپێکی بالیمزە کە دەیکرد لەو قوللە چاوی بزە
لە نێو سەنگەری پیر بوداقی شەڕوور بەرابەر قەڵاتی خوارێ لە دوور
ئە لەو کاتە تۆپێک دابەسترا ئەویش لولەیی لەو قەڵاتەی کرا
لە هەر لاوە بەر تۆپ دەدرا قەڵات دەبەسرا لە شێران ڕێگەی نەجات
شەڕێ بوو لە دنیایەدا بێ هەوێ وەدەر کەوت مەیدانی مەحشەر لەوێ
کە تینووی شەڕ بوون لەو کێوە کورد دەچوون ئەو بەرەو مەرگ بەدرشتو ورد
ئەوانەی نەبەز بوونو موو زوور بوون لە بێ غیرەتی بێ بەشو دوور بوون
لە سەر ئەو هەبوو عەهدو پەیمانیان گیانی بەخت کەن لە بۆ خانیان
نەکەن پشت لەو خانی خاوێن هەست هەتاکوو حەقی خۆی دێنێ وە دەست
بە تۆپو تفەنگانو بەردو بە دار دەیانبرد شاڵاو بۆ گورگی هار
لە کاتی مەرگدا کە سەر بەرز بی لەوەی چاترە شای سەر عەرز بی
لە دنیایە بێ ترسو ڕوو سوور بە لەبۆ میللەتی خۆت وەک نوور بە
بەهەر جۆر بێ خزمەتی پێ بکە کە تەنگانە بوو ڕویی تۆ تێ بکە

## وتاردانی ئەمیرخان لە نێو قەڵای دمدم

کە لەپزێڕ ئەو حاڵەتەی دیی بە چاو وتارێکی بۆ خەڵک وا کرد بڵاو
کە ئەی خۆشەویستانو خزمی بەرێز هەمووتان دەگرم بە خۆشی لە مێز
دەکەم ماچ روخساری مەردانەتان دڵم شادە بەو بیری کوردانەتان
دەزانم بە من خزمەتو کردووە ئە لەو ڕێگە دا زەحمەتو بردووە
منیش بۆ وە یارێکی دڵسوز بووم ئەمینداری خاکو گەلو هۆز بووم
لە سەر ماف بوو دمدمم ساز کرد لە نێو ئەو کەژەی خۆم بێ واز کرد
بە گژ شای ئیراندا چوومەوە بە شیری بە گورگان وەر بوومەوە
نەبوو شای ئیران ئاسوودە دڵ لە دەس من کە بۆی بوومە درکو چەقڵ
لە خێڵی قزڵباش زۆرم مەزن دەگوترا لە شەڕدا کە قەت نابەزن
بە شەمشیری تیژو تفەنگ کوشتوون لە مەیدانی جەنگا سەرم بردوون

نەوێراوە دوژمن بە من تا بە حاڵ
لە نێو کوورەیی شۆڕشا بوومە قاڵ

ئەگەر چی دەزانم ئەلەو ڕێگەدا
دەچێژم مەزەی مەرگ لەو جێگەدا

هەتا ماڵ دەگرم لە خانوویی گۆڕ
لە بەر غەیرە ناکەم سەری خۆم شۆڕ

قسەی خۆم تا حەشر ناخۆمەوە
وەکوو بەرد گەر بچمە بن گۆمەوە

ئەوێستا کە ڕۆژێکی تەنگانەیە
تەڕەققی بە دەس هێزی بێگانەیە

ئەوەی گەر دەترسێ بە خێزانەوە
بە دەستەو کەس‌و کارو خزمانەوە

لە نێو ئەو قەڵاتەی دەبا دەرکەوێ
لە بن سێبەری پادشا وەرکەوێ

بزانێ ئەمن پێشی پێ ناگرم
لە باب‌و کەسی بۆ ئەوی چاترم

ئە بەو باسە یەکدەستە کوردی هەژار
لە دمدم وەدەر کەوتن ئەودەم بە غار

جەلالیش یەک تاقمێ چوونە دەر
دەبوون ئەو دەگەڵ وانە دا هەمسەفەر

بە دەستووری شا عەفو دەکرانەوە
لە نێو باوەشی گەرم گیرانەوە

## نامەی ئەمیرخان بۆ سوڵتانی ڕۆم‌و داوای یارمەتی لەوی

کە دەورەی ئەمیرخان دەدرایەوە
قەرابەگ لە سەر ڕێگە کوژرایەوە

عیلاجی نەما غەیری ئەوهەی کەوا
وەبینێت بۆ زامی دەردی دەوا

گوتی مەسڵەحەت وایە ئەحواڵی خۆم
بنووسم بە نامە لە سوڵتانی ڕۆم

شکایەت لە زوڵم‌و شەڕی شا بکەم
لەوی کۆمەگی زۆر داوا بکەم

کە لەو کاتە دا ئەو بەهاوارمان
بگا، ناشکێ سەددی پەیکارمان

دەگەڵ لەشکری پادشا شەڕ دەکەم
لە نێو کورد تا کوو ئەوی دەر دەکەم

دەچم بۆ شەڕی دێو وەک قارەمان
دەکەم ڕوو لە دەورەوبەری ئیسفەهان

بە میرزایی نامێکی ڕێک‌و لە بار
دەنووسی لە سوڵتان کەی شەهەیار

بە دەس لەشکری پادشا پێوە بووم
کە فەرمانبەرداری ئەمری نەبووم

ئەمن نامەوێ بچمە بن پەرچەمی
خوێن ڕێژی ئاوا بە خاتر جەمی

زیاتر لە حەوساڵە من شەڕ دەکەم
قزڵباش لەو خاکە دا دەر دەکەم

من‌و تۆ لەوەی پێش پەیمانمان
دە بەس وا لە سەر خاکی کوردانمان

قەول بوو کە شەڕ بێ بە دادم بگەی
بە هاواری قەوم‌و نەژادم بگەی

کەچی کۆمەگی تۆ لە بۆ من نەهات
ئەلەو ماوە زۆرەی کە دەمکرد خەبات

نەبوو کەس کەوا بێ لە عوسمانیان
بکا کۆمەگی کورد گەل‌و خانیان

بە تەنیا ئەلەو جەنگەدا مانەوە
بە شەڕ کردنی زۆر نەبڕانەوە

لە ئێمە بمێنێت تا یەک نەفەر
ئەلەو کێوە هەرگیز ناچینە دەر

نەفەرموویی ئەوڕۆکە گەردن کەچین
بە گژ دوژمنی کورد هەر دا دەچین

نه وەک دوژمنی ئێمه خۆ گێل کات    حەق‌و مافی کوردان پێ شێل کات
هەتا کوو به مافی گەلی خۆ دەگەین    له بەزم‌و هەرا دەست کەی شل دەکەین
دوا رۆژی ئەو خەڵکه چون مردنه    سەر ئەفرازیی کورد شەڕ کَردنه
ئەوێستا که تۆ خوسرەوی دادگەر    دەکەی کۆمەگی کورد کاتی خەتەر؟
دەبێ سازکەی لەشکرێکی تەیار    له هاواری ئێمەی بنێری به غار
چون ئەوڕۆکه تەنگانه پەیدا بووه    له کوردان دوژمن بەڕقدا چووه
ئەگەر کۆمەگی لەو شەڕەی دا به من    بکەی، دوژمنی خۆم دێنم له بن
ئەوا چاوه نۆڕم که بێ عەسکەرت    دەکەم ماچ تا حەشر خاکی دەرت
که بەو جۆره ئەو نامه نووسرایەوه    وەخدری بریندار دەدرایەوه
ئەویش نامەبەر بوو دەچۆ هەندەران    له لایەن ئەمیرخان بۆ کن سەران
گوتی هەسته مەردانه ئەو شۆ بڕۆ    دەگەی تا به دەرباری خاوەن شکۆ
به چوستی ئه تۆ نامەکەی بۆ بەره    به رۆژو به شەو هەر بڕۆ یەکسەره
له رێگایەدا تۆ نەکەی گیر بی    دەبێ تیژ پەڕ بی وەکوو تیر بی
دەزانی که رۆژێکی تەنگانەیه    گەلت بۆیه موحتاجی بێگانەیه
دەڕۆیشت خدری برینداریه    به رێگایەدا هەر وەکوو ماریه
هەتا کوو به شەش رۆژ دەیکرد سڵاو    له سوڵتان ئەو خدرەیی نێو براو
کەلاتی له دەرباری تورکاندا    به تەعزیم نامەی وه سوڵتاندا
که نامەی ئەمیرخان خوێندرایەوه    وەڵامی ئەبەو جۆره دەدرایەوه:
که ئەی خانی ئازای هیممەت بڵند    پڵنگی دڕی سەر کەژو کێو و دوند
دەبێ هەر بکەی بەرگری تۆ له خۆت    هەتا کۆمەگێ من دەنێرم له بۆت
دەرۆژان ببژێره کۆمەگ دەگات    له دەریای تەنگانه دەتبێ نەجات
وەرێگادەخەم لەشکری بێ ژومار    له تورکان‌و کوردان پەنجا هەزار
که هاتن به شەڕ روو له دوژمن بکەن    له دمدم وەها زەربەتی لێ بدەن
نەکا شای ئێران تا مردنێ    دەگەڵ ئێوەدا فکری شەڕ کردنێ

## هاتنی لەشکرێکی زۆر له رۆمەوه بەرەو ئێران

که دەیکرد سوڵتان نامەی بەڕێ    له بۆ ناردنی هێز هەستایەپێ
هەر ئەو کاته دەستێکی زۆرو بەکار    له کوردانی با دینیان‌و حەکار
له هاواری لەپ‌زێڕی دمدم دەنارد    به گەوره مەلا ئەحمەدی هەڵبژارد
به دەس وان بوو هێنده تۆپ‌و تفەنگ    ببوو گایی بن عەرز بەو باره لەنگ
دەیانکرد له ئەسپانه گەرزینیان    وه ڕێکەوت سەربازی بادینیان

کە دەدرا لە تەپڵو لە شەیپووری کۆچ    دەهاتن بەرەو خاکی ئێرانە قۆچ
دەگەڵیان بوو عەسکەری تورکەکان    ئەوانیش کەوتبوونە بەحری چەکان
بەرەو موڵکی ئێران کەوتن وەرێ    هەموو دەم بە یەلغار ئەو دێ بە دێ
لە مەرزی برادۆس دا مانەوە    زەمانێکی کەم بۆ پشوو دانەوە
لەوی هەڵدەوردن بە کەیفو دەمار    نەیانبوو خەبەر گەردشی رۆژگار
دەسوورێ بە سەد جۆر تۆپی خولی    بچوو کە لە بەر چاو فیتنەی زلی
دەمێکی دەچێژێ بە تۆ هەنگووین    زەمانێ لە جەرگت دەکا سەد برین
سیحربازە هەر تاوە مەکرێ دەکا    لە بۆ عالەمێ کاری بەگرێ دەکا
بە جادووگەری رەنگ رێژی دەکا    لە هەر کەس کە بدرێت گێژی دەکا
لە بەر چاو هەر تاوە رەنگێ دەدا    بە هەر گوێیە ئاوازو دەنگێ دەدا
مەلا ئەخمەدو عالەمی سەر زەوی    کووانێ دەکەن دەرکی فێڵی ئەوی

## خەوڵێکەوتنی خدری بریندار بە نامەی سوڵتانەوە لە دەرەوەی قەڵات

کە سوڵتان نامەی دەنووسی لە خان    مەرامی دڵی خۆیی بۆ کرد بەیان
بە خدری دەفەرموو ئەتۆ بی بەوە    لە دمدم وەدەس میری گەورەی دەوە
کە نامەی وەدەس کەوت وەک با دەرۆی    بڕی نامەبەر هێزو تاقەت لە خۆی
لە رێگا دەرۆیشت بێ هەندەمە    هەتا گەییە دەورەوبەری دمدمە
بە سێ رۆژو شەو گەییە دەورەی قەڵات    خەوێکی گرانی بە سەر دا دەهات
لە سەر گاشە بەردێ سەری نایەوە    خەوی لێکەوت بێ خەبەر مایەوە
شەوێ بوو کە چون فێنکو خۆش بوو    خدر ترسو لەرزی فەرامۆش بوو
کە پەیکی ئەمیرخان دەیگرت خەو    دەبوو بێ خەبەر ئەو لە رۆژو لە شەو
وەها دێوی خەو هاتبوو بۆ سەری    کە هۆشی نەما بوو لە سەر عەسکەری
ئەوەن بوو بە رێگایەکفتەو کوڵاو    لە خەو هەڵنەدەستا بە تیشکی هەتاو
خەوی مەرگ دەیداوە شووبا لەوی    بە فەرمانی یەزدانی بەرزو نەوی
بە خۆشی کە لەو جیگە گرتی قەرار    دەبۆ یارو هەمکاری یارانی غار

## چاوکەوتنی دوو جاسووس بە خدرو دەرهێنانی نامە لە گیرفانی

هەر ئەو رۆژە دوو مەردی هەیئەت گەدا    کە جاسووسی شا بوون لەو دەورە دا

دەیاندی زەلامێکی پەرتو بڵاو    لە خەودایە بێ دەسرەو بێ کڵاو
دەرەو تەرمەکی چوونو نەکشانەوە    لە دەورەی وەکوو ئاش دەخولانەوە
هەڵاتن بە تاڵووکە گەر بۆکنی    جلو بەرگو ئەسپابیان پشکنی
لە نێو باغەڵی نامەیەکیان وە دەست    کەوت دوو سەگی هار وو بەدگووزو پەست
نەبوون ئەودەمەی گورگ لەو جێ یەگیر    دەیانبرد نامەی خدر بۆ وەزیر
کە ئەو گەورە نامەی تەماشا دەکرد    لە بۆ فێڵو فووتان دەستی دەبرد
دەگەڵ مەزنو گەوران تەگبیریان    لە سەر ئەوهە بوو باوەڕو بیریان
بگۆڕن بە جۆرێک ئەو نامەیە    بەشی گەر نەبێ لەو مەزەو تامەیە
وەها میری ئازا پەرێشان کا    کە لەعنەت لە دەرباری تورکان کا

## گۆڕینی نامەکە لە لایەن وەزیرو ناردنەوەی بۆ خدری بریندار

لە جێگایی ئەو نامە نامێکی تر    دەنووسراوو گۆڕا بە دێڕو سەتر
دە نەخشاوە لە زمانی سوڵتانەوە    سەراسەر بە مۆرو بە فەرمانەوە
کە ئەی خان تۆ دوژمنی شا نەکەی    بە هیوایی تورکان غەوغا نەکەی
وەلی نیعمەتی خۆت عاجز مەکە    نەژادو گەلو میللەتت کز مەکە
کەسێ شەڕ دەگەڵ سەروەری خۆ بکا    لە دنیایە وا باشە ڕۆڕۆ بکا
لە شانی دەدا دەردو ڕەنجو بەڵا    دەبێ زەرد ڕوخساری هەر وەک گەڵا
لە سەرداری ئێران چت بیستووە؟    لە سوڵتان گەر کۆمەگت ویستووە
دەنێرم کە بۆ ئێوە من لەشکری    دەبێ تۆ حەوت ساڵ خۆ ڕاگری
لەوێستاوە ببژێرە تا حەوت وەرز    دەگا ئەو دەمەی عەسکەری من بە مەرز
فڕێ دە کە پێت ناکرێ شەڕ چەکان    نەدەی خۆ بەرابەر بە دەوڵەت تەکان
دەگەڵ دەوڵەتی وەخت ئارام بە    لە بۆ خوسرەوت مل کەچو ڕام بە
شەڕ ئەوڕۆکە بۆ تۆ بە دەرد نا خووا    مەچۆ پێش لەو فیتنە تۆ بی خووا
بە بێ سوودە تاڵانو کوشتەو بڕۆ    بە ئاسوودە دانیشە نانی بخۆ
کە ئەندەرزو پەندم بکەی تۆ پەسند    دەبێ میللەتت تا حەشر سەر بڵند
کە ئەو نامە تەردەست نووسرایەوە    لە نێو باغەڵی خدر دەنرایەوە
دەگەڵ خدر ئەو کارە کە کرایەوە    لە شیرین خەوێ هەڵنەدەستایەوە

لەکن خەڵک وابوو کەوا مردووە
بە دوو رۆژو یەک شەو خەوی کرد تەواو
گوتی نامەکەی من دەبوو زوو بەرم
وەلێ خەو لە سەر شانما بار بوو
منم چونکە شابازی کێوو چڕی
بەڕێ رۆینێ چون برا هێزمان
ئەوەی گوت هەڵستاوو ئەودەم دەڕۆی
دەچۆ نێو قەڵا نامەکەی دا بە خان
هومێدی چون ئەو هەر بە سوڵتان بوو
گوتی کوردە بێ کۆمەگو بێ پەنا
چ شایەو چ سوڵتانە یەک پێتەکن
ئە من نامەوێ کۆمەگی دوژمنان
هەتا میللەتی خۆم رزگار ئەکەم
نەبوو هیچ کەسێ گەر بلێ نوستووە
کە هەستالە خەو ئەو دەبوو تەنگەتاو
لە بۆ خانی فەرماندەو سەروەرم
بەڵایێکی گەورەو مەرگبار بوو
بە سێ رۆژ رێگایی دوورم بڕی
دەکەوتم لە تاوی خەوێ بێ زمان
بە دڵ دای سەد تیری تانەی لە خۆی
ئەمیرخان بەو نامە بوو بێ گیان
کە نامەی دەدی دڵ پەرێشان بوو
خەتابارە داوای مافی دەکا
لە بۆ دوژمنی کورد هەر وەک یەکن
دەکەم شەڕ دەگەڵ شێرە کوللەو سنان
لە دنیایە یا دەچمە دەر بار ئەکەم

## نامە نووسینی وەزیر بە فێڵ لە مەلا ئەحمەدی با دینیانی لە زمانی ئەمیرخانەوە

وەزیری لە میرخان دڵ دەردمەند
هەمیسان نامێکی نووسی جووان
لە سەرداری ئازایی عوسمانیان
کە ئەی مەزنو سەرداری خاوەن شکۆ
دەنێرم لە بۆ ئێوە دووسەد سڵاو
منم زۆر مەمنوون لەو کۆمەگەت
بەهاواری من هاتویی لەو دەمەی
دەبەخشەم گیانم بە سوڵتانتان
بەرابەر ئەبەو چاکە چ بلێم چی؟
دەنا چۆن ئەو تۆڵە دەکرێتەوە
لە تەنگانە دا بوو بە فەریادمان
کە سوڵتان ئەو هۆردووەی ناردووە
تەڕەفداری کوردانە ئەو سەروەرە
دەسی برد لە هەر لاوە بۆ فێڵو فەند
گەلێ چەورو شیرین لە زمانی خان
مەلا ئەحمەدی را بەرو خانیان
سپاسێ دەکەم تاکوو دەمرم لە تۆ
سڵاوێکی بون دار هەر وەک گوڵاو
لە خۆتو لە هێزو لە هۆزو رەگەت
منت کرد ئاسوودە دڵ لەو غەمەی
لە گەردن دەکەم تۆقی فەرمانتان
دەبێ دا بنیشم بە ئەستۆ کەچی
بە من چاکەی ئێوە دەدرێتەوە
دەهاتن دەپرسن بە دڵ دادمان
بە باشی لە بۆ ئێمە دەرکەوتووە
گوڵی چیمەنی دینی پێغەمبەرە

دەکا ئەو کەسەی گەر خەیانەت بەوی رەبی خەنجەری دوژمنی وێ کەوی
ئەوێستا گوێ بگرە ئەی قارەمان شتێ تا بە شادی بکەم من بەیان
لە سایەی سەری بەرزی سوڵتانەوە گەلی کورد بێ دەردو غەم مانەوە
دەگەڵ شای ئێران یەک کەوتووم حەوت رۆژە بێ فیتنە و شەڕ بووم
لە نێو ئێمە دا دوژمنی لاچووە برایانە پەیمانمان بەستووە
نەماوە شەڕو شۆری حەوساڵمان گەلێ خۆشە لەو کاتەدا حاڵمان
لە بۆ میللەتم چم لە شا ویستووە تەواوی بە دڵ جێبەجێ کردووە
لە شەڕ کردن ئەوڕۆکە حاشا دەکەم بە باشی دەچم خزمەتی شا دەکەم
ئەتۆش ئەی مەلا ئەحمەدی نامدار بە خۆ تووئەبەو عەسکەرەی بێ ژومار
بەرەو پاش بکشێوە شەڕ بوو تەواو لە دیداری مەردانەیی تۆ سڵاو
هەتا هەم لە دنیایە مەمنوونتم بە دڵ عاشقی باوەڕی روونتم
کە نامەی وەها لێدە نووسرایەوە مەلا ئەحمەد ئەو کاتە دەکشایەوە
دەخۆیوو بە لەشکر نەچۆ پێشەوە دەبوو دوور لەو هەمهەمەو کێشەوە
گەڕاوە بە تاڵووکە لەو مەرزەیە لە لەشکر دەبوو چۆڵ ئەو عەرزەیە
کە عەسکەر بەرەو ماڵ دەبرایەوە ئەمیرخان بێ پشتو کەس مایەوە

## ئاگادار بوونی شا لە نەخشەو بەرنامەی وەزیر

ئە لەوباس‌و رازانە شا باخەبەر کرا بۆ مەزاغەی ئەگەر چوو چەپەر
کەیف خۆش بوو، زۆر دڵشاد بوو کە چون دوژمنی تۆرەمەی ماد بوو
لە حاتەم بەگی کرد سەد ئافەرین چون ئەو بوو بە دەرباری پاشا ئەمین
کە کربوویی ئەو فێڵو مەکرەی لەخان فریوی دەدا لەشکری تورکەکان
ئەوانی ئەلەو کاتە گێڕانەوە بە جۆرێ لە میرخان نەدوانەوە
شتی وا بە شۆفارو شەیتانو جند ئیتر ناکرێ قەت لە شارو لە گوند
بە ئینسان دەکرێت ئەو فێڵە یە بکا نان بەو ئاورو سێڵە یە
لە بەر ئەو هە بوو شا ئەوی کرد خەڵات زیادی دەکرد بۆیی مووچەو بەرات

## نامە نووسینی شا لە ئەمیر بە فێڵ

ئەلەو وەختە دا خوسرەوی فێڵە باز لە بۆ خان دەیکرد یەک مەکرە ساز
لە لەپ‌زێڕنامێکی نووسی بە پەند کە ئەی خانی زانا دڵو هۆشمەند
تکایێکی لەو شێری ئازا دەکەم برایانە لێتان داوا دەکەم
کە تۆ لەو شەڕو شۆڕشەی لابدەی دەس‌و پەنجەی دێوی شەڕ با بدەی

له من ئەو شتەی بت هەوێ وا دەکەم     دەگەڵ ئێوه ئەو کاره یەک لا دەکەم
ئەلەو خاکه سوڵتانی کوردان به     وەلێ دۆستی شای ئێران به
من ئەو هەت له بۆ مۆرو ئیمزا دەکەم     له خاکت دەسی غەیره کۆتا دەکەم
له بۆ شا برایێکی دڵسوز به     ئه تۆ غەم رەوێنی گەلو هۆز به
بەسه رشتنی خوێنی ناحەق بەسه     ئەوەی ئاشتی خۆش ئەوێ ئەو کەسه
هەتا کەی بکوژرێت خەڵکی هەژار     به دەس ئێمه بدرێت کەللەی له دار
لەوه دواوه من عەهدو پەیمان ئەکەم     به دڵ روو له دەرگای یەزدان ئەکەم
دەکەم تۆ به لەو کوشتو کوشتارەیه     گەلێ ناحەزو چەوته ئەو کارەیه
دەبێ تۆش لەو جەنگه دەس هەڵگری     نەخەی کوردەکانت له نێو ئاگری
دەگەڵ گەوره گەوران رێی دۆستی     وەبینن که کوردی برادۆستی
به بێ ترس تۆ روو که نێو عەسکەری     برامی به شەبباکی پێغەمبەری
یەکه چونکه ئەورۆ زمانو دڵم     قەبوولی بکه پەندی بێ توێکڵم
که نامەی منت ئەی برا دەسکەوت     نەبی بەو هەموو بەنده گێژو هەوت
خەیاڵێ نەکەی گەر دەکەم من درۆ     بەوەی بم هەوێ فێڵ بکرێ له تۆ
درۆزن له نێو خەڵکدا روو رەشه     له حەشرا له لوتفی خودا بێ بەشه
قسەی راسته زینەتی خوسرەوان     درۆ ناحەز دووره بێ شک لەوان

## نامەی شا بۆ وەزیر له بابەت فریو دانی ئەمیرخانەوه

که ئەو نامەیی بۆ وەزیری دەنارد     له مەزنو سەرۆکانی وا راسپارد
که بۆ سولح لەپڕێژ دەعوەت بکەن     له نێو خێوەتێ بەندەنی لەت بکەن
به شەمشیر وەک سیر بی هەنجنن     مەکەن روحم بەو هانه چون دوژمنن
له کوردان هەرچی وەدەستوو کەوت     بیانکوژن ئەو ناحەزی سەر چەوت
ئەوا قاقەزێکم به مەکروو درۆ     له میرخان نووسیوه دەیدەم به تۆ
ئه بەو مەرجه بیدەی وه دەستی ئەوی     هەتاکوو فریوی نەدەی نەسرەوی
درۆی زلو پڕ مەزەو شاخدار     بڵێ تۆ ئه بەو خانه وەک شەهریار
فریو خورده بوو گەر بەدانی وەڵات     له نێو لەشکری خۆت ئەو هاته لات
دلێرانه بەو ماره دەرفەت مەدەن     سەری لێوه کەن لەو دەمەیدا له تەن
به تورکان گەر راگەیێنێتەوه     دەکەن کۆمەگی هەر دەمێنێتەوه
که وابێ دەبێ لابچێ گێچەڵی     بکووژێتەوه ئاورو دووکەڵی
ئەوەش هەر به فێڵان دەکرێتەوه     وەڵامی ئەمیرخان دەدرێتەوه
ئه من زۆر ترسم ئه لەو خانەیه     له شەڕدا گەلی مەردو جانانەیه

که ئەو نامەو ئەو وەڵامی لە شا درا دەست دەیگرت حاتەم نەشە

## راوێژی وەزیر دەگەڵ سەرۆکان لە مەر نامەی شاو راسپاردەکانی

دەگەڵ مەزن‌و گەوران کۆڕی دەبەست بەوانی دەگوت باسی نامەو مەبەست
گوتی ئەو هە دەستووری شاهانەیە کە فێڵێ بکەین ئێمە لەو خانەیە
ئەوا قاقەزی شایە لە درۆ پڕە هەموو داڕژاوە بە وێنەی دوڕە
لە بەو نامە دەدرێت بێ شک فریو دەدا هەوڵ بۆ زیندەگانی‌و بژیو
لەوی دەن بە شەمشیر کاتێ کە هات بدەن خەڵک لەو فیتنە گەورەی نەجات
کە دەرگایی ئەو کۆڕە بەسرایەوە لە سەر ئەوە بڕیار دەدرایەوە
وەلێ چون دەکا بیری عالەم بەتاڵ قەزاوو قەدەر، سەهوە فکری مەحاڵ

## مردنی وەزیر بە دەردی موفاجا

وەزیر بێ خەبەر بوو لەوەی رۆژگار بە سەر وی چ دێنێت‌و دەیخا لە کار
کە دوو رۆژی لەو باسە دا پێ دەچوو ئەلەو سووڕی دەورانە فکری نەبوو
بە دەعوەت لە هارێکی میهمان بوو لە نێو خێوەتی گەنجەلیخان بوو
سەرۆکانی دەوڵەت دەگەڵ وی کەبوون هەموویان بۆ نانی دەعوەت دەچوون
هەتا بوو بە ئێوارە هەر مانەوە قسەی خۆش لەو کۆڕە دەکرانەوە
لەوە دواوە حاتەم بەگی رۆیەوە ئەویش چۆوە نێو خێوەتی خۆیەوە
کە شەو هات چەقچۆو لەرزی دەگرت سەراپایی باڵایی بەرزی دەگرت
نە دوکتور نە دەرمان چارەی نەکرد بە دەردی مفاجاوە دەر دەم دەمرد
بە حەسرەت لە دنیایە چۆ دەر وەزیر شەڕی دمدم‌و کوردی ئەو چوو لە بیر
خوداوەندی کوردان لێی دا کە دەست ئەوی کرد لە سەر عەرز بێ رێزو پەست
لە بەر چەنگی تیژی هەڵۆیی مەرگ نەجاتی نەبوو چۆلەکەی بێ جەرگ
کە بەختی لە دنیایە زارو زەبوون دەبوو، چۆ دەرێ بۆ دیاری نەبوون
نەکەی زوڵم ئەی زاڵما تۆ لە خەڵک لە رۆژی حەشر زوڵم کەی دێ بە کەڵک؟
دوا رۆژ هەر قەبرە تاریک‌و تار دەڵێی چی لە دەرباری پەروەردگار؟
لە رووداوە کاتێ خەبەردار بوون سەرۆکان شێوا و غەمبار بوون
وەنێو لەشکری کەوت شین‌و گرین دەیانکرد سەربازو مەزنان شین
کە بۆ شا دەچوو باسی مەرگی وەزیر ئەبەو باسە جەرگی دەبوو کون بە تیر

پەشیوو خەفەت بارو بێ واز بوو نەخۆش وپەرێشانو ناساز بوو
بە فرمانی شا گەورە کۆ بونەوە هەر ئەو رۆژە بە دڵێکی مەحزوونەوە
دەشۆرا لە کفنی دەگیرایەوە لە نێو داری تابووت دەخرایەوە
بە گورجی لە ئەسپان دەنرا کەلاک دەیانبرد تەورێزو دەخرا لە خاک

## دانانی محەممەد بەگی شاملوو لە جێی وەزیر

بە دەستووری عەبباسی دڕندەخوو بە گورجی محەممەد بەگی شاملوو
دەهێنراوو گیراوە لەو گەورە ڕێز لە سەر لەشکری بوو بە فەرماندە هێز
کە ئەو بوو بە سەردار بۆ لەشکری دەبوو توندتر بۆ شەڕێ ئاگری
بە لەشکر قوڵیخانی سەڵماس هات هەتا کوو بە سەردار کۆمەگ بکات
دەبوو یەک هەموو هێزی کۆنو نوێ نەبوون ئەو لە نێو سەنگەری شەڕ جوێ
دەیاندا هەوڵ بو قەڵا گرتنێ کەوتبوونە لووتکەی لە خۆ بردنێ
ئە لەو لاشەوە کورد گەر زانیان وەزیر مردووە شاد بوو گیانیان
بە خۆشی وەکوو شێر هەستانەوە لە بۆ دوژمنی چوونە مەیدانەوە
لە بورجاندا بوونە بەوری بەیان دەیانداوە هەڵمەت لە هێزی خەیان
کە دوژمن لە کن وانە رابردبا دەبوو یا بریندار یا مردبا
هەیانبوو لە سەر دوژمنی کورد سام خەوی خۆش لەو هانە بوو شەو حەرام
بە گوللەی دەسی شێرە کوردی دلێر شەوو رۆژ بێگانە دەکرا کوێر
ئە لەو کێشەدا شا خەتا بار بوو مەرامی لە سەر کوشتو کوشتار بوو
بە شەڕ هاتە نێو خاکی کوردانەوە هەزاران لاوی بە کوژ دانەوە
کە هەیبایە ئەو شایە ئایینو دین دەبوو ئەو لە کوردان نەگرێت قین
لە بۆ وانی هەڵداوە دارو تەناف لە سەرچی؟ دەکەن چونکە داوای ماف
دەبا ئەو گەلەش بێتە ڕێزی گەلان نەکا روو لە ئەشکەوتو لێژو تەلان
نەڵێ خەڵک، بۆ کورد بەختی رەشە؟ هەموو کات لە ژیاندا بێ بەشە
لە نێو نیشتماندا دڵی شاد بێ لە باری غەمو دەرد ئازاد بێ
کە دەدوان لەو بارە دا کوردەکان قزڵباشی وەک گورگ تێ بەردەدان
حەسەنخانو حاتەم بەگو شاملوو هەزارانی وەک وان بێ ئابڕوو
دەبوو دەستو بازوویی ئەو هانە سوور بە خێنی گەلی کوردی لە ژیان دوور
ئەوانە لە سەر عەرز دەبڕانەوە گەلی کورد نەفەوتانو هەر مانەوە
نەما دەبدەبەی دەوری عەبباس شا نەما لەشکرو خێوەتو بارەگا
بڕا رۆژی تەیمووری ساحیب قڕان وە نێو عالەمی خستبوو گەر قڕان

له دنیا ئەوەی ماوە نەک مردووە    نەژادی گەلی کوردە هەر زیندووە
ئەوەن سەختە ریشەو رەگەو بەندەنی    کە شووبایی سەڕ سەڕ هەڵیناقەنی
هەتا رۆژی مەحشەر دەمێنێتەوە    نەمامو لقی تازە دێنێتەوە

## دەستووری محەممەد بەگی شاملوو بۆ هێرش بردن بۆ سەر دمدم

کە شاملوو دەبۆ گەورە بۆ عەسکەری    وەهای دەفەرموو بە دەورەو بەری
لە میرانو مەزنان تەمبەڵ مەبن    لە شەڕ کردنی زۆر فسقەڵ مەبن
هەتا کەی لە بن سێبەری سەنگەرن؟    دەبێ بێنە دەر ئێوە هێرش بەرن
وەها دەس بدەن لەو قەڵا گەورەیە    کە بکرێ لە زەنجیر ئەو بەورەیە
وەمێنێت تا بەور لەو کێوە دا    بەڵا دێت بۆ خەڵک لەو نێوە دا
کە ئەوەی دەگوت پاک هەستانە پێ    شەتەکیان دا چەک لە خۆ دەس بە جێ
دەیانبرد هەڵمەت لە نێو سەنگەران    لە بۆ کوردی ئازا لە دەورەو بەران
دەیاندی کە کورد ئەو پەلامارەیان    گەلی کورد چون شێری پەیکار بوون
نەترسان یەک زەڕە لەو کارەیان    دەگەل وانەدا ئەو بەرەنگار بوون
دوو هێز ئەو دەمەی تێک چڕژانەوە    خەڵک زۆر لەو نێوە کوژرانەوە
ئە بەو جۆرە دەکرا شەڕی بەر بڵاو    هەتا رۆیی یەک مانگو نیوی تەواو
قزڵباش هەر کۆمەگی بۆ دەهات    وەکوو خۆڵ گربوویی دەورەی قەڵات
دەیانبرد بەرەو ژوور سەنگەر بە غار    گەیشتن بە دیواری بەرزی حەسار
کە چون کورد بێ کۆمەگو یار بوون    شکست خوردەیی جەنگو پەیکار بوون
بە تۆپێ لە بورجان دەدرایەوە    کەلێنی لە دیوار دەکرایەوە
لە دەستی دەدا کوردی مەردو گورج    ئە لەو رۆژە تاریکەدا دوو بورج
دەهاتن گەلی شەڕکەری تورکمان    لە دەستەی بوداقی بەدو بەد زمان
بە شەڕ چوونە پێشو نەدەکشانەوە    سەدو چل نەفەریان کوژرانەوە
دەیانگرد چەن بورج لە خوارەوە    وەکوو شێری دڕ بوون لەو بارەوە
زەفەریان بەو تاقمەی گەر نەبرد    هەڵاتن لە وێ پاسەوانانی کورد
دەچوون ئەو بە شەڕ بۆ قەڵاتی سەرێ    کە بگرن ئە لەو جێگەدا سەنگەرێ
ئە لەو کاتەدا دوژمنی نابەکار    کدی ئاوەڵا دەرکی حەوشەی حەسار
قەڵاو بورج گیرانو رووخانەوە    ئەوەی مان بێ چەک لە وێ مانەوە
لە بوزلوق کە دراوە تۆپی زەلام    کەوت ئەو وە لەرزینو نەیبوو دەوام

نیگەهبان کوژران‌و هەرچی دەمان  فڕێ‌یاندا چەک بە بۆنەی ئەمان
کە ئەو بورجە گیراوو بەردەست بوو  شەڕی کورد لەو جێ‌یە بێ هەست بوو
لە کوردان بوو چۆڵ قوللەو قەڵات  بەوانە هەتا دەستی دوژمن نەگات
هەموو چوونە نێو ژووری نارین قەڵا  لەوێ دوور بن تا لە فیتنەو بەلا
لە ماڵی ئەمیرخان جێ‌گیر بوون  چ گەنج‌و جووان بوون یا پیر بوون
قزڵباش گرتیان دمدم هەموو  لە دەسیان نارین قەڵا دەردەچوو
سەدێ بوو لە بۆ لەشکری خوسرەوی  نەدەکرا سەری ئەو بە تۆپی نەوی
لەوێ دا دەمەزران کوردی نەبەز  کە بوون ئەو بە بێ کردنی شەڕ وەڕەز
ئە لەو جێگەدا بوون سەرگەرمی جەنگ  بە تیرو کەوان‌و بە رمب‌و تفەنگ
شەڕی سەخت دووبارە رووی دایەوە  تەنووری شەڕێ گرم هایسایەوە
لە سەر ئەو هەبوو کورد پەیمانیان  کە دانێن لەو رێگەدا گیانیان
بمێنێت لەو هانە تا یەک نەفەر  نەبن دەست بەردار هەرگیز لە شەڕ
لە خۆیان وەک شێر کرد بەرگری  ببونە بە سەددێ لە بۆ لەشکری
دەیانکرد بەر پێچ سێلاویان  بەرەو پێش سس بوون هەنگاویان
نە دەکراوە چارەی بە تۆپ‌و تفەنگ  قەڵاتێک بوو داڕژابوو، لە سەنگ
حەوت رۆژ وشەو هەر تەق‌و هوڕ بوو  ئەوی راوچی خەڵک بوو، گوڕ بوو
لە رۆژو لە شەودا نەبوو بێ شکار  کە لاکی دەگرتن لە مێزو لە زار
لە نارین دا کورد هەر مانەوە  بە هێزی قزڵباش نەشکانەوە

## بەڕێ کردنی نامەی شا لە لایەن شاملوو بۆ ئەمیرخان‌و داوای وت‌و وێژ

شەڕی گەر ئە بەو جۆرە دی شاملوو  لە سەد لاوە تەگبیری پووچەڵ دەبوو
گوتی من دەبێ هەڵگرم دەس لە شەڕ  بنێرم لە بۆ خان نامەو چەپەر
کە بۆ وی بچێ کاغەزی خوسرەوی  دەکا ئەو لە بۆ ئەمری من سەر نەوی
کە بەو نامە ئارام بکرێتەوە  شەڕی خانی کوردان دەبڕێتەوە
لە بۆ ئێرە بەفریو گەر هاتووە  شەڕاب‌و مەیی مەرگ دەخواتەوە
بە خۆی‌و بە هۆزی ئەگەر بێتەوە  بە مستی قزڵباش دەتوێتەوە
دەنا تا نەکوژرێت هەڵناورێ  بە هیچ جۆر کاری دەگەڵ ناکرێ
هەر ئەو نامە گەر شا بە خاترجەمی  لە بۆ میر دەیداوە دەس حاتەمی
لە بەر مەرگ بۆ وی نەدەکرا کەوا  بنێرێت ئەو نامە بۆ پێشەوا

دوا کەوتبوو نامە نەدرایەوە — هەتا ئەو دەمەی شاملوو دایەوە
ئەویش بوویی ترسی لە تورکانەوە — نەوەک بێن بە هاواری ئەو خانەوە
کە لەو کاتە داوایی کۆمەگ لەوان — بکربا دەهاتن بە پیرو جووان
درێژەی دەکێشاوە شەڕ ئەو دەمەی — نەبوو کەس کە رزگار بێ لەو غەمەی
بە تاڵووکە نامەی لە بو خان نارد — لە نارین قەڵا دا بە دەس وی سپارد
کە نامەی دەدیی میری جەننەت مەکان — لە مەعنایی نووسراوە گەزتی زمان
وەهایی دەکوت لەو دەمەیدا بە خۆ — کە سەرتاسەری فێڵو فووتەو درۆ
بە نامەی درۆ شەهریاری بە زیو — ئەوا دەیهەوێ من بدا گەر فریو
ئەگەر شایی ئێران یاری منە — حەکیمی دڵی دەردە داری منە
لە بەرچی دەگەڵ ئێمەدا شەڕ دەکا؟ — لە مافی گەلی کورد خۆ کەڕ دەکا
لە شەڕدایە حەوساڵو نیوی تەواو — بەرابەر بە کوردان شایی گڵاو
ئە لەو ماوە زۆرەی کە روحمی هەبا — لە ئێمەی دەبوو کرد با مەرحەبا
چ رووی داوە گەر هێندە نەرمی دەکا؟ — قسەی خۆش ئەو زۆ بە گەرمی دەکا
دەسم من لە دنیایە هەڵگرتووە — لە جێی بەرگ کفنم دەبەر کردووە
هەتاکوو دەکوژرێم هەر وا دەبم — بە فێڵو درۆیان کەی چا دەبم؟
سەرم چۆن بۆ دوژمنی دادەخەم؟ — بەڕەی چاپلووسی لە بۆ رادەخەم
نەوەی شێرە مەردانی کوردم ئە من — دەهێنم کەژو کێوی دوژمن لە بن
بەشی من کە لەو کاتە ناخۆشی‌یە — نەکەم فێڵ ئەو زۆ کە چارەم چی‌یە؟
وەکوو شا دەبێ روو لە فێڵان کەم — ئە بەو کارە دەردان دەرمان کەم
کە بەو جۆرە فکری لە خۆ کردەوە — سەرۆکانی کوردی وەکۆ کردەوە
لە بۆ وان نامەی کە دەخوێندەوە — بە مەزنان فەرموویی بە سوێندەوە
سەراپایی ئەو نامە فێڵەو مەکر — کە شیرینە لە ڕواڵەتا وەک شەکر
دەزانم دەبەن ئێمە بۆ کوشتنێ — نە بۆ رێزو بۆ قەدر لێگرتنێ
لە سەر کورد دەستی کە بڕواتەوە — بە کاسەی سەری ئاو دەخواتەوە
هەر ئەو شایی خوێن خۆری چەن ساڵەیە — لە دەس وی دەکەین ئەو هەموو ناڵەیە
لە شایان چابوون داوا مەکەن — بە تۆبەی پشیلان بڕوا مەکەن
ئەوێستا کەوا بێ کەس‌و کۆمەگین — بە بێ کۆمەگی یاوەران‌و بەگین
ئە لەو کێوەدا کێ بە دادن دەگات؟ — لە کوردو لە تورکان دا کەس نەهات
وەرن ئەی سەرۆکانی کوردی دلێر — ببین ئێمە وەک وان پیلان گێڕ
لە دوژمن دەبا فێڵو مەکرێ بکەین — ئەبەو فێڵە بەڵکوو لە بەینی بەین
لە مردن نەترسێن چون هەر دەبێ — لە خەڵکی درەنگ یانە زوو بەر دەبێ

جیهان چونکە بێ پایە و فانی‌یە ژیانی بە بێ مەرگ تێدا نی‌یە
ئەوەی پش بە دنیا دەبەستێ کەرە! نەفامێکە بێ هۆش‌و بێ جەوهەرە
بە مەردی هەتا هەی لە دنیا بژی لە دەس بگەرە وەک شێر پۆپ‌و قژی
ئەگەر هیممەتی پایە بەرزت هەبێ لە مردن دەبێ ترس‌و لەرزت نەبێ
هەموو کەس دەکا روو لە نێو گۆڕەوە بە سەر بەرزی یا ملی شۆڕەوە
ئەوەی سەر بەرز بێت هەر ئەو کەسە هەتا حەشر ئەو نێوە بۆ وی بەسە
کەفەوتای چەن خۆشە روو سووربی بە یەک شێری موو زوور مەشهوور بی
بە سووکی لە تۆ خەڵک نەدوێنەوە لە نێوت نەدەن تا نە بە جوێنەوە
بە چا کە دووا مەرگ باست بکەن بە هەر زارو لێوێ سپاست بکەن
کەوا بێ هەڵستن بڵند هیممەتان برایانی سەر هۆزی عاشیرەتان
کەلەو کاتە دوژمن لە خۆ بردووە دەلینگی لە کوردان هەڵکردووە
لە بۆ ئاشتی دەعوەتن لێدە کا بوێرێ ئەگەر ، مەخسەرەن پێدەکا
هەموو لەو دەمەیدا زرێ پۆش بن تفەنگدارو چەکدارو سەر خۆش بن
دەچین ئێمە ئەورۆکە سێ سەد نەفەر لە گەورانی جەنگاوەروو پڕ هونەر
سەرێ لەو پڵنگانی بەد خوو دەدەین لە نێو لەشکری دوژمنی روو دەکەین
دەزانم لە دەورەن دەهاڵێنەوە قزڵباش فەرماندەیان دێنەوە
لە بۆ کۆڕ هاتن کە سەردارەکان هەموو دەس بەرن ئەو دەمەی بۆ چەکان
وەکوو شێر بۆیان هەڵمەت بەرن بکوژن ئەوانەی بەدو بەد فەڕن
کە کوژران، لەشکر بە بێ سەرپەرست دەمێنێ، دەبن بۆ مە ئەو گوێ لە مست
لەوێدا دەبن وەک مەڕی بێ شوان بکوژن بە شەمشیر و خەنجەر ئەوان
دەگەڵ ئێمە شەڕیان گەر کردەوە لە بۆ چەک بە شەڕ دەستیان بردەوە
بکوژرێن گەر لەو شەڕو شۆرە دا بدۆڕێین لەو تەختە و مۆرە دا
ئەوا تۆڵەیی خۆن کردۆتەوە لە بێگانە بازیین بردۆتەوە
سەرۆکان بەو باسە هەر دەس بەجێ وەکوو شێر سەرپاک هەستانە پێ
لە بۆ چوون سێ سەد نەفەر ساز بوون هەموویان تەڕدەست وەک باز بوون
دەیانگوت بە تەگبیری خانن دەکەین هەموو روو لە نێو دوژمنانن دەکەین
ئەلەو رێگەدا سەر لە دەس گەر بدەین ئەوە دیارە خزمەت بە میللەت دەکەین
خوداوەند رووومان گەر تێ بکا لە چوونا هەر ئەو کۆمەگن پێ بکا
وەها دوژمنی خۆن نستەق دەکەین لە ئێران جێگای پێ لەق دەکەین
ئەگەر بشمرین ئێمە هەر نامرین غەمێ بۆ مەرگ چونکە داناگرین

## نامە نووسینی ئەمیر لە شاملوو بە فێڵو داوای سولح کردن

ئەمیرخان نامێکی بۆ شاملوو — دەنوسی بەرەو ئاشتی گەر دەچوو
گوتی من دەترسم ئەلەو هاتنە — حەسەنخانی ئیستا جلوو دوژمنە
بە من گەر بزانی لە نارین نیم — وەنێو وێ دەخا زەلزەلێکی عەزیم
دەنێرێتە سەر خەڵک هێزی چەتان — دەسوورێت لەودا هەڵو دەرفەتان
منی خۆش ناوێتو خەڵکی هەژار — دەکا رووت ئەو بەد فەرەی نالە بار
ئەگەر دەت هەوێ بیمە هەمدەم لە بۆت — بنێری دەبێ پاسەوانانی خۆت
هەتا کوو نیگەهبانی نارین بن — لە بۆ ماڵو منداڵ پەرژین بن

## پیاو ناردنی شاملوو بۆ نیگەهبانی لە قەڵای دمدم

محەممەد پەیامی کەوا پێ گەیشت — لە داوایی میرخان ئەو تێگەیشت
پیاوی نیگەهبانی دانانەوە — بە دەورەی قەڵادا دەسوورانەوە
کە کەس بۆ قەڵا دەس درێژی نەکا — تەماعی شڕەو ماڵ گێژی نەکا
ئەلەو بارە گەر میر ئاسوودە بوو — بەرەو خێوەتو عەسکەری شا دەچوو
بە خۆیو کوڕی گەورە عەوداڵ بەگ — دەگەڵیان بوو سەد کەسی دەس بە چەک
ئەوانە کە چوون گەورەوو خان بوون — لە قۆناغی سەردار مێهمان بوون
لە نێو خێوەتی شاملوو مانەوە — لەوێدا پەزیرایی دەکرانەوە
لە پاشان عەوداڵی موکری دەهات — دەگەڵ سەد نەفەر گەورە گەورەی وەڵات
خەڵیفێک بوو نێوی ئەلیاس بوو — لە بۆ پادشا نۆکەری خاس بوو
کە عەوداڵ ئەو شێرە مەردی زەمان — دەچوو بوو بە مێهمانی ئەلیاس خان
لە قۆناغی ئەلیاسی قەرداغلوو — دەماوە بە خۆیو بەدەستەی هەموو
دەیانبرنەوێ تا هەموو پێکەوە — نەبن، تا نەبێ چاویان لێ کەوە
محەممەد جەلالی برایی تەویل — کە پێی بوو لە کوردان سەد دانە فیل
ئەویشیان بۆ خێوەتی گەنجەلی — دەبرد تا ببەسرێت دەستو پەلی
لە بەر ئەوهە دەکران پەرتو بڵاو — کە بخرێن وەک تەیری وەحشی لە داو
لە یەک جێگەدا کورد گەر کۆ وەبن — بە هێزی قزڵباش نایەن لە بن
دەترسا لەوەی دوژمنی کوردەکان — ئەگەر یەک کەون تیپی سەر کردەکان
دەگەڵ وانە یەک فێڵ نەکرێتەوە — بە پاشا وەڵامێک نەدرێتەوە
لە بەر ئەوهە بوو پاک دا بەش کران — وەبەر دەستی میرانی لەشکر نران
هەتا دەس بە سەر وانە دا داگرن — لە بۆیان شەمشیری شەڕ راگرن

بەشێ گەر بکا سەر بزێوی لە کورد    بکەن ئەو بە شیرانە لەو جێگە ورد

## ناردنی شاملوو بە دوای سەرۆکانی خۆی دا
## بۆ وت و وێژ دەگەڵ ئەمیرخان

کە لەپزێرچۆ خێوەتی شاملوو    لە میرو لە مەزنانی گێڕاوە زوو
گوتی بێن بۆ مەنزڵی من بە غار    لە بۆ بیرو تەگبیرو فکری لە بار
ئەوا خانی لەپزێر مێهمانمە    بە خۆشی لە قۆناغو دیوانمە
دەگەڵ میری کوردان دەس کەن بە باس    ئە لەو کۆڕە بێ ترسو لەرزو هەراس
ئەوەی سوودە بۆ دەوڵەتێ وابکەن    نەکرنی شەڕو شۆر داوا بکەن
قەبووڵی کە کرد شا خەبەردار کەن    بە لەپزێرەوە روو لە دەربار کەن
کە بێتوو وە دەستی شەهەنشا کەوی    بە کوشتن دەکا ئەو ئەمیری نەوی
ئەگەر خان هەر کەللەی رەق مایەوە    بە توندی دەگەڵ ئێمە دەدوایەوە
بە هەموان دەورەی ئەوی دەن بە شیر    لەشی لەت‌لەتو قاش کەن وەک پەنیر
مەهێڵن کە یەکیان دەرچێتەوە    نە وەک جێی میرخان بگرێتەوە
کە کوژران ئاسوودە خاتر دەبین    لەوە دوا بە بێ دەردو ماتەم دەژین
دەزانێ ئەوەی عاقڵو حاڵی‌یە    ژیانن ئە لەو کێوە دا تاڵی‌یە
هەتا شەڕ بکا ئێمە کەی دەسرەووین؟    پەرێشانو بێ حاڵی دەستی ئەوین
بە هەر جۆر بێ با لە بەینی ببەین    بە شەڕ یا بە پەندان رامی بکەین

## توورە بوونی حەسەنخانی ئیستاجلوو لە دیتنی
## ئەمیرخان و هاوڕێکانی بەچەکەوە

پەیامی بە میران گەر وا دەدا    دەهاتن هەموویان لەو کاتەدا
لە پێش وانەدا هات ئیستاجلوو    هەتا گەییە پش چادری شاملوو
رووانی محەممەد بەگی دیی بە چاو    بە خۆیو براوو کوڕی تازە لاو
لە نێو کۆڕی لەپزێر دانیشتووە    دەگەڵ وانە بێ چەک سەفی بەستووە
ئەوانیش هەموویان چەکدار بوون    ئە لەو کۆڕەدا هەر وەکوو مار بوون
کە واقی ئە لەو کارە وڕ مایەوە    لە بەر خۆوە بەو جۆرە دەدوایەوە
کە بۆ شاملوو فکر ناکاتەوە؟    سرنجێکی لەو هانە ناداتەوە
ئەوا هات لەو کۆڕە دا کوشتیان    هەڵاتن لە بۆ دمدمی گشتیان
ئە لەو دێوە کەی تۆڵە دەستێندرێ؟    لە کێوان هیچی دەگەڵ ناکرێ

کە کاری حەسەنخان بوو پڕ گرێ محەممەد بەگی بانگ کرد بۆ دەرێ
گوتی خۆ ئە تۆ زیرەکو عاقڵی حەکیمی گرێ کرنەوەی موشکوڵی
دەگەڵ سەد نەفەر دوژمنی قەستە سەر دەبی بۆ بە هەمسفرەو هەم سەفەر؟
ئەمیرخان خۆیو کوڕو خزمەکان لە خۆ دارنن لەو دەمەی باچەکان
وە مێنن لە نێو خێوەتا سی نەفەر ئەوی دیکە سەرپاک با بچنە دەر
وەکوو مارن ئەو هانە کەی چا دەبن هەموو با لە یەک مەنزڵی دا نەبن
لە چەن چادری دیکە جێگیر بن ئەوانیش دەبێ بێ چەکو شیر بن

## ناردنی شاملوو کەسێک بۆ کن ئەمیرخانو داوا لەوی کردن بۆ ناردنی بەشێک لە چەکدارەکان بۆ چچادرێکی دییکە

محەممەد وتەی خانی گەر پێ بە جێ دەبوو لەو دەمو کاتە دا هەر لە جێ
پیاوی لە بۆ کن ئەمیری دەنارد بە نەرمی وەهایی لەوی راسپارد
کە چون زۆرن ئەو مەنزڵەش تەنگەبەر دەبێ گەرم بۆیان هەر وەک سەقەر
لە من گەر ئە بەو باسە دڵئێش خان نەبێ، وام پێ باشە هێندێ لەوان
بە سەر چادری دیکەدا بەش کرێن لە بۆ ماوەیێ با لە یەک هەڵبزێن
بە ئاسوودەیی دا دەنیشن هەموو بدەن گەر لە چەن مەنزڵێ دا پشوو
دەبا دابنیشن لە نێو چادران هەمووتان بۆ ئێمە هەر وەک بران

## دڕدۆنگ بوونی ئەمیرخان لە چوونە دەری شاملووو نەهاتنی حەسەنخان

وەلێ بەر لەوەی ئەو قسەی پێ بگا لە نێو ئاخنی ئەو وتەی تێ بگا
لە سرتەو لە چوونە دەری شاملوو ئەمیرخان یەکجار دڕدۆنگ بوو
گوتی لەو دەمەیدا بە هاواڵەکان ببن حازرو دەس بەرن بۆ چەکان
مەترسن لە دەورانو چەرخی زەمان دەکەین ئێمە یەک جەنگی مانو نەمان
کە دەرچین لە مەیدانی شێران دا سەرن بەرزە بێشک لە ئێران دا
لە شەڕدا کە بمرین روو سوور ئەبین بە مەردی لە نێو خەڵک مەشهوور ئەبین
شەهیدین تاکوو بمێنێ جیهان هەمانە لە نێو کورد ناوو نیشان

# شەر هەڵایسان لە خێوەتی خەلیفە ئەلیاس لە کاتی وتاردانی ئەمیرخان دا

ئەمیرخان دەیدا کە ئاوا وتار
دلێرانە دەرژاوە شەکری لە زار

ئە لەو کاتە دا شەڕ دەسی پێکرا
لە قۆناغی ئەلیاسی دا بۆ هەرا

بزانین ئەو کارە کە کرایەوە
چ جۆرێک بوو روویی گەر دایەوە؟

خەلیفەی خووێنخۆری قەرداغلوو
کە عەودال چوو ئەو لە مەنزڵ نەبوو

ئەگەر چۆوە چەکداری ئەو هەمووە دین
هەڵستا رقی هەر دەچۆ دەر لە دین

گوتی نۆکەر ئەو هانە چەک چن بکەن
لە بەر دەستیان ئەسلەحەی ون بکەن

لە بۆچی دەبێ لێرە چەکدار بن؟
مەگەر هەر لە سەر بیری پەیکار بن

ئەوەی گەردەگوت نۆکەری چوونە ژوور
بکەن تا وەکوو چەک لە عەوداڵە دوور

کە ئەوهەی دەدیی شێری موکری بە غار
ئە بەو نۆکەرانەی نەبوو هیچ کار

هەڵستاو دەستی لە بۆ چەک دەبرد
خەلیفەی بە شەمشیر دوو قەڵت کرد

رەشیدێک بوو دڵ رەقو کەللە پڕ
کەوتبوو، وە نێو وانە وەک شێری دڕ

لە هەر لاوە گەر هەڵمەتی لێدەدان
دەکەوتن لە مەیدانێ کەللەی سەدان

لە نێو خێوەتێ دەستەکەی دەرپەڕین
وەکوو سفرە سەربازیان هەڵدڕین

لە هەر شوێن دا بەچکە شێرانی کورد
دەیانکرد لە کوژراو، کێوێ دروست

کە لەپ‌زێڕ دیی مەشخەڵی ئاوران
هەڵایسا لە نێو خێوەت‌و چادران

وەخۆ کەوت دەستی دەبردبۆ تفەنگ
زەوی کرد بە خێناوە گوڵگونە رەنگ

بە سەد کەس لە نێو خێوەتێ هاتە دەر
زرێی داودی کرد بوو ئەو لە بەر

کەوتبوو وە نێو پووش وەک ئاگری
نەبوو هیچ کەس خۆیی بۆ راگری

وەکوو شێر هەڵکاتە سەر ئاسکان
قزڵباش دەشکان بۆ باسکان

لە لەپ‌زێڕی ئەو چاو ترساو بوون
بە دەس وی هەزاران کوژراو بوون

نە شاملوو دەماو نە ئیستاجلوو
دەبوون ئەو بە هەمکاری قەرداغلوو

لە دوژمن گەڵی گەورە گەورەی بە نێو
کەوت بوو لە شی وانە بێ سەر لە کێو

بە سەربازو فەرماندە کە کرا ژومار
دەکوژرا قزڵباش تا نۆ هەزار

شەڕێ بوو شەڕی ماڵو مانو نەمان
کە دەکرا لە وێدا بە دەس کوردەکان

بیان با کە کورد ئەو دەمەی کۆمەگێ
لە تورکان یا خۆ لە خان‌و بەگێ

چلۆن دوژمنی پێ دەوێرایەوە
دەترسا لە سەد لاوە دەشکایەوە

وەلێ کەس نەبوو بێ بە هاواریان
بکا روو لە نێو شیوەن‌و زاریان

ئە بەو بۆنە بوو پاک کوژرانەوە      بەمرنی ئەمیرخان دەبڕانەوە
هەتا دوو شەوو ڕۆژ شەر گەرم بوو      لە کوژراو سەر عەرز پڕ تەرم بوو
لە وێدا بزەی ڕوحم بوو بێ ڕەواج      مەرگ بوو کە دەیگرت باجو خەراج
لە دەورەی ئەمیرخان کوردی دلێر      دەهاڵان ئەو کاتە وەک بەچکە شێر
هەموویان ئەو کوردە کوژرانەوە      بە دوژمن لە مەیدانێ نەشکانەوە
سێهەم ڕۆژ بوو میرە کوردی ڕەشید      بە دەس دوژمنی کورد دەکرا شەهید
دەچۆ دەر لە دنیایی ناپایدار      دەبوو ون لە نێو ڕەحمەتی کردگار
هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی ئەوی      وەکوو وی دلێرێک هەڵنا کەوی
گیانی بەخت کرد لە بۆ نیشتمان      لە سەر کورد دەیگرت ڕێگەی نەمان
سەری بەرز بوو ڕوویی گەرنا لە گۆڕ      لە بۆ دوژمنی خۆیی نەیکرد شۆڕ
هەتا مرد ئازاو موو زوور بوو      بە مەردی لە دنیایە مەشهوور بوو
بە نێوی ئەوی ناوی دمدم هەیە      کە دەدوێ خەڵک لەو کژو شاخەیە
دەنا کێو هەن زۆر وەک دمدمی      کە نەیداوە لەو هانە مێژوو دمی
بە بێ نێوو نیشانو بێ دەفتەرن      هەموویان ئاڵایی دەشتو دەرن
لە سایەی ئەمیرخانە ئەو کێوەیە      کە دەبرێت ناوی ئە بەو نێوەیە

## گیرانو تاڵان کردنی نارین قەڵا

کە لەپزێڕو هاواڵەکانی هەموو      شەهیدی لە شەڕدا بەشی وان بوو
دەبوو کورد هەر وەک مەڕی بێ شوان      کەبوو ون لە سەر عەرز چاوی ئەوان
لە نارین قەڵا عەسکەری دوژمنان      هجومی دەبرد بۆ منداڵو ژنان
ژنو پیرە مێردو کوڕو کچ بە غار      بە تێلاو گۆپاڵو بەردو بە دار
لە بۆ شەڕبەرەو پێشی لەشکر دەچوون      لە کوشتن هەموویان بێ ترس بوون
بەدوژمن کە کاتێ بەرەنگار بوون      وەکوو شێر سەرگەرمی پەیکار بوون
ئەوانەی کەوا خوێن مژو رووسیان      نەدەن تا وەکوو دەس لە ناموسیان
دەیانکرد دوو ڕۆژ شەڕ بێ وچان      دلێرانی مەردو ژنانو کچان
لە حەوشێی نارینو دەورووبەری      لە سەر بانو بورجو قوللەو سەنگەری
کەلاکی قزلباش هەر وەک گەڵا      کەوتبوونە سەر یەک لە دەورەی قەڵا
ئەوەن توند بوو شەڕلە نارینەوە      کەژی دمدمی کەوتە لەرزینەوە
دووایە دووایی بە کوردان هات      بە تۆپان داگیر دەکرا قەڵات
هەموو شەڕکەری کورد دەبڕانەوە      ئەوەی شەڕنەکەر بوو دەگیرانەوە
نەبوو کەس کە لەو فیتنە دەرکات سەر      وەیا خۆ لە نارین بڕواتە دەر

گەلێ خانمی ناسکو شۆڕە ژن
هەتا کوو گرفتاری دوژمن نەبن
لە مەیدانی شەڕدا کە بێ چەک دەمان
دەیانکرد ئەوروو لە موڵکی نەمان
لە سەر بانی ناڕینو بورجی بەرز
دەهاتن وەکوو تیر بۆ سەر عەرز
بەرەو خوار خۆیان گەر دا حەوا
غەمی دڵ ئەبەو کارە دەکرا دەوا
شفای دڵی وانە هەر مەرگ بوو
کفن لەو دەمەی چاترین بەرگ بوو
بە دێوەزمەی مەرگ گەر تووش بوون
وەشاخان کەوتن لەتو لووش بوون
پەریی‌چون لە دێوان بێزار بوون
لە دەس غوولی بێگانە رزگار بوون
لە خێزانی میرخان هەرچی کەمان
دەگیرانو بۆ هۆردوو نێر دران
لە زیندان دەکران سەر پاکیان
لە دەسیان چوو سەرووەتو خاکیان
هەموو ماڵو سامانی خەڵکی قەڵا
لە موڵکو شڕەو پۆڵو زێوو تەڵا
بە سەر لەشکری شایە دا بەشکرا
بە تاڵان دەبرا و رۆیی و خورا

## باسی کوژرانی حەمەد بەگی لیتانو هەر وەها ئەو کوردانەی کە چوو بوونە باوەشی دوژمنەوە

لە کوردان ئەوەی پەناهیندە بوون
بە هیوای‌خۆشی لە ئایندە بوون
لە بن سێبەری دوژمنی کورد بوون
ئەوانیش لەوێدا هەموو ورد بوون
حەمەد خانی لیتان بەو هانەوە
لە سێ دارە دەدرانو خنکانەوە
هەیا نبوو چون ئەو خزمەتی باشیان
ئەبەو جۆرە دەدراوە پاداشیان
کەسێ بێتوو خزمەت بە دوژمن بکا
بە دەس وی دەبێ سەر دڵی کون بکا
کەلادەی لە رێبازی هۆزت ئەتۆ
لە ئاکام دا هەر دەبی رەنجەڕۆ
ئەوەی گەر دەبەستێت پشتی بەمار
بە بێ هۆشە ناکات فکرێ لە ژار
چون ئەو مارە کاتێ لەوی گرت قین
بەدم دەیگەزێ تێی دەکا سەد برین
هومێدت بە بێگانە بۆ چاک بوون
نەبێ، چونکە دەتخانە گۆمی نەبوون
لە خزمو لە قەومو گەلت لامەدە
لە خزمەت بە هۆزت دمت بامەدە

## خەبەرداربوونی شا لە گیرانی قەڵای دمدم لە گاو دۆڵی مەراغە

بە گورجی چەپەر رۆیی بۆ گاو دۆڵ
خەبەر چوو لە بۆ شایی ناپاکو زۆڵ
کەلەو خاکە لەشکر بەزی کرد بوو
دەمێ بوو ئەلەو دوڵە هەڵورد بوو
بەوی وا دەگوتراوە کەی شەهریار
لە کوردانی دمدم برا شوێنەوار
ئەوا بەختی میرخان بوو سەر نخوون
بە خۆیو بە دەستەی لە بو گۆڕ چوون

ئەبەو باسە عەبباس دڵخۆش بوو
لە شادی هەر ئەو کاتە مەینۆش بوو
بە فەوتانی میرخان بوو کەیف ساز
ئەلەو کۆڕە دەدرا لە سەمتوورو ساز
لە هەر گۆشە دا بەزمو شایی کرا
لە زۆرناو تەپڵو لە دمبەگ درا

## بەخشینی مەڵبەندی ورمێو دەوروو بەری بە قەبان خان لەلایەن شاوە

کە عەبباسی بیژوویی زەححاک خوو
نەجاتی لە دەس میری ئازا دەبوو
هەموو خاکی ورمێ و دەوروبەری
بە گوندو قەڵاتو کەژو سەنگەری
لە سەلماسو سارۆو قۆرغانەوە
هەتا گاو ڕوودێ بە گوندانەوە
تەواوی دەدا ئەو دەستی قەبان
یەکێ بوو لە سەردارو فەرماندەکان
لە جێگای لەپزێڕئەو بوو بەخان
لە سەر خەڵک فەرمانو ئەمری دەدان
بەوی داوە شا زێڕ تا سی هەزار
کە بگرێت بەنناو فەعلەی بەکار
قەڵاتی کەژی دمدمی ئاوەدان
وەکا تاکوو سەنگەر نەبێ بۆ چەتان
قەبان ئەو دەمەی لەشکری کرد تەیار
بە خۆیو بە لەشکر دەڕۆیی بەغار
دەچۆ نێو کەژی دمدمو مایەوە
کە وێرانە بوو چاک دەکرایەوە
لە چاکرنەوەی گەر لە خۆ بوونەوە
لەوێدا خەڵک زۆر کۆ بوونەوە
هەزاران کوردی فەقیرو هەژار
کە خۆیان نابوو لە گۆشەو کەنار
لە بەر کوشتنو گرتنو زگ دڕین
شەوو ڕۆژ سەرگەرم بوون ئەو بەشین
بە فەرمانو دەستووری ئەو دێوەیە
دەیانگرت مەنزڵ ئەلەو کێوەیە
قەبانیش ئەلەو کێوە دا نیشتە جێ
دەبوو تا وەکوو ڕۆیی لاچوو لەوێ
بڕاوە ئەبەو جۆرە کێشەی ئەمیر
نەچوو ناوی لەپزێڕی ئازا لە بیر
لە نێو سینگی هۆزو گەلی نەخش بوو
بە دنیایی ئیسلام دا پەخش بوو
بە بەیتو بە باوان گوترایەوە
لە مێژووی گەلی دییکە نووسرایەوە
هەتا ڕۆژی مەحشەر ڕمێنی دەبێ
گوڵاڵەی دڵە ڕەنگو بێنی دەبێ
وەها هەڵدەگیرێ بە دەس کوردەکان
کە نەدرێ بە شووبایی چەرخی زەمان
بە حەوساڵو نیوان شەڕبوو تەواو
دەکەم من لە کوردانی ئازا سڵاو
دوایی بە باسی ئەمیرخان هات
لە سەر مستەفا بێ سەلامو سەلات

## موکری قڕانو کوشتاری شا عەبباس لەو هۆزە

کە عەبباس بێ کوشتو کوشتار بوو
لە دەستی ئەمیرخان ڕزگار بوو

ئەوەن دوژمنی کورد گەلی مەرد بوو ئەبەو داخە دڵ پڕ غەم‌و دەرد بوو
رقی هێن لە کوردان داگرتبوو دەسی رەحمی شا لەو گەلەی کورت بوو
حەزی لەوهە بوو کورد نەهێڵێتەوە چەمەنزاری ژینی بکێڵێتەوە
قڕانێکی وا وەو گەلەی خا بە شیر نەمێنێ لە سەر عەرز لە جووان‌و پیر
خەیاڵی ئەلەو بابەتەی خاو بوو ئەبەو جۆرە کارانە بەد ناو بوو
چرایێ کە هەڵکا خودایی جیهان بەبێ نوور نابێ بە فوویی نەزان
ئەلەو کاتە گەر شا لە نێو گاوو دۆڵ دڵی شاد بوو گوێی دەگرت بۆ دەهۆڵ
دەهاتن سەرۆکان‌و خان‌و مەزن بە تەبریک‌و پیرۆز بایی گوتن
کە چون شا لە سەر دوژمنی زاڵ بوو ئەلەو خاکە دا رۆستەمی زاڵ بوو
بە کوشتنی ئەمیرخان شا بوو بە دێو دەری کرد زەححاکی دەورانە نێو
لە ترسان بوو گەورە هاتن بە غار دیاری دەهێنراوە بۆ شەهریار
ئەوانەی تەلایان لە بۆ شا ئەبرد لە دەس مەرگ خۆیان رزگار ئەکرد
کەسێ گەر نەچوو با دەبوو بێ گیان دەبوو بەربدا دەس لە خۆشی ژیان

## هاتنی قوباد خانی موکری بۆ لای شا عەبباس‌و کوژرانی بە دەستی ئەو

کوڕی شێخ حەیدەر قوبادی جحێڵ کە بوو دوور ئەو دەم لە مەکرو لە فێڵ
لە هۆزی موکریان سەر هۆز بوو بڵند هیممەت‌و عاقڵ‌و قۆز بوو
جوانیکی دەریا دڵ‌و تازە لاو نەمامێ لە مەڵبەندی موکری روواو
ئەویش خۆیی بۆ خزمەتی پادشا دەکرد ساز، رۆیشت نەیبوو نەشە
سووارەی دەگەڵ کەوت دووسەد سووار هەموو خان‌و ئاغا و مەردو بەکار
لەوەی بێ خەبەر بوو کە چەرخی زەمان بە جۆرێکە نادا بە هیچ کەس ئەمان
دەچوو بۆ سەفەر خانی موکری قوباد دڵی ئەو نەبوو گەرچی بەو چوونە شاد
وەلێ سەرنویشت‌و قەزا و قەدەر چلۆن بێ ئەوەت هەر دەهێنێ بە سەر
بەڵا گەر قەزا بیهەوێ بتگرێ لە سەر تۆ بە سەد فێڵ لا نابرێ
بە شەر بۆتە جێگای فیتنەو شەڕێ زەمانەی بە بێ شەڕ لە سەر ناگەڕێ
قوبادی موکریان بۆ مەرگ هات نەبوو کەس لە کوشتن کە بیدا نەجات
ئەگەر عالەمی سەر زەوی کۆوە بن بهێنن هەموو هێزو تاقەت لە بن
نیانە ئەوەن رێزو قەدرو بەها بکەن تۆ لە چەنگاڵی مردن رەها
ئەوەی بیهەوێ زاتی پەروەردگار دەبێ بێتە سەر دەوڵەمەندو هەژار

که رووی کرده نێو گاو دۆڵێ قوباد
دەیانگوت که عاشیرەتی موکری‌یە
بەوانە بفەرموو هەتا وا بکەن
که نێوی قوبادی گووێ لێدە بوو
لە دڵدا گوتی من دەبێ لەو هەلەی
قڕانێکی وایان تێخەم بە شیر
نەمێنێت لەو هۆزەدا جووقەوار
لە نێو کورددا من دەبێ سەر بزێو
دەبێ سەرکوتی کەم بە جۆرێ کەوا
ئەوەی گەر بزانم کە یاغی دەبێ
بە جۆرێ دەکەم نەرم کەللەی ئەوی
دەکوژم خەتا بار یا بی خەتا
ئەمیرخان دووبارە پەیدا نەبێ
رقی خۆم گەر من بڕێژم بە وان
دەترسم لە عاشیرەتی موکری‌یان
لە دژ دەوڵەت‌و میللەتم شەڕ بکەن
لە نێو هۆزو عاشیرەت‌و میللەتان
هەر ئەو عێل‌و تیرەو رەگەی موکری‌یە
بە کوشتن کە ئەو هۆزە ببڕێتەوە
ئە لەو خاکە گەر لابچێ دەس وەشێن
نەماوە ئەمیرخان لەو کاتە دا
ئەمیرم لە بیرە کە چی کردووە
ئەوەی بوو لە دەورەی رەوەی رەوکەوان
هەمووی کوشتن‌و گرتن‌و سەر بڕین
لەوەی چاو پۆشیم کرد سەرسەری
لە باسی رەوەی هەر نەدەدوامەوە
قوبادی کۆری حەیدەرم کردە خان
ئە بەو کارە عەوداڵی مامی هەڵات
پەنایی لە بۆ خانی لەپ‌زێڕ برد
لە ئێمەی گەلی کوشت‌و کوشتار کرد
کوڕی حەیدەری چونکە وەک مار بوو

خەبەر چوو لە بۆ خوسرەوی بەد نەژاد
هەموو هاتوون کارو ئەمرت چی‌یە؟
بە ماڵ‌و بە سەر خزمەتی شا بکەن
ئە بەو نێوە پاشا بە ڕقدا دەچوو
کەڵک وەرگرم دەس بدەم لەو گەلەی
نەچێ یادی ئەو رۆژە هەرگیز لە بیر
لە بۆ وانە بگری فەلەک زار زار
نەهێڵم کە یاغی ببێ بچتە کێو
نەکا کورد کاری بەدو نارەوا
لە کوردان گورزو پەیاغی دەبێ
ببێ ئەو بە خۆراکی گورگی زەوی
بە سەر کورد کارێ دەهێنم هەتا
ئە لەو خاکەدا دوژمنی شا نەبێ
دەبم بێ غەم‌و دەرد رۆژو شەوان
ئەگەر ببنە هەمدەست بۆ رۆمی‌یان
لە ئێراندا کاری بەد فەڕ بکەن
ئەوەی کۆمەگە بۆ دزان‌و چەتان
کەسی دیکە وەک وانە ناکەس نی‌یە
چ کوردێک جێگای دەگرێتەوە؟
هەموویان بۆ خزمەتی ئێمە دێن
پەنا گەر بە کوردانی یاغی بدا
رەوەی مەی بە تاڵان هەڵگرتووە
لە چەکدارو سەربازی پیرو جوان
بە خەنجەر لەوانی دەکرد سەد برین
لە بەر خاترو حورمەتی حەیدەری
لە هەستاندنی تۆڵە دەکشامەوە
لە جێگای بابی لە سەر کوردەکان
دەچۆ دەر لە سەر موڵک‌و ماڵ‌و وڵات
دەگەڵ وی لە نێو دمدمی هەڵدە ورد
بە دەس مەرگ خۆشی گرفتار کرد
کە پەروەردە بوو ئەو ژەهر دار بوو

لەباتی ئەوەی خزمەتی من بکا     نەچی روو لە دەرباری دوژمن بکا
نهێنی دەگەڵ رۆم یەک کەوتبوو     لە بۆ نۆکەری ئێمە بێ رەوت بوو
لە لەپزێڕ نامەو پەیامی هەبوو     بە هاواری حاتەم بەگی هەر نەچوو
لەوی زۆر داوایی یاری دەکرد     کە چی یەک سوواری لەبۆ شەڕ نەبرد
من ئەورۆ دەبێ تۆڵە وەر گرمەوە     تەواوی ئە لەو زۆڵە وەرگرمەوە
لە نێو کورد ئەو هوزە گەر لابەرم     هەموو دەبنە ئێشکچیو نۆکەرم
بزۆزێ ئە لەو خاکە دەس ناکەوی     لە بۆ من نەکا گەر بەدڵ سەر نەوی
کە پشکۆیی ئاور بکووژێتەوە     لە کادا کووا هەڵدەگیرسێتەوە؟
بە ئاور کە ئاوێکی پێ داکرێ     نە پووشو نە کا ئاوری ناگرێ
دەبێ شا لە رەحمو بەزەیی دوور بێ     بە خوێنڕێژو خوێنخۆر مەشهوور بێ
کە یەک زڕە رەحمی لە دڵدا هەبێ     چلۆن ئەوە بۆ خوسرەوو شا دەبێ

## دەستووردانی شا بە چەند نۆکەر بۆ کوشتنی قوباد خان

لە پاش ئەو خەیاڵاتە ئەمری دەدا     بەچەن نۆکەری خوێنمژی بەد ئەدا
گوتی نابێ ئەو هەو بچێ قەت لە یاد     ئەوەی هاتە ژووری لە دەستەی قوباد
لە بەردەم منی لەتلەتو پارەکەن     پیاوانە رووتان لەو کارە کەن
کە لاکی لەپش کووچەیی بارەگا     فڕێ دەن وەها کەس کە پەی پێ نەبا
هەموو دەس بە شەمشێرو ئامادە بن     بکەن خۆ لە بن پەردە وەک شێرە ون
ئەوەی هاتو چەکمەی لە پێ دارنی     بە شیران دووقەڵت کەن گەردنی
مەهێڵن کە بزوونو جووڵەی بکەن     سەری هەر وەکوو کوللە ببڕن لە تەن
کە بەو جۆرە دەستووری پێ دانەوە     لەوێ بەور چەکدار دەکرانەوە
عەلیقوڵی کەوا ئێشکو ئاقاس بوو     نیگەهبانی دەرگایی عەبباس بوو
بەوی پادشا وایی دەستوور ئەدا     وەمێنە لە دەرکی سەراپەردە دا
قەرارە بەگو خانی موکری تەواو     بکەن روو لە نێو خێوەتم بوسڵاو
کە ئەو هۆزە هاتن لە ئێوارە دا     نەکەی کەمتەر خەم بی نە لەو کارە دا
نەدەی ڕێ بە تێکڕایی ئەو بێنە ژوور     دەبێ بێن یەک یەک نەفەر بۆ حوزوور
دەکووژم چون ئەوکوردگەلەی نارەسەن     نەکەن دەس وەکەن فیتنە پەیدا بکەن
کە بۆ عەسر، عاشیرەتی موکریان     دەهاتن لە کوشتن نەبوو فکریان
لە بەر دەرکی شا رادەوەستانەوە     دەگەڵ خانی داروغە دەدوانەوە
دەیانگوت دەزانی ئە تۆ ئێمە چین؟     هەموومان بۆ خزمەتی شا دەچین
کە ئێزنن بدەی روو لە کن شا دەکەین     لە بۆ خزمەتێ سەر دەرگا دەکەین

بەوانی عەلیخان وادا وەلام
کە شا بۆمنی داوە ئاوا پەیام
دەبێ یەک یەکوو بچنە خزمەت ئەوی
لە بۆ عەرزی خزمەت بکەن سەر ئەوی
بە خۆشی دەگەڵتان دەدوێتەوە
وتەی دۆستی ئێوە دەسوێتەوە
ئەوانی بە شیرین زمانی فریو
دەدا بوونە خۆراکی شێری بەزیو
دەچۆ ژوور هەووەڵ قوبادی جووان
لە کاتێکی چەکمەی لە پێ دادەنان
دەهاتن غوڵامانی هەر وەک بزووت
دەیانداوە دەورەی بە شەمشیری رووت
دەیان کوشت بردیانە پشن خێوەتێ
لە هەرجێ فڕێیان دا لەو لەتێ
ئە بەو جۆرە سی کەس دەکوژرانەوە
وە پشتی سەراپەردە دەنرانەوە
کە دەکراوە ئەو کوشت‌و کوشتارەیە
دڵی خوش بوو شا ئە بەو کارەیە
لە کن وی کە ئەو خوێنە دەڕژانەوە
ئە بەو هەی برینی دەبرژانەوە

## وەشک کەوتنی هاوڕێیانی قوبادو ناردنی کەسێک بە دوو پێ و شوێنی دا

ئەوانی دەرێ زۆر دڕدۆنگ بوون
بە سستی لە بۆ ژووری خێوەت دەچوون
ئە لەو هانە یەکیان رۆیشتە ژوور
خوێنی دەدی بۆتە دەریای سوور
رووانی کەلەو بارەگایەی بە قین
قوبادو رەفیقانی دییکەی نەدین
ئە لەو جێگە مەرگ‌و شەڕی کرد هەست
گەڕاوە بەرەو پاش‌و خەنجەر بە دەست
هەر ئەو کاتە بانگی لە هاوالەکان
دەکرد پاک دەسیان دەبرد بۆ چەکان
یەکی کوشت بە نێوی موحیبی عەلی
مەزن بوو بە خەنجەر پەڕاندی پەلی
کە بوون ئەو دلێرانە موکری سووار
لە ئەسپان وەک سام‌و ئەسفەندیار
بە گژ لەشکری دوژمنی دا دەچوون
لە نێو ئەو هەموو شەڕکەرەی ون دەبوون
لە هەر لا کە شەمشێریان لێدەدان
وەکوو شێر دڕیان بە ریزی دەدان
کەوت بوو کە لاکی زلی سەر پەلان
ئە لەو دۆڵە بۆ داڵ‌و بۆ خەرتەلان
لە بۆ شەڕ کە ئەو هوزە بوو دەس بەکار
قزلباش کوژران تاکوو هەزار
دەگەڵیان چەن مەزن‌و سەردار بوون
هەموو مەحرەمی رازی دەربار بوون
لە پاشان شێرانی موکری هەموو
بە شیران لەشیان لەت‌لەت دەبوو
شەهیدی ئە بەو دەستە دەدرایەوە
لە دنیا بەشی وا نەدەبڕایەوە

# هێرشی شا عەبباس بۆ سەر قەڵاتی گاوو دۆڵ‌و کوشتاری خەڵک

ئە لەو وەختە پڕ سامە شای تەتار     لە ئەسپێکی سووری رەسەن بوو سووار

هەڵیگرت سەرباز وەک خیزو خۆڵ     دەچۆ سەر قەڵاتی کەژی گاوو دۆڵ

قزلباشی دەنگدان بو کوشتنی     گەلی موکری‌و خانە سووتاندنی

گوتی هەر چی لەو هۆزە دەستوو کەوت     لە دارایی‌و پووڵ بیکەن زەوت

بکووژن هەموویان لە پچووک‌و پیر     نەچێ ماڵ‌و منداڵی وان‌و لە بیر

دەبێ کەس نەمێنێت لەو هۆزەیە     وەشەڕخات ئەو هۆزە ئاڵۆزەیە

ئەوەی گەر لە فەرمانی من لابدا     دەبێ بێت کفنی بە خۆدابدا

کە بەو جۆرە دەستووری دا شا بەوان     دەڕۆیی وەکوو چۆمی ئاوی رەوان

لە بە تلێک شەو گەییە دەرکی قەڵا     خەڵک بێ خەبەر بوو لە فیتنەو بەڵا

بە بێ ترس نوسبوون سەر پاکیان     لە جندو بەشەر ئەو نەبوو باکیان

لە ناکاو گورگیان لێ چوونە ژوور     هەموویان دەکران بە خوێنە سوور

ئەوەی دەستیان کەوت وردو درشت     لە نێو ئەو قەڵات‌و کەژەیدا دەکوشت

لەوێدا نەما یەک نەفەر زیندەوار     لە کوردانی بێ سەرپەرست‌و هەژار

شڕەو ماڵ چی بوو بە تاڵان چوو     بە دەس وانە ئاور لەوی بەر دەبوو

کە پاشای دێوانە ئەوهەی دەکرد     بەوەندەی ئەلەو جێگەدا هەڵنەورد

لە نێزیکی وێدا هەبوو یەک حەسار     کە پڕ بوو لە چەن ماڵە کوردی نەدار

ئەبەو هانەیی شا کە زانی لەوێن     عەلیقوڵی دەگەڵ هێزی خەنجەر وەشێن

لە بۆ کوشتنی وانی ئەو دەم دەنارد     ئەو ئەرکەی بە بێ روحمی ئاوا سپارد

کە چوو دێو بۆ سەر گەلی بێ خەبەر     لە چەنگی نەبوو یەکنەفەر بچتە دەر

هەموویان گیران‌و بەسرانەوە     دەکوژران‌و تاڵان دەکرانەوە

ئەسیری دەهێنان حەفتا پیاو     بە بێ کەوش‌و پێڵاوو دەسرەو کڵاو

وەپێش خۆی دا بوون ئەو دڵڕەقە     بە گۆپاڵ‌و تێلاو زللەو شەقە

بە سووکی لە بۆ شای هێنانەوە     بەرابەر بەوی رادەگیرانەوە

لە بەر چاوی ئەو خوێن مژەی سەربڕان     وەکوو مەڕ بە شەمشیر زگ هەڵدڕان

وەکوو دێو بوو خولق‌و خوویی بەدی     دەبوو شاد کە خووێنی کوردی دەدی

وە مەڵبەندی موکری دەخستن سووار     لە بۆ کوشت‌و کوشتار حەفتا هەزار

دەهێنران هەر رۆژە چەن تاقمە     دەیاندانە بەر گوللە و ساچمە

حەوت رۆژ کوشتار دەکرایەوە     هەتا ئەو گەل‌و هۆزە دەبڕایەوە

# ناردنی ئەسفەندیار بەگی ئاوچی باشی لە لایەن شاوە بۆ کوشتنی ئەمیرخانی موکری

بە دەستووری شا لەو دەمەیدا بەغار بە هێزێک فەرماندە ئەسفەندیار
بە فێڵێکی شاهانە بۆ گەرم روود دەچوو وەرگرێ تا ئەلەو چوونە سوود
ئەمیرخانی موکری کە وا بوو لەوێ بە خۆیوو بە پەنجا نەفەر نیشتە جێ
بەرەو روویی ئەسفەندیاری دەهات بە خۆشی هەتا دەعوەتی لێ بکات
ئەلەو شارە دا بێتە مێهمانی ئەو لەوی رێز بگرێ بە رۆژو بە شەو
کە چۆ پێش دەر دەم لە باتی سڵاو دەیانگرت وەکوو شێر دەخرا لە داو
برای شێخ حەیدەر کە گیرایەوە بە دەستەو و دەیارەی دەکوژرایەوە
بە بێ وەی بزانێ کە بۆ وادە کەن ئەلەو خانە چ شتێک داوا دەکەن
سەرو ماڵو منداڵیان لێ ستاند بە شەمشیر سەریان وەک گۆ پەڕاند
لە دنیا کە بێ شەوق بوو لەنتەری دەکوژرا بە تاوانی موکری گەری
عەداڵەت لە شایان هەر ئەو هەیە نەبێ شا کە بەو جۆرە بی عورزەیە
ئەوەی گەر دەڵێن عادڵو چا بووە بە ناحەق گەلێ عالەمی کوشتووە
لە شەیتان ئیمان داوا مەکەن بە چا بوونی شایان بڕوا مەکەن
بە عادڵ کە مەشهوورە یەک شەهریار بە ملوێن. کوشتوویە خەڵکی هەزار

# کوژرانی حوسێن خانی برای شێخ حەیدەر بە دەستی حەسەنخانی قزلباش

حوسێنی برازایی شێخ حەیدەری لەورمێ بوو گەر مەنزڵو سەنگەری
دەگەڵ وی بوو چەن کەس لە عاشیرەتی دەباری بە سەر وانەدا نەگبەتی
نەیان بوو خەبەر لەو پەلامارەیە کە کردوویە بۆیان ئەو مارەیە
ئەلەو شارە بێ وەرهەمو دەرد بوون بە دوور ئەو لە مەیدانی نامەرد بوون
هەتا هات یەک گەورەیی نا ڕەسەن بە سەریان وەر بوو بە نێوی حەسەن
قزڵباشی هێنان وەدەورەی دەدان بەوانی نەدا لەو دەمەیدا ئەمان
بە گرتن حوسێنی کە بێ سەر دەکرد سەرو گوویێ هەموانی بۆ شا دەبرد
کە بەو هانە مەی مەرگ دەخورایەوە وەجاخی ئەوانیش دەکووژایەوە
لە نێو هۆزی موکری گەلێ خانە وار هەروون ئەو دەیانکرد بۆیان کار

که چون هەمدەمی ئەو گەلەی ماد بوون | چ ئیپی چ ئۆیماق‌و ئۆریاد بوون
بە تاوانی ئەوهەی لە نێو وان بوون | ئەگەر چی نە بەگزادە و خان بوون
ئەوانیش، بە بێ رەحم کوژرانەوە | بە دەستی قزڵباش دەبڕانەوە
کە هۆزی موکریان دەکرا زەلیل | منداڵ‌و ژن‌و کیژیان بوو بە دیل
ئەلەو فیتنە ئەوەی کە نێرینە بوو | لە موکری کە دەسگیر بوو دەر نەچوو

## عەفووی شیر بەگ‌و مەقسوود بەگی موکری لە لایەن شا و دانانی ئەوان بە سەرۆکی موکریان

بە دەس شا کە ئەو هۆزە کوژرایەوە | بڵێسەی رقی دادە مرکایەوە
لە ئەحواڵی دێوانەگی هاتە دەر | دەبۆ شاییکی عادڵ‌و دادگەر
خەیاڵی وەها کرد چەنگیز خان | کە مەڵبەندی موکری وەکا ئاوەدان
لە ماڵان ئەو خاکە با پڕ وەبێ | بەراوی لە بۆ بایەرو کڕ وەبێ؟
لە دەورەوبەری خاکی وێرانە دا | لە بن سێبەری مەرزی بێگانە دا
کە بێ چۆڵ مەڵبەندی موکری لە ماڵ | دەبێ زیندەگانی قزڵباشە تاڵ
کەوابێ دەبێ بۆیی دانێم مەزن | کە بیبێ لە نێو خەڵک دا قەدرو وەزن
ئەبەو مەزنە عالەم وەکو بێتەوە | سەفایێ ئەبەو خاکە بدرێتەوە
لە ترسا ئەوەی خۆیی ون کردووە | گیانی لە چەنگ ئێمە دەر بردووە
خزاون وەکوو مشک، لە کون‌و پەسیو | لە هەر دۆڵ‌و هەر غارو هەر کێو شیو
دەکەم عەفو تاکوو هەموو بێنەوە | ئەلەو خاکە دا دابمەزرێنەوە
لە ژێر چاوە دێری بەگ‌و خان دا | بکەن کارو کۆشش لە گوندان دا
کە بەو جۆرە بێ خەڵک روویی تێدەکەن | بە رۆژو بە شەو کاری ئەو لێدەکەن
کە ئەو خاکە پڕ بێ لە جۆش‌و خرۆش | دەبێ شین‌و سەرسەوزو زەنوێرو خۆش
لە دەرباری شا دا هەبوو دوو برا | لە موکری هەر ئەومان وەک دوو چرا
هەوەڵ شێر بەگ ناوو مەردی تەواو | دوهەمیان مەقسوود بەگ بوو بە ناو
چون ئەو بوو لە دەورەوبەری بارەگا | نیگەهبانی وریای دەرباری شا
هەیانبوو لەکن شاه روتبەو مەقام | نەبوون ئەو دەم‌و کاتە بێ ئیحتێرام
بڕا گەر شەڕو کێشە و زەمزەمەی | بە فەرمان‌و دەستووری شا ئەو دەمەی
لە مەڵبەندی موکری دەبوون ئەو بە خان | کە عاشیرەت‌و عێلی موکری نەمان
ئەبەو دوو برایەی هەڵایسایەوە | نەژادی، چرایی کە کووژایەوە
نەما تای عەبباس‌و ئەو قەرمە مان | دەیانداوە مستێ لە دم زاڵمان

که ببڕی ئه تۆ سه‌د که‌ڕه‌ت لێڕه‌وار  له‌وێ هه‌ر ده‌بێ سه‌وز خه‌ڵفی له بار
له جاری هه‌وه‌ڵجار شیرین تر  گه‌لێ ناسک‌و شۆخ‌و ره‌نگین تر
بنی نایه گه‌ر خاکبڕ بی بڕی  لق‌و پۆپ‌و خه‌ڵف‌و نه‌مامی پڕی
ده‌دا نوور موکری چرایی گه‌شی  ده‌ڕۆیشت پاشا به روویی ره‌شی
به خۆیو که‌س‌و کاری ده‌بڕایه‌وه  له دنیایه نێوی به‌دی مایه‌وه
به‌شی میلله‌تی کورد سه‌ر که‌وتنه  زه‌لیلی کراسی به‌ری دوژمنه

## گرتنه‌وه‌ی قه‌ڵای دمدم له لایه‌ن ئۆڵغ به‌گ ئامۆزایی ئه‌میرخانی له‌پ زێڕ

که ده‌دراوه تیری خه‌ده‌نگی هه‌زار  به مێژوویی کۆچی له بیست‌و چووار
هه‌میسان دمدم هه‌ڵایسایه‌وه  وه ده‌س میلله‌تی کورد ده‌خرایه‌وه
چووار ساڵ‌و نێوان گه‌ر را ده‌برد  له کوژرانی میرخان شیری نه‌مرد
برادۆس له‌و ماوه بووژانه‌وه  له تۆڵه‌ی ئه‌میرخان ده‌دوانه‌وه
له هه‌ر گۆشه‌یێ سه‌وز بوو یه‌ک نه‌مام  له هه‌ر بیشه هه‌ستاوه شێری به‌سام
ئۆڵغ به‌گ که‌وا خزمی میرخان بوو  ئه‌له‌و خاکه دا یه‌ک له شێران بوو
له ده‌سته‌ی ژنانه په‌ریزاد خان  ژنی خانی له‌پ زێڕ به‌وری به‌یان
له گرتنو له کوشتن که رزگار بوو  چون ئه‌و په‌ریه زانا و هوشیار بوو
نه‌ناسرا له نێو دمدمی مایه‌وه  به بێ ترس‌و بێ خۆف ده‌خولایه‌وه
ده‌چۆ ماڵه مه‌زنان بۆ کلفه‌تی  ده‌سووڕاوه له دوا هه‌ل‌و ده‌رفه‌تی
نه‌جیب زاده‌یی عاقڵ‌و ده‌ر به‌ده‌ر  له بۆ دوژمنی خۆی بۆ کاره‌که‌ر
هه‌زاران شا نۆیی گیڕایه‌وه  هه‌تا کێوی دمدم ده‌گیرایه‌وه
به ده‌س کورد که داگیر ده‌کرا قه‌ڵات  له دوژمن په‌ریزاد ده‌یدا نه‌جات
که نه‌یبرد که‌س پێی به ڕازی ونی  هه‌ر ئه‌و بوو به واسیته بۆ گرتنی

## کۆمه‌گی په‌ریزاد خان به ئۆڵغ به‌گ بۆ گرتنی قه‌ڵای دمدم

په‌ریزاد خانم ژنی شێر دڵ  له دوو چاوی عه‌بباس دا بۆ چه‌قڵ
ده‌بوو ئه‌و به هه‌مکاری ئۆڵغ به‌گی  که ده‌ڕواوه له‌و کێوه ریشه‌و ره‌گی
بزانین ئه‌و کاره گه‌ر هاته روو  له نێو دمدمی دا به هۆیی چ بوو
ئۆڵغ به‌گ جووانێکی مه‌شهوور بوو  وه‌کوو شێری بێ باک له سنوور بوو

شەوو رۆژ دەخولاوە لە دوا هەڵی
لە دۆڵو کەژو سەرچیا و کەلی
خەیاڵی وەها بوو کە تۆڵەی وەکا
لە شا، گەر خودا کۆمەگی پێ بکا
دەگەڵ گەورە گەوران گرتی تەماس
لە بۆ شەڕلە دژ لەشکری شا هەباس
هەموویان یەک دەنگو ئاواز بوون
لە بۆ دوژمنیی پادشا ساز بوون
دەیانگوت دەبێ بەر لەوەی شەڕ بکەین
قبانی لە نێو دمدمی دەر بکەین
لە دوژمن کە ئەو کێوە پا بێتەوە
بە کوردان ئەو جەنگە دەکرێتەوە
کە دووبارە داگیر بکرێ قەڵات
درێژەی دەبێ تا بە مەحشەر خەبات
کە بگرێت سەنگەر لەوێدا قەبان
لەوێ کار ناکات تیغی دەبان
دەبا روو لە تەگبیرو شەمشیر کەین
هەوەڵجار ئەو کێوە داگیر کەین
کە سەنگەر ئەلەو کێوە بگرینەوە
لە عەبباس بەر سینگ دەبرینەوە

## ژیانی پەریزاد خانم دوای شەهید بوونی ئەمیر

لە دمدم ژنێکی پەریزاد نێو
هەبوو زیرەکو عاقڵو کوڵمە سێو
پەریزاد خانم پەریزاد بوو
هەر ئەو شا گوڵی چیمەنی ماد بوو
ژنی میری ئازایی کوردان بوو
کە بانوویی ماڵی ئەمیرخان بوو
کە میرخانی لەپزێرکوژرایەوە
پەریزاد لەو کێوە دا مایەوە
کە رزگار بوو ئەو لە کوشتنو مەرگ
بە دەستوور ئەو کاتە گۆڕی بەرگ
جلو بەرگی کۆنەی دەپۆشی لە بار
لە بو ماڵەو مەزنان دەیکرد کار
دەگەڵ کوردەکانی کە لەو کێوە بوون
بە تەپکەی دەسی دوژمنی پێوە بوون
شەوو رۆژ دەستی لە پیلان دا
لە بۆ تۆڵە ئەو دەستەیی هان دا
بەوانی دەگوت ئێوە گەر یەک گرن
لە بەر دەستی بێگانە دا نامرن
لە دوژمن دەدەن زەربەتی کاری‌یە
نەجات و دەبێ هەر بە یەکجاری‌یە
کە یەک بن دەگەڵ کوردەکانی دەرێ
لە شاوو لە لەشکر دەدەن خەنجەرێ
بەرەو پێش دەڕوات ئەو رەوڕەوە
چ کەس لەو دەمەیدا دەوێری بەوە
ئەبەو باسە سەرپاک ئامادە بوون
لەوێدا ئەگەر پیر یا سادە بوون
دەیانبەست پەیمانو قەولو قەرار
بکەن شەڕلە دژ دوژمنی نابەکار
لە ئۆلغ بەگی وا دەنووسی پەری
دەکەی گەر لە مافو شەڕەف بەرگری
زەمانو هەلی تۆڵە پەیدا بووە
ئەوا کوردی دمدم وەخۆ کەوتووە
ئەگەر را پەڕی تۆ دەگەڵ خزمەکان
لە خۆدەی ئەلەو کاتە دا یەک تەکان
لە دوژمن دەهەستێنی تۆڵەی ئەمیر
کە ئەو میرە گەورەت نەچوو بێ لە بیر
ئەمیرخان نابێ فەرامۆش کەی
بە شاو قزڵباش دڵخۆش کەی

وەنێو هۆزی تۆیان خسبوو قڕان
قڕانێکی پڕ سامو گەورەو گران
کەخێنی شەهیدانی گەل وەرگری
زەمانێکە نابێ ئیتر هەڵوری
لە یادی شەهیدان گەر دانەبی
لە دنیایی کوردان دا با نەبی
لە بۆ میللەتت گەر مشورت نەبێ
وەکوو ئەو چرایەی کە نوورت نەبێ
کە نەت بێت ڕەفتاری را بردووان
بزانە کە سەرباری بۆ زیندووان
بەبێ بەهرەو کەڵکو سوودی ئەتۆ
لە نێو عالەمێ بێ نموودی ئەتۆ
ئەگەر تۆ کوڕی مامی لەپ‌زێڕبی
لە سەر دوژمنت هەر دەبێ شێر بی
بکەی سەردڵی وانە کون کون بە تیر
لە مەیدانی شەڕدا بە تۆڵەی ئەمیر
لە پاش ئەو دلێرەی ژیانت نەوێ
لە پێناوی ئەودا گیانت نەوێ

## پەیامی ئۆلغ بەگ

کە ئەو نامەیی بو ئۆلغ بەگ دەنارد
ئەویش وایی لەو خانمەی راسپارد
لە ڕۆژێ کە من وێڵو ئاوارە بووم
نەفەرمووی بێ فکرو بێ کارە بووم
دەگەڵ خزمەکانم قسەم کردووە
هەمووماں پەیمانمان بەستووە
هەتا مردنێ دەس لە یەک بەر نەدەین
دەگەڵ دوژمنی کورد دا شەڕ بکەین
ئەوەی بوون کەم بوون یا زۆر بوون
لە بۆ من هەموویان سوێن خۆر بوون
بەتۆڵەی ئەمیرخان هێرش بەرن
تفەنگدار یا خاوەنی خەنجەرن
بکوژن لە شەڕ دا قزڵباشەکان
نەدەن مۆڵەتی بەد فەڕو باشەکان
ئەوێستا ئەگەر تۆ بکەی کۆمەگن
دەبێ سەوز دووبارە پنجو رەگن
لە نێو دمدمی شێری سەنگەر دەبین
بە شیری بە نێو دوژمنی وەر دەبین
رەگەی زوڵم لەو خاکە دەبڕینەوە
زگی دوژمنی کورد دەدڕینەوە
کە کاتێکی بۆ راو ڕۆیی قەبان
ئەتۆ هەستە ئەی خانمی خانمان
بە هەر جور بێ من خەبەردار کە
لەکن خۆت کوردانو شیار کە
بەوانیش بڵێ تا وەکوو ساز بن
دەگەڵ ئێمە هەمدەنگو ئاواز بن
کە بردمان هێرش لە بۆ سەر قەڵات
ئەویش بینە هەمکارمان بۆ خەبات

## ڕۆیشتنی قەبان بیگدڵ بۆ ڕاو

قەبان بیگدڵی خانی عاشق بەراو
بە تۆڕو تفەنگو بە تاژیو بەداو
وەها خوویی گربوو بە راوێ قەبان
کە نەیکرد با راو دەیگرت ژان
لە ساڵا دەبوو سێ کەڕەت بۆ شکار
بچێ ئەو لە کێو پارە هەڵدا دەوار
حەوت ڕۆژو شەو زیندەگانی دەکرد
لە سەحرا و کەژ شادمانی دەکرد

بە شەو مەجلیسی زۆر دڵگیر بوو  کەبابی لە دوو ڕانی نێو چیر بوو
کەوو ئاسکو بزنە کێویو بەران  دەکوتراوە شیشەی لە سینگو لە ڕان
دەبرژا لە سەر ئاورو پوڵووان  مەزەی عارەقو مەی بوو بۆ بیژووان
لە هەر لاوە دەدرا لە ویلۆنو تار  دەبوو کوڕ سەرگەرمی بەزمو قومار
هەتا ڕۆژ ئەو کارە دەکرایەوە  مەیو عارەقی زۆر دەخورایەوە
بەیانی دەچۆ ڕاو تا زەردە پەڕ  دەسووڕا لە دەشتو کەژو کێوو دەر
ڕەفیقی ئەوی بوون گەورەو مەزن  دەیانکوشت حەیوانە کێویو بزن
ڕەوەی کۆترو کەو دەگیرانەوە  لەبن باڵیان گوللە دەدرانەوە
دەیانکرد بەو جۆرە ڕاوو شکار  نەیانبوو غەم و وەرهەمی ڕۆژگار
بەهاران گەر سەوز ئەبو سەرزەوی  لە سەر ڕاو بوو فکرو هۆشی ئەوی
کە ڕووی کردە سەر عەرز شایی بەهار  دەبوو شینو سەر سەوز سەروو چنار
لە سانی دەدا لەشکری غونچە گوڵ  لە چیمەن گیا هاتبۆ دەر لە گڵ
لە هەر باغو هەر دەشتو کێوو تەلان  دەبیسراوە ئاوازی خۆشی مەلان
نەما بوو غەمو حەسرەتو دەردو ڕەنج  لەشینکەی وەدەرکەوت، بۆ خەڵک گەنج
چ گەنجێک گەنجی خودا داد بوو  بەرەی گیان لە بەر ئەو دەمەی شاد بوو
هەوا فێنکو با عەتر ڕێژ بوو  بە بۆنی کلۆوکانە دڵ گێژ بوو
دەبوو مەست ئینسانی عاقڵ تەواو  کە دەیدیی هەڵاڵەو گیا بەندو خاو
ئەلەو کاتە بۆ ڕاو ڕۆیی قەبان  بەوی بوو چەکو چۆڵو تیغی دەبان
ئەوەی شەڕکەرو شەڕنەکەر بوو هەموو  دەگەڵ بێگدلی بۆ شکارێ دەچوو
لە نێو دمدمی دا نەما یەک لەوان  بە غەیرەز بورج دارو چەن پاسەوان
هەموویان بۆ ڕاوو شادی دەچوون  لە سەردار چون بوون سەر چاوە ڕوون
لە نێو کورد نەما بوو شەڕو شۆڕشێ  نەبوو کەس دڵی دوژمنی ڕاکوشێ
نەیانبوو ئەبەو بۆنەوە ترسو لەرز  ئەمین بوون لە سنووری کوردو لە مەرز
کە بێ نەعرەتەو دەنگی کوردان بوون  بە خۆشی هەموو دەم لە سەیران بوون

## ئاگادار کردنی ئۆلغ بەگ لە چوونی قەبان بۆ شکار لە لایەن پەریزاد خانمەوە

کە زانی لە بو ڕاو ڕۆیی قەبان  هەڵستا هەر ئەو دەم پەریزاد خان
هەموو کوردەکانی خەبەردار کرد  لە نێو ئەو قەڵاتەی لە گەورەو لەورد
گوتی ئێوە ئەو شۆکەو شیار بن  هەموو حازری جەنگو پەیکار بن

ئەگەر قۆڵچی بوون بۆ بورجەکان
مەکەن شەڕ لە سەر دارو دەستەی قەبان
بەڵێنی بە ئۆلغ بدەن کوردەکان
لە بیرو نەچێ زوڵمی نامەردەکان
ئۆلغ بەگ بە شەو دێت وەدەگرێ قەڵات
لە دەستی قزڵباش دەودا نەجات
لە شەڕدا دەبێ کۆمەگی پێ بکەن
قولەو بورجی دمدم وە دەس وی بدەن
ئەوانی کە بۆ جەنگ ئامادە کرد
ژنی شێردڵ ئەو دەمەی هەڵنەورد
وەهایی بە ئۆلغ بەگی دا خەبەر
دەکەی گەر ئەتۆ بەرگی جەنگی لە بەر
ئەوا ڕۆژو دەورانی تۆ هاتووە
قەبانە لە دمدم وەدەر کەوتووە
دەگەڵ خۆیی بردوون گەورەو سەرۆک
ئەوەی ماوە لەو کێوە پیرەو گەڕۆک
خوداوەند گەر کۆمەگت پێ بکات
لە شەودا بە یەک حەملە دەگری قەڵات
ئەوەی کوردە سەرپاک خزمەت بە تۆ
دەکەن لەو دەمو و کاتە دا بێ درۆ
لە بۆ هاتنت چاوە نۆڕن هەموو
کە ببڕن لە دوژمن هەناسەو پشوو

## هێرشی ئۆلغ بەگ بۆ سەر دمدمو گرتنی ئەو قەڵاتە

بە ئۆلغ بەگی وا کە گوترایەوە
وەکوو شێر ئەو کاتە هەستایەوە
دەگەڵ خۆیی هێناوە دووسەد سووار
هەموو مەردی ئازا و بەوری بەکار
جەهاندیدە و شەڕکەرو دەس وەشێن
لە ڕۆژی شەڕو شۆر دوژمن بە زێن
بە غیرەت پڵنگو بە هیممەت بڵند
هەڵۆی تیژ پەڕ بوون لە چیاو دوند
بە سەررژەو دەهاتن بە شەودا بە غار
دەیانگرت لە دەورەی قەڵا دا قەرار
لە دەورەی دەهاڵان وێنەی کەمەند
قەڵا هەر وەکوو دێو دەخرا لە بەند
دەیانگرت یەک بورجی سولق کەهات
تەنیشتی درابوو وە شورەی قەڵات
ئە لەو بورجە دەکراوە یەک کون بە غار
هەموو چوونە نێو ژووری حەوشو حەسار
قزڵباش هەرچی کە بوون پاسەوان
دەکوژرا بە شەمشێری تیژی ئەوان
نیگابانی بورجان چون کورد نەبوون
بە شەو بۆ وەڵاتی نەبوونی دەچوون
هەر ئەو دەم لە تەپڵو نەقارەی درا
بەری دابوو بەو کارە دوژمن ورە
دەبۆ شادمانی لە گۆشەو کەنار
قەڵا کەوتە بەردەستی کوردی بەکار
قولەو بورج داگیر دەکرانەوە
ئەوەی غەیرە بوو پاک کوژرانەوە
کە دەکرا قولەو بورجی دمدم زەوت
حکوومەت وە دەستی گەلی کورد کەوت
کرا بانگو هاوار بۆ کوردەکان
کە بۆ جەنگ هەڵبگرن ئەو شۆ چەکان
لە دوژمن ئەوەی ئێوە دەستو کەوی
بکەن ڕەنگ بە خووێنی ئەو سەر زەوی
ئەوەی کورد بوو پاک هەستانە پێ
دەیانکرد چۆپی بە شەو دەس بە جێ
کە بەو جۆرە بۆ هەمهەمەو هەڵپەڕین
لە خەو خەڵکی نێو دمدمی ڕاپەڕین

قزڵباش ئاغاوو نۆکەر هەموو
گویٚ یان لەو های‌و هویەی کەبوو

ئه بەو باسه بێزار له گیان بوون
سەراسیمەو دڵ پەڕێشان بوون

وەدەر کەوتن ئەو دەم له مزڵ‌و له ماڵ
بڕابوو له دەس وانه فکرو خەیاڵ

به سەریان ئەو کاره گەر دا دەهات
دەیانکرد فکریٚ له ڕیٚگەی نەجات

به سەڵتي هەڵاتن له گۆشەو کەنار
که بوون ئەولەدەس مەرگ‌و کوشتن قوتار

هەموو چوونه دەر لەو قەڵاتەی به غار
شڕەی ماڵیان بۆ نەدەکراوه بار

که شێواو ئاڵۆز بوو حاڵیان
به تاڵان چوو سەروەت‌و ماڵیان

نەما زیندەواریٚ له دوژمن لەویٚ
له بۆ کورد دمدم دەبوو بیٚ هەویٚ

ئۆلغ بەگ لەویٚ دادەمەزرایەوە
له عاشیرەتی خۆی گیٚڕایەوە

هەتا کۆمەگی پیٚ بکەن ئەو دەمەی
بدەن دەم له نێو دمدمی دا له مەی

## ئاگادار بوونی قەبان له گیرانی قەڵای دمدم

خەبەر یان برد ئەو دەمەی بۆ قەبان
که ئەی ناکەسی وێڵگەردی کەژان

له بۆ دەست هەڵناگری تۆ له ڕاو؟
ژ دەردێک دەرمان ناکات داو

مەلی کێو گیانی له بەر دا هەیه
له کەللەی ئەوا عیشق‌و سەودا هەیه

ئەویش دەیهەویٚ گەر به خۆشی بژی
شنەی فێنکی کێوو کەژ هەڵمژی

به بیٚ ڕوحم بۆچی دەکوژی ئەوی؟
دەباسی مەکە با دەمیٚ بسرەوی

بدا گەشت له چیاو دەشت‌و تەلان
بسوڕیٚ له هەر دۆڵ‌و شیوو پەلان

له دنیایه بیٚ ترس‌و ئازاد بیٚ
له نێو خاکی کوردان دڵشاد بیٚ

خەریکي مەی‌و عەیش‌و نۆشی ئەتۆ
شەوو ڕۆژ بێحاڵ‌و خۆشی ئەتۆ

له دۆڵێک دا مەنزڵت گرتووه
دەزانی قەڵاچی به سەر هاتووه؟

به دەس شەڕکەری کورد گیرا به شەو
له دمدم قزڵباش بوو بیٚ برەو

هەڵاتوون چی دەستەیی وان بوون
هەموویان بیٚ ماڵ‌و سامان بوون

ئەوەی گەر سەری خۆیی دەر کردووه
ئەلەو فیتنەدا تۆ بڵیٚ زیندووه

دەنا پاک کوژراون‌و زگ دڕاو
به شیٚ بوونه یەخسیری گەردن له داو

حوکمرانی ئەو کێوه ئۆلغ بەگه
له پشتی ئەمیرخانه ئەو بەد ڕەگه

که دەبیست ئەو باسه دیٚوانه بوو
له عەقڵ‌و له زانین بیٚگانه بوو

قەبانی پەڕێشان حاڵ‌و پەشێو
خەریک بوو وەکوو شیت بەرنیٚ له کێو

کونی لیٚ بڕابۆ وه وەک ڕێویان
بۆ هەمدەمی وەحشی و کێویان

نەمزڵ‌و نەماڵ‌و وەڵاتی هەبوو
نه جێگاو ڕیٚگەو قەڵاتی هەبوو

له دمدم نەما بوون‌و ئاواره بوون
له نێو خێوەتیٚ دا له کێو پاره بوون

له لایێ ئەلەو خاکە فەرماندە بوو — له لاییکی سەر شۆڕو شەرمەندە بوو
له لایێ لەکن خەڵک سەر شۆڕ بوو — بە بێ ڕێزە وەک لۆگەنو بۆڕ بوو
دەترسا لە شا گەر لە گەردنی بدا — بکا کەللەیی ئەو لە بەندەن جودا
ئەبەو هۆیە ئارامو سەبری نەما — بە جوز ڕێگەیی چوونە قەبری نەما
بە سەد دوو دڵی چۆوە دەورەی قەڵات — هەتا کوو دەگەڵ ئۆلغی شەڕ بکات
هەر ئەو کاتە نامێکی نووسی لە بار — لە سوڵتان خانی موقەددەم بەغار
لە شاری مەراغەی کە سەردار بوو — خەڵک بۆی لەو خاکە بەر بار بوو
لەوی وا دەنووسی کە قەوماوە لێم — وەکوو گورگ ئەوڕۆکە بێ جێ و ڕێم
نە موڵکم بە دەس ماوە نە سەروەتێ — نە هێزو نە سەربازو نە قودرەتێ
کە تۆ کۆمەگم پێ نەکەی لەو دەمەی — نەجاتم نەدەی لەو پەژارەو غەمەی
لە دنیا دەبێ من سەرم هەڵگرم — لە ئەشکەوت‌و غاران دا هەڵورم
بە تاڵان چوو ماڵو منداڵمان — شکاوە بە تیری قەزا باڵمان
کە بێنی بە هاوارە گەورەو سەران — پەنا کەی دەبەم من لە بۆ هەندەران
دەزانم بە تۆ تۆڵە دەکرێتەوە — دەوا بەو دڵەی ئێمە دەدرێتەوە
ئەوا چاوە نۆڕم ئەوەن لەشکری — وەڕێ خەی کەژی دمدمی داگری
بترسێت دوژمن لەوێ دەرپەڕێ — بکا تەرک ئەو گورگە مۆڵی مەڕێ

## هاتنی موقەددەم بە لەشکرەوە بە هاواری قەبان

موقەددەم کە ئەو نامەیی کەوتە دەست — دەبوو چاک حاڵی لە نامەو مەبەست
دەگەڵ خۆیی یەک لەشکری بێ ژومار — دەهێنا لە ئەمرازو چەکدا تەیار
لە هاواری ئاغا قەبانی دەچوو — لە دەورەوبەری دمدمی بۆ دڕوو
هەڵی قەند سەنگەر کە بۆ شەڕبەڕێز — لەوی دا دەمەزرا بە خۆی‌و بە هێز
نەدا تا بە کوردان لەشکر بە کوشت — شەوو ڕۆژ بەرنامەیی دا دەڕشت
بە فێڵێک ئەو کێوە بگرێتەوە — گڕی ئاوری جەنگ ببڕێتەوە
قەبانی پەرێشانو پەرت‌و هەوت — دەگەڵ هێزی ئاغا موقەددەم کەوت

## هاتنی کوردانی برادۆست بە هاواری ئۆلغ بەگ‌و تووش بوونیان بە لەشکری موقەددەم

کە دەیگرت ئۆلغ کەژی دمدمی بناغەی قزلباشی زاڵم جمی قولەو بورجەکانی دەکرد ئاوەدان نیگابانی کوردی لە بۆ دا دەنان

له دوژمن بڕی گەر ئەلەو کێوە هەست        چەک‌و چۆڵو تۆپخانەیی کەوتە دەست
ئەوەی سەرەتی ماڵە مەزنان بوو        له دمدم بە میراتی کوردان بوو
هەزاران ئەسپی بەرەڵلا کراو        وە دەس کورد کەوتن بە زین‌و لغاو
بە بێ خاوەن ئەوهانە ما بوونەوە        کە بێگانە لەو جێیە با بوونەوە
دەبوو گەر بە سەردارو مەزنی قەڵا        بە خەزوار دەیگرت ئۆلغ تەڵا
لە خزمانی نووسی بە لەشکر کە بێن        نەکەن روو ئەلەو کاتە لە کون‌و کەلێن
زەمانێکە بۆ کورد هەل هاتووە        هەلی باش بۆ ئێمە پەیدا بووە
وەرن دەست تا دەیتە دەست یەکتری        ئەلەو نیشتمانە بکەین بەرگری
بە تۆڵەی شەهیدان هەڵگرن چەک        هەمووتان بێ فێڵو فووت‌و کەلەک
بکەن روو لە دمدم دەگەڵ من کەون        لە خۆ دەن چەک‌و چۆڵی تازەو کەون
بوێستن لە مەیدان دا بێ ترس        بەڕمب‌و بە شەمشیری تازەو قورس
بەرابەر بە دوژمن بە دەس کرنەوە        خوێنی ئەمیرخان وەر گرنەوە
کە خزمان بیستیان ئاوا پەیام        لە ئۆلغ بەگی تا نەبێ بێ وەڵام
لە بۆ چوونی دمدم وەکۆ بوونەوە        ڕەوەی شێر بەو باوەڕی روونەوە
هەموویان تینوی مەیی تۆڵە بوون        لە ڕۆژی شەڕو شۆڕدا ڕۆڵە بوون
دەهاتن لە هاواری ئۆلغ بەغار        سەدو شەست کوردی دلێرو بەکار
لە ئەسپانی با پێ ببوون ئەو سووار        دەترسا ئەلەو دەستە ئەسفەندیار
دەچوو رمبی ئەوهانە بۆ کاکەشان        تفەنگیان سەرپاک کرد بوو لەشان
کە ماندار بوون‌و زرێ پۆش بوون        کە شەڕیان کرد بایە سەر خۆش بوون
وەڕێکەوتن‌و بوون ئەو بێ خەبەر        کەوا دێ بە سەریان فیتنەی سەفەر
نەیان بیستبوو لەشکرێ هاتووە        لە دەورەی قەڵادایە، دابین بووە
موقەددەم لە سەر وانە فەرماندەیە        بە دوور ئەو لە ویژدانە دڕندەیە
دەکا کۆمەگی بەو قەبانەی بەزیو        کە وەک مار بێ جێ یە لە کون‌و لە شیو
دەسوورێ لەو کێوانە وێنەی بەراز        دزیوە لەکن خەڵک‌و نەیماوە ناز
بەگێ بوو لە دمدم کە لێ کەوتووە        بە بێ موڵک‌و بێ ماڵە ئەو بەد خووە
لە بەر ئەوە ئاغا موقەددەم دەچوو        قەبانی کە بێ غەم بکا زوو بەز وو
سووارەی گەلی کورد هەر وەک بەڵا        کە کاتێ گەیشتن بە دەورەی قەڵا
دەبوو شەڕبە توندی لە نێوان دا        لە ما بەینی کوردان‌و دێوان دا
بەرەنگاری یەک بوون هەر وەک پڵەنگ        دەیاندا لە یەکتر بە شیرو تفەنگ
ئۆلغ بەگ بە هاواری یارانەوە        لە ژووری قەڵاهاتە مەیدا نەوە
لە پش ڕا لە وانی بە شەمشیرو تیر        دەدا بوو بە مەیدانی کوشت‌و بگیر

لەوێدا دەبۆ زەلزەلەو هەمهەمە نیشانەی حەشر هاتبوو ئەو دەمە
لە پاش‌و لە پێشا کە بۆیان چوون دەیانکرد سەربازی دەوڵەت زەبوون
کە لەشکر لە نێو کورد گیرایەوە گەلێ شەڕکەری لێ دەکوژرایەوە
بریندار ناڵەی دەچوو بۆ فەلەک تەماشا کەری ئەو شەڕەی بوو مەلەک
هەتا زەرد پەڕ جەنگ هەیبوو دەوام وەلەرزە کەوتبوون کێوی زەڵام
دەگریا بە شیوەن زەمین‌و زەمان دوو چاوی بە ئەسرین بوو ئاسمان
لە بۆ عالەمی زگ دڕاوو کوژاو لە بۆ بەندەنی بێ سەرو مل بڕاو
لە بۆ ئەو لە شەی سوورە بە خوێنی گەش لە بۆ ئەو سەرەی دوورو بێ بەش لە لەش
لە بۆ لاق‌و ئەژنۆو دەستی پەڕیو لە بۆ چاوو هانیشک‌و شانی خزیو
لە نێو کورددا کوشتەیی وا نەبوو ئەوەی بوو لە نێو دوژمنی دا هەبوو
کە شەو هات داوێنی بەردایەوە سپی هەر وەکوو بەفر دەتوایەوە
دوو لەشکر لە یەکتر جودا بوونەوە لە مەیدان لاچوون‌و پا بوونەوە
لە جێگای خۆیاندا مانەوە بریندار دەرمان دەکرانەوە
ورەی بەر نەدا بوو ئەوەی کورد بوو بەوەی گەر دەسی بۆ شەڕی برد بوو
وەلێ دوژمنی کورد نەیبوو گیان دەترسا و کربوویی ئەو کاتە ژان
لە کوردان وا چاو ترساو بوون بە غیرەت وەکوو تەیری نێو داو بوون
لە سەر شەو کە دەسیان ڕۆی با ئەوان دەبوون ئەو لە دەورەی وەکوو پاسەوان
هەتا ڕۆژی ڕووناک پەیدا نەبێ شەڕو جەنگ بۆیان بەرپا نەبێ
چ خۆشە لە شەودا کە بێ غەم بنووی کە بێتوو نەبێ تاڵ‌و تووشی لە دووی
لە شەودا خەوی خۆش گەر هەڵکەوی لە بۆ تۆ ئەلەو کاتە دا خوسرەوی
بەدا هاتنی شەو دەبێ شاد دڵ بە شەو خۆشە گریەی بە سۆزو بە کوڵ
لە شەودا بەری گیان لە بەر بێ غەمە لە جەنجاڵی دەوران خاتر جەمە
غەم‌و وەرهەمی دڵ بە شەو چا دەبێ کە ڕۆژی ڕەش‌و تاڵی لە دوا نەبێ

## هەڵاتنی ڕۆژو دەست پێکردنەوەی شەڕ

کەزێوی سپی ڕۆژو دەرژا بە بار بە سەر عەرز وەربوو لە گۆشەو کەنار
دوو لەشکر هەڵستان‌و کرد یانە شەڕ دەیانکرد مەیدان بە خوێنە تەڕ
دەیان برد هەڵمەت بەرەو ڕوویی یەک بە تیرو تفەنگ‌و بە شیرو کوتەک
موقەددەم دەبوو شەڕلە دوو جەبهە دا بکا، ئەو وە دوولاوە ئاوڕ وەدا
بە شێکی بەرەو پاش حەملەی دەبرد ئەوی دیی دەگەڵ ئۆلغی شەڕ دەکرد
ئەبەو جۆرە شەڕیان بوو هەینووێ بە قڕ چوو ئەلەو بەینەدا هۆردوێ

کە چون زۆر بوو لەشکری دەوڵەتی نە دەشکا بە شەڕقودرەت‌و شەوکەتی

## خەبەردار بوونی شا لە گیرانی قەڵای دمدم

دەگوترا بە پاشا لە مازەندەران هەواڵێکی پڕ سام‌و قورس‌و گران
دڵی شا ئەبەو باسە کون کون دەبوو دەبوو شێت‌و عەقڵی لەکن ون دەبوو
بە شایان ئەو کاتە وا دا خەبەر کە دووبارە دمدم لە دەس چۆتە دەر
هەزاران کورد کێویان گرتووە لەوێ فیتنە بۆ خەڵک پەیدا بووە
قەبانی بە بێ غەمزەوێن‌و برا لە ماڵێ نەبوو کەژ کە داگیر کرا
بە خۆشی دەچوو روویی کربوو لە راو ئۆلغ بەگ لە بۆ خانی داناوە داو
کە بەو داوو بەندەی گرفتار بوو لە ماڵ‌و لە سامان‌و لە شکار بوو
ئەبەو باسەیە شاکش‌و مات بوو غەم‌و دەردو ناسۆری دووقات بوو
بە سەد وەرهەم‌و چەن پەژارەو مەراق بە ڕێی کرد یەک نامە بۆ پیر بوداق
یەکی دی لە سوڵتانی موکری شەهیر دەنووسی کە نا بێ بن ئێوە گیر
بەرن لەشکرو کورد سەرکوت بکەن لە دمدم هەموویان بێ شت بکەن
مەهێڵن لەوێدا کە ئاسوودە بن خەریکی شەڕو کاری بێ هوودە بن
وە دەر نین لەو کێوە سەر پاکیان لە خۆتان دا بەش بکەن خاکیان
ئەگەر بێت‌و ئەوهانە جێ‌گیر بن مەگەر لەت لەتی خەنجەرو شیربن
دەنا دەست لەو جێ یە هەڵناگرن لە بۆ فیتنە وو شۆڕو شەڕ ئاگرن
بە هەر جۆرە دەکرێ وەدەریان نێن مەدەن ئێوە بە پڵنگی بەد فەڕ کەڵێن
شووانێ لە خەودا ببینێ کە گورگ لە گوشتی مەڕانی دەکا تێرە ورگ
بە دێوانەگی گەر نەچووبا سەفەر قەبان بێگدلی بۆ دەبوو دەربەدەر
کە هۆشیار با وایی بۆ لێدە هات لە دەستی دەچوو موڵک‌و ماڵ‌و قەڵات
ئەوەش مایەیی بێ موبالاتی یە کە ئاسوودەیی بۆ ئەوی قاتی یە
بەرو بەرهەمی کردەوەی خۆیەتی لە چۆلان گەر شین‌و ڕۆڕۆیەتی

## هاتنی پیر بوداق‌و سوڵتان شەهیری موکری بە لەشکرەوە بۆ دمدم

کە دوو نامە دەدرا بە دەس دوو ئەمیر بە دوو خانی زاناوو هوشیارو ژیر
وەکۆیان کرد لەشکری بێ ژومار لە تورک‌و قزڵباشی خزمەتگوزار
قزڵباش وەک خیزو خۆڵی جمی وەڕێکەوتن چوونە سەردمدمی

وەکوو بچنە سەر لەشکری سەلم‌و توور　　دەیانداوە سەر پاک خەندەک لە دوور
هەموو چوونە نێو خەندەک‌و سەنگەران　　لە بۆ شەڕ دەگەڵ تیپی یاغیگەران
لە هەر گۆشەیێ لەشکرێ هەڵدەورد　　هەتا کوو بدەن دەست‌و پەنجەی لە کورد
دەترسان‌و وابوو بە فکری ئەوان　　دەکەن شەڕ دەگەڵ رۆستەم‌و قارەمان
حەقی وان بوو گەر ئەبەو جۆرە بوون　　شەڕی کوردیان کرد بوو ئازموون
لە ساڵان‌و دەورانی میرخان دا　　چ بیندرا لە مەیدانی کوردان دا
حەوت ساڵ‌و نیوان ئارام‌و خەو　　بڕا بوو لە دەوڵەت بە رۆژو بە شەو
گەلێ کوشت‌و کوشتار دەکرایەوە　　بە شەڕ شۆڕشی کورد دەبڕایەوە
هەتا چەند وەرزان هەڵ ورد بوون　　بەرابەر بە فەرمانی شا مرد بوون
کەچی کورد ئێستا وەخۆ کەوتووە　　تەنووری شەڕو شۆری هەڵکردووە
کە چون لەشکری شا دەترسانەوە　　لە کوردان، لە کونان دەخزانەوە
کە پەڕناکی ناپاک بەسپایەوە　　لەکن دمدمی دادە مەزرایەوە
دەیانبرد هەڵمەت لە بۆ کوردەکان　　لە خۆیان دا لەو دەمەیدا تەکان
دەگیراوە دەورەی گەلی بەشخوراو　　دەبۆ نرکەوو نەعرەتەو قاوە قاو
بە شەڕ گەر لە بۆ کوردی بێ باک چوون　　لە نێو بەحری چەکداردا ون دەبوون
کەهاتن وە دەس شێری ئازا لەوان　　بە شەمشیرو رمب‌و بە تیرو کەوان
لە دوژمن دەیانخست کوشتەو کەلاک　　ئەوەن زۆر بوو ون ببوو روویی خاک
وەکوو شێر گەر حەملەیان لێدەدان　　بەرەو پاش دڕیان ئەو پێ دەدان
دلێرانی کورد پاڵەیی چاک بوون　　لە دروێنەیی وانە چالاک بوون
لە هەر لا کە روویان کرد با بەغار　　دەکەوتن قزلباش وەک بەردو دار
شەڕێ بوو گەلێ توندو تیژو بەسام　　چل‌و هەشت سەعاتان هەیبوو دەوام
لە پاشان ئەو دەستە کوردەی کەوا　　دەیانکرد بە برینی ئۆلغ دەوا
کە چون دەستەیی وانە کەم بوو شکان　　نەیان بوو هومێدێ بە پۆپ‌و لکان
لە نێو کورد کە بگا بە هاواریان　　بکەن کۆمەگی جەنگ‌و پەیکاریان
کە کردیان کوشتاری زۆرو زەوەند　　نەدەکران وەک شێری ئازا لە بەند
هەڵاتن لە مەیدانی شەڕ دەرپەڕین　　بە ساغی بە بێزام‌و کوشت‌و برین
دەیانکرد دوو شەڕگەلی قارەمان　　لە مەزراوو کێوو کەژی نیشتمان
ئۆلغ بەگ لە ژووری قەڵامایەوە　　بە تەنیا ئەویش دەورە دەدرایەوە
لە چەن لاوە سەربازی عەسکەر بە قۆڵ　　لە دەورەی قەڵا پاک دەدرا لە مۆڵ
لە نێو گۆمی دەریایی پەیکارو جەنگ　　دەسووڕاوە ئۆلغ بە وێنەی نەهەنگ
لە سەر بورج‌و قوللان دەخولایەوە　　دەگەڵ پاسەوانان دەدوایەوە

بەوانی دەگوت ئێوە سستی مەکەن　　مەلی بەرزە فڕ، روو لە پەستی مەکەن
بە دنیایی فانی وەبەستن کە پشت　　دەدەن خۆ بە دەس زاڵمی وا بە کوشت
هەتا هەن بە مەردی بژین‌و بڕۆن　　غەمی مانەوەی ئەو جیهانەی مەخۆن
ژیانی هەموو کەس خەوێکەو خەیاڵ　　لەوێدا بژی گەر هەزاران ساڵ
فەلەک جادوییکە دەکا چەپگەڕی　　بە شەر دێتە بەر چەرخی فیتنەو شەڕی
لە دوژمن مەترسن گیان‌و نەوێ　　لە پێناوی مافا ژیان‌و نەوێ
بە باشی لە ناموستان بەرگری　　بکەن، شەڕکەری مەرد قەت نامری
هەتا مەحشەرێ نێوی چاکەی ئەوی　　دەگوترێت بە زمانی خەڵکی زەوی
ئەبەو جۆرە تەڵقینی وانی دەدا　　بە نۆرە ئەویش پاسەوانی دەدا
بە گژ ئەو هەموو لەشکرەیدا دەچوو　　لە زۆری قزڵباش ترسی نەبوو
شەڕی کرد نۆدانە مانگی تەواو　　دەبۆ شێری نێو دمدمی شۆڕە لاو
موقەددەم دەگەڵ پیربوداق‌و شەهیر　　ئەوەندەی کە کرد یان تەگبیرو بیر
قەڵا هەر بە دەس ئۆلغی مایەوە　　بە شەڕهیچیان بۆ نەدەکرایەوە
دەکوژرا شەوو رۆژ سەربازیان　　نەبوو بێتە جێ ویست‌و دڵخوازیان
بە فێلان ئۆلغ نەدەدرا فریو　　نە دەکرا لە زنجیر دێوی نە دیو
بە عەقڵ‌و بە تەگبیر وەک زاڵی زەڕ　　وەکوو رۆستەم بوو کە دەیکرد شەڕ
بە خۆی‌و ئەبەو هێزە کوردەی کەمە　　لە سەر دوژمنی سام بوو وەک جەمە
ئەگەر لەشکری دوژمنی بۆ دەهات　　دەسووڕا لە سەر بورج‌و قوللەی قەڵات
بە دەس وی وەبەر تۆپ دەدرانەوە　　بەرەو پاش دەشکان‌و دەکشانەوە
کەژی دمدمی چوون نەدەکرا نخوون　　بە دوژمن لەوێ کورد یاغی ببوون
لە دەورەی کە سەد ساڵ مابانەوە　　لە زنجیری دوژمن نەدەکرانەوە
وەلێ حەیف‌و ئەفسووس تەنیا دەمان　　خولی دا لە دژیان چەرخی زەمان
کە چون کەس نەبوو بێ بەهاواریان　　نەیانبرد سوودێ لە پەیکاریان
گەلی کورد بەختی کلۆڵ‌و رەشە　　بەشی بۆیە هەر گێرەوو قەر قەشە
گەڕان‌و خولی ساڵ‌و رۆژو شەوان　　نەسووڕاوە هیچ دەم بە مەیلی ئەوان
نەبوو کورد یەکدەم کە دڵشاد بن　　لە باری غەم‌و دەرد ئازاد بن
لە نێو هۆدەیی نەگبەتی بێ چران　　لە سەر وانە بارێکی قورس‌و گران
دەکا چونکە داوایی مافی ژیان　　هەموو کات بەوری کەژو سەرچیان
زەمانێ نەبوو بێ شەڕو جەنگ بن　　لە داوایی ئەو مافە بێ دەنگ بن
کە ناکات زوڵمی نەژادی قەبووڵ　　شەڕەف نافرۆشی بە پارەو بە پووڵ
هەمیشە لە سەر خۆیی شەڕ کردووە　　لە مەیدان دا گۆیی دەربردووە

هەتا بۆیی گونجاوە دانیشتووە لە بەزمو هەرا خۆیی پاراستووە
گەلێکە بە شەڕکەی دڵی رازیە دڵی هەر لە سەر ئاشتی خوازی یە
شەڕێ بۆ دەکا مافی گەر دەسکەوی بژی هەر وەکوو میللەتانی زەوی
شەڕی ئۆلغی لەو کەژەی مایەوە دەڕۆیشت نۆ مانگو نەبڕایەوە
قزڵباش لەو بەزمەدا شل ببوون لە بۆ گرتنی دمدمی کول ببوون
هەموویان لەو جەنگە بێزار بوون بە زۆری لەوێ بوونو ناچار بوون
هەزاران زامارو کوژراویان هەبوو زۆر بوو لاوی گیراویان
کە یەکیان لەو لەشکرەی شا ڕەچاو بکرد بایە دەردەم دەیانخستە داو
دەیانکوشت یا خۆ دەگیرایەوە لە زنجیرو زیندان دەکرایەوە
وەها سامیان ئەو وەنێو خستبوون لە هەر لاوە ڕێیان لێ بەستبوون
دەڕۆیشت گەر ڕۆژو شەو دا دەهات دەسووڕانەوە کورد لە دەورەی قەڵات
لە شەو دا نەبوو یەکنەفەر دەرکەوێ لە خێوەت، وەیا بێ ترس وەرکەوێ
کە هەنگاوێ لەو لەشکرەی دوور بان دەبوو ئەو لە نێو خوێن دا سوور بان
لە نێو دمدمی کورد بەو جۆرە بوون لە بۆ لەشکری پادشا خۆرە بوون
هەتا کوو هەبوو بەختو ئیقباڵیان بە نێو بانگ بوو گورزو گۆپاڵیان
لە کاتێک دا گەر نەما بەختیان لە دەسیان چوو کێوی پێتەختیان
کە دەیدا لە ئۆلغ بەگی نەگبەتی دەسووتا بە باڕووت لا ڕوومەتی

## سووتانی ئۆلغ بەگ بە باڕووتو هەڵاتنی لە قەڵای دمدم

کە نۆمانگ ڕۆیشتو کورد هەر دەمان دەیانکرد شەڕ هەر وەکوو قارەمان
ئە لەو ماوەدا شێر بوو نەسرەوت هەتا هات ڕۆژێکی وا ڕێکەوت
قەزاوو قەدەر ئۆلغی خستە ڕێ لە عەمباری باڕووت بوو نیشتە جێ
کە باڕووت بە شکات لە تفەنگچیان بهێنێتە جێ ویستو ئاواتیان
لە کاتێ کە باڕووتی دابەش دەکرد لە بۆ کیسە دەرمان دەستی دەبرد
پڕشکێکی ئاور لە سووچێکەوە بڵند بوو لە ئەستێو بەردێکەوە
وە باڕووتوو دەرمانی کیسەی کەوت گڕی گرت دەرمان هەر وەک نەوت
لە لاچاوی ئۆلغ بەگی دا گڕی دەسووتاوو پێستی لە سەر پچکڕی
هەموو دا پڵۆخاوو سووتایەوە بە دەرمان چارەی نەدەکرایەوە
دەگەڵ وی گەڵی کورد زامار بوون ئەبەو دەردی سووتانە دووچار بوون
بریندار باڕووت کەوتن لە ماڵ هەیانبوو لە دەس بەختی ڕەش ناڵەناڵ
کە کورد بوون ئەو کاتە بێ سەر پەرست بڕابوو لە نێو وانە هێزو بڕست

پەکی کەوتبوو چونکە سەردariyan
لە لایێ درابوو بە شەڕ دەورەیان
کە بەو جۆرە کورد بوون پەرتو پەشێو
دەیانکرد تەگبیر بۆ چارە سەر
وەلاغان بۆ چوونە دەر ساز کەن
ئەگەر وانەکەن ئەو دەگیرێنەوە
بە بێ بوونی فەرماندە شەڕ ناکرێ
ئۆلغ وایی ئەو زۆ کە لێ هاتووە
پەشۆکاوە کاری لە بۆ ناکرێ
ئەوەشیان بە ئۆلغ بەگی راگەیاند
کە دەیبیست بەو باسە رازی دەبوو
ئەلەو وەختەدا چوون کەوتبوو لە کار
خزا بوو لە نێو جێگە شێری نەخۆش
کە نەیکردبا فکری رزگار بوون
هەلاتن کە تەگبیری هەمووان بوو
ئەگەرچی وەکوو رۆستەمی زاڵ بوون

پەرێشانو ئالۆز بوو کاریان
لە لایێکی زامار بوو گەورەیان
نەدەکراوە بەو هانە کۆمەگ لە کێو
کە شەو لەو کەژەی دمدمی بچنە دەر
ئە لەو فیتنە خۆیان دەرباز کەن
لە بن لاقی ئەسپان دەسووێنەوە
مەڕێ دوور لە شووان هەڵناورێ
لەوی ئاوری بەختی رەش بەر بووە
لە سەر خەڵق فەرمانی رانابرێ
رچەی فکرو تەگبیریان بۆ شکاند
کە رازی نەبا چارەسازی نەبوو
بە بێ واز بوو نەیبوو دەعیەو دەمار
بڕا بوو لەوی هێزی جۆشو خرۆش
دەبوو دەست بەردا لە دنیایی روون
ئە لەو دەستە بێ کۆمەگەی جوان بوو
ئە لەو وەختە بێ دەستو بێ باڵ بوون

## چوونە دەری کوردەکان لە قەڵای دمدم

قزلباش دەدران کاتێ لە قاو
بە سەڵتی وەڕێ کەوتنو دەردەچوون
کەوتبوو وە دەس کورد سامانیان
بەجێ ما هەزاران بارگینیان
کە کردیان کورد لەو کەژەی قەلفڕە
ئەوەی بوو لە دمدم بە تالان چوو
پەریزادو ئۆلغ لە ئەسپا سووار
شەوێکی رەشو برشو رەنگ هەڵگەڕاو
لە پڕ دەرکی دەروازە دەکرایەوە
لە دمدم هەموو چوونە دەر بۆ سنوور
لە کوردان کەس لەو کەژەیدا نەمان
قەڵا گەر لە کوردان خاڵی دەبوو
بە خۆیو بە لەشکر دەچوو بۆ قەڵات

نەیانبردە دەر ماڵو پارەو دراو
بە هیوایی گیانو سەری خۆ نەبوون
بە سەد حاڵ دەریان ئەبرد گیانیان
بە کورتانو تەنگەو بەرو زینیان
لەو ئەسپانە دەنراوە ماڵو شڕە
لە چەک ڕا هەتا وردەواڵەو دەزوو
دەبوونو وەڕێگایە دەخرا قەتار
کە دەخراوە جند لەو شەوەیدا لە داو
قەتاری شڕەی دەنگ دەدرایەوە
بە تالۆوکە بڕیان ڕێگایی دوور
بە شەو جوونە جێگایی ئەمنو ئەمان
موقەددەم ئەلەو کارە حاڵی دەبوو
نەبوو شەڕکەڕی شەڕ دەگەڵ وی بکات

که فیتنەی شەڕی ئۆلغی خەوتەوە وە دەس لەشکری دەوڵەتی کەوتەوە
خەبەریان بەو فەتحە بۆ شا دەبرد ئەبەو باسە شایان دڵشاد کرد
ئەوانەی کە لەو جەنگە بەشدار بوون کەئاغاوەتو مەزنو سەردار بوون
تەواوی ئەلەو کاتە کردن خەڵات بەوانی دەدا پووڵی زۆرو بەرات
قەبانی لە مەزنو سەرۆکی دەخست دەبوو چون بەرابەر بە کوردانە سست
قەڵاتێکی ئاوایی دابوو لە دەست بە خۆشی دەچۆ راوو کۆڕی دە بەست
لە کێوو کەژی سەوزو زەنوێردا لە هەر دەشتو لاپاڵو هەڵدێر دا
چون ئەو خانە بەو جۆرە بوو کەتەرەخەم لەکن خەڵک روو زەرد بوو وەک درەم
موقەددەم بە دەستووری شا بوو بە خان لە مەڵبەندی ورمێ لە جێگەی قەبان
دەڕۆیی قەبانی بەرەڵلا کراو نەما فکرو بیری لە سەر چوونە راو
لە پاش ئەوهەموو کێشە وو زەمزەمە لە نێو دمدمی دا موقەددەم نەما
بەرەو شاری ورمێ ئەگەر کەوتە رێ لە ئۆپراق قەلعەی دەبوو نیشتەجێ
نیگابانی بۆ دمدمی دا دەنان تفەنگچی خوراسانی وو ئیسفەهان
بە شادی لەوێدا حوکمڕان بوو سەرۆکی هەموو گەورە گەوران بوو
کەژی دمدمی کردە یەک پاسگا نە وەک کورد ئەو کێوە داگیر کا

## دانانی کەلبەلیخان ئەفشار لە جێگای موقەددەم لە لایەن شاعەبباسەوە

موقەددەم لە ورمێ دەبوو بێ هەوێ هەتا هۆزی ئەفشار رووی کردە وێ
بە فەرمانی شا عێلی ئەفشاریان کەهاتن لە ورمێ خرا باریان
هومێدی شەهەنشاه وابوو بە وان ئەلەو خاکە سەرکوت بکا کوردەکان
کە دەکرا گەلی کۆچەری سەر شومار بە ماڵ ئەو گەیشتبۆ دەوو دوو هەزار
کە خستیان لەو خاکو مەڵبەندە بار دەبوون ئەو بە ئاغا لە لادێ وو شار
ئەوەی خاوەنی حوکمو فەرمان بوو ئەلەو هۆزە دا کەلبەلیخان بوو
سەرۆکێکی شەڕکەر وەکوو مار بوو هەر ئەو رابەری عێلی ئەفشار بوو
لەکن پادشا چونکە بوو خۆشەویست لە هەر کاتو دەم شا قسەی لێدە بیست
بەرەو روویی شا زۆر مەردی نوواند لە مەیدانی شەڕ شێری جەنگی شکاند
ئەوەن مەرد بوو بوو بە زاوایی شا دەبوو ئەو لە ورمێ بە فەرمانڕەوا
کە چە رخی لە بەختی ئە ویدا زەمان لە جێگە ی موقەددەم کرا ئەو بەخان
موقەددەم لە ورمێ دەبوو بەرکەنار بڵندو نەوی هەر دەبێ رۆژگار

دەمێکی سەری تۆ دەبا بۆ عەرش  زەمانێ لە عەرزت دەدا وەک فەرش
دەمێکی دەچێژێ بە تۆ هەنگووین  زەمانێکی شادی دەگێڕێ وە شین
کە لەو شارە جێگیر ئەبوو کەلبەلی  بە خۆیو بە چەکدارو هۆزو گەلی
چۆن ئەستێرەیی بەختی ئەو بوو بڵند  دەبوو خانو ئاغایی هەر شارو گوند
لە شاوو لە دەربار نێزیک بوو  گەلێ خاوەنی بیری باریک بوو
کە بۆ خزمی شا هێندە دەکرا بەرز  بە سەد پۆز لاقی دەنا سەر عەرز
رەواجی هەبوو چون لەکن خوسرەوی  مەرایی دەکرد خانو ئاغا بەوی
لەڕوو دایە هەر کەس لەکن زۆر دار  خەڵک بۆ ئەوی دەبنە خزمەتگوزار
دەکەن روو لە تۆ خەڵک بەختت کەبوو  کە نەت بێت تۆ دەبیە چەقڵو دڕوو
هەتا چۆ دەرێ شا لە رووییی زەمین  دەبوو کەلبەلی ئەسپی بەختی بەزین
خزم بوو لە دەربار هەیبوو مەقام  نەبوو بۆ پلەو پایەیی ئەو دەوام
ئەویش بوو لە دنیایە بێ ئابڕوو  بە دەردی رەفیقانی پێشوو دەچوو
ئەگەر چی بە شادی لە دنیا ژیا  ویشک بوو لە ئاخیر دا وەک گیا
کە بەختی لە دەس چوو دەبوو بێ رەواج  دەبوو بێ نرخ زێڕی وەک لەتکە ساج
مەرگ دێتە سەرناکەسو سەر کەسان  لە دەشتی نەبوونی دەیاندا لە سان
چ جۆرێک بێ مۆرە وو تاسیان  دەکەن خەڵک لەو بارە دا باسیان

## مردنی شا عەبباسو گیرانەوەی قەڵای دمدم لە لایەن تەمەر خانی کوڕی ئەمیرخان

کە چەنگی لە عەبباس شا دا مەرگ  ئەوی کرد باریک هەر وەک زەرگ
بە دەس مەرگ نەیما بزۆزیو سڵی  بە بێ مولکو لەشکر دەچو بن گڵی
لە گۆڕا کە بێ رێزو دەرمەندە بوو  لە رەفتاری پێشوویی شەرمەندە بوو
دەبۆ وە پەشیمانو سوودی نەبوو  کە شێرەخورە بوو هەر نموودی نەبوو
بەرابەر بە یاسا وو قانوونی حەق  دەبو مل کەچو نەیدەکرد ئەو مەتەق
لە دەستی عەدالەت نەبوو گەر قوتار  لە پەروەندەیی خۆیی بوو شەرمەزار
لە کۆتو لە زنجیر دەکرایەوە  بە تۆڵەی خەڵک هەر دەکوترایەوە
کە شا مرد ئێران هاڵۆز بوو  زەمانی گەشەی هەر گەلو هۆز بوو
لە هەر گۆشە شۆقی دەدا ئاگرێ  لە هەر لایە ئامادە بوو لەشکرێ
برا دۆست دووبارە هەستانە پێ  کە بۆیان رێکەوت هەڵ دەس بەجێ
بڵند بوون وەک ئاوری بێ ئەمان  وەکۆ بوون شێرە کوڕەیی قارەمان

جووانێ له سەر وانه سەر کرد بوو
دلێرێکی ئازا وو نێو برده بوو

کوڕە پچوو کەیی خانی لەپزێڕ بوو
له مەشقی شەڕرا خاوەنی دێڕ بوو

جحێڵێکی بێ ترس‌و بێ باک بوو
نەمامێکی شیرین‌و لاو چاک بوو

گوڵی باغی غیرەت تەمەر خان ناو
له بۆ رۆژی مەیدان داری شیاو

رەشیدیی برا بوو به باڵایی ئەو
حەق‌و ماف بوو عیشق‌و سودایی ئەو

ئەویش رێڕەوی رێگەیی خان بوو
به دڵ دوژمنی شایی ئێران بوو

کوڕێ گەر له بابی نەکا پێڕەوی
مەهێنه ئەتۆ نێوی مەردی لەوی

به تایبەتی باب گەر شێر بێ
له سەر دوژمنی گەل کەڵ‌و نێر بێ

کەزانی له دنیایه مەردەو پیاو
دەبێ کوڕ بکا کاری بابی رەچاو

دەنا کوڕنیه، ناکەسە، بێژووە
زەلامێکی بێ هۆشه پەیدا بووە

تەمەرخان بۆ خویوو سێ سەد سووار
که زانی شکا شەوکەتی شەهریار

دەهاتن بەرەو دمدمی وەک شەهێن
نەبوو کەس له دوژمن بزانی که کێن؟

لیباسی قزڵباشیان بوو له بەر
له خۆیان وەک وان بەسبوو کەمەر

هەتا کوو نەیان ناسن‌و بچنه ژوور
له دمدم کەڵی کوێستان‌و سنوور

ئەبەو داب ودەستووره ئەو چوونه پێش
ئەلەو کێوه بێ زەحمەت وو کێشەکێش

دەیان دین گەر پاسەوانی قەڵات
دەیانگوت که کۆمەگ له بۆ ئێمه هات

ئەوانەش قزڵباشن‌و دێنه لان
رەشیدن له هەڵدێرو رژدو تەلان

هەموویان هۆر بوون بەو رازەوە
هەتا گەینه پش دەرکی دەروازەوە

له دەرکی قەڵا رادە وەستانەوە
دەگەڵ پاسەوانان دەدوانەوە

دەیانگوت که دەروازەکەی ئاوە لا
وەکەن ئەی نیگابانی دەرکی قەڵا

دەبا ئێمه بۆ خزمەتی ئێوه بێین
به دەوڵەت یەکین ئەی برا نەک جووێین

سەرو ماڵ قوربانی دەوڵەت دەکەین
ملی دوژمنی سەڵتەنەت لەت دەکەین

به دەستووری سەردار کەلبالیخان
کراوینه ئیشکچی وو پاسەوان

ئەلەو کاته دا چونکه شا مردووە
له ئێراندا فیتنه پەیدا بووە

نه وەک کورد له نێو چۆم‌و گۆلی قوڕاو
بخەن ئێوه وەک پۆله ماسی له داو

ئەگەر چوونه نێو تۆڕو داوی ئەوان
دەکوژرێن به تفەنگ‌و تیرو کەوان

زەمانێکه بێتوو له خۆ بن ئەمین
له جەرگ‌و دەکا دوژمنو سەد برین

نیگابان بەو باسه بەفریو چوون
به هیوایی پیلان گێڕی نەبوون

له بۆ قفڵ دەستیان گەر بردەوە
به بێ ترس دەروازیان کردەوە

گەلی کورد له دەروازەڕا چوونه ژوور
دەیانکرد کەژی دمدمی پڕ له نوور

قەڵابەو چڕو کێوی بەردینەوە
گەشاوە کوڕی خۆیی گەر دینەوە

وەنێو دمدمی گەر دەکەوتن هەموو لە بۆ پاسەوانان دەرفەت نەبوو
بە یەک هەو هەموویان گیرانەوە لە سامانو چەک رووت دەکرانەوە
بە ڕووتی لە دمدم وەدەریان نان وەڕێکەوتنو چوونە بەر دەرکی خان
دەیانکرد شکایەت لە دەس کوردەکان بە گریانو شیوەن بە دوو سەد زمان
دووان ئەو لەکن خانی سەرداریان لە بورجو قەڵاتو قولەو شاریان
کە کورد چۆن داگیریان کردووە ئەوەی کوردە فێڵاوی وو جادووە
هەموویان بۆ خانی خۆ باس کرد ئەبەو باسە سەرداریان کاس کرد
دەتاساوو خەجڵاوو بێ دەنگ بوو زمانی وتو وێژی ئەو لەنگ بوو
دەترسا کە ورمێ لە دەس وی بچی بکا روو لە ئاسۆیی گەردن کەچی
گوتی کورد ئێستا ئەگەر سەرکەون لەوەدوا لە ئێرانێ ئاغا ئەون
زەمانێکە شایێ کە زەححاک بوو نەماوە بە خۆراکی بن خاک بوو
کە بێتوو نەکەم بەرگری من لە خۆم دەزانم لە مەڵبەندی ورمێ دەڕۆم
کە لەو خاکە بڕوات کوردە دەستیان بە کەس ناکرێ بەحرە بەر بەستیان
هەتا زوویە با فکر لەو کارەیە وەکەم، بۆیی پەیدا بکەم چارەیە

## نامە نووسینی کەلبالیخان لە تەمەر خانی برادۆست

هەر ئەو کاتە نامێکی نووسی جووان لە مەزنو لە سەر کردەیی کوردەکان
دەگەڵ خانی کوردان کە دوایەوە لە بەر وی ئەبەو جۆرە پاڕایەوە
کە ئەی ڕۆڵەیی میری ئازایی کورد بە شەمشێری ئەو شێری دڕهەڵدەورد
هەتا کاتو دەورانی ئەو خانە بوو دڵ ئاسوودەیی قەت لە بۆ شا نەبوو
کە ئەومرد عەبباس دڵشاد بوو لەچەنگی شەڕو شۆر ئازاد بوو
بەبێ ترس دە یدا لەدۆشەگ تە نیشت بە خوشی لە هە رکۆردادادەنیشت
گەلی خەڵک لە وبەینە کوژرانەوە بەبێ سووچ تاڵان دەکرانەوە
دەزانم ئە تۆ شێری بیشەی ئەوی وەکوو تۆ لە سەر عەرز هەڵناکەوی
لە شێران هەر شێر پەیدا دەبێ کوڕی ئەو کە سەی شایە، هەر شا دەبێ
ئەوێستالە ڕێگایی عیشقو ئەوین ئەلەو خاکو مەڵبەندە با یەک کەوین
لە بۆ من برا چووکەیی چاک بە وەزیرێکی هوشیارو دڵپاک بە
ئەوەی تۆ بفەرموویی من وا دەکەم مەڕامت لە دەربار دوا دەکەم
بەمەیلت دە سووڕێت ئەو دەم زەمان دەبی تۆ لە سەر ئەو سنوورەی بە خان
تکایە ئەتۆ لەوو تەم لا نەدەی لە خزمەت بە دەوڵەت سەرت با نەدەی

# وەڵامی تەمەر خان

که ئەو نامه بەو جۆره دەكراتەواو
بەڕێی کرد دەیداوه دەس دوو پیاو

له بۆ دمدمی چوون هەر دوو چەپەر
دەیانبرد نامەی سولح بو تەمەر

له سەرڕاکه ئەو نامه خوێندرایەوه
تەمەر بەگ وەڵامی وەها دایەوه

که ئەی کەلبەلیخانی بێ موڵکو ماڵ
فریوم دەدەی بۆ به پەندی به تاڵ؟

له سەر خاکی کوردان تۆ بوویه خان
به ئەندەرزو پەندم دەگێڕی زمان

دەڵێی کورد دەبێ نۆکەری من بکەن
هەموو روو له دەورەو بەری من بکەن

بەرو بەرهەمی کوردی رووتو نەدار
له بۆ من له عەمبار بدرێ به بار

ئەمن لێدەدەم لافی ئاغایەتی
ئەوەش وەرنه بن باری عەبدایەتی

منی بێ موڵک ببمه سەر دارتان
به من بێت سەر رشتەیی کارتان

به بێ ئەمری من کارو کۆشش نەکەن
دەگەڵ هیچ کوردێک بەخشش نەکەن

دەکەی چونکه لەوباره بیرو خەیاڵ
لەکن کورد وتەی تۆیه پووچو بەتاڵ

ئەلەو خاکه دا تۆ بەوێنەی سنی
له بۆ میللەتی کورد وەک دوژمنی

به دەستووری شا بوویه فەرمان ڕەوا
له سەر ئێمه ئاوارەیی بێ نەوا

ئەوێستا دەڵێی مەی پەرستی بکەن
قەڵو کوند بن روو له پەستی بکەن

هەتا تۆ لەکنو شا ببی سەر بەرز
ببەخشێت پێتان پووڵو عەرز

له سایەی سەری ئێمه نانی بخۆی
به خانی له دنیایی فانی بڕۆی

خدەو خوویی هەر ناکەسو هەرزەیه
دەکا زیندەگانی ئەبەو تەرزەیه

دەبێ خەڵک بۆ وی بدا خۆ به کوشت
ببەستێت تا خان پەشمی له پشت

له بۆ میللەته دەردو ڕەنجو بەڵا
به شی خانو سەرداره زێڕو تەڵا

ئەتۆ دەتهەوێ گەر بخەی من له داو
زمانم ببەستی به بەیتو به باو

دەڵێم بێت من تەیری بێ باڵ نیم
لەدوو دانەوو ئاو عەوداڵ نیم

ژیانم دەوێ ماف داوا دەکەم
له سەر میللەتم دوژمنی شا دەکەم

گەلی کورد دوو چاوی دەردو غەمه
بژیوی هەموو مەینەتو ماتەمه

هەتا دەردی کوردان نەکرێ دەوا
به هۆزم نەگا حەقو مافی ڕەوا

له شەڕ کردنێ دەست بەردار نیم
جووانێکی سەر ڕۆو لاسار نیم

دەکەم جەنگ تاکوو دەکوژرێمەوه
وەکوو خانی لەپزێڕدەبڕێمەوه

ئەگەر تۆ دەفەرموویی من دۆستم
منیش خانی خاکی برادۆستم

برایین لەو کاته با دوو به دوو
لەدەرباری شا وەر بگێڕین روو

له دوو لا له ئێرانی پانو بەرین
له بۆ گورگی دەربار هەڵمەت بەرین

سەفەویان لەو خاکە ئاوارە کە ین | بە شەمشیر دڵیان دووپارە کەین
نەهێڵین گەر شایی دانێنەوە | لە ئێران بێ ترس بخولێنەوە
ئەلەو خاکە دا خەڵک دڵشاد کەین | لە زیندانی زەححاکی ئازاد کەین
ئەتۆ هەڵگرە تاجو تەختی کەیان | لە بۆ میللەتی کورد من دەبمە خان
وەجووڵێ وەکوو شێر تا فرسەتە | لە دەس خۆ مەدە ئەو هەلو دەرفەتە
کە نامەی ئەبەو باسە پڕ کردەوە | چەپەر رۆیی کەلبەلی بردەوە
کە دەدرا وە دەس کەلبەلیخانی هار | لە سەر نامە دەیکرد پۆزو دەمار
گوتی بۆ ئەمن ژێر دەستم مەگەر | بکەم روو لە ئەندەرزو پەندی تەمەر
رەبی مەرگ ئەورۆنەدا فرسەتم | کە ئاغامو نۆکەر دەکا نسحەتم
لە دمدم بە چەکدار خۆ رادەنێ | لە بۆ ئێمە دارو لەلەی دادەنێ
دەڵێ هەستە تۆ روو لە دەربار کە | دژی ئەو سەفەویانە پەیکار کە
خەیانەت بکەم گەر بە ئاغایی خۆم | بچێ بۆ فەلەک شێوەنو دا دەرۆم؟
بەرابەر بە لوتفو بە چاکەی هەباس | چلۆن ببمە سپلەو نمەک ناشناس؟

## لەشکر ناردنی کەلبەلیخان بۆ سەر دمدم

لە ورمێ وەکۆی کرد یەک لەشکرێ | هەموو خاوەنی شیرو رمبو زرێ
بە تۆپو تفەنگان چەکدار بوون | لە بۆ رۆژی دەعوایە وەک مار بوون
هەبوو ئەفسەرێ گەنجەلی نێو بوو | بە غیرەت لە مەیدانی شەڕ دێو بوو
براچوو کەیی کەلبەلیخان بوو | جووانێک بوو گوێ بە فەرمان بوو
ئەوی کردە سەردار لەو قۆشەنە | بەڕێی کرد بۆ ئەو کەژو بەندەنە
گوتی تۆ بچۆ سەر کەژی دمدمی | بگێڕە بە کوردانی شەڕکەر خمی
مەهێڵە کە دڵخۆش و ئاسوودە بن | خەریکی شەڕو شۆری بێ هوودە بن
کە فیتنەی گەلی کورد هەیبێ دەوام | دروس کەین دەبێ ئێمە کفنی لە خام
بە خۆ توو بە لەشکر بڕۆ بێ درەنگ | بکە تۆ بە کوردان مەیدانە تەنگ
بە سەریان کارێکی وا بێنەوە | لە شەڕ تاوەکوو حەشر نەدوێنەوە
لە پاش ئەو وتو وێژە لەشکر بەڕێ | دەبوو رۆیی هەر ئەو دەمەی کەوتە رێ
لە رۆیشتنی رێگە نەیدا هەدا | هەتا ئەو کەژەی دمدمی دەورە دا
لە بۆ شەڕلەوێ دا دەمەزرانەوە | لە نێو سەنگەری قووڵدا مانەوە
بەرابەر قەڵا تۆپیان دا دەبەست | تفەنگیان سەرباز گربوو بە دەست

# حەولی تەمەرخان بودا پۆشینی سەرچاوەی دمدم لە چاوی دوژمنان

تەمەر خان ئەو هەی دەدی گەر بە چاو    ونی کرد هەوەڵجار سەرچاوە ئاو
بە جۆرێک ئەو ئاوەیی ون دەکرد    کە دوژمن لە هیچ لاوە پەی‌پێ نەبرد
نەبوو کەس بزانێ بە ڕێبازەکەی    نەدەکراوە دەرکی سوڕو ڕازەکەی
لە ئاوێ کە بێ غەم دەبوو شۆڕە لاو    وە سەر بورج‌و قوللانی خستن پیاو
نیگابانی لەو جێگە دانانەوە    شەوو ڕۆژ وەک شێر دەخولانەوە
بەرەو دوژمنی تۆپ دەخرانە کار    بە ئاوازە وەک سوور بوو مەرگبار
پڕیشکەی دەمی نەوعی تەندوور بوو    لە ڕوحم‌و لە ئینساف ئەو دوور بوو
لە سەر شوورەو بورج‌و دیواری‌یە    تەمەر خان دەیکرد قەڵا داری‌یە
بە خشت‌و بە بەردو بە تیرو تفەنگ    کدی خۆیی ئامادە بۆ ڕۆژی جەنگ
دەچۆ نێو چەک‌و چۆڵ‌و عەمبارەکان    دەبۆ هەمدەم‌و یاری چەکدارەکان
بەوانی دەگوت بێ ترس بن برا    بدەن شۆق لەو ڕۆژەدا وەک چرا
لە دوژمن ئەگەر هەڵمەتی لێ بدەن    مەکەن شک لەوەیدا لە بەینی دەبەن
پەرێشانە ئەو دوژمنەی فێڵە باز    خزاوە لە نێو لانە هەر وەک بەراز
نەچێ پەندی منتان ئەو ڕۆ لە بیر    هەتا سستە .لێی دەن بە شەمشیرو تیر
ئەگەر بێتوو هۆشی وەبەر بێتەوە    بەکێ جن لە زنجیر دەکرێتەوە؟
دەبۆ وە ئە بەو پەندە دڵیان ڕوون    وە غیرەت دەکەوتن بەرەو شەڕ دەچوون
لە هەر بورج دەسیان بۆ چەک دەبرد    دەگەڵ دوژمنی کورد شەڕیان دەکرد
دەبۆ قرمەوو ناڵە ناڵی تفەنگ    دەباری لە سەریان بارانی سەنگ
شەڕێ بوو لە مابەینی تاریک‌و نوور    بڵێسەی دەدا ئەو لە نیزیک‌و دوور
لە بۆ کوشتنی شەنگە لاوان‌و پیر    ڕەواجی هەبوو خەنجەرو تیرو شیر
لە دوژمن گەلێ کوشتە دەدرایەوە    گەلێ لاوی ئازایی کوژرایەوە
نەوێرا بە کوردان‌و شەڕ مایەوە    هەتا ساڵە وەختێک نەبڕایەوە
لە هەر لاوە عاشیرەتی کوردەکان    دەیانداوە هەڵمەت لە نامەردەکان
ببوو خاک‌و مەڵبەندی ورمێ پەشێو    ئەمینی بڕابوو لە دەشت‌و لە کێو
گەلێ گوند تاڵان دەکرانەوە    مەڕو ماڵ‌و ئاژاڵ دەبرانەوە
نەمابوو لە نێو خەڵک خۆراک‌و خەو    پەرێشان بوون ئەو بە ڕۆژو بە شەو
نەبوو کەس کە بێ‌ترس ڕووکا لە کار    لە مەزرا لە دەس مەرگ خۆ کا قوتار

پەشێوی لە سەد لاوە پەیدا دەبوو    هەتا رۆیی یەکساڵ هەر وا دەبوو

## داواکردنی گەنجەلیخان لە کەلبەلیخانی برای بۆ یاریدەدانی

دریژەی کەبوو شۆڕشی کوردەکان    بە شەڕ گەنجەلی بەگ نەوێرا بەوان
دەبوو سست لەو بارە دەستو پەلی    خەبەر چوو ئە بەو جۆرە بۆ کەلبەلی
کە ئەی میر یەکساڵ رۆیی تەواو    لە دمدم تەمەرخان نەخرا لە داو
ئەوا هەر وەکوو خۆیەتی شەڕ دەکا    لە دەستووری سەردار خۆ کەڕ دەکا
لە ئەمرو لە فەرمانی شا لا دەدا    لە بو کورد سەرمەشقی شەڕ دادەدا
کە بێتوو بە هاوارو دادم نەگەی    بە تەرمی لەشی بێ مرادم دەگەی
وەڕەز بووم بەو شێرە ناگات دەس    مەگەر بێ‌یوو تۆ ببیە فەریاد رەس
خەبەردار دەکراوە گەر کەلبەلی    هەڵستا ئە لەو کاتە وەک خەرتەلی
لە گەورەو سەرۆکانی گێڕایەوە    بە نامە دەگەڵیان دەدوایەوە
لە هەموانی داوایی کۆمەگ دەکرد    کە بێن‌و بدەن دەستو پەنجەی لە کورد
ئە بەو نامە سەردار هاتن بە غار    وەکۆ بۆ وە لەشکر هەتا سی هەزار
دەگەڵ کەلبەلیخان کەوتن هەموو    بە گورجی لە دمدم دەیانکرد روو
کە هاتن لە کن گەنجەلی مانەوە    لە جەنگی گەلی کورد دەدوانەوە
دەیانکرد فکرێ کە کوردی سنوور    بکەن لەو تەمەر خانی بێ باک دوور
نەهێڵن کەوا کۆمەگی پێ بکەن    هەزاران عەیبی لە سەر جێ بکەن
لە شەڕدا ئەگەر نەبنە یاری ئەوی    تەمەر هێزی بازوویی نابێ قەوی
پیاوی بەڕێ کرد بۆ کن ئەوان    لە مەردانی هوشیارو پیروو جووان
بە پارە گەلێکی فریو دانەوە    بەرەو دەوڵەتی رادەکێشانەوە
کە چوون حەڵقە بە گوێی دەربار بوون    لە کۆمەگ کدن دەست بەردار بوون
دەیانکرد لە هێزی تەمەرخانە پشت    بە پوولێ کەس‌و کاریان دا بە کوشت
ئەوەش عادەتی هەرزەوو ناکەسە    لە جێگەی کەسی پوول بۆ وی بەسە
سەری گرت کاتێ کە ئەو کارەیە    بە فێلان‌و بە دراوی ئەو مارەیە
نەشەی گرت ئەو جار دەماری بزووت    گڕی گرت بۆ جەنگ هەر وەک بزووت
گوتی من دەبێ بێ درەنگ راپەرم    لە بۆ سەر تەمەرخان هێرش بەرم
بە مەزنان فەرموویی هەڵمەت بەرن    بە بێ سوودە دانیشتنی سەنگەرن
کە جێگیری نێو سەنگەرو چاڵ بین    دەبێ کەی لە سەر دوژمنی زاڵ بین

| | |
|---|---|
| ئەوا چۆتە نیو بورجو قوللەو حەسار | سەری ئێمە دەکوتێ بە بەردو بەدار |
| لە بۆ وی ئەگەر دەس درێژی نەکەین | بە شەڕ کردنێ شێتو گێژی نەکەین |
| هەتا رۆژی مەحشەر لەوێدا دەبێ | بە کوشتن نەبێ مار کەی چا دەبێ |
| لە بۆ شەڕ کە فەرمانی وا دەر دەکرد | لە هەر گۆشەیێ حەملەیان بو دەبرد |
| لە سەر بورجو بن بورجی شوورەی حەسار | خولی لێدەدا ئاشی شەڕ کەوتە کار |
| دەکوژرا لە دوژمن هەزاران هەزار | لەوێ بوونە خۆراک بۆ مشکو مار |
| وەکوو شێر تیپی قەڵا دارەکان | دەوێستان بۆ شەڕ دەگەڵ هارەکان |
| هەتا زەردە پەڕ جەنگ هەیبوو دەوام | نەخەجڵاوە لەو روژە کوردی بە سام |
| قەڵا گەر بە دوژمن نەگیرایەوە | کە تاریک داهات دەکشایەوە |
| هەموو چوونە نێو خێوەتو سەنگەران | دەیانگرت مەنزڵ لە دەورەو بەران |
| شکستی لە بۆ کەلبەلیخان بوو | برینی دڵی دوورە دەرمان بوو |
| دەگەڵ کورد چی بۆ نەدەکرایەوە | دەماری ئە لەو بارە دەشکایەوە |
| گوتی من بە شەڕ چم لە بۆ ناکرێ | لە نێو غار دا ئەژدەها نامرێ |
| دەبێ رێ وەبینین بۆ کوشتنی | ببەستینو بگرین زاری کونی |
| کە بەسراوە لەو مارە رێگەی ژیان | دەبێ لەو کونو غارەدا بێ گیان |
| دەمێنێت فیتنەی ئە لەو نێوە دا | کە نەی کەین بێ ئاو لەو کێوە دا |

## تەگبیری کەلبەلیخان دەگەڵ پیران بۆ دیتنەوەی سەر چاوە

| | |
|---|---|
| لەچەن پیری زانا بە داوو بە تۆڕ | لە نێو خێوەتی خۆیی دەیبەست کۆڕ |
| سەرۆکی بە دەعوەت دەهێنانەوە | لە کێشەی تەمەرخان دەدوانەوە |
| گوتی کەلبەلی تا لە بۆ وی قەڵات | هەبێ دەس لە بەزمو هەرا وەردەدات |
| کە چون سەنگەری مەحکەمو حەستەمە | لە حەملەی قزڵباش ئەو بێ غەمە |
| ئەگەر لەشکری دێوو پەریان بێ | سولەیمان خۆشی لە سەریان بێ |
| ئە لەو کێوە ئەوهانە هەڵناقەنێن | دەنیشن لە جێی بەرزە سەقرو شەهێن |
| بە شەڕ ئێمە گەر دەس لە کوردان دەین | بە خوێنی قزڵباش بازی دەکەین |
| دەبێ رێگەیی دییکە بگرینە بەر | ببەستین بەو رێگە دەستی تەمەر |
| ئەگەر ویشک بوو چاوەیی ئاویان | لە کوورەی عەرز لادەچێ ناویان |
| گەلێکم هەوڵداوە سەر چاوەکەی | وەبینم لەوێ هەڵبڕم ئاوەکەی |
| وەلێ گەر تەمەر کێوەکەی گرتووە | وەها کانیوو ئاوی ون کردووە |
| وە دەس ناکەوێ بۆتە ئاوی حەیات | عەقڵ چۆن بەو رازە پەی پێ دەبات |
| نە شوورەی دیارە نە جۆگەو مەکان | لە بن عەرز دەڕوات ئاوی رەوان |

بیان بێ هەتا کورد یەک قەترە ئاو    لە شاوو لە دەربار ناکەن سڵاو
بکەین فکر با ئێمە لەو ئاوەیە    لە دۆزینەوەی ئاوی سەر چاوەیە
بە ئینسان کەی ئەو دەبیندرێتەوە    بە حەیوان ئەو کارە دەکرێتەوە
بهێنن حەوت ئێستری بارەبەر    بکەن کاوو جۆیان سێ شەو لە بەر
بە دوو جۆرە بن ماچەوو نێر بن    لە وێنجەو لە جۆ رۆژو شەو تێر بن
ئە لەو ماوەدا ئاو نەدرێنەوە    وەسەر کانی‌وو ئاو نەکرێنەوە
کە ئەو هانە تینوو بێ ئاو بوون    دەکەن ئێمە بۆ ئاوە ئەو رێنمون
ئەگەر دەو هەوێ رێنموونی بکەن    ئە بەو جۆرە هەموان توونی بکەن
لە پیرانی هۆزم وەها بیستووە    لە بێ ئاویا ئاو پەیدا بووە
بە ئێسران کاتێ کەتوونی دەبوون    لە سەحرایی بێرونو ویشکو چەتوون
لە هەر جێیە گەر بۆنیان لێدەکرد    بە توندی سمی دەستیان بۆ دەبرد
بە پاچان ئەو شوێنە دەدرایەوە    لەوێ ئاوی فێنک دەبینرایەوە
ئەوێستا دەبا ئێمە وەک وان بین    ئە لەو وەختە موحتاجی ئێسران بین
لە دەورەی قەڵا فێڵی وا گەر بکەین    بە سەر چاوەیی دمدمی پەی دەبەین
کە داگیر بکرێت ئاوی ژیان    دەبن کورد بێ زیندەگانی‌و ژیان

## دۆزینەوەی سەر چاوەکە بە هۆی ئێستری توونی

ئە بەو جۆرە تەگبیر دەکرا تەواو    نەیاندا بە ئێسران سێ رۆژە ئاو
لەوەدوا دەهاتن بە خاتر جەمی    بە ئێسران بۆ دەورەیی دمدمی
دەیانداوە وەک مار دەورەی ئەوی    دەسووڕان لە بڵندو بەرزو نەوی
ئەگەر گەینە دەورو بەری سۆلقە    لە یەک جێگە ئێستر دەیاندا لقە
لە پێش ئەو هە گەر لەو مەکانەی بڕۆن    دەیانکرد حەیوان لەو خاکە بۆن
ئە بەو مەکرە سەرچاوە بینداریەوە    بە نووکی قوڵنگان دەدرایەوە
کەئەو ئاوە بۆ کەلبەلی دەر کەوت    دەوی کرد یەک رۆژو یەک شەو نەوت
دەبوو پڕ لە نەوتاو عەمبارە ئاو    نەما ئاو یا نەوت بوو یا قوڕاو
وە سەختی کەوت کاری خانی قەڵات    دەبوو خۆ بدا لەو بەڵایەی نەجات
لە دمدم کە بەو حاڵە مابانەوە    دەمردن بەبێ ئاوو دەبڕانەوە
نەبوو چارە غەیرەز ئەوەی شەڕ بکەن    لە تەنگانەوو فیتنە خۆ دەربکەن
هەموویان ئامادەوو ساز بوون    لە ڕێ ڕۆینا چوست وەک باز بوون
دەکەوتن دەگەڵیان چەن کیژو ژن    هەڵۆیانی چەکداری عەڕعەڕ بە ژن
لە پەریانی ئازایی چابوک سووار    لە شۆخانی مەشهووری هەر دێی‌وو شار

ئەوانیش لە بۆ چوونە دەر ساز بوون / کە لەو کاتو دەورانە بێ ناز بوون

## شەڕکردنی تەمەرخانو چوونە دەری لە قەڵا

کرا کاری سەر چاوە گەر جێ بە جێ / قزڵباش لەو لاوە هەستانە پێ
لە سەر ڕێگەیی دمدمی بوونە سەد / هەتا گۆڕی کوردان بێ بۆ ئەبەد
نە وەک یەکنەفەریان دەرچێ لەوێ / لە بۆ بەزمو شۆڕش وە سەحرا کەوێ
کرابان ئەو دەستە گەر بێ گیان / دەبوو شینو زەنوێر دەشتی ژیان
لە بۆ دوژمنی بەد فەڕو نا ڕەسەن / دەیانکرد شادی لە باغو چەمەن
بە سەد جۆرە دەسیان ئەبرد بۆ چەکان / بکوژن بە شەڕ تا وەکوو کوردەکان
کە بێ ئاوی شیرین کورد مانەوە / ئەوانە لەوێ دا دەمەزرانەوە
تەمەر خان دەستووری بە سوارە دا / لە دەروازە بگرن سەفێ بێ سەدا
کە دەرگایی دەوازە بوو ئاوە ڵا / بکەن چۆڵ لەو کاتە ژووری قەڵا
کفن پۆش بن وەک هەڵۆ بچنە دەر / کەراسی زرێیان با بێ لە بەر
لە دوژمن ئەوەی بێتە سەر ڕێگەتان / بە خەنجەر لەشی هەڵدڕن وەک کەتان
ئەوەی گەر دەگوت دەرکە دەکرایەوە / بە ئەمری تەمەر حەملە دەبرایەوە
وەکوو گوللەوو تیر کورد دەر پەڕین / لە دوژمن دەیانکرد کوشتەو برین
ئە لەو کێوەدا بوونە بەوری بەیان / دەکوژرا ئەوەی هاتە سەر ڕێگەیان
بە شەڕ گەر بە نێو دوژمنی وەر دەبوون / گەلی کورد بە سڵامەتی دەر دەچوون
لە ڕۆیشتنی ڕێگە پەڕ کوور بوون / بە یەک ڕۆژ ئەو شێرە لە سنوور بوون
ئەوانەی لە نێو کێوی دمدم دەمان / دەیانکرد لە بەر دوژمنی خۆ ئەمان
کە دوژمن دەچۆ ژوور هەشتاوو شەش / ژنو کیژی دەم غونچەوو چاو ڕەش
نە وەک دەس درێژی بکەن بۆ ئەوان / هەموو چوونە سەر قوللەوو بورجەکان
دەهاتن ئە لەو بەرزە را بۆ خووار / دەکەوتن وە نێو باغی جەننەت بە غار
کە لاچوون لەو ماڵی بەردو قوڕین / پەپوولەی بەهەش بوون بۆ وێ فڕین
ئەوەی بوو لە دمدم بە تاڵان چوو / دەبۆ خاوەنی ئەو قەڵاتەی پەپوو
بە دەستوورو فەرمانی کەلبالیخان / حەوت ڕۆژو شەو لەو کەژەیدا دەمان
قەڵایان سەر پاک وێران کرد / قولەو بورجیان بێ دەرو بان کرد
هەتا کورد دووبارە نەگرن ئەوێ / نەبەن دەست بۆ شۆڕشێکی نو وێ
بە جۆرێک ڕووخاو وێرانە بوو / کە بۆ هەر قەلو کوند هێلانە بوو
ئە بەو کارە نێوی نەدەبڕایەوە / بە سەرهاتی ئەو هەر دەگوترایەوە
دەبوو چۆڵ دمدم قەڵاتی زلی / هەتا گەییە دەورانی نادر قولی

# شەڕی چوارەمی دمدم لە دەورانی نادرشا

کە مێژووی کۆچی هەزاری دەڕۆی — سەدو چل دەگەڵ دووی، بە سبوولە خۆی
درەوشاوە ئەستێرەیی نادری — لە ورمێوو تەوریز بۆ بەرگری
بە هێرش وەکوو باوو باران بوو — بە سێلاو بەحری خرۆشان بوو
بە حوکمی ئەوی بەرد دەتوایەوە — بە گورزی رقی کەژ دەڕووخایەوە
کە دەیکرد فکر ئەو لە گرتنی وەڵات — لە هەمەدان را بۆ سەنەندەج دەهات
ئە لەو شارە گەر دابەزی مایەوە — پشوویی بە لەشکر لەوێ دایەوە
بە سەر ڕەو دەهاتن سووارەی چەپەر — دەیاندا بە سەرداری ئازا خەبەر
دەیانگوت کە ئەی گەورە ئەفغانیان — لە دەسیان چوو ئەشرەفی خانیان
بە دەستی بلەی شۆڕە لاوی برات — دەکوژراوو سەربازی ئەشرەف هەڵات
لە پێتەختی ئێران گەر چوونە دەر — لە خاکی خوڕاسان کەوتوونە شەڕ
وەلێ هێندە بێ هێزوو تینو کزن — دەترسن لە شەڕ پاک هەر وەک دزن
برایم لە دژیان کەوتۆتە کار — ئەوانەش لەوێدا دەکا بێ دەمار
بە سەریان دێنێ بەلایێ وەها — لە دەس ئەو بەڵایەی نەبن قەت رەها
کەیف خۆش بوو زۆر نادر قوڵی — ئە بەو باسە پشکووت غونچەی دڵی
هەر ئەو کاتە چەند ئەفسەری هەڵبژارد — بە کۆمەگ لە بۆ ئەو برایەی دەنارد
گوتی روو لە خاکی خوراسان کەن — لەوێ شەڕ دەگەڵ هێزی ئەفغان کەن
ئەوانی بەڕێ کرد خۆشی دەڕۆی — لە مەڵبەندی شاهیندژی داوە گۆی
وەکوو ئەژدەهارۆیی بۆ وێ خزی — لە گوندی سەفا خانەدا دابەزی
بە شەیپوورو تەپڵو نەقارەو دەهۆڵ — ئە لەو دێیەدا لەشکری دا لە مۆڵ
لە هەر لا دەهاتن خەڵک بۆ کنی — لە بۆ نۆکەری نەک لە بۆ دوژمنی
دەگوترا بە نادر قوڵی پاڵەوان — کە تەیموور پاشایی سەرداری "وان"
دەگەڵ خانی سەر کردەیی موکریان — عەلی شا ڕەزا کورتە چون فکریان
کە دیویانە ئێران خاڵی بووە — لە شێران فیتنەی وە نێو کەوتووە
قەڵاتی مەراغەو میاندواویان — لە دەس دا لەوێ دا دەکەن راویان
دەکەن رووت خەڵکی فەقیرو هەژار — گەڵو هۆزی نێو گوندو کەپرو دەوار
لە بۆ وان هەر کەس نەکا نۆکەری — دەبێ دابنێ ماڵو رۆحو سەری
هەڵۆ گەر ئە بەو خاکەدا تێپەڕی — بە شەمشیر دەبڕێت باڵو پەڕی
ئەمینی نەماوە لە بۆ هیچ کەس — پڵنگ کەی دەوێرێ بکێشێ نەفەس
لە لایێ ئەوا گورگی رۆمی نەژاد — وسوو شایی سەرداری بێ عەدڵو داد

لە مەڵبەندی ورمێ کەوا خان بوو
سەرەی هێزی چەکداری تورکان بوو
عەبایی سەرۆکی لە شانی دەکرد
ئە لەو شارەدا حوکمڕانی دەکرد
بەبێ دەنگو بێ باس دەرکەوتووە
لە دمدم وەکوو شێر هەڵوردووە
قەڵاتێ کە چەن ساڵە وێرانە بوو
بە شەر لەو قەڵاتو کەژەیدا نەبوو
بە دەستی وسوو ساز دەکرانەوە
قولەو بورجی بۆ دادەمەزرانەوە
ئەوێستا لەوێ دایە بێ دەردوغەم
دەکا مەیلی داگرتنی تەختی جەم
بە تەیموور تاڵانی میللەت دەکا
بەوی مولکی ئێرانێ لەت لەت دەکا
لە خەڵکی چەتەی عەسکەری بەردەدا
بە خۆشی دەژی خۆیی لەو بەرزە دا
هەر ئەو ماکەیە بۆ دزوو بۆ چەتان
هەر ئەو دادەنێ داو بۆ میللەتان
لە خاکی موکریان تاکوو بە "وان"
دەکەن دێری فەرمانی یۆسف ڕەوان
کە عاشیرەتێ بۆ وسوو سەر نەوی
نەکا دەیگرن گورگی جەردەی ئەوی
ئەوەی خانو ئاغاوو بەگزادەیە
دەنۆشن بە یادی مەی‌و بادەیە
کە ئەو هانە نابوود نەکرێنەوە
هەرا چۆن لەو خاکە دەبڕێنەوە؟

## هاتنی نادرشا بۆ شەڕی تەیموورو عەلی ڕەزا پاشای موکری

کە نادر ئەوەی بیست هەستا بە غار
دەگەڵ خۆیی خست ئەو هەزاران سووار
لەوانەی کە نێو بردەوو مەرد بوون
لە بێ ڕەحمی‌وو دڵڕقی بەرد بوون
کرابوون بۆ شەڕ هەموو ئازموون
نەبەز بوونو دەربەستی مردن نەبوون
لە هێڵەگ درا بوون بۆ ڕۆژی جەنگ
دەیانکرد بە دێوانە مەیدان تەنگ
لە نێو ئاسنو ئەسلەحەی غەرق بوون
هەموویان بۆ ڕێیە وەک بەرق بوون
بە چوستی سووارەی وەدوو خۆ دەدا
بە جێ ما بنەو بارە لەو گوندە دا
بەشی زۆری لەشکر لەوێ مایەوە
بە قۆشەن سەفا خانە ڕازایەوە
دەڕۆیشت نادر بە ڕۆژو شەوە
وەکوو بەحر دەیدان ئەو گێژەوە
لە سەودایی تاڵوو کە چی برد سوود؟
بە سێ ڕۆژو شەو گەییە زێڕینەڕوود
لەوێدا دەگەڵ عەسکەری ڕۆمیان
بە شەڕ هات نێوان بوو چۆمیان
وەها هێرشی بردە سەر عەسکەری
دەری برد ئەوەی بێ ترس بوو سەری
دەباری وەکوو تەرزە گوللەی تفەنگ
ببوو ڕەش لە بەر چاو مەیدانی جەنگ
بڵێسەی شەڕی ئاوری نادری
بە جۆرێ نەبوو خۆیی بۆ ڕاگری
پڕیشکەی تەوژمی کە لێدانەوە
لەوێ عەسکەری ڕۆم دەشکانەوە
هەڵاتن هەتاکوو مەراغەو بناو
لە شەڕدا ئەوانەی نەکەوتن لە داو
دەکەوتن وەدوویان ئێرانیان
دەیانکوشت فەرماندەوو خانیان

دەگیراوە تۆپخانەوو باریان    دەخنکاوە سەربازو سەرداریان
وەکوو تۆ وی هەرزن پەرێشان بوون    گرفتاری چەنگاڵی شێران بوون
بە دەس عەسکەری نادری نامدار    لە سەربازی رۆمی نەما شوێنە وار
دەکوژران یا خۆ دەگیرانەوە    لە کێو پارەدا رووت دەکرانەوە
کە رۆمی لە مەڵبەندی ورمێ نەمان    بە دەستووری نادر قوڵی قارەمان
هەبوو یەک نەفەر بێستوون نێو بوو    لە نێو عێلی ئەفشار وەک دێو بوو
کرا ئەو بە فەرماندە بۆ عەسکەری    لە سەر شاری ورمێوو دەورەو بەری
لە ئەسپی مرادی ئەگەر بوو سووار    دەبوو بێستوون بەگ بە ئوستاندار
برایێ بچووکی هەبوو بێستوون    پەڕۆ نێوی ئەو بوو لە دنیایی روون
ئەویش بوو بە فەرماندە تا بشتە سەر    وسوو شا لە دمدم بکا دەر بە دەر
دەگەڵ خۆ بەرن لەشکرێکی تەیار    وەدەر نێن ئەو دێوە هارەی لە غار
دەری کەن لە دمدم وە یا بیگرن    لەشی بێ گیانی لە قەبری گرن

## رۆیشتنی بێستوون بەگ و براکەی بۆ شەڕی یوسف پاشا لە قەڵای دمدم

وە ڕێکەوت بۆ دمدمی بێستوون    بە خۆیو پەڕۆ بەگ وەکوو شێر بوون
نەیانکردەوە ئەو لە ئەسپانە زین    لە نێو گوندی زەرکاوە تا دابەزین
ئە لەو گوندە دا بۆ پشوو دانەوە    حەوایاندا چادروو مانەوە
کە یەک ڕۆژ ڕۆیشت ڕۆیی پەڕۆ    لە بۆ دمدمی گەییە وێ نیوە ڕۆ
قزڵباشو چەکدارو مەزنو سەران    هەموو چوونە نێو خێوەتو سەنگەران
دووا ڕۆژ بوو بێستوون بەگ دەهات    دەهاڵا بە لەشکەر لە دەورەی قەڵات
دەیانگرت وەک سەد ڕێگەی ئەوی    بە یۆسف بکەن تاوەکوو سەر نەوی

## هاتنی یۆسف پاشا لە قەڵای ورمێ را بۆ قەڵای دمدم

لەوەی پێش گوتمان ئاغاو سوو    لە ورمێ نەما لەو کەژەی کرد روو
کە زانی لە بەر هەڵمەتی نادری    دووا ڕۆژدە شکێتو خۆ ناگری
لە پێش ئەو هەدا نادری بێتە سەر    ئە لەو شارە دەیکرد مەیلی سەفەر
دەرۆیی لە بۆ کێوی دمدم بە غار    نوویێ کردەوە بورجو شوورەی حەسار
قەڵاتی بە دەستوور دانایەوە    ئەوەی کۆنە بوو ساز دەکرایەوە
کە دەستی ئە بەو جۆرە بۆ بردەوە    قەڵاتی بە گورجی دروس کردەوە

به بێ ترس ساڵێ له وێدا دەبوو     له سەر خەڵک ئەو گورگه هەر شا دەبوو
هەتاکوو دەکوژرا به دەس بێستوون     نەما لەشکری کەوته دۆڵی نەبوون
ئەویش لەو کەژەی رۆیی دەبڕایەوە     نەفەوتاو هەر دمدمەو مایەوە
له سوورێ دەکا تا سرافیله فوو     دەمێنێت سەر بەرزە ناچێ له روو
چەقیوە له جێی خۆی هەڵناقەنێ     ئەگەر خەڵکی دنیایە دەستی دەنێ
زەمانەی گەلێ دیوە سوورژو خولی     نەبوو لەت به شەمشیرو تیغی کولی
دەڕۆیی هەزاران دەورانی تار     دەگەڵ دمدمی چی نەکرد رۆژگار

## شەڕی یۆسف پاشا دەگەڵ بێستوون بەگ

که بێستوون بۆ کێوی دمدم دەچوو     هەر ئەو کاتە تەندووری شەڕ هەڵدە بوو
دەهایسا له هەر چوار دەورەی قەڵات     له خەڵکی دەبەسراوە رێگەی نەجات
له بورجو له قوللانو له خوارەوە     له بانی حەسارو له دیوارەوە
دەباری وەکوو تەرزە گوللەی تفەنگ     دەترسان لەو رۆژە بەورو پڵەنگ
له بەر نووکی رمبانو شەمشیری تیژ     وە نێو عالەمێ کەوتبوو قاوو قیژ
دەبینرا له هەر لایە چەندین کەلاک     ببوو سوور به خوێنی گەش رووی خاک
ئەبەو جورە ئەو جەنگە هەیبوو دەوام     له ما بەینی دووغوولدا بۆ مەقام
هەتا چل شەوو رۆژ نەبڕایەوە     له دوو لاوە عالەم دەکوژرایەوە
لەوەدواوە یۆسف وەتەنگ هەڵدە هات     له بەر بێ بژیوی له ژووری قەڵات
له لایێکی بارووتو گوللەی تەواو     ببوو هەر وەکوو کەو کەوتبوو له داو
له لایێکی بێ دۆو بێ نان بوو     له لایێکی بێ جۆی ئەسپان بوو
که شت لەو کەژو کێوە ببڕایەوە     نەبوو رێگە هەرگیز نەدەکڕایەوە
نەکەس بوو به هاواری وی بێتەوە     وسوو لەو برایانە بگرێتەوە
له چەنگاڵی دێوەزمەیی دا نەجات     نەهێڵێ بسووتێ به کوورەی خەبات
نە هاوارو کۆمەگ نە یارو برا     نە خزمێ که بوێ را بدێرێ چرا
نە لەشکر نە سەربازی سوڵتان بوو     نە مەزنو نە بەگزادەو خان بوو
ئەلەو کێوە بەرزەی کەوتبوو له چاڵ     نەبوو کەس بزانێ له یۆسف هەواڵ
تەبیبێ نەبوو دەردی دەرمان کا     دەوایێ نەبوو چارەی ژان کا
برینی دڵی بێ دەوا مایەوە     عیلاجی ئەوی هەر نەدەکرایەوە
کەوی باڵ به سراوی ژووری قەفەس     نەبوو دەسکەوێ بۆی فریادرەس
نە رێگای دەر چوون بۆ وی هەبوو     نە فکری شەبیخوون بۆ وی هەبوو

## نامه‌ی یۆسف پاشا بۆ بێستوون بۆ خۆ به ده‌سته‌وه دانی

| | |
|---|---|
| که چاره‌ی نه‌ما غه‌یری ته‌سلیم بوون | به رێی کرد یه‌ک نامه بۆ بێستوون |
| گوتی بێستوون گه‌ر ئه‌مانم بده‌ی | ده‌سی میهره‌بانی له شانم بده‌ی |
| له نێو خه‌ڵکدا سه‌ر فرازم بکه‌ی | له پووڵو ته‌لا بێ نیازم بکه‌ی |
| ئه من دێمه ده‌ر له‌و قه‌ڵاته‌ی به غار | ده‌که‌م نۆکه‌ری تۆ له گوندو له شار |
| به مه‌رجێ له کوشتن وه‌ها دوور بم | به لێ بووردنت شادو روو سوور بم |
| به خۆم‌و به ده‌سته‌و ده‌یاره‌م هه‌موو | ده‌که‌م من ئه له‌و خاکه خزمه‌ت به توو |
| ئه تۆ گه‌وره به‌، من ده‌که‌م نۆکه‌ری | به بێ سووده ده‌ورانی یاغیگه‌ری |
| که نامه‌ی ده‌دی بێستوونی به کار | وه‌ڵامی وه‌ها داوه که‌ی هۆشیار |
| ئه‌مانت ده‌ده‌م گه‌ر ئه تۆ بێ‌یه لام | له‌وه دواوه بۆ ئێوه هه‌ر وه‌ک برام |
| مه‌ترسه هه‌تا زوویه ده‌رگا وه‌که | دڵی من له ده‌ردو خه‌فه‌ت پا وه‌که |
| که له‌و شۆڕشه‌ی ده‌ست به‌ردار بی | ده‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی ئێمه هه‌مکار بی |
| له دنیایه دڵخۆش‌و بێ غه‌م ده‌بی | له نێو دیوو دیوان دا شه‌م ده‌بی |
| ئه‌به‌و نامه ده‌یداوه یۆسف فریو | گرفتاری نێو داو بوو بۆ بژیو |
| به سه‌ر خۆی هێناوه ره‌نج‌و به‌ڵا | که ده‌روازه‌ی بۆ ده‌کرد ئاوه ڵا |
| له ده‌روازه دوو لاقی گه‌ر چۆ ده‌رێ | دبوو سینگی ئه‌و له‌ت‌له‌تی خه‌نجه‌رێ |
| وه‌به‌ر نووکی شه‌مشیرو خه‌نجه‌ر درا | له‌شی وه‌ک گوڵی سوور په‌ڕپه‌ڕ کرا |
| دوا کوشتنی یۆسفی، بێستوون | ده‌چۆ نێو قه‌ڵاکردیه ده‌ریای خوون |
| له رۆمی ئه‌وه‌ی که‌وتبا ده‌ستیان | ده‌یانکرد له‌و کێوه دا بێ گیان |
| له چه‌کدار و بێ چه‌ک نه‌بوو یه‌کنه‌فه‌ر | که ده‌رچێت شه‌مشیری نه‌درێ له سه‌ر |
| که بێگانه کوژران‌و فه‌وتانه‌وه | قوله‌و بورج دووباره رووخانه‌وه |
| به فه‌رمانی ئه‌و بێستوونه‌ی چه‌توون | حه‌سارو قوله‌و بورج کاول ده‌بوون |
| قه‌ڵاتێ که‌جێگای خانان بوو | سه‌دو سه‌نگه‌ری قاره‌مانان بوو |
| بناغه‌ی وه‌ده‌ر که‌وت‌و وێران بوو | گڵ‌و دارو به‌ردی په‌رێشان بوو |
| ته‌خت بوو ده‌گه‌ڵ عه‌رز هه‌موار بوو | به بێ تان‌و بێ دارو دیوار بوو |
| به وێرانه‌یی ماوه شووره‌ی ئه‌وی | سه‌ری به‌رزه ئه‌و کێوه نابێ نه‌وی |
| له ده‌وره‌وبه‌ری دێنه ده‌ر سووره گوڵ | ده‌که‌ن بۆ شه‌هیدان شیوه‌ن به کوڵ |
| کڵووکێ که له‌و کێوه ده‌ڕوێته‌وه | له میرخانی سه‌ردار ده‌دوێته‌وه |
| هه‌مووشت له دمدم ئه به‌و ره‌نگه‌یه | نه‌خش کێشی ئه‌و شۆڕش‌و جه‌نگه‌یه |

# ئێشاره به پیر بوونی شاعیر له کاتی دانانی دمدم‌نامه‌دا

که ئه‌و به‌یته‌ی دمدمم کرد ته‌واو  له پیری شه‌وو رۆژ ده‌مکرد سڵاو
نه‌ما بوو جووانیم یادی به خێر  ئه‌من بووم له‌و کاته دا ده‌نگ دلێر
که ئه‌ورۆ منم زۆر زورهان‌و پیر  له کورتیم داوه به فکرو به بیر
وه‌کوو جاری جاران هۆشم نی‌یه  په‌شێوم غه‌می ژینی خۆشم نی‌یه
ئه‌به‌و حاڵه زه‌وقی ره‌وانم نی‌یه  بڵێم چی که شێعری جووانم نی‌یه
که هه‌یبێ که‌م‌و کووڕ چاکی بکه‌ن  وه‌کوو زه‌مهه‌ڕی گه‌نم پاکی بکه‌ن
له شێعرم مه‌فکرن برا سه‌رسه‌ری  دوڕێکن به قیمه‌ت له کن مشته‌ری
خودا شوکری تۆ قه‌ت به من ناکرێ  ئه‌وه‌ن قورسه ئه‌و باره هه‌ڵناگرێ
ئه تۆ هێزی شێعرت ده به‌خشی به من  که کێوو که‌ژی دمدمم کون به کون
به باڵی شیعر پشکنی چوومه راو  سه‌رم دا له هه‌ر چۆم‌و جۆگه‌و شه‌تاو
دوو چاوم بڕیبوو له ته‌یری شکار  نه‌بێ تا له به‌ر ده‌ستی مندا قوتار
دڵم خۆش بوو له‌و که‌ژو کێوه دا  ده‌سوورام بێ ده‌رد له‌و نێوه دا
که‌مێژووی هه‌تاوی وه سه‌ر گه‌ڕ ده‌که‌وت  هه‌زاری‌ده‌گه‌ڵ سێسه‌دو شه‌ست‌و حه‌وت
له هاوینی ئه‌و ساڵه ده‌ستم به کار  ده‌کرد چوومه دمدم به که‌یف‌و ده‌مار
ده‌که‌وتم وه‌نێو به‌یت‌و باوی ئه‌وی  ملم نا له کێوی بڵندو نه‌وی
له بۆ گه‌وهه‌رو بۆ ته‌ڵایی رژاو  که‌وا بوون سه‌رپاک بێ به‌ندو داو
پسا بوو له سه‌د جێگه دا داویان  ببوو ون له نێو خۆڵ دا ناویان
ئه‌له‌و به‌نده‌ن‌و بازه ما بوونه‌وه  به بێ نێوو ئاوازه ما بوونه‌وه
له هه‌ر لاوه ئه‌و گه‌وهه‌ره‌م چنیه‌وه  به هۆنراوه پاکم ئه‌من هۆنیه‌وه
چووار مانگ بردم ئه‌له‌و کاره ره‌نج  وه‌کۆم کرد ئه‌و نامه تا بوو به گه‌نج
چ گه‌نجێکه پڕ زینه‌ت‌و زیوه‌ره  دوڕو زێڕ پیرۆزه و گه‌وهه‌ره
وه‌کوو گه‌نجی قاڕوونه زۆرو زه‌وه‌ند  ئه‌به‌و خه‌زنه زۆره‌ی منم ده‌وڵه‌مه‌ند
نه‌ڵێی گه‌ر به‌بێ ماڵه رووت‌و نه‌دار  له موڵکی شیعر بوومه یه‌ک تاج دار
له سه‌رگه‌نجی هۆنراوه چون خوسره‌وم  له باغی ئه‌دیباندا به بره‌وم
ده‌بێ لێ بده‌م لافی ئه‌سکه‌نده‌ری  به‌رێزو به قه‌درم له‌کن گه‌وهه‌ری
ئه‌وا نامه‌یی دمدمم کرد ته‌واو  ئه‌به‌و نامه خه‌زنه‌ی ده‌که‌م من بڵاو
سکه‌و مۆری ئه‌و گه‌نجه شایی نی‌یه  له‌زێڕینگه‌ری زه‌وقی "فیدایی" یه
نه که‌س ده‌ست‌و په‌نجه‌ی وه‌وی که‌وتووه  نه‌لێوو ده‌دانی له بۆ بردووه
خودایه ئه‌من زه‌حمه‌تم بردووه  سه‌دێکم له به‌ر دمدمی به‌ستووه
هه‌تا ئاوی شیرینی ئه‌و باوه‌یه  له دنیا که مه‌شهووره به‌و ناوه‌یه

لەوێدا وەکو بێت و نەڕواتەوە — خەڵك ئاو لەو سەددە بخواتەوە
لە دەس جرجە مشکان تۆ بیکە دوور — کەلێنی دەنا تێ‌دەخەن دەچنە ژوور
بە چنجورك و لمبۆز لەو بەندەیە — کونی تێ‌دەکەن نێوی ئەو ڕەخنەیە
کە چون کوێرە جرجێکی بێ‌چارەیە — گەلێ دەستەوەستان و بێکارەیە
سەد و لەمپەری بۆ دروس ناکرێ — بەوی باری سەنگین هەڵناگرێ
ببینێ لە هەر جێیە گەر لەمپەران — دەخا خۆلەنێو قوژبن و سەنگەران
لە دەوری دەسووڕێ بە ڕۆژ و شەوان — دەکوڵێت دیوار و سەددی ئەوان
حەسوودە لە داخانە گەر وا دەکا — لە بەنداودا ڕەخنە پەیدا دەکا
ئەگەر دێت و کۆمەگ دەکا ئەو بە من — لە بۆ عەیب و عاران ناکات ون؟
کە دی ئەو کەموکووڕی لەودا بە چاو — نەکا دەنگ پیاوانە نەیکا بە ئاو
لە دەستی ئەگەر هات چاکی بکات — دەنا دەنگ پیاوانە نەیکا بە قاو
ئەوی عاقڵ و هۆشیار و کەسە — ئەلەو بارە یەك پەند بۆوی بەسە

**تەواوبوو**

دانانی بەیتی دمدم لە ڕۆژی پێنج شەمۆ حەقدەی مانگی سەرماوەزەی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ لە گوندی کاوڵانی سەرێ؛ لە گەورکی مهاباد. «فدایی»

ئەمن محەممەدی هونەرمەند (کوڕی شاعیر)، لە ڕۆژی ١٥/١٢/١٣٦٩ دەستم بە نووسینەوەی دمدم‌نامە (لە ڕووی مەتنی ئەسڵی) کرد و لە تاریخی ٤/١/١٣٧٠ی هەتاوی، سەعات دووی نیوەڕۆیە لە نووسینەوەی بوومەوە. هیوادارم کە لە چاپ بدرێ و خەڵکی کورد کەڵکی لێ‌وەربگرن و بۆ دانەری دۆعای خێر بکەن.

محەممەدی هونەرمەند

عریضهٔ اهالی [illegible] والای مظلومهٔ کردستان
به حکم [illegible]

معروض میداریم [illegible] خاک دولت ایران به دولت علیه روسیه اینکه ما اهالی کردستان که در خاک ایران نشسته مبلغ [illegible] صد هزار
خانوار هستیم سبب اجماع ظلم و تعدیات دولت ایران [illegible] نتوانستیم [illegible] زمان و معاشات نمائیم پارسال از روی
ناچاری که هیچ [illegible] نتوانستیم تحمل اجحاف و تعدیات ایرانیان بکنیم بعضی از ملت کردستان با دولت ایران [illegible] رفع ظلم و تعدیات
ایران [illegible] از یک طرف دولت عثمانیه [illegible] و تحریکات [illegible] برپا کردند و از یک طرف دولت ایران خصم و دشمن خونی ما بود
[illegible] که رفع ظلم دولت ایران بکنیم ما را از طرف دولت عثمانی دست از محاربه ایران کشیدیم ناچار مبلغ صد هزار خانوار
[illegible] هجرت [illegible] هجرت کردن دولت ایران در میان اهالی کردستان که از خاک ایران مانده بود سوق عسکر خونریزی کردند
[illegible] قتل [illegible] ذکور و اناث [illegible] و نهب [illegible] از دست ایرانیان هیچ تقصیری نکرده [illegible] آن فقرای اهالی
کردستان که در خاک ایران مانده بودند هیچ گناه [illegible] نکرده بودند از اهل رعیت و اهل [illegible] که هیچ خطا از ایشان صادر نشده بود
و محاربه با ایران نکرده بودند [illegible] عیسوی [illegible] همه را [illegible] ویران کردند اهالی از دولت معظمه
روسیه [illegible] میکنیم که [illegible] دست ظلم و [illegible] ظالمان [illegible] کردستان [illegible]
[illegible] که دول معظمه [illegible] خودشان مرحمت فرمایند که از [illegible] دولت معظمه [illegible] مأمور
[illegible] احوال کردستان [illegible]
[illegible] احوال کردستان را از جانب دول معظمه معلوم [illegible]
اهالی کردستان [illegible] کردستان میباشند در میان دول معظمه [illegible]
[illegible] اهالی کردستان [illegible] دولت معدلت [illegible] روسیه [illegible]
[illegible] رفع ظلم و تعدی ظالمان از مظلومان
بکنند [illegible]

[illegible]

56

«ضبط در صفحهٔ ۹۹ جلد اول دراسات الکردیه - چاپ پاریس - فرانسه»

## آثار و نوشته‌های سید محمد صمدی :

**الف) به زبان فارسی:**

۱ـ جمهوری ۱۹٤٦ کردستان. نوشتهٔ ویلیام لیگلتون جونیر. چاپ اول متن اصلی ۱۹٦۳، دانشگاه آکسفورد. اولین چاپ فارسی سال ۱۳٦۱ خورشیدی.

۲ـ گرامر و زبان‌آموز اردو. نوشتهٔ پروفسور عزیزالرحمن، چاپ اول متن فارسی ۱۳٦۱ خورشیدی.

۳ـ چندمقالهٔ تحقیقی و اجتماعی در بارهٔ کردستان، ۱۳٦۲ خورشیدی.

٤ـ تاریخچهٔ مهاباد، ۱۳٦۳ خورشیدی.

۵ـ نگاهی دیگر به «ژ.کاف»، یادداشتهای شخصی یکی از بنیانگزاران جمعیت، ۱۳٦۳ خورشیدی.

٦ـ حجاریهای غار گندوك در کردستان، نوشته پروفسور توفیق وهبی، چاپ اول متن اصلی ۱۹۸۳ سوئد.

۷ـ قبایل کرد و دولت ایران، سرگذشت شورش سمکو، نوشته مارتین وان برونسن، ۱۳٦۵ خورشیدی.

۸ـ طرحی در پیرامون تطور و تکامل زبان فارسی، نوشتهٔ دکتر عزیز ژیان، متن اصلی انگلیسی.

۹ـ خط، مهمترین اختراع بشر، نوشتهٔ دکتر عزیز ژیان، متن اصلی انگلیسی.

۱۰ـ منظومهٔ کردی حمزه‌آقا منگور و رابطهٔ وی با شیخ عبیدالله شمزینی، ۱۳٦٤ خورشیدی.

۱۱ـ بازسازی زبان ترکی، نوشتهٔ دیانا سپیرمن، ام.نعیم تورفان، ۱۳٦٦ خورشیدی.

۱۲ـ طوایف و عشایر کرد، سندی جالب از روزگار ناصرالدین شاه قاجار، ۱۳٦۵ خورشیدی.

۱۳ـ احوال شخصیه و حقوق زوجین، نوشته استاد شهید عبدالکریم شهریکندی، ۱۳٦۹ خورشیدی.

۱٤ـ مقدمه‌ای بر واژه‌نامه‌های زبان کردی، معرفی ۱۹۲ فرهنگ لغات کردی به زبانهای بیگانه و بالعکس، همراه با بیوگرافی کوتاه یازده(۱۱)نفر از پیشگامان فرهنگ‌نویسی در زبان کردی، ۱۳۷۰ خورشیدی.

۱۵ـ نگاهی به تاریخ مهاباد، کتابی در حدود ۸۰۰صفحه که مراحل نهایی حروفچینی را می‌گذراند.

ـ همکاری در تهیه و تنظیم کتابهای: نبی اکرم(ص) و چهار یار با همیارش، نوشته استاد ملا عبدالعزیز تأیید.

رساله‌های: سیاحت در قرآن و طلاق در قرآن، نوشته استاد حاج ماموستا قاضی محمد خضری نزریوه‌ای.

بحثهایی کوتاه در پیرامون: حکومت در اسلام، خلافت، شورا، عدل، قرآن، اجتهاد و... به انضمام رسالهٔ قضا و قدر، جبر و اختیار، نوشتهٔ محمدسعید ابراهیمی دبیر ادبیات عرب دبیرستانهای مهابادو....

**ب) به زبان کوردی:**

۱ـ کۆماره کوردی‌یه‌که‌ی ساڵی ۱۹٤٦ی زایینی، ویلیام ئیگڵته‌ن(له دوو به‌رگدا).

۲ـ حه‌یوان به که‌م مه‌زانه.

۳ـ سۆفیایه‌تی، نووسراوی ئه‌حمه‌د که‌سره‌وی.

٤ـ فه‌رهه‌نگ چییه؟ نووسراوی ئه‌حمه‌د که‌سره‌وی.

۵ـ ژێ.کاف چ بوو؟

٦ـ مه‌جموعه کاره‌کانی مامۆستای پایه‌به‌رزی ئه‌ده‌بی کوردی، مامۆستا مه‌لاکه‌ریم فیدایی که بریتین له:

لاس و خه‌زاڵ، مێژووی ژیان، دمدم‌نامه، ده‌زدێنی فیدایی(کلیات).

هاوکاری له‌گه‌ڵ گۆڤاره‌کانی: سروه، ئاوێنه، مامۆستای کورد، فروهر و....